تصوير ابو عبد الرحمن الكردي
منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
دیاری پیرانشار
گه شاندنه وه ی ئاگری دامرکاوی پیشینیان
نوسه ر:
محی الدين برشان

میاری پیرانشار

که شاندنه وه ی ئاکری دامر کاوی پیشینیان

(۱)

نوسه ر :

محی الدین برشان (مه شهور به محی الدین گوی ره ش)

ناشر : سامرند پیران شهر

برشان ، محی الدین ۱۳۱۱- Barshan
دیاری پیرانشار: که شاندنه وه ی ئاکری دامرکاوی پیشینیان/ نوسه ر، محی الدین برشان . پیرانشهر سامرند.۳۳۷/۱۳۸۴ص. ۲۰۰۰۰ ریال.
ISBN: ۹۶۴-۸۶۲۰-۲۰-۲
فهرست نویسی براساس اطلاعات فیپا.
نثر کردی- قرن ۱۴ . ۲- شعر کردی- قرن ۱۴ .
الف عنوان.
۴ ب۷۴۷س/۳۲۵۶ PIR ۸/۹/۲۸/فا/۸ ۸۴-۳۵۹۷۶م
کتابخانه ملی ایران

انتشارات سامرند پیرانشهر

☑ نام کتاب : دیاری پیرانشار
☑ نویسنده : محی الدین برشان (مشهور به محی الدین گوی ره ش)
☑ ناشر: سامرند
☑ تیراژ: ۲۰۰۰ جلد
☑ نوبت چاپ: اوّل ـ ۱۳۸۴
☑ شابک : ۲-۲۰- ۸۶۲۰ - ۹۶۴
☑ قیمت : ۲۰۰۰ تومان

نێوەرۆك

پاڕانەوە

بەنێوی ئەو خودایەی هەم غەفوورە، هەم شەکوورە، هەم حەکیمە، هەم حەلیمە،هەم کەریمە، هەم ڕەحیمە، هەم ڕەحمانە، هەم لوقمانە، هەم قەهارە، هەم جەبارە، هەم قەسیمە، هەم جەسیمە، هەم وەسیمە، هەم بەسیمە، هەم شەفیعە، هەم سەمیعە، هەم لەتیفە، هەم زەریفە، هەم موبینە، هەم یەقینە، بێوەزیرە، بێنەزیرە، بێوەکیلە، بێدەلیلە، بەنێوی ئەو خودایەی کەئەوهەموو ماوەڕاو و ئەرز و ئاسمان، بەهەشت و جەهەننەم، مانگ و ڕۆژ و ئەوهەموو ئەستێرانەو کەهکەشان و ڕوحی بنیئادەم و مەلائیکەو جن و پەری لەنەبوی خەلق کردوون، بە نێوی ئەو خودایەی نەنووسراوی دەخوێنێتەوە و نەگوتراویش دەزانێت و هیچی لێ پەنهان و ون نیەو بە نێوی ئەو خودایەی کە ئێمەی تۆفیقدا هەتا بیناسین و ئیتاعەتی بکەین.سەلەوات و درووود بۆ ڕوحی پاك و پاك خوڵقاوی ڕەزگاری دەری عالەمی بەشەرییەت بۆئەو زاتەی پێشەوای ڕەسولانە و شارەزا دەری بەرەی ئادەمە،و بۆئەو زاتەی کە شەفیعی ڕۆژی مەحشەرە وبۆئەو زاتەی کە بە ئیشارەی قامکێ مانگی شەق کردوە و بۆئەو زاتەی کە دینی موبینی ئیسلامێی بەتەواوی خەڵکی دنیایە ناساندووەو درووودو سڵاوبۆئەو زاتەی زۆر ئەمینە بۆئەو خودایە. شەفیعی ڕۆژی جەزایە،

دونیا و قیامەت لەبەرە وی داندرایە،

بە زار و قەڵەمی کەس تەعریفی نایە،

نێوی پیرۆزەو،بۆگشت موئمینین،،

ئەحمەدومەحمود.موحەممەدئەمین «ص».

((بە نێوی خوای مەزن))

خۆناساندن و ناساندنی باوکم

١ـ ئەمن نێوم: محیّدینە، نازناوم:بەرشانە، نێوی بابم مام ڕەحیم و دایکیشم نێوی پوورزەینەب بو.پێمدەڵێن ((محیّدین گویّڕەش))چونکە مەرحوومی بابم ‹بەدەروێش ڕەحیم گوێڕەش › ناوبانگی دەرکردبوو.

بابم لەساڵی هەزاروسیّ سەدوحەفتاوشەشی هەتاوی لەتەمەنی نەوەدو دو ساڵی دا ئەمری حەققی بەجیّ هێناوەو تەرمی پیرۆزی لەسەرویست ووەسیەتی خۆی بەدەففەو زیکری بردومانەتە شنۆیەلەگومبەزیّ لەخزمەت حاجی شێخ سمایلی وحاجی شێخ مارف بەرزنجی کەهەردوکیان ،ئوستادی بونە،بەخاکێمان ئەسپاردوە.مەجلیسی پرسەشی لەمزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم و لەشاری پیرانشاری بۆداندرا.

١ـ ئێمەبەنەتەوەدەچینەوەسەرتایفەی شێخشەرەفیان.لەئاوایی کەوتەرو سەرم ساغلیّ لەڕۆژئاوای سابلاغیّبوینە، وەکی باپیرەگەورەمان گێڕاویەتەوە دەبیّ بە ملکایەتیش ئەو دو دێیە، هی بنەماڵەی ئێمە بووبیّ، دیارەئەوەدەپێش دەسەلات داربوون وچەندساڵیش دەزەمانی قادرئاغای ئیندرقاشی دا ئەودوگەورەپیاوانە١ـ مەروان ئاغا ٢ـ خەلی ئاغا؟ گەورەو ئاغای ئەودو دێیەی بوونە.جانازانم هۆی لەدەستدانی ئەوملکانەچ بوە؟

بەلام وادەردەکەویّ لەئەوزەمانەی دابوە ئەگەرشێخ شەرەفی بۆخۆڕاسانی بەزۆر. ڕاگوێزراون، کەهەتاساڵەکانی هەزاروسیّ سەد.هەزارسیّ سەدوودوی هەتاوی· قەباڵەکەی لە لای یەکێك لە بەرەبابەکان هەرمابو،جا ئێستا نازانم، ماوە یان نەماوە.

٢ـ وەك هەمووخەڵکی پیرانشارو شنوو نەغەدە.وزۆرلەخەڵکی سابلاغ وسەردەشتیّ، دەزانن بابم دەنگ خۆش،شاعیروبوێژێکی زۆرماهیربو،شێعرەکانی هەمو عیرفانین، مەجازیم تێدا نەدیون، لە چەند شێعران زیاتر.خوا یاربیّ خەریکی چاپکردنیان دەبم.

دایکم هەروەکوو لەشێعرەکەیدا ئیشارەم پیّکردووە، لە خزمەت (سەیدی زەنگیاویّ کە شەخسێکی زۆر گەورە و بەئیحتڕامەو خەڵك دەچنە سەری بۆونۆبەتێیان) نێژراوە.

پوور زێنەبێ دایکم کچی حاجی مەلاحوسێنی مەنگوڕبوە(حاجی)یەکەمریدی پایەبەرز خوالێخۆشبوی شەمس‌الدینی بوڕهانی بووە ئەگەر تەمەنی برێك چۆتەسەرێ کەمتر هاتۆتەوە مالێ هەر لە خانەقایە دەماوەو خزمەتی خانەقاو مالە شێخی دەکرد.کە یەکە قورئان خوێن یەکە ڕێ نیشاندەری مەنسووبەکانی شێخی بوڕهانی وەئەستووی خۆگرتبو. حاجی مەلاحوسێن وەختی خۆی لەنێومەنگوڕان وئاخرەکەی زیاترمالی لەکەلەکوکەی و دۆلێ هەوشینان دەبو،کەمتروابوەبەپولی مەلایەتێ ژیابی هەربەهێزی باسکی کاری کردوە ونانی خوی وژن ومندالی لەڕێگای کاروکاسپێ وئارەقەی نێوچاوانیێ وەدەست هێناوە.

بەلێ، ئیمەش هەربەفەقیریمان هێناوە ؟بابم بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەرپینەچێتی کردوەو هەمیشە هەر دەست کورت بوینە وەکو جیرانی کابرای و برێکیش خەرابتر، زۆر ڕۆژان واهەبووە نەنانمان هەبووە نە دۆو نەجێگای ژیان ونە هیچ.

ئاوا بە فەقیری بەخێوی‌کردوین.

٣ نازناوی بابم لە شێعرەکانی‌دا «عاریفی» و ((گوێڕەش))دانابو. ،

٤ـ نازناوی خۆم لە شێعرەکانمدا (پەرێشان)داناوە، کەچی کەمترم دەئەوکتێبەی هاویشتوونەو کەلکم لە نازناو وەرنەگرتووەلەچەندشێعران زیاتر.

لە شێعرەکانی ئەو کتێبەی‌دائەوەی بیرەوەرێکم هەبوۆە ؟لەجێگای تایبەتی خۆی دا نووسیومەتەوە، وئەوەی باسیشی لێنەکراوەدیارە هیچ بیرەوەرێکی تێدانیەو؟! تەنیابۆلێك نیزیك‌کردنەوەی،ڕەدیف و قافیەی شێعرەکانە وبەس ؟؟.

٥ـ ئەو داستان و قەیاتانەی نوسیومنەتەوە زیاتر لە سەدا نەوەد لە خوالێخۆشبووی بابم گوێ‌لێبوونە،چونکەبابم،جگەلەشاعیری ودەنگخۆشی و بوێژێی، بیرێکی ئەوەندە تیژی هەبوو، هیچی لەبیرنەدەچۆوە.کەم بەیتیش هەبوە نەیزانیبا،ئەوبەیت وگوتنانەم هەموی لەبابم گوێ لێبوونە« زەبیل فرۆش »

١ـ شێخ فەرخ ٢ـ عەبدوڕڕەحمان ٣ـ محەممەدحەنیفە٤ـ پاییزە ٥ـ حەیران ٦ـ سەعید و میرسێوەدین ٧ـ ئازیزە٨ـ لاوکۆو ٩ـ سوارۆو١٠ـ گولێ گولێ ١١ـ بەیتی قەشەمشای

١٢ـ کاکەمیروکاکەشێخ ١٣ـ حاتەم ١٤ـ لەشکری١٥ـ کاکەمەم وخاتوزین ١٦ـ برایمۆك ١٧ـ لۆلێ ١٨ـ ئیسماعیلنامە ١٩ـ ناگەهان ٢٠ـ قەتارە٢١ـ نمای نمای ٢٢ـ بەهارە ٢٣ـ وهەمووجۆرەشێعرێکی عیرفانی ٢٤ـ وردەئاهەنگ بەگوتن و بەدەنگ.

جا ئەمن لە کاتی منداڵیم هەتا بابم کۆچی دوایی کردووە هەرچی بەقسە ش بوێگێراومەتەوە، هیچم لەبیرنەچۆتەوە هێناومن نووسیومن و ئەوەی توانیومە کردومنەتە شێعر، خوا یاربێ ئەگەر مەرگ مۆڵەتم بدات لە داهاتودا ئەوداستان وقەیاتانەی دیکانە ش پاش کۆکردنەوەوورێك وپێك کردنیان چە ندی کراشێعرو،یادەناهەربەنەسر دەیان نووسمەوە ،ئینشائەڵلا هوو تەعالاو پێش کێش بە خوێنەرانی خۆشەویستی دەکەم.

مام دەروێش ڕەحیم گوێ ڕەش دەوەختی شێعر خوێندنەوە و دەفە لێدانێ دا

بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی

حەمد و سەنا.بۆ ئەو خودایەی کە کەسی بێکەسانە، کەسی لە ڕەنگی نیە و ئاگای لە هەستی مارو مێرووی هەیەو ڕازقی ڕزقی هەموو جوڵەوەرێکیەو کەسیشی بێبەش نەکردووە، هەر وەکو خوالێ خۆشبوو سەعدی شیرازی دەفەرموێ :

ای کریمی که از خزانه غیب گبر و ترسا وظیفه خور داری

دوستان را کجا کنی محروم تو که با دشمنان این نظر داری

خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەو هەلەم بۆ ڕەخساو توانیم ئەو چەند لاپەڕە پێش کێش بەدۆستە خۆشەویستەکانمی بکەم بەلاّم بەرلە هەمووشتێك داواوم ئەوەیە ئەم پێشەکیەی بخوێننەوەو هەرجۆرە کەم و کوڕییەکی هەی بێت تکایەبەگەورەی خۆتان بم ببورن یادەنابەنوسراوە پێم ڕابگەیێنن چونکە هیچ شتێك بێ کەم و کووڕی نابێ ئەوەش دەزانم ودەزانن ئەگەر چم نەنوسیبا کەس ڕەخنەی لێنەدەگرتم وباسیشی نەدەکردم. چونکە ئێوەی بەڕێز باشی لێ حالێن ودەزانن نوسین زۆر زەحمەتە بەتایبەتی بۆکەسێکی کە بەزمانی زگماکی خۆی نەیخوێندبێت ونەی نوسیبێت ئێستاش بنوسیت؟!

ڕەخنەکان بەئەو ناو ونیشانەی کە لەئاخری ئەوکتیبەیدا نوسیومە بۆم حەواڵەبفرمون. زۆر زۆرسوپاستان دەکەم.

ڕەخنەگران زۆربەیان دەبێ خوشکەکان بن.دەڵێن بۆدەبوبنووسێ فلاّنەژنەهەبوەو دەلاّلەکەی فێری کردوەخۆی نەخۆش کات هەتامێردەکەی بنێرێتەگەلاّخرنووکان ولانی کەم دووڕۆژان لە ماڵێ وەدووردەکەوێتەوە.

یان بڵێن بۆدەبووبنووسێ لەفلاّنەماڵەی کابراژنەکەی لەکوڵەکەی بەستبوو لێداوە لەسەرکاری ناحەزهەتادەلاّلەکەشی دمی براوەیان فلاّنەژنەبۆوابوەفیسەرانەژنەبو ...

چونکە هەرلای ناحەزەکەی دەبینن ودەخوێننەوە.ئەوەش شەرتی ئینساف نییە

ئەگەروابێ هەر لای ناحەزی ببیندرێ و لای جوانی چاوپۆشی لێبکرێ.

لای دیکەی ئەوەیە،ئەوقەیات ونەقلٚ وحیکایەتانەکەکوتراون ئەمانەتن و هەموشیان دیاری کراون پیاو چۆنی گوێلێ بووەدەبێ هەرئاواش بینوسێتەوە کەم وزیادکردنی دەبێتەهۆی سەرلێ شێواندنی خوێنەر،وخەیانەت بەفۆلکلۆری کوردی وزمانی ڕەسەنی نەتەوەکەمان، جگەلەوەی کارەکەش بێ بایەخ دەکا،دیارەکەم ووزۆریش هەربووەهەردەش بێ چونکە ئەوانەسینگ بەسینگ هاتون وکەمتریش وابوەلەزمانی کەسێکی خوێندەوارەوە نوسرابێتەوە.بڕوانەتوحفەی موزەفەرییەی خوالێ خۆش بومامۆستاهێمنی؟ئوسکارمانێکی ئاڵمانی کوردی نەزان ولەزمان ڕحمان بەکری بێ سەوادەوەنوسراوە هەرچەندمام ڕحمانی مەرحوم خزمەتێکی زۆرگەورەی بەفۆلکلۆری کوردی کردوەوجێگای ڕێزو حورمەتە.،

ئەوجار؟ دیتوتە چۆن تەعریفی حەبیبەی ژنی میرزا برایمی کراوەئەگەر مەردانە قۆلی لە تۆلەی هەلٚماڵیوە وای خواجەحەسەن بەسرایی،تەنبێ کردوسمتی مۆرکردوەو کردوشێەتە پیاوی خۆی بە پێی کاغەزو بەلگە هەتا بمێنی پیاوی ئەحمەد ئاغای کوێستانی بێ،

یان ئەوژنەی تۆلەی مێردەکەی کردۆتەوەوکەپوو لوتی ڕێگرەکانی بڕیون ودوایەش بۆتەژنێ مەمێندی ویاخۆازێ چۆن مەلا وەسیمی لەخۆڕپاو کردو چۆلەمەشکێنیشی لە مێردەکەی بردۆتەوەو.چەند وێنەی جوانی دیکانەش ئەوە لەبەرچاوە.

چاویشم لە وەیئەبوە هێرش بەرمە سەر چین و یان تەبەقەیەکی تایبەتی. یان خوانەکاخراپەیان بلێم .ویستی من زیندوکردنەوەو وەبیرخستنەوەی لێ زانی و بوێری ڕابردوی نەتەوەکەمان بوە. هەرچەند بەداخەوە دەبێ بلێین لەڕاست ژنان ڕاکە نیوەی کۆمەلٚ پێك دێنن،هەموشیان دایکن یان دەبنەدایك وجائیمەش ئاوابەدایکمان هەلا دەلێین و هەمیشە وەك بوتیك دەیان پەرستین و بەڕاست ئەگەر لێی وردبینەوەو تێیفکرین،دیسانیش کەمەبۆدایکان ! بە حەق ڕابردویەکی زۆر تاریکمان هەیە، نازانم ئەودایکانەچۆنمان لێ خۆش دەبن یاخواووناوێ خوای هاوار.

یەکێك لە وێنە جوانەکان ژنبەژنەیە؟؟؟..

ڕەنگ بێ بۆخۆم وەبیرم نەیەت، ئێوە پێم بڵێن کام کوڕو کچە بە دڵی خۆیان پێك گەیشتونە.

کامەکچ وێراویەتی بڵێ ئەمن مێردبەکوڕی فلاَنە،یابەفلاَنەکەسی دەکەم

چەندجار ئێوەدیتوتانەکچێك کەزۆرجوان وخوێنشیرنە،دەگەڵ کوڕێکی لە خۆی خوینشیرنتروجوان ولەبەردلان تر،پێك هاتونە لەجێ ژوانێ یکتریان دیوەلەماچ وموچیش بێبەش نەبونەو.،ئارەزویان ئەوەبووە.ئەودودڵداره پێك بگەن وببنەهاوسەری یەکتری و ئەبەئەوهیوایەی ڕۆژ ژمێریان کردوە،کەچی کوڕەکە؟یان باربەهای نەبووە یان فەقیرو هاوشانی ئەو کچەدەولەمەندەی ئەوکچە ئاغایەی نەبووە، نەیانداوەتێ.دیسانیش هیوایکیان هەر هەبووە ڕۆژێکی شتێکیان بۆبڕەخسێ.کەچی دەبیندرێ شەوێکی چەندکەسێك لەماڵە بابی ئەو کچەی وەژوردەکەون، مەلاشیان ئەوە دەگەڵە،پاش چاخواردنەوەیەك کچەی بانگ دەکەن وپێی دەڵێن، ئەوە لە فلاَنە؟یالە کوڕی فلاَنە کەست مارە دەکەین!!

ئەوکچەوەك لەبانێرابەربیتەوە پێی وایە چونکەئەوبەستز مانەقەول و قەراری دەگەڵ کێیەو لەکێی مارەدەکەن؟ئەوەی بەدڵی خۆی هەڵبژاردوە کێیە؟ وئەوەی دەڵێن، لێت مارەدەکەین،کێیە ؟بەدگوز ؟ خوین تاڵ و ناشیرن. بەلاَم دەتوانی چ بڵی؟

ئاخر ئەوە خوشکەکەی ویش لە کاکت مارەدەکەێن، دایك و بابی و خوشکێ گەورەی ڕوی تیدەکەن وپێی دەڵێن ڕۆڵە کاکت ئەوەعومری گەیشتەچل ساڵی، کەس مێردی پێ نەکردوە،خۆ ئەوکچە بەدبەختە ناتوانی هیچ بڵێ ویا بڵێ نا.یابڵێ خۆشم ناوێ ،جارێ سەبرێکی دەگرین؛ چونکەخەنجەری لە سەرحازربوەو،جابەناچاری دەبێ بچێتەلای مەلای وبڵێ ئەمن ڕازیم وزۆریشم خۆش دەوێ هەتا مارەبکرێ؛

ئاوامارەکراوەو هەمو ئارەزۆکانی بونەتە خەون و خەونەکەشی ئاوا لێ هاڵۆز بووە.

گەورە بە چوکە؟؟ و بەرخوێن؟؟!

کورو کچێك پێك هاتون دەنێرێتە سەری، بابی نایداتێ ودەیکاتەهەلاّهەلاّیەك مەگەرئەوخودایەبزانێ، دەلّێ بابەئەمن کورم هەیە،ژنم بۆکورەکەم پێ نایەجانەگەرکچی جحێلّیان هەیەبابێ هەتاژن بەژنەی بکەین، ئەمن ژنبەژنەی پێدەکەم.

بەلّێ پاش هاتن وچونێکی زۆر رێك دەکەون چونکەکابراچارەی نامێنی ودەزانی لەدەستی دەچێتەدەرێ،

ئەوکورە خوشکێکی لەسەر پشتی لانکیێ هەیە.دێنن ئەو بەستەزمانەی لەپیاوێکی بە سەروسیما مارەدەکەن،خۆ هە تا ئەو منداڵە دەگاتێ، کابراش ردێنی سپی دەبی، جاوەرە ئەو منداڵە بێتاوانەی بدە بە کابرایەکێ بەسەروو سیما و ردین سپی.

یان کچێك بە ناچاری بەزۆرمارەکراویا؟ ..رەدواکەوتوە،کابرای دە حەولان دەگرن، گیشەی لێدەسوتێنن، ریگای پێدەگرن، بلاّم کابرا کچی گەورەی نیە دێنن ئاوا منداڵێکی دەکەنەبەرخوێن وهیچ بیرێکی لێ ناکەنەوە.ئەگەرتوشی کارێکی گەورەو دئەوبەینەێدا وەکو پیاوکوشتن ودەربەدەربون ورعێکی زۆرناخۆش وچاوەروان نەکراودەبن وشتی واخەراپێان بۆدێتە پێشێ وتازەش بەپەشیوان بونەوەچارەیان بۆ ناکرێ و؟وەك ئەو باسەی پێشترمارەی دەکەن وهیچ بیرێکیش لەدلّی ئەوکچەبەستزمانەی ناکەنەوە؟؟.

بەپێویستی دەزانم هەروەکی لەئینسانانی زاناوباوەرپێکراوم بیستوەگوتویانە؟؟!

زۆرکەسیش ئەوباسەیان دوپات وچەندکردۆتەوەو،ئەمنیش باوەرم هەروایەتاوانی تەواوی ئەو سەریەسەرەو ،ئەوزولّمەگەورانەو،ئەونابەرابەریەی دەزەمانەکانی پێشودا رویان داوە؟ لەئەستوی گەورەگەورەکانی ئەوکاتی بووە؟چونکەمسکێن لەکەم هەتازۆردەئەوزەمانی دا هیچ دەسەلاّتێکی نەبوە،تەنانەت لەترسی میرودەرەبەگەکان ،نەیوێراوەزمانیشی بگرێ؟ هەتا بلّێ وادەکەم و،واناکەم ؟

خوێن کوژاند نەوە؟؟.

هەر ئەوجورە ژنانە بنەگرتو نەبونە، ڕەدودەکەونە.بەڵێ، ماڵە کابرای کە ژنیان هەڵگرتوە دە حەولان دەگێرێن، کلکی گامێشیان دەبڕن، سەروگوێلاکی چەند کەسان دەشکێ،چەند جاریش ڕێگایان پێ‌گرتون،بۆیان نەگیراون،ئەوماڵەکچێکیان دێنادەکردە بەرخوێن یاخوێن کوژێنەوە،جل وبەرگ دەکراو؟لێرە هیچ مافێك بۆژنێ بەرچاونەدەگیرا ، دەیان برد.دەماڵەکابرای ژن ڕەدوکەوتویان داویشت کەدوژمنیشیان بو،بەئەوجورەی خوێنیان پێ دەکوژاندەوە وبەلاّم ئەوبیرەیان نەدەکرد،کەئاورهەڵدەکراوە؟ ئەوکچەجوانە ،ئەوکچەبێ تاوانە،تەواوی هیواوئارەزوەکانی هەڵبوەشێننەوەبێ ئەوەی کابرای دیبی،ناسیبی و دوژمنیش بیت،بیدەنێ،بۆیەشی بدەنێ لەگەڵی بنویت وببێتەهاوسەری ئەی لەئەوکارە ناحەزەی؟لەئەوکاری وا دورلەئینساف، چ ویژدانێکەئەوکارەی قبوڵ کردوە.چ غیرەتێك ڕێگای بەئەوکارەناحەزو دورلەهەموڕێگاوڕەسمی مەزهەبی ونەتەوایەتی ومرۆڤایەتی داوە، هەرئەوجورەژنانەبونە،بەزۆرمارەکراو،گەورەبەچوکە،بەرخوێن (خوێن کوژێنەوە،سەر خوێن وچی وچی)وەدوای ئەوکارە ناحەزانە کەوتونە، و هیچ ناحەقیش نەبونە، وسەرئەنجامی ئەو زوڵمانە،ولاّمێکی بەئەوجورەی دراوەتەوەماڵم قەبرەهەق بونە.

بەلاّم بەخۆشیێوە.ئەوڕۆئەوکارەناحەزانەزۆرکەم بونەو،ژنی بەمێرد. ڕەدواناکەوێ و هیچ مەلایەکیش منداڵی چوکەمارەناکات؟

ئەدی ئەوڕۆ.ئەوڕۆش کاری ناجوانی دیکەدەبینرێ‌نەك بەشێوەی پێشو؟: وەکوو؟

حاجی سێمان دیارە بەنێوی باپیرە گەورەمان کراوە،

کیژێکی بۆکوڕەکەی خواستبوو! : نا ! نا !باشە دەی بابۆنەوەکەی بێ !

:ئاخر کوڕی چوکە بەتایبەتی ئەگەرلە ژنی ئاخری بێ زۆرلەکوڕەکانی دیکە خۆشەویست ترە! کوا ئەوە کارە ، بۆیە دەڵێم پێنج سەت هەتا نەبێتە درۆو دەنا لەسەر نیوەی مڵك و سامانەکەی خۆی مارە کردوە!

کەچی مڵك و سامانی ئەو مامە حاجیەی بە کەس حیساب ناکرێ ،

دەی بەڵکە کامپیوتێرێکی هەورازتر لەکارخانەی بێتە دەرێ و حیسابی بکات .

جیا لەوەی چەند بڵێم چەندان ماشێنی بۆمارەکردنێی دەرێیە کردووە؟

باشە مامە حاجی کوڕو کچ فەرقی چیە هەردوك لە جەرگی خۆت نەبونە !

ئەو هەموو خەرجەی بۆکوڕەکەتی دەکەی! ئەوە ئەگەر کچەکەت بەمێرد.دا؟

بێ ئەوەی بزانی کابرای کچەکەت داوەتێ هەیەتی یا نیەتی دەڵەی ئەمن جەیازی تەواوم دەوێ و کارەکائی خۆت نایەتەبەرچاو! کچەکەت بە جەیازی کابرای دەڕازێنێوە، ئاخرمامەحاجی گیان هەرنەبێ پێنجێکی بۆکوڕەکەت خەرج کردووەبۆکچەکەتی خەرج کە. نازانی هەرچەندی بۆکوڕەکەتی خەرج کەی وبۆکچەکەتی خەرج نەکەی وهەرئاوا بە پوڵی بابی زاوای بیڕازێنێ وەیا بێ حورمەتی وەك بە ژن دان و بەرخوێن یا سەرخوێن و باربەهاو.لەباتی ژنێ بەمێرد بیدەیەدوژمنت؟

دیسانیش هەر کچ لە کوڕی بە ڕوحم و موحیببەت ترە !

زۆریش وەوەی دەچێ بەچاوی خۆشت دیبت ؟

یائەوهەموزیادە خەرجیەی وکاروانی ماشێنان وچاوەش وگەلەکۆیی وبەزم وهەڵڵا وبەکلۆپوڵ خەرج کردن وچی وچی فکرت لەجیرانەرەش وڕوت و فەقیروبێ پوڵەکەت کردۆتەوە کەهیچی نیە٠؟بم بورە هیچی دیکەت سەر ناهێشێنم !!؟؟

تێبینی؟؟

دەبێ ئەوەش بەباشی بزانین هێندێك شت گوتراوە،نوسراوە زۆریش جوان وبەجێ بوە، هێندەش وەڕاستان چوە پیاو وای باوەڕ پێکردوە، وەختبوە سوێندێشی بۆبخوا و بڵێ، ئەوە،قسەلێکردنی ناوێ،ڕاست وبێدرۆیە؟بەلام ئەو نەقڵە، ئەو قسانە لەڕوی تەجروبە یەوە داندراوە وێچوەو ناکرێ بڵەی بێ شك ڕوی داوە٠٠.

بەعزە شتێك دەنەسریدا هەیەودە شێعریدانیەیاکەمە.لەئەوبارەیەو،تکایە بمبورن.

جل و بەرگی کوردی

هۆ لاوی کوردم هێزی هەناوم — پەڕوی بڕینی جەرگی بڕا وم
چرای ڕ وناکی کورد وستانەکەم — هیوای دواڕۆژی نیشتمانەکەم
بەیانان ئەشێ زووهەستی لەخەو — نەبیەنیشانەی تیری ئەم وئەو
گویزانت تیژکە وڕیشت بتاشە — سمێلْ تاقنج بێ پترم پێ باشە
ڕانك وچۆخەڵەی شینکێکی مەرەز — لەگەلْ کەراسێك پڕئیشتیا وبەلەز
سپی بێ وەکو بەفری یەکشەوە — جاسۆرانیانی بەجوت بەردەوە
لەچیتی گولْ ورد پشتێند ببەستی — ڕیشۆ لْدار دەسرەی بەرپشت ودە ستی
عەسڵەشەدێکی مۆدموکریانی — خڕوقوڵەڕیشوی دەناجامانی
پەستەکەسوری دابی لای خۆمان — یاقوڵەباڵەکەی قوتەی هەورامان
شەمامەبەندی یاهەرکەلاشە — خۆماڵی دۆلاغ خۆ هەربەلاشە
خەنجەری دەبان لەشاخی نێری — دەسکی بۆچاکەی جاکوادەوێری
لەبەرخەنجەرت کێردی تیژ کراو — د یار دی پێ وکوژەکاتی چویەڕاو
دەسحێبێکی زەرد عەسڵەکارەبا — دەلێن زەردوویی ودەردوەلا دەبا
بڕۆسوێ کوێتێ وتیرئالیکی کە — خۆت مەگنخێنەوخێرازینی کە
سەرڕاوێ بگرە وشینەی هەستێنە — د یاریەکەی تەمال زیاتربستێنە
هاتیەوەئەسپی بگێڕەبەجلەوە — ماندوێتی دەرکردئەوجاردایکەوە
بەئەوداب وڕەسمەبەئەوبەرگەجوانە — لای ڕۆژ ئاوا یەبگرەگوێسوا نە
بڕوانەورد وردبەسیلەی چاوی — لەڕێگای کانی بنگێوەگراوی

❋ ❋ ❋

کاتی پیری

ڕەفیقان ڕێگەیەك بۆ.ودڵەی پەشێوم
بەغەفڵـــەت تابەکـــەی ڕێگـــابپێوم
دەبیـنی چـۆن لـــەشی پـاك داچـۆڕاوم
نیشـانەی دیشـــەباری ســـەردولێوم

دڵە! تـا کـــەنگی خۆینـاوێ دەنۆشـی؟
وەبـــیرخۆت بینـــەوەڕۆژانی خۆشـــی
دەنـاڵێنم لـــە حەســـڕەت دوری لـــەیلا
بەتاســـــەوەبەریەگریان وپەرۆشــــــی

ســـەرم داییـــم دەســـوڕێ گێـــژو وێـــژم
لە چاوم بێ وچان ئەسرین دەڕێـــژم
لە ئاخر ساتمە خەم هەن لە دەورەم
بەشم وایـــەو کـــە هـــەر تـــاڵی بچێـــژم

کـەل و پـــەل بـون ددانـــی شـــاڵ و واڵـم
ئەوەی مـاون لـە دەسـتانێان دەنـاڵم
نیـە ڕیگـــەی ڕونـــاکیم لـــەم جیهانـــە
بڕۆم بۆ کوێ لەدەستی ژیـنی تـاڵم

نیشـــانەی پیریـیـــە پشـــتی چـــەماوم
بە بێ هـــێزی وبەجـەرگی هـــەڵکزاوم
کـە هەستم جێگەکـــەم جـارێك بگـۆڕ م
دەفـــیزێ ودەمکـــەوێنێ قـــاچی خـــاوم

پشوســوارو نـــەخۆش، نوســـاوە دەنگـــم
بـــەلادادیم وەکـــوسەرخۆشی بـــەنگم
دڵـم ڕێگـــەی ئـــەوین دەبـــڕێ ئەگـــەرچی
زرینگـــەی گوێـم دەدا ئـاوازی مـــەرگم

لـــە ســـەر چـــاوم تـــەنیوە تـــۆڕ و تانـــە
بـــە هـــەرلادا بـــڕۆم هـــەر بـــۆ نەمانـــە
پەرێشـــــان و حـــــەزین و موبتـــــەلاخۆم
لـــەلای دیشـــم خـــەم ودەردی زەمانـــە

✻ ✻ ✻

بۆ باوکم

بابە! پێم وایە لە ماوەی ژینت — وەك شەم سوتابوی لەڕێی ئەوینت
دەنگی گریان ونالەی شەوانەت — بەنەغمەخوانی وئەودەنگە جوانەت
بە مەدح و سەنای ئێزەدی مەننان — ویردی زمانت، شەو تا بەیانان
گەورەیی وڕوحمی ئەوپادشایە — هێند زۆرە وبە کەس تەعریفی نایە
ڕێزوحورمەتی ئەحمەدی موختار — کوا، کێ دەتوانی بیخاتە ئەژمار؟!
وەحی ڕایگەیاند:لەبەر تۆ نەبا — خەلقم نەدەکرد هیچ با هەر نەبا
شاعەبدولقادر مەولای دەروێشان — هیمداد دەخوازین بە یاهوکێشان
شێخ نیزام ئەالدین پاش کانیکەوە — تەریقەت لەشنۆدەست پێ بکاتەوە
لە حەلقەی بەزمی ئەو عارفانە — خزمەت شێخانی ئەو خانەدانە
ئاوالْ مریدان دانیشتن بە سەف — وەجۆشت دێنان بە ئەشعار و دەف
بەو زمانی حالْ زیکرت پێکردن — غەفلەتت نەکرد لە ڕۆژی مردن
بە پیێ زانین ووەسف وبۆچونت — وەك حەقپەرستێك لە ڕێگەی ڕونت
حەیف نەناسرای وەك دەبو ئاوا — هەربۆیەش بێ دەنگ کردت مالْئاوا
باوە بەو خۆ ایەی کەسی گشت کەسە — بۆ عەبدانی خوی چەند فریادڕەسە
ئازادم نەکەی تۆ بە دلْ و یەقین — چۆن داندراوە لێخۆشبون، بەخشین
کارم دژوارەو هاواربەمالم — هیچ کەس نەبینێ ئەو ڕۆژی تالم
بەزەیی و هەمو خۆشەویستی تۆ — ڕونیش دەبینری وبیرو هەستی تۆ
ناخۆازی تەنگ وچەلەمەم توشبی — ناعیلاج دەبی و دەبێ لێمخۆشبی
خۆاش فەرمویەتی هەربەوحیسابە — ڕەزا و ڕەحمەتم لە دایك و بابە

***

بۆ دایکم

دایە لەوەختەی کەبویە دایك وماندو،وشەکەت

شەو لە ڕۆژ ماندوتر و هەرنەتبوکاتی خۆشی قەت

بۆ بژیوی حاڵی ئیمەی زار ئە لەو ڕۆژەڕەشە

قەت نەبوی غافڵ لەخزمەت ویستی خۆت بوئەوبەشە

ئەرکی خۆت هێندە بە دڵسۆزی وەکو دایك نواند

تا تەم و تۆزی نەهاتی و نیکبەتی ئێمەت ڕەواند

ئارەزوت بو بێتە بەر، داری ئومیدت بەڵکە تۆش

لیێبخویێ لە بنی بنوی تا زۆر ببینی خەوتی خۆش

داخەکەم کۆزت بە ساوایی بەجێ هێشت ئەی دریغ

کۆمەڵیك ڕەنجت بەسەر بابدا بەجێ هێشت ئەی دریغ

بو بە ناسۆر تا دەمی مردن، برین هەر مایەوە

کۆچی دوایی تۆو شەهیدم بۆیە هەر دەکولایەوە

بۆوشەهیدەی ویستی تۆویستی هەموخەڵکی دەویست

بۆو شەهیدێك دەنگی زوڵم وزۆروزۆرداری دەبیست

بۆو شەهیدەی گیانی خۆی دانا لە سەر خاك ولآت

لای نەدا، ڕیگەی بڕی تاکو سنوری سورخەلآت

بۆ دەبو لەو سەرزەمینە، بۆو برینەی مەڵحەمێك

کەس نەبا بوی دابنابا و مەنعی گریان با دەمێك

تا قیامەت با بمێنێ مایەوە هاوار بە خۆم

با لە جێگەی شادمانیم دەرد و حەسرەت، غەمبخۆم

کــواچ ئــەولادێك لەدەســتی‌دێ ئەمــەگ بــێنێ تــە وە
نــا ئــەوە بۆخــۆی" بــەڵام بــا دایــك و بــاب بخــوێنێ تــەوە
خــۆ بــە بــڕوای کــەس نــەبو هینــدە بــزە و غــەمخــۆری تــۆ
ســەدهەزار ڕەحمــەت لــە قەبرت،پڕلــەنور بــێ گــۆڕی تــۆ

دەئەوچەندشێعرانەدا،ناڵەوپەرۆشی باوکم بوەبۆلەدەست دانی ڕۆڵەیێکی ئاواقارەمان وئەترسێك وەکوکاك عەلی گوێڕەشی وهیچ دڵخۆشێکی نەبوەو،هەتاکو؟شورش لەئێرانێ داڕوی داوەسێبوری بەهیچ شتێکی نەدەهات؟!

بۆ کێوە بەناوبانگ و سەربەرزەکانی پیرانشار

شارەکەم، شاری پیرانشارە کە چەند جوانە دڵم

هەمو خەڵکی کە دەڵەی خونچەیی خەندانە دڵم

دیمەنی تۆم هەبێ بێباکم لە بون و لە نەبون

دور لە تۆ مەملەکەتم پێ وەکو زیندانە دڵم

ناوچەکەم مامەش و لاجان و گەدە و بەربنەیە

بەری پیران و نەڵێنە و بەری مێرگانە دڵم

کێوەکانت بە قەرای ویستی هەمو ئازادی خوا

بەرزە سەریان تۆدەڵەی سەرلە سەرئاسمانەدڵم

تۆلەسەردوندی چیای ئەستەمی قەندیلی مەزن

جوان و خۆشتر لە هەمو باغ و گوڵستانە دڵم

قەڵاتی شای ئەرێئەی کێوەلەمێژینیەکەمان

خاوەری وەك سپیسەنگ سەروە موکریانە دڵم

کانی خوای بەرقەد و لاپاڵی هەتا قوچێ قەلان

وورد ئەگەر بێتەوە بیرت، خۆ پەرێشانە دڵم

❊ ❊ ❊

کێوی قەندیلی

باسی مەنتیقەی پیرانشار

شارەکەم ڕۆژێک، نێویان نا خانە ... چەند ماڵ زەرگەتەن، دوای کۆنەخانە

عێلی پیرانان ،بە چوك و گەورە ... تێکۆشان هەمو،وێکڕا لەو دەورە

خانەیان نێو نا، پیرانشار ئیدی ... نێوەکەی خۆشە، باسناکەم چیدی

شارم بەو نێوەخۆشەی،ناسراوە ... پیاوی بەهێز و،گەورەی لێ ژیاوە

بێشەکەی ڕازاوەی،زۆرگەرەپیاوان ... هەروا دلسۆزبی، بۆ دایك و باوان

پیرانشار! یاخوا،هەر ئاوەدانبی ... بۆ میوانانت،هەر خانەدان بی

لاجان بەهەشتە،مامەش دەگەڵ بی ... بە پاکی و مەردی، ناشی دەغەڵ بی

کوا کاسەکەران،ناوچەی لاجانە ؟ ... لەمبەرە ؟ یاخۆ، لەگەڵ پیرانە ؟

گرداشەوانەو،لەگەڵ ڕکاوێ ... کەندەقولانم ، خەراپەی ناوێ

لاوێنەوئەوجار، گردەگۆرانە ... گەنەدارئاخر ، دوا ی بەرکەمرانە

خۆتۆنابی بچی،بۆخڕێ بەرداشان ... نەکوریێت کەون،بە بەردوگاشان

لە کەندەقولان، لە لای مامشێخم ... بابارگە و بنەی خوێی، لە لا بێخم

بۆ وەتماناویم،دڵ بە پەرۆش بو ... خۆ گەپلەسەنیش،گاڵتەی لێخۆشبو

ساڵی بیستونۆ،ئە لەو زەنگیاوە ... لای سەیدی شەهید، دایکم نێژراوە

لە دایەشێخی، هەتا توژەڵێ ... ئەو قەرەخدرە کوا ڕاستی دەڵێ

لە سنجەلێڕا، بۆ شێلمجاڕان ... خۆ لە قڕ وچاوێش، زۆر باری باران

گردەبنم زۆرجار،لێی گیرساومەوە ... دەورانی لاویش، لێی گەشاومەوە

کاك مەلاقادری، زاناو تێکۆشەر ... خۆی تەرخان کردبو، بۆو کارەی یەکسەر

مەلای ئاوایی و،هەم بۆپیش نوێژی ... تا بناغەی عیلم و،دینی دابڕێژی

هەرگیز نامرێ و،زانا زیندووە ... لەلای زانایان،دەرسم خوێندووە

کێلەسیپانم، بن‌بەردی گوێزێ — دەی؛ باگرداسێش، بێتە نێو ڕێزێ

خۆ زینوی ئینجیان،دڵی ناڕەنجی — ڕیکێان‌خەینەوەو،دەگەڵ خورینجی

سەرشاخان چۆلە،ئیدی پیێ‌ناوێ — کانیەزەرد، کێلی، کورێ، سەیداوێ

بەڵێ هەوشینان، بازاڕگەو، د ێلکە — د و کەڵەکوکەو،شێوەبرسێیکە

هەر لە سەرشاخان، ئەو بابەکراوە — وەك ئەحمەدغەریب،لەجێی خۆی ماوە

بەغەڵدەغەڵدبوم،لەوحاجی غەڵدە — وەك لگبن بەلا، کوا دا بۆم هەڵدە

لە سەر بڵێندەی، کانی‌مەلاێە — دەشت قورێ بانگ کە،بۆدەنگت‌نایە

هومام بۆ گەرگول،کوا لە سەر ڕێیە ؟ — گەرگولی خوارێم، ڕوی دە قەسرێیە

جیێ دەولەمەندە،ئەو کانی‌بداغە — جیێ خۆش بۆ زستان، هەر کانی‌باغە

شاوەلە داخوا،ئەو گەورەدێیە — دەگەڵ بایزاوێ،دێتە سەر ڕێیە

پەسوێ شارەد یی، بیانوشێ نا وێ — هەر ملکی وێ یەو، تا سەر ینچاوێ

لە کانی شکەوتێ،هیندە خۆ ماوێ — بیری زۆر تیژی،لێبو، تۆبزاوێ

هەبلەس ! کوندرێ،بۆ وا بێ‌دەنگە — گەلێك هاتم و چوم،لەو شۆزەنگە

لەپەی بەلەبان، بێ‌شەمای کێلێ — لە گردکسپیان،با قورێ بشێلێ

دەتوانم بڵێم:ئەو گردکشانە — وەکو ئەندێزێ،سەر ڕێگاوبانە

دیێ سەروکانێ، هەتا سۆفێانێ — توانێش نێوبێنین،لەگەڵ جەڵدیانێ

با بە گو ڕ گورم،وەبیرد ێتەوە — برینی جەرگم،دەبرژێتەوە

بابچینەکولیچی،لای مام دەروێشی — دەنا دەزانم، شێخ دڵی دێشی

وەکو بەربنە،کوا لەکوێو د یوە — گوێزی کاك مەلا و،زێوکەی پڕ میوە

هەروەسەرکەوی،دەچیە گردەسور — بۆ گردی کاولان،بۆتە کێوی تور

سەرسەوژ و بەرزە،بەهاران ماشکان — لەبیرتەسێلوی،چەندناخۆش تێ‌شکان

هەمزاواوشێتبوم،بۆنیوقەدتەسکان خاڵدارجییێ سەیدو،شاڵ وسەرکەسکان

کوا پیرەکانی؟ قوببە لە کوێیە؟ هەوارەبیمان، زۆر لە سەر ڕێیە

بەردەقەل جێگای،دوازدەحاجیانم ئێستا زۆر تەبان،وەك لێی دەزانم

هەبلەسی پیران،جگەرخوارەکەم دربکەش جێگا ی،خەفەتبارەکەم

کوا کەڵەکین بو؟ نانانا دەلاوان بندرێش جارجار،جیێ بەڵەکچاوان

مەلائا ودە لیش،خوی لێ هەڵماڵی ئەگەرتوان دەخوّوی،بچۆخواجاڵی

لە قسقەپانی و،یان کاسورەدێ لە کۆنەلاجان،گولاوێش بۆن‌دێ

خۆ لێك نیز یکن،گەزگەسك و زێوە لە گردیمخانێ،هەرخۆ مەبزێوە

ما وە سێگردکان، شیناوێ شارە زێدان زیادنەبوە، کوا ئەوەش کارە؟!

جەڕان خۆ پیاوی،گەورەی پێگەیاند داری ئومێدی،بۆ دواڕوژ چەقاند

چیانەو سۆغانلوێ،هەتاکو قەلات ئێمناباد ئەوساڵ، چەڵتوکی دەکات

قەلاتەڕەشێ و دێلزی لە بنارە نەمنجێ داخوا،ڕازیە بەوکارە

لە ناوچەی پیران، دێی باد یناوێ بابچینە ماسیان، د و قولاپان باوێ

چۆلە قەلاتێ،موتاوێ گوتیان قەمتەرێش هەروا،لەگەڵ تەمەرچیان

بەری مێرگانم، کوا ڕەنگ و بۆنی ماویەو لە بیریە،ڕەفیقی کۆنی

گردشەیتان، بێکۆس،دوا باد یناوە لە کانیشکەوتی و،گرد ڕەحمەت ڕاوە

گردباساك لەگەڵ،کۆی یاران خۆش بون ئاوخۆاردەوکەوێپەڕ،بۆم بەپەرۆشبون

جێی شێخ و مریدە،ترکەشی شێخی دەروێش و سۆفیان،بێنی و ڕێك بێخی

ترکەش ناوەند و،مەکۆگەی خۆمان قوبادبەگیانە و،د وایە د وچۆمان

شێخی باوەلێم، هەر داربەدەستە؟ بۆ شێت و شوران،دیسان تەڕدەستە؟

لە کانێ شینکێ، بچۆ تازەقەلا ئە لەئەو گەزگەسکەی،زۆر باری بەلا

لە قەبری حوسینی،تا شیوەمێرێ   لە پشت سەپێکان،چۆن خۆدەبوێرێ

چۆڵن گوڵفەت و،خەرپاپ و زەویان   خرێ چەوندەرێو،دێی ماڵی سۆفیان

بەلێ خۆناوچەی،مەنگوڕیەو، نەڵێن   گەدەش دەورانێك،خۆشیشبووبژوێن

بەردەڕەشانم، کەوتۆتە نێوێ   دەزانم، بە ڕەبەی،هیچێان ناپێوێ

ئەوەت کانیسێو، ئەسحابەش لێرە   فاتیحا بخوێنە، بۆ مرد و خێرە

گەنەدارەکەی،ناوچەی مەنگوڕی   خرێ ئاغەلانیش،زۆر بە خۆی خوڕی

کوا مەلاحوسین، ماوە هەنگەوێ   پشتێن شل لەکوێن،حەرامکەن خەوێ

میشەدێ دیارە،کوانێ خات بەسێ   با بە لەنجەولار،بێ تەشی بڕێسێ

خۆشە باوەلێ و، چۆلە قاداوێ   بۆ دەشتێ گەنمان،هێندە خۆداوێ

زۆر کوڕڕەگوی بو، ئە لەوبەردە کوڕە   تا نێو شەختانێ،بە هەڵاوبە گورە

کێ دەلێ گولەك،کەسیان پێناوێ   زۆر بیرەوەریم،هەن لە بەدراوێ

لەو باستان بەگەی، ژیاون گەورە   کوا بۆ گرد نەڵێن،هەبوە ئەو دەورە

مام هێبە خۆشە،یا نە شەکراوێ؟   زۆری دەمێنێ،تاکو شاڵیاوێ؟

کێچی کونەکێچی، شەشیان دو سێنە   ئەگەر دەیزانی،کوا ولامی بێنە

هەر بە تێزەتێز، سەرتێز وا هەلات   خوێنەگرتەوە،هەتا نێو قەلات

کەرمندار پیاوی،گەورەی لێ ژیاوە   وتەو بڕیاری،ئێستاش هەرماوە

شارستێن حوجران،سەلۆس وەرمیشان   مێرگێ قوڕێ دەنائاخری بازرگان

گردەشینانم،وەك جاران مابێ   لە دۆلێ گوێزان، گوێز خەلاس نابێ

میشەد یێ سەرێ،زۆرنەبی مەحتەل   هیچ وەخت نابێ،دەگەیە قۆیتەڵ

کانێ نۆبەتێیەو،کانی کیسەلان   جوانی ئۆغە نیم،کەوتنە بەردلان

گردی مرادبەگی، تا سێوێ گەدەی   بچوبۆ کانێ کلێ و،پشوی لێمەدەی

کانـــی خلیـــل و،یاقوشـــیش بـــۆ مـــن خـــزم و د وســـتی زۆر،نـــیزێکی خۆمـــن

❋ ❋ ❋

شی کردنەوەی شێعری باسی مەنتەقەی پیرانشاری

دەپێش خانێدا، کۆنەخانێ هەبوە، لە سەر کانیەیەکی کـۆنەخانێ کاروانسـەرای لێ بـوە. کـاروان هـات وچۆی کـرد وە،لەمیسرو شـام و حەلـەبان ڕا بـۆ ڕەی و کشـمیری و هیندوستان،وکوێ و کوێ لـەوێش‌ڕا بۆ ڕەی بۆبەغداو شام ومیسر حەلـەبان..،

بەزاراوەی کوردی عێراقی وزاراوەی زۆرلەکاروانچیەکان،بەکاروانسەرایان گوتوەخانە (کاروان سەرا) دوایەش چەند کاروان سەرا لـە خانـێ دانـدراون، نـەزاندراوە هـوی ئـەوەی چبووەو؟لەبـەرچی کـاروان سـەراکانی کۆنـەخانێ لـەکارکەوتون و کـارو هـات وچـۆ هەربۆکاروان سەراکانی خانی بووە، و هەروا کاروان سەرا ماونەتەوە پێیان‌گوتوونـە خانـە یانی کـاروان سـەرا.جائێسـتاخانێش ئاوائـاوەدان بوتـەوە وەکوئێسـتاکەدیارەودەیبینین زەرگەتەن وکۆنەخانێشی وەبنەخۆداون وتێکەڵ بونەتەوەوبوتەئەگەورەشارە.

جا پاش ئەوەی، بە کۆنەخانی گوتراوە کۆنە خانە (کۆنە کاروان سەرا)

❋ ❋ ❋

زەرگەتەن

ئەوێش چەند ماڵێك بوە، بەڵام دەپێش دا لە خانێ زۆرتر بوە بە بیری خـۆم سـاڵی هەزارو سێ سەدو بیست وهەشتی هەتاوی هاتومەتە ئەو خانێیەی پێنـج شـەش دوکـانی هەبون، ڕوبەڕوی خانوبەرەکەی گومرگی ئیستا. دوکاندارەکان ٠

١ـ مەلا عەبدولـڵای نەمنجێ ٢ـ حاجی سەید شامە ٣ـ چە نـد دوکـان داری دیکەشـی لێبون بەڵام ئەوانم نەدەناسین یا لە بیرم نەماون.

خانـێ چونکـە لـە ناوچـەی پیرانـان هەڵـکەوتوە، پـیران حـەولیان بـۆدا، نێویان‌نـا پیرانان شار(شاری پیرانان) و زۆریش بەجێیە.

بۆ میوانانت:مەبەستم لـەئەوڕۆڵـە ئـازا ونەبەزانـەبوە،کـە بـو ئـازادی وڵات و لـەناوچونی حکومەتی پەهلـەوی و بنەبڕکردنیان، گیانی خویان بەخت کرد ؟

لە ساڵەکانی هەزار وسێ سەدو چل و سیێ هەتا هەزارو سێ سەدو پەنجای کە شۆڕشی چەکدارانە لە مەڵبەندەکانی پیرانشار، سەردەشت و سەرسنوروشاخ وکیوەکان دەستیپێکرد، زۆر ڕۆڵەی تەرمی پیرۆزی لەخوێندا شەلاڵی یەکێك لەئەوشەهیدە سەربەرزانەیان دهینانەوەپیرانشاری.دیارەئەگەرلەساڵی هەزارو سێ سەدوچل وشەشی دادگای نیزامی بەسەرکردایەتی«تیمسار ئووەیسی وسەرهەنگ سیدقی» لە سەربازخانەی جەڵدیانی دامەزرا،شەهیدەکان زورتربون دەیان لاوی بەزیبکی وەك نامیقی قارەمان و هەوالآنی تری بانەیی.برامان داریوش وبەهمەن لەهۆنی وکاك عەلی گوێڕەش وکاك سولەیمان کەرقەشان وعەولای بایزەقنجەی وکاك ساڵح لاجانی ومینە شیرێژ و حەمەسولتان و حوسێن چل کۆچ وقادرەشەل ولاوەکانی دیکەی پیرانشاری لە بێدادگای جەڵدیانێ بەئەو حوکمە ناڕەوایە مەحکوم و گوللەباران کران، یا ئەوانەی لە کێوان بەهوی جاسوسی سیخوڕەکانیان شەهید دەکران بۆ چاوترساندنی خەڵکی.پاش گێڕانیان بە هەمو شارە کوردنشینەکان‌داو، بڕێکیش لە ناو شارە غەیرە کوردەکان‌دا؟! دەیان هینانەوە پیرانشاری و دەیان هاویشتنە سەرداشقەی و دو ژاندارم لەگەڵ و لە دەرکی مزگەوتی حاجی سەیدبرایمیی فرێیان‌دەدان،بەلآم، خەڵکی پیرانشاریش، زۆر ئازایانە تەرمی ئەو شەهیدانەیان دەشوشتن و کفنیان دەکردن و لەگۆڕستانی زەرگەتەنی دەیان‌ناشتن. شەهیدەکانی لەهۆنی و بانەیی و ئەوانەی دەگەڵ ساڵح لاجانی و سولەیمان کەرقەشانی بونە هەر لەجەڵدیانی ولە سەر ڕێگایە نێژراون.بە قەولی بەعزەکەسێکی سولەیمان وڕەفیقەکانی وەکوعەولای بایزە قنجە ی ساڵح لاجانی ومینە شیرێژو…،لەنێو پادگانی بەبەرگی خۆیان بە لۆد ێری وەبنگڵیان دا ون وبەرگی خۆیان لێ بوتەکفن.

کاسەکەران:بە ئاوەڕۆو لاجانە بەلآم بەناوچە دەگەڵ پیرانانە.

کەندەقولان:مام شێخ (مام شێخ حەسەنی مەڕحوم) کە ئینسانێکی زۆرباش وبەئیمان بو زۆریش خزمەتی بەخەڵکی کرد، ئەگەر منداڵی جیرانەکانی ئەونێوەنێوەی نەخۆشی لەمەیی‌یان دەگرت،دەیانبردە کن مام شێخ حەسەنی وبۆی لێدەبڕین و

چاکدەبونەوە.

وەتماناوی:مەڕحوم کاك سەید برایمی حاجی سەید وەهابی کە ئینسانیکی زۆر موحتەڕەم بوەو،ئەگەرمەرحومی بابم<< دەرویش ڕەحیم گوێڕەش>>دەیگوت ئەمن بۆخۆم کەرامەتم پێوەدیوەو ئەودەمەی ماڵمان لە زەنگیاوێ بووە.

گەپلەسەن:بنەماڵەی قورڕغچیان بەعام قسەخۆش وساحیب مەجلیس بونە. دەروێش عەولاّ قورڕغچی یەکەمریدی ماڵە حاجی شێخ سمایلی کانیکەوەی شاری شنویە و یەکەئاواڵ مریدودۆستی گیانی بابم بو.،خوای تەعالا دەگەڵیان بەڕوحم بی ولێ یان خۆشبی.

دربکە:عەلی برام ئەگەر دەوڵەتی شای گۆڕکراو، ئیعدامی کرد ماڵن لە دربکەی بو، ئەگەر.ڕۆژی بیست ونۆی خەرمانانی ساڵی هەزار وسێسەدو چل وحەوتی هەتاوی بە ڕۆژی جومعەی لەجێگای پارگای شومارە د وی ئێستا بەینی کۆنەخانێ وخانێ لەگەڵ سێ لاوی تێکوشەری د یکەبەناوەکانی١ـ کاك حسین چلکوچ٢ـ کاك حەمەسوڵتان ٣ـ کاك قادرەشەل، گوللەباران کران.

هەبلەس: لە هەبلەسیڕا؟! ڕاپۆرت لەئەو لاوانە درا.بەینی شە وو ڕۆژان لە پشت پادگانی و بەر کەلەکینیڕا توشی شەڕی بون، هەتا ئێواریێ شەڕیانکرد ئاخریکەی دە قوچێ قەلاندا وبۆ شەوێ چونە ئالانی عێراقیێ بۆنان وفیشەك ووسائیلی ولەوێ دیسان توشی شەڕی هاتن وبرایمی حەمەدی مام عەولاّی مەنشوربەبرایمی(دەلاّوان) شەهیدکراو عەلی گوێڕەش بەدوجێگابریندارببووحوسین چل کۆچ حەمە سوڵتان قادرەشەلیش هەتادوا، فیشەك شەڕیان کرد وئەگەر،چیان پێ نەما ئەوجاربەدیل گیران ، دیارە ئەوە زۆردوورو دریژە، ئینشائەلله دەداهاتودا زۆربەوردی و بەجوانی دەینوسمەوە.

زەنگیاوێ:لە ساڵی هەزارو سێ سەدوبیست ونۆی دا،دایکم لە زەنگیاوێ ئەمری حەقی بەجێ هێناوە، لە خزمەت ئەو(سەیدەی کە لە بناری کێوی سوفی بابەکری

شەهیدکرابو،ولەگۆڕستانی زەنگیاویَ نیَژراوە، وخەلّـك بۆنۆبـەتێیان دەچنـە سـەری) بەخاکیَ ئسپێردراوّە.

گردەبێ:لە سالّـی هزارو سێ سەدو سی و دوی ڕامالّـن چۆتە گردەبنی، لە زەنگیاویَ کەلەخزمەت مەڕحومی بابم و مەلا سەید سمایلی قوڕەیشی بڕێکم خوێندبو، لە گردەبنیش لەخزمەت خوالیَخۆشبو مام وەستا مەلاقادری جێژنی چوار سالاّنم خوێندوە کە زۆربەباشی و بەوردی و ڕێك وپێکی دەگەلّمان حەولی دەدا زۆر سپاسی دەکەم ڕەحمەتی بۆ دەنێرم، خوای تەعالا دەگەلّیان بەڕوحم بێت ئینشاواللـەوتەعالا.

مرێەمی دایکی دوهەمم لـەگەلّ خوشکێکم بە نیوی حەلیم و برایـەکی چوکەشـم بـە نیوی حاسلّ لە گردەبنی مردون وپورڕابی نەنکم وخالّی بابم بەنیوی وەستا ڕەسولّ وەستا وسوی لەگردەبنی مردون و گلّکوی هەموانیان لەچاکی گولاّنەکەوتۆتەپێش مالّی سنجەلّیَ، هەتابـەهاری سـی وهەشـت کـە چوینەتـە دربکـەی، تەمـەنی تـازەلاویم لـەویَ تێپـەڕ کـردوە،دومالّـە مامیشـم بـە نێوەکـانی١ـ مـەڕحوم مستـەفا بـارامی(مـازان) ٢ـ مـەڕحوم دەروێش ئەحمەد بارامی لەویَ بون، کە ئێستاش بنەمالّـەو کوڕەکانیان هەر لـەویَ ماون.

سالّی چل و چوار مالّم چۆتەوە گردەبنی و ژن و مندالّم هەبون،

جارێکیش لە سالّـی هەزارو سێ سەدو شێستی هەتاوی مالّـم چۆتەوە گردەبنی.

خورینج:دیارە شێعرم بۆ داناوە لێرە هیچی‌دی باسی ناکەم.

سەرشاخان:چونکـە جسـتانان کـەمێك بـەفری زیـاتر لیّ دەبـاری دە دی چولکـراون، هاوینان دەچن کاسبی و کشت و کالّیان کۆدەکەنەوە ودینەوەخواریَ.لەخواریَ خوشتریان بۆ دەگوزەریَ ؟؟گەرمێن، کوێستانیَ دەکەن ڕەنگ بیَ وەختێکی بگەڕێنەوەویَ.

حاجی غەلّدە:بە مندالّی سالّـێکیش مالّـن لـەویَ بوە .

لگـێن:بەڕاسـتی بـو ئێمەبـەلاّبو ڕۆژ نـەبوڕئیس پاسـگا، نـەنبابۆ پاسـگای و ئەگـەر دەشیبرد ین هـەتا پشـون دەهـات لێی‌دەدایـن دیگـوت ئـەنگۆدێمۆکڕاتن. مـام ئەحمـەدم لـێدانی ڕئییس پاسـگای پێوەنوسـا،چـاك نـەبووە، سـالّی پەنجاویـەکی لەنەخۆشـخانەی،

نەغەدەی عەمەلیشیان کرد چاك هەرنەبۆوە هەتابەنەخۆشی لێدانی ڕئیس پاسگای، ئەمری حەقی بەجێ هێناوگیانی خۆێ فیدای کورد وکوردوستانی کرد. ڕوحی شادبێ.

هومام و بایزبەگ ،دو هەوارگەی ماسوەیانن.

تۆبزاوێ:مام کاکەڵلا،کە ئاغاومالی لەتۆبزاوێ بووبە،مام کاکەڵلای تۆبزاوێ نێوبانگی دەرکردبو،ئینسانێکی زۆرزانا قسە خۆش وقسەدروست بو.

بەلەبان:وەختێك لەپەی بەلەبانێ بەنێوبانگ بو، قامێك هەبو دەیانگوت؟ دەگەڵ لێوئالی دەکولم وەك لەپەی بەلەبانێ.

کێلی:توتنی بێشەمای، کێلی بەنێوبانگ بوەبەلام وابزانم کێلیوبابەکراوێی سەرشاخان بوە نەك کێلێ وبەلەبانی خوارێ .

کوندرێ:سولەیمان کەرقەشان، کە ئەویش یەکێك بولەئەو ئینسانەبەغیرەت و ئازایانە، ئەگەرشای خاین، لەپادگانی جەلدیانێ ئیعدامی کرد، خەلکی کوندرێ بو.

گردکسپیان: دۆستالی مالی لە گردکسپیان بوە زەمانی ئاغایان کە خەلك بەهاران مالی لەئەودێیەی بۆئەودییەی دی دەڕویشت،کابرایەك دەچێتە گردکسپیان بۆ دلخۆشێ توشی دۆستالی دەبی ودۆستالی دەلێ چۆنە هاتویە ئێرە.،

کابرا دەلی هاتوم بۆدلخۆشێ. دۆستالی دەلی مەیەئێرە. ؟ئێرەگوڕە !

دۆستالی عەجم بووەوزمانی بۆکوردێ ڕانەهاتووەوبەقوڕیێ گوتوە گوڕ؟ ئاغانەوقسەی دەزانێتەوە،ولەدوای دۆستالی دەنێریت:دۆستالی ! ئەگەرخەلك دێتەئێرە بۆدلخۆشێ، دەلەی مەیە ئێرە.گوڕە ؟

دۆستالی قسەی خوی دەناسێتەوە، زۆر تێکدەچیت، بەلام دیسان تائەندازەیەك خۆی نەدۆڕاندوەوگوتویەتی ئاغا دەلیم گوڕە ! تاو هەلدی،ئیشکە ؟دا، !

گردکشانەونەندێزی:پاش دروست کردنێ ئەوپادگانەی کەوتۆنەتەسەرڕێیە.

کولیج:دەروێش برایم مرادی، ئێستا نابینایە، هەتا بچینە کولیچی، سەری دەدەین

وئەحوالی دەپرسین

(شێخ) مەنزورم لە(پیری تەریقەتە) پیری دەستگیر(ق) بوەو،لێرەنوسراوە،؟

بەربنـــە.بـــارزین هەوارگەوریگایـــەکی بەنێوبانگەلەکوێســـتانەکانی دەبەربنــــەی کاك موحەمەممەدی مـاملیٚ گۆرانیـەکی بـەنێوی ڕاوچیـان بەئـەوجورەی خوارەوەگوتـوەو بەندێکیشی بەبارزینی هەلاگوتوە،

ڕاوچیــان ڕاوە،ئــەی چ ڕاوەئــەی ڕاولـەدەشـتی لاجـانیٚ

ئەسپان زین کـەن،ئـەی لـغـاوان.تـاژیلان بـەرنـەسەرلانیٚ

ئەی سەفیٚسواران چەندجوانن،ئەی لەبەرمالی مـاشکانیٚ

✻ ✻ ✻

ڕاوچیان ڕاوەئـەی چ ڕاوە،ئـەی ڕاولەبنەی بەردی گوێزیٚ

ئـەسپـان زین کـەن ئـەی لـغـاوان تاژیلان بـەرنـەدەرێزیٚ

چـاوی سـەرم بـەرڕاوچـی ئـەی لـیـێ بستـیـێـنـن پارێزیٚ

✻ ✻ ✻

ڕاوچـیـــان ڕاوەئـــەی چ ڕاوە،ئـەی ڕاولـەسـەری بـارزینی

ئـەسپان زیـن کەن ئـەی لغاوان،ئـەی خـۆبـاوێنەسەرزینی

جاوەرن سەیریٚ تاژیان کەن،ئەی لەگەلٚ کەروێشکەشینی

✻ ✻ ✻

لەسێلۆێش ئەوڕوداوەدلتەزێنەڕوی داوەو؟

لەسالـەکانی پێشودا، پەنجاوچوار سالٚ لـــەوەپێش یابلـەین لـەئاخری سـالی هـەزارو سێسەت وبیست پێنجـی هـەتاوی ،تـاقمێك چەکدارلـەدیوەخانی ئاغاکـانی سێلــویٚ وەژور دەکەون پاش چەند دەقیقەیەك ئەوئاغاونۆکەرانەی دەوەتاغیٚدابون وەبەر تفەنگانیاندان. نیزیکـەی حـەفدە هـەژدە کەسیان بەئاغاونۆکـەر،ویـان خانـەخوێوە کوشـتن و مـــەیتیان بەسەریەکدا ئێخستن، بۆخۆشیان دەنێو کەلاکەکاندا دەستیان بەنان وچا خواردنیٚ کـرد، پاشـــان لێـیـانـدا ڕۆیشـــتن دیارەئەوکارەســاتە پـــاش تێشـــکانی دێموکراتـــی ودەســت

بەسەرداگرتنی کورد وستانی لەلا یەن حکومەتی ناوەندیٚ ویالەکاتی بیٚ سەرەو بەرەیەولاتی داروی داوە.

خاڵدار:هەرلەقەدیمەوە دەڵێن:سەیدان شاڵکەسکە، خاڵدارە گێتی، چل ماڵی ماوەت عێراقە گێتی.

بەردەقەل:نیزێکەی سی ساڵ لەوەی پیش لە بەردەقەلی کەم ماڵی واهەبو حاجیان نەبیت ماڵی وا هەبو دوکەسی چوبونە حەجیٚ.

زێدان:لەئەو نێوەی زێدان وەك خۆی ماوەتەوەو زیاد نەبوە.

ئێمناباد:دەپێش ئەوەیدابرینج هێندە زۆربیت، خواردنی خەڵکی کوردستانی بە زۆری برینجی گردەبوە چونکەبرینجی سەدری تەنیاجێژنان ئەگەروەدەست کەوتبا ئەویش لەتاق تاق ماڵان دەناخۆکەس نەیدەدی،جالەبەرئەوهۆییەی لە زۆر جێگایان وەکو جەڕان و ئێمنابادو سوغانلوی و زۆرجێگاوناوچەی دیکەش بەعام چەڵتوك دەکرا.

جەڕان:جێی لەدایكبونی ڕۆڵەی ئازاوبەجەرگ،کاك مراد شیرێژیە،

بادیناویٚ:ماسی خۆماڵی زۆر لێیەو ماسی پەروەریشی شی هەرزۆرن.

ترکەش:بنەماڵەی حاجی سەید عەزیزی ترکەشی شێخی سەرچاوەیەکی خاوین و زورگەورەومیوان گروبەئیحتیڕام بونە.

باوەلیٚ:خاڵ سەید عەزیزی باوەلیٚ شێتان چاكدەکاتەوە، بە شولکان لێیاندەدات هەتا جندوکان هەڵدەن، نێوی جندوکان لەکاغەزی دەنوسی وکاغەزەکەی دەسوتێنیت و شێت چاك دەبنەوە.

ماڵی سۆفیان:دێیەکە ،ئێستالەبەرسەختی ڕێگایەوسەرمایە،زستانان،؟؟چۆڵە.

نەڵسێن:لە نەلێنیٚ مەنگوران تیٚپەڕی دەگەیە نەلێنیٚ فەقیٚیەسێیان.

کانیسێو:ئەسحابەی بارەبیە بەرانبەربەماڵی کانیسێوی بۆخۆی دەخەویٚ مەڕحوم مام وەستا مەلا عەولای کێلەسیپان هاتوەوگوتویەتی ئەمن نێوم ئەسحابەیۆسفەجێگام لە

لەشکری فەخری کائینات بوە، فەقێ هەتا ڕێگات دەئەولایە کەوت وەرە نویژم لە سەر بکەو قورئانیشم بۆ بخوێنەئەوکاتەی مام وەستامەلا عەولا موستەعیدبوەوخوێندویەتی.

هەنگەوێ:مەلاحوسێنی عەبدوڵلازادە گورانیەکی بەئەوجورەی خوارەوە بە هەنگەوێ هەلاگوتوە:

ئاوەدان بێ هەنگەوێ   باریکێ شل و شەوێ

هەرچی لێی دەردەکەوێ   شل دەبەستن پشتێنێ

لێم حەرام دەکەن خەو

ئۆف خرینگەخرینگەخرینگەخرینگەی بازنەکەی

ئەرێ دەستم نەبردوەدەنابۆشەمامەکەی

چاوت ئەستێرەی شەوێ کولمەت دندوکی کەوێ

باسکم بۆبکەبەسەرین بەجوت خەومان لێبکەوێ

هەرکەس ئە تۆی لەمن کرد دەك ڕەبی کوستی کەوێ

ئۆف خرینگە خرینگە خرینگەی بازنەکێ

ئەرێدەستم نەبردوەدەنابوشەمامەکەی

* * *

میشەدێ:گۆرانیبێژ کاك محەممەدی ماملێ ومەلاحوسێن عەبدوڵلازادە، گورانێکیان بەئەوجورەی خوارەوە بەبەسێ هەلاگوتوە؛دەڵێن بەسێ خەڵکی میشەدیێ بووەو بەبەسێ ئەحمەدەرەپەی نێوبانگی دەرکردوە:

هەی بەسێ عەمرم بەسێ،دوت کوشتون مەیکە بە سێ

جا بەسێ لەبەر بێلایە ئەرێ جوانە تەشی دەرێسێ

هەرکەس وەك من بی بینێ دەنا شێت دەبێ ودەعەبەسێ

خۆ دڵم بە تۆوە شادە، ڕوت بێنە زولفت لادە

هەرکەس وەك من نەسوتێ تا ملانی بە قوڕیدادا
کە کوتیان نەخۆشە لەیلا دەنا وەك شێت بەسەرخۆمدادا
دەی سەری خۆم هەڵگرت ڕوییم وەڵلا هەی بە کێو و بە سەحراڕادا
هەی بەسێ عەمرم بەسێ، جا بەسێ بە من ڕازییە
ئەو بەسییەی من دەڵێم ئەری د و بسك و چل کەزییە
جابەسێ لەبەربێلایەجوانەقەت حەنتیکەی وانییە
بۆ من حەزرەتی خدرم عومرێکی تولانیم بێ
لێقەوماوو فەقیرم هیچ کەس بە دەستەم نەبێ
هات ڕابرد گەردنێ بەخاڵ یارەبی بەچا وەنەبێ
شەش دانگ موڵکی موکریان ئەرێ قوربانی چا وێکی بێ
هەی بەسێ عەمرم بەسێ د وت کوشتون مەیکە بە سێ
جا بەسێ لەبەر بیلایە دەنا پۆپەشمینەی دە ڕ ێسێ
هەرکەس وەك من بی بینێ ئەرێ شێت دەبێو دەعەبەسێ

❋ ❋ ❋

باستانبەگ:جێگای حوکمڕەوایی باپیرئاغای حەمزە ئاغای مەنگوڕبووەکەبەهەمزائاغای سەربڕاو نێوبانگی دەرکردوە کە ئەوەش حیکایەت و داستانێکی دوورودرێژوبەیتی هەیەئەمن نازانم بەیتەکەی کێ گوتویەتی وچۆنە بەڵام بەیتی باپیرئاغای مەنگور دە توحفەی موزەفەرییەی مام وەستاهێمنیدایە.

کەرمندار:خوالێ خۆش بومەلاڕەسوڵی کەرمنداری پیاوێکی زۆرگەورەوبەرچاوولە ڕێگای عیلمدازۆرزانابووە،ئێستاش خەڵکەکە هەر باسی دەکەن:مەلا ڕەسوڵ فلانە شەرعەی ئاواکردوەو.فلانەبڕیارەی ئاواداوەو.زوربەی خەڵکی لەنێومەنگوڕان سوێندێ

هەربەسەری مەلاڕەسوڵی کەرمنداری یابەقورئانەکەی مەلاڕەسوڵی کەرمنداری دەخۆن .

***

(**بازرگان**)ماملێ گۆرانێکی بە زێڕنۆکی بازرگانی هەڵگوتوە بەئەوجورەی خوارێ ئەگەردەیخوێن نەوە٠

خـــۆم قاســـیدی زێڕنۆکێـــم، وەرەئـــەی ســـبحەی دەڕۆم بـــەیانی
کاڵـــۆکێ خـــۆم دەپـــێ کـــەم، جوانـــی! هـــەر بـــە تۆفیقـــێ ســـوبحانی
خـــۆ دەڵـــێم بێنـــە مـــاچت کـــەم، ئـــەی زێڕنۆکـــێ بازرگـــانی
خـــۆم قاســـیدی زیرنۆکێـــم ئـــەی دەڕۆم دەچمەخۆشـــناوان
دەچمـــەکن زیرێـــن گـــەری ئـــەی دەســـك دەکـــەم دراوان
ئـــاخ وەبـــەرزێڕنۆکی دەخـــەم ئـــەی بەڵکوهـــەڵبێ نـــێ چـــاوان
خـــۆم قاســـیدی زێـــڕ نۆکێـــم ئـــەی دەڕۆم دەچمـــەزێباریێ
دەچمـــەکن وەســـتاکاران ئـــەی بـــۆم د روســـت بکـــاگواریێ
ئـــای وەبـــەر زێڕنۆکیـــی دەخـــەم جـــا بێتـــەدەرکێ حەســـاریێ
خـــۆم قاســـیدی زێڕنۆکێـــم ئـــەی دەڕوم ســـبحەی ســـەحەری
کاڵـــۆکێ خـــۆم دەپیـــێ کـــرد حـــەیات ئـــەی لـــە خـــۆم شـــەتدا کـــودەری
دەچمـــە کـــن بـــابی زێڕنـــێ جوانـــێ خـــۆ حـــەوت ســـاڵان بـــە نۆکـــەری
جـــا لەبـــەر خـــاتری زێڕنۆکـــێ ئـــەی بەڵـــکو ڕوحمیـــم پێبـــەری

***

گەدە:وەختێکی هەوارگە بوەو چادر و چیغ ومەڕومالات ڕەوەوگاو،گۆل و گاڕانی لێبونە ئاوەدانی یان ماڵێ لێ نەبوە ؟

وێنەیەکی تەواولەکاک عەلی گوێڕەشی ساڵی هەزار و سێ سەد و چل وشەشی هەتاوی لەبەندیخانەی ورمێ

بەهاری کوردستان

تایبەتی چاك و پیرو هەوارگەو کوێستانەکانی پیرانشاری

(بەشێعرگوتراو ە)

چاوهەڵێنە بەئەو بەڵێنە دیمەنی جوانی بەهار
تێر ببینە چەند شیرینە دەشت و کێوانی بەهار
شاخ و پێدەشت وتەلانن زێدەکەی ڕەنگینەکەم
کۆلکەزێڕینەن لە لاپالان گوڵ و بۆانی بەهار
دەنگی بولبول د ێن لە سەرچڵ تێکەلاوی سەقرو باز
بالورەی کێلگەردنانە مزگێنی و ڕەوانی بەهار
کوردستانە چاوەڕوانە ئاوی کوێستانێان دەوێ
ئەی خودایە کەی ڕەوایە بێبەشی خوانی بەهار
دەشتی پیران نێوی شارت چۆن لەخۆ شت داودەڵەێ
کەوتمە بەینی وا بە عەینی کێوو ئاوانی بەهار
شێخ شەروو شێخ ئایشن دەگرن سنور و سەرحەدان
بۆتە ڕێگا ڕۆژ و شەو و تا پاشی شێوانی بەهار
پڕ بە دڵ بڕوانە دۆڵە نیە و سەری قەندیل بڵێ
تاکو ئاجی برایم و سەکران[1] ڕێز و هەیوانی بەهار
باری دو د ێری بە سەر مێرگان و نەشکەوتێ سێکۆ

---

١ ـ حەساری سەکران لە ئاجی برایمیە.

دەروی گوێزان شاخە ڕوخاو زێدە پاروانی بەهار
تا شەمەکورتان و قەبرەستان یا قوچێ قەلان
گۆمەشینە[١] جوان ببینە تەرزی سیروانی بەهار
ناز اواو کانیڕەشن وا بێبەشن بۆ ملکەوار
گابەڵەك مۆڵێ هەباساغانە زیزبوانی بەهار
مانگی جۆزەردان بەری مێرگان لە کاملاوە بڕوۆی
مەستی بێمەی خۆشەوەك ڕەی شەوگەڕو وژوانی بەهار
تاڵەگەزتوو[٢] چاکی زینوێ بیانە جیێ ڕاز و نیاز
جا بۆ قەبری حوسێنی غازی ڕێگەپێوانی بەهار
تۆمەوارگەی کانیزەرد جێی ٣ داخ ودەردحاشارگەیەك
ڕاگری پیاوی بەجەرگ ئەو جوتە میوانی بەهار
بۆ دەبوو وا بێبزە و بێڕوحم و ویژدانبی نەکەی
لاگری ڕێگە و مەڕام و دابی پێشوانی بەهار
جێ هەوارشێخان و بادەڵ قەپ قەپی و بەردەڕەشان
گۆڕە دێمە و کاسەبەردینەن لە گوێسوانی بەهار
بابەسەن کوتەرەل دەچێتە تاتی د وێ بۆڕاوەکەو
خۆ لە دوڵ ڕیواس و بەردستێنە هەموانی بەهار
جوان بنۆڕی ئەوهۆارگەی مێرگژان بێ برك وژان
یانەئاوی سپی و لەئاغاسەر،شەڕوزوانی بەهار

١ـ سەری گۆمێ ٢ـ چا کی تاڵەگەزەی٣ـ جێگای شەهیدبوونێ شەهیدمرادشیرێژیە

کەوڵ و ترشینان و د وبڕە باسکەشین و بانەپی
کانی ئاجی مەند و شەرگە، د وڵ بەهاروانی بەهار
تیخزاوە مێگەل و چون هەڵدراوە چادر و چیغ
بێیەوە خەرپاپ و زەویان چۆن دەڵەی کوانی بەهار
تا نەڵێن بو زۆر بەڵێن بو گورگەمێش با هەر ببا
نەعرەتەی هەوری دەرەش بێ ونمنەمی جوانی بەهار
خۆش و بژوێنە گەدە و کوێستانەکانی کانیزەرد
وەك سەری لەندانی شێخان چەشنی شیروانی بەهار
کارگی لەندی بابەرۆو بێژینگ بەسەرڕێواسەکەت
خۆشەوەك لۆرك وپەنیری مەنجەڵ ئەخوانی بەهار[1]
جێ هەواری کوێرکی پەرژینان و زەنگی[2] و هوڵەمار
وەك هەوار ورچان و مانگا زێڕ و زێوانی بەهار
گردبەران و قاقڕ و ڕۆبیان و تا گۆڕکی قەلات
زینوی شینکان بێتە سەرلێر چنچێنۆکوانی بەهار
کانی شێخی چەورە بێ موڵێ بەرانان تەختگاه
وەك دەروی ڕۆستەم بمێنێ مۆر لە کەیوانی بەهار
خۆشە ماستاوێك بە ئاوی کانیە سپێ کەیتورگەنی
پڕ لە ڕیحانە و شویت بێ و شینە قەزوانی بەهار
د وڵەرەش مزگەوتە ڕژدە تا بڵێند کانی مەلا

١- ئاخوران ٢-بەردی زەنگی

بچیە ئەشکەوتی دەرو ئەزە بازو بەروانی بەهار
مامەش و لاجان بە بونی شەخسی زاواکێو دەڵێن
خانەخوی زۆر چاك و پیرین جوان کە بڕوانیٚ بەهار
چاکی جینگەجینگەی دەمێکەوەك پەنایەبۆنەخۆش
گوێزی پیرساڵیش دوایین مانگ و یا دۆانی بەهار
بێیە سەر ئەسحابە خۆپێش سنجەڵیٚ زو پێتدەڵیٚ
چاکی کانی گلاڵنە وەك گڵ خاسە لیٚ ڕۆانی بەهار
نێوو کاتی میوەکانی داێە شێخیت پیٚ بلێیم
پایزان دڕدوك و گێوژ تاڵەسێوانی بەهار
سەیدی زەنگیاوی کەخەڵکی دەچنە سەربۆ تاوولەرز
یا لە بەرکەمران مرادن بۆمراد ڕوانی[١] بەهار
د ینە ئەو شەخسانە داواکاری ئەو لاد ێك دەبن
کچ بیٚ بێری وکوڕ مراد حاسڵ وڕەسو شوانی بەهار
خزمەتی ئەسحابە یۆسف باری بییٚ لیٚ بوتە جیٚ
چاکی ترشی و کابۆرە جارجار لەبیرچۆانی بەهار
خو لە زاواخانی د یارە مەرقەدی پیاوچاکەکان
چل شەهیدانی شەهید چاکی بەری توانی بەهار
جی نزاو سەیرانە چوارشەمانە چاکی شێخ ڕەشی
ڕەش بەڵەك بیٚ نێوبڕی و ڕێبوار و گاوانی بەهار
بەرینە وەك خۆم ونە کوا گۆمەشینت د ێتەجیٚ

---

[١]ـ مراد ڕەوان، مراد ڕەسول، مراد حاسل، بیری و شوان

یانە هەر وەعدە وەعیدە و چاوەڕێی خوانی بەهار
هەر لە کانیخوای هەتا کوێستانەکانی سامڕەند
لێدەدەن شمشاڵ بە دایم زۆر بە سۆز شوانی بەهار
تاتی کاران بچیە دەستارە و بەرە و قوچێ قەلان
خۆشە بارزین جێ هەوار و ڕاوی پیاوانی بەهار
بۆ بە گۆرانگێ دەڵەیی بێخێرە یانە چەق چەقە
سەقرو دوڵ مەیدان و هەلگورد و دە راوانی بەهار
خەرگەداشان د وڵەزەنگ کوێستانەکانی کوڵبەسەر
جا بڵەئی تیغە دەرێ و سێچۆم تۆ چوزوانی بەهار
خۆ گڵەزەردان سپیڕێز سەربەزێڕ و کەندەشین
کوانی بایزبەگ خەلەك ئان ١چۆن پەشیوانی بەهار
تاڵەجاران هیزەرۆنان کانیەکەی میرلەنگەری
تا سەری سێولتان و بنڕەش مێرگەچەکوانی ٢بەهار
بۆ پەرێشان ڕەنگ و بۆنی زۆر بەهاری دیشیبێ
تۆزێ ماتەم ناڕەوێنی د یارە ناتوانێ بەهار

١خەلەکان ٢مێرگەچکۆ

کێوی (زاوا کێوی)

شێعرێکی ئاشقانە

کیژەجوانەکەی قەدشمشاڵەکەم بسك ئاوریشمەی ڕوبەخاڵەکەم

دڵ ڕفێنەکەی چاو کەژاڵەکەم چرای ڕوناکی ماڵ و حاڵەکەم

هێزی هەڵفرینی بۆ شاباڵەکەم

بسکت تەنافە و بەژنت سێدارە چا ویشت بە قازی داندرا دیارە

بە گۆشەی هەروا کردت ئیشارە جەرگم بە تیری موژەت بو پارە

یان لە هیجرانت دەبێ ناڵە کەم

چرای ژیانمت لێ کوژاندمەوە ئاگری ئەوینت لێ گەشاندمەوە

برینەکانمت بۆ کولاندمەوە تورای وەهەروانەشت دواندمەوە

هاتی وتیکتدان ئیکجی ماڵەکەم

ئەوئاشقانەێ بوت،دەربەدەربون وەکومەجنونی شێت وشیدات بون

داوەو ئەوینەو،بوت ئاڵقە کردون دەزانم بەڵێ چەندت لێ کوشتون

وە ئەستوم دەگرم سەد ئوباڵەکەم

ئەو کیژە کوردە ئەو باڵابەرزە شەیدای ئەولەنجەوئەوناوزوغەمزە

ئەوەی تۆ دەڵێی بەو توو تەرزە ئەوەش بزانە لە سەرئەو ئەرزە

ڕوناکی د وارۆژ ژینە تاڵەکەم

ئێستاش خۆ مەیلی جارانم ماوە بۆ ڕێبازەکەت سەرم داناوە

بۆ هەرد وکمانە ئەو داوو ڕاوە پەرێشان کەوتوم کارم کراوە

دارماڵ لەعیشقت دڵ عەبداڵەکەم

***

هەم ئاشقانە و هەم عارفانە

ڕەنگی زەرد و ئاهی سەرد و هێمی پڕتینت دەوێ

دیدە پڕ ئاو ڕەنگی گۆڕاووجەرگی پڕخوێنت دەوێ

بەرهەمی من وا لە ماوەی عومری بێحاسڵ وەکو

باغی بێبەر مالّی بێ هەر دەرك و پەریژینت دەوێ

من کە ڕوتم، وێڵی ڕوتم تو بە عیشقە پاکەکەت

بیێ لە فەریام ڕو لە بریام ژیانی شیرینت دەوێ

بۆت پەرۆشم بیرو هۆشم چو لە پێناوی و دەڵێی

خۆشەوێڵبون تەرزی مەجنون کێووهەردینت دەوێ

غەرقی دڵ خوێن ولەڕوم دێن وبەزۆری پێمدەڵێن

باش بزانەو ڕیی ئەوانەی سین١ بێ بۆ شینت دەوێ

دورە ڕێگاودیارە جێگا چۆڵ و هوڵە و پرلە خوف

شوێنی خاسان زۆر بە هاسان بگرەگەردینت دەوێ

من کە پیرم کوانی بیرم بەو هەمو دەردو خەمە

کەوتمە نیو بیر بومە یەخسیرکۆت و زنجیرت دەوێ

خۆم پەریشان دورلە خوێشان بەودڵەی پڕ ماتەمم

بەشبڕاوم و.وا دوڕاوم چاو بە ئەسرینت دەوێ

١-ئیشارەیە.بۆمەوزوغی شێخ محێ دینی عەرەبی؟

* * *

سوڵتان مەحمود ی غەزنەوی وجوتێر

سوڵتان مەحمود ڕۆژێکی،دەگەڵ گەورەگەورەکان دەچوو ڕاوێ وەختێکی وەدەرکەوتن وله دەری شاری ولەقەراغ ڕێگایە،پیاوێکی پیروبەسالاچو.جوتی دەکرد،سوڵتان لایداکن ئەم مامەپیرەی ؟

وەزیرونایبیش هەمولەدەورەیان کۆبونەوەو،سوڵتان دەگەڵ مامی پیر ئاوای دەست بەقسان کرد ؟

:مامی پیر بۆ زوجوتت نەکردوە ؟مامی پیر؟ :زوم جوت کردوەخودا نەیداوە.

سوڵتان:ئەدی مامی پیردەگەڵ دوان چونی،مامی پیر:دوم لێبون بەسێ ،

سوڵتان:باشەمامی پیر.دورت چۆنن ،مامی پیر:لیم نیزێکبونەتەوە،

سوڵتان:زۆرچاکە ئەدی مامی پیر؟خزمەکانت چۆنن؟مامی پیر:خزمەکانیشم شاڵ واڵ بونە وئەگەرسوڵتان لەئەوپرسیاروڵامانەخەلاس بو دەڵێ !جامامی پێرباپێت بڵێم، ئەگەر؟

مامی پیریش دەڵێ جا قوربان،بەخوای مەگەر؟!

سوڵتان ڕاوی بەتاڵ کرد وگەڕاوەبۆ ماڵێ و، ڕوی دە وەزیر و نایبان کرد، پێی گوتن؟وت وێژی من دەگەڵ مامی پیر چ بوە؟ چم لێ پرسی؟ ئەو چی ولام داومەوە؟

زۆریان حەولدا هەمویان بۆنەچۆوە سەرێك. سوڵتانیش هەڕەشەی لێ کردن، گوتی ئەگەر نەیزانن واواو لێدەکەم؟

ناچار بون چەندکەسیان چون بۆلای مامی پیرو،بەتەواوی ڕازیانکرد،ئەویش ئاوای حاڵی کردن .

پرسیار:بۆ زو ژنت نەهیناوە ؟خوا کوڕی دابایەی کاری بۆکردبای ئەتۆحەسابایەوەو لەکۆڵ کوێرەوەرێی کردبایەوە ؟

ولام :زوم ژن هیناوە خوا کوڕی نەداومەتێ.

سوڵتان: ئەدی لاقت چۆنن؟مامی پیر :بێ هێز بونە بەگوچانی نەبێ ناتوانم بڕوم.

ئەدی چاوەکانت چۆنن؟مامی پیر:لەنبزیکەوەنەبی هیچ نابینم،سوڵتان:

ئەدی ددانەکانت؟ مامی پیر:ددانەکانیشم دەنکدەنک نەبی نەماون،ئەوانیش کرموڵ بونە.
:ئەگەر پیاوەکانی من بێن ولێت بپرسن پییان بڵەی لێت ناڕەحەت دەبم ها،
مامی پیر:جا بەخوای مەگەبەکەیفی خوم ڕازیمکەن.
دوایە پاشا،گلەیی.لە مامی پیرکرد:نەمگوت ئەگەر پییانبلیی لێت ناڕەحەت دەبم.
مامی پیردەڵێ ئەدی قوربان عەرزم نەکردی مەگەبە کەیفی خوم ڕازیمکەن،
ئەوانیش تەواو ڕازیان کردوم، جائەوجار پێمگوتون،
سوڵتان مەحمودغەزنەوی برێك پێکەنی و پێیخوشبو ئەو بەزم و ڕەزمە.

سوڵتان مەحمودی غەزنەوی دەگەڵ جوتێری ((شێعرە کەی))

شا سوڵتان مەحمود ڕوژێك دەچوڕاو
لەگەڵ کومەڵێك لە زانا و پێکراو
لە قەراغ ڕێگا جوتێرێکی پیر
زە وی دەکێلا، چوو لای پیری ژیر
لەگەڵ ئەومامەی دەستی کردبەقسان
دە ورە یاندابون وەکو بەرپرسان
بو زوت نەکێلا زە ویەکەت بەڵکو
وەکو ئەو خەڵکە ی بت با بەرو بو
خو زوم کێلاوە هەر خوا نە یداوە
د واکەوتوم چ بکەم کوڵەم کوتراوە
داخوا د وت چونن وەك جاران ماون
هەروا بە گرو هێز یاخو چەماون
د وم لێبون بە سێ وەختە ببنە چوار
خللوردە بمە وە دەڕوم بەرە و خوار
لەگەڵ دور چوتی؟ پیم بڵێ خاڵە
نیزیك بونەوەخو لەمیژساڵە
خزمەکانت چون جێگایان چونە؟
شاڵ واڵ جێگاش کەلاوە کونە
ناڕەحەت دەبم مامی پیر ئەگەر
پاشام خاترجەم، بەخوای جامەگەر
ئەسپی باداوە و ڕاوی کرد بەتاڵ
هەموبەکومەڵ هاتنە وە بو ماڵ
بانگی کرد کیهە زور ئاگادارە
زیرەکەو زانا، ڕاست و وشیارە
حەفتەیەك تەواو موڵەتو دەدەم
ئە م وت وێژ ەم بە بێ زیاد و کەم
لێتان دەپرسم ئەگەر نەیزانن
بەرپرسی دواڕوژ ئێوە خوتانن

چەندی حەولیاندا بیریان کردەوە   بە کۆمەڵ، تەنیا،بەگروگردەوە

هەمویان وێکڕا بۆ نەچۆوە سەر   حەتمەن هەردەبو بیکەن چارەسەر

هەڵیانبژاردن سێ چوار کەسی ژیر   ناعیلاج بون چون بۆ لای مامی پیر

:هاتوین پێنبڵێی ئەو گوفت وگۆیە   لەگەڵ سوڵتانی، چاومان لە تۆیە

:هەر ئاوا هاسان مەسئەلەو دەوێ   کواخۆبو هیچکەس وا هەڵناکەوێ

:چەندی لێت بوێین زێڕو پولۆ ماڵ   د تدەینێ تەواو بە دڵ لێت حەلاڵ

پاروی چاک داگرت تێشی‌گەیاندن   ئەو ترس و لەرزەی لە دڵ پەڕاندن

هەموی لە دە وری خۆی کۆکردنەوە   ئاوا بە ووردی بۆی شی‌کردنەوە

:بۆ ژنت نەهینا کوڕت کار بکا   لەو ماندوبونەت تۆ ڕزگار بکا

:زوم ژن هیناوە خوا کوڕی نەداوە   بویە دەمبینی کەوتومە دواوە

لاقەکەت چونن؟ کوا هێزیان ماوە؟   بە گوچان دەڕوم، قاچم چەماوە

چاوەکەت چۆنن؟ ئەرێ مام دەروێش   خۆ هیچ نابینم تانەیهێننە پێش

دەی تۆ خوا چونن ددان و زارت   جوانیان با بزانم ئاکام وکارت

ددانیش هەمو کەلوپەل بونە   کەم ماون ئەویش بێکەلك بونە

:نارەحەت دەبم حاڵیانکەی ئەگەر   جا بە کەیفی خۆم ڕازیم‌کەن مەگەر

چونەخزمەت شای چەند کەسی زانا   ولأمیان نوسی و لە پێشیان دانا

هەر کە تێفکری زانی چ باسە   بەوردیش پرسی ئەو باس و خواسە

ڕۆژێکی پاشا ئەو مامەی بانگ کرد   ئاوا بە وردی گلێیەکەی لێکرد

نەمگوت تێلدەچم،حاڵیانکەی ئەگەر   نەمگوت جا تەواو ڕازیم‌کەن مەگەر

چەندی پێمخوش‌بولێم ئەستاندونە   زۆر بەکا وەخۆش حاڵیم‌کردونە

پێی‌ناخۆش نەبوسوڵتان ئەو بەزمە   زۆرجار د یترابوو ئەو جورە نەزمە

* * *

مەولـەوی تاوەگۆزی

وادەگێڕنەوە شاعیری گەورەی کورد لەلایـەن حـاکمی وەختـەوە، گـیراوە ماوەیـەك بەتـەنێ لەبەندیخانـەێدا ماوەتـەوە،لەتـەنیایی زۆرعێجزبوەچونکـە پیـاو بەتـەنێ دە.دیوێکی دابێ زیندانیش نەبێ عاجز هەردەبێ،

ڕۆژێکی لـەناکاوکوردەیەکی دەگرن ودە حەپسییێدەکەن، دەی بەنە لای مەولـەوی، ماموستا ئەگەر کابرای دەبەنە لای وی و دەشـزانێ کوردە تائەندازەیـەك پیـێ خوشحاڵ دەبێ چونکە ئـاودەنگی بۆپـەیدا دەبـێ : شـێعران کـە دەخوێـنێ تـەوە کـابرا ئـەوەخۆی بۆڕادەژێنێ، ماموستا ئەگەرچاوی بەکابرای کەوت ئەوە بە شێعر خویندنەوەکەێ خۆی بۆ ڕادەژێنێ خوشحاڵ تربووەلەباڵەخویداگوتی جگـەلەوەی ڕەفێقی بەندیخانەمە وادیارەلێشم حاڵیە چە.لەوەی خۆشترهەیەباحەپسیش بم چانیەڕەفیقێکی ئاوازانام هەیە،

مام وەستا ڕۆژێکی گوتی بابرێکی بدو ێنم بزانم چێ لێ هەڵناکەم ؟

بەئەوجورەی خوارەوە دواندی؟

:ئەرێ لالوئەتۆ چۆن لـەو شێعرانەی من حالی؟!کابرا :شێعر؟:شێعری چی؟!

ماموەستا ئەم شێعرانەی ئەیانخوێنمەوە!

ماموستا مەولـەوی ڕیشێکی درێژوجوانی هەبوە،

کابرا:من شێعرومێعر نازانم.

ماموستا:ئەی چۆنە وەختێ من شێعر ئەخوێنمەوە، تۆخۆت ئـەلارێ نیـوە و زۆریـش ناڕەحەتی. کابرا کەمێکی بیر لێکردەوەولەنەکاو.

:ئەها! ئەوە! بە خوای ڕاست ئێژی ؟:ئەوەئەزانی چیەبرا ،مام وەستائێژێ فەرمو، ئەوەئەگەر ویرەویر ئەکەیت و ڕیشت ئەجولێتەوە، هەروەکو سامرەکەی ماڵی خاڵوم ئەچی و،ئەوم دێتەوەبیرو،بۆماڵی خاڵوم زۆربەپەرۆشم ؟فرمێسکی هاتنەخوارێ!

ماموستادەلێ کورەخۆئەوە بە نێریم لێ حالیە.

***

مەولەوی تاوەگۆزی (شێعرەکەی)

ماموستای شاعیر، مەولەوی زانا   لە تاوەگۆزێ بناغەی دانا
لە لایەن حاکم؟پاشای زەمانە   گرتیان و بردیان بۆ بەندیخانە
دەمێك لە بەندێ تەنیا مایەوە   برینی جەرگی زۆر دەکولایەوە
وا بە تۆهمەتی پڕ و پاگەندە   مایەوەبێ قسەهەر وا لەوبەندە
د وٌست وڕەفیق و یارو هاودەمی   خوێندنەوەی شێعری پڕلە ماتەمی
لەوڕۆژەی بڵەی چەندلەخۆشی دور   خستیانەپاڵی کوردەی شارەزور
بەندی خۆبوکەس ناکرێ بڵەی خۆشە   جێی خەفەتباریەودەردوپەرۆشە
چون زۆری چێشتبو دەردی تەنیایی   هاتنی ئەو پیاوەی بۆ بوبە شایی
ما وەیەك ئەودوە، وێگرا مانەوە   ماموٌستا شێعری کە خویندبانەوە
هەر ئی خۆی بایا،هەرچی خوێندباوە   ئی پێشوی بایان، تازەی داناوە
ئەو فەقیرەش وا، دەستی پێ دەکرد   ڕادەژا وهێند خۆی،بێتاقەت دەکرد
لەبەر پەرۆشی و،زۆر خەفەتباری   زۆرجار فرمێسکی، لە چاو دەباری
لەبەر خۆیەوە، مەولەوی دەڵێ   دەست بەسەربەندین، زیندانین بەلێ
هاوڕێیی زانایان لە بەندێدابون   نەك لە نیو نەزان، لەخۆشیدا بون
جیا لەوەی هاوڕێێ،بەندیخانەمە   زانای بەڕاستی،ئەو سوتانەمە
هەستی دەرونم کوا کێ دەتوانێ   وەك ئەو هاوڕێیەم،تێبگا و بزانێ
ئەوجار بەخۆی گوت با بڕێکی بدوێنم   بزانم شتێکی،لێ هەڵدەکرێنم
ڕێشی ماموٌستای لە پاکی و جوانی   شیرن بو بە دڵ، هەر لێی بڕوانی
لێیپرسی لالۆ تۆ ئەو شێعرانە   پێت چۆنن، دادەی لێ یان بڕوانە
شێعری چی؟! خۆ من شێعر نازانم   ئەی من هەر ئەیڵێم، نەخێر نازانم

بەم شێعرە، ئەی تۆ خۆت ئەلارێنی   بێتاقەت دەستت دە چۆك وەرد ێنی

پاشی کەمێ بیر، ئەها ! ڕاست ئێژی   من نازانم چییە یا تۆش چی ئێژی

ویرەویر ئەکەیت ڕیش ئەجولێنی   سامرەکەی ماڵی خاڵۆم بیردێنی

مامۆستاش دەڵێ ئەم گێلە پیاوە   خۆ ئەمنی لەجێی نێری داناوە

ئە وگەورەپیاوە،زانا،هەم ئەدیب   جیای غەم وەمەینەت،کواچی بوەنسیب

***

گۆشت بە دەهۆڵ و زوڕنا

سێکی گۆشت کڕی ئەو ڕۆژەی حوسێن   کفتە و شۆرباوی دەبا بۆ لێنێن

لۆتی کە دیتن وا ڕادەبردن   گۆشت لەسەردەست ولۆتی بانگ کردن

دەهۆڵ و زوڕنام دەپێشدا لێدەن   تا دەرکی ماڵێ ئەو یارمەتیم دەن

ئەوەش دوقۆشە ها لێم وەرگرن   من دەڕوم ئێوەش بەدوامدا وەرن

وەپێشیان کەووت وڕۆی بەرەو ماڵ   دەهۆڵ و زوڕنا و بێکار و منداڵ

گەینەوە دەرکێ پەری خێزانی   ئەو بەزم و ڕەزم و تەقەی پێزانی

هاتەدەروگوتی حوسێن چباسە ؟!   :باسی شۆرباوەو گۆشتیە خولاسە !

ئەلەوچەندجارەی من گۆشتی دەکرم   قەرزدار دەبم، پول لە خۆم دەبرم

جارێکی نەبوە لەو هەمو گۆشتە   پشکێکم خواردبی یا نیسکێ کفتە

دەهۆڵ و زوڕنام بۆیە هێناوە   بێبەشم نەکەی ئە لەو گۆشتاوە

پەریش پیی دە لێ تۆ بێ بەش نابی   بە دڵ بە، باش بە کابە ڕەش نابی

ئاخرپێمخۆشەسەخی بی و مەنشور   چیدی پێتنەڵێن حوسێن مەندەمور

جا نوێژی شێوان لەوڕۆ بەد واوە   لە شانی ڕاستت سەلامت داوە

لە کێ و چ کارەی لێ مەخوێنەوە   بە بێباس دەگەڵ، خۆتی بێنەوە

کابراشی فێر کرد بچوو لای ڕاستە   سەرت دانوێنە و نوێژت دابەستە
بەڵێ خۆی ساز کرد تا بخوا کفتە   حەکو چەند خۆشە کفتەو؟ وا مفتە
کفتە و فاتیحای لێ ببون تێکەڵ   یەك هات لێی تێکدان کردی بەگێچەڵ
ڕەحمەتو لێبێ پاڵ وێکدەن کەمێك   نوێژ کرا و حوسێن سەلامون عەلێك
کابرای لای ڕاستەی هێناوە زۆر زو   پەریش حاڵ بو کاری لێ تێکچو
:فێڵێك ساز نەکەم چ فایدەی نییە   دەڵێ خۆ حوسێن پیوازمان نییە
تامی لێ نایە گۆشتی بێ پیواز   دە بڕێکان بێنە تا نان دەبێ ساز
حوسێن چو دەرێ پیوازان بێنی   نەیزانی پەری وای بە سەردێنی
هەر ڕۆیی تەپشو و مشاری هێنان   بەرەوڕوی کابرای لەپێش خۆی دانان
هێنای دارێکی زۆر لێك و لەبار   هەر لوسی کرد و دەیتاشی جارجار
کابرا وەجواب هات: د یارە ئەو دارە   ڕێك و لەباری دەکەی وادیارە
ڕەنگ بێ کارێکت پێیبێ زۆر زەرور   بەلام بەوشەوەی فرێیدە بۆ دور
پەریش پێیدەڵێ د یارە نایزانی   ئەوە تایبەتیە هەر بۆمیوانی
میوان پاش نان و کێشانی قەلون   عادەتەو سینگی دەبێ بکەینە قون
میوان تێگەیشت، زانی بە باشی   سینگی بۆ پاشی میوان دەتاشی
هەستا داپەڕی هەلات سەروە ژێر   بەخۆی گوت حاشاهەم لە خێر و بێر
هەر میوان ڕۆیی گەییەوە حوسێن   :چ میوانێكبو هێنات مل بەکوێن
دەستی کردبەگرمەومەلاوشاتەشات   دیزەی شورباوی خۆڕفاند و هەلات
:دا سێ چوار نانم وێدەن بە ئەژمار   حوسێنیش کەوتە د وای کابرای بەغار
هەر بە هەلاتن بانگی لێدەکرد   هەڵمەیە، مەڕۆ تکای لێدەکرد
ڕاوەستە تێینێم با من نەوەندە   کابراش ترسابو لەو سینگەی هێندە

میوان پێیوابو ئەو سینگی تاشراو | بۆیەی هێناوە تا بیخاتە دا و
نان سپی دەچوبەد وای دادەهات | وای زانی سینگەودیٚ تا تێی ڕاکات
دەیگوت نا ئەوە بۆ ئیوەه چاکە | ئەو سینگە لوسەی دە بابت ڕاکە
حوسێن گەڕاوەو، کابراش هەر هەلات | نەکا بە دوامدا هەربیٚ و سینگم کات
پەری بەئەو بەزم و تەقە و هەرایە | نەگۆشت نەگۆشتاوهیچی نەدایە

ئەنەوشیرەوانی عادلٚ و بەختەکی وەزیر

خۆ زۆر لەمێژەو زۆر باس کراوە | ئەو نەقڵەم بیستوە ئاوا گوتراوە
لەو وەختەیدابو تیشکی ڕوناکی | ئیسلام دایدەگرت دونیا بە پاکی
ئەنەوشیرەوان، عەدالەت بەناو | توانا وهێندسەخی واهاتبوەبەرچاو
وەزیرێکی بو ڕۆلەی زەمانە | باشی دەزانین هەرچیکی زمانە
لەگەلٚ بەختەکی زیرەك و وشیار | دەگەڕان وێکرا ڕۆژێك لە نێوشار
وێکڕادنیشتبون ئەواگورج وتوند | گوفتوگۆیان بودیاربو قەل و کوند
پییٚدەگوت بە کوند کچێکم دەیە | بۆ کوڕەکەم هیوای دواڕۆژم هەیە
باشە من ئەوە کچەکەمدا پێت | تۆ چیمدەدەیتیٚ تا بە کارم بێت
زیاتر دەتدەمیٚ لەو بەر و بۆیە | کەلاوە کۆنێك چون خواستی تۆیە
بەقەل دەلٚیٚ کوند،دەوری باپیرت | یان چەدەوۆرێکە،هاتوتەبیرت
ئەنەوشیرەوان ئاوا وەجولٚیٚ | سەد کەلاوە کۆن، هەیە، بە پولٚیٚ
لێیپرسی ئەریٚ وەزیری زانا | لە عەقل و بیر و هۆشت تەوانا
ئەوەدەلٚێن چی ئەو قەل و کوندە | وا د ێن و دەچن لە سەر ئەو دوندە
چۆنی گویٚ لیٚ ببو.هەروای گێڕاوە | شا تێك چوودەتگوت تیری لیٚ دراه

واد یارەئــــەمنیش ناعەداڵــــــەتم	زۆر شــەرمەزارم لــە ڕوی میللــــەتم
مەرجـــەو لـــەوڕۆڕا هـــەتاکو مـــابم	بـۆو میلـەتەی خـۆم وەکـو بـاب وابم
زنجـیرێك وەکـو ڕوکـنی عەداڵـــەت	داینـا پـیٔڕ ابگـا بـەدەردی میلـەت
هەرکـەس دادی باڵـــەراندبای زنجـیر	زو بـۆی چـا دەکردهـەربۆخۆی ئـەمیر
ئـەوەی زنجـیری گەییشـتبا دەسـتی	بوێـان پێكدێنـا کـار و مەبەسـتی
دەسـتی بـەزنجیرکێ نەگەیشتبایــە	تاوانبـار، دەکـرا ئـە لــەو دەزگایـە
زەمـان تێپـەڕبو ئـاوا چـــەند ســاڵێك	نـەزانرا، چـۆن بـو لـە لایـەن کـاڵێك
فێڵێکیـان سـاز کـرد واخسـتیانە کـار	تـا لـە لای زنجـیر، بـڕوا ئیعتیبـــار
زنجـیریش بەودوفێڵـــەی وا خـــەوت	کـەس نــەید یتـــەوە، لەڕووپۆکــەوت

یەکێك لە نمونەکانی

زنجیری عەداڵـەت و کەرێ بریندار

کابرایەك کەرێکی هەبونەگەر کەرەکـەپیر بووپشتیشـی هـەمو برینداربوچونکـە هـەتا بەکارهات و باری بـرد کـاری پیٔکردو نەیهێشـت بحەسـیٔتەوە،و.وەختێـك ئـاوای لیٔ هـات بەرهـەڵلایان کـردو.نـەیان هێشـت بێتـــەوە،لەکوچـەوکوڵانان دەگـەڕا،لـەنێوزبڵ و زاڵـی ورکەنانێك شتێکی وەدەست کەوی یـاچی؟ قـەزاواهات ئەوکـەرە ڕۆژێکـی توشـی جێگـای زنجـیری عەداڵــەت دەبـیٔ خولاسـەهەر سـەری هـەڵدێنی خـویٔ بخورێـنی مێشـان لـەخۆی بڕەوێنی .چەبکا وەزنجیرەکەی دەکەویٔ وزنجیردەبزوی و ڕادەژیٔ پیـاوی پاشـایی ئەگـەر هاتن وتەماشایان کرد ودیتیان ئەوەکەرێکی پیری پشت بریندارە.

هاتنەوە ئەوەیان ڕاگەیاند کەئەوە کەرێکی پیری پشت بریندارە.

ئەنەوشیرەوان دەستوری دا ؟ســاحیبی ئەوکـەرەم دەبـی بـۆ بیینـنـەوەدیارە ئـەوە هاتوٚتەشکایەتیٔ؟

دارۆغەچۆو نێوشاری بەگوڕپەگۆڕپو،هەڵلا هە ڵلا،ساحیبی کەریٔ پشت ڕزیوی دیتـەو

هێنایەخرمەت شا.ئەنەوشیرەوانی ئەنەوشیرەوان لێیپرسی:ئەو کەرە ئیتۆیە؟

کابراولآمی داوە:بەڵێقوربان .

پاشا:بۆ بەرهەڵلات کردوە؟! کابرا:چیلێبکەم. بۆ کارێ نابێ، پیربوە.

ئەنەوشیرە وان دەڵێ،ئاخر ئەوەتا پشتیشی هەمودەگەڵ بارەبارێ بریندارە وهیچ گیانیشی نەماوە. کابرا عەرزی دەکا بەڵێ قوربان وایە.

ئەوجار شادەستوری پێدەدات:دەبی پشتی ئەو کەرەی زۆر بەجوانی چاك کەیەوەو بەجورێك نابی هیچ برینێکی لەپشتی بمێنی وپێشی بخوێنی؟

کابرا مەجبوربوکەری وەپێشەخۆیداهینایەوەماڵێ ،

ماڵ ومنداڵەکەی لێ یان پرسی ئەو کەرەت بۆ هیناوەتەوە؟ئەدی ئەنەو شیرەوان ئەتوی بۆچەبو؟! ئەتۆو ئەنەوشیرەوان ،

کابرازوربەنارەحەتی ولآمی دانەوەگوتی چارەرەشی روی تێ کردوم ئەوکەرەسەکەت لێ دراوەتوشی زنجیری عەداڵەت بوەو ئەمنیان بۆیەبانك کردوەوپاشاحوکمی لێ کردوم ئەوکەرەی واچاك کەمەوەنابی برینی لەچەجێگایان بمێنێ سەرباری هەموشتێکێش دەبێ ببم بەمام وەستا وپێشی بخوێنم یائیلاهی ئەمنی چارەرەش چەبکەم؟

ئاوای بیرلێ دەکەنەوە؟

کابرایەکی زۆر بێچارە و هەژار هەیان بو کەرێك بۆهەرماڵێ و کار

کار ی مەزرایەیانە بۆ ئاشی بیخەسەر پشتی یاڵلا باراشی

بێگاری ئاغا و بۆ جیران حاجەت هەرنەیان دەهێشت رابوەستێ قەت

هێندیان بۆکارێ زۆر بۆ هێنا بو پشت و شان و ملی پاك دافەتابو

هەرچەند حەولی د ا و یاسەعی بۆکرد بۆچاك کردنەوەی رێی بۆ دەرنەبرد

گەیبونەوە یەك پیری و برینداری بێ حەسانەوەو هەر بارە باری

چارەی بۆ نەکرا چو بەر ەلای کرد پێشی خۆش نەبوئەگەرچی وای کرد

کابرا هەر چیکی باش کاری بۆبکا خزمەتی لازمیێ زیاتریشی بۆ بکا
هەتا باری برد و هەتا کا ری کرد لە میزا ن بە دەر خز مە تی پیێ کرد

شا،ئاوای پیێ دەلێ

:تا کاری پیێکرا هەر خزمەتت کرد زیاد لە ئالیکیش هەر بەخێوت کرد
ئیستا کە پیربوەو پشتی بریندارە بەرەڵلات کردوە، کوا ئەوە کارە ؟
هەرچی پێت دەلێم بەدلی بسپێرە لە بریاری من هیچ خۆمەبوێرە
کەریێ بەرەوە و بکەوە شوێنی چاکی بکەیەوە و پێشی بخوێنی
ئەوکەرەتا کو کاری پێکراوە کەلکی بە باشی لیێ وەرگیراوە
سەر پنج وچالۆك خۆ بۆسە رشتلان گوێنی ودرودالێ زریشك و شیلان
پێت کێشاونەوەها توچۆی بێستان تۆوی مەزرایەوناردنی بۆ کوێستان
د وایەش نارد و تەنۆ ڕ ۆ ژ بۆگێر ە بۆ خالە سما یلی فەرموتە خێرە
هەرچی پیێ ویست بووەئەنجامت داوە پیر بووەوبریندار کا ریشی کراوە
بەرەڵلای بکەی ئا وا بە و جورە نازانی چەندیش لەویژدان دورە

ئەو پیاوە فەقیرە کچێکی زۆر زانای هەبوە وبەبابی دەلێ برۆ سابون و لفکەو کتیبێك و دو ڕبە شم جۆ بۆ بکرە وبۆم بێنەوە جا هەمو کارەکانت بۆ جیێ بەجیێ دەکەم.

بابەکەی زۆر بەناهومێدی چو چی کچەکەی ویستبوی بۆی هێنا.

ئەو کچە هەمو ڕۆژیێ دەستی لیێ هەڵدەکردو پشتی ئەوگوێدرێژەفەقیرەی بەئاوی گەرم و سابونیێ دەشوت وجوان ئیشکی دەکردەوەو دەرمانی دەکردو،لە.لەوەڕێش ئاگای لیێ بوو.تێری دەکردهەتابرینەکانی چاك بونەوە.ئەوجارجۆی بۆلەسەرکتێبی ڕۆدەکرد، جۆیەکەی دەخوارد دوایەبۆی وەبن پەڕێکی کتێبەکەیدا هەردمی تیێ هەڵدا هەتاپەڕەکەی لەسەرجۆیەکەی وەلابردوخواردی. ئەوجارکردیەدوپەڕ،سیێ پەڕ،و... هەربۆی دەبن پەڕی کتێبەکەی دەدا،کەرەکەش هەر لوتی تیێ هەڵدەداو فێری جۆی ببوو هەتا وایلیێ هات

هەرکتێبێکی بۆتدانابا،بەلمبۆزێ هەموی هەڵدەداوەولەجۆی دەگەڕا،جائەوجار کچەکە کەری وەپێش بابیداوپێیگوت جافەرموبیبەوەخزمەت شا ئەنەوشیرەوانی؟ کابرا کەری هێناوەبۆلای زنجیری عەداڵەت، پیاوی شای هات وبردیانەخزمەت شای نەیان ناسیەوە. هەتا کابرا بۆخۆی نەیگوت

پێی ڕاگەیشتبون هێندە بە جوانی شوێنێك نەمابون،لەبرینە کانی
جورێك گۆڕابو،نەدەناسراوە پێیان سەیربو،چۆن واگۆڕاوە

جا ئەوجار کەرەکەیان تەماشا کرد چاك ببۆوەو.شا لێی پرسی.

: ئەدی پێت خوێندوە؟!

کابرا گوتی بەڵێ. ئەمری کرد کتێبێکی بۆبێنن، کتێبیان هێناو لەپێشیان دانا بە لمبۆزێ هەموی ئاوەژو کردەوە. ئەنەوشیرەوان گوتی ئەدی بۆ چ نالێ؟!

کابراش ترسی شکابو گوتی قوربان خوێندنی کەرێ هەر ئەوەندەدەبێ ؟

شا.خەلاتێکی باشیشی دا بەکابرای فەقیرو کەرەکەشی وێداوە.

کەرێك بو ئە و دەم بریندار و پیر حوکمی لێ کردبوین بەتوندی ئەمیر
چاك بکرێتەوەوخویندنێش فێربێ لەخواردن وخەویش هەردەبێ تێربێ
وەکی دەی بینن چاك چابۆتەوە لەخویندنیش ئاوالەخۆبۆتەوە

دو داستانیش بۆبێ ئیعتیبارکردنێ زنحیری عەداڵەت

بەیتی ١ ـ دزییکی بێشەرمانە:

لە زەمانی ئەنەوشیرەوانیدا،دوکاری خەراپ ئێك دزی و ئەوی د یکە زۆر قەبیح بوە. جا دەڵێن لەبەر ئەو دوفێلانە زنجیری عەداڵەت هەڵکشاوەتەوەوکەس نەیدیوەتەوەو تازەش کەس نایبی نێ تەوە؟

یەك :کابرایەك دزی لە جیرانەکەی دەکا. دزیەکەش ئەوە بوە کابرای لیرەی هەبونە جیرانەکەی ویش چووەو لیرەکانی لێدزیون. بۆ شاردنەوەو بۆ فریودانی و کەڵەك بازی،

چونکە دەیزانی شك هەر لەوی دەکرێ ئەوعەسایەی کە بە دەستیوەبوە هەموی هڵوڵ دەکابەقەرای لیرەکان و لیرەکانی هەمو دەنێو عەسای کردون و بە پەڕۆ پاڵی و ... وای لێ کردون دەنگیان نەیەو بێ هەست بن. زێڕی زەمانی پێشوزیاتر لیرەبونەکە ئێستا،یەك ود وونیو و پێنج لیرە هەیە.کابرای دزیلێکراو،شکایەتی لەکابرای جیرانی کرد.

دزێك خۆی سازکردئاوای بیرلێ کرد — وابەبێشەرمیش هات بەرێوەی برد
نێو وەکازەکەی وا هەڵوڵ کردبو — بۆ لیرەدزینێ ئامادەی کردبو
لیرەی تێئاخنین تابردی بێ هەست — بۆ هەر جێگاوشوێن عەساهەربە دەست
دزی لێکراویش شکایەتی کرد — نامەکەی نوسی و بۆ پێش حاکمی برد
دەستوری بۆ نارد هەرئەوکات ئەمیر — بۆ ڕونکردنەوەی بێت بۆ لای زنجیر
چونە لای زنجیر تا کار مەعلوم بێ — دز خەجاڵەت و پاکیش مەعسوم بێ
گەینە زنجیر و تۆ ئەو خودایە — دادەی بۆم بگرە ئە ئەو عەسایە
عەسای دا کابرای دەگوتی یا ڕەبی — چی ئەوەی دەی وێ بەدەست من وە بی
زنجیر تۆ هیوای بۆ هات و نەهات — لە لام بێ یا خوا دەستم پێت نە گات

کابرای دز.دەستی هەڵێنا و دەستی گەییشتە زنجیرێ و هەمو تەماشایان کرد ئەوە دەستی گەیۆەتە زنجیرێ و وبێتاوانە.

عەسای لەکابرای وەرگرتەوەوبرێکیش خوی لەدزی لێکراوی تورەکردو.گوتی ئەتۆ بە خۆڕایی ئابڕوی عالەمێ دەبەی دزی خۆشت ناناسی یاداخوا هەربۆخۆت شاردوتنەوە یاچت لێ کردون.

چۆوە ماڵێ ئەو ماڵە حەلالەی بە بێدەنگی خواردوهەرگیفەی سمێلانی دەهات وکابرای دزی لێکراویش دملەپوش زێڕەکەی خوراوکەسیش ولامی نەداوە.

نە زێڕ و نە پول چی بۆ ڕانەکرا — خۆلەلای حاکمیش کاری بۆنەکرا
لای ماڵپەرستان زێڕ لەگەڵ گیانە — بەلام دز دەلێی هەر لێینە با نە

ئارەق نەرێژی لە سەر زێڕ و ماڵ ... لێی نەکوڵیەوە حەرامی و حەلاڵ
بۆت پێك بێ ئاوا خۆشە بەڕێ چون ... ڕۆژی حیسابێ کوارێگای دەرچون
خۆزگە لەوکەسە لەو ڕێیە ژیاوە ... دلی هیچ کەسی لێنەئێشاوە
خۆزگە لەوکەسەی وای ڕابردووە ... خوی مشکلۆزمەی کەس نەکردووە

بەیتی دو : فێلی ژنێکی فێلاوی

دەڵێن کابرایەك ژنێکی هەبوەو لە ژنەکەی زەنین بوە بەڵێ کەیفی بە کابرایەکی دیکە دێ بەقەولی گوتوانیش ،وا بوە:

ڕۆژێکی مێردەکەی پێیدەڵێ بەڕاستی ئەمن لە تۆ زەنینم و هەرچەند جورێکی دیکە ئەگەر خۆت نیشان دەدەی بەلام ئەمن بەقات پێناکەم. ژنەش هەرچەندە سویندی بەدرۆێ بۆدەخوا،کابرا بەقای پێناکا. وەکی شیعرە فارسیەکەی کە دەڵێ؟

ان چیز کە عیان است ... چە حاجت بە بیان است

خولاسە بە هیچ جورێك کابرا، بەقا بە ژنەکەی ناکا، چونکە حەتمەن شتێکی پێوە دیوەدەنا پیاو ماڵەخۆی لەخۆڕا وێران ناکا. ژنە:

زۆرم پێسەیرە تۆ وا زەنینی ... خۆشەویستی خۆت لەمن نەبینی
خۆ لەتوبەدەر ئە بەو خودایە ... نێرم پێ نێر نیە، لە سەردونیایە
بە سەری بابم و چوار براکانم ... من هیچ پیاوێکی، بە پیاو نازانم

زنجیری عەداڵەت نێوبانگی وادەرخستبو هەرکارێك و ئیشکالێکی خەڵکەکە بۆیان ڕون نەبباوە دەئەوزەمانەی دا .دەچونە بن زنجیری عەداڵەت هەتا کارەکەیان بۆڕون بێتەوە. ئاخرەکەی قەراریان دانا سبحەینێ بەیانی بچن بۆ زنجیری عەدا لەت وکار تەواوبێ وبۆیان مەعلوم بێ چییە.

ژنەبە کابرای حەریفی دەڵێ، ئەتۆ سبحەینێ گوێدرێژێکی دەگەڵە خۆت بێنەو وەرە فلانە ڕێگایەی ئەمەبەوێدا دەچین بۆ زنجیری عەداڵەت. ئەمن لە ڕییە خۆم نەخۆش دکەم

و سواری کەرێم کە. دوایە خۆم دەکەوێنم، ئەتۆ کارێکی وا بکە دەستت وەبەدنی ڕوتیم کەوێ، جا ئەودەمی بۆخۆم دەزانم چ سازدەکەم.

بەڵێ! سبحەینێ بەیانی کابرا دەگەڵ ژنەکەی وەڕێکەوتن هەتا بچن بۆ لای زنجیری عەداڵەت کارەکەیان بۆ ڕون کاتەوەو، لە نێو ڕێگایەدا گەییشتنە کابرای.

ژنە بەمێردەکەی گوت ماندوبومە. بەئەو کابرایەی بڵێ بزانە برێکم سواری ئەو کەرەی ناکا، خۆ بەخودای ناتوانم بە ڕێگایەدا بڕۆم و برێکیش ناسازم.

به خوای کابراگیان! کەمێك ناسازم لە ڕێ ڕۆ یشتنیش بۆیە بێوازم

بە کابرای ساحێب کەری گوت براگیان منداڵەکانم ماندو بونە و برێکیش نەخوشن، زۆری منەت هەیە، برێکی سواری ئەو گوێدرێژەی خۆت کەی.

کابراش هەر زویەکی لە کەرەکەی هاتە خوار و کەرەکەی ڕاگرت:براژن فەرمو سواربە ! ژنەلێی سواری کەرێ بو.برێك ڕێگاڕۆیشتن،مێردەکەی وەپێشکەوتبو،غەرقی فکران لەبارە ی ژنە کەیەوە،ژنە سواری کەرێ و ،ساحیب کەریش لەدوایەو.ئەویش لە کابرای مێردی ژنەی پرفکرتربو، گەییشتنە جۆگەلەیەکی، لەگەڵ پازدانی کەرێ، ژنە خۆێ کەواند و وایکرد بەدەنی ڕوتی وەدەرکەوێ و کابراشی نەسیحەت کردبو، هەر دەگەڵ کەوت بەغار خۆێ گەیاندێ و دەستی گرت وهەڵینەستاندەوەولەوی ماندووعاجز لێی دانیشت ومێردەکەشی گەڕاوە:ئەوە چبو؟!

ژنە:دەگەڵ ئەوگوێدرێژە لەئەوجوگەلەی، پازدیدا وەعەرزێ کەوتم.

برێکی دیش لەوی دانیشتن ودوایەهەستان وکەوتنەڕێ. کابرا:ئەدی سوار نابیەوە؟

ژنە:نا.تازەسوارنابمەوە،ناوێرم،دەکەوم کابرا،بەکەرەوە،لێ داڕۆیشت و تازەکاری وی تەواوبو.

برێك ڕۆیشتن گەییشتنە سەر ئاوێکی، بەمێردەکەی گوت ئەمن دەستنوێژێ هەڵدەگرم. مێردەکەی:ئەدی ئەتۆ دەستنوێژت هەڵنەگرت بو؟

ژنە:ئەگەرلەسەرئەوکەرەسندان کوشتوەی وەعەرزێ کەوتم،ئەوکابرایەماڵی ئاوەدان

بێ، دەستی گرتم و هەڵیئەستاندمەوە،خۆدەناهەردەشخینکام دەنیوئاوەکەیدا. تەماشای ئەولەشەم چی لێ هاتوە، بە دەستگرتن و هەڵستاندنەوەی دەستنوێژم شکاوە.

بەڵێ؟ ژنەی فێڵەزان، دەستنوێژی هەلگرتەوە و ڕوییشتن گەییشتنە زنجیری عەداڵەت.

ژنێك بی هەویێ چ لە مێردی بکا ڕێگای دەزانی چۆن فێڵی لێ بکا

بوسەی بە نیفاق خۆ شیرن کردن بۆ بەلگەو، هەتا باوەڕی پێبکا

جائەوجارژنەچو دەستی بۆ زنجیری عەداڵەتێ درێژ کردو گوتی ئەی زنجیری عەداڵەت! ئەگەر ئەمن لە مێردەکەی خۆم و ئەوکابرایەی سواری کەرەکەی کردم دەستی هیچ کەسێکی دیکەم وێکەوتبێ، یاڕەببی دەستم نەتکاتێ دەنا دەستم بتکاتێ،

هەر ئاوا دەستی ڕاکێشاودەستی گەییشتە زنجیری عەداڵەت ولەپێش چاوی مێردەکەی.

وکابرای مێردی چاوی تێبڕیبو،عیلاجی نەبوبەقای پێکردجونکەڕوسمی ئەوزەمانی وابوە، گەڕانەوەماڵێ کەچی هەر لێشی نیگەران بوو.دەیزانی ئەوژنەفێڵێك کەڵەکێکی حەتمەن ساز کردووەشتێکی دەباران هەیە.

خاڵەی تۆو هەرزنی

سەرەبەهارێ کە دەست بەکاروکاسپێ دەکرێ مام عەلی لە کوڕەکانی دەپرسی : فلانە زەویەی دەکەنە چی؟!

چونکی کوڕە گەورەکەی زیاتر سەروکاری دەگەڵ کشت و کاڵی بوە،گوتی، بابە پێمخۆشە بیکەینە هەرزن، بەلاّم دەزانم توو هەرزنیشمان نیە،

مام عەلی دەڵێ ڕۆڵە ماڵە خاڵت تا ئیستا چوار پینج جاران خەبەریان داومەتێ، دەچم سەرێکیان لێ دەدەم وتووهەرزنیشیان هەیە وچە ندی لاّ زمن بێ د ینم ود یمەوە.

پور خاتون لەوێ دانیشتبو گوێی لەقسەکانیان بو،دەڵێ عەلی بەخودای دەبی بەیانی زو وەڕێکەوی لەمێژە ئاگامان لێیان نیە خەبەرێکی ساغ وسەلامەتی وانیشمان بۆ بێنەوە وتۆوهەرزنیش زوبێنەبۆئەولاولایان نەڕۆیی ئەتوبرێك کەترە خەمی؟

بەڵێ مام عەلی بەیانی زو وەڕێکەوت بچی توو هەرزنی بێنی دەی بەتەمای خوای، زۆر نەڕویی توشی سێ چوار کەسان بو، دەچونە سەرەخۆشێ بێجگە لەئەوەی ئەوسێ چوارکەسانەناسیاربون ساحێبی مردوی کە دەچونە سەرە خۆشییەی هەم ناسیارو هەم خزمێکی زۆرلێك نیزیك ولەپێش بو،ڕەگەڵەوان کەوت بۆ سەرەخۆشێ؟ سەرەخۆشی تەواونەببو کچی خزمێکیان ڕەدواکەوت،چونکە مام عەلی کەمێك بەتەمەن وئامالّ کەیخودابو دەگەڵە خویان بردەوە ماڵێ، لەوی ماوە هەتا کاری مەسلەتی تەواوبو.

ئەوجار.بەسەرلێ دان لەخزمان هەردییەی دەگەییشتێ، ئەگەر سەرەخۆشێ ونا کۆکی لێنەبا، لانیکەم د وسێ شەوان لەوێ دەماوە !

ئاواڕۆیشت هەتاگەیشتەماڵەخەزوری؛ وەختی هەرزنچاندنێ بەسەرچوبوچونکەزانی وەختی هەرزن چاندنێ تێ پەڕیوە باسی هەرزن مەرزنی نە کردو گوتی هەربە سەردان هاتومەچونکە لەمێژبوخەبەرمان لەساغ وسەلامەتێونەبو،

مام عەلی بەئەوجورەی کە چوبو هەر ئاواش گەڕاوە، هەر دییەی سێ چوار شەوانی لێدەماوە،

مام عەلی هەتا بە سەلامەتی گەییشتەوەماڵێ،لەقەراغ دیی لەنیو زەویەکەی خۆیان، دروێنەی هەرزنیان دەکرد، فکری کردەوە:ئێی! خۆ ئەمن بۆ توو هەرزنی چوبوم. ئەوەدروێنەی دەکەن چەبکەم، بەغاربەنیوباقاندا بۆ لای کوڕەکانی هەڵات،

دەباقەهەرزنێکی هەڵەنگوت لەسەرڕا،وەعەرزێ کەوت وهەستاوەبڕێکی خۆتەکاند.و وادەکا حەك بەلاّ لە کاری بەتاڵوکەدا؟ !ئەمن ئەوەبۆ تاڵوکەیێ دەکەم.

(شێعری)خاڵەی توو هەرزنی

بەکوڕەگەورەکەی مەحمودگیان ئەرێ کوادەیکەی بەچی زەویەکەی سەرێ

مەحمود: پێمخۆشە هەرزنی بچێنین خۆ تووێشمان نیە دەبی بۆی بێنین

مام عەلی دەڵێ زەویەکەی بکێڵە هیچ کۆسپ وپەڵەی لەنێو مەمێڵە

خاڵت سێ چوار جار ولاّمی نارد وە لەبەر پڕکاریان هەر خۆم لێبواردوە

بابچم سەرێکیان زو لێ هەڵێنم هەرزنیش چەندی لازمن بێ دێنم

پور خاتون دەڵێ عەلی بەیانی زوێکی دەبێ بچی وخەبەرێ بزانی

مام عەلی دەچێ خۆ دەخافڵێنێ؟ بزانین توو هەرزنی دێنێ و دەچێنێ؟

بەیانی ڕۆیشت لە دێ دەرکەوت چاوی بە سێ چوار خزمانی کەوت

پاش لێ پرسین و چەند چاکوخۆشی ڕێ کەوتن وێکرابۆ سەرەوخۆشی

خزمێکی والە زۆر لێك نیزێك بون مایەوەو هەرتا میوان خەلاّس بون

ئەوکچەی خزمی زارای مامەللا ڕەد وّاکەوت وبو بەکێشە هەللا

تا مەسلەت کرا هەر لەوێ ماوە بۆ دەرمالاّنەش د یسان گیرساوە

ماڵە مام عەلی وماڵە و خەزوری ڕێی دوڕۆژ ەڕێ نیزێك و دوری

سبحەی پاش نوێژی هەستا کەوّتەڕێ بزانین مام عەلی کواچۆن دەڕواڕێ

دێ بە دێ ڕۆیشت هەروا بە سەردان پێیانداگەڕا بە دۆست و خزمان

د یێ ئەوبەرەوبەر یا سەر ڕێگایە — پرسەوئاژاوەوهەرچی لێی بایە
هەتا د وا پرسە یان پێك هاتنیان — لەوێ دەماوە هەروا لەکنیان
ئەو د یی لێی‌نەبا پرسە و ئاژاوە — د وسیێ شەوانی لیٚ هەردەماوە
ئاخری گەیشتیێ چو وەژورکەوت — لەوێش چەن ڕۆژان بیٚخەم لێی‌خەوت
کەروێشکەدەکردگەنم وجۆوشینکە — تۆو هەرزنی تازە بۆچێەو چلیٚکە
بەوجورە چوبو چ کراو نەکراوە — بیٚ فکر و خەیالٚ هەرواش گەڕاوە
گەییەوە قەراغ ئاوایی خۆیان — دەیڕوانی هەروا لە هاتووچۆیان
ئەوە کوڕەکانن کوا دەبیێ چبکەن — ئەی ئەی خۆو ئەوەدروینەی دەکەن
چوبوم تۆو هەرزنی بێنم بچێنم — دروێنەی دەکەن چۆنێان بدوێنم
بەنێو پەریزدا هەلاٚت بە لینگدان — هەلٚەنگوت کەوت دەباقەوسندان
پێچ و کلاٚوەکەی بە عەرزی دادان — دەیگوت ویٚ کەویٚ پەلەوهەل سندان
مام عەلی هەتا گەییەوە مالٚیٚ — سەری سەلامەت خۆ کەس چە نالیٚ

خورینج

ئەگەر ماوە یادی بەخێربیٚ و ئەگەر نەماوە خوا عافوی کاپێشم وانیەمابیٚ.

وابزانم مەلا ئەحمەدی پێنجوێنی لە سالەکانی هەزار وسیٚ سەد ونۆزدە وبیست وهەتائاخری هەزارو سیٚ سەد و بێست و پێنجی .هەتاوی لەئاوایی خورینجی سەروەشاری پیرانشاری کەئەوسەردەمەی خۆالیٚ خۆش بو،مام وەستامەلاسەیدقادر،مەلاوئیمامی جەماعەتیٚ وسەرپەرستی حوجرەکەی خورینجیش بووە.لەحوجرەی فەقێیان،لەلای ئەومەلا سەیدقادرەی موستەعیدێکی زاناولیٚ هاتوخەریکی خویندنیٚ بوە ؟

ئەدەوچەندسالانەدا بەتایبەتی دەئێرانێدا ئالٚ وگۆڕێکی بنەڕەتی وچاوەڕوان نەکراو ڕوی داوە ؟

وەکوبیٚ لایەن بونی ڕەزاخانی ئەوڕەزاخانەی ئەگەرگوتبوی ئاسمان بڕوخیٚ بەسەر

نێزەی سەربازی ڕادەگرم؟·دەست بەسەرداگرتنی ئێرانێ لەلایەن قشونەکانی ئیگلیس ولەشکری سووری ڕوسی، دامەزرانی (فیرقەی)دێمۆکرات لەئازەربایجانی ڕۆژ هەلات هەروەها دەئەوهەل ومەرجەی دا ئاشکرابونی (کۆمەڵەی ـ ژ ـ ك)لەکوردوستان وگۆڕینی بەنێوی حیزبی دێمۆکڕات کوردوستان ئێران وهەڵبژاردنی پیاوێکی ئازاو.وقارەمانێکی زانای وەکو(پێشەوا قازی محەمەد) نەمربەسەرکومار((کوردستان)) ئێران؟!

کاك مەلا ئەحمەدلاوێکی واشاعیروتێکۆشەرولەپێش چاوی خەڵکی جوان وشیرن بێجگەلەشێعرەجوان وبەسۆزەکانی ئەگەربۆدێمۆکڕات وهاندانی خەڵکی کوردبۆیەك گرتوئی وڕێنوێنی وگلاڵەی دێمۆکڕاسی دەئێرانێکی ئازاد.دا،وحەول دانیان لەڕێگای ئاوەدانی ولات زەحمەتێکی زۆری کیشاوە جامام وەستامەلائەحمەد شێعرێکی زۆر جوان وڕێك وپێکی بەئەوجورەی کەدەیخوێننەوەبۆخورینجی دانابولەشێعرەکەیڕاوادەرکەوتوە ئەولاوەخوین شیرنە زۆر خۆشی گوزەراندووە، بەلام؟دەگەلْ قادری شوان چونکەئەویش پیاوی ماڵەئاغای بووە.؟نازانم چ ناکۆکێکیان هەبوە؟!لەسەرکوردایەتیێ ؟لەسەرجحێلایەتیێ ؟!

دەشێعرەکەیداناواهێرشێکی توندی کردوتەسەرخۆالیْخۆش بومام قادری شوان.؟

ئەوەش شێعرەکەی مام وەستامەلائەحمەدی پێنجوێنی لەکەم کوڕییەی بمبورن؟

چاوی پیسی لیێ بەدوربی قەسری لوبنانەخورنج؟

پارسی سەت جاربەقوربان باغی ڕیزوانەخورنج؟

خۆشەئەوزاعی مەناخی خاکەکەی دڵگیری عام؟

ئاوەدان بی ئەی ئیلاهی عەینی عەدنانەخورنج؟

حۆرەکانی ڕەزەنی ئایین ودین ومەزهەبن؟

بێ قوەی مەقناتیسی دڵکەشی ئینسانەخورنج؟

بۆمەلاوشێخ وفەقێ وکرمانج وئاغاونۆکەری؟

مەرکەزی بەزم وسرورەوجێگەی ژوانەخورنج؟

سەهلەبۆدەرویش وسۆفی تۆبەیان ڕاناگرن؟

وەك مرید ێکن لەڕێگەی شیخی سەنعانەخورنج؟
سەت کەهێندەباسەفایەدیی خورنج ئەمماچ سود؟
جێی هەزارشەیتانی میسلی قادری شوانەخورنج؟
ئەی بە: : : : ::: دەگە:: : : : ئەی : : : : ی : : : : : : ::ەر
واستەی تۆیەکەئێستاچۆل ویرانەخورنج؟
بەینی ئەمن وتۆبمێنێ شەرتەدەردێکت دەمێ؟
ئافەرینم کابڵێ پێم تیغی بوڕڕانەخورنج؟
زەوقی ڕۆژی خۆی هەزار میسلی تۆی پێ وەك ڕێویە؟
خۆی وەکوشێری شکاروسەففی مەیدانەخورنج؟

ئەمن بەپیچەوانەی مام وەستامەلائەحمەدی،وجیالەوەێ چەخۆشی واشم لەخورینجی نەدیوەبەلآم چونکەلەئاوایی خورینجی لەدایك بومەوهەموئینسانیك،لەسەری پێویستە ئەوەندەی لەدەستی بێ بەزێدی خۆی هەلآبلێ،جائەمن هیناومە،شێعرێکم بۆخورینجی و بەردەکانی.وبەری پەلآساوێ،وئەوکێووجێگاێانەی سەروەخورینجین بەشی کردنەوە دامناوەیاهەرئەوەندەم لەدەست هاتوە،هیوادارم خوێنەرانی خۆشەویست کەلکی لێوەربگرن.لەداهاتودابۆجوانترکردن وبەرینکردنی ئەوشێعرەی وشێعری پیرانشاری ئەگەر بەپێویستی بزانم پێیاندادێمەوە،بەتایبەتی بۆکێووجێگابەناوبانگەکان سوپاستان دەکەم.

شێعری خورینجی

هەمو خەلکی خورینجی خانەدانە — خورینج هەلکەوتوە خاکی نێرانە
مەلا دەروێش و کرمانج، سۆفی ئاغا — لەگەل ێێکن بەحەققەت وەك برانە
لە شایی و شین وناخۆشی لە خۆشی — شەریکی ێکترین زۆر موخلیسانە
تەماشای سەنعەتی ئەو کردگارە — کە ڕووی کردونە،بەردەە روەك نیشانە
دەخۆێن هەنجیر و دودرك و بەلآلوك — لە خەوخۆش، قۆدیلە و کانی گولآنە

لەبەردیکورەی ولەقلەق کەبازدەی — خرپێ مێوانە و کانی میرزاخانە
لە بەرد سابات کە دانیشی و بنۆڕی — دەبینی ئەم ولاتە چەندە جوانە
لە بەردهۆرهۆرەتاکوبەردوەتاغی — پەرە سلێرکەکانی کەندەلانە
بەیادی کانێ سوینەی چاو شەهێنان — لەسەرسوێ تاتەبەردوبەفرە وانە
لەبەردلانك وەکوجوللانەڕاژام — لەبەردحوجرەی دەبینم سەربڕانە

بنۆڕە بەردەزەرد تاقەی ڕێواسان — بڵەی بۆ بەردحەسیر بێ وەك ئەوانە
لە ئاوی نۆزەڵەی تا گردی بێبەرد — بەڵێ جینگجینگەیە و هەندۆرەشانە
لە تاقەی پڕ کروسك و بەردەسوران — خرپێ هەنجیر و کانی کیسەلانە
لە بەردگامێش و کانیکوێر و سێکێل — لە لای د یش بەرد مەلایە و بەردبەرانە
پەلاساوێ[١] کونە پیست و درۆزنە — هەوارگەی کانەبی وڕ یێ ئەحمەدخانە
لە سەرخۆشی وسەفای ئەو ناوچەوێگرا — بە نور لێکیان دەدان گورزی گرانە
جێڕاوگەی شۆڕەسواران بوەکە ماملێ[٢] — بە دەنگ پیێ هەلگوتوە جوان، ماهیرانە
لە پیرسالێ[٣] ڕواڵ، نیازت بخوازە — وەلی، پێغەمبەری ئاخیرزەمانە
لە ئەحمەددەولەت وجێ[٤]چوك زریشکان — خرپێ نەعنە و،قەلاتێ شانیشانە[٥]
لەسەرگۆڕوقەلاتکەوکانی سێوەك — دەخۆلەونەوسپیلك سەیدئەحمەدانە[٦]
غەلێ مام کانەبی وچێنکان ببینی — دەزانم تۆدەلێی جیێ ڕەمکەوانە
برایم ڕە شك لە سەروی بەردی گوێزی[٧] — کە جێی ڕازی سیامەندو خەجانە
لە چۆمی بار ەڕەژیان، گردەخەزێنە[٨] — نیشانەی مێژو بو نیە، لێم عەیانە
گەرمکی کانی کۆخەی[٩] ئەحمەداوێ — هەتا سەرچۆم و کانیبەرد هەمانە
خورینج! جێی ئیفتیخاری بۆ ولاتم — بە بونی ئەوهەمو ڕەمزو نیشانە
پەرێشانم خورینج:ئێوم بزانە — کوڕی تۆمە بە ئیسباتی زەمانە

(شیکردنەوەی شێعری خورینجی)

١ـ **پەلاساوێ**، وەکی باس دەکەن وگێراویانەتەوە زەمانێکی بەشی زۆری ئەولاجان وپیران ومنگوڕایەتیەی جستانان چۆل بوە تەنیا بە هاران لەگەرمێنێ ڕا هاتون بەرهەمیان کۆکردۆتەوە هەرچەند.بەشی زۆری بەرهەم و کەسب وکاری ئەوحێلا تیانە لەڕێگای ئاژەڵداری وبەخێوکردنی ڕەوەوگاو.وگۆل ومەڕومالاتی وەدەست هاتوە دیارەهەرکەسەش جێگای د یاری کراوی خۆی هەبوە بەهاران هاتون وپایزانیش گڕاونەتەوەگەرمێنێ٠

(**کانەبی فەقێ وەیسی**) کەلەتایفەی ڕەمکان و سەردارحێلی ئەوتایفەی بووە دەزەمانی خۆێ دا .پیاوێکی ئازاوپالەوانێکی زەبربەدەست بوە هاوینەهەواری کانەبی لەلاجانێ مامەشان سەروەشاری پیرانشاری جێگایکی زۆرخۆش وبژوێن بوە،بەنێوی پەلاساوێ کە ئیستاش ئەوموچەبگرەلەئەوزەمانیش زۆرخۆشتروبژوێنترە.،

هەروابەهاران هاتوەوپایزانیش وێڕای خەلکەکەی گەڕاوەتەوە بۆگەرمێنێ ٠

کانەبی لەکەس وکاری خۆی لەئەوهەوارگەی تەنیاخۆازی دایکی دەگەلێ بوە هەشی بن براوباب وکەس وکاری دەگەلێ نەبوەلەئەوهەوارگەیەی ژیانێکی خۆش وساحێبی مەڕوگاڕان ڕەوەویکی زۆربوەوبۆخۆشی بەشی زۆری سالێ دەگەلێ ڕاو وشکارێ خەریك بوە،

کانەبی عادەتیشی وابوەهەمیشەدەست وپەیوەندوکاردارشوان وگاوانی زیرەك وئازای بۆبەخێو کردنێ مەڕومالاتەکەی ڕاگرتوەکەچی ئەوسالەی کارداری باشی بونەگیرابوو٠،

کانەبی ڕۆژێکی بەبێ غایلە.لەکەلێ نۆکەرێکی دەچێتە ڕاوێ

ئەحمەدخانێکیش هەبوەئەو ئەحمەدخانە .وەکوکانەبی پالەوان وزەبربەدەست بوە ونەزاندراوەدەگەلێ کانەبی لەسەرئەوملکەی یاهەردوژمنایەتی عەشیرەی؟. کۆنیسان هەبوە٠، یاچی وبەخوو بەپیاوێکی لەدەروبەری پەلاساوێ خۆی حاشارداوەوادەرکەوتوە چاوەڕیێ هەلێکی وابوەولەهەموزەمانێکیش دا فسۆس وپیاوی خۆێڕی هەرهەبوەوئاگاداری چونەڕاوی کانەبی دەبێ ودەچی لەپشت کونەپێستێ ڕا.ڕەوەی کانەبی دێنێتەخواری وبی فڕێنێ دوکەس لەکاردارونۆکەری دەکانەبی لەوێ دەبن ئەوانەکەچاویان بەئەحمەدخانی

دەکەوێ ئەوهەیکەلەو..هیچیان ناوێرن قەرەلەقەرەی دەن بەلاّم خوازی دایەکانەبی دێتە پێش ڕوەی وبەئەحمەدخانی دەڵێ ڕەوەی بەجێ بێڵەورێی خۆت بگرەوبڕۆ ئەوە،ڕەوەی کانەبی فەقێ وەیسیە بەپیاوی وەکوتۆناخورێ ئەحمەدخان جاری،ئەوەڵێ دەجوابی خوازێ دادەڵێ ڕەوەی زۆرپیاوی لەکانەبی پیاوتریشم خواردوەئەوەئاخیریەتی ؟

پورە خواز دەڵێ باشەئەتۆکیی واغللوربویە بەخۆت وبەپیاوێکت ،

ئەحمەدخان دەڵێ ئەمن ئەحمەدخانم وئەحمەدخنی باڵەکیم پێ دەڵێن پاڵەوانێکی وەکومن نۆکەروپیاوی زۆری بۆچیە ؟ئەوجارپورەخواز دەڵێ باشەئەگەرئەتۆ خانی خان نابی وەدوای کاری دزیو بکەوی وچۆن ڕەوەی دەفرینی؟ ئەوجارئەحمەدخان قسەی دەگۆڕی ودەڵێ ڕەوەڕفاندنی چی ئێرەهەموی هەرموڵکی خۆمەوکێ دەتوانی چەبڵێ ،

پورەخواز دەڵێ باوەڕیم بەئەوقسانەت نیەونەسیحەتی من دەگوێ گرە،ڕەوەی بەجێ بێڵەوبڕۆ.هەموکون بۆدەست تێ ڕۆکردنێ نابن ،

ئەحمەدخان بەتاڵوکەبەنۆکەرەکەی دەڵێ دەنگ دە، پورەخواز. دەچیتەپێشترو :باپرسیارێکی دیت لێ بکەم ئەحمەدخان دەڵێ پێرێژن ئەوپرسیارەشم لێ بکەوهیچی دیکەم مەخافڵێنە،پورەخواز :مارەیی دایکی تۆچەندبوە،ئەحمەدخان: ئەوەچەپرسیارێکە لێم دەکەی زێیدەلەدایکان مارەیی داکی من پێنج کەتەدیناربوە،

پورەخوازدەڵێ مارەیی دایکی کانەبی چل لیرەبوە ،ڕەوەی کانەبی بەتۆناخورێ بەجیی بێڵە ولەڕیی خۆت برووخۆت بەهیلاك مەدە.

ئەحمەدخان چی دی جوابی پورەخوازێ ناداتەوەڕەوەی.ڕەپێچەك دەدا وپورەخوازیش دەزانی تازەبەقسەی ناکا وجوابی ناداتەوە.وەکونۆکەرەکانیش بێکار ڕاناوەستێ ودەست بەخۆیدابرناداتەوەبەردو،ودارۆخۆڵێ دەبەرڕەوەی هەڵداوێ ونیوەی ڕەوەی بردەبی ودەگەڕێتەوەبازرەدەبی وهەڵدێتەوەودەڕوابۆسەرینچاوەی برایم ڕەشکی ویان پشتی بەردی گۆێزێ ،ئەحمەدخانیش ناوێری چیدی ڕاوەستی باقی ڕەوەی دەباودەڕوا.

لەلای دیشەوەخەبەرێ بۆکانەبی دەبەن وئەویش زوێکی دەکەڕێتەوە پەلاّساوێ

وپرسیارێ نێوونیشانەی ئەوکابرایەی لەدایکی دەکات هەتابزانی کێیەڕەوەی فڕاندوە٠،
دایکیشی پیی دەلێ .گوتویەتی نێوم ئەحمەدخانە وئەحمەدخانی باڵەکیم پێدەلێن٠،
ئەوجارلەدایکی دەپرسی چی دەبن دابو،دایکی دەلێ سواری ئەسپێکی کوێتی قاپ ڕەش
ببوکەفەلی ئەوەندەپان وبەرین بو،دەت کوت فیلەتەختی لەسەردابەستراوە ،

ئیدی کانەبی دەی نا سیت وهەربەخۆوبەنۆکەرێکی وەد وای ئەحمەدخانی دەکەوێ٠،

ئەحمەد خان لەزۆرجێگایان خەریك بوەشوێنەوەنکەی بەڕەوەی بکا بەلام کانەبی
شوێنی ون نەکردون وکەوتوتەدوی ڕەوەی هەتا دەدەشتی شنۆییەی کردون وگەیشتونەتە
قرۆشاوێ و لەقرۆشاوێ شنویە کانەبی دەگاتەئەحمەدخانی بەڕەوەوە،پێشی لێ دەگری
ودەلێ ئەحمەد خان ئەوە سەرت لەچەندی هیناوەهاتوی ڕەوەی کانەبی دەڕفێنی ،

ئەحمەد خان دەلێ ئەمن ڕوحمم پێ کردوی خۆدەنا ماڵ ومناڵەکەشم بەتالان دەهێنای
هێندێك قسەوبەبەرێك هەلاچون هەڕەشە ئەوجار ئەودوپاڵەوانانەبەگورزان وەردەگەڕێنە
یەك تری،دەگەڵ تۆزی بەری پیێ ئەسپان هەورێك دێتە ڕوی ئاسمانی،هەتاهەردوك شل
وشەکەت دەبن ئاخرەکەی کانەبی ڕمبێکی لەئەحمەدخانی دەدا وئەحمەدخان لەسەر
ئەسپەکوێتی دەکەوێتەخوارێ وئەگەر ئەحمەدخان لەسەرئەسپی دەکەوێ ودەشزانی تازە
لەکەلك بوەودەمرێ لێرەفێلێ لەکانەبی دەکاوبۆغللوربونێ برێك تەعریفی کانەبی دەکا
وبۆجێ بەجێ کردنی گەلالەی فێڵەکەی خۆی دەلێ کانەبی بەحەقەت ئەمن هەلەم
کردوە،دەنادەبا،لانی کەم بەقسەی دا یکتم کردبا کەپێی گوتم ڕەوەی کانەبی
بەتۆناخورێ ڕاستی پێ گوتبوم،ئێستاش ئەمن کوژراوم بائەورمب وشیروگورزانەبۆشوان
وگاوانان نەبن حەیفە وەرەلێم کەوە لێت حەلاڵ بن٠ وقابیل بەتۆنە،

کانەبیش بێ خەیال لەوەی کەبزانی ئەحمەدخان فێڵی لێ دەکا دەچی ئەسپابی
شەڕێی لێ بکاتەوەئەحمەدخان قەرەبینای پێ دەبی ئەویش قەرەبینایەکی لەدم وچاوی
کانەبی دەدات ئەویش دەکوژرێ وکەلاکی بەسەرکلاکی ئەحمەدخانی دادەکەوێ هەریەکەێ
دەکەونەدەنێودێراویکی،نۆکەرەکانی ئەگەرلەپەلاساوێ ڕادەکەونەدوی وئەوکارەساتەی

دەبینن ڕەوەی دەگێڕنەوەوومەیتی کانەبی وئەحمەدخانی دێننەوە پەلاساویێ وکانەبی هەرلەپەلاساویێ نێژراوەوغەلێ کانەبی ئێستاش هەروەکوخوی ماوەتەوە بەقەرارێکی دایکی ئەحمەدخانیش هاتۆتەپەلاساویێ ومەیتی هەردوکانی دیوەوگوتویەتی کوڕی من وەکونەکوژرابی پێم وایەچونکەبەدەست پالەوانێکی لەخۆی پا لەوانتر کوژراوە،

دایکی ئەحمەدخانی چونکەهیچی نەزانیوە٠،هیچی نەگوتوەبەلام دایکی کانەبی چۆنی بە کوڕەکەی خۆی هەلاگوتوە، ئاواش بە ئەحمەدخانی هەلاگوتوە٠،

دیارە پێ هەلاگوتنی خوازی دایەکانەبی لەبەر ئەوەی بوەگوتویەتی کوڕەکەم بەدەست خوێڕێەپیاوێکی نەکوژراوەوبەلکەبەدەست پالەوانێکی کوژراوە لەخۆی زۆرپالەوانتروبەکارترە،ئەوەش نەقلێك وداستانێکی دورو درێژ تری هەیە، دیرەدا ناگونجی ویا ئەمن چیدی لێ نازانم. ئەوەش دوچوارێنەو.دوبەیتی دایکی کانەبی:

کانەبی بو ئەحمەدخان ئەی سەلات لە من کانەبی
جوگەلێکیان بو نێوان، ئەی سەلات لە دایە ڕابی
ئەی گورزیان نۆربە نۆر لێلدان ئەی سەلات لەمن کانەبی
هەردوکێان بون مالۆێران ئەی مەگەرقوچ عوسمان وابی
کانەبیم ئەگەرپێ دەزانی ئەی سەلات لەمن کا نەبی
ئەسپی دێنێتەجولانێ ئەی کۆینت دەبەردایە بی
هات گرتی بەری مەیدانێ ئەی سەلات لەدایەڕابی
تۆزگرتی بەری حاسمانێ خۆمەگەرقۆچ عوسمان وابی

١-بەژنی کانەبی بەمن بمێنی بەوێ دارێ بەوێ خەلفەچنارێ ئەگەرشین دەبون لەسەر کۆتەلی دەئاشی

لکێکم لێ داوێتەوەسەرئاوێ وئەوی د یکەشم لێ داوێتەوە سەرداوێنی شۆڕەبیەکانی شاجۆکەوولێواری دەجۆیەئاشی٠،

لەپاش مەرگی کانەبی فەقێ وەیسی سەردارحێلی ڕەمکان تازە هیچ کە س خۆازی

سەربەتاڵ وبابان وێران ڕاناگری ئەبەسەر شۆرو کڵفەت ئە.بە.لەلەو قەرەواشی٠،

٢- دەوەرن ئەسپی کانەبیم بۆبێننەوەدەرێ لەوێ خاوێ٠،

یاڵ وبژانی بشۆن بەمیشک وعەنبەران بەعەتروعتوری دە عەتاران ناوە لالا

هەربەشوشەی دەگوڵاوێ٠،

خۆ لەپاش پیاوێکی وەکوکانەبی فەقێ وەیسی سەردارحیێلی ڕەمکان تازە هیچ کەس ڕاناکری خوازی سەر بەهەش ومل بەدەوار ، بەلەلەووقەرەواش وسەرشۆریشیان پێ ناوێ٠

٢ ـ **گۆرانی** :خواڵیخۆشبو، کاك محەممەدی ماملێ، دەنگ خۆش و گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد گۆرانیێکی بە پەلاساوی هەلاکوتوە، ئەوە ش چەند نمونەی شێعرەکانی، وەکی باس دەکەن ئەوشێعرانەکاك سێمانی شاوەلەی دایناون یان هەرکەسێکی دیکە.

ئەسپەکوێتم بۆ زینکەن، دەڕۆم دەچم بۆ ڕاوێ

میر دەستوری پێداوم ،بۆخۆم دەگرم سەر ڕاوێ

خۆی لێ مەلاس کردومە،لە بن پنجی ژاراوێ

شینکێت بۆ هەڵدەستێنم، لە موچەی پەلاساوێ

ئەجیبە تۆم ئەجیبی، بۆ گشت دەردم تەبیبی

ئەجیب! بێنە ڕاموسا نێك، با نەمرم لە غەریبی

ئەهاتی ڕوی تێکردوم، کەوتومە ئاشبەتاڵی

تەیری بەختی من ڕۆیی،دای لە تەقەی شاباڵی

بە قسەی بەکرە شوفاری، کەوتومە، سیاچاڵی

ڕەشمەلەسەرئەسپی کوێت،لەسەرچی دادەماڵی

ئەجیبە تۆم ئەجیبی،بۆ گشت دەردم تەبیبی

ئەجیب بینە ماچت بکەم،با ئەمرم لە غەریبی

٣- **پیرساڵ**: یەکێك لە ئەسحابەکان بوە لە سەرەوەی پەلاساوێ لەبن ڕەوەزێ، بەخاکێ ئەسپێردراوە. دارەگوێزی لێن وداره گوێزەکان مەوقوفەی پیر ساڵین واهەبوە سەیدقادری دێوانە یاکەسێکی دیکە ئەوگوێزانەیان پاوان کردون وبۆیەشیان پاوان کردون دەیان گوت با.بەناکاملێ لێ یان نەکەنەوەوبابەباشی بگەن دەنابۆفرۆشتنێ نبوە ئەوساڵەی پاوان کرابان دەنکەگوێزێکیان پێوەنەدەبو؟بەشاهیدی هەموخەڵکی خورینج ودەوروبەری.ئەودارەگوێزانەش ،بۆیەتائیستاماونەتەوەکەس ناوێری دەستیان لێ بدات هەرکەس لکەدارێکی هینابێتەوەزەرەرێکی زۆرگەورەی لێ کەوتوە؟

٤- **پیرساڵ**: پێش شەهیدبونی لەبەرەوەی گلکوکەی، لەبەردی وەسەرکەوتوە،چوکی داداون، ئێستا جێچوکی زۆربەجوانی لەسەربەردەکەی دیارن پیێدەڵێن جێجوکان.

٥ - **قەلات**،گویاشا یاحاکمی کاتی لەسەرقەلاتی ماوەتەوەبەقەولێکی لەسەرکانێ پەلاساوێ شێویان لێ ناوە وچونکەلەسەرقەلاتێ ناوێکی وای لێ نەبودەنا؟ئێستاش ئاسەواری خان وبەرەو،جێ چالاوی هەرلێ ماون،دەست بەدەست مەجومعەیان بردۆتەسەرقەلاتێ کتکان چونکەئەودوندەشاخەی ڕوبەڕوی خورینجی قەلاتێ کتکانی پێ دەڵێن.

٦- **سەید ئەحمەدان**: کێوێکەوابزانم کەمێك لە قەلاتی کتکان نەوێترە، کەوتۆتە باشوری گردەبنی و باکوری بابەکراوێ و قوبلەی خورینجی. خوالێ خۆش بو کاك محەممەدی ماملێ گۆرانیەکی بەئەوجورەی بە سەید ئەحمەدان هەلاگوتوە، نێوی بەردەسپیلکەی تێدایە کەبەردەسپیانە،کەوتۆتەڕۆژئاوای گردەبنی

دەچمە سەرسەید ئەحمەدان کانێزەردم لێدیارە
دەستت دە عومری گرێ، شێخی ماڵ لە بیارە
بەردە سپیلکە چۆنە، جێڕاوگەی خۆم و یارە
زێنەبێ هەی زێنەبێ،زێنەب دوددانی زێڕە

ئومـــەتی محەممـــەدیم لـــە دینـــم وەرمـــەگێڕە
دەرد یکی و ا ی دا ومەتیّ کا فـرحا لّم نـەبیـــــنیّ
گەلی دوست وبرادەران بـۆم بگێرن گەرمـەشیـــــنیّ
خۆدەلّێن لیّرەنەماوە چۆتە چـین وما چیـــــنیّ
زێنەبیّ هەی زێنەبیّ لەزینـەبەئەی قەلاّ تـــــان
دەری بابا نت شێـویّ نێوت کـەوتە و لاّ تـــــان

٧ـ **ڕەوەزی کێوی بەردی گوێزێ**؟ بۆ لای دێی کێلـەسیپان هەڵدێرە.

لە پشتەوەی تا ئەندازەیەك گۆڕە، ئەو بەیت و باوانەی کە گوتویانە وادەردەکـەویّ، خەج و سیامەند؛ ئەو دو عاشقە میژوییانە، کە ئامۆزای یەکتریش بونە لەگورەپانی پشـتی بەردی گویزی،بۆ وچان‌دان یاخۆشاردنەوەی ماونەتەوە.سیامەند لـەویّ دەگەڵ کەڵـەکێوی بەشەڕهاتوە، هەرچەندخەجی ئامۆزای، بـانگی کردوەوگوتویـەتی ئـاموزا وەرەلـە شـەڕی کەڵـەکیویان گەڕیّ، شەڕ دەگەڵ ئەوانە باش‌نیە، ئاخیری بەقسـەی نەکردوەوخەنجـەرێکی لەکەلەکـەی کەڵـەکێویّ گچکەلاّنەکـەی دداو کەڵـەکێوی دەکـوژریّ لەگـەڵ لینگەفرتـەی شەقونێکی دە سیامەندی هەڵدەداوبەسەرپەلی دارەبەنیّ دا،دەکەوێت و سیامەند.دەمـری، و خـەج شـینێکی زۆری بـۆ دەگـێڕێت وبەبـەندان زۆری پـــیّ هـەلاّدەلّێت، کـە ئـەوەش، داستانێکی تایبەتی خوی هەیە.دوایەخەجیش بەسەرپەلی دارەبەنیّ دا بدوای سیا مـەندیدا خوی هەڵدەدێری ودەمری جابراکانی خەجێش دەگەنە سەریان.

٨ـ **گرد خەزێنە**:گرد یکی میژوییەو هەربەئەونێوەش نێوی دەرکردوە لەسەر.ڕێگـای کێلەسیپان و خورینجیە.

٩ـ **کانیّ کۆخەی**:قەدیم دوکتور کەم بونە،ئەوەی کۆخەی دەگرت، دەچـون لـە کـانیّ کۆخەی ئاویان بۆ دێنـا، ئاوەکـەی دەخـوّاردەوەو چـاك دەبوونـەوە بـەلاّم ئاوهینانەکـەی ئاوابوەدەبابـەیانان زوچوبـان ولـەویّ ئاوریـان کردبـاوەو،ئاوەکـەیان هێناباتـاوی ویّ نەکەوتباو،هەتادەگەیشتەوە.نەدەباثاوڕیشیان داباوەدوایە،لەنیزێکی کانی ئەشکەوتییە.

بەردی گوێزێ

بەردی خورینجی

حەیارەی خوێیە

دەگێڕنەوەودەڵێن کابرایەك ژنێکی هەبوە.چونکەئەوژنە،مێردەکەی خۆش‌نەویستوە، جا مەعلوم نەبوە بەرخوێن بوە یان ژن بەژنەی پێ‌کرابو یان .. هەرچیشتێکی لێی نابا بێ‌خوێ بو؟یان لەبەرسوێریان نەدەخورا.جا بابزانین چەکلاوێکی لەسەری مێردەکەی دەنێ وچۆن وبۆکوێی بەرێ‌دەکا.

ڕۆژێکی کاك ڕەسوڵ دەڵێ ئەری ئەستی ئەتونەوشیوانەی لێ یان‌دەنێی زۆرخۆشن ؟ بوۆیان لەبەرسوێری ناخورێن یان ئەوەندەبێ‌خویەوهیچ تامێکی لێ نایە؟

ئەستی لەسەرەخۆ:چت لێوەشێرم، حەیارەی خوێیەم لە ماڵە بابم لەبیرچوە، ئەوە بۆیە شێوەکان یان بێ‌خوێ یان دەناسوێرن. ژنە بۆخوێ بەخوێ گوت هەرنەبێ سێ چوار ڕۆژان لەبەر چاوم ون‌دەبێت.

ڕەسوڵی بەدبەختیش باوەڕی پێ‌دەکاو:ئەدی ئەوەچۆن‌دەبێت؟

ئەستی دەزانی باویەتی خوێ لێ مۆن دەکاتەوەودەڵێ چۆن دەبێت چییە؟!

بەغارێکی بچۆماڵەبابم سەرێکییان لێ‌دەولەکن دایکم حەیارەکەشەم بۆبێنەو.وەرەوە!

بەڵێ ! ڕەسوڵ لە مەکری ژنان حاڵی نەبوە،باوەڕی پێ‌دەکا، بەیانی زو پاروە نانێکی دەخواو وەچا خواردنەوەی ڕانەگەیشتوە.یا نەیان بوە،:بەڵکو زو بگەمێ، کاڵەو پێتاوی لێ هەڵکێشاو بگرە ماڵە خەزورم هاتم بەپێیان وهەربەغار.

سبەێنێ لای نویژی شێوان کە گەیشتە وێ پاش لێ پرسین وچاك وخۆشێ پورئامانێ خەسوی دەڵێ ئەری ئەستی چۆنە؟

ڕەسوڵ:وەڵلا زۆر باشە، سلاوی لێ‌دەکردن.

پورئامان دەڵێ ئەدی ئەوە چۆنە هاتوی ئێرەت پێزانیوەڕەسوڵ؟

ڕەسوڵ:ئاموژن! ئەستی حەیارەێ خوییەی لێرەلەبیرچوەو ئەمنی ناردوە بۆ حەیارەی خوێ یە.پور ئامان دەڵێ هەی عەمری نەمێنی بەوەی لێ کاوبەوەی تێ کا.

ڕەسوڵ: بەخودای ئاموژن هەتا دەگەمەوە لەبیرم دەچیتەوە،پساوم!

پور ئامان:جابۆ لەبیرتدەچیتەوە، هەربڕۆ بڵێ بەوەی لێکەو بەوەی تێکە.

گوتی وەڵڵا باشە هەردەڕۆم و وادەڵێم. شەوێ لەوێ ماوە بەیانی پاش نان و چا خواردنێ هەستا خەریك بو وەڕێکەویت ڕەسولێ:ئاموژن! جاخۆ لەبیرم چوتەوە.

پوورئامان وەبیری هێناوەوپاش خواحافیزی وەڕێ دەکەوی لەدی وەدەردەکەوێ و.کەم مابودیسان لەبیری بچیتەوەوبگەڕێتەوەبۆکن پورئامانێ،وەبیرەخۆی هیناوەو،بۆ ئەوەی تازەلەبیری نەچیتەوەدەستیپێدەکابەوەی لێکەبەوەی تێکە.جاروبارەش چون کەیفی زۆرسازبوکردبویەگۆرانی زۆرڕۆیی گەیشتەکابرایەکی جانوئەسپێکی تۆڕیان بوگرت بو، سواری ببو.هەتاڕامبێت،ڕەسولێ بەدەنگی بەرزەوەدەیگوت بەوەی لێکەبەوەی تێکە. هەرایان کردی وگوتیان کابرالەسەرەخۆ! کابرا بێدەنگ بە ئەوەچەهەڵڵاهەڵڵات داناوە!

نەخێر! بە کێ دەلیێ ئاخر لەبیریدەچیتەوە، گەیشتەلای کابرای سواروگوتی بە وەی لێکە، بەوەی تێکە. جانو ئەسپ ڕەویەوەو کابرای سواری لە سەرتەختی پشتێ لە عەرزێ ڕاکێشا، جانوئەسپ بەربوهەلات و غاریاندا کاك ڕەسولێ، هەتا توانێیان کوتایان وگوتیان ئەوەبۆبێ دەنگ نابی بەکرێ گیراوی چەیە.

گوتی ئەدی بلێم چی؟ وایزانی ئەوە حەیارەی خوییە نیە گوتیان هەر بڕۆ بلێ پیروزوموبارەك بێت یاخوا لێت موبارەك بێت هەموڕۆژێ خێرێکی وات بەنسیب بی.

گوتی زۆرچاکە،چونکەئەوەندەیان لێ دابو تێکەو لێکەی هەرلەبیرچوبۆوە.

بەلێ کاك ڕەسولێ وەڕێکەوت ودەستیپێکرد:پیروزوموبارەك بیت یاخواموبارەك بیت، گەییشتە قەراغ شارێکی تاقەکوڕەی پاشای مردبو،دەیانبردبوقەبران،ڕەسولی بەدبەخت گەییشتەنێوعالەمی:پیروزوموبارەك بیت یاخوالێت موبارەك بیت هەموڕۆژێ خێرێکی وات بەنسیب بی؛ هەرچەندعالەم پییان دەگوت بێدەنگ بە کوڕە! بێدەنگبە! نەخێربەکێ دەلێی؟! سێ چوارکەس غاریاندایەوکوتەکێکی باشیان لێدا،گوتی ئەدی بلیم چی؟!

گوتیان دەڵەی چی هەربڕۆوبلێ خوا عەفوی کا خوا لێی خۆش بیت دلەی چی.

پاش برێك حەسانەوەی کە هەر دەشیگوت نەبادا لەبیریبچیتەوە، وەڕێکەوت

ودەستی پێ کرد:خوا عەفوی کا خوا لێیخۆش بیت، گەییشتە دییەکی لەقەراغ ئەو دێیەی شەڕەسەگ بو،سەگێکیان خینکاندبو خەڵك لە سەیری شەڕەسەیە ڕاوەستابون، گوێیان لەڕەسوڵی بودەیگوت خواعەفوی کات خوالێیخۆش بیت!وایان زانی بەئەوسەگەی دەڵێ خوا عەفوی کات؟

هەرایان کردێ کابرائەوەچ دەڵێ؟ بێدەنگ بە!خۆئەوە سەگە،حیسان نیە ئەتۆدەلیێ خواعافوی کاخوالێی خۆش بی؟

نەخێر،هەروای دەیگوت ولێینەدەبڕیەوە، دو نەفەر غاریاندایە تێڕ و پڕیان کوتا و، دەخۆڵێیان وەردا هەستاوە، بڕێکی خۆ تەکاندو گوتی ئاخر ئەدی بڵێمچیی؟!

گوتیان دەڵیێ چی؟!هەر بڕووبڵێ ئەوچەقەچەقە چیە؟!ئەوحەچە حەچە چیە؟!

بەڵێ!کاك ڕەسوڵی تۆزاوی:زۆرباشەخۆلێمنادەن؟!ناناکەس لێت نادا،ئەگەرهەروابڵیێ؟ کاك ڕەسولێ وەڕێکەوت و دەستیپێکرد:ئەو چەقەچەقە چیە؟! ئەو حەچەحەچە چیە؟! گەیشتەدێیەکی لەبەرەوەی ئەودێیەی حوجرەی فەقێیانی لێبوچاوی بەفەقێیان کەوت دیسان هەرلێی نەدەبڕێوەودەیگوت ئەوچەقەچەقە چیە؟! ئەو حەچەحەچەچیە؟!

فەقێیەکان لەسەرسەکوی پێش حوجرەی دەوریان دەکردەوەودەهاتن ودەچون بەدیتنێ ئەوانیش بێ دەنگ نەبو، فەقێ ئەگەر گوییانلێبو زۆریان پێ ناخۆش بوپێیان وابو بەوان دەڵێ هەرچەند: بێدەنگ بە کاکە بێدەنگ بە!بێدەنگ نەدەبو نەبادا حەیارەی خوییەی لەبیربچێتەوە ئەوانیش غاریان دایەهەتا توانێان کوتایان کاك ڕەسولێ لە لێدانی فەقێیانیش بێبەش نەبو، گوتی باشە! ئەدی ئەمن بڵێم چی؟!

گوتیان کوڕە بێشعور!ملی خۆت بشکێنە،هەربڕۆ بڵێ ببنەمەلا، ببنەفەقێ جارجارە چەپڵێکیشی بۆلێدەو.وابڵێ لەبەر بێ عەقڵیانی نەیدەزانی لەسەرئەوکارەبێ جێیانەی لێ دەدەن.بەڵێ کاك ڕەسولێ پاش ئەوهەموەکوتانەی وەڕێکەوت هەردەڕۆی ودەیگوت ببنە فەقێ،ببنەمەلا،ئەگەرچەپلەکەی لێ دەدا هێندەی چەپڵە پێخۆشبو،ئێش وئازاری هەمو لێدانەکانی لەبیردەچۆوە،بەلام ئەویان زۆری دەوام نەبولە دیی وەدەرکەوت گەییشتە

سەرکانێەکی دو ڕاوچی چەندرۆژبو دە سیپەیدا دانیشتبون سیس ببون ؛هیچیان وەدەستنەکەوتبو.ئەودەمەی مراویان بۆهاتبۆبەرلولەی تفەنگی،ئەگەرکاك ڕەسوڵی چەمبەری بەحیندرحۆڵەولای ڕاهات گوتی ببنەفەقێ ببنەمەلا؛ ڕاوچیەکان هەرایان کرد :کابرا بێدەنگبە ؟کوڕە بگەڕێوە؛ لەگەڵ چەپڵەلێدانو ببنە فەقێ و ببنە مەلای ؛مراوی هەڵفڕین؛ ڕاوچیەکانیش لەتاومراویان؛غاریان دایە؛ ئەوانیش خوری‌شۆری چاکێان کوتا؛

ڕەسوڵی سەرلێشێواو:ئاخر ئەوە چەندجارو حەیارە پێگۆڕیم؛ ئەدی بڵێمچی؟!

کەگوتی حەیارەبڕێکی دیکەشیان لێدا زانیان زۆر بێ دەسەلات وخوێڕیە ؟

ئەوجار پێیان گوت ئاوا بە ماتەماتە بڕۆپشتت هەڵنەیەنێوە ها!

ڕەسوڵ بە ماتەماتە وەڕێکەوت؛ لەوان تێپەڕی زۆرڕۆیبو؛ڕێگای کەوتەقەراغ بێستانێکی؛بەکوڕەکوڕەدەڕۆیی؛تازەدزهاتبونەزگ بێستانی وڕێیانکەوتبون؛ئەگەرچاویان بە کاك ڕەسوڵی کەوت کەئەوەبەماتەماتەدێ؛گوتیان ئەوەتا دزێکی دیکەبەماتەماتەدێ.

بێستانچیەکان غاریان دایەلەبەریان هەڵنە هات و هەر یەکەی دوسێ شەپ و زللەیان لێ دا؛هیندەی وێکەوتبوبەدەنیان خاراندبوو؛گوتی ئەدی بە قوربانوبم بڵێم چی؟ بێستانچیەکان زانیان ئەوە دز نیەفێڵی لێکراوە زگیان پێ سوتا وگوتیان کوڕە بەدبەخت ئاوا قیت و قنج بڕو بو بە ماتەماتە دەڕۆی؛هەر دامەیەوە.

کاك ڕەسوڵ وەڕێکەوت، هەروا قیت ؛دەتگوت بەرچیغی قوتداوە؛گەییشتەوە دەرکی ماڵێ بانگی خێزانی کرد:ئەستی! ئەستی دەڵێ! دە وەرە ژورێ!

ڕەسوڵ:ناتوانم، دەبی سەردەرانەم بۆ هەڵدڕی. ئەوجار خات ئەستی هاتەدەرێ لە پشتەوەڕا پێلاقەیەکی بە پشتێ دادا ڕەسوڵی گیانخاراو نیوچاوانی وە سەردەرانەکەی کەوت، پێلاقێکی د یکەی پێدادا، ڕەسوڵ کەوتە نێوەڕاستی ژورێ و بێ هۆش بو ؛دوایە کە وەخۆهاتەوە هیچی لەبیرنەمابوکەبۆئەستی خانمێی بگێڕێتەوە؛ئەستیش لەکەم هەتا زۆری باسی ماڵەبابی یان حەیارەی خوێیە وهیچ شتێکی نەکردو شێوەکانیش چا بونەوە.

***

قەل و کۆتر

لە زەمانەکانی قەدیم دەگێڕنەوەدەڵێن ساڵێکی دەپاییزێ دا،قـەلێك لـە ڕەفیقـەکانی بەجێ‌مابو،وزۆرگەڕاکوترێکی دیتەوە؛چونکەقەل نێرەبووکوترەکەش مێیـەبو،پـاش وتـو وێژێکـی زۆرکوتـرڕازی بـوو ڕێككـەوتن و،مـێردی بەقەلـەکەی کـردو بەزەحمـەتێکی زۆرهێلانەیان دروست کرد وەختی هـات دوهێلکـەی تـێ کـردن دەوەختی خۆیداکورك بـو جووجکەی هەڵێنان،پاش ماوەیەکی جوجکەکان پـەڕوازەبون،هاتنـە هـەڵ فڕینی،لەسـەر جوجکەکان قڕڕەیان لێ‌پەیدابو،چونکە قەل دەیگوت ئەمن هەربۆخۆم تەواوی خواردەمەنیم بۆ هیناون ولەهەمو بارێکەوە، ئاگاداریم لێ‌کردون و جوجکەکان نادەم بە تۆ.

لەولامدا کوتردەیگـوت ئەتوهـەرخۆت بـەخیوکردوەو.هـەر قـازانج بـە گیـان ولـەشت گەیشـتوە، تەنانـەت لـەبەر هەوەسـێ دەگـەڵ مـن تێکـەڵ بویـەو ئیسـتاش هیـچ حـەقی مندالانت نیەو نابی باسیان بکەی، چونکـە تـەواوی کوێـرەوەری لـە ئەسـتوی مـن بیـت و جەنابیشت ئێستا هاتویە سەر حازری ودەڵەی جوجکان نادەم بەتۆ چۆن وایە.

بەڵێ! بەئەوجورە هیچیان بۆهیچیـان نەدەسـەلماند،نـاعیلاج چونـەلای قـازی هـەتاحاکمی مسوڵمانان ڕێگایەکیان بۆدانێت وکێشەیان خەلاس کات بەئەوجورەی لـەحزورحاکمی هـەر کەسەقسەی خۆی کردو قازی پیێ‌گوتن، هەرکەسێکی دەلیلی گەورەتری لە سـەرمخالیفی خۆی بێنێتەوەجوجکەکان بۆوی دەبن،ئەبەئەوجورەی قەل دەسـتی‌پێ‌کرد وچەندکەسێك لەحزورقازی بون وگوێیان لەکێشەوهەرای قەل وکۆترێ بوخستیاننە ژێرچاوەدێری خۆیـان و،لەوێ مانەوە وگوتیان بابزانین ئەوانەچەدەکەن وجوجکەدەبنەئی کامەیان.

وتـاری قەل:

جەنابی قازی دەگێرنەوەدلێن؟پاشایەکی زۆردەوڵە منـد.لـەولاتێکی دەژیا هەرچـەند ئەوپاشـایە وەکوشـــایەکانی دی مـــالێکی زۆروبـــەلام بەبێنەوبـــەرەوو.زورئـــاوەدان نـــەبو تاقەکوڕێکی هەبو نیـوی ئەحمـەد بـو، هەرچـەند کوڕەکـەی خـەریکی خوێندنی‌بـو بـەلام پاشاهەتابۆخۆی مابو، ژنی بۆ هینا زۆری پیێ‌نەچو پاشای بابی ئەحمەدی مردو ئەحمـەد

تەنیا مایەوە لەگەڵ ئەوەی ژنەکەی بەخواستی خۆی و بە د ڵی خۆی مێردی بە کوڕی پاشای کردبوو بەدڵی یەك بون؛ هەموڕۆژی ئەو کوڕە وەکو شاگرد مەدرەسەیەك بەیانان دەچۆو دەرسخویندنیٚ، بۆ نیوڕۆژ وشەوانە،دەهاتەوەماڵیٚ؛زۆربە خۆشی ئەودو دڵدارە ڕایان‌دەبواردو،هەرچەندجاریٚ ئەحمەد.دەهاتەوەماڵیٚ وچاوی بەبەژن وبالأوگفت ولفتی خانمیٚ و وەزعی ماڵەکەی دەکەوت ماڵێکی ئەوەندەخۆشیشیان هەبوگەزگەزیێ بالأدەبو. ومێشك ودڵی بۆخویندنیٚ هانی دەدا،بیٚخەبەرلەوەی ژنیٚ ئەحمەدی ڕۆژێکی لەسەرقەلأو بالأخانەی بەلەنجە ولاردەهات ودەچودیتی لاوێکی تازە پیی گەیشتونێوی سەعدون بوو، مەجومعەیەکی جغارە پیٚیە بۆفرۆشتنیٚ بەکوچەی‌دادەڕوات خێزانی ئەحمەدی جغارێکی لە سەریٚڕا هاویشتە نێوجغارەی سەعدونی جغارەفرۆش.

سەعدون دیتی، جغارەیەك هاتەنیوجغارەکانی تەماشای کرد لە سەرەوە ژنەی دیت و گوتی ئەوەئەوجغارەت بۆ هاویشتەنێوجغارەکانی من؟!

خێزانی ئەحمەدی دەڵیٚ جغارەی من هەربۆ نێوجغارەی تۆباشە!

ژنیٚ ئەحمەدی لەسەرەوەوسەعدونی ڕەبەنیش لەخواریٚ دەستیان بەقسان کردو بەکورتی،کاکەوبرالەیان کردوپێك هاتن ،وادیاربوەئەوەهەلەی زۆرپیٚ خۆش بوە هەرچەندجێی ترسیٚ بوەبەلأم جحێلٚ ڕۆژی واترس ومرسی نامێنی،بەڵیٚ سەعدونی جغارەفرۆشی بردە وەتاغەکەی خۆی وسندوقێکی گەورەی بۆدروست کردکەپێیان‌دەگوت یەغدان ئەگەر ئەحمەدی مێردی دەهاتەوە، دە یەغدانەکەی دەناو،دەنا دەهاتەدەریٚ و خەریکی ڕابواردنیٚ دەبون، هەتا ڕۆژێکی ئەحمەد بەبیٚ ئەوەی فکروبیرێکی لەهیچ شتێکی کردبێتەوە وبەبیٚوەختی هاتەوەماڵیٚ، یانی نەنیوڕۆژبونەشەو، هەرچەند،ئەوکۆشك وتالارە لەدەروازەیەوە تا دیوی دانیشتنێ سیٚ زەنگی هەبون بەلأم خیزانی بەشەپرێوی دیت و هیچی نەگوت و هەروابەبیٚدەنگی وەکو هیچ نەبوبی گەڕاوەبۆمەدرەسەی.

ئەحمەد ئەوماموستای لەکنی دەخویند دەگەڵ یەك زۆرسەمیمی بون، هەرڕازێکی ئەحمەدهەیبابەماموستای دەگوت،بەتایبەتی وەزعیەتی خویٚ و ماڵیٚ.

کەچۆوەلای ماموستای ئەوەی چاوی‌پی‌کەوتبوبۆی گێڕاوە،مام وەستا پێی گوت ئەحمەد بچو،زەنگی ئەوەڵێ بەلۆکەی بئاخنە ودیسانیش هەربە بیٚوەختی بچۆوە ماڵێ، ئەحمەد.بەدەستوری ماموستای کارەکەی کرد،ئەوجارخێزانی شەپڕیوتر د یت هەتا زەنگەکەی دوهەمیشی بەست ئاوا، بویٚ مەعلوم بو کە شتێك دەگوڕیٚدا هەیەو خێرایەکی،چو ئەویشی بۆماموستای گێراوّە.

ماموستا،گوتی زەنگی ئاخریش ببەستەوەهەربەبیٚوەختی بچۆوەبزانەچ‌دەبیت وچ دە بینی بەلاٚم هێدی ولەسەرەخۆۆ وشیاربە.ئەحمەد.

ئەحمەد.ئەوجاریش بەقسەی ماموستای کردوزەنگی ئاخریشی بەلۆکەی ئاخنی وەژورکەوت خانم هەرئەوەندەی پی‌کرا.سەعدونی دەسندوقی هاویت وبۆخۆشی هەروابەڕوتی لەسەر سندوقیٚ دانیشیت

ئەحمەد.لییٚپرسی ئەوەبۆواخۆت ڕوت کردوتەوە،لەجوابدا،دەڵیٚ ئەحمەدشا،بەخوای هێندەگەرمایەوەختەبخنکێم هەرسۆزەی باشی نایەئەوڕۆماڵتە.

ئەحمەد ئەگەر ئاوای دیت لەبەرخوێڕیەتییٚ؟دەست وپیٚ سپیلکەیی خۆشەویستیٚ ژنەکەی هیچی نەگوت بەلاٚم هەمو هیوایی ژیانی دەگەلٚ ئەوژنەی چۆوّە فەنایە، وەك دەلێن ڕیسەکەی لیٚبووەبەخوری،وەدەرکەوت وابەعاجزی،ڕوی دەچواریاغی کردلەسەر کانیەلەبن دارێکی بەغەمناکی دانیشت،هەرفکری لەوەزعی خۆی وژنەکەی دەکردەوە،

ئەی ئەهلی مەجلیس جەنابی قازی ژن ئەوەتاعەمەلی ئاوایان هەیە،چ بەقابەژنان دەکەی.

دەروێشەکەی دی وەخوٚ هاتەوەو؛ئیدی لەبیرچۆوەبچیت ئەومەوزوعەی بۆمەلای بگێڕێتەوە ؟ئەودەروێشەکچێکی بەمندالی کڕی بوهەرلەمنداڵێش ڕاڕوحی ئەوکچەی دەعەسای کردبو پێکەوەدەغارێدا.دەژیان هەمیشەوبۆهەموجێگایەکیش ئەوعەساییەی هەربەدەستی وەبو؟ دەورێش هات لە بن دارێکی دانیشت، جانتای داناعەرزی وعەسای لەسەر جانتای داناو پەشتەماڵێکی ڕاخست، برێکی تەماشای ئەولاو ئەولایان کرد، کەسی

نەدیت. ئەحمەدیش چونکە وای خۆڵشاردبووە،ئەویشی نەدیت و، دەروێش عەسای دەستدایە هەڵی هاویشتە حەوای، تەماشای کرد بوبەژنێك هەتا دەست هەڵێنی کەڵەگەت و جوان و خوێنشێرین، هەرخۆشبو تیێ وەڕامێنی.

دەگەڵ دەروێشی دەستیان دە ئەستوی یەکتر کردوپاش سوحبەت و عیشقبازی دەروێش دە هۆشەوەچو وبێ هەست لیێ کەوت.

ژنەش،هینای بڕێکی دەرمانی بێ هۆشێ بەدم ولوتی دەروێشیداهیناوبەتەواوی بێ هۆشێ کرد،ئەوجاردەستی دەباغەڵێ ڕاکرد؟سێوێکی سوروگەشی دەرهیناوهەلێ هاویشت بوبە کوڕەجحێڵەیەکی زۆرلەخوی جوانتر.ئەوجارئەودوانە؛دەستیان کردبەکەیف وسوحبەتێ، پاش ئەوەی لەهەموشتێکی خەلاسبون دەستی بەسەروچاوی کوڕەی داهینابۆوە بەسێودەباغەڵی نا هێنای بۆسۆی لەبەردەمی دەروێشی سازکردوئەویش وەخۆهاتەوە،

ئەوجاردەروێش دەستی بە سەروچاوی ژنەکەی داهینابۆوەبەعەسا؟بێخەبەر لەهەموشتێکی و چ ڕوی داوەو چ بوە دەستیداعەساو جانتای هەتابڕوات. ئەحمەد ئەوهەلەی پێ باش بوەبۆئاشکرابونی کاری،خۆی ڕێگای پێ دەگری ودەڵێ ناهێڵم بڕۆی، ئەوڕو بۆ نێوەڕۆیە میوانی منی.

هەرچەنددەروێش زۆری پیی سەیردەبی ئاخرکوڕەپاشایەك دەروێشێکی گەڕیدە بانگهێشتن کات هەرجورێك بولێی قەبوڵ کردو ئەحمەدچۆوە ماڵێ ،ڕوی دەخانمێ کردو :کارم بەنوکەرونێومالێ نیە سێ مەجومعان خواردەمەنی بۆخۆمان سازکە،میوانمان هەیە ؛ لێی پرسی:میوان کیێە؟ ئەحمەد:دەروێش سەعیدە!

خانم:باشە سێ جێگامان بۆچێە؟ ئەتودەگەڵ دەروێشی هەرمەجومعێکوبەسە! ئەمنیش کەمێکم خوارد یانەخوارد هیچ عەیبی نیە!

ئەحمەد دەڵێ نەخێر! ئەتۆ سێ مەجومعانن بۆ سازکەو کارت بەوەی نەبیت؛

بەڵێ ئەودوە چون لەدیوی تایبەتی دانیشتن.خانم هەرئەودەمی مەخافەتی لێ پەیدابو.وزۆریشی پێ ناخۆش بودەروێشی بردەدیوەکەی خۆیان وخانم بەپەلەپەل سێ

مەجومعە خواردەمەنی حازرکردو هێنای لە پێشی دانان.
ئەحمەد مەجومعەیەکی لەپێشەخۆی ویەك لەپێش دەروێشی ویەکی لەپێش خێزانی دانا؛
ئەحمەد بە دەروێشی گوت:دەی مام دەروێش ڕەفیقت بێنە !
دەروێش وەك ڕاچەنینێ ڕانەچەنی ودەڵێ ڕەفیق ؟ئەمن ڕەفیقم نیە !
ئەحمەد.دەڵێ دەبێنە بێنە.، دەروێش:باوەڕکە ڕەفیقم نیە.
ئەحمەد:دە هەستە عەسایەکەت هەڵاوێ بابزانین چۆن دەبی !
دەروێش کەگویی لێبو گوتی عەسایەکەت هەڵاوێ زانی ئاگای لێ بوە ! چاری نەبو هەستا عەسای هەڵاویشت بووەبەژنەکە !
ئەحمەد بەدەروێشی گوت ئەتووەرە دەگەڵ مـن لـە سـەر مەجومعەیـەکی دانیشـین، بەژنی دەروێشی گوت پچو لەسەر ئەومەجومعەی دانیشە٠؟
ژنەچولەکن مەجومعەکەی دانیشت وئەحمەد:دەی خوشکم ئەتۆش ڕەفیقەکەت بێنە.
ژنەڕەنگ وڕوی گۆڕا ئەگـەر.ئەحمەدلـەکن دەروێشـی پێـی گـوت ڕەفیقـت بێنەژنـە گوتـی ڕەفیق چی ئەمن ڕەفیقم نیە !
ئەحمەد: دەی ڕەفیقت بێنە دەی دەزانم ڕەفیقت هەیە !
ئەوجاردەروێشیش دەگەڵ ژنەی سوێندی دەخواردودەیگوت ڕەفیقی نیە !
ژنی ئەحمەدی ئەگەرچاوی بەئەو عەساییەی کەوت وبوبە ئەوژنـە ئـەویش زۆر ترسـا ئەحمەد بەژنێ دەروێشی گوت دە هەستە ئەتۆش سێوەکەت دەربێنەوهەڵێباوی !
ژنەئەگەر زانی ئاگای لێبوە هێندەی دیش تێك چوو هەروەك شێتانی لێ هـات وپـاش زۆرپرکێشی وبەزم هەڵلا ولای دەرکێشی لێ گیرابو هیچ عیلاجی نەبو سێوەکەی لەباغـەڵێ دەرهینا و هەڵێناویشت و بۆوە بەکوڕەجحێڵەکە !
ئەگـەردەروێش چـاوی بەئەوەزعـەی کـەوت هــەروەکوماخولیایان هەسـتا پــێ وئەحمەد.گوتی دانیشەوەجێگای خۆت جاریێ کارمان ماوەو.بەژنەش دەڵێ: ئێوەهەردوکو لەسەرئەو مەجومعەی دانیشن.

ئەوجار.ئەحمەد ڕوی دەدەروێشی کرد وگوتی بزانەڕەفیقم بۆخۆت پەیداکرد ڕەفیقم بۆڕەفیقیشت پەیدا کرد، ئەتۆش پیاوبە ڕەفیقیکی بۆئەوڕەفیقەی من پەیدا بکە؟

دەروێش هەم لەبەرغەرەزی خوی کەوەزعی وای لێ هات حالی بوو.پێشی خۆش بوکاری ئەوانیش ئاشکراکا.دەروێش ڕوی دەژنێ ئەحمەدی کردوگوتی دەی خانم ئەتۆش ئاواڵت بێنە خانمێ ئەحمەدی بەلەرزەلەرزو بەترسەوە دەڵێ ئەمن ئاواڵ وڕەفیقم هەر ئەحمەدشایە.دەروێش وای گوی لێ دەبی کەچە شیرێکی پێدەبی، هەڵیکێشا کەچە شیرەکەی وڕایکردە سەر یەغدانێ، شەپێکی لەیەغدانێ داو سەعدونی لەنیویەغدانێ بەمرخێش مرخێش هێنادەرێ.

ئەی ئەهلی مەجلیس:جەنابی قازی چ ئیعتیبار بە ژنان دەکەن ئەوەتا ژن عەمەلی ئاوایان هەیە.

ئەحمەد گوتی کابرای جغارەفرۆش ئەتوش دەگەڵ خانمی لە سەر ئەو مەجومعەی دانیشە! هەرچەند ناکریت نابیت و هاواریان کرد، فایدەی نەبو گوتی ئیوە دەبێ بە یەکەوە نانی بخۆن!

بەڵێ !ئەحمەد،دەگەڵ دەروێشی و،ژنی دەروێشی دەگەڵ حەریفی و،سەعدون دەگەڵ خێزانی ئەحمەدی،نانیان خواردیانەخوارد،ئەحمەد.ودەوریش هەردوکیان ژنەکانیان تەلاقدان و بەرهەڵلایان کردن.

چونکە زانیان خەتالەژنە کانیانەیاعادەتی ئەوزەمانەی وابوەیان لەبەرخوێڕێتیانیان چیان بە حەریف یاکەڵەگای ژنەکانیان نەگوتوە٠

بەڵێ! ئەوانە ژنەکانیان دەگەڵ حەریفیان وەدەرکەوتن و ڕۆیشتن. ئەحمەدو دەروێش ئەگەرتەنیامانەوە، ؟ئەحمەد ڕودە دەروێشی دەکاودەڵێ ئەمن ماڵێکی زۆرم هەیە، هەرکەسێکی بلێی بۆت دەخوازم وبۆت دێنم. دەوریش:ئەمن ئەوژنەم بەمنداڵی کڕیوە،وڕوحم دەئەوعەسایەی کردوەکەبیست وچوار سەعاتەبەدەستمەوەیە،دیسان حەریفی بۆخۆی پەیداکردوە؟چۆن وچەژنێکی پەیداکەم وبەقای پێ بکەم ؟ئەمن هەتاماوم

تازە ژنیٚناهێنم،ئەتوش بۆخۆت کەیفیٚ خۆتە !

ئەحمەد: هەرچەند ئەمن جحێڵم، هەڕەتی جحێڵێمە، بەلاٚم هەروەکو بۆخۆت دیتت ئەمن کوڕەپاشایەکم وئەو ژنەم بەدڵی خۆم هێناوە،هەروەکوئەمن بەویستی خۆم هێناوە، ژنەکەش هەروابەویستی خۆی بوەوکەس زۆری لیٚ نەکردوە، لە سەرئەوحاڵەی بچیت ئاوا ئابڕوی من بەرێت،ئەوکارەناحەزەی بکات ئەمنیش، تازە هەتا ماوم ژنیٚ ناهێنم.

ئەی ئەهلی مەجلیس، جەنابی قازی! ئەوەتا ژن کاری ئاوا دەکەن چ ئیعتیبار بە ژنان دەکەن ؟

دەروێش دەگەڵ ئەحمەدی هەردوکیان بیٚژن مانەوەکوتر لەئەو هەمو وەختەیدا کە بیٚدەنگ دانیشتبو، ئەوجار وەجواب هات.

وتاری کوتری میٚیە :

ڕوی دە قازی و مەجلێسی کرد وگوتی.

جەنابی قازی! بە لیٚ ژن هەیەژنوچکەش هەیە ! پیاو هەیە و پیاووچکەش هەیە !

دەگێڕنەوەدەڵێن تاجرێك بەنیوی خواجە حەسەنی بەسرایە خەرێکی توجاڕەتیٚ بوە ساڵیٚ جارێك یابەدوساڵان جارێکی دەچوو بەغدایەبۆ توجاڕەتیٚ و حوجرەیەکیشی لەویٚ هەبوەوزۆردەوڵەمەندو بەنێوومالٚ ومالٚداری،

هەرلەشاری بەسرایەلەگەڕەکیٚ ماڵەخواجە حەسەنی، لاوێك بە نیوی میرزا برایم بە خوی و حەبیبەی خێزانی وقەرەواشێکی،خەرێکی ژیانی ئاسایی خویان بون؛

ئەوجارەی خواجەحەسەن ئەگەرسازبو بڕوا بۆ توجاڕەتیٚ دەنگ دەگەڕەك وکۆلاٚنان گەڕا کەئەوەخواجەحەسەن دچێتەبەغدایە، حەبیبەبەمیرزا برایمی گوت بۆ ئەتۆش ناچی بۆتوجاڕەتی دەپچو چیدی بەبێکاری لەماڵیٚ دامەنیشە ؟!

میرزا برایم: ئاخربەچی بچم خۆهیچم بەدەستەوە نیە بەبیٚ پولٚ بۆکویٚ بچم؟!

حەبیبەمارەیی خۆی سیٚ گەوهەری هەبون لەپاشئەستوی لەبن پرچی شاردبونیەوە.گوتی گەوهەرێکت دەدەمیٚ بەرە بیفرۆشە، ئەسباب وشتومەکی سەفەریٚ سازکە.

میرزا برایمیش قبوڵی کرد، گەوهەری لێوەرگرت و بردی فرۆشتی و هەمو ئەسبابی سەفەرێی کڕی وبەخێزانی گوت ئەمن ئەوەدەڕۆم ئەگەر هاتمەوەوگوتم خاڵێکی ڕەشت لە نێوانی سینگ ومەمکانە؛ئەمنم دەرکەم لێبکنەوەدەنا لەکە سێ مەکەنەوەها، خێزانیشی گوتی زۆرباشەبڕۆخوات لەگەڵ.

میرزابرایم ڕەگەڵ کاروانی کەوت و ڕۆیی.چەندمەنزڵ ڕۆییشتن،دانیشتبون بۆحەسا نەوەی، دەستیان کردبەقسان:ژنی فلان کەسی ژنی چاکە، فلانە ژنە وایە و ... خواجەحەسەن بەئانقەست باسی ژنی میرزا برایمی هێناگۆڕێ.

هەر؛ڕوی دەمیرزابرایمی کردوگوتی ئەڵحان ژنەکەت ڕۆیێشتوەهەربۆیەشی ئەتۆناردۆتەکاروانی! میرزا برایم گوتی نەخێز؛ وانیە! پاش بڕێك قسەوبەبەڕێك هەلاچون وایەوا نیەقیرەو چەقەچەق گرێویان لەسەرکاروانەکەیان کردو گوتی ئەوەدەچم نیشانەشت بۆدێنمەوە.دەناباکاروانەکەی من بۆتۆبێ،چونکەمیرزابرایم هێندەی ئیمان بەژنەکەی بو ئەویش گرێوەکەی دەگەڵ کردولێی قبوڵ کرد.

خواجە حەسەن گەڕاوە بۆماڵێ. هەتا حیلەیەکی سازبکات،هەم ئابڕوی میرزابرایمی و حەبیبەی بەریت، هەم کاروانەکەشی لێبەریتەوە، ئەوەش بۆخۆی نەوعە کاسپیك بولەنێودەوڵەمەندەکاندا ؟

لێی سواری ئەسپێکی وێرغەبوو! هاتەوەوخۆی گەیاندەماڵەجیرانێکی میرزا برایمی، بڕێکیشی پوڵ دانی و؛وبڕێکی دیکەشی وەزعی ماڵەمیرزابرایمی لێپرسین بەتایبەتی وەزعی حەبیبەی کەچۆن دەکرێ ببینم،هەرچەندی دەڵێن پوڵیشودەدەمێ! بەلاّم ژنی جیرانی میرزابرایمی پێی گوت کەبەهیچ جورێك ناکرێ ژنی میرزا برایمی ببینی،چونکەقەت لەماڵێ وەدەرناکەویت ئەگەرکاری بازاڕیشی هەبیت قەرەواشی هەیەدەینێریت بۆپێك هینانی کاری بازاڕی،بۆخۆشی هەموڕۆژێ بەینی شەووڕۆژان هەڵدەستیت هەتامەلابانگ دەدا هەرغوسڵی گوناحان دەکا،پاش مەلابانگ دانێ نوێژێ دەکات جانەوجاردەست دەکابەکاری ماڵێ .

وەختێك خواجە حەسەن گویی لەئەو قسانەبو ئەوجار پیێگوتن، باشەلەکوێ

غوسڵێ دەکاو دەست نوێژێ هەڵدەگریت.

ماڵە کابرای گوتیان لەئەودوبانەکیەی حەمامی هەیەولەحەمامێ غوسڵێ دەکاو دەستنوێژێ هەڵدەگری.خواجەحەسەن گوتی،ئەوەندەیارمەتیەم بدەن نێردیوانێکم وێدەن، هیچی دیکەم لەئێوەناوێ ولەبەرماڵەخۆشی نەیدەوێراخۆئاشکراکات،

بەڵێ ماڵەکابرای بەئەوپوڵەی کەلەخواجەحەسەنیان وەرگرتبو،یارمەتیان داونێردیوانێکیان وێدا،چونکەسەرچاوەی هەموکارێکی پوڵە،نامەرد.دەتوانێ خۆی پێڕاوەشێنێ.

خواجەحەسەن شەوێ بەنێردیوانێ داوەسەرکەوت و لەتاریکایی شەوێ کەڵکیوەرگرت بە قەرای جێ چاوێکی لەدیواری حەمامەکەی کون کردو،چاوەڕوانی هاتنی حەبیبەی بۆ هەتابێت (بۆحەمامێ)

تازە شەودەزرینگاوە،دەنگی لاق وشەقەی ئافتاوەولەگەنی هات، حەبیبە بەچراوە هات لەحەمامێ خۆی ڕوت کردەوە، خەرێکی خۆشوتنی بو؟بێخەبەرلەوەی کاك حاجی حەمامی کون کردوەو تەماشای لەشی ڕوت وقوتی ژنێکی مسوڵمان ولەخواترس ونامەحرەم دەکات.

جەنابی قازی ئەی ئەهلی مەجلیس؛ ژن هەیە ژنۆچکەش هەیە !

پیاو هەیە و پیاووچکەش هەیە !

بەڵێ! ئاحاجی حەسەن تەماشای کرد،دیتی کەدو گەوهەری بە بن پرچیوەنە، خێرایەکی هاتەوەخوارێ وگەڕاوەبۆلای کاروانی.

کاروانەکەش هەرلەجێگای خۆی مابۆوەچاوەڕوانی هاتنەوەی خواجە حەسەنی بون، کەدورونیزێکی کاروانی بو؛ڕەفیقەکانی چاویان پێیکەوت چونکەپیاوی دەوڵەمەند.ڕیایی لەبەردەکەن و برێکی بەپیرەچون هەتا بشزانن خواجە چیکردوە؟!لەئەوسەفەرەێی قازانجی کرد وە یان زەرەر؟!

گەییشتەوەو سلاوی کردوبەخێرهاتنەوەیان کردو بێ ئەوەی موڵەتی بدەن لێیانپرسی:خواجە چت کردوە؟ شێری یان ڕێوی؟!

بەڵێ: خواجە وەقسە هات ئەڕێوەڵلا ئەمن نەمگوت، خۆبەخۆڕایی نیە، پێتانوایە ئەمن بەقەت میرزا برایمیش نازانم: خودا دەزانی، هەرکەس بچێت لە پشت دەرکێ بڵێ خالێکی ڕەشت لە نیوانێ سینگ ومەمکانە دەست بەجێ دەرکەی لێدەکاتەوە، وکەیفی خوێ دەگەڵ بکە، ئەوە لە قاوەخانان باسکی لێ هەڵکردون و سەمای بۆ دەکات و چەرتەمەشی دەگەڵ لێ دەدا، کوا ژنت! بەرخم منداڵی. ؟

باشەخۆکەس نەبوبڵێ وانیە یاچۆن وایەکاروانچی هەمولایەك ومیرزابرایمیش لایەك بەڵێ! میرزا برایمیش بەتەنێ بێ قسەماوە ، کاروانەکەی دۆڕاند، خەریکی گەڕانەوەی بو، بەلام نەیوێرا، لەلایەك لەبەرلۆمەی عەبدان ولەلای دیکەش لەحەبیبەی زۆر دەترسا.

نەی وێرابگەڕێتەوەو خواجە حەسەنیش پێیگوت، بۆ دەگەڕێیەوە، ببە پێاوی من حەقی خۆت دەدەمێ، هەتا دەچینە بەغدایە، لەوێش بۆخۆت کاری بکە، بەڵکو شتێکی پەیدا بکەی و بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێیەوە؟

لەلا یەك ئەومەرەدەی بەسەرهێنا لەلای دیش ماڵداری بۆ دەکردوزگی پێ دەسەتا. میرزا برایم بەناچاری قبوڵی کردوبوبەپیاوی خواجەحەسەنی بەسرایە.ئەوان وەڕێکەوتن، قولەیەکیان دەگەڵبو، تەماعی ڕێنیشت وبۆکەیف وڕابۆاردنێ بۆماڵە میرزا برایمی گەڕواە، هەتا گەییشتە پشت دەروازەی چەندی کێشا،

بانگی کرد:دەرکەم لێبکەنەوە،خالێکی ڕەشت لەنێوانی سینگ ومەمکانەحەبیبەوقەرەواشە کەی عەجایب مان گوتیان میرزابرایم بۆوازوگەڕاوەتەوەچەبوە،شەویو.بۆیان مەعلوم نەبو.

خولاسەی کەلام ئەگەرچون ودەرکەیان کردەوە،قولەهاتەژوری،حەبیبە پیی‌گوت لەچیدەگەڕیی چەکارەی؟!

قولە گوتی ئەمن بەئەونیوو نیشانەی هاتوم بۆ کەیف و ڕابواردنێ.

حەبیبەبەخۆی وبەقەرەواشەکەی بەفێڵ قولەیان گرت وبەچوارمیخەلەبەرێکیان کێشاوەبرێکیان بەداران لێ دا، قولە گوتی بۆ خاتری خودای! لێمەدەن حەبیبە گوتی باشە لێت نادەم،بەلام پێم بڵێ بزانم مەسەلەچیە بۆهاتویەکێ فێری کردوی،قولەگوتی

باشە لێم مەدەن هەمو شتێکو پێ‌دەڵێم!

دەستیان لەلێ دانێی هەڵگرت وقولــەش تـەواوی مـەوزوعی خواجـە حەسـەن و میرزا برایمی بەڕونی بۆ گێرانەوە.

حەبیبە قولـەی بەقەرەواش و جیرانی ئەسـپارد گوتـی بەری‌مـەدەن. ڕۆژێ جـارێکی داركاری كەن هەتا بۆخۆم دەگەڕێمە، دەرکەش لە کەس مەکەنەوە!

بەڵێ! حەبیبە گەوهەرێکی دیکەشی لەبن پرچان دەرهیناوچوخوردی کردەوە شەش حەوت ئەسپی چاکی بە هەمو شت و مەکــەوە کڕیـن بـەرگی پیـاوانی دەبـەرکرد و شـەش حەوت نۆکەریشی گرتن، هینانی نۆکەرەکانی زۆربە جوانی تەیار کردن لە هەمو بارێکەوە. بەرگی جوان و نایابی بۆ نوکەرەکانی کڕی، نیوی خۆی‌نا،ئەحمەد ئاغای کوێستانی؟

حەبیبە هەرساڵێك دەبوو نەدەبو مێردی بە میرزا برابیمی کردبو، زۆر جوان‌چاك بـوو بەهەیبەت و هەروانێرانە خولْقابو، ئاوا خوێ ساز کرد بـۆ تۆڵـە ئەسـتاندنەوە ی لەخواجـە حەسـەنی بەسـرایی؟کەوتـە دوی.کـاروانی خواجـە حەسـەنی.کـاروانی خواجـە حەسـەنی گەییشتەبەغدایەوئەویش پاشی دوسێ ڕوژان بــەخۆی وبـە نۆکـەرانی گەییشـتنە بەغدایـە، مەنزلێکی خۆش و ئاڕاستەی بەکرێ گـرت لەجێگایـەکی خـۆش وباسـەفا.کـاری ڕۆژانـەی، گەڕان لـەنیو شاری وەکو قاوەخانە و کاروانسەراو ...بو؛چونکەزۆربەدڵ بو،جاروبار پوڵی قاوەخانەی بەعزەکەسێکی دەدا،بەدایمەش پینج شەش نۆکەری بۆشناغ و تەیاری دەگەڵ بون زۆریان خۆش دەویست، وردە وردەخەڵك ناسیان.خوێ بە میری بەغدایەش ناساند.

دەگەڵ ئەو گەڕان و هات و چویەی میرزا برایمی د یتــەوە؟هەرگەییشـتبونە بەغدایە خواجەحەسەن دەری‌کردبو، چوبو ببوبەشاگرد مزگەر.

ڕۆژیکی ئەحمەد ئاغا چۆ کن وەستای پیێ گوت مام وەستا برێکن قاپی پیس هەنـە ئەو شاگردەت بنێرە بێان هێنێ بۆن سپی‌کەوە.

وەستا هەرزۆیکی گوتی میرزا برایم دە خزمەت ئاغای‌ڕا بچـو، قـاپ و مسـەکان بێنـە هەتا سپیێان‌کەینەوە.

میرزا برایم ڕەگەڵ ئەحمەد ئاغای کەوت. لە ڕێیە بە میرزا برایمی گــوت بـۆ نایـە لای مـن چونکـە ئـەمن پێویسـتیم بەچـەند نوکـەرێکی دیـش هەیەئەگـەرمیرزابراییم چـاوی بەنۆکـەرەکانی ئەحمـەدئاغی کـەوت لەشـایان بـەقای نـەدەکرد قبوڵـی کردوقاپـەکانی لێ وەرگرتن وبردنی بۆکن وەستای سپێیانکەنەوەو.بەوەستای گـوت دەبـی ئیجـازەم بدەی ئەمن دەڕۆم چیدی کارێ ناکەم، وەستا دەڵـێ باشـەخۆئەتۆدوڕۆژەکارێ دەکـەی :نـەخێر دەڕۆم خولاسە وەستا ئیجازەی دا وڕۆ یشت.

بەڵێ! میرزا برایم هات بۆ کن ئەحمەدئاغای بەنۆکەرێ.

ئەحمەدئاغادەستێکی بەرگی جوان وەکونوکەرەکانی دیکەی یابڕێك جوانتربەئەسپ و هەمونەسبابێکەوەبۆکڕی و کردیەنۆکەری خوێ نۆکەرەکانی ئەحمەدئاغای میرزابرایمیان دەشـوپاند وبۆیـان مـەعلوم نـەبوچۆن وبەچـە،جوریك گەیوەتەبەغدایـە،بــەرگی شــاگرد مسگەریەکەشی لێوەرگرت و دەبوخچیکی ناوهەڵیگرتن بۆڕۆژی پی ویست وبەڵگە.

جەنابی قازی! ئەی ئەهلی مەجلیس! بەڵێ پیاو هەیە پیاوۆچکەش هەیە،

ئەگەرژن هەیە ژنۆچکەش هەیە!

دەگەڵ هـات وچۆیـە شـارەزای هەموجێگایـەکی ببـو،دوکـانی خواجـە حەسەنیشـی دیتبۆوە.

لەزۆرجێگایانیش باسـیان دەکردچونەفلانەدوکانـەی وفلانەقاوەخانـەی ودەگـەڵ خـەڵکی کەدەدواو،ئیحتڕامی عالـەمێی ڕادەگرت.خەڵك زۆریان خـۆش دەویسـت وای خۆڕێك وپێـك کردبو بەنیقاب وشتومەکان کەس نەیدەزانی ئەوەژنە.

ڕۆژێکی دەستەبەرگێکی جوانی ژنانەی کڕی وبێ ئـەوەی نوکـەرەکانی بزانـن زۆر بـە بێدەنگی بەرگەجوانەکەی دەبەرکردوچارشێوی بەسەرسەری داداو،دەپێشدامۆرێکیشی بە نێوی ئەحمەد ئاغای کوێستانی کەهەڵی قەندبو، دە باغەڵی ناو بڕێکی مێوژو گوێزهەڵگرتن ودەرمانی بێهۆشی پێوەرکردن، لـەگەڵ تابڵـەمەو چەندکەڵپـەڕەژی و بڕێکیشـی دەرمـانی بێهۆشێی زیادی هەڵگرت و،بەرەودوکانی خواجە حەسەنی وەڕیکەوت.

لـەئەولاولای دوکانیٚ برێك ڕاوەستاهەتادوکانی خواجەی چۆڵ بو، ئەوجار وەژورکەوت گوتـی، خواجـە زانیومـە ئـەتۆ گەوهـەرێکت هەیـە، ئـەمنیش گەوهـەرێکم هەیـە، هـاتوم گەوهەری خۆتم پیٚبفرۆشە یان گەوهەری من بکڕە.

خواجەبرێك دل دنیائی بەتەمەنیش بو،ئەگەرچاوی بەحەبیبەی کەوت وەختابوشیت بیٚ لەسوێیانی. وگوتی ئەمن لە خودام دەوێت ئەو گەوهەرەی دیکەم وەدەستکەویت.

هەر خێرایەکی دوکانەکەی داخست وحەبیبەی وەدوای خۆیدا.بۆمەنزلیٚ خوی وهـەر دەرکـەی پیٚداچونـەژوری قفلێکـی لیٚ دەداهەتاحـەوت دەرکـەی لەحەبیبـەی داخسـتن؛ بردیەئەومزلەچۆلـەی ئەگەرهەربۆئەوکاروفیٚلانـەی سـەروبەرکردبون وئـەوجار.ڕوی دە حەبیبەی کرد:وەرە دانیشە.حەبیبە دەلیٚ کوا گەوهەرەکەت؟

خواجەدەلیٚ خوات لیٚ ڕازی بیت گەوهەری چی ئەمن بۆخۆم گەوهەرم بۆ تۆ!

حەبیبـە: ئـەمنیش هـەر ئـەوەم دەوێـت ئێـدی دەوەرەئـەتۆش دەمێکـی لـەکنم دانیشەوبرێکیش قسەی دەخۆش خۆشم بۆبکەوباهێندێك پێبکەنین قاقایەکی کێشاو.

خواجەهات لـەکنی دانیشت ماچ وموچێکی کرد یانا،حەبیبەمێوژ وگوێزی هینانەدەریٚ وگوتی وەرەدوسـیٚ دەنـك میوژوگویـزان بخویـن وقسەخۆشـەکانیش بکـەین.خواجەبەئـەو قسـەی وبـەمێوژوگوێزان زۆرکـەیفـخۆش بولەبەرپیسـییٚانی هیـچ بـیرێکی لیٚ نـەکردەوەو چولـەکن حەبیبـەی دانیشـت وهـەردودەنکی مێوژوگوێزخواردوبیٚ هـۆش بـو،ولێـی کـەوت بروکێکی دیکەشی دەرمانی بیٚ هۆشیٚ بەدم ولوتی وەرکردهەتاوەهۆش‌نەیەتەوە.

ئەوجار هینای ڕەژیەکەی دە نیو تابلـەمەی ناو.ئاوری پیٚوەنا، تابلـەمەی هەلسوڕاند ئاور گەشاوە. خواجە حەسەنی ڕوت کردەوەوموٚرەکەی بـەئاوری سور کردەوەوبـەسمتی خواجەیەوەنا؛بەجورێك ئەگەربە ئاشکرایی د یاربو« ئەحمەدئاغای کوێستانی»

شت و مەکی کۆکردنەوەودەرکـەکانی یـەك لـە دوای یـەکی هـەلگرتن وگـەڕاوەبۆ لای مەنزلیٚ خۆی، بێدەنگەی لیکرد هەتا هەشت نۆدەڕۆژان.

دوایە ڕۆژێکی، دوسیٚ نۆکەری وەدوی خوی دان و چو لـە دوکـانی خواجەحەسـەنی

وەژورکەوت.

:خواجە! فلانە پارچەت هەیە بۆڕانك وجۆغەی پیاوەکان؟

خواجە حەسەن کە زورکزولاواز ببو زۆر بەنارەحەتی توانی ئاوڕبداتەوە، ئەحمەدئاغا لیێ پرسی:ئەوەبۆ وای؟ خواجە.

خواجە: ئەحمەدئاغا گیان کەمێك نەخۆشم!

ئەحمەدئاغا:ئەگەر وایەجارێ لیێ گەڕێ دوایە د ێمەوە.

چۆوە؛ پاش حەوتوێکی دیکە هاتەوە دوکانێ خواجەی چاوی لێکرد چاك ببۆوە :خواجە! فلانە پارچەن بۆ بێنە.

خواجە زوێکی هەستاو: ئەوەی دەفەرموی جەنابی ئەحمەدئاغای!

بەڵێ! برێکی پارچە کڕی و چۆوە مەنزڵێ خوێ.

ئەی ئەهلی مەجلیس! جەنابی قازی! ژن هەیە ژنۆچکەش هەیە

پیاو هەیە پیاۆچکەش هەیە!

ئەحمەدئاغا، کاری گەییشتبو جێگای خوێ ودەبا دەست بەکاربا، بەیانی زو نۆکەرەکانی حازر کردن بەبەرگی جوان ومورەتتەبی، وەدوای خۆیدان، بۆ دێوانی میری بەغدایە، کە گەیشتنە دەرکێ، بە دەرکەوانی گوت عەرزی میری بکەن، ئەحمەدئاغای کوێستانی کاری لەخزمەتت هەیە.داخوا ئیجازەیە.

دەرکەوان کەچونە ژوری پاش چەند دەقەقەیەکی ئێکێك لە ئەمیندارانی میری هاتەدەرێ و گوتی ئەحمەدئاغا ؟فەرمو.

ئەحمەدئاغاکەچۆ ژورێ بەئیحتیرامەوە سلاوو ئەحواڵپرسی میری کرد ئەویش ئیجازەی دانیشتنی پیدا. پاش سەرف قاوەوقەلیانێ ئاوای عەرزی میری کرد

:ئەمن ماوەیەك لەوەپێش،یەکێك لەپیاوەکانم بیێشوین ببو؟ئەوڕۆژانەهەرلێرەدیتومەتەوە هەربۆیەش هاتبومەئێرە ؟وجائەوەهاتومەتەخزمەت جەنابت هەتا بزانم چ دەفەرموی؟!

چونکە بەبیێئیجازەی میری بەبیێئەدەبی دەزانم هەرجورەحەرەکەیێکی بکەم!

میر:پیاوت هەرکەس بێت،ئیجازەت هەیەدەگەڵەخۆتی بەرێوە.بەڵام پێم خۆشەبزانم کێیە؟
ئەحمەدئاغا عەرزی میری کرد:قوربان!خواجەحەسەنی بەسرایە هەیەلێریەئەوەپیاوی من!

میر تەعەجوبی کرد:جا چۆن خواجە حەسەنی بەسرایە، پیاوی تۆیە؟! لەوەتی ئەمن خواجە حەسەنی دەناسم، ساڵێ جارێك یان بەدوساڵان جارێك هاتوتە ئەوبەغدایەی بۆدادوستەدێ،نەمزانیوە پیاوی کەس بیت.

دیاربومیرباوەڕی بەقسەی ئەحمەدئاغای نەبوحەقیشی بوباوڕێ نەبێ خواجەحەسەن کەبەدایمی هات وچوی بەغدایەی دەکردوئێستاش لاوێکی ئاواکەم تەمەن بڵێ پیای منە.

ئەحمەدئاغا عەرزی میری کرد:قوربان! ئەمن نیشانەم هەیە میر:نیشانە ت چیە.

ئەحمەدئاغا:ئەمن هەمونۆکەرەکانم مورکردون؟

لێیپرسی چۆنت مۆر کردون؟!

گوتی قوربان! پاشەڵی هەمو نۆکەرەکانم مورکردون بەنێوی ئەحمەدئاغای کوێستانی! ئێستاش خواجە حەسەن بابێت ئەگەر وەکی ئەمن دەڵێم وابێت ئەوە چاکە دەنا ئەوداوایە هیچ!حازرم تەنبێش بکرێم.

بەڵێ! میر لەدوای خواجە حەسەنی نارد ، وەختێکی خواجە حەسەن هات و لەوێ حازربو، ئەو قسەو باسەیان پێگوت بەهیچ جورێکی، قبوڵی نە دەکرد.

چونکەبۆخۆی لەوانەی لەوێ بون باشترحاڵی بوودەیزانی چ باسە؟

ئەحمەدئاغا چۆنی دەپێشدا بە میری ڕاگەیاندبو دوپاتی کردەوە.

: ئەگەر لە پاشەڵی نەنوسرابو،ئەحمەدئاغای کوێستانی، دیسان حازرم تەنبێش بکرێم،پاش کێشە وهەرایەکی زۆر میریش هەرپیی وابو داخوا چەمەوزوعێکە دەنا وانیە. ئەگەر خواجە حەسەنیان ڕوت کردەوەبەئاشکرایی دەخویندراوە ئەحمەدئاغای کوێستانی.

میربەخواجەحەسەنی دەڵێ هیچ قسەت نیە،ڕەگەڵ ئەحمەدئاغای کەوە.

بەڵێ !زۆربەناعیلاجی ومرخێش مرخێش ڕەگەڵ ئەحمەدئاغایان ئیخست هەرنۆکەرەی پیلێکیان گرت ونیوەزۆری ونیوەناخۆشی خواجە حەسەنی بردەوەمەنزڵی و بەرگی

نوکەریەی دەبەر خواجە حەسەنی کرد و ئەسپێکی بۆ کڕی و ڕەگەڵ نۆکەرانیدا.

بەڵێ! ئەحمەدئاغا؛کاری خەلاس ببو کەل وپەلی کۆکردنەوە وبەخۆوبەنۆکەرەکانی و خواجە حەسەنی بەرەو ماڵ بونەوە. شەوو ڕۆژان ڕێگایان بڕی هەتا گەییشتنەوە. لە قەراغ شاری خویانڕاگرت هەتا لای نوێژی شێوان. لە وەختی بێدەنگیدا، بانگی نۆکەرەکانی کرد، یەك یەك هەموی ئیجازەدان کە بچنەوە ماڵە خۆیان هەر لەبەرئەوەوی لەمێژە لە ماڵێ وەدەرکەوتونەو ماندووبونە، بچنەوەسەرێکی لە ماڵێ بدەن، جێگایەکی بۆ د یاریکردن پاش حەوتوێکی لەئەو جێگایەی یەکتری ببیننەوە.

مانەوە ئەحمەدئاغاو خواجە حەسەن و میرزا براییم.

ئەوجار ڕوی دە میرزا برایمی کرد:ئەدی ئەتۆ ماڵت لێرە نیە؟!

میرزا براییم لە ترسی خواجەحەسەنی نەی وێرابلێ ماڵیشم هەیە،چونکەخواجە حەسەن وای ئابڕو بردبو، لەنێو خەڵکی ژنەکەی بە خەراپ حیساب کردبو ئەگەر لە قاوەخانان ئەوە چەرتەمەی لێدەدا و سەمایە دەکا و ...

ئەوجار ڕوی دە خواجە حەسەنی کرد:ئەدی ئەتۆ ماڵت لێرەیە؟!

خواجە حەسەن: بەڵێ ماڵم لێرەیە، ئەگەر ئیجازە بفەرموی دەچمەوە ماڵێ هەروەختێکی بۆم دانیی لە خزمەتتدا هەمە.

ئەحمەد ئاغا: باشە ئاخر میرزا براییم ئەتۆش ماڵت لێرەیە، بچووە ماڵێ وسەرێکی لە ماڵ ومنداڵەکەت بدەووەرەوە.

میرزا براییم دیسان نەی وێرا بڵی ماڵم لێرەیە لە ترسی خواجە حەسەنی.

ئەوجار ئەحمەدئاغا بانگی خواجە حەسەنی کرد: خواجەوەرە؟ کاغەزێکی بنوسە و ئیمزایکە ئەگەر ئەمن پیاوی ئەحمەدئاغام.

خواجە حەسەن کاغەزێکی نوسی، ئەمن هەتا بمینم پیاوی ئەحمەدئاغای کوێستانیم و هەرکات و ساتێکی هەر کارێکی بە منی هەبیت بە بێ هینانەوەی عوزر و بەهانە، بە ئەنجامی بگەیەنم.

کاغەزەکەی مۆر و ئیمزا کردو تەحویلی ئەحمەدئاغای‌دا.

جەنابی قازی؛ ئەی ئەهلی مە جلیس بەڵێ ژن هەیە ژنۆچکە هەیە.

ئەگەر پیاو هەیە پیاوۆچکەش هەیە.

جا ئەحمەدئاغامیرزابرایمی ناردە دەرێ و ڕوی دە خواجە حەسەنی کرد: خواجە حەسەن! نامەرد، نائینسان! ئەتۆ کەنگی ژنی میرزا برایمیت لە قاوەخانان دیت سەمایە بکات؟! و چەرتەمەی لێدات وچەبکاو،چی وچی!؛

خواجە حەسەن مچوڕکێکی لەبەری پێیێ هاتەدەرێ و چۆدەتۆقی سەری زانی ئەو درو زەلامەی لێ ئاشکرا بوەوتوشی بەلا یەکی گەورەبوە، قوستێوە و گوتی ئەمن غەڵەتم کردوە دەنا وانەبوە بم بورن، ئەگەر.دەمبورن تەواوی کارەساتەکەی لە ئەوەڵ ڕا هەتا ئاخیر بە بێ درووێ هەموتان بۆدەگێرمەوە.ئەحمەدئاغا:بۆم بگێرەوە،

هەموی بەوردی بۆ گێڕاوە چۆن چوتە ماڵە جیرانی وبە نێردیوانیدا وەسەرکەوتوە وڕاستی شوۆرکەی کونکردوەوتەماشای کردوەوهاتۆتەوە بە کەڵەك کاروانی لە میرزا برایمی بردۆتەوە وڕەمزەکەشی لەجیرانەکەی گوێ لێ ببو.

بەڵێ ٠،دوای ئەوەی هەرچی لەمیرزا برایمی ئەستاندبو لێئەستاندەوە،کاغەزێکی دیکەشی پێ ئیمزا کرد کە دوایش هیچ حەڕەکەتێکی نەتوانیت دەگەڵ ماڵە میرزا برایمی بکات؛

چو.وەسایل و شتەکەی لە میرزا برایمی ئەستاندبون، بە ئەندازەی وی پوڵی دایە، تەحویلی ئەحمەدئاغای دا، جا خواجە حەسەنی مەرەخەس کرد چۆوە ماڵە خۆی.

ئەوجار دەگەڵ میرزا برایمی چونەوە ماڵە خۆیان بێئەوەی میرزا برایم بیناسێتەوە، ئەگەر لە دەرکەیان‌دا، قەرەواشەکەی هەرای‌کرد:کێیە؟

میرزا برایم:خاڵێکی ڕەشت لە نیوان سینگ ومەمکانە، ئەمنم. میرزا برایم دەرکەی بکەنەوە.ئەگەرقەرەواشەکە؛دەرکەی کردەوەوچونە ژورێ میرزا برایم چاوی بە قولەی‌کەووت گوتی ئەوە چیەچ باسە؟حەبیبەلەکوییەئەوقولەبۆ لێرەیە.

قەرەواشەکەش ئاوای بۆ گێڕاوە:چەندڕۆژ پاش ئەوەی ئەتو ڕۆیشتی ئەو قولە هات

باسی کردوگوتی خواجە حەسەن کاروانی لە میرزا برایمی بردوتەوە، ئیدی هەر ئەودەمی حەبیبە لە ماڵێ وەدەرکەوتوەو نەهاتوتەوە، جالەئەودەمیڕا نازانم بوکوێ چوەو چیکردوە و چی بەسەرهاتوە هیچ ئاگادارێکی دیکەم لێی نیەونازانم.

میرزا برایم بەکوتنێ قەرەواشەکەی وەنیگەرانی کەوەت وگوتی ڕەنگ بی قسەی خواجەحەسەنی ڕاست بێ هێندەی دیکە ش ناڕەحەت بوبەئەوخەبەرەی لەلا یەك کاروانی بدوڕێنی ولەلای دیش ئەوژنەی هێندەخوش دەویست وئەویش نەمێنێ.

ئەوجار حەبیبە خوی لێ ئاشکرا کردو بەرگی لەبەرە خوێ داکەند و پێك شادو شوکر بون و قولەشی بەرەڵلا کردو درێژەیان بەژیانی ئاسایی خوێیان دا؛

دوایەپیاوەکانی دیتنەوەئازادی کردن ولەدوی خواجەحەسەنیشی ناردخوێ لەویش ئاشکراکردگوتی ئەوەئەمنبوم ئەومەرەدەم بەسەر هینای،هەتابو جارێکی دیکە ئاقلْ بی وبوختانێ بەکەس نەکەێ. هەتابەینێکی زور خوشیان ڕابوارد، هیچ ناڕەحەتیکیان دە بەینێدا نەبو بەلام ئەگەر میرزابرایم وایکردبا حەبیبە دلی بێشێ بەرگەمسگەریەکەی دەهینا لەپێشی دادەنا وپێیدەگوت ئاخر ئەتوهەرئەوپیاوەنەبوی.

جەنابی قازی! ئەی ئەهلی مەجلیس! پیاو هەیە، پیاوچکەش هەیە.

و ژن هەیە ژنوچکەش هەیە

چونکە قەیات هەردوکان زورجوان بووهیچ ئیراد یکیان لێ نەدەگیرا جاهەربویە جوجکە کان نەبون بەکوتر ونەبون بەقەل بەلکوبونەقەلەسابونەهەلفڕین ودایك وبابیان بە جی هێشت ولێیانداڕویشتن.

خواجەحەسەن لەبەعزەجێگایەکی بەحاجی حەسەن بەسرائی نێوی هاتوە حەجیشی کردبو هیچ ئیشکالێکی نیە؟

(شێعری) قەل وکۆتری

کوترێک و قەلێك بێ‌جێ مانەوە   هەردو تەنیابون پێك گیرسانەوە

پێك هاتن کارو جوجکە هەڵێنان   وەکێك بەخەم بن بۆمان و نەمان

هێلانەیکی جوانیان، دروست کرد   کوترەشین زۆیکی دو هێلکەی تێ کرد

جوجکەی هەڵێنان، پەروازەی کردن   لە هەڵو و خەرتەل، نەخۆشی و مردن

قەل د یتی جوجکە، پەروازە بونە   جوی لەوەی لە خوێ هەلاواردونە

بە فیزو دەعیە و ژێست و خۆ ڕانان   لە کوتری فەقیر، کەوتە بەهانان

دەتوانی بڕۆی هەرکوێ پێت‌خۆشە   بو جێگای خۆشتر، زیاتر تێ‌کۆشە

ژن بۆ کارو ماڵ،چارەی وا ڕەشە   لەوبەر بویەش هەروا بێ‌بەشە

من ناچمەدەرێ قەت لەو هێلانە   هەتیویان ناکەم، ئەو جوجەلانە

تا ماڵ و جوجکەم، ڕەنێو هیناوە   زۆر لە تۆ زیا تر، ڕەنجم‌کێشاوە

لێیانبو بە شەڕ لە سەر جوجکەو ماڵ   ژیانیان لێ شێوا بە قسەی سوك و کاڵ

بە باشیان زانی، بچنە لای قازی   بە شەرع وقانون، هەرد و بن ڕازی

لای قازی سلاوێان داکوتا بە جوت   هەرکەس دەردی خوی بەمام مەلا گوت

قازی بڕیاری بۆ دامەزراندن   بۆی شیکردنەوە، جوان تێی‌گەیاندن

لە سەرمودەعی هەرکەس قەیاتێك   بێ بگێڕێتەوە، یان کارەساتێك

کێ هە زاڵ تربێ جوجکە هی ئەوە   شاهید و ئیسبات بە گشت کردەوە

* * *

وتاری قەل

قەل دەستی پیکرد بە زەممی ژنان
دەیگوت بێدەلیل غەیبەت وبوختان

جەنابی قازی، ئەی ئەهلی مەجلیس
نابی دلگیربن، یا بمکەن موفلیس

عەمەلی ژنان ئەوەتا وایە
کێ بی نەیدیبێ لە سەر د ونیایە

لە شارێکی خۆش، پاك و ئاوەدان
کورەپاشایك، هەبو ئەحمەدخان

باوکی دەولەمندو چونکە پاشابوو
زو ژنی بۆ هینا تا بۆخۆی مابوو

یەکتریان دەویست ژن و میرد هەردو
لە پێش گواستنەوەوچونەنیو پەردو

باوکی ئەحمەدیش،وەك ئەوخەلکەی مرد
حەسرەت وداخی، چی لەگەلْ خۆی برد

پاش مردنی باوکی و زۆر بیرکردنەوە
پەندی گەورەکان وەبیرخستنەوە

خەریكبو دەیخوێندلە لای مەلایەك
وەکو شاگردێك، نەکو وەك شا یەك

هەر بۆ خوێندن و تیژکردنی هۆشی
لەگەلْ ماموستا بە کەیف و خۆشی

ئەحمەدو مەلا، وەك دو دۆستی چاك
بۆ یکتر بەخەم هەردو داوینپاك

لە نیو مالْ و شار هەرچی رویدابا
وەزع، چەندوچۆن لە کوێی قەومابا

بە مەلای دەگوت بە بێ زۆرو کەم
بە بێ دواکەوتن، هەر ئەوکات و دەم

جغارەفروشێك هەبو سەعدونناو
جوان و لاوچاك و، لە عەقلێش بەرچاو

رۆژی چەندجاران بۆجغارەفرۆشتن
بەردەرکی مالی شایداڕۆیشتن

ڕۆژێك شابانو، وەختی ئێوارێ
جغارێکی خوی، بەرداوە خوارێ

هاویشتی بۆ نێو جغارەی سەعدون
ئەوە بو بە هوی ئیکی و تێکەلبون

دیتی گوتی قەزات لەخۆم نازداری
بۆچ ئەوجغارەت هاویشتەخوارێ

:ئەوە پێتبلێم هۆشت لەخۆبی
دەبی جغارەی من، هەرلەکنە تۆبی

پێك هاتن زۆر زو، قەراریان دانا
سەعدون بچتەلای، لە دیوەخانا

خانم سندوقێ، زۆر زلی سازکرد
لەنیو سندوقا، جێگەی پێ ڕازکرد

هەرکەسێ، هاتبا بۆ هەرئیش و کار
سەعدونی دەخستەنێو سندوق بەغار

بۆ دەروژوران سێ زەنگ دانرابون
بۆ هاتوچۆیەو بۆ خەبەرداربون

یەکیان دەروازەوسالۆن دوهەم زەنگ
سێ هەم پاشخانە بکاجنگ ودەنگ

ڕۆژێك بێ ئەوەی یا فکرێك بکا
کاری چیەو لە کوێ یا سۆزێك بکا

ئەحمەد بە بێوەخت هاتەوە بۆ ماڵ
سەر لە خانمدا و بیپرسێ ئەحواڵ

شڕوشەپرێوی کە بە چاوکەوت
خرپەی لەدڵی هات غەمزەی ڕێ کەوت

بو لای ماموستای ئەحمەد گەڕاوە
ئەوجورەی دیبوی چو بۆیگێڕاوە

:بیبەستە زەنگی دەروازەی دەرێ
بێ ئاگاکردن، زو بچۆ سەرێ

زەنگەکەی ئاخنی، وەختی چێشتانێ
خێرا سەرکەوت چۆ حەرەمخانێ

بە دو زەنگەکەی، دی خانم بزوت
شڕوشەپرێوو سەرو سینگی ڕوت

خانم! بۆڕوتی؟چ بوە،چەقەوما
نازانی هیرشی، هیناوە گەرما

زەنگی دوهەمت کە بەجوانی بەست
بچوبۆسەرێ بێ خشپە وبێ هەست

چۆ سەرێ پاشی بەستنی زەنگی دو
شەپرێوتری دی لە جاری پێشو

ئەی ئەهلی مەجلیس، جەنابی قازی
ورد لێی بڕوانن ڕازی و ناڕازی

عەمەلی ژنان ئەوەتا وایە
کێ بێ نەیدیبێ ئە لە ودونیایە

خۆت ڕوتکردەوە هەی دیسان خانم
عەیبە شورەییە، قەزات لە گیانم

بە خوای ئەحمەدشا، هێندە گەرمایە
پشوم لێبڕاوە، وسۆزەی بای نایە

چووە مەدرەسەی، مەلای حاڵی بکا
بو ئاخری و د وایی جا ئەوجار چی بکا

زەنگی سیەمیش کڕ بکەو بێدەنگ
بابەینێك وابێ نەدەنگ بێ ونەزەنگ

ئاخری بەست و چۆ سەر وەك بزوت
لە سەر سندوقێ خانم دانیشت، ڕوت

زانی چی هەیە لە سندوقدایە　　چۆن ئاشکرای کا، نەدۆڕێ کایە

هێند پەرێشانبو بەو وەزع و حاڵە　　لێی بوە جەهەننەم ئەو ژین و ماڵە

وا دەورەیاندابو، غەم و پەژارە　　چۆن دەبێ داخوا ئاخری ئەوکارە

چۆ نێو چوارباغی بە تێك چڕژاوی　　سپی هەڵگەڕاوڕەنگی گۆڕاوی

دەروێشێك هەبو دەژیا لە نێو غار　　کەمتر واهەبو بێتەوە نێوشار

ڕوحی کچێکی لەبار و جوانچاك　　لە عەسای کردبوو، بە منداڵی و پاك

کەنگی پێیخۆشباعەسای هەڵداویشت　　بوێ دەبوبەژنێك، لە لای دادەنیشت

بەینێك وا ڕایبوارد بە کەیف و خۆشی　　بۆ وەزعی خۆشتر زۆر تێدەکوشی

وا،حاڵێنەبو، ژن، سەربزێوە　　خوی لە عەساداو هی ویش لە سێوە

سەری سوڕمابو، چ بیرکاتەوە　　دەروێشەکەی دیو وەخۆهاتەوە

لە بن دارێکی، گەڵاگەش و جوان　　ئاوا هات دانیشت بە بێ سێو دوان

عەسای هەڵاویشت، بو بە ژنی جاران　　ماچ و موچ باری وەك ڕێژنە باران

پاش سەیرو سوحبەت لەگەڵ نیگاری　　مامدەروێش، خەوی بە سەردا باری

ژنە دەرمانی بێ هۆشی هینا　　بە بەردەم و لوت و سەریدا هینا

بێ هۆش بو، زوێکی، سێوی هینادەر　　هەڵیاویشت لە سێو لاوێك هاتەدەر

لەگەڵ ئەولاوە، دو دڵ دو دڵدار　　ڕایانبوارد تاوێك ژیانی ڕۆژگار

دەستی بە سەری دڵداردا هینا　　بوی بۆوە بە سیو، لە گیرفانینا

بە بونی بوسو، وەهۆش هاتەوە　　خەریك بو، کەل و پەل، کۆکاتەوە

دەستی ڕەسەری ژنەی سو بێ هەست　　بوێ بۆوەعەساوهەستاگرتیە دەست

هەستا، خەریك بو دەرکەوێ بڕوا　　ئەحمەدشا، نەیهێشت، گێڕایەوە دوا

دەبێ نیوڕۆژێ،میوانی من بی ڕەنگین و جوانیت، لە خوانی من بی
دەروێش ڕازی بولای ئەحمەدماوە ئەحمەدیش خێرابۆمالێ گەڕا وە
جوی لە کارگەرو دەستو پەیوەندە قەرەواش، بێکار یا چەند ئەوەندە
میوانمان هەیە، خانم بۆ نەهار شێوی شەش‌کەسان سازکەبەئەژمار
کێ یە میوانمان؟ دەروێش سەعیدە وشیار و ئاگاە، زۆرزان، گەڕیدە
میوان یەك، ئەمەش،دو هەر سێ‌کەسین سێ‌کەسی دیشن،کوانێ ئەوان کێن؟
سێ مەجومعانم بۆ بنەخشێنە مەجمەیی بۆ دوکەس حازرکەو بێنە
نەهارێ سازکردنوێکی بۆێ هێنان سێ مەجمەی جوانی هات لەپێش دانان
خانم مەجومعێك بۆ تۆ وەرە پێش ڕەفیقت بێنە ئەتو مام دەروێش
خو من هەر تەنیام، بێ ژن وبێ مالم هەروا سەیباحم، بێ‌وەزع و حالم
ناچارم بابلێم، بیانوی پێ‌ناوێ دە ی هەستە خالۆ، عەسات هەلاوی
لێی ئاشکرابو سیڕڕی تێ‌گەییشت ناچار هەڵستا، عەسای هەلاویشت
لەناکاو گۆڕا، بو بە ژن عەسا خانم ئەوەی دی ولە وێ عەبەسا
دەلێ خوشکم، تۆش، بێنە ئاوالت دەروێش دەی بەستۆم،سەدجاروەبالت
ڕەفیقی نەبوە لە من بەولاتر ئەمن دەزانم زۆر لە تۆ چاتر
ئەو بەزم و ڕەزمە، هێندەی پێ‌ناوێ دەی هەستە ئەتۆش،سێوت هەلاوێ
بەوقسەی تێك چورنگی بزرکا ناچاربو ئاخر، یان دەبو چ بکا
هێنایەدەرێ سێوێك، گەش و سور هەروەکو،کولمەی دەدرەوشا لە دور
سێوی هەلاویشت، بو بە کوڕەجحێلە مامدەروێش کەماشێتبێ لەو فێلە
ئەحمەد تێیڕاخوڕی، دانیشە لە وێ جا بزانە ئەوجار ئەمن چمدەوێ؟
بۆ ئێوە چۆنم ڕەفیق پەیدا کرد بە بێ مەعتەلبون،وا بە دەستوبرد

دەی هەستە چیدی خۆت مەخافڵێنە   بو ئەو ئاواڵەی منیش، ئاواڵێك بێنە
لە قسەی ئەحمەدشادەروێش زوو زانی   فێڵی لێکردوە، وەك خۆی خێزانی
دە خانم فکری، ئەویش لێی ڕوانی   زانی نورەی ویەوپاش سێ ودوانی
خانم! مەرگی خۆت، تۆ سەری خاڵت   ئەتۆش زو هەستە و بێنە ئاواڵت
زۆر ترسا خانم بە لەرزو تاوە   دەستەونەزەربو، وڵامی داوە
باوەڕم پێبکەن ئە لەو دونیایە   ڕەفیق و هاوڕێم، هەر ئەحمەدشایە
ئەی ئەهلی مەجلیس، جەنابی قازی   ورد، لێ بڕوانن، ڕازی و ناڕازی
عەمەلی ژنان لە گشتلا قاوە   لەو فڕوفێڵە، چیمان بۆ ماوە
دەروێش چۆ ژوری زۆر بێ حەوسەلە   شەقێکی هەڵدا لە سندوقەزلە
سەعدونی لەنیو سندوق هینادەر   ئەحمەدشا دەڵێ کارمان بو، یکسەر
خانمی دەروێش و ئەو لاوە مەجمێك   ژنکەکەی من و ئەو کوڕەش وەکێك
مەجمەی سێهەمیش ئەمن ومام دەروێش   فەرمون بسماللەلەخوان وەرنەپێش
ژنیان تەلاقدان، بێ هەراو کێشە   هەردو،ئەحمەدشاوئەو مام دەروێشە
لەو وەزعەی خەراپ کەبوێ هاتەپێش   بەجارێك تێکچو، گۆڕا مام دەروێش
بەینێك پێکەوە، ژیان؛بە بێ ژن و ماڵ   بو هینانی ژن، نەیانبو خەیاڵ
ئەحمەد.دەروێشی ڕۆژی دەدوێنی   فکر وبیری خوێ پێ ڕابگە یینی
پێم خۆشەباشترلەمن حاڵ بی   خوانەکایاخۆ لێم نا ڕازی بی
:بۆ هیچ کارو ماڵ خۆدانا مێنم   هەرژنێ تۆ بڵەی حازرم بۆت بێنم
:ڕوحی ئەو ژنەم هەر بە منداڵی   کردبومە عەسا، بە شلکی و کاڵی
کەمتر وامەبو خەڵکی ناسیبا   تەنیا گەڕاباو هەموجێ د ییا
لەنیو غاری چول، پێکەوە ژیابوین   بۆ یەکتر وەکو، فریشتێك وابوین

ئاواش فرسەتێ وەدەست خوێ بێنی   خەیانەتێ بکا و خوێ بدۆڕێنی

شەرت و عەهدبێ هەتا بمێنم   ئە لەو دنیایەی قەت ژنناهێنم

ئەحمەدشا دەڵێ هێشتا من لاوم   زۆر ماوە، ماوەو ڕێگەی نەبڕاوم

تا حیکایەتی، قەڵێ دوایی هات   دانیشتوان هەمو بێدەنگ، کڕو مات

وتاری کۆتر

ڕویکردنێ ئەوەی لە مەجلیسدابون   وەکو بەرپرسێك، تێیانڕامابون

لە قەل حاڵیبون چی کرابی ونەکراو   ئی دەدڵیدابی هەڵیڕشت تەواو

هەرچی بوێگوتراو هاتە سەر زاری   بی ئینسافانە، یان بە زۆرداری

لەخۆبایی نیم خۆ من وەکو قەل   دەزانم وەك قەل بۆم نارەخسێ هەل

ئەی ئەهلی مەجلیس! جەنابی مەلا   زانای، تێدەگەی ئەلحەمدولیللا

بەڵێ، ژن هەیە، ژنۆچکەش هەیە   پیاو هەیەو،ئاخرپیاوۆچکەش هەیە

خواجە حەسەنێك لە شاری بەسرا   هەبو باش تاجر، دەوڵەمەند، دارا

بۆ تۆجارەتێ گرتی تەدارەك   کاروانێك ئەسب و وشتری مەبارەك

هەر لەو گەڕەکە، ژنێك لەگەڵ شوو   دەژیان بە بێکار، بەلام بەئابڕو

دەژیان بە هیوای، چیمان نسیبە   میرزا براییم بو، لەگەڵ حەبیبە

پیێگوت میرزاتۆش بۆناچیەسەفەر   :بە چی بچم کوا پوڵ کوانی بارەبەر

ئەو سێ گەوهەرەی ژێر پرچمدایە   یەکێان بۆ تۆ بێ، بیکە، دەسمایە

:ئەسب و ئەسبابی، سەفەرێت سازکە   ئە لەوبێکاریەی دەخۆت دەربازکە

گەوهەری فرۆشت زوکردی بە پوڵ   بو بە هاوشانی، پیاوی زۆر ماقوڵ

حەبیبەوکارگەربەجێ مان لە ماڵ   بە تەگبیرو ڕاو نیشانە و ئەحواڵ

لەگەڵ کاروانی، ڕۆیین چەند مەنزڵ   خواجە،میرزای دی وەروا لیێبوسڵ

دانیشتبون قسەومەجلیس عاموخاس   هەرکەس لەلایەك لەشتێ دەکرا باس

خواجە حەسەنی دلڕەشی نەزان   ڕوی‌کردە میرزاودەستی کردبەقسان

لای خۆت تۆهاتوی دەولەتت زیادبێ   ژنت، توێ دەرکرد تا خوێ ئازادبێ

میرزا تێی‌ڕاخوڕی، بەس بوختان بکە   بەس قسەی بێ‌جێی ناو خێزان بکە

:خۆتۆ ژنەکەی خۆت وەك من ناناسی   خۆت هە ڵدە کێشی مشتی کراسی

دەبا گرێوێ بکەین، هەر بۆ موتمانە   لە سەر کاروان و هەرچی پێمانە

میرزا پشتئەستوربو، زۆر بە خێزانی   گریوەکەی کرد لە سەر کاروانی

خواجە بە بێ هەست بۆ شار گەڕاوە   باسی گرێوی چوو، بۆ هێن گێڕاوە

وابکە بی بینم، با لە حزوربێ   چونی بۆت پێك بێ یان با لەدوربێ

هەی هاتە خواجە بۆت ناچێتە سەر   ئەوژنە لە ومالەی قەت نایێتەدەر

چەنگێکی پڕی، پولێ کردە کۆشی   چۆن چاکە، دەبی ئاوا تێ‌بکۆشی

سالێ هەمیشە پاشی نیوەشەو   بۆغوسلێ ونوێژی هەڵدەستێ لە خەو

وەرە پێم‌بلێ، ڕێگام بۆ خۆشکە   لە کامەلایە پلوسك و شۆرکە

ئەوە لەوبەرزە ! سەرت هەڵێنە !   نێردیوانێکی درێژم بۆ بێنە

شەو هەمو شەوێ تاوێك نا تاوێك   کونێکی تێ‌کرد بە قەد جێی چاوێك

هاتە سەر شورکە لەو کون و دەرزە   د یتی، ئەك ئاوا بەو تۆوتەرزە

دو گەوهەر لە بن پرچی دەتروسکان   زو هاتەخوارێ ولە دارو پلوسکان

زۆر زو گەڕاوەوبولای کاروانی   هەر گەیشتەوەو، لە میرزای ڕوانی

هەرڕۆژی ئەوەل ئەمگوت ئەوباسە ؟   کوا ژنت هەتیوە ؟ بۆتە ڕەققاسە

چەپلەی لێ‌دەدا لە قاوەخانان   هەرشەو لەشوێنێك لای پیرو جوانان

نیشانەش ئەوە، دو گەوهەری گەش   داناوە پاش سەرلە بن پرچی ڕەش

قاقا پێکەنی؛ میرزا چیلێ هات؟ باڵەلای خۆم بێت بۆهیچکوێ نەڕوات
ئەو قسەی کەبیست میرزای ماڵ وێران خوێ دێیرودەوێ دەکوتاوەك کوێران
هەرچیکی پییبو لییئەستاند حاجی کردیە وەرگێڕکەش بە ناعیلاجی
هەرکات، چومەوە، ڕەمزو نیشانە خاڵێکت لەنیو سینگو مەمکانە
قسەی دەدرکاند وا بزرکابو قولە ڕەشێکیش لە کاروان‌دابو
گوێی بو قسەکانی هەردوکان ڕاگرت نیشانەو وتەی بە دڵ جوان ڕاگرت
قولەش گەڕاوە بە بۆنی کەباب تا گەییە ماڵێان، کردی دق‌الباب
پرسیان ئەتۆ کیی پییگوتن نیشان دەرکیان کردەوەو قول خۆی دانیشان
بە خوو کارگەری، کوتایان بە دار چی لەدەستنەهات جویی دادو هاوار
:دەبێ پێم‌بڵەی زۆر ڕێك، بە جوانی بۆیگێڕانەوەو، باسی کاروانی
حەبیبەی جوان‌چاك، کوڵمەی گلۆکی تازە، ئەوساڵەی هاتبو بە بوکی
ڕێکو لەبار وئەو قەلافەتەی چاوجوان، بەدیمەن، ئە بە وهەیبەتەی
باڵابەرز، قەدی وەك داری چنار ئاوا خولقابو،نێرانەو بەکار
قۆڵی لێ هەڵکرد، بستێنی تۆڵە بشکێنی ژیست و پیستی، ئەو زۆڵە
گەوهەرێکی دی بردخوردکردەوە خۆی تەواو گۆڕی بە گشت کردەوە
بەرگێکی جوانی، پیاوانەی پۆشی بۆ ڕێکوپێکی، وجوانی تیکۆشی
چەند نۆکەری گرت، زیرەك و چالاك بۆ تەقڵەبازی و لە شەڕیش بێباك
ئەسب و ئەسبابی خۆیو پێاوانی کڕینی وەکێك هەموی بەجوانی
پێ ڕاگەیاندن، بە نۆکەرانی من ئەحمەدئاغام، ئەحمەد کوێستانی
کەوتنەڕێ، بەرەو شاری بەغدایە چەند شەوو ڕۆژان، ئە بەو گەرمایە
ئەی ئەهلی مەجلیس جەنابی مەلای! ئەلحەمدولیللا، تیدەگەی زانای

بەڵێ ژن هەیە و ژنۆچکەش هەیە پیاوی پیاو هەیە و پیاۆچکەش هەیە
وەختێ گەیشتنە، ئەوشارە گەورە خوی پێناساندن، بە چوك و گەورە
خۆشترین جێگا، جوانترین خانوو بە ئیجارەی گرت بۆ برو بیانوو
بەحاکم ودەستەش خوێ پێناساندن رەوت و هەیبەتی، هەموی تاساندن
من ئەحمەدئاغام، کارێ هەتانە ئەحمەد کوێستانیم، پێم کەن مەتمانە
ئەوجارە ڕۆیی کەوتەدوی حاجی چۆنی تەنبی بکاو بستێنی باجی
دەریشی کردبو، میرزای خاكبەسەر ناچاربو، ببو بە شاگرد مسگەر
گەڕا، دوکانی وەستای دیتەوە قاپی پیسمان هەن، بۆن سپیکەوە
هەر ئەو شاگردەم، لەگەڵبنێرە قاپ و قاچاغان، بێنێتە ئێرە
میرزا برایمی نارد تا قاپان بێنی لە ڕێی تێیگەیاند زۆر بە نەێنی
میرزا لە غەم و فکر و پەرۆشی هەر نەیناسیوە، ژنەکەی خۆشی
ئەتوبۆنایەی، وەك ئەو پیاوانە پاك و خاوێن بی، بژی وشاهانە
وتی پێمخۆشە، ئەو هاتمەلات ئەسپێکی بۆکڕی‌و دەستێکیش خەلات
چووە لای وەستا بۆ ماڵاوایی هەرچوو هاتەوە زۆر بەخێرایی
بەرگە کۆنەکەی مسگەری وەرگرت بۆ قسەو باسی،دواڕۆژی ڕایگرت
گەڕاوچو، حوجرەی خواجەی دیتەوە نیشانەی کردچۆن بیناسیتەوە
پێویستی و مۆر و ڕەژی دەستدانێ بە بەرگی ژنانەی تا کەس نەزانێ
پڕژاندی دەرمان لە میژو گوێزان هێنای گورجێکی لە بوخچێکی نان
مەنزڵ و حوجرەی‌وا، پێدەزانی لێی وەژورکەوت، خواجە لێی ڕوانی
بێدەنگ بو، هەتا چوڵ‌بو دوکانی ئەوجار ڕایگەیاند، وەختەکەی زانی
وائێژن، ئەتۆش، گەوهەرێکت هەس ئێکیش لای منە، تۆ بیزانە و بەس

هاتوم لێمبکڕە، یان پێمبفرۆشە بۆ هەردو ڕازیم، کامەی پێتخۆشە

:مزگینیت کەوت، من لە خودام دەوێ ئەو گەوهەرەی دیش، وەدستمکەوێ

هەستە، ڕێککەوین، بۆ ماڵێ با بڕۆین تەماشایانکەین خواردنێکی بخوین

هەر ڕۆیین دەرکەی داخست تا حەوت پیێوابو مەلەو دەئەوداوەیکەوت

تا درەنگ نەبوە، زو بۆم بێنەدەر دەڵەیچی بۆ تۆ هەر خۆمم گەوهەر

دەی باشەخو منیش بوئەوکارە سازم شەرتیە نەشکێنی، ناموس و ڕازم

دانیشتن بە قسەی خۆشو گوفت وگۆ مێوژوگوێزم پێن،داهابرێکان بخۆ

خواجە زروقاوە، زۆری پیێخۆشبو هەر دودەنکی خواردزویەکی بێ هۆشبو

بێ هۆشتری کرد بە بۆنی دەرمان تابڵەمە و ڕەژیو مۆری دەرینان

پاش بێ هۆشبونی بەرگی لەبەرکرد سوربوە مۆرو سمتی پێ مۆر کرد

دەخویندرایەوە، هەر زۆر بەجوانی لە دورڕا ئاغا، ئەحمەد کوێستانی

دەرکەی هەڵگرتن، گەڕاوە بۆ ماڵ پاش چەند ڕۆژان چو تا بزانێ ئەحواڵ

چەند پیاوی بردن، بەرگیان بۆ بکڕی دوستاێەتیشی دەگەڵ دەرببڕی

قوماشم، دەوی،گەش وجوان وڕەش بەرگی مەحمودو قادر، بۆ حەمەش

هەمانە، نەیتوانی، وا خۆڕاکێشی زانی، جی موری هێشتا زۆر دیشی

:خوانەکا چبوە، بۆت بە پەرۆشم :ئەحمەدئاغا گیان کەمێك نەخۆشم

جارێ لێیگەڕێ، زەحمەت مەکێشە کاری دیکانەم، هێشتا لەپێشە

چەندڕۆژی دیکەش خوێ لێبواردجارێ ڕۆژێك چوو دوکان، وەختی ئێوارێ

کوا، ئەو قوماشەی ئەوڕۆژە دامنان بو ڕانك وچوغەی خۆم و پیاوەکان

گورجێك دای هاتێ و هێنایە پێشی جا ئەوجارزانی هێچ جیێ نایێشی

چەند دەستی لێکڕی، هەتا نەزانی خوشێ حازر کرد سبحەی بەیانی

بە ڕێك وپێكی، بۆخوی و چەند پیاو
هەمویان ڕێك ولەبارو زۆرشیاو

کوتێە دەرکەوان بڵێ بەپەلەیە
عەرزێکی چوکم لای حاکمی هەیە

وا ئەحمەدئاغای کوێستانی لێرە
با بێ تا بزانین چی دەوێ خێرە

عەرزی حاکمی کردگەورەم سەروەرم
لە جیێ گشت کەسم ئەی تاجی سەرم

بۆ دیاری خۆم دەگەڕێمەوە
بۆ پیێ جەنابت ڕەنگ بێ، بێمەوە

لە پیاوە کانم نیکێیان تۆراوە
لێرە، بازاڕ و حوجرەی داناوە

ئەمربفەرموی، بێتەوە لای خۆم
بۆ خواحافیزی، پێش، ئەوەی بڕۆم

ساحیب ئیختیاری، وتەت بەجێیە
پێم‌خۆشە بزانم، پیاوەکەت کێیە؟

ڕەنگ بێ بیناسی،خواجە حەسەن‌ناو
خواجەی بەسرایی ئەی دەم‌خۆش تەواو

وەکو من بەشی، ئەتۆ لەو ماڵە
بەلام ئەو حاجیە زۆر لەمێژساڵە

هات وچو دەکا، ئەو قسە با بەس‌بی
نەمزانیوە قەت پیاوی هیچکەس بی

:بێئەدەبییەوزۆریش بێجێیە
بەلام بووکارەی، من بەڵگەم پێ یە

چێ پیاوەکانمن، هەموم هیناون
موری نێوی خۆم لە سمتی داون

بێلایەنێك بێت با لێی‌بڕوانی
کێشەن خەلاس‌کا، خێری ئیمانی

حاکم، زۆر تێك‌چو، بەو قاڵ و باسە
بە ناعیلاجی فەرموی دەی خاسە

ئێمە هەمومان بەوە بوێن ڕازی
مەحکەمەیی ناوێ و چونە لای قازی

خواجە حەسەن بێ، ڕوت بکرێتەوە
ڕاست بێ یان درۆ سور بکرێتەوە

حاکم ئەمری کردخواجەحەسەن هات
تێی فکرین کوتیان، ئاغا ڕاست‌دەکات

خواجە حەولیدا ئەو کارە گەورەی
هەر بیسوڕێنی ئەو باس و دەورەی

شاش ویستی بگۆڕێ بەنەفعی حاجی
یا تەحویلی بدات بە ناعیلاجی

بەبێ ترسی گوتی وا ئەحمەدئاغا
زۆر بە ڕاشکاوی لە نیو وەتاغا

من ئەو پیاوەی خۆم نادەم بەوشارە
یاساو قانون کوا، بەوەبڵێن کارە

حاکم ناچاربو، خواجەی دا دەستی
هینایە مزڵێ زۆربە تەڕد ەستی

بەرگی نوکەری لەبەر خواجەی کرد
سایری نوکەران، ئەسپی خوی زین کرد

سواری ئەسپانبون هەمویان ویکڕا
ڕێکەوتن بەرەو ،ماڵیان بۆ بەسرا

پاش چەندشەووڕۆژ گەینەوەماڵیان
یەك یەك لێیپرسین لە ژین و حاڵیان

شوین و ڕۆژێکی بوی دیاریکردن
لێك کوببنەوە بوی مەعلوم کردن

ئیجازەی پێدان هەمو بچنەوە
هەر خواجەومیرزای لابمێن نەوە

میرزائاخرتۆش دەبچۆوەماڵێ
لەترسی خواجەی زانی چ ناڵێ

ماڵتان لەکوێ یەخواجەبابزانم
تۆش ئیجازەبدەم وەك پیاوەکانم

کاغەزێ بنوسەدەبڵێ پیاوی تۆم
مۆری کەوتەواو،زوێکی بیێنەبۆم

کاغەزی مۆرکردتاهەرکات وسات
چی ئەحمەدئاغا لێمان داواکات

چی لەمنی بوێ هەرتابمێنم
بەبێ دواکەوتن بۆی بەجێ بێنم

ئیقرارێ دەکەم،حازربەئیمزام
تاهەم نۆکەرێك،بۆئەحمەدئاغام

جائەوجارئاغابانگی خواجەی کرد
ولا می لێ ویست ئەوپرسیارەی کرد

ڕاستیم پێبڵەیێ بە خوا ئازادی
دەنا قازی خۆی دەپرسێ دادی

تۆ ژنی میرزات لە چەند چاخانان
دیتت سەما بکا لە پێش بێگانان

لە کام ماڵتدی؟ لەگەڵ کام لاوێك
لە کامە جێگا، لە کام کەلاوێك

خواجە هێند ترسا، هاتەوە بیری
زۆر تاوانبارەو چێیە تەگبیری

ناچاربو بیڵێ و خۆشی بشکێنی
ئەگەر لە دونیا چی بۆ نەمێنی

:گەورەم من بە خوا بوختانم پێکرد
بە پاکی و چاکی، حەسودیم پێ برد

دەنا خۆ ئەوژنە لە دونیا تاکە
لە ڕاست هەموشتێك وەك شیری پاکە

:پێم خۆشبو بۆخۆت وا ئیقرارت کرد
بوختان و درۆت لە سەر خۆت لابرد

بو ئەو گریوەی چت ئەستاندووە — بە بێ کەم و زۆر بێنە بیدەووە
شەرتیە پێم‌نەڵێی قسەی سوك و کاڵ — چی ئەستاندومە وشتر و ئەسپ و ماڵ
بو ئیمە ئیمرۆ تۆ لە جێی قازی — هەرچی تۆ داینێی، پێی دەبم ڕازی
چەندی دانابو، چو بوێ هێناوە — لای ئەحمەدئاغا تەحویلی داوە
ئەی ئەهلی مەجلیس، جەنابی مەلا — تی‌دەگەی، زانای ئەلحەمدلیللا
بەڵێ ژن هەیە، ژنوۆچکەش هەیە — پیاوی پیاو هەیە پیاوۆچکەش هەیە
جا ئەوجار میرزا دەگەڵ خێزانی — چونەوە ماڵێش دیسان نەیزانی
لە دەرکەیان‌دا گوتیان ئەتۆ کێی — بەو درەنگوەختەی لەدەرکەیێ دەدەیێ؟
:من میرزا برایمم دەرگا بکەوە لێم — نیشانەکەشمت، ئەوە پێ‌دەڵێم
قەرەواشەکە دەرکی کردەوە — میرزا لەو وەزعەی واقی بردەوە
حەبیبە کوانی؟ ئەو قولە کێیە؟ — چ بووە؟ چ باسە؟ قول بۆ لێرەیە؟
:پاشی چەندرۆژ ان کەدەرچوی لەماڵ — ئەم قولەیە هات، پێی‌گوتین ئەحواڵ
حەبیبە لە ماڵ دەرکەوت ئەوکات — چی‌دی نازانم چ‌بووە کارەسات
ئەو میرزا برایمەی وا لێی‌قەوۆمابو — بە دروو بوختانان کوڵەی کوترابو
ئەوەشی کەبیست کەمابێ هۆش بی — حەبیبە وای د واند ئەوجار دڵخۆش‌بی
بێ پەردە و پایە خۆی ئاشکرا کرد — ئەو دڵەخورپەو دودڵیەی لابرد
کەم مابو گێانی دەرچی ونەزانی — لە ئازایەتی و مەردی خێزانی
پێك شادبونەوە ئەو ژن و مەردە — پەندیان هاتەدەست، لەو هەمو دەردە
زۆرخۆشێان ڕابوارد خولاسەی کەلام — تێروپڕ، بێ‌خەم دانیشتن، بەلام
میرزا وای‌کردبا دڵی لێی‌بێشی — بەرگی مزگەریەی دادەنا پێشی
دیسان وەڕەزی گرێوت کردووە؟ — ئەوکات و دەمەی تازە ڕابدووە

قەیاتی کوتریش، دوایی کە پێ هات — دانیشتوان هەمو، مات لە کارەسات
قەیاتی هەردوان، چون زۆر بەهێزبو — پوخت و پاراوو خوش و بەپێزبو
جوجکەش ماندوبون لەو هاتوچونە — هەڵفرین بونە وقەلەی سابونە
ئەی ئەهلی مەجلیس، جەنابی مەلا — تێدەگەی؛ زانای ئەلحەمدولیللا
بەڵێ ژن هەیە، ژنوۆچکەش هەیە — پێاوی هەیەوئاخر پیاوۆچکەش هەیە

نامەی دۆستێك ولاّمی بە شێعرێك

کاك فەقێ ئەحمەدی شیوەمێرێ نامەیەکی لە مانگی ڕەمەزانی جستانی ساڵی هەزارو سێسەدوحەفتاو هەشتی هەتاوی بۆناردبوم و بانگ هێشتنی کردبوم نامەکەم درەنگ پێگەیی و پێشم خۆش‌نەبو دە ڕەمەزانێدا سەفەرێ بکەم بەئەو چەند شێعرانە ولاّمم داوەتەوە.

کاکەفەقێ گێان برای دێرینم — ڕەفیق وهاودەم تاڵی و شیرینم
ها و بیری ڕێگا ی بە رزو پیرۆزم — هاندەر بۆ ورەی پاك و دڵسۆ زم
دادەی پێم‌بڵێ ئەحواڵت چۆنە — چۆنی چۆن لەگەڵ ئەو دنیا کۆنە
ئەحواڵی خوۆت وبراو بەڕێزان — دەپرسم دەگەڵ گشت ماڵ وخێزان
پێتوابوهەرتۆی ئارەزوت کردوم — خو ئەمنیش لەسویی یارانم مردوم
پێم‌خۆش بولەگەڵ کۆی دۆست ویاران — دانیشتباین بێخەم وەك جاری جاران
هەرنەبێ جارێ‌یەکتر ببینین — لای خۆیی شەریك بۆ‌زۆرشای و شینین
نامەکە لە وەخت درەنگتر گەیی — شاهیدم هەیە نەیکەی بە گلەیی
با ئەوەش بڵێم هێندە پڕکارم — لە چەنگ ئەم ژینە نابێ ڕەزگارم
بەخێر با بڕوا مانگی ڕەمەزان — خۆشی وناخۆشی دەستێ نێن قەرزان
چێدی نانوسم بەو زگی برسی — پێم‌خۆشە وەزعی مەلام بۆ بپرسی

قه یاتی ئالّی جوجه

سێ کەس لەبەربێکاری و.وەڕەزیان لە بن دیوارێکی دانیشتبوون، کابرایەك بەوێداهات بەبی غایلەسەلامی لێکردن و ڕۆیشت ئەو سێکەسە لێیان بوّە کێشە، ئێکێیان دەیگوت سلاّوی لە من کرد ئەوی دیکەی دەیگوت سلاّوی لە من کرد. سێهەمیش دەیگوت ناوەلّلە، سلاّوی لە من کردوە، گوتیان باکابرای بانگ کەینەوەولیی بپرسین؟

بەلّێ کابرایان بانگ کردەوە و لێیانپرسی:ئەرێ برادەر ئەتۆ لەئەو سێکەسەمان سلاّوت لە کێ هەمان کرد؟کابرا کە ئەوەی گوێلێبوو لەبەرەخۆیەوە گوتی ئەوە شتێکی تێدایە با بێ سەیر نەبین ولاّمیداوەوگوتی ئەوەی لە هەموان ئالّیتر بیت، سلاّوم لەوی کردوە. جا ئەوە هەرکەسە نەقلی خوّی دەگێرێتەوە:.

ئێکێیان گوتی ئەمن ڕۆژێکی لە مالێ دانیشتبوم قەت وابە غیرەت نەبوم، بە خێزانم گوت برسیمەنانم بوّبێە؟ خێزانم گوتی نانت بەچی بوّ بێنم؟!

ئەمنیش بەزمان سوتاوگوتم بزانە دوێەك، ماستاوێك دەنالەئەوەی بەرەژێرترچم گوتبا!

خێزانم بە توڕەیی.گوتی چی؟! چی؟! چی؟!

ئەمنیش حالّی بوم ئەگەرلێم لەبەهانەیەگوتم، هیچ، بڕێکم نانی ویشکی خواردو چوومە سەر کولانەی هەرامکردو گوتم وەلّلاّهی دەنا ماستیش و ماستاویش!

خێزانم دەستیدا کوّلەوەژێ و کەوتەسەرم، هەلاّتم، نەمگەیشتی؛ کابرا زوّر جوان گوێی بوّڕاگرتبو، گوتی ئێ ئەتو ئالّی ماستاوی!

دووهەمی دەستی پێکرد گوتی ئەمن زوّرم ئیشتیالە پیوازیبو لە ترسی ژنەکەم نەمدەوێرا پیوازی بخوّم. ڕوّژێکی خێزانم دەستیدا گوّزەی بچێتە ئاوێ،کانیەکەش بڕێك لەئاوەدانیەدوربو، ئەمنیش غارمدا پیوازێکم سپی کردو دەزارمناگوتم هەتادەگەڕێتەوە دەیخوّم ،لەبەرتڕەتالّوکەی فکرم نەکردەوە ئاخردوایەش بوّنم لەزاری دێ، نازانم لەبەر بەدبەختێ من یابوّچی خێزانم گەڕاوەلەنێودەرکێ تێم هەلّەنگوت.چاوی لێ کردم، گوتی ئەولاگوپت بوّوائەستوربوە؟ کە پیوازەکەم دە لاگوپیدابو، گوتم نازانم. :بوّنازانی؟!

بڕێکی دەست لێداوگوتی خوڕەقڕەقە.چۆوسەراوێ،ئاوی هیناوهاتەوەلە ترسان نەموێراپیوازەکەی بخۆم یان فڕیێدەم.دیسان بڕێکی دەستلێدا،گوتی،بێنەبا شڵتەی لێنێم.بڕێکی شڵتەلەلاگوپمناهەتاسبحەینێ کەدەستی لێداگوتی هەروەکوخوێ ڕەقە؟

بەڵێ! لەئەوزەمانیدا لەهێندێك دییان ئیوا هەبون، بڕێکیان لە برین و ... دەزانین، پییاندەگوتن دوکتور یاحەکیم لەئەودییەش پیاوێکی زۆر ڕوحسوك و باشی لێبو، دەگەڵ خێزانم چوینە ماڵە مام حەکیمی، خۆ ئەمن نەم دەوێرا قسان بکەم نەبادا لێم ئاشکرابی فکرم نەدەکردئاخری ئاشکراهەردەبێ؛

خێزانم پێیگوت، مام حەکیمگیان بزانە ئەوە چیە لە ڕومەتی ئەو پیاوەی هاتوە،

حەکیم هینای بڕێکی تەماشا کردو دەستی لێدا ڕێکیگوشی گوتی نایەشی؟

گوتم نەخێر گوتی دەبێ شڵتەی لێنێم.خێزانم گوتی بەڵێ شڵتەم لێناوە هەر وەکو خۆیەتی.مام حەکیم گوتی نائەمن بۆخۆم دەبێ شڵتەی لێنێم ئەوشڵتەی ئەمن بۆخۆم ڕیکێ دەخەم لەگەڵ شڵتەی ئێوە جیاوازە .

بەڵێ دوبارە شڵتەیان لە گوپمناو شەوو ڕۆژێکی دیکەش شڵتەم بە لاگوپی وەبو. سبحەینێ چوینەوە لای حەکیمی. مام حەکیم دەستی لێداو گوتی هەروەکو خۆیەتی دەبێ نشتەری لێدەم خێزانم گوتی بۆخۆت دەزانی! دەستیدا نشتەری و دەگەڵ نشتەری دە گوپی ڕاکردم، تەماشای کرد، پێلکە پیوازی پێوە هاتبوو، زاری لێكکردمەوەو پیوازەکەی دەرهێناو فڕێیدا چەپۆکێکی پێداداموگوتی ئەدی ئەگەر پیوازت دە گوپی دابو، بۆ دەنگت نەدەکرد، خێزانیشم دو شەقی تەڕو تازەی تێ هەڵدام، هەڵاتمەوە ماڵێ، تازە هەتا هەم پیوازی دەگەڵ چێشتێش هەرناخۆم وئیشتیاشم بۆی ناچی ؟

کابراش گوتی دەی ئەتۆش ئالی سۆغانی!

کابرای سێ هەمیش ئاوای دەست پێکرد:مانگ و نیوێك لە بەهارێ چوبو، ڕۆژێکی خێزانم گوتی دەچمەوە ماڵە بابم، هەتا دێمەوە ئاگات لە ماڵێ بیت دەپێشداپێم خۆش بو؛ گوتم زۆرچاکە، مریشکێکن تازە جوجکەی هەڵێنابون، دە دوازدە جوجکەی لەبەربون،

گوتی، زۆر بەجوانی ئاگات لە جوجکەکانیش بێت هەڵۆ نەیانبات!

گوتم نەخێر ناهێڵم.خێزانم رۆییشت وگەڕاوە،دیسان ڕوی‌تی‌کردم، گوتی، ئێدی ئاگات لێبن،جوجکێك چی لێبێت چاوتدەردێنم،جائەوجار خێزانم رۆییشت،ئەمنیش کەوتمە فکران:خودایە چ بکەم؟چۆن ئاگام لێبن،دوایەگوتم ئەوەی ناهێنی،بەنێکم پەیداکرد،دەلاقی هەموجوجکەکانم ئێخست،سەری دیکەی بەنەکەم لەلاقی مریشکێ گرێ داوگوتم خۆ ئەوجار هەڵۆ ناتوانێ هەموان بەریت؛جابەخاترجەمی مریشك وجوجکەم بەرهەلاکردن،ئاگام لێ نەبوخەرتەلێك هات،ڕۆبۆمریشکێ وبەجوجکەوەهەموی هەڵ گرتن وبردنی ڕۆیی. ئەمنیش دەستەوئەژنومامەوە،جائەوجار چ جوابی خێزانم بدەمەوە،دەیگوت جوجکێك هەڵۆ بیبات چاوت دەردێنم، خۆئێستا.نەمرێشك ماوەو نەجوجکە!

گوتم، فایدەی نیە، هەستام پێداهاتم هەرماڵەی هێلکێك و دو هێلکەم لێوەرگرتن، ڕۆژی پێش هاتنەوەی خێزانم،چوم لەبن پێرکی جێگام چاك کرد، هێلکەکانم دانان ولە سەریان مات بوم، خێزانم هاتەوە، دەرکە ئاوەلابو، هاتە ژورێ برێکی بوڵەبۆ لێ کردو:ئەوە دەبی لەکوێ بیت؟! ئەو ماڵە چەند خاوێنە! چمنەگوت، چولە جیرانانی پرسی:ئەرێ ئەو پیاوەی مەو نەدیوە؟!

جیرانەکان گوتیان، هاتوە هێلکەی لە مە وەرگرتوە و هیچی دیکەن ئاگا لێ نیە، خێزانم هاتەوە دیسان گەسکی دەستدایە ماڵێ بماڵی، ڕۆبۆ قولینچکی بەرەی پێرکی هەڵیداوە قیرێکم لێ هات، گوتی ئەوە بۆ لیرەی؟! ئەوە چ دەکەی لێرە؟! گوتم حافرەت مریشك و جوجکە هەمو خەرتەل بردونی، هێندەم نەماوە جوجکان هەڵبێنم لیمگەڕێ بۆمریشکەکەش دوایە فکرێکی دەکەمەوە! خێزانم پیلی‌گرتم و لە بن پێرکی هینامەدەرێ و دوسێ کوڵەگەسکی لەسەروگوێلاکان دام و بە شەقان وەدیوی دەرێی‌نام، گوتی ئەوە جوجکە بوبەتوهەڵدین!ئەمنیش بەئەوجورەی نەجاتیم بو. بەینێکی خۆم لەخێزانم شاردەوە·ونەمدەوێرابچمەوەماڵێ،

کابرا گوتی وەڵلاهی سەلامم لە تۆ کردوە ئالی جوجە.

قەیات (ئاڵی ماستا و) (ئاڵی سۆغان) (ئاڵی جوجە)

(ئاڵی ماستاو)

سێ‌کەس دانیشتبون لە بن دیوارێك — بە کنێیان‌دا ڕابرد هێدی ڕێبوارێك

سەلامێکی کرد نەیزانی وڵلا — دەبیت بەبەزم و بەکێشە و هەڵلا

یەك دەیگوت سلاوی لە من کرد بابم — دوهەمی دەیگوت بۆت تەسلیم نابم

سێ هەمیش هەردو وەدروخستنەوە — جا ئەمنیان بانگ کردبۆڕن کردنەوە

هەرسێکیان وێکرا ڕویان لە من کرد — تۆ ئەو سلاوەت لە کێمان کرد

:سلاوی تایبەتیم تەنیا بوو کەسە — ئاڵێتر لە نێو هەر ئەو سێ کەسە

هەرکەس نەقلی خوێ چی بەسەرهاتوە — سەریان شکاندبێ یا زوهەلا تووە

بوم بگێڕنەوە ئەمنیش گوێم لێیە — جا مەعلوم دەبێ ئاڵێتر کێ یە

یەك دەستی پێ‌کرد وەختی نیوڕۆیە — گوتم برسیمە و ئیشتیام لە دوێیە

هاتە پیش گوتی پێم بلێ گوێم لێبێ — وات بەسەر بێنم زۆر چاك تەنبێ بێ

زۆر ترسام گوتم کواخۆچمناوێ — من پێم‌خۆشە بخۆم هەر نان و ئاوێ

هینامە پێش خوم بڕێکەم ورکە خوارد — بە ماتەوماتە خۆم لە ژنەکە بوارد

لە سەر کولانەی گوڕڕاندم ئەمنیش — دە وەڵلا دەنا ماست و ماستاویش

کولەوەژ بەدەست دیم بە دوامدا هات — بانگی دەکردم من خۆمدا نەجات

مەگەر نەیەوە؟! هەر ڕوم لە توێیە — دەناپێت‌دەلێم پوت چەند کیلوێیە

پێم‌گوت بەلێ تۆ ئاڵی ماستاوی — وا لە حاستی ژنت ڕانەوەستاوی

***

(ئاڵی سۆغان)

بۆی گێڕاینەوە زۆر بە بێوازی
ئەوەندەم ئیشتیا چۆبۆ پیوازی

بەڵام چ فایدە لە ترسی ژنەکەم
کوا خۆبەتوتوش بوێرم ڕوی تێکەم

ڕۆژێکی دیتم لای چێشتنگاوێ
گۆزەی هەڵگرتن ڕۆییشت بۆ ئاوێ

زو پیوازێکی چوکەڵەم چاکرد
هەروا گورجێکی دە زارم ڕاکرد

چی لە بیرچوبو بۆ چی گەڕاوە
منیش کە دیتم کشامە دواوە

دیتمی گوتی ئەیرۆگوپت بۆ وایە؟!
با بچم بۆ ئاوێ و دێمەوە دوایە

چۆ کانیە و هەروا زو گەڕایەوە
ئەمویرا بیخۆم پیواز مایەوە

دەستێکی لێدا و بۆ دەبی وابی
هێن ڕەقە دەبێ بەردی تێدابی

شڵتەی گرتەوە و لە لاگوپی نام
سبحەی کردیەوە و هەروا بێئاکام

نابی پێت وابێ وەك ئەو زەمانە
دوکتور و دەرمان یا نەخۆشخانە

لە مەنتیقیك و هەمو دەورو بەر
تاقە کەسێك بو ئاوا وەك دوکتەر

پیاوێکی ڕوخۆش، دڵپاك و سەلیم
ناچاربوین چوینە ماڵی مام حەکیم

پێیگوت دوڕۆژەگوپی ئەوپیاوە
تێ ناگەم بۆچی وا هەڵموساوە

دەستێکی لێدا و برێکی لێڕوانی
با شڵتەی لێنێم، تا سبەی بەیانی

خۆ دوێنی شڵتەم لێ نابو بۆخۆم:
نا تا لێینەنێم مەعلوم نابێ بۆم

هەڵموسا دیسان گوپم بە شڵتە
قسەکردنیشم لێبو بە فلتە

بەیانی هەرچوین دەرکەن کردەوە
دیتمی و شڵتەی گرت لێی کردەوە

دەستێکی لێداو هەروەك خوێ وایە
بە نشتەر نەبێ عیلاجی نایە

نشتەری هیناو دە گوپمی ڕاکرد
هێنایە دەرێ و کاری یەکلا کرد

پێلکە پیوازێك چوکی بەخووە
هێنا و لێی ڕوانی و لێشی بەربووە

قـامکی نـا زارم پیـوازی فـڕیّدا | مام حەکیم جادەی جنێـوم پـیّ دا
دوکتورجوت چەپۆك غـاریدا سـەرم | هـەتا هـێزی بـو وا کوتایـە سـەرم
ژنـەش دو شـەق و زللێکـی لێـدام | ئـەوەش نـەقلّی من خولاسـەی کـەلام
هاتمـەوە مـالّیّ زۆر بـە نـاڕازی | تـازە قـەت ئیشـتیام ناشـتە پیـوازی
دەی کاکـە ئـەتوش ئـالّی سـۆغانی | تـو مـەکرت لـەوی دی چـاتر زانـی

(ئالّی جوجە)

کـابرای سـیّ هـەمیش وەك پیـاوێکی ورد | تـا خـەلاس نـەبون هیـچ قسـەی نـەکرد
وتـی نۆرەمـە بـە ڕەسمـی ئـەوجار | لـە نیـوەی ڕۆژی مـانگی دوی بـەهار
لە مانگی گولاندا، ئـەو فەسلّی وا خـۆش | کێوودەرودەشـت هەموسـەوزەپۆش
تـەواوی خـەلّکی ڕوی لـە سـەیرانە | خـانوی بەختی منیش تێك چوە وێرانـە
ڕۆژێـك چێشـتانی ژنەکـەم هاتـە ژۆر | ڕاوەسـتا و ڕوانـی کـەمێك لـە مـن دور
دەمێکـە هیـچ بـاس لای مـالّی بـابم | یـان خەبـەرێك بـیّ تـا دلّنیـا بم
بـا بچـم سـەرێکیان لیّبـدەم بیمـەوە | دەبـیّ ووشـیاربی تـا بگەڕێمـەوە
خـۆ بە تایبەتی مریشـك و جوجکەکـەم | دەنکێـك نـەمێنی خـوا بزانـی چبکـەم
پێـم گـوت ئەرخـەیان؛ بـە دلّنیـائیی | مالّـی بـابت یـا ن بچیـە سـەر شـائیی
کـەمێك ڕۆییشـت و دیسـان هاتـەوە | هـەتا ئەوباسـەی دوپـات کاتـەوە
پێـم گـوت بیّخەمبـە هـەتا مـن مـابم | لـە مـالّ و جوجکـان هـەر غـافلّ نـابم
ژنەکـەم ڕۆییشـت وەونبـو لـە مـالاّن | عـەقلّ و هۆشـی منیش ڕۆیـین بـە تـالاّن
جـا مـن مریشـکە و ئـەو جوجەلاّنـە | چیـان لیّبکـەم چـون بـیّ لێـیبم متمانـە
کـەم مـابو شـێت بم کەوتمـە فکرەکـان | چـۆن ئاگـام لیّبـن لەمریشـك و جوجکـان
بـیرم کـردەوە خـۆم زۆر مـاندو کـرد | لـەو فکـرەی زیـاتر ڕیـم بـۆ دەرنـەبرد

بەنێکم هێنا و هەموم تێک خستن   لاقی هەموانم ئیلئیک لێکبەستن
هەلۆ ناتوانی هەموان هەلبگری   بەخۆم گوت عەقڵە دەکا بەرگری
لە بیر و هۆش و لە زانایی خۆم   تەحسینم دەناردخۆم بۆعەقڵی خۆم
دە ئەو فکرانەدا وا غەرق ببوم   تا خەرتەل نەهات ئاگادار نەبوم
جەلەی مریشک و جوجکانی ڕفاند   بەنی مەحکەمی بیری منی پساند
ژنەکە، دەیگوت جوجکێک نەمێنی   چ بۆخوی بمری، هەلۆ بیڕفێنی
هەڕەشەی دەکرد چاوم دەربێنی   ئێستاکە بزانی چم بەسەردێنی
دە گوتم ئەو حاڵە ناشێ بەوحاڵە   نەجولێمەوە وەزعم زۆر تاڵە
چوم پێداگەڕام هەر لە سەر لاقێک   هێلکەم پەیدا کرد نۆجوت و تاقێک
هێلکەکەم دانان جێ مریشکە کورکی   لەسەریان مات بوم چوم لەبن پێڕکی
تەشریفی خانمیم وەختێک هاتەوە   جوجکە و ماڵ و حاڵ بە سەر کاتەوە
هاتەوە کەچی ماڵێک چول و هول   جوجکە نەمابون کردیە بوڵەبوڵ
ڕۆییشت لێیپرسین لە ژنی جیرانی   داخوا کابراکەم کەس پێی دەزانی
یەک گوتی هێلکێک یەکیش گوتی دوان   هات لێی وەرگرتین تێگڕا لە هەموان
گوتێیان دوای ئەوە هیچکەس نەیدیوە   بچو بگەڕێ، بزانە لێرە لەو دیوە
هاتەوە زۆری هەروا بە بوڵە   ماڵ دەڵەی چوڵە، پڕ تۆز و خوڵە
دەی هەویست ماڵێ خاوێن کاتەوە   قاپ و مەنجەلان پاک بشواتەوە
گەسک بە دەستێک بەڕەی گرت و هات   ئەمنیش زۆر هێدی قیرێکم لێ هات
هەرگوتی ئەیڕۆ بۆ لێرەی چ دەکەی؟!   :زو هەڵیاندێنم پەلەم لێنەکەی
هەر پیلیگرتم دو شەقی لێدام   بە کوڵەگەسک و مست وەدەرینام
وەرە دەبڕۆ هەی عەمرت نەمێنی   تۆ چۆن دەتوانی جوجکان هەڵبێنی

به گەسکەکوڵە و زللە و شەق لێی‌دام
هەتا پاش دەرکەی توند وەدەری‌نام

هەتا چەند ڕۆژان خۆ نەچومەوە
شەوشەوە بە دزی بەردەبومەوە

:ئاڵی جوجە من سلاوم لە تۆ کرد
چون ئابڕوی خۆت و هاوالانت برد

تا قسە نەکا و تا ڕنەڵێ پیاو
عەیب و زانینی نایەنە بەر چاو

***

حەکایەتی سێ بزنی مام قەرەنی

لە دێیەکی دە پازدە ماڵێدا، مام قەرەنی بەخۆیبەژنێی وکچوڵێکیشی هەبو. دەماڵێکی زۆر شپرزەدادەژیان ،هیچیان دەماڵێ دانەبو ئەوەی بەچوار لاقان ڕۆی با پشیلێکێان هەبو ئەویش زۆریان جواب کردبو، بەلام چونکە ئەو پشیلەش تائەندازەیەك وەکو پشیلەی مینە قوڵەی بێ‌شەرم بو نەدەڕۆیشت.

بەسەرهاتی پشیلەی مینە قوڵەی

ڕۆژێك لە ڕۆژان دانیشتبوم لە ماڵ
سەر پڕلەسەودا،دەرون پڕخەیاڵ

سەر پڕ لە سەودادەرون پڕ لە ئێش
دایکم،نان ودوێی بۆهێنامە پێش

نانەکەت بخو نە وشی گیانت بی
بچێ کوێش خودا پشتیوانت بی

کەهات پشیلێکی ڕەقی دمباریك
هەر دیتم دنیام وا لێبو تاریك

ختەخت، لە من جەم و دو نانە
ئەتو کە بیخۆی لێت بە سندانە

پشیلێکی سەگ بو دمچەوت نەبو
چەند ی دەنگمدا ئەوزەوت نەبو

:ختە ! گەر بتدەم لە قەدی دیوار
بلاوت دەکەم وەك دەنکی هەنار

پشیلێکی وا ،هێند دم بەردوکە
هەرمن دەنگمداو،دمی نالەدۆکە

تەندور داییسا وا نیلێدرابو
چۆن سوربووە کەمرەش سوتابو

گرتم فرێم دا کەوتەنێو تەندور
بۆکروز پڕی کرد هەموماڵ وژور

دایکم کە زانی هات وەژورکەووت
دەست بەکوڵەوەژوەهارێم کەوت

هەتیوە ! سەرت وەك سەری فیلە   ئەو بەستەزبانە بۆ وا زەلیلە

پشیلەی سوتاند و لەکۆلەخوی کردەوە. بەلأم نەپشیلەی مام قەرەنی ئاواهێندە بێ شەرم بوو.نەمام قەرەنیش دەیتوانی ئاوابیسۆتێنی ولەکۆلە خۆی کاتەوە

مام قەرەنی بەچەنگ وچرێکی زۆرتەنانەت بەرگ وپێلاوی بۆخۆی وژن ومنداڵەکەشی پێنەکرابو،بەقەرزوقۆلێ نیوەقەرزونیوەنەغد بەئەوهیوایەهیچی دیکەچاولەدەستی عالەمێ نەبین. هەرچەند جیرانەکان، ماڵیان ئاوەدان بیت زۆریان مەمنونم و هەتا مردنێ لە بیرم ناچی، چونکە قەتیان بێ پێخۆرنەکردوین،ئەوە وایە ! بەلأم دیسان پیاو ئی خوێ بێ چاکترە. جا ئەبەئەوجورەی دەیخوێننەوە سێ بزنی بە ئەو نیوو نیشانەی خوارەوە کڕین.

باسی کڕینی ئەو سێ بزنەی

چی هەمبو نەمبو شەش قۆشە	دامن بەو بزنە ماست خۆشە
یەکیکێان بزنێ گورد و ڕەش	هی دو هەمیش بزنێ پۆشە
سێ هەمیان بزنێ سور خەزالێ	بەهاری زۆر جوان بیاندۆشە
نازانم کوا قەتت خواردوە	ماستی بزنان چەندە خۆشە

مام قەرەنی پاش کڕینی بزنان بیری کردەوەوگوتی خۆتفاقمان نیەو؛ وەحەولان کەوت· بەلأم وەبیری هاتەوە لەدییەکی نیزێکی دێی خۆیان برادەرێکی هەبو بە دوسەد سێسەد سەرێکی مەڕ هەبو مام قەرەنی گوتی سبەێنی بەیانی دەیانبەم بۆ ماڵە مام سەعیدی قاتی ئینشاللە ئەو سێ بزنەم بۆ بەخیو هەر دەکا، وەختی خوێ زۆر دۆست بوێنە جارێ هەر دە فکری پەیدا کردنی جێگای بزنەکاندابو. بەلێ؛ بەیانی بزنی وەپێشە خوێ دان بردینە ماڵە مام سەعیدی دۆستی خۆشەویستی وجەەڕەیانەکەی بۆ گێراوە؛

یاخوا بەخێربیێ میوانی عازیز   بەهار چو ڕۆییشت بە شەوی پاییز.

مام سەعید : کوڕە جا ئەوە خۆ پرسپێکردنی نەدەویست بریا بیست بزنت کڕیبا ؟جابابۆن بەخیونەکرابا سێ بزن چیە ؟ ! مام قەرنی:ماڵت سەدجار ئاوەدان بی ماڵت بە خانەی خودای بی؛ خودا هەر بتداتی. مام سەعید بانگی منداڵێکی کرد:دادەی ڕۆڵە !

خدرۆکە؛ ئەو بزنانەی مام قەرەنی وەپێشە خۆت دە، بێانبە نێو مێشەی هەتا ئێوارێ مەڕ دێتەوە ئاگاو لێ بن، جا ئێوارێ ڕەگەڵ مەڕیانخەن.

مام قەرەنی پاش نان و چاخواردنێ بەخاترجەمی بۆ ماڵێ گەڕاوە و قسەکانی مام سەعیدی بۆ خێزانی گێرانەوەوخێزانیشی:حەك ڕەببی خودا، سەد هێندەی داتێ؛ کابرا پیاوی چاکە، بەدڵەو ئاگای لە فەقیروفوقەڕایانە بۆیە خودا هەر بوی تێدەکا خێزانی مام قەرەنی ئەودەمی زمانی ئاواگەڕا جابابزانین دوایەچونی توك ودوعا یان لێ دەکا،

مام قەرەنی جارجارەبۆخوی وجاری واش هەبوخێزانیشی بۆپەرەپێدان وپان وبەرین کردنی تەونەکەی چونکەهێندەی وڵات داگرت بو،دەکردە هاوبیری ویارمەتی لێ وەردەگرت،گوریس وکوێن وتێرۆجەواڵ وهەموشتێکی لەموی ئەوبزنانەدروست دەکردن وچادروچیغی حازرکردبون،دەفکری پەیداکردنی بێری وشوانیدابو،جارجارەش دەیگوت دەگەڵ ماڵەمام بایزی دەبمەئاوماڵ ویەك شوانی دەگرین ویەکیشمان بەرخەوانی دەگرین، بزنەکانی هیندزۆرببون هەرساڵی ئەوەڵێ دوی دوانەو ئەوی دیکەبزنێ گوردورەش زۆر ئاوەدان بو،بەقەت گوێلپارێکی دەبو،ئەوی دانابوسێ کاران بێنی؛ئەو زستانەی سەدفکری لەئەوبزنانە دەکرد وای حیساب کردبو بە هەشت نۆ دە ساڵان دەگەییشتەوەمەڕی مام سەعیدی، چونکەپاش چوار ساڵان بزنەکانی هەموبەمەڕدان لەبەرچونەکوێستانێ. ئاوا بە بیری خۆی وبەخاترجەمی خۆی دەوڵەمەند کردبو،ئەبەئەوخەیاڵانەلەپایزێراخوێ گەیاندە بەهارێ. ئەگەر زانی مەڕلەزەنێ پا بۆتەوە ڕۆژێکی یاغریاغر بەرەوماڵەمام سەعیدی بۆ هێنانەوەی بزنەکان کەوتەڕێ.جابابزانین مام قەرەنی بزنەگەل وکارەگەلی پێ دێتەوە یان هەرلەئیستاوەدەبی شوانیان بۆ بگری لەڕێگایە کەدەڕوێی:

دەچوو بۆ بزن بردنەوە	هێندی بیر لێ دەکردنەوە
دەڕوێی بەو فکر و بیرە	چەند کاریلەچەند کوێشتیرە
بەڕاستی خۆماستی بزنان	شایانە بۆ میر و مەزنان

بەڵێ:جەنگەی کە مەڕ بەدان دەهاتەوە، دانەمەڕی بەیانی گەییشتە دەرکێ ماڵە مام

سەعیدی، کارەی مەڕو بەرغەل و هەراو هوریای شوان و بێری ساحیبماڵ، ژن و ژاڵ و منداڵ و چەق ولوری سەگەل و هاش و هوشی بای بەهارێ دەنکەدەنکە بارانیشی پێوەبوئەوەڵ مانگی بەهارێ مام قەرەنی کەئەو هەرا وبەزم وهەڵلایەی گوی لێبووئەو بزنەگەل ومەڕەی کەدیت چاوی بەئەودیمەنەجوانەی کەوت شاگەشکەبو،کەم مالەخۆشیان بێ هۆش بێ، هاوێریان کردومەڕوبەرغەل جوی بەجوی بەرەولەوەڕچونەوەکێوی؛مام قەرەنی بۆیەباسی هیچی نەکرد دەیزانی مەڕدانی ئێواری دێتەوە،دەگەڵ دوستە شیرنەکەی چونکەجارێ هەرشیرن بو.چونەژوری دانیشتن ودەپێشداشانسی وی بڕە ژەکێك مابوکردیانەفرۆو،بۆیان هێنا وپاش فرۆخواردنێ نانیشیان لەپێش دانان دەگەڵ ئەوەڵ پاروی لەماستی مەڕێ دەزاری نا ؟دیمەنەجوانەکەی حەسارێی هاتەوەبەر چاو لەئەو دەمەدیرا.بڕیاری دا ئەوفکرەی کردبوی کەپاشی چەند ساڵان بزنەکانی بەمەڕبدا، هاتەوەبیری حەتمەن ئەوکارەی بکاولەبیری نەچی بەڵکەزوتریش پاش نان وچاخواردنێ بەکاوەخۆ دەڵێ ئەوە هاتوم بزنەکان بەرمەوە. دەباڵەخوێدا دەیگوت قاتی ئیشاڵلاە دوبزنی خوشێم وی‌دەدا ئەوساڵ بابنەپینج بزنی‌دۆشینی.مام سەعید: یاخوا بەخێر بێی.خۆخەبەرم بۆ ناردبوی،بۆچماپییان نەگوتبوی!خۆ مام قەرەنی فکری مردنی خۆێ کردبا فکری ئەوەی نەدەکرد:دەی جا چ قەیدیەئەوەبۆخوم هاتوم ئیدی.

میوان بەخێرێی یارەبی سەدجار بە درێژی ڕۆژی دوامانگی بەهار

پێم سەیرە دەلێی پییان نەگوتومە خەبەرم داویەی خۆ من دو سێ جار

مام قەرەنی دیسان هەرپیی وابو خەبەری ناردوە بێ بزنەکانی خوێ بەرێتەوە یەك دو بزنی زاویشیان ڕەگەڵ دەخات چونکە ئەو زەمانی عادە ت وابو،کەسێك حەیوانی نەبا، دەوڵەمەندەکان بزنە دۆغەیان وی‌دەدا هەتا دوێ بخوات، پیاوی وابو پاییزی بێچوەکەشی نەدەویستەوەو دەیدا بەکابرای فەقیر بۆخۆێ بیفرۆشیت یا ...:جا بۆخۆت هاتوی زۆر بەخێربیی؛ بەسەرهاتی بزنەکانت بەئەوجورەی خوارەوەیە کەعەرزت دەکەم:

نەنزانیبو بزنێ گوردی هەلات ڕۆییشت بۆ هەلگۆردی

بە پەرۆشم بۆ بزنیٚ پۆش | بە خوای ئەویشیان ئەتۆ خۆش
بۆ خەزاڵێش زۆر غەمگینی | کەوڵی لە بنە خۆت دەبینی
ئیٚ مەش ئەگەر هیوان پیٚیە | ئەو سیٚ چوار کلکە گرویێە
ماڵی دنیا چڵکی دەستە | تا هەی دڵی پیٚ مەبەستە

وایان داناوە بزن و مێش | پێاوی زۆر زو دەهێننە پێش
لە دوایی وەکی گوتراوە | ئاواش زودەیکەن بەدەروێش

مام قەرەنی بە بیستنی ئەو خەبەرە ناخۆشەی کەم مابەندی جەرگ ودڵی بپسیٚ و تەواوی ئەوهەمو تەونەی دایمەزراندبون وڕایەڵی کردبون بیٚ تێوەدان مانەوەو هەودای خەیاڵی پساندو گوتی دەك ڕەببی ماڵت وێران بی چون لە سەر ئەو هەمو مەڕەی تۆڕا ئەو سیٚ بزنەی من ئاوا بەئەودەردانە گرفتاربون و هەر سیٚ لەبەینچون. بەخوای مام قەرەنی بە سەڵتی وبە سلامەتی گەڕاوەو ئەگەرگەیشتەوە، خێزانی:ئەدی بزنەکانت بۆ نەهێناونەوە؟! مام قەرەنی بە ووردی بەسەرهاتی بزنەکانی بۆ خێزانی گێڕاوە ئەوجار.ژنەش دەستی کردبە توك ودوعاو سینگ کوتانی؛ دەك ڕەببی خودا لییٚ تێکدا، ماڵی ویران بی،؟جاچون لەسەر ئەوهەمومەڕەی ویڕا، ئەو تەقە سیٚ بزنەی مە مردن و چیان بە سەرهاتوە ڕەببی، لە سەید زەنبیلی تەڵەب دەکەم مەڕەکەی وانیش قڕی تیٚکەوی و تاقی لیٚنەمینی. مام قەرەنی و خێزانی لەباتی ماست خواردنیٚ خەم و پەژارەیێکی زۆریان بۆ لەبەینچونی بزنەکانیان خوارد ولەباتی دەوڵەمەندبونیٚ قەرزدار بون و بەرگ و پێڵاو و شت ومەکیان پیٚنەکڕا، هەربویە ئاوا گوتراوە:

ماڵت کە هەیەبابڵێن دەچاڵیٚدا | ئەگەردەتەوەی ساحیب دەباڵدا
بەدەستی خۆت بیٚ کەمیش بیٚ زۆرە | بە بێگانەی بیٚ زۆریش بیٚ بۆرە
ئەو نەسیحەتەی بە دڵیٚ بسپێرە | کاروباری خۆت بەکەس مەسپێرە

❋ ❋ ❋

هەیاس و تاقیکردنەوەی دۆستەکانیان

کوڕەکەی هەیاسی هەروەکوباوبوە،بابی هەمەکارەی سولتان مەحمودی بوە بۆخۆشی دۆست ورەفیقێکی یەك جارزۆری هەبونە،ڕۆژێکی هەیاس دەلێ،ڕۆڵەئەوهەمو ڕەفیقانەی تۆ کەهێندەیان دەخەمێ دای و.وەوەکی بۆخۆشت دەبینی چۆنەوچۆنیشیان بۆخەرجدەکەی ماڵەمە؟هەموڕۆژی دەلەی مەولودنامەیە،پڕەلەعالەم، ئەوەئەگەر کارێکت لێبقەومێ، ئەو برادەرانت یارمەتیت دەدەن، یاهەر یاری نانینەوبەس؟

کوڕەجحێڵەی مام هەیاسی دەلێ بابەئەوانە هەمویان دۆستی گیانی منن نانی چی کێ وەدوای نانی دەکەوێ،هەیاس دەلێ ئەمن بڕواناکەم،ئەتۆئەوەزیاترلەدوسەت دۆست و ڕەفیقت هەیە، ئەمنیش نیوەڕەفیقێکم هەیە،بابێنین ئەودۆستانەمان تاقیکەینەوە.

هەتابزانین چۆنیان حیساب لەسەردەکەین وبابۆڕۆژی پێویست دانەمێنین وپەکو، پەکوبەکارنایەو بریاوامان کردبا؟بریاوامان نەکردبا دەردی مەدەرمان ناکا؟

کوڕی مام هەیاسی دەلێ زۆریشم پێخۆشە؟هەیاس هێنای شەکێکی گوشتەوەبەخوێن وخوڕەوە دەنیو جەواڵێکی ناو لەقولیچکێکی حەساریێ حاشاری داو؟

ئەوجار بەکوڕەکەی گوت جا بچوئەو دوستانەی بە تەواوی باوەڕیت پێیان هەیەو بەدۆستی گیانی خۆشیان دەزانی، هەرئەوشو، بچو بلێ، قەزا و قەدەر ئاوا هاتوە، پیاوێکمان لەدەست زایەبوەو،وەرن کومەگێکم بکەن، بچین بیشارینەوە،خۆئەگەر یارمەتیمان نەکەن .بەتەواوی تێدادەچین وماڵ وێران دەبین؟

کوڕی هەیاسی بەهیوایەکی زۆرەوە چو لای دوستەکانی، هەرچی ئەو قسەی پێدەگوت،بەجورێکی خوی لێدەشاردەوە؟ودەیگوت بە گوڕی بابی خێویەوە، دودەنکە برینجی داومەتێ دەچم کەلاکی بودەشارمەوەخۆم دەکەمەشەریکەقەتل و،ئەوی دی شتێکی دی،کارێکی دی دەهیناپێشێ ئی واش هەبو،بۆنی کردبو،یا پێیان گوتبو،چ باسەخولاسە بەجورێکی دیکەخۆی لێ دەشاردەوە،ئاخرەکەی کەس دەگەلی نەهات؛ ویەتەنێ هاتەوەو هەموی بۆبابی گێڕاوە، بابی گوتی وەمزانی ئەوانەدۆستی گیانی تۆنە

وەکی بۆخۆت دەتگوت جا،نیوە ڕەفیقەکـەی منیـش فلآنـە کەسـەیە،چـت بەڕەفیقـەکانی خۆت گوتوە ئەوشۆبچو،هەرئەوەش بە وی بلێ زیاد یا کەمتری مەڵێ،

بەڵێ، کوڕە.چو بەکابرای گوت؛ کابرا،دەگەڵ ئەوقسەی گوێ لێ بـو، بـەغار دەگـەڵ کوڕی هەیاسی هات، پرسی چبووە؟!

هەیاس دەڵێ چت لێوەشێرم، کارە هاتوە، دەگەڵمان بشێرەوە؛

کابراگوتی،کواکەلاکەکە؟هەیاس کابرای برادەری بردەسەرێ وجەواڵی کەلاکی تێدا بو لەدوورڕا.نیشانی دا،کابراش چاوی پێی کەوت و؛

بەڵێ ،کابرای برادەری هەیاسی بێ ئەوەی فکرێکی کردبێ ویالەشتەکەی حاڵی بوبێت ویان چی؟گوتی براله ئەتۆ کەلاکەکەی وەمن‌دەو کارت پێی‌نەبیت، کەس فکرێ من ناکات، ئـەمن بۆخـۆم دەچـم دەیشـارمەوە،خـەڵك ئـەتۆ یاکوڕەکـەت دەگەڵـە مــن ببینــن بــاش نیەلەوانەیە ئاشکراش بێ، کەلاکم لێ هەڵێنن و ئەنگۆ بچونەوە ژوری.

هەیاس ئەگەر ئاوای گوی لـەنیوە برادەرەکـەی خـۆی بـو، ڕوی دە کوڕەکـەی کـردو گوتی برادەر ئەوەیە؟؟ یان ئی تۆیە؟!

کوڕەگوتی بابە.بەحەققەت ئەمن برادەرم نینە هەتا ئەوڕۆش ئاوایـان لێ حـاڵی نـەبوم ئەوتاقی کردنەوە بەقازانجی من تەواوبۆ وزۆریشت سوپاس دەکەم توشــی هەڵـەی گـەورەتر نەبوم؟ هەیاس؛ زاری جەواڵی کردەوەو کابرا چـاوی بەکـەلاکی شـەکێ کـەوت، لیێ‌پرسـی :ئەوەچیەچەبەزمێکت سازکردوە هەیاس هەردەپیتۆلێت کردوە؟!

هەیاس:تاقی‌کردنەوەی دۆسـتەکانی خـۆم و کوڕەکەمـە بزانـین دوسـتی کـێ هـەمان دۆستی ڕاستیە هەیاس دەڵێ وەرە لەباتی کەلاك شاردنەوەی باکەبابی بخۆیــن کوڕەکـەی هەیاسیش تازەڕوی نەدائەودۆستەبەڕێزونانی نانیانەی و تەرکی کردن.

❊ ❊ ❊

میوان و هەڵوا

دەڵێن چەندکەس میوانی ماڵێکی دەبن وبەینێکی لەوێ دەمێن نەوە دیارەئەوجورە سەردان وهات چۆیەجستان وپایزان زۆربوەوبەساحیب ماڵیان دەڵێن پێن خۆشە ئەتۆش جارێکی سەرێکن لێ بدەی ولێن میوان بی.خانەخوی قەولی پێ دان وپاش چەند ڕۆژان چو لەیەکێك لەئەوماڵانەوەژورکەوت،چەندرۆژان لەوی‌بۆ هیچ خۆی نەبزاوت جیێ خۆش بو حەسیروبەڕەلبادو جادوایەدۆشەگیان بۆڕادەخست،ئەوساحیب ماڵە،کەتێی فکری زانی میوان ناڕواوبەتەمانیەهەرلەجێگای خۆی ببزوێ،لەگەل ژنەکەی کەوتنەتەکبیران؛چ‌بکەین؟ چ نەکەین؟!کابرابەژنەکەی گوت ئەوشۆدۆشەگی بۆڕامەیەخە،لەخۆی حاڵی دەبی وبەیانی دەڕوا،هەرچەندی عەیبیشە.ئەممانازانم چبکەم خۆبەتەمای ڕۆیشتنێ نیە،

شەوێ وەختی نوستنێ،میوان ئەگەرچاوی لەجێگای خوێ کردودیتس دۆشەگی بۆڕانەیەخرابوحاڵی بوئەگەربۆچی دۆشەگیان بۆڕانەخستوەبەلأم خۆێ نەهێنا سەرئەوحاڵەی،وگوتی ئۆۆخەیش ئەوشوتێردەنوم،ئەودۆشەگەزەلامەولەکۆڵ کردمەوە. خۆ،وەك مەرە لەغەرەی نەمدەتوانی بسوڕێم،دەباهەتارۆژ لەسەرتەنیشتێکی بنوم، ساحیب ماڵ لەبەرەخۆیەوەدەڵێ بەخوای بابەزەریفە!ئەمەدوشەگن بۆڕانەیەخستوە، جوابن کردوەولەخۆی حاڵی بی وبڕوا،ئەوبەچاکەی دەزانی،سبحەی شەوێ،بەخێزانی گوت، ئەوشولبادیشی بۆ ڕامەیەخە،وەختی نوستنێ،میوان ئەگەردیتی لباد ڕانەیەخراوە، وەکوشەوی پێشو،ئەوجارکێچی کردنەبێانو،گوتی ئۆۆخەیش!کانگای کێچانولەکۆڵ کردمەوە،ئەوشۆ تێر دەنوم ؟

کابرا بەژنەکەی گوت سبەی شەوێ بەڕەشی بۆڕامەیەخە باهەرحەسیربێ،

وەسبحەی‌شەوێ وەختی نوستنێ، ئەگەر دیتی هەر حەسیر ڕایەخراوەو چی‌دی لێ نیە، میوان گوتی ئۆۆخەی ئەوە هاتمەوە سەرقاعیدەی ماڵەخۆمان،چونکە ئەمەش لە حەسیری ڕوت زیاتر نیمانە. ئەوشو تێردەنوم، سبحەی‌شەوێ گوتی هیچ ڕامەیەخەو چیشی پێ‌دامەدە.بابڕواڵەکۆڵمان بێتەوەپیاو،خۆبوتەچەل ومل،

میوان شەوێ ئەگەردیتی هیچ ڕانەیەخراوەوهیچیشیان بۆنەهیناوەبەخوێدادات،گوتی ئۆۆخەیش عەرزی خودای چەندبێ منەتی.چی کەس ڕانایەخم وچی کەسیش بەخۆ دانادەم،ئەوشوتێردەنوم بەناعیلاجی کۆنەحەسیریکیان بۆڕاخست وکەچەلێفەیێکی پڕلە ئەسپێشیان بۆهیناوپێیان دادا،بەیانی لەسەرنان وچای، ژن ومێرد هەربیانویان ئەوەبو لەخۆڕابەشەڕهاتن.ژنەڕوی دەمیوانی کرد:ئەری میوان! ئەتۆ ئەونانەی دەیخوێ و دەڕوێ حەق بەمنەیابەوپیاوەیە؟میوان پاروی دەکردن زۆرهێدی ولأمیداوە:بەئەونانەی لەپێشمە ودەیخۆم حەق بەتۆیەبەلأم من ناڕۆم بەئەوسەرماییەی ئەگەربەهارێش هەوای خۆش بوو دەڕۆم!کابرابەخوی وبەژنێ گوییان لەقسەکانی بوگوتیان نەخێربەتەمای ڕۆئینێ نیەمیوان ناڕوا،ئەمەدەڕوین.مالێان بەجێ هێشت ولێیانداڕۆیشتن،میوانیش لاقی دەتەندورێ کێشان ولێیدانیشت.لەماڵەجیرانیڕامندالێکیان دەناردهەتابزانن،میوان هەرلەوییەیان ڕۆیشتوە؟ میوان چاوی بەمندالەکەی کەوت،زانی ئەوهات وچوێەلەبەرەویە.لەسەرەخۆچۆلەپشت کەندوی خوێ لێشاردنەوەوگوتی جارێ بالێرەخۆمات کەم بزانم چیە.مندالەکە،دیسان هات سەری دەژوری نا،ئەگەر کەسی نەدیت،بەغار گەڕاوەبۆلای کابرای وژنەی،

زۆری پێنەچوکابرابەخوێ وبەژنێ هاتنەوەمالێ، ڕوانیان کەسیان نەدیت، گوتیان ئۆۆخەیش شوکر ڕۆیشتوە، لەکوڵمان بوتەوە!

کابرابەژنەی گوت ڕۆژی لەئەوڕۆخۆشتڕن نابی،بابیکەینەجێژنە! بێنەهەلوایەکی لێنێ؛

بێجگە لەوەی میوان هەرمانعیش بو.بۆهەمو شتێکی وشەوکاری ژنەلەشایان هەرلاقی وەعەرزێ نەدەکەوت زوێکی هەلوای لێناوکابرابە ژنەی گوت هەلوای لەپشت کەندوی دانی باکەمێك ساردبێتەوە، ئەمەش بەرگی دەبەرکەین، ئەمن بەپێشەتودادیم ودەچم دەلەم ئەمن وەك کێ دەچم،جائەتۆش چۆنت پێچاکەوابلێ. ئەوجارئەتۆ بەرگی دەبەرکە، بەپیشە مندا وەرەو،لێمبپرسەبلی ئەمن وەکو کێ دەچم؟! جا ئەمن دەزانم بلێم وەکو کێ دەچی ژنەبەتالێ تالوکەنەگەییەپشتەوەوهەلوای لەکن کەندوی دانا؟!

بەلێ :کابرا بەرگێکی هەرەجوانی دەبەرکردو بەپیش ژنەکەیداهات وچوو،بەژنەکەی

گوت ئەمن وەك کێ دەچم؟ژنە گوتی ئەتووەك خانی لای بانەی دەچی!
ئەوجار ژنەبەرگی دەبەر کردوبەجوانی،خوێ ڕازاندەوەو،بەپێش مێردەکەیدا بەناز هات وڕابردو گوتی ئەمن وەکو کێ دەچم؟
کابرا؟بەپێکەنینەوە گوتی بەخۆای ئەتۆوەکو ئەسمەرێ کابایزان دەچی!
هەردوك بەقسەکەی خۆیان ولەشایەهەڵوای وڕوێنێ میوانی کەوەکوجلوکەی خۆی داسەپاندبو.تێرتێر پێکەنین.پیکەنینیان خەلاس نەببو،میوان لەپشت کەندوی هەڵوایەکەی خەلاس کردبو،تاوەێ بەبەتاڵی لەسەرسەری داناوهات لەپێش هەردوکان ڕاوەستاو دەستی دەبەر کەلەکەی ناو گوتی، ئەدی ئەمن وەك کێ دەچم جوانم لێ بڕوانن؟!
ژن ومێرد.کەچاویان بەکابرای کەوت،لەپێکەنین کەوتن وبەئەوجورەی هەردوکیان وەك عەبەسانێعەبەسان!چونکەئەوهەڵلا وبەزم و ڕەزمەوجێژنەوهەڵوابۆڕویشتنی میوانی سازکرابو. دەئەودەمەش دا، میوان بەئەوتەرحەی هات ولەپێشیان ڕاوەستا،کابراهەروابە سەرسوڕمانەوەگوتی ئەتۆ وەك میوانەبێشەرمەکەی مەدەچی! ئەتۆ وەك ئەو کەسەی دەچی ماڵە مەت خەراکرد چۆن وەکێ دەچی. دیمەنی ئاخیرکاتی میوانیم پێ لەئەو هەڵوایەی شیرن تربوکە ساحیب ماڵ و ژنەکەی، دەزاریان نەنا!

***

میوان و هەڵوا(شێعرەکەی)

قسەی قەدیمەو لە دیێەکی دور — میوانی هاتن پیاوێکی مەشهور
چەند شەوو ڕۆژان لە وێ مانەوە — هەر فکریان نەبو بۆ ڕۆییشتنەوە
خاڵۆ تۆش سەرێك لە مە هەڵێنی — زۆر خۆشحاڵ دەبین، پێی دان بەلێنی
ڕۆژێك لەماڵێك چووەژورکەوت — بە بێدەنگ و باس، چەند شەو لێیخەوت
ماڵێك چەندی بڵەی وا پاك و خاوێن — بە ڕە و لبادی نوی،جا دۆشەگ و نوێن
خۆمیوان ناڕوا،خانەخوێ زانی — کەوتنە تەگبیران، خۆی و خێزانی
بوێ ڕامەیەیخە، دۆشەگی توك قو — تێدەگا و دەروا،هەر بەیانی زو

وەختی نوستن هات کە دیتی لبادە   تێغزا بێدەعیە و زۆر بێ ئیفادە

خەوم خۆشدەبی با بنوم بە پەلە   لەکۆڵم بووە دۆشەگە خەپلە

هەر نەدەسوڕام وەك مەڕی لەغەر   لە سەر تەنیشتێك نوستبام یەكسەر

پێی وابو دەڵێ جواب كرام بڕۆم   نەك بڵێ جێگا، خۆشتركرا بۆم

بە ژنەی گوت ئەوشو ڕامەخە لبادی   میوان، بەڕەی دی بە کەیف و شادی

کانگای کێچانو، لەکۆڵ کردمەوە   دەردی شەوێدیو لەبیر بردمەوە

گوتی حافرەتێ، با هەر حەسیربێ   چیدی ڕامەخە زۆریش دلگیر بێ

وەختی شەو میوان زانی حەسیرە   ئەوە بەڕاستی ماڵی فەقیرە

ئەوە قاعیدەی ماڵی خۆمانە   لە حەسیری ڕوت زیاتر نیمانە

ئەوجار هاتمەوە سەر دەقی پێشوم   لێمگەڕێن ئەوشو تێرتێر با بنوم

بە ژنەی گوت ئەرێ قەت کەسنەماوێ   هیچ ڕامەیخە و لێفەشی ناوێ

کاتی ماڵ نوستنان دیتی عەرزی ڕوت   دانیشت بە ئیشتیا و غیرەتیشی بزوت

ئەوشۆ تێر دەنوم بەو توو تەرزە   عاسمانە لێفەم ڕایەخیش عەرزە

چی کەس ڕاناخەم، بە خۆشدانادەم   عەرزی خودایە و،خۆم نەسلی ئادەم

ژن و مێرد، سبەی، وەختی چێشتانێ   نان و چا دەخورا لەنێوکۆلانێ

هەر لە خۆڕایی بێبەلگە و نامە   کردیانە کێشە و شەڕو هەنگامە

ویستیان لەوڕیێەی،ئەوفێڵەی لێبکەن   بیکەن بە مەلا و دوایەش دەریبکەن

میوان! تو ونانەی لە پێشتە دەیخۆی   نان وچای دەخوی هەڵدەستی دەڕۆی

کامەمان حەقین لە من و لەوپیاوە   میوان زۆر هێدی ولامی داوە

بەو نانەی ئەوە لە پێشمە دەیخۆم   حەق بە دەست تۆیە بەلام من ناڕۆم

میوانمان ناڕوا،بۆخۆمان با بڕۆین   دەبێ بڵەێن ئیمەین خۆمیوانی تۆین

هەردوکیان ڕۆیین، لە ماڵ چونەدەر — کوڕی جیرانیان دەنارد بۆ خەبەر

چەندجاری سەردا و دەچوۆوە لای وان — لە قون تەندوری، دانیشتبو میوان

لەبەر منە هیندە، هاتن و ناردنەوە — لە پشتی کەندوی، خۆی لێشاردنەوە

کوڕە دیسان هات بۆ سێ همینجار — هیچکەسی نەدی، چۆۆە هەر بەغار

ماڵ چۆڵ و هۆڵە، کەسی لێنەبو — هاتنەوە ماڵێ، گورجێکی هەردو

ئۆخەی ڕۆییشتوە، لەکوڵبۆتەوە — بۆ ویرانبوەکەی خۆیان چۆتەوە

بە ژنەی گوت دنیا،هێندەی ناهێ نێ — بیکەینە جێژنە و هەلۆایێ لێنێ

باساردبێتەودایێنێ پاش کەندو — بەرگی دەبەرکەین خۆبنوێنین هەردو

هەلۆای کەوتەدەست،بەبێ ڕێ پێوان — هێند چەوروشیرن دەخۆرابەلێوان

کابرا بەرگێکی جوانی دەبەرکرد — بە پێش ژنەیدا بە قەدەم ڕابرد

وەکو کێ دەچم دا لیمبڕوانە — :وەك بەگزادەکە و خانی لای بانە

نۆرەی ژنەی هات، خۆی ڕازاندەوە — پرپرە و بازنەی بۆ لەرزاندەوە

ئەرێ کەس هەیە وەکومن جوان بێ؟! — ڕێك و لەبار وا خانمان بێ؟!

کابراش زۆر بە دڵ لە ژنەکەی ڕوانی — :وەکو ئەسمەرێ کابایزان جوانی

تاکو ژن و مێرد، جوان خۆیان ڕانا — هەلۆای خوارد؛تاوەی لەسەرسەردانا

خۆ بە نۆرەشبێ ئەوجار نۆرەمە — من وەك کێم لە نێو هۆزو تۆرەمە

هەردو تێیفکرین، واقیان وڕمابو — خۆ ئەو بەلایە هەر لێرەمابو

:وەکو میوانە بێشەرمەکەی مەی — ماڵ و جێگامان بۆ پێ چۆڵدەکەی

هیندە هاتم و چوم، خۆکاڵەم دڕا — هەلوا، نە چەوری هێچم پێنەبڕا

***

کوڕ و باب

کوڕو باب لە ماڵێ دانیشتبون ؟بابزانین ئەوکوڕوبابە باس وخواسیان چیە ؟ بابەکە ؟چەدەڵێ وکوڕەکەی؟ چە وڵامێکی دەداتەوە،

بابەکە هەرای‌کردوگوتی ڕۆڵە !

کوڕەکە گوتی نەڎ! بابەکە :خۆ چ کارم پێت نیە کوڕە دەڵێ جا خۆ کاریشت پێم‌بی بەقسەتناکەم .

بابەکە :حەك ڕەببی ڕۆڵە نەگەیەی

کوڕە : بۆ ناگەمێ بابە ! بەیانی زو بڕۆم هەر جێگایەکی بم هەوێ دەگەمێ، ئەگەر نوێژیش دەلاکەوت وەڕێ ناکەوم خۆشێت. نەبومە.

بابەکە گوتی نانمان نەماوە، بچۆ ئاشی ئەو باراشەی لێکەوبی هێنەوە

کوڕە دەڵێ کلاوم دەگەڵ کەپولەی ئاشی حەیارەیە ! بی هێنمەوە دەیپێومەوە دەنکێکی کەم بێ ؟ ئاشەوانی بەگۆڕی بابی دادەڕێنم.

بابەکەگوتی ڕەببی عومرت درێژنەبی ڕۆڵە .،

کوڕەکە دەڵێ. بابە ئەگەر عومرم درێژبی بە قسەی تۆ قوڵە نابێ، ئەگەر قوڵەش بێ بە قسەی تۆ درێژ نابێ

بابەکەگوتی دە هەستە بچۆ دەرێ بزانە هەوای چۆنە دەبارێ. سەگێکیان هەبو نێوی بەڵەك ،بەڵەك بو. هەر هەستاپێ ویەك بەخوێ هەرای‌کرد:بەڵەك !بەڵەك! بەڵەك .

بابەکەگوتی بەڵەك، بەڵەکت ،بۆ چێە ؟

کوڕەکەدەڵێ بابێتەژورێ،ئەگەرتەڕبێ ئەوەدەبارێ،ئەگەرئیشکیش بێ دیارە نابارێ

بابەکەگوتی یاڕەبی ڕۆڵە خودا لە منت بستێنی ؟

کورەکەش دەڵێ فکرێ مەکەبابە، خودا،یان ئەمن لەتۆدەستێنی یان ئەتۆلەمن دەستێنێ.

بابەکە گوتی هەستە بڕۆ دەرکەی پێوەدە سەرمامە،

کوڕەکە دەڵێ هەموم پێك هێنان، ئەوجار نۆبەی تۆیە بڕۆ بۆخۆت دەرکەی

پێوەدە،

بابی هەستاندبەلەقەلەق و دەرکی پێ پێوەدا. ئەگەر کوڕ هاتە بێئەمرێ بابی ئاوایە ((هیوادارم ئەوەبەبێتە پەندوکوڕەکان عیبرەتی لێ وەربگرن باب بۆبێ ئیحتیرامێ نابی یابەڵکوهەروایان دا نابی ودەناوانەبێ بەهەرحاڵ))!!!

شێعری کوڕو بابی

دانیشتبون لە ماڵ کوڕ لەگەڵ باوە — وەک چاوەڕوانی لێدەکرێ و باوە
باب گوتی ڕۆڵە، کوڕ گوتی نەخێر — :هیچ کارم پێتنیە دەزانم، نەخێر
کارت لە لای من نابێ جێبەجێ — حەک ڕەببی ڕۆڵە قەت نەگەییە جێ
هەرکوێ بم هەوێ بەیانی زو بڕۆم — دە ی گەمەێ وخۆمن پاش نوێژی ناڕۆم
پیی گوت دە هەستە بڕۆ بۆ ئاشی — نانمان نەماوە، لێکە باراشی
کەپولەی ئاشیە و کلاّم ڕیەن — هەردوکیان وەکێک خۆ گەنمی دەبەن
دەنکێکی کەمبێ من دەپێومەوە — لە ئاشەوان شەش دەستێنمەوە
حەمە درێژ نەبی، یاڕەببی ڕۆڵە — پێویست نیە چیدی ئەو بۆڵەبۆڵە
عومرم درێژبێ بە تۆ کورت ناکرێ — ئەجەل بێتە ڕێم بە کەس چ ناکرێ
دەبزانە هەوای چۆنە؟ دەباری؟ — بانگی چوارپێ کەی کرد پڕ بە زاری
بەڵەکبەڵەکی بۆ چی قاودەکەی — بەردەرک و ژورمان لێ گلاو دەکەی
با بێتە ژورێ، فیڵی جارانە — ئیشک بێ،خۆشە، تەڕبێ بارانە
یاڕەببی خودا،لە منت بستێنێ — یان ئەمن، یان تو، لێکمان دەستێنێ
هەستە پێوەدە،دەرگا،سەرمامە — ئەمنیش پێت،بڵێم ئاخیرکەلامە
هەموم پێک هینا ئەوجار تۆ هەستە — نۆرەی تۆیە بڕۆ، دەرگای ببەستە

***

مام ڕەمەزان

لە دێیەکی سەروە لێڕەواری، ڕێگایەکی گەوەگەوە وناخۆش، نیزێك کوێستانەکانی چۆلی کوردستانەکەی خۆمان، وسوو بەخۆی و فاتێ ژنی، لەئەوئاوابیەدەپازدەماڵیەیدا دەژیان. مانگایەك و دو سێ سەریان حەیوان هەبو، باش بون، بەشی خۆیان دمەدۆیکیان هەبو.نەمەرنەژی پێ برێ دەچون ،وسوڕۆژێکی دەڵێ ئەرێ فاتێ ئەودوکوپە ڕۆنەی هەمانە،یەکیان بەدەست کە بۆبەرخواردێ و ئەوی دیش دانێبۆڕمەزانانێ .،

بەڵێ؛ فات ژنێکی فەقیرو چنەزان وبێ فێڵ بوە، کوپێکی بە دەستەوەکرد، خواردیان. ڕۆژێکی وسو چۆبۆ سەفەرێ. پیاوێکی ڕدێن ماش و برینجی هاتە نێو دێی. سڵاوی کردو سڵاویان لێ وەرگرتەوە. هەرکەس دەهات هەر دەیگوت: مام ڕەمەزان ماندو نەبی؛ مام ڕەمەزان بەخێر بێی. فاتێ فەقیریش ئەگەر گوێی لەئەو هەمو مام ڕەمەزان مام ڕەمەزانەی بو؟ڕەمەزانەکەی دیکەی لەبیرچۆوەو، دە دڵی خۆیدا گوتی بە خوای بێ و نەبێ ئەوە ئەو ڕەمەزانەی ڕۆنمان بۆهەلگرتووە، هەوە.با بچم بانگی کەم. ڕۆنەکەی خۆی بەرێتەوە.فات چولەپشتەوەڕا دەستی مام ڕەمەزانی ماچ کرد. پاش چاك وچۆنی، گوتی مام ڕەمەزان ئەگەرکارەکانت خەلاس بو،زەحمەت نەبێ هەتامالەمەوەرە.مام ڕەمەزان پاش تەواوبونی کارەکانی کارێکی واشی نەبوچۆماڵەکابرای. فات گوتی مام ڕەمەزان بەخوای لەمێژەوسوکوپێکی ڕۆن بۆهەلگرتوی،جائێستاکەهاتویەتەئێرە،دەگەڵەخۆتی بەرەوە،مام ڕەمەزان: زۆری فکر کردەوەنەکەسی پێ قەرزداربونەپولی ڕۆنیشی دابو، بەکەس دەڵێ دەی باشە؛کوپەڕۆنی لێوەرگرت ئەوجارخۆی بەجورێ کی دی حیساب کردو گوتی خوا بەزیادی کات،ڕزق و ڕۆزی وزیاد بێ. ڕۆنی وەرگرت وڕۆییشتەوە. ئاخرەکەی زانی ئەوە وا هەرنیە ؟وسوی فەقیریش ئەوە ئاگای لە هیچ نیەوفات هەرباسیشی نەکرد.

بەڵێ مانگی ڕەمەزانێ هات.شەوی ئەووەڵ هیچنەبو.شەوی دوهەم هیچ نەبو.شەوی سێهەم لێی پرسی: ئەرێ ئەوە بۆ چ لێ نانێی فاتێ؟! ئاخر لەکنە خۆو.بەڕۆژوینەو. وئەوە ڕەمەزانە،

فات جابەچی لێ نێم ،چۆن بەچی لێنێم٠،ئاخر بەچی لێنێم وسو:بەڕۆنی لێنێ ،
فات :خۆڕۆنمان نیە ؟ !وسو: ئەی ئەی جاچۆن ڕۆنمان نیە ؟ ! : ڕۆنی چی؟ئاخرنەمگوت
کوپێکی بۆبەرخواردێ وئەوی دیش هەلگرەبۆڕەمەزانێ ؟فات گوتی حا ! !وەللاڕۆنەم
دابەمام ڕەمەزانی. وسو:مام رمەزان، ورد لێی پرسی. فات بۆی گێراوەکەچۆنی ڕۆن
داوەتە مام ڕەمەزانی. وسو سەبری کرد هەتا ڕەمەزان خەلاس بو. سوێندی خواردوگوتی
دەڕۆم هەتا توشی ژنێکی لە ژنەکەی خۆم نەزان وگێلتر نەبم، ناگەڕێمەوە،ئەمن بلەم ڕۆنی
بۆرمەزانێ هەلگرەبچی ڕۆنی بدەیەکابرایەکی کەس نازانی چەکارەیە وکێیە، کەوتەرێ
ڕۆییشت هەتالە سێ چواردێیان تێپەڕی هەتانەیناسنەوەچونکەبەتەمای شتێکی بو
.دوایەگەییشتەدێیەکی. لە دەرکی مالێکی دانیشت. زۆرماندوبو. ژنێك لەمالەکەی وەدەر
کەوت هەروەك شێتان.هات وگوتی ئەرێ کاکە مریشکان ناکڕی؟ دەگەلٚ قسەکردنێ، وسو
زو زانی ئەوە لەژنەکەی خۆی گێلترە گوتی بەلێ مریشکان دەکرم. ژنە بە بێ قیمەت
برینەوەو پولی هەیەیانیەتی و، دەستی کردبەمریشك گرتنێ. هەر گرتنی ولاقی بەستن.
مریشکێك مابو. زۆری ڕێکەوت، بۆی نەدەگیرا. مریشکەکە،بەتەنێ مابۆوەوچۆدە کۆخی.
ژنە ؟سەری دەکۆخی‌نامریشکێ بگری،وسوش لەبنەوەڕابەحەسرەت هەرتێی دەفکری و؟ !
بەلێ، ؟ئەومریشکێشی گرت و؟ هەموی لەوێ دانان.جائەوجاروسودەلێ خۆپولیشم
پێنیە ؟ ژنە: ئەدی چۆن دەبێ.وسو: جاچۆن دەبی، ئەوکەلەبابەی من لێرە ببەستەوە
هەتا دەچم پولی دێنم.جائەودەمی کەلەبابەکەشم دەگەلٚ خۆم دەبەمەوە. ژنەبەبێ
ئەوەی کابرای بناسی یاچی. : زۆر چاکە. وسو مریشکی دەستدانێ و تۆلەی دوتولە مام
ڕەمەزانی لە ژنی ڕەشۆی کردەوە.

تولەی کوپەڕۆن ومام ڕەمەزانی کردیوەوبێ وەی هچ کەسێ بزانی
مریشکی هەمولاق بەستن وهینای تابیان خوابەخۆگێلەی خێزانی

بەلێ کابراڕۆیشت ژنەهەتا ئێواری هەرچاوەڕوان بوپولی مریشکانی بۆبێنی کەچی
چاوەڕوانیەکەی هەدەر بوئاخر وسووخۆبەتەمای هاتنەوەی نەبوجابابزانین ڕەشۆئەگەر

لەدروێنەی هاتەوەچە دەڵێ وچە دەکا، وەختێکی ڕەشۆ لەدروێنەی هاتەوە ماندومردودیتی کەڵەباب لەلایەکی ماڵێ بەستراوەتەوە. لەژنەکەی دەپرسی: ئەوکەڵەبابەت بۆبەستۆتەوە بەئەونوێژی شێوان بەریدە یان دەکوخی کە؟
ژنەدەڵێ مریشکەکانم هەموفرۆشتن.کاک ڕەشۆ: وەڵڵا باشە، بە کێ؟
:کابرام نەناسی.:
ئەدی ئەو کەڵەبابەی بۆنەبردوە.
ژنە:پوڵی پێنەبو، چووە پوڵی بێنێ، ئەگەر پوڵەکەی هێنا، جا کەڵەبابەکەشی دەباتەوە،نازانم بۆهەرنەهاتەوە.
ڕەشۆش زۆر لەسەرەخۆ دەڵێ: وەڵڵا لە ... نێی بردوی تازەدیتەوە. ژنەش لە ڕەشۆی هێدیتر دەڵێ بەخوای بەخۆم نەبو ڕەشۆگیان سەرم دەکوخی دابوچم پێ نەدەکرا. ڕەشۆکەئەوەشی گوێ لێ بو،گوتی زۆر باشە.دوڕۆژم دروێنەماوەلەودروێنەی خەلاس بم، دەڕۆم یادەپسێم یان دەبی توشی ژنێکی لەژنەکەی خۆم گێلتر بم دەنا ناگەڕێمەوە.
بەڵێ لەدروێنەی خەلاس بو. بەیانی زو، کاڵەوگۆرێی لێ هەڵکێشاو وەڕێ کەوت. زۆرڕۆییشت، هیلاك ببوورێگاکەشی چول بوسێ چوارگەوەی دیکەی بڕین ولەدورەوە قەلاپچێك وەدەرکەوت. ڕوی دەقەلاپیچەکەی کردو. ئەگەر گەیشتێ دیتی لەبەر قەلایەکەی کانی و حەوزێکی زۆر خۆش وناوێکی ساردی لێ بو.

گەیشتەکانی وحەوزی کی زۆرخۆش	ماندوێتی ڕێگای زوکردفەرا مۆش
بەلام فایدەی چی نەحەسایەوە	بێ حارپێك هێنەرهات بەلایەوە

لەسەر حەوزەکەی دانیشت دەست و چاو.ولاقی شتن وبرێکی ئاوخواردەوە. زۆر ماندوبوو لەوەزعی ژنەکەشی زۆرناڕەحەت بو.لەناکاو عافرەتێك بەغار هات بەربینگی بە ڕەشۆی غەریب گرت : ئەرێ کاکە لە کوێڕا هاتوی؟ ڕەشۆش لە حاڵی خۆی وەڕەز بو :بڕۆ دایکم چت لە من داوە بڕۆ وەدوی کاری خۆت کەوە. نەخێر! ... دەستی لێ نەدەکێشاوە، کاکە گیان لەکوێڕا هاتوی. ڕەشۆش بۆونەوەی لەکۆڵەخۆی کاتەوەو

زۆرجار بەقەڵسی شتی وا قسێکی وا بۆلەکۆڵ کردنەوەی دەگوترێ ودەڵێ لە جەهەننەمی ڕا هاتوم. دەگەڵ ڕەشۆئەوەی گوت، ئەوە قەرەواشی ژنی پاشای بو. بەغار هەڵات بۆکن خانمێ ودەڵێ خانم کابرایەك لەسەر حەوزی دەرکی سەرایە دانیشتوەو دەڵێ، لەجەهەننەمێڕا هاتوم. خانم نێوی بزورگ خانم دەبێ، هەر قیت دەبێتەوەو دەڵی دا کەوشانم بۆدانی بابزانم چ ئاگای لەبابم نیە.

هێندەی پێ نەچو،بزورگ خانم لەگەڵ قەرەواشێ گەییشتە سەر حەوزێ و ماندونەبون وبەخێرهاتنی کردو. ڕەشۆ زوزانی گەییشتێ بەڵام دە دڵی خۆی دا دەڵێ لەبیرم نەچی. چونکەبەئەوەوعافرەتەم گوتبو لەجەهەننەمێ ڕا هاتوم.هاتنی ئەوخانمەی بەخۆڕای نیەخوایەبەتەمای تۆ ،هەتاهاتنی ئەوانەبرێکیش حەساوەو هاتەوە سەرەخۆ. ئەوجار خانم زۆر هێدی لێیپرسی: براگیان ئەوە لەکوێڕا هاتوی؟وا ماندووهیلاکی ؟ ڕەشۆ بەتوندی دەڵێ خانم لەجەهەننەمێڕا هاتوم بزورگ خانم برێکی لێ دەچێتەپێشی و دەڵێ ئەدی ئەوەچ ئاگات لەبابم نیە ؟

ڕەشۆش بەنیشان دانی ماندویتی زیاتریش خۆی لەبەرێك دەکێشێتەوەباوێشکێکی دێنێتەخۆی ودەڵێ چۆن ئاگام لە بابت نیە، ماڵە بابەکەی بابت خەرابێ ئەوە حەوتویەکە دەڕێگایەدام.نەنانم خواردوە تەنانەت ئاویشم نەخواردۆتەوە. بابتیان لە جەهەنەمێ هەڵاوەسیوە، ئەوە بە داران لێ دەدەن بۆ سەد تمەنی. نیشانەی ئێرەی پێ گوتبوم. ئەوەدەحەسامەوە،جادەهاتم پێم دەگوتی.چاك بو.بۆخۆت هاتی پسساوم دەگەڵ گەرانێ. بزورگ خانم دەستی کرد بە فینکەفینگێ.برێك گریا وبەگریان چۆوە ماڵێ و زوێکی سەد تمەنی هێناوەڕەشۆی دا.دەڵێ دەئاخروەرەبچینەماڵێ نانێك، ئاوێك.

ڕەشۆ:خانم! ئەمن دەڵێم ئەوە حەوتوێکە،لەتاوبابت نانم بەئەوکیدانەچۆتە خوارێ. گوتی هەتا کەس نەیزانیوە فێڵەکەم لێ پوچەڵ نەبوتەوە،بازوێکی هەڵێم.

بزورگ خانم هێندەی دیش گریا.ڕەشۆ پولێ وەرگرت و کەوتەڕێ زوزوئاوڕی دەداوە دوایە. دەیزانی پاشا بێتەوەبەقابەئەو درۆییەی ناکاو وەدوام دەکەوێ. زۆری پێ نەچو

پاشالەڕاوێ هاتەوە.ڕۆژەکانی دی، پاشا کەدەهاتەوە بزورگ خانم،تفەنگی لێ وەردەگرت وجڵەوی ئەسپی ڕادەگرت و..ئەوێ ڕۆژێ خۆی دەپاشای نەگەیاندوهەرنەچۆ دەرێش، پاشالەکاری خانمێ عەجایب ما؟ بۆنەهاتوتەدەرێ کەچۆو ژورێ،خانم دەگریا. پاشا دەڵێ ئەوەچیە؟ چ بوە،بۆدەگرێی.؟

بزورگ خانم دەستی پێ کرد: ئەتۆ ئەمەت هەرلەکن سوکە،خۆدەمە ناگەیێنی.هیچ ئاگات لەکەس وکاری من نیەوچی وچی پاشا:باشەئاخرچ بوە؟ خانم دەڵێ چۆن چ بوە؟ بابمیان لەجەهەننەمێ بۆ سەد تمەنی هەڵاوەسیوە،لەوێرا پیاوی ناردبو.

پاشا: جا ناکا بۆت نەناردبێ؟!خانم: بەڵێ بۆم نارد.پاشا:چاکت کردوە.

پاشا زانی ئەوە حیللەیە، بەڵام نەیدەزانی حیللە لەویش دەکرێ. پاشا وەدەرکەوت. پرسیاری کرد: ئەو کابرایە بەکوێدا ڕۆییشتوە؟ ڕێگاکەیان نیشان دا پاشا سواربوو وەدوای کەوت.ڕەشۆئاوڕی داوە تۆزە باریکەیێکی لە ڕێگای پێدا هاتبو دیت، زانی پاشایەو وەدوایکەوتوە کەوتەفکران چەبکەم چۆن خۆم نەجات دەم.ئاخردەشتێکی چۆل وهیچ حاشارگەییکی لێ دیارنەبوتەنیا ئاشێك لەوێ دیاربو خێراچۆدەرکێ ئاشی وبانگی ئاشەوانی کرد،هێنایەدەرێ.وگوتی ئەرێ مام ئاشەوان ئەوتەپ وتۆزەت دیوە؟ ئاشەوان چاوێکی لێ کردو:بەڵێ.گوتی ئەوەپاشایە.زۆرچاکەپاشایەبەخێرێ؛مەنزۆرت چیە؟

ڕەشۆ:پاشایەو تفەنگێشی پێیەو هەرکەسێکی کەری ٠٠بی دەیکوژی . ئاشەوانی غەریب کەوتەفکران وبیرکردنەوەی دەڵێ بەخوای ئەمن بەمنداڵی جاشولێکم ٠٠وە؟

ڕەشۆ:بابم ئەمن سوێندم بۆخواردوەبابەرگەکانمان بگۆڕینەوە.ئەتۆ خۆت بشارەوە. دوبارەئەمن سوێندی بۆدەخوم خۆشم تۆزاوی دەکەم نامناسێتەوە.پاشابابڕواو دوایەدیسان بەرگەکانمان دەگۆڕینەوە.دەزانم منداڵی وردت هەنەبا بەخۆڕای نەکوژرێی.

ئاشەوانیش دەڵێ ئەرێ بەخوای پێنج منداڵی دەوردیلەم هەنەوبەقای پێ دەکاو ڕەوانەبەرگیان گۆڕینەوە.ئاشەوانی ناردە،بەرزلانەی ئاشی.بەختی ڕەشوی بو یان بەختی ئاشەوانی ئەوێ ڕۆژێ چە ئاشێری لێ نەبون ڕەشۆبڕێك لەبەرئاردی ڕاوەستا. تاتەواوتۆزی

ئاشی لەسەرو چاوی وهـەموگیانی نیشت.پاشا گەییشتە دەرکیَ ئاشی وهـەرای کرد: ئاشەوان؛ ئاشەوان؟

ڕەشۆ چۆ دەریَ: بەڵیَ پاشا. پاشا دەڵیَ کابرا یەکی ڕوتەڵە بێرەداهات نەتدیوە؟

ڕەشۆ: بەڵی دیتم پاشا:چـی لـیَ هـات. ڕوشـۆ: ئـەوە دەبەرزەلانـەی ئاشـیداخۆیَ شاردۆتەوەنازانم چی کردوە.

پاشادابەزی گوتی دائەوئەسپ وتفەنگەم بۆبگـرە چونکەپاشـازۆربەتاڵوکەبو،خـەریك بوئەوکابرای فێڵی لەخانمیَ کردبوبیگری وتوڵەی سـەت توڵـەی لیَ بکاتـەوە،ئاشـەوانەکەی خۆیَ نەناسیوەونەیگوت خۆئەوەئاشەوانەکەی من نیە.

ڕەشۆ ئەسپ وتفەنگی لـیَ وەرگرت وسەت تمەنەکەشی هەربەدەستی وەبو.پاشــاچۆ ژوریَ ئاشی هەرای کرد: وەرە دەری سەگباب.

ئاشەوانی فەقیردەڵیَ پاشابە قوربانت بم بە خـوای بـە منداڵـی تـەنیا جـارێکی جاشولێکم ··وە.پاشائەگەرئەوەی گویَ لـیَ بوبەخۆی گوت بەخوای ئەسپ وتفەنگەکەشم چون. هـەر هاتـەوەدەریَ دیـتی ئـەوە ڕەشۆسـواری ئەسـپی بوەوتفەنگەکەشـی بەدەسـتەوەیەو، دورڕاوەسـتاوە،ڕوی دەپاشـای کـرد گوتـی پاشـا ئەگەرخــەزۆرت بێتــەوەدەبی ســواربی وتفەنگیشی پیَبی دەنا بۆ شانی تۆ کەسرە.

پاشاش لەوەی بەدەرچارەی دیکەی نـەبودەڵیَ جائەگەروایـە؛ئەوەشـت فیشـەکدان. فیشەکدانی بۆ هاویشت. ڕەشۆبەئەسپ و تفنگ وسەت تمنەوە گەڕاوە ماڵە خـۆی توڵـەی وسوی لە پاشای وخانمـیَ کـردەوە. پاشـاش بـە پێیـان هێـدی هێـدی چۆوە ماڵـیَ و بـە خانمێی کوت خۆئەتۆفکرت نەدەکرد.ئەوە تا ئـەمن ئەسـپ و تفەنگیشـم بـۆ بـابت نـاردن ئەتوش هەر لێم نارەحەت و ناڕازی.

* * *

مەکری ژنان

هەر پێیان دەگوت مەلا وەسیم، دەنا فەقێ بو زۆریشی نەخوێندبو، بەڵام زۆر لە نێو فەقێیان مابۆوە؟.

ڕۆژێکی کاغەز و قەڵەمی دەست دایە، لێیان پرسی: مەلا وەسیم ئەوە چ دەکەی؟

مەلا وەسیم دەڵێ بەقورئانێ لێم خوێندوە لەئەوڕۆبەدواوە هیچ ناکەم تەنیا مەکری ژنان دەنوسم. دو سێ فەقێ لە دۆستەکانی خۆی پێی دەڵێن بەخوای ڕەنگ بێ هێندیان فریو دابی (عادەتی جحێڵی هەروابوە) جا ئێستا چت پێ نەماوە دەڵێی مەکری ژنان دەنوسم، وەدوای ئەو کارەی مەکەوە، زەرەرێ دەکەی،

بەڵێ بە قسەی دۆستەکانی نەکردن وجابابزانین کتێبی مەکریژنان چۆن دەنوسێ ؟

چۆدێیەکی و لەماڵێکی وەژورکەوت تەنیا ژنێك لە ماڵێ بو،سڵاوی کردو ژنەوڵامی سڵاوی داوەو زۆری بەخێرهاتن کردو.دوایەلێیپرسی:مام ۆستائەوەبۆجوحمانەی هاتوی بەتەنێ کوائەڕۆجوحمەیە ؟مەلادەڵێ نەخێربەهشتی ، هاتوم مەکری ژنان دەنوسم خانەخوی:حەك ڕەببی بەخێربیێ،وەڵڵاهی ئەمن دەستەخوشکێکم هەیەئەوەندەمەکری ژنان دەزانێ هەرپێشت نانوسرێتەوە ئەگەر قەولم پێ بدەی بەنێوی منیان بنوسی پاشنوێژێ بۆت بانگ دەکەم هەموان بنوسەوەئەویش هەربەقسەی من دەکا.ئیدی بەئەوقەولەی بێ لەکتێبەکەت بنوسی (خوازێ ئەشکبار) پێی گوتومە.

مەلاوەسیم ئەو قسەی پێخوشبوو دەڵێ هەرلێرەکتێبەکەم تەواودەبی، دەڵێ بە چاوان، ئەوە قەولم پێدای، هەرلەکنەتۆدەنوسم ئەگەرخوشکەخوازێ ئەشکبار پێی گوتوم و نوسیومنەتەوە دەئەوقسانەدابون خوازێ هەرقیتبۆوەو لەئەوبەری ماڵان دیاربوگوتی ئەها، جەلال هاتەوە.مەلاوەسیم :جەلال کێیە ؟ خوازێ:جەلال مێردمە.

: دەی هاتەوە هاتەوەچەبو ؟خوازێ دەڵێ ناباش نیە،لەنێوئەو ژورەیدا ئەتو دەگەڵە من ببینێ بامیوانیش بی. هەرچەندهیچ نیەبەلام نەبادافکرێکی ناجوان لەمەبکا. مەلا دەڵێ ئەدی چ بکەین. یەغدانێکی زەلامیان لەنێوماڵێ بوخوازێ هەرزوێکی دەچێت سەری

یەغدانێ هەڵدەداتەوەو دەڵێ وەرەبچۆو دەنێوئەویەغدانەی، نان وچای دەخواو دەڕوا، دوایە دەتهێنمە دەرێ و گوڵانێشت بۆبانگ دەکەم جامەکرەکان بنوسەوە.

مەلا چارەی نەبو چوّنێویەغدانێ، خوازێ سەری داداوە وزوێکی قفلێکی لە یەغدانی دا. کاك جەلال هاتەوە.وەژورکەوت.: ئەرێ خوازێ! برسیمە ! زونان وچایەکم دەیە کارم هەیە دەڕۆم ئەوەچەندرۆژە ئەومالۆسکەم بۆساغ نابێتەوەپسساوم دەگەڵی بەئەوگەرمایەی.

خوازێوادەکائەرێ جەلال تازە فەقێیەك هاتبو،دەیگوت ئەوەمەکری ژنان دەنوسم .

جەلال: ئەدی کوا؟ چی لێ هات؟

خوازێ دەڵێ ئەوەتا دەئەو یەغدانەم ناوە.

جەلال:داکلیلانم وێدە،کلیلانم وێدە.خوازێش زۆرلەسەرەخۆوهێدی هێدی،کلیلی لەبەرۆکێ دەکردنەوە.جەلال:دەزوبەزوو.کلیلی لەبەرۆکێ کردنەوەو.وەجەلالی دا.جەلال غاری‌دا۔ سەریەغدانێ.نەیهێشت جەلال بگاتەسەریغدانێ خوازێ وابەبێ وازی دەڵێ لێم نەبرد یوە ؟ هێندێکیش پێکەنی وجەلال لەحەیفان کلیلی بەعەرزی دادان، نان وچاشی لەماڵەخوّیان نەخوارد وەدەرکەوت.گوتی وەڵلاهی وام زانی بەڕاستیتە.مەلاوەسیم دەنێویەغدانێ دا ئەگەرگویی لەقسەکانی وان بوهەرئەوەندەبودڵی نەتوّقی بو،دەنائەوەی دی قەومابوقەیدی نیە،پاش ڕۆینێ جەلالی خوازێ سەری یەغدانێی هەڵداوە، بەلام لەبەر بۆگەنیوێ کەس نەدەحاواوهەرچوّنێکی بو.مەلاوەسیمی بەدارەدارەوهەرلاقی نەدەگرت و وەك جاوی سپی هەگەڕابو.لەنێویەغدانێ هێنادەرێ؛دەڵێ وەرەدانیشەنان وچایەکی بخۆئەمنیش جادەچم زوێکی گوڵانی دەستەخوشکمت بۆبانگ دەکەم جامەکرەکان بنوسەوە.مەلاوەسیم هەرچەنگێگی لێ هاتبۆوەو گوتی خوشکەخوازێ مەکری توّئەوە بێ ئەگرمەکرانیش نازانی، چۆڵەمەشکێنت لەمێردەکەت بردەوەو ئەومەرەدەشت بەسەرەمن هێنا، دەبێ دەستە خوشکەکەت چۆن بێ ئەومەکران دەزانی ئەدی ئەوجارمێردەکەت بێتەوەژورێ چم لێ دەکەی ودەکوێم دەنێی؟! ئەمن هەر ئەوەندەم بەسە و توّبە.

***

سێ ژنی وێکڕا دەوێن

کوڕەش هێندفکری لێ کردبون شەوێ   بە بابی دەڵێ من سێ ژنم دەوێ

ئاخرئەمنێکی ئاوا و، تازە لاو   لە هێز و توانا تەواوم.وبەباو

:ڕۆڵەگیان ئاخر کوا جا چۆن وایە   بە خوای من وێگرا سێ ژنم پێنایە

با ژنێکت ئێستا جارێ بۆ بێنم   پاش بەینێکی دی دوی دیت بۆ دێنم

باشە با جارێ یەك دانەت هەبی   ئیشە، کاری ماڵ تۆش مەعتەل نەبی

نە فریوت دەدەم، نە دەت خافڵێنم   دو ژنەکەی دیشت دوایە بۆ دێنم

کوڕەش ڕازی بو، ژنێکی بۆ بێنی   تا ماڵ و حاڵێك بۆ خوی پێك بێنی

کابراش زانا بو، دەیزانی چ بکا   لەو ڕێیەی دەبوفێڵ لەکوڕەکەی بکا

بە بوکەکەی گوت چاوم بی سەدجار   کوڕەکە بێتە ژور،بۆ هەر ئیش و کار

بێ بڵێ؟ ئاو یانان چی بێتەسەر زار   بە بێ مەعتەل بون خۆبخەو بیخە کار

تا کار د ێتەدەر ئەتۆ هەر کێژ بە   هەرچی لیێویستی هەربۆی درێژ بە

بۆ هەردوکانیان ئەو قسە خۆش بو   بە تایبەت کاوە خۆی زۆرلەجۆش بو

بە ویستی هەردوان، تا نیوەی بەهار   بۆ کاوەی فەقیر، شەو و ڕۆژ هەر کار

دیزە ئاوەلا و کتکیش نەوسن بێ   دەبی هەموی بخوا، یان سەروبن بێ

ڕۆژێك چەندی بلێی هێندە گەرما بو   بەر تاوی بەهار هەڵتروشکابو

نەیتوانی مێشان لەخۆ بڕەوێنێ   کش ڕەبی بابو دو ژنو بۆ بێنێ

بە خۆی گوت لاوە، وەختیە بیدوێنم   با ژنێکی دیشی ئێستا بۆ بێنم

بانگی کرد کاوە ئیمڕۆ بەیانی   کچێکم خواستبو پێم خۆشە بزانی

ئەو ژنەشت جارێ با بۆ وەگوێزم   لە باری ماڵی، بڕوکێك بێ هێزم

پێیدەڵێ بابە چ ژنی دیم ناوێ   بەسە چیدی خۆم ناخەمە داوێ

:نەخێر! من قەولم وا بە تۆ داوە — یەکم بۆ هێنای، دو ژنی دیت ماوە
خۆت ڕاگرەجارێپاش بەینێکی دیش — حەتمەن بۆت دێنم ژنی سێهەمیش
هێند بە بێوازی ئەگە کوتی کاوە! — دەبی بە قسەم بکەی، باشم داناوە
هەر بە هەرد وکمان، مەیکە وەس وەسە — دایکم تەلاق دە ئەو ژنەمان بەسە

* * *

ئەو شێعرانەی خوارەوە دایکێك بەکوڕەچکۆڵەکەی هەڵاگوتوە لەئەوکاتەیدا کە تازە دەیویست پێ هەڵ بگری بۆکۆرپێکی بێ مراد. ئەمنیش کردومنەتە شێعر:

ئەی خەم ڕەوێنی دەردانم — ڕۆڵەم، کورپەی ژیر و جوانم
بینایی هەردوك چاوانم — فیدات بێ ڕوحی ڕەوانم

فیدات بێ ڕوحی ڕەوانم

ئەی ئاواتی دنیا و دینم — ئەی ڕۆڵەی جوان ورەنگینم
تێر بەژن و باڵات ببینم — شەمامەی سوری بێستانم

شەمامەی سوری بێستانم

ئەی ڕوناکی تاریکاییم — دڵبزوێنی خۆشی و شاییم
خۆشەویستی باب و دایم — گلێنەی هەردو چاوانم

گلێنەی هەردوچاوانم

دارەدارەدارە سالیەتی — کورم وەختی ژن و مالیەتی
هیمداد بۆ دایك و خالیەتی — لە جێی گۆڕی مردوکانم

لەجێی گۆڕی مردوکانم

ئەی باخچۆڵەی خونچەوگوڵم — ئارامبەخشی گولەیی دڵم
بولبولی سەر لك و چڵم — دەرمانی بۆگشت دەردانم

دەرمانی بۆگشت دەردانم

ئەی کۆرپــەی جــوان ومدریکــم چـــرای وێرانـــەی تـــاریکم

لــە شــین و شــادیت، شــەریکم هیــوای بــۆ دوا ڕۆژی ژیـــانم

هــیوای بــۆدواڕوژی ژیــانــم

کــورم دەچێتــە کوێســتانێ دەکـــەن ســەیران و دیلانـــێ

دێنـــێ حـــەواجی کابانـــێ مـــەندۆك و بــیزای، کوێســـتانم

مـەنـدۆك وبیـزای کـوێسـتـانـم

ئاواتمـــە کـــورم بگاتـــێ دەینێرمـــە ڕێـــزی خـــەباتێ

بــا بگــرێ ڕێگـــەی نـــەجاتێ ســـــەنگەرکری کوردســــتانم

سـەنـگر گـری کـوردسـتـانـم

***

کەرێ بۆز

لـە زەمـانێك داو لـەزۆر زەمانـەکانی پێشـودا بـەئاغایانیان گوتونەپاشـاهەروەکو؟زەمـانی ئاغایان هەرلەمەڵبەندەکەی خۆمان ئاغای واهەبوچەنددیی هەبون وەکومالەحەمەد ئاغـای (ئەمیرعەشایری) هەموبەربنەی ئی ماڵێکی بـوە،بـەلام کونـدرێ وزەنگیـاوێش هەریەکـەی بەشی چەندئاغایان بو.دەبی ئەوزەمانیش هـەرئاوابوبێ.دەنائەوهەموپاشـایەدەولاتێکی دا داچۆن حاواونەتەوەوچۆنیان ڕەفتارکردوەچونکە سەعدی شیرازی گوتویەتی:

دەدرویش درگلیمی بخسبند دوپادشا درا قلیمی نگنجند

پاشا،بۆکۆنەنۆکەرەکانیان بابێکاریاپیرولـەکارکەوتوبان، هەردەبیریان‌دابوونە.

ڕۆژێکی یەکێك لەکۆنەنۆکەرەکان کەزۆریش کۆن‌ساڵ بووە چۆتــە خزمـەت پاشـای و عەرزی کـردوە:قوربـان مـاڵی دنیایـەم نیەومنداڵیشـم زۆرن، بێکاروکەسـبم نـاتوانم هـەمو کـارێکیش بکـەم،پـەنام بۆجـەنابت هێناوەهـەتاکارێکم بـۆوەدۆزی یارێگایــەکم بۆدانێــی، با منداڵـەکانم لەبرسان نەمرن ئەمنیش نەبمەمەڵحەکەی خەلکی.

پاشاپاش کەم بیرکردنەوە،شەش جورەماڵیاتی بۆدیاری کـرد،بـەلام پاشـانەیدەزانی

تووشی کێ دەبێ ولەکێی وەردەگرێ؟

بەڵێ،پاشا.کاغەزی بۆنووسی وبۆی ئیمزا کرد.شەش جورمالیاتەکان بریتی بون لە.

١ـ هەرکەس بارە تەپاڵەی بفرۆشێدوقڕان ماڵیات

٢ـ هەرکەس کەرێ بۆزی پێ بێ دوقڕان ماڵیات

٣ـ هەرکەس نێوی هەیاس بێ

٤ـ هەرکەس ژنی نێوی مامز بێ

٥ـ هەرکەس برای نێوی سێمان بێ و

٦ـ هەرکەس نێوی بابی قویتاس بێ؛ هەریەکەی دوقڕان ماڵیاتێ دەبێ بدەن.

پاشا.گوتی باشەبۆخۆی هەم دەخافڵێ وشتێکیش پەیدا هەردەکات.

بەڵێ کابرای کۆنەنۆکەرحوکمی پاشای دەباغەڵی ناوبەیانی زوو ڕۆییشت بۆنێو شاری. زۆرگەڕا هەتا لای ئێوارێ هەرهاتوچو؛ چی وەدەست نەکەوت لەدوسێ کەسانیشی پرسی کاکەنێوت،چیە هەیاس نێوی وەدەست نەکەوت ونەدەکرالەکابرای بپرسی ئەدی بابت یابراکەت نێوی چیەوچت پێ بووەهەرچەندی نێوشاری گەڕاکەرێ بۆزی نەدی و توشی هیچ بارە تەپاڵانیش نەبو.بەدڵساردی دەگەڕاوەبۆلای ماڵێ ودەفکری خۆی دا گوتی وادیارپاشاهەردەم خافڵێنێ دەناکوائەوانەدەبیندرێنەوەولەکوی پەیدادەبن ئەگەروا تەماشای کردلەنێوخۆڵەپۆتێکی،کەرێکی بۆز،کردویەتەتەپ وتۆوز،ئەوەخۆدەگەوزێنێ، بەپەلەبۆلایکەرەبۆزی چووکەسی لەدەورەی نەدی هەرای کرد: ئەی ساحێبی ئەوکەرەی، ساحێبی کەرەبۆزی، زۆری هەراکرد،کەس دیارنەبوخەریك بوبڕوا لەناکاو کابرایەکی ڕوتەڵەی چۆك و ئانیشك پنوکراو، ئارەخچنێکی چڵکن و سەروچاوی تۆزاوی،کەهەموو لەشی دەئارەقەیدا شەلاڵ ببوو، بەغارهات وەیزانی کەرەکەی چۆتە دەزەرێ یان چ کارێکی پێیەتی؛بەخەونیش ئەوچاوەڕوانیەی نەدەکردئە؟وەی بەسەری هات گوتی بەڵێ قوربان، ئەمرت هەبوو ساحێبی کەرە بۆزی ئەمنم.

جا گوێتان لە گفتوگۆی ڕوتەڵەو کۆنەنۆکەری بێ..

:ئەوکەرەئی تۆیە؟ : بەڵێ. : وەدە دو قرانان :بۆ بابم چیکردوە، زەڕی کردوە؟! کواچی خواردوەبوڵەخۆڕاشڵتاغم پێ دەکەی؟

باجگیر:نا،بابە حوکمی پاشایەهەرکەس کەری بۆزی هەبێ دەبی دو قران باجی بدات.

کابرای ڕوتەڵە دەستی دە باغەڵیناهەرجارەی لاگیرفانێکی دەگەڕاو زۆربەزەحمەت دوقرانی دەرهێنادای بەکابرای باجگیر. زۆرکەس هەیەلەکاتی لێ ئەستاندنی ئەوجۆرە باجە بێجێیانە دەردێك یاگیرێکی خۆی دەڵێ بەڵکوزگیان پێبسوتێ لێی نەستێنن،یان لانیکەم بۆی کەم کەنەوە،هەربۆیەگوتی:بەخوای بابە بارەتەپاڵەم فرۆشت!

کۆنەنۆکەر دەڵێ چی بارەتەپاڵە، بارەتەپاڵەشت پێبووە؟

ڕوتەڵە،بەڵی بارەتەپاڵەم پێبووە:وەدە دوقرانی دیش دەی،ڕوتەڵە:بۆبارەتە پاڵەش باجی هەیە؟ : بەڵێ،بەڵێ.بارەتەپاڵەدوقرانی باجە.ئەوجارکابراهەرخۆی نەخوراندو،دو قرانی وێدا.وگوتی حاە ئەوە پوڵی سێمانی برامبو،وبێدابووم پەڕەجغارەی بۆوبکڕم.

کۆنەنۆکەرکەیفی سازبوو،گوتی چۆن براشت نێوی سێمانە؟

ڕوتەڵەبەچاولێ کردنێکی بەقینەوە:بەڵێ برام نێوی سێمانە.

باجگیر: وەدە دوقرانی دیش دەی. دەستی بۆباغەڵی نەدەچو،هەرچۆنێك بێ،دو قرانی دیشی دەرهێناووەکۆنەنۆکەری دا. : بەخوای بابەخەنەم بۆ زوڵفی مامزێ کڕی! باجگیر هاتە پێشێ :وگوتی مامز چی تۆیە ڕوتەڵەدەڵێ مامز خێزانمەکونەنۆکەر:چۆن ژنیشت نێوی مامزە؟ :بەڵێ، ئەدی چۆن؟ :دە وەدە دوقرانی دیش، نازانی هەرکەس ژنی نێوی مامز بی دەبێ دوقرانیش باجی بدات. لەکاتی پوڵ دەرهێنانێداسەری لێ شێوابوو.نەی دەزانی چەبکاوگوتی حەك ئەستۆت شکێ هەیاس دەگەڵ سەفەری کردت، کۆنەنۆکەرکەلێیخۆش هات بوولەسەریەك لەسەریەك دووقران دوقرانی لەڕوتەڵەی وەردەگرت قاقاپێکەنی :ئەی،کوڕە نێویشت هەیاسە؟ :وەدەدوقرانی دیش.بەدبەخت حەوق مابوونەیدەزانی چۆن وڵام بداتەوە، چ بکا، هەر پێی دەکرا دەست دەگیرفانی نێت ودراوێ دەرهێنێ وچاویشی دەکابرای باجگیربڕی بو.ودەڵێ کوڕەئەرێ وەڵڵا بابە نێوم

هەیاسە. خۆ ئیشاڵڵا، نێویشم لێ قاچاغ ناکەی. ئەویش دەڵێ کورە نەوەڵڵا نێوت لێ قاچاغ ناکەم دەبەرنێوت مرم بەلام، نێوت بۆمن دوقڕانی عەواریز تێدا، دووقڕانەکەم وێدە دەی. ڕوتەڵە،بە لەرزەلەرزدەستی بۆباغەڵی بردلەحەیفان چاوی هیچی نەدەدیت دو قڕانی دیشی بۆدەرهێناو:بابەتالانت کردم،قۆیتاسی بابیشم،پیاونیەئەگەرئەمن ساڵێکی دیش بێمەوەئەوشارەوێران بوەی.

کۆنەنۆکەرئەوچاوەڕوانیەی نەبوهەموعەواریزەکانی لەکابرایەکی ئاوافەقیروەربگرێ، خوێەوەندەشی ئینساف وپیاوەتی نەبوبڕێکی پێی ببەخشی ؟هێندەی کەیف خۆش بوو، پێدەکەنی ولەشایان وەخۆنەدەهاتەوە،دەستێکی هاویشتە سەرشانی کابرای: هەربە ڕاستی، بابیشت نێوی قۆیتاسە؟

ڕوتەڵەیەك بەخۆی گوڕاندی:بەڵێ نێوم هەیاسەوبابیشم قۆیتاسەبادنیابزانێ.

نێوم هەیاسە، بابم قۆیتاسە بەسم بدوێنە لەو قسە و باسە

دەی باشەئەتۆش زارت گرێدە ئاخیر عەواریز دو قڕانم وێدە

بەڵێ واهات هەر شەش عەواریزی لە کابرایەکی ئاوا وەدەست کەوت وەدە دو قڕانی دیش دەی. دو قڕانەی ئاخری دەرهێناو گیرفانی چۆل بوو. باجگیر بەکەیف خۆشی تەواوەوە بۆماڵەخۆی و هەیاسیش بەناڕەحەتی سەری دەبەرەخۆینا، نەخەنەبۆزوڵفی مامزێ، نەپەڕیۆسێمانی برای ونەئالیك بۆکەرەبوزەی بەپیت وبەرەکەت نەدودەنك نۆغڵ و شیرنیات بۆمنداڵە ڕەش وڕوتەکانی، هیچی پێنەکراوبەدەستی بەتاڵ گەڕاوەبۆ ماڵی؛ ئەوەی پڕ بێ دڵی بوکەپڕبولەبوغزوکین لەئەوهەموزوڵمەی کەلێی کرابوو،لەبەر پەرێشانی وناڕەحەتیانی هەتالەشاری وەدەرنەکەوت، کەرەکەی لەبیرنەبو،دوایەگەڕاوە نێو شاری بەزەحمەتێکی زۆرلەنێوکوچەوکۆلانان،کەرەبوزەی دیتەوەو نەیدەوێرا بی هێنێ تەوە،لەترسی عەواریزێ.

دەیگوت نەبادا؟ئی دیشیم لێ بستێنن.

❊ ❊ ❊

قاله و ئەسڵان

قاله دەگەل ئەسڵانێ، هەربەنێو، ژن و مێرد بوون؛ دەنابەتەواوی کردەوە، ئەسڵان پیاوبوو وقالەش ژن بوو. بەکورتی، ئەسڵان هەمەکارەی ماڵێ بوو. قالەچکارە نەبوو، زۆریش لە ئەسڵانێ دەترسا،بەهیچ جۆر چارەی نەدەکرد. ؟

ئەسڵان هیچ خاڵێکی کزی نەبوو، لەوەیی بەدەر زۆر بەتەماع بوو. قالە زۆرگەڕا، زیندانێکی دیتەوە فکری گەییشتەئەوجێگایەی، بەهەرجورێك بێ، ئەسڵانی دەئەو زیندانەی باوێت و خۆی لەدەست ئەودێوەزمەی ڕزگار بکات.،

قالەزۆربەخۆوەبوو، بەپێچەوانە، ئەسڵان زۆرکز ولاوازبوو.

قالە ڕۆژێکی بەپەلەهاتەوەماڵێ و،گوتی ئەسڵان! جێگایەکم، دیوەتەوەخەزنێکی زۆری تێدایە، هەتاکەس نەیزانیوەبابچین دەریبێنین.بەڵێ،یەك دووگوریس وچەندتۆربەیان دەستدانی،وچوونە سەر،زیندانەکەی وقالەگوریسی دەنێوقەدی خۆی خست، گوتی ئەسڵان گوریسەکەی بگرەباچمەخوارێ. ئەسڵان لەلایەك نەیدەتوانی قالەی بەخەزێنەوە هەڵکێشێتە سەرێ، بەبەتاڵیش هەرنەیدەتوانی ولەلای دیش دەترسا، قالەبڕێکی لە خەزێنەکەی بشارێتەوە، جالەبەرئەودو هۆیەی، بەقالەی گوت بێنەگوریسەکەی دەنێوقەدی من خە، بۆخۆم دەچمەخوارێ. قالەبۆخاترجەم بوونی ئەسڵانێ، بڕێکی پڕکێشی کرد. ئاخرەکەی ئەسڵان گوتی ئاخرخۆئەمن ناتوانم ئەتۆهەڵکێشمەوەوخولاسە هەرچەندی قالەگوتی، ئەسڵان قبوڵی نەکردو گوریسی دەنێوقەدی خۆیخست و سەری دیکەی گوریسی وە،قالەیدا. ئەوجار قالەبە خاترجەمی ئەسڵانی ڕۆیەڵ کردوبەگوریس ومریسەوە دە زیندانەکەی هاویشت و گەڕاوەبۆماڵێ و پشوێکی بەئاسوودەیی هەڵکێشا،

سبحەینێ لای نوێژی شێوان، چۆوە سەر زیندانەکەی هەتا بزانێچەخەبەرە هەستێك؟هەرایەك. دیتی یەکی سەرقرژنۆکە، ئەوەلەزیندانێ دێتەدەرێ قالەوایزانی ئەسڵانە، دێتەدەرێ خەریك بوودەزیندانەکەی باوێتەوە؛ پێیگوت تێمەهاوێوە، ئەوەندەت قازانج پێدەگەیەنم، پێت سەروبەرنەبێ. لێی گەڕا هاتەدەرێ، دەڵی چ

قازانجێکم پێ دەگەیێنی؟ئەتۆچی چەکارەی ؟پێی‌گوت ئەمن ئەجیننەم هەرجێگایەکی بچم، بەتایبەت ژن ومندالْ شێت دەبن، ئەتۆش خۆت بکەدوکتوربگەڕێ وبلێ شێتان بە زەمانەت چاك دەکەمەوە. هەرجێگایەکی ئەتۆهاتی، ئەمن دەڕۆم، ئەگەرئەمنیش رۆیشتم شێت چاك دەبێتەوە.ئەوە.ئەوقەلەم پێی دای ؟کەهاتومەدەرێ،قالە پرسیاری لێ کرد: بۆچی لەئەوزیندانەی هاتیە دەرێ. وەلامی داوە: نازانم چ غەزەب لێ گیراوێك ئەو ژنەی دێرە هاویشتوەو لەترسی وی هاتوومەتەدەرێ وهەلدێم هاوارخورام.

قالەش دەلێ بابەئەوەئەسلانە.هەرچابوەنەی خواردوی چاکت نەجات بوە. بەلێ، قالەخۆی کردەدوکتور، برێك دەرمان مەرمانی دەکیسۆلکان کردوچۆشارێکی دیکەو. بەلێ ئەمن دوکتورم. لێیان پرسی: دوکتوری چی؟ : ئەمن دوکتورم؛ شێتان چاك دەکەمەوەبەزەمانەت. گوتیان،، کچی مەلیك غازانی شێت بووە چ بکەین؟ چ نەکەین؟ کەوتنەگەڕانێ. وئەولولایان کرد، قالەیان وەدەست کەوت. لێیان پرسی: دوکتوری چی؟ ولامی دانەوە: دوکتوری شێتانم بەزەمانەت چاکیان دەکەمەوە. بەلێ قالەیان بۆمالە پاشای برد،دەگەلْ قالە چووبۆلای، نەخوشەکەی جندۆکەچاوی بەقالەی کەوت ڕۆیشت وشێت بەبێ ئەوەی بەشولکانی لێ دەن چاك بووە.پاش چەند ڕۆژی دیکەخەبەرهات، ژنی فلانەپاشایەی شێت بووە،چونکی خەبەری ئەو دوکتورەیان زانی‌بوو لە دوای هاتن، پاش وەرگرتنی، پولْ و زێرێکی زۆر، رۆییشت بۆمالەپاشای کە ژنی شێت ببوو، ئەویش هەروا چاك بووەو چەند شێتی دیکەی چاك کردنەوەو،ئەوجارگوتیان، کچی والی موسلێ شێت بووەلەوێراهاتن. قالەیان بردبۆموسلێ لەرێگایەجندۆکە رێی پێ گرت: ئەمە، قەرارمان ئەوەنەبووەبۆتەواوی دنیایەوەدوام کەوی، قالەگوتی ئەمن بۆیەنەهاتووم شێتان چاك کەمەوە، پرسی ئەدی لەچی دەگەڕێی؟

قالەدەلێ بابەئەسلان لەزیندانی هاتۆتەدەرێ لەترسی وی هەلدێم.

جندۆکەدەلێ هەی نەبی.

قالە:بەلێ.جندۆکەکەدەلێ جائەگەروایەئەمن ئەوەدەڕۆم بۆئەوبەری بەحری ڕەش.

غەنیمەت

کابرایەك جیرانی چاوەشێکی بوو.چاوەش وەزعێکی باش،ومندالّی دەکۆك وپۆشتە، تێروپڕ، جیرانەکەشی هێندەفەقیربوو، ئەگەرنانی هەبا دۆی نەبوو، ئەگەردۆی هەبانانی نەبوو،ڕۆژی واش هەبوو،شتاقی نەبوون.هەربۆیەڕۆژێکی ژنەکەی پێی گوت ئەوەتا،ئەو جیرانەمان ئاواتێروپڕن، ئەمەش هیچمان نیە،بۆناچی هەرنەبێ زوڕنایەکی لێ وەربگری، بەلّکوئەتۆش،شتێکی بۆمندالّەکان پەیداکەی چیدی هێندەئیحتیاج نەبین ئاخرخۆهیچمان نیەچبکەین.کابرای فەقیر،ئاخرقەتی زوڕنا لێنەدابوو،.ناچارشەوێ چۆمالّەچاوەشی جیرانی وهەر،وەژوورکەوت،بەخۆوبەژن ومندالّی لەبەری هەستان،زۆریان ئیحترام گرت و، بەخێرهاتنیان کردو.زۆریان پێی سەیربوئەوکابرایەهاتۆتەمالّەچاوەشێکی چونکەپیاوێکی بەجورێکی بو،پاش دەمێك دانیشتنێ لەڕوی خۆی هەلاّویشت:برالەئەگەر هەتانە هەرنەبێ زۆڕنایەکم بەئەمانەت وێدە،وەللاّهی وەزعم زۆرشەپڕێوەوهیچمان نیە، چاوەش بەژنەکەی گوت زوڕنایەکی بابەگەورەم لەمێژە هەلّگرتوەئەوەدەبن سەری کۆلّەکەکەی ئاخری تەویلەی دایە،بچوبۆی بێنەبەلّکو ئینشاللاّ ڕزق وڕۆزی بۆزیادبێ.

بەلّێ، ژنە زۆڕنای بۆهێنا وێیدا،مام چاوش فێریشی کرد ئاوای لێدەبرێکی فیرەفیڕلێ هینا. زوڕناکەی وەرگرت وهاتەوەمالّێ، هەربەیانی زوو وەڕێ کەوت ئەبەومەنزورەی،لە ناوچەی خۆی بچێتەدەرێ وبچێتەجێگایەکی کەس نەیناسێ هەم نەیدەزانی زوڕنایە لێ دا دوهەمیش پێ عەیب بو.

بەلّێ ئێوارێ گەییشتە قەراغ دێیەکی کۆنە ئاشێکی لێ بوو. گوتی ناچمەنێود ێی بانەم ناسن ئەوشۆولەنێونەوکۆنەئاشەیدا دەبم و بەیانیش زوو وەڕێ دەکەوم،

دەنێوکۆنەئاشیدا دانیشتبوو،گوێی لەهەستێکی بو، هاتەدەرێ دیتی سوارێك، ئەوە بارێکی شتومەك پێیە وەکووفەڕش ونوێن وشتی باش وگران بەقیمەت و. . . لەدەرکی کۆنەئاشی دابەزی، بارەکەی داناعەرزی.ئەسپەکەی بەستەوەوجێگای ڕاخست؛ هەر دەهات ودەچووبەماتەماتەدەیڕوانی. پاش دەمێکی، ژنێك پەیدابوو،کابرا زۆری جنێو بە

ژنەی دا بۆوادرەنگ هاتوی نازانی چەندلەمێژەئەمن لێرەمەحتەلی تۆمە؟

ژنە:ئاخر،هەتانانم داوەودەست وپێوەندم جێبەجێ کردون هەروام بۆکراوەچبکەم .

بەڵێ، ئەودووەوێکراپاش برێك قسەی دەخۆش پێکەنین وسرت وخورتێ لەسەر جێگایی درێژ بوون،کابرای سوارگوتی ئەوە ئەمن لەشکری ئینگلیزیم.ژنەش گوتی ئەمنیش ئەوەعەسکەری رۆمێ مە.کاك عوسمان لەبەرەخۆیەوەگوتی جائەودولەشکرە بەشەڕبێن،خۆبەبێ شەیپوری شەڕی هەرنابێ.بائەمنیش شەیپوریان بۆڵێ دەم وئەودولەشکرەش بابەشەڕبێن؟ دەگەڵ فیرەی لەزوڕنایە هێنابەلینگ ڕوتی ،هەریەکەی بە لایەکیدا هەلاتن وئەسپ وشتومەك،بەجێمان.کاك عوسمان هەرگورجێکی،شت ومەکی کۆ کردنەوەولەئەسپەکەی نان وسواربوو، گەڕاوەبۆماڵێ. هەرئەو شەوەی گەییشتەوە، ژنەکەی هاتەدەرێ وگوتی بەخوای بابەکارت کرد،نانت بۆمنالان پەیداکرد.نەیزانی چەباسە :ئەوچاوەشەی جیرانمان دەڕوابەدوومانگ وسێ مانگ نایەتەوە،ئەتۆکوێرا هاتێەوە.

کابراش :کارت بەوەی نەبێ،بەقەد سێ مانگەی ئەوچاوەشەم بەشەوێکی هێناوەتەوە.

کاك عوسمان بارەکەی ئێخست ئەسپەکەی بردتاقەت کردشتومەکەکانی بردنەژورێ ئەوجارژنەکەشی حاڵی کرد؟بەڵێ،سبحەێنێ هێندێکی لەئەوشت ومەکەی هێنابوی، فرۆشتنی وبرێکی وەسایلی بژیوی خۆی ومندالەکانی پێك هێنا.پاش دو،سێ مانگان بڕوکێك موحتاج ببۆوەئەسپەکەی بردەبازاڕی بیفرۆشێ.کابرا لەوێ پەیدابووگوتی ئەو ئەسپە،ئەسپی منە،عوسمان سوارەکەی ناسیەوەوگوتی ئەوەدەڵەی چی کاکە؟

کابرا :دەڵێم چی دەڵێم ئەونەسپە،ئەسپی منە.عوسمان دەڵێ باشەئەونەسپەلە شەڕی ڕۆم وئینگلیزی بەغەنیمەت گیراوە.غەنیمەتیش نادرێتەوەبەکەس.

کابرای سوارئەگەرئەوەی گوێ لێبوو، قسەکەی خۆی وژنەکەی وەبیرهاتەوەو. وەدەوڵەمەندانیش دەچو،ڕاست ڕۆیشت و.وازی لەئەسپەکەی هێنا.مام عوسمانیش ئەسپەکەی فرۆشت ولەمنداڵەڕەش وڕوتەکانی خەرج کرد وهاتەو؟

❊ ❊ ❊

قەیات

مام وەتمان پیاوێکی زۆر فەقیرو بێ فێڵ بوو، ئەومام وەتمانە، جوتێکی گا پێ‌بوون، لە مەزرایەلەنێوزەویەکرێنەکەی خۆی جووتی دەکرد. سوارێك بەرێگایەدا دەرۆیشت لایدا و ماندوونەبوونی لەمام وەتمانی کرد ودوایەدەڵێ براله ئەگەربچی نیسکێنێکم بۆبێنی زۆرم ئیشتیا لێ یەئەومایەنت دەدەمێ، مام وەتمان خێرایەکی چوگایەکانی بەردان؟کابرادەڵێ ئەوەچەدەکەی مام وەتمان :دەچم نیسکێنەت بۆدێنم،کابرا :ئەدی گایەکان چەلێ دەکەی مام وەتمان :دەیانبەمەوە،کابرای سواردەڵێ بابە.بەپێی گاجوتان خۆئەتۆهەتائێوارێ ناگەیەوەئێرەئەمن ناتوانم هێندەمەحتەل بم مام وەتمان لەتاومایێنێ هۆشی نامێنێ ودەڵێ ئەدی چیان لێ بکەم ،هەتادەچم نیسکێنەت بودێنم، سوارەکە دەڵێ لێیان گەرێ هەتاتوانیم جوتیان پێ دەکەم دەنا بەریان دەدەم بابلەوەرێن؟

مام وەتمانیش دەڵێ زۆرباشە،گاجووتی بەجێ هێشتن وبەغار. رۆییشتەوەماڵێ، نیسکێنەی بێنێ ومایینی وەدەست کەوێ،فکری نەکردەوەئاخرئەوەفێڵەدەنا چۆن کابراسواربێ ماینێ بەنیسکێنەدەدا.گەییشتەوە ماڵێ، بانگی خێزانی کرد: هەمین، وەرە زوونیسکێ نێکم بۆلێ نێ بۆکابرایەکی دەبەم ماینێکم دەداتێ ئەوەلەمەزرایە لەسەرە من مەحتەلەجازویەخواناردویەتی ،خوشکەهەمینیش خواهەڵناگری زۆربەتەرِدەستی نیسکی شوشتنەوەو.وەسەرئاوری ناو، مام وەتمان ئەوجاربانگی خێزانی کرد:هەزارجارلەسەری منت کەوی، وەرەهەتانیسکێنە دەگوڵی بەپوشکان،جارێ زۆری دەکێشێ ئاوم بۆبێنەبا ئاخورێکی بۆماینەکەی دروستکەم ئەمنیش بێکاردانەیشم.

هەمین ئاوی بۆ هێناومام وەتمان ئاخورێکی بۆماینێ دروست کردو،بەهەمینێ خێزانی گوت بەپشتەوەم دا وەرەلوشکت لێ‌دەم بزانم دەتکاتێ، نەبادامانیەکەلوشکان باوێ ، هەمین بەپشتەوەی داهات مام وەتمان لوشکێکی هاویشت، وەزگی ژنەکەی کەوت، ژنەکەشی حاملەبوو، منداڵی لەبەرچوو، مام وەتمان گوتی ئەگەر ژنەکەشم، بەری هاویشت، ماینەکەم وەدەست کەوێ هەر باشە،

بەڵێ نیسکێنەحازربوو،دەدیزەی کردو،دوو سێ نانی دە زاری دیزەی ناهە تا نەشڵەقێ.خەسووی مام وەتمانی چاوی نەیدەدی بەلاّم ئاگای لەئەوکەینەوبەینەبووبانگی کردگوتی توخوارۆڵەوەتمانە،ئەگەرماینت هێناوەوفرۆشتت، دەسمالۆکێکی بۆدایەخۆ بکرە، مام وەتمان بەپێچەوانە،خەسوکەی زۆرناخۆش دەویست، داهاتەوە،پوشکێکی هەلگرێتەوەوبلێ ئەو پوشکەشت بۆناکرم، نان لەزاری دیزەی هاتەدەرێ ونیسکێنەی بە سەرسەریدا رژاو،هەمووسەروچاوی سووتا، ئەوجاریش مام وەتمان برپیك دم وچاوی چەور دەکاو،دەڵێ ئەگەرسەروچاویشم سووتا، ماینەکەم وەدەست کەوێ دیسان هەرباشە، بەلاّم هەتائەوهەمو،وردەکارانەی کردن ونیسکێنەی بەپووش وپەلاّشی کولاّند،زۆردرەنگ ببوو، نیسکێنەی تێکردەوەو،ڕۆییشتەوەبۆلای ماینەکوێتی،

بەلاّم بەداخەوەکابرای سوارلەوێ نەمابوو،گاجوتەکانیشی لەوێ نەمابوون،کابرای سوار بردبوونی بەلاّم مام وەتمان ئەوفکرەی نەدەکردکابرای سواربردونی وکابراش بۆفریودان وشۆێنەونکەی چونکەوادەردەکەوێ ئەوەڵ جاری نەبوەوزۆرجاری دیش ئەوجورەفێڵەی کردوە ؟تەپێکی ریخ لەسەرئامورەکەی دانابو.مام وەتمانی بەڵەك هاتەوە ماڵێ و ژنەکەی لێی پرسی: ئەدی کوا ماین! گایەکانت بۆنەهێناونەتەوە؟ مام وەتمان ولاّمی داوە: کابرای سوار لەوێ نەمابو زۆردرەنگ چومەوە.گاجوتەکانیش پێم وایەمەلاییکان بردویانن بۆحاسمانێ لەوێ جوتیان پێبکەن دیسان ڕەنگ بێ بێستانی بکەن.هەمین: جاچوزانێ مەلاییکان بردویاننتەحاسمانێ مام وەتمان: چۆن لەحاسمانێ ڕاڕیخیان بەرداوەتەوە کەوتۆتەسەرئامورەکەم، ڕاست لەسەر نێوەڕاستی نیرەکەی کەوتوەخۆهەردیار.

بەڵێ مام وەتمانی فەقیر ماینی وەدەست نەکەوت، ژنەکەشی منداڵی لەبەر چوو، بۆخۆشی سەروچاوی هەموسووتان، لەوەش خەراپتر گایەکانیشی لە دەست دان.

❊ ❊ ❊

گەلا خڕنوك

دەڵێن ژنێك دڵداری دەكرد وزۆریشی پێی خۆش بووبەلام ڕێگای نەبوو، چونكە مێردەكەی هەمیشەهەرلەماڵێ بوو.وبۆ هیچ جێگایەكی نەدەچوو،ماڵی بەجێی نەدەهێشت. دەلالی ئەو ژنەی، ژنێكی جیرانی بووو،ڕۆژێكی تووشی هات و پێیگوت ئاوا فایدەی نادات، خۆت نەخۆش كە، لێفەی بەسەرسەرتدادەو بەدزیش نانی بخۆ هەتاسێ چوارڕۆژان ئەتوبۆواگێل وماڵ وێرانی. ؟ئەودەمی كابرات (مێردەكەت) بۆت وەحەولان دەكەوێت و، ئەگەر لێی پرسی لەدوای كێ بنێرم،بڵێ بۆخۆت دەزانی،كەری كە،كەهات ونێوی هەر ژنێكی هەڵیدا بڵێ نا، هەتا دەگاتە من، ئەودەمی، بڵێ كەیفی خۆتە مەڵێ فلان بابێی، جا ئەگەرلەدوای من هات، ئەمنیش هاتم بۆخۆم دەزانم چ دەكەم ئەتۆهەرخۆت ناڕەحەت وبێ حاڵ كەو؟هیچ مەڵێ. چەند ڕۆژێك، ئەوژنەخۆی لەسەرجێێ ئێخست، بەلام مێردەكەی باوەڕی پێ نەدەكردودەیزانی نەخۆشی فێڵێیە، پاش سێ، چوار ڕۆژان كابرا تەماشای كرد ژنە زەرد هەڵگەڕابوو، ئەوجار بۆخۆی بەخۆی گوت؟ بەڕاتی خودای دەڵێی نەخۆشە! فكری ئەوەی نەكردئاخرئینسان چوارپێنج ڕۆژان خۆداپۆشێ زەردهەڵدەگەڕێ؟

چۆ بن سەری وگوتی عافرەت بۆوادەكەی؟ كوێت دێشێ؟

ژنە زۆربەبێ تاقەتی وبێ هێزی ولامی داوە: ئەوەندەم سەردێشێ قەراری لێ هەڵگرتووم. خۆئەودەمیش دوكتورلەولاتی كوردوستانێ دانەبوو،بیانبردبادوكتوری ئەوەی هەبوهەر دەرمانی پرووپیرێژنان هەبوو. : ئەدی كێت بۆبانگ كەم؟

ژنە: كەیفی خۆتە،بۆخۆت كێت پێ خۆشەبابێت، ماڵەكەشمان برێك بۆخاوێن كاتەوە.كابراهەرژنێكی نێوی هێنا، ژنەگوتی نا، هەتاگەییشتە دەلالەكەی، ئەوجار گوتی بۆخۆت دەزانی. عەولا (مێردی ژنە نەخۆشەی) چوو دەلالەكەی بانگ كردو پێی گوت هەتاماڵەمەوەرەخێزانم زۆرنەخۆشەوداوای تۆی كردوە.

ژنەتیوهەربەغاروبە پێ خواسی خۆی گەیاندەماڵەعەولای، هەركە دەركەی كردەوەو چاوی بەجێ وبانی ژنەكەی كەوت، بەسەروگوێلاكی خۆی داداو :حەك خوشكت كوێربێ!

حەك بۆت نەمێنم جەرگم خەرابێ! بەعەولای دەڵێ ئەوەبۆ زۆترلە دوام نەدەهاتی. پیاوهەروابێ ڕوحمن برێکی ئەولاوئەولا کردودەستی لەسەرنێوچاوانێ داناو برێك دەست وباسکی ڕێك گوشین ودەڵێ ئەوەلەلای دێیەکەی ماڵەبابیشم، ژنێك هەرئەونەخۆشیەی گرتبوو (ژانەسەر) لەئێشی سەری هۆشی نامێنێ.دەرمانی ئەودەردەی گەلاخڕنوکە دەگەڵ خەنەی دەیگرنەوەودەسەری دەدەن، وەك یەك ساتەی هەندویە.

عەولاکەزۆربەوردی گوێی دابوەژنەی چونکەگوتی بەژانەسەرێی دەگری،ژنەکەشی گوتبوی سەرم دێشێ،لێرەش برێکی باوەڕ پێ کرد.لەژنەی پرسی گەلاخڕنوك لەکوێ وەدەست دەکەوێ؟

بەلێ،جێی گەلاخڕنوکانی پێگوت کەڕێگای شەو،ورۆژێکی پیادەی قۆچاغ بوو،کابرابەیانی زۆر زووکاڵەوپێتاوی لێ هەلکێشاودووسێ نانی دەبنی توربێنی ناو،توربێنی لەپشتی بەست وگۆچانێکی دەست دایە،بگرەگەلاخڕنوك هاتم.هەرلەدێی وەدەرکەوت ژنێکی دیکەی جیرانی کەئاگای لەئەووەزع وحاڵەی ئەوژنەی بو،تووشی عەولای بووکەئاواخۆی حازرکردوە.زانی سەفەریان بۆپێك هێناوە.لێی پرسی:عەولائەوەبۆکوێ دەچی واخۆت حازرکردە؟!

: خێزانم نەخۆشە، سەری دێشێ دەچم بۆگەلاخڕنوکان دەگەڵ خەنەی دەسەری دەدەن دەلێن پێی چاك دەبێتەوە.ژنە:گەلا خڕنوك .گەلاخڕنوك لەکوێیە؟! دەلێن لەدۆلە نییە، لەدەراوی ماڵی سۆفیان هەیە. ژنەدەڵێ مردوت مرێ نەخۆشی چی، گەلا خڕنوکی چی؟! نوێژێ شێوان بچووەلەسەرکولانەی خۆت مات کەبزانە چ دەبینی؛ عەولاش کەلەئەوبەزم وڕەزمەی هەرنیگەران بوو،بەقسەی ژنی جیرانی کردهەتاهێواری لەمەزرایە خۆی حاشارداو نوێژی شیوانێکی تاریک تارێك چووەسەرکولانەی وتەماشای کردنەخۆش نەمابوو، جێگای نەخۆشی خڕکرابۆوەو،ماڵێکی پاك وخاوێن وژنەش کەراسەنوێکەی وبەرگێکی جوانی دەبەرکردبوو؛ پاك وخاوێن.دەهات ودەچو،لەئەو وەختەیدا، کابرایەکی بۆشناغ وزۆرجوان هات وەژوورکەوت، ژنەگوتی ئەوەهاتوی چت بۆهێناوم؟

کابرا دەڵێ سێوی سەرچڵوکان.

ژنەدەڵێ ئەمنیش ئەوەخۆم بۆرازاندویەتەوە وەکووتازەبووکان.

عەولاش لەسەرکولانەی خۆی بۆرانەگیراوگوتی ٠

ئەمنیش ئەوەهاتمەوەلەگەلاخرنوکان.

کابراوژنەئەگەرگوێیان لەدەنگی عەولای بوو، فویـان لەچرایـەکردودەرکیان داخست، عـەولا هاتەوەپشـت دەرکـەی بوبەتاریکەشـەوێك چاوچـاوی نـەدەدی هەرچـەند دەیگوت دەرکەم لـێ وەکەن. لە ژووری ڕاولامیـان دەداوە: کـابرا! ئـەوە شـێت بوویـە؟! چیە؟! بۆناچێەوەماڵەخۆت، چت لەمەدەوێ بەئەوشەوەی؟!

بەڵێ؛ عەولای گێژکوچەوکـۆلانان دەگـەڕا، ئاخرئەوەماڵەفلانەکەسیەوئەوەش فلانـە کـۆلانەیە، وەڵـلا ئەوەماڵەخۆمانـە، دەچووەپشت دەرکـێ ودیسـان هێدیـیان دەکـردێ ئەوجارپاش زۆرمەعتەل بوون وئەولا وئەولاگەڕانێ، بەگەڕەکێ‌داچۆخوارێ، تەواوێك لەماڵە خۆی وەدورکەوتبۆوەشەویش درەنگ ببووگوێی لەدەنگەدەنگێکی بـوو،چۆپشت دەرکـە کەی زۆری ڕوانی، دوایەلەکەلێنی چەپەرێ ڕاتەماشای کرددیـتی ئەوەکابرایـەك ژنێکـی لـە کۆڵـەکەی بەستوەهەتاتوانی لـێی داویـەجێی هێشـت ورۆیـی. پـاش ڕۆییشـتنێ کـابرای، ژنێکی دی هات ولـێی پرسی گوتی چۆنی ژنە:جاچۆنم هیندی لێ داوم گوشتومی؛ لێمکەوە بائـەتۆبرێك لـێ بەستم لێرەمـەعلوم بوئەوەدەلالیـەتی،بـەلام قسـان نەکـەی دەنگـت دەناسی؟: نانادەنگێ ناکەم، ژنەدەلالەکەی لەکۆڵەکەی بەسـت بۆخۆشـی لێـی داڕۆیشـت بۆکوی مـەعلوم بـوو؟!کابراهاتـەوەو،وەرگەڕادەلالـەکەی، وەیزانـی ژنەکـەی خۆیـەتی هەرچەندی لـێ‌دا هیچی نەگوت،ئاخرنـەدەکرا٠،جـاران یـان دەپاڕاوەیـان دەیگـوت بۆلێـم دەدەی؟ ئەوجارهـەروابێ‌دەنگ بووکرومـات.کابراهەڵی‌کێشـاکێردێ وگوتـی وئـەوەدیارە بەپیاویشم نازانی ودمی بڕی ودیسان لێیداڕۆیشـت.پـاش دەمێکـی ژنەگـەڕاوە، دەلالـەکە گوتی بابانت وێران بێ دمیشت بەبڕین‌دام، ژنەگوتی قەیدێ ناکا،کاری مـەی پـێ چادەبـێ دەلالـەکەی لـێ کردەوەوگوریـس وشـت ومـەکی بـەخوێنیان گـۆڕین، دەلالـەکەژنەکەی

لەکۆڵەکەی بەستەوەچوولەسەربانی ماڵەجیرانی بانگی کوڕەکەی کردوگوتی کێردەکەم دەبن سەرینی لانکی(بەسیلێ دایە) بۆم باوێ بوکی مامە سوری منداڵی بوە دەچم نێوکی دەبرم. کوڕەکەی خەواڵو بوو، دەگەڵ کێردی بۆ هاویشتە سەربانی هەلاهەلای لێ پەیدا بوو. وگوتی قورم وەسەری کێردەکەم وەدەمی کەوت، دمت بڕیم ،دەلاڵەکەچوکارەکەی ودم ولوتی خۆی ئاواجێ بەجێ کرد، پینە کرا،

بەڵێ کابراش دیسان گەڕاوەبۆلای ژنەی وەری گەڕایە، ژنەدەستی پێ کردئاخر بۆوادەکەی بەئەونیوەشەوەی بۆچیم لێدەدەی؛ سوچم؟ تاوانم ئاخر چم کردوە؟!

کابرا گوتی نۆرەی ئەوەیەدەمێك لەوەپێش چەندم لێدای دەنگت نەکرد هەتادمیشم بڕی. ژنە: دمی منت بڕیوە؟ کابرا:بەڵێ؛ دمی تۆم بڕیوەئەدی دمی کێم بڕیوە.

ژنە: ئایاڕۆدمی پەریانت نەبڕیبێ، خۆت خەجاڵەتی دەرگای خوای تەباڕەك وتەعالا کردبێ قورم وەسری بو.

کابرا: جابزانەشێتیشم ناکەی، ژنە: جاپیاویژگەئەمەدێین گرێوی دەکەین ئەگەرئەمن دمم بڕابوو،گەرنت خۆش وئازابێ سەریشم ببڕە، ئەگەردمیشم نەبڕابو، ئەمن هەردوو شەقان دەتۆ هەڵدەدەم دیاربوە پیشی فێربوەدەناژن چۆن وێراویەتی بەمێردی بلێ تێت هەڵدەدەم ئەویش دەوەختێکی وادا.

کابراش چونکەبەدەستی خۆی دمی بڕی بو،چوزانی ئەوەحیلەی لێکراوە، گرێوی دەگەڵ ژنەکەی کرد. چووچرای هەڵکردەوە، هێنای وەهەرچەندی تەماشای کردو دمی ئەودیوئەودیوکردشوێنیشی لێ دیارنەبوئەوجارهێنای ژنەکەی لەکۆڵەکەی کردەوە، هەستادووشەقی دەمێردەکەی هەڵداوکێشەخلاس بوو.

عەولاش کەئەوەی چاو پێ کەوت بڕێك شل بۆوەوگەڕاوە ماڵێ هەتا هاتەوەزۆری گێشابوو،وەزعی ماڵەویش گۆڕابوو، هیچ کەسی نەدی، ژنەش چۆبۆوەدەجێی، وپێکەوە نوستن؛بەیانی کەلەخەوێ هەستان باسی گەلا خڕونوك ونەخۆش مەخۆشی نەکرا،ژنەش ژانەسەری چاك بۆوەودەستی کردەوەبەکاری ڕۆژانەی خۆی!؟

لە گەڕەکێ هەر شەوەی سەری پیاوێکیان دەبڕی

سوڵتان مەحومود لەئەوەڵێ ڕا چونکە عادەتی وابوە شەوانە بە بەرگی دەروێشی و بە هەمووجورەبەرگێکی دەگەڕا هەتابزانی وەزعی شاری چۆنە. وچەباسە،،

شەوێکی بەبەرگی کارگەری لەنێو شاری دەسوڕاوە، ژنێك و پیاوێك، پێکەوە قسەیان دەکرد ژنەکەبەکابرای دەگوت وەرەئەوبەرەی. کابراش دەیگوت نایەم. ژنە:دەوەرە، بۆنایەی. کابرا گوتی هەتانەچی سەری مێردەکەت نەبڕی ودەنێوئەوجۆگەی نەهاوێی ونەیکەیەپردەبازگەو ئەمن پێیدا نەپەڕمەوە نایەم.

ژنەکێردێکی بەدەستی وەبوزۆربەتەڕدەستی چۆڕوێ وسەری مێردەکەی بڕی و دەجۆگەلەی هاویشت و پێی گوت ئەوجاردەوەرە.دەی.کابرادیسان گوتی نایەم،

ژنە: ئەوجار بەهانەت چیەبۆنایەی، کابرا دەڵێ چەندت وەفابۆمێردەکەی خۆت بۆەهەرئەوەندەشت وەفابۆمن دەبیت. نایەم. ئەوان، لێك جویَبونەوە. سولّتان چو،گولّە دەزویکی لەخمخانەی هێناودەرکی ماڵەکەی مۆرکردو ڕۆییشتەوە ماڵێ و لێی نوست. ژنەچونکە ئەوکارەی کردبو (سەری مێردەکەی خۆی بڕیبو) هەر گویسقولاّغ بۆو؛پاش جێبەجێ کردنی کەلاکی. وەختێکی شەوێ کەهاتەدەرێ و دیتی دەرکی مۆرکراوە گوتی بەخوای بابەزەریفە، چو هەشتاگلّەدەزوی هێنا؛ چل ماڵ لە لایەك و چل ماڵیشی لە لای دیکەی مۆرکردن وخۆێ شاردەوە،سولّتان بەیانی کەچۆودەبەرگی غەزەبێ، ئەمری کرد لە فلاّنە گەڕەکە ی وفلاّنە کولاّنەی دەرکێك مۆرکراوە بچون، ژنی ئەو ماڵەم بۆ بێنن.

پیاوی پاشای ئەگەرچون تەماشایان کرد.دەرکێکی چی،هەشتاوویەك دەرکەمۆرکراون، هاتنەوەوعەرزیان کرد:قوربان هەشتاوویەك دەرکەمۆرکراون،بۆن مەعلوم نەبووکێهەدەرکەیە،دوایەسولّتان مەحمودحەسەن مەمێندی بانگ کردوگوتی حەسەن ئەمن ئەوە دەچمەڕاوێ حەوت شەووحەوت ڕۆژان.هەتادێمەوەنابی ئەوی ژنەدەشاری غەزنەوێ دا بمێنی،

سولّتان ڕۆیشت بۆڕاوێ؛ حەسەن دەستەوئەژنۆ ماوە؛یا ئیلاهی ئەمن چ بکەم، پاش

زۆرفکرکردنەوەی،چۆوە ماڵێ یارمەتی لەبابی ویست وگوتی بابە؛ سولتان حوکمێکی ئاوای لێ کردوم، چ بکەم؟ بابی دەڵێ کورم ئەوقەتڵ وعامەبەتۆناکرێ هیچ دەست مەبزێوە. ئەگەر سولتان هاتەوەو گوتی بۆئەمری منت بەجێ نەهێناوە بڵێ بابم نەیهێشتوە، ئەودەمی بۆخۆم وڵامی دەدەمەوە.یان دەنابائەتۆبکوژێ .؟

بەڵێ سولتان پاش چەند شەو ورۆژان کەگەڕاوە،حیلکەوپێکەنینێ ژنان لەکانیەڕێیە ڕۆژێکی دەڕۆیشت بەخۆی گوت بەخوای بابەحوکمم ڕەوانە!

هەرڕەوانەدابەزی،چۆدەبەرگی غەزەبێ ودەستوری داحەسەن مەمێندیم بۆبانگ کەن، حەسەن مەمێندی کەهاتەحزورسولتانی؟! دەڵێ ئەدی ئەمن چ دەستورێکم پێ‌دابووی چەباسە.گوتی قوربان هەرئەمرێکی بەمنت داباوهەرجورێك بایەبەئەنجامم دەگەیاند، ئەوەش بزانە،ئەمن بۆکەچکەخوێنێکی ناپاڕێمەوەبەلاّم بابم مانع بوونەیهێشت.

سولتان ئەمری کرد:برۆن مەمێندیم بۆبێنن.چون مەمێندیان هێنا.لە قەراری کەبۆیان گێڕاوەتەوە،مەمێندی هێندەپیربووەوچوکەبۆتەوە،دەنێوقەفەزی‌دابووە.گوێشی گران بونەوزۆربەزەحمەت گوێی لەقسان بووە .،

سولتان گوتی مەمێندی ئەتوبۆ نەتهێشتوە حەسەن ئەمری من بەجێ بگەینێ.

گوتی قوربان ئەمن بۆخوێنی حەسەنی ناپاڕێمەوە ،ئەگەر ئیجازەم بدەی، بەسەرهاتێکت بۆدەگێڕمەوە.سولتان گوتی ئەگەرتاقەتی گێڕانەوەت هەبێ زۆرم پێخۆشە گوێم لەقسانت بێ.گوتی بەڵێ قوربان تاقەتم هەیەو ئاوای دەست پێ کرد.

:ئەلەئەوشارەیێ غەزنەوێ هەرشەوەی سەری پیاوێکیان دەبڕی وکەسیش نەیدەزانی کێیەوسەری ئەوعالەمەی بۆدەبڕی بەگەڕەکێ‌داهاتەخوارێ هەتاگەییشتەماڵەمە، وئەوشەوەی دەبالەماڵەمەسەرێك بڕابا، ئەمنیش بیرم لێ کردەوە هەرلە نێواری‌ڕاخۆم بۆحازر کرد، شیرم لەخۆبەست وئەسپم زین کردو لغاوم بەقەڵپۆزێ زینی‌دا هێنا، دیتم لەسەروحەددی نیوەشەوێ، لە دەرکەیان دا، گوتم کێیە.دەنگێک گوتی مەمێندی حازری؟ گوتم بەڵێ. گوتی ئەسپەکەت لغاویش کردوە. گوتم نەخێر. گوتی حەیف. ئەوەی

گوت و ڕۆییشت. دەرکەم کردەوە، دیتم ڕەشسوارێك و چی دیم بۆمەعلوم نەبووئـەمنیش هەرنیگەران بوم ودەرکەم داخستەوەوخۆم مات کرد،

بەڵێ ئەوێ شەوێ سەری کەس نەبڕاو،سبحەی‌شەوێ شێرم لـەخۆبەست وئەسپم زین و لغاو کرد، هەرلەوەختی شەوێ دیکە هاتەوە، لەدەرکەێدا، گوتم کێیە ؟ گوتی مـەمێندی حازری؟ گوتم بەڵێ قوربان. گوتی وەرە بەدوامدا. دەرکـەم کـردەوەو سـواربوم وکەوتمـە دوی، نە ئەوەبوو بیگەمێ ونەئەوەبوو وونی‌کەم لە پێدەشتی کە تێپـەڕین، ڕوی دە دۆڵ و دەرەێکی کرد هەتا توانیمان بەسواری، دوایەدابەزی وگوتی ئەوئەسپەم بۆبگرە، ئەسپم بۆ گـرت وبـەپێیان دەدەڕەی هـەڵبو،ڕەشسـوارکەڕۆیی ئـەمن بۆخـۆم بـەخۆم گـوت بـۆ لێرەڕاوەستم، ئەسپەکانم بەستنەوەوکەوتمە دوای ڕەشسواری وگـوتم ئـاخر بـزانم بۆکوێ دەچێ، چ دەکا ؟برێك بەدۆڵەکەی‌دارۆیشت؛دوایەزۆری هەست ڕاگرت وهێدی ولـەسەرەخۆ چۆدەئەشکەوتێکی ئەمنیش بێ ئەوەی بزانێ، ئەوە هەربەدوای مەوە؛ کەچۆدەنێودیوێکی دەئەشکەوتەکەی‌دا، لەنێو گـۆڕکی دیوەکەی ئـاورکرابۆوە، وچەندکەسێکیش لـەدەورەی ئاگرەدامرکاوەکەی بەدانیشتنەوەولەسەرتەنیشتێ وچۆن وچۆن ویا پاڵیان‌دابۆوەوخـەویان لـێ کەوتبو،دیاربوتازەش لەتالآنێڕاهاتبونەوەو،زۆرماندووهیلاك بـون، ڕەشسـوارکەهەرئاوا هێدی هێدی هەنگاوی هەڵدێنان،شمشێری بەدەستی ڕاستەوەبوکیسوڵکێکیشـی لەباغـەڵێ دەرهینابەدەستی چەپەی‌وەو،چۆڕوری دیوەکەی کیسۆلکەی یەکەیەکەبەدم ولوتی وەنـان ؛ دوایەزانیم ئەوەدەرمانی بێ هۆشیە،هەمووی بێ هۆش کردن ئەوجار هـەڵی کێشـاکێردێ وپێیان‌دا هات کەپۆولوتی هەموانی بڕی ودەکیسۆڵکەی نان، ویستی بێتەدەرێ، ئەمن هەر ئاوا هێـدی ولـەسەرەخۆهاتمەدەرێ، خـۆم گـەیاندەوەکن ئەسپەکان، ئەگـەر ڕەشسـوار هاتەوە لای من، ئەسپەکانم بەدەستەوە بوون،بۆئـەوەی شـکی نـەکردبێ ٠،ئـەمن وەدوای کەوتوم.تـۆربەکەی بەدەستەوەبوئەسپەکەی لـێ وەرگرتم، سواربوو گوتی وەرە. هەر ئاوا گەڕاینەوە، هەتاقەراغ شاری؛ لـەوێ بەبێ هیچ قسەوباسێك گوتـی مـەمێندی خواحـافیز ، خەریك بوبڕوا. وئەمنیش گوتم بۆکوێ خواحافیز؟ ئاخرئەمن دەبی بتناسم، بزانم کێـی؟ چ

کارەی؟ گوتی ئێستا ناکرێ، سبحەینێ پاش نیوەڕۆیەوەرەفلانەمحەللـەی وفلانـە مالـەی لەوێ دەتبینمەوەوجاقسان دەکەین ولێك حالی دەبین.

بەلێ، شەوێ هاتمەوە مالێ حەسامەوەبەلام زۆرناڕەحەت بـووم هـەردە فکری ئـەو کارەیدابووم ئەوەچ بوکێ یە.سبحەینێ پاش نیوەڕۆیەئەونێوو نیشانەی دابیومێ، چـوم؟ مالـەکەم دیتـەوە،لەدەرکـەمدا ژنێـك هـات دەرکـەی کـردەوە.سـلاوم کـردو گـوتم شـەوێ نیشانێکیان دابومـێ دەبێئێرەهـەوبێ.ژنەزۆربەڕوخۆشـی گوتـی بـەلێ ئێرەیەفـەرمووەرە ژورێ،چومـەژورێ برێـك دانیشـتم،دوایـەگوتم ئـەدی کواپیاوەکەولـەکوێیە؟ئـەمن کـارم هەیەدەبێ بڕۆم.

ژنەکەگوتی پیاوی چی؟!کێت دەوێ؟بڕێکیش لەخۆم ترسام، گوتم توشی چ بـووم. ئاخرشەوێ پیاوێك ئەونیشانەی دابووبەمن، لـەبەرئەو قسـەی هـاتوم. گوتـی کـارم پێتـە، وەرەئێرە،ئەوم دەوێ. ژنەگوتی ئەوەی شەوێ پێی گوتی وەرەئێرەئـەمن بۆخـۆم بووم. ئەگەروایگوت، واقێکم بردەوەتەماشایەکم کردوگوتم باشە ئەدی ئەتوبۆئەوقـەتل وعامـەت دەشاری غەزنەوێ ئێخست؟

ژنە گوتی چل تەریدان مێردی منیان کوشتووە، ئەوەندە کارەی بەتۆم هـەبو، هـەر ئەوکارەشم بەئێکی دی هەبو،دەچومەهەرمالێکی، بانگی کابرام کردبا، یان بـێ کـەوا، بـێ پاتۆل، بەسەرولینگی ڕوت، دەهاتە دەرێ، ئەمنیش شیرێکم لـێ دەداو سـەرم دەپـەڕاند، دەمگوت جاتۆخوا ئەتۆش پیاوی؟

لـەئەوشارەیدا،ئەگەرپیاوهـەبێ ئـەتۆی،ئەوەئـەتۆهاتی ئەسپەکەت بۆگرتم وچـوم کـەپۆو لوتـی ئەوڕێگرەخوێڕیانـەم بـڕی کەمێردەکـەیان کوشـتبوم تۆلـــەم لــێکردنەوە، تۆربەکەی هێنالەپێش دانام؛کەپۆولوتەکانم تەماشاکردن کەبڕیبونی ودیتبوشمـن وگوتـی، جا ئێستاحازرم مێردی بەتۆبکەم ئەگەرڕازی بی وپێت خۆش بێ،

سولتانم خۆش بی ئەمن بەشانازیەوەئەوشێرەژنەم هێناوەجادوایەباسـی ئـەوەم بۆگـێڕاوە کەوەدوای کەوتبوم وئەویش زانیبوی ئەگەر وەدوای کەوتومە.

بەڵێ حەسەنی کوڕم ئەلەوژنەی بوە.

کەباسەکەم ئاوا بۆگێڕاوەولەدوایەشدا گوتم ئەمر،هەر ئەمری سوڵتانیە.

جا قوربان ئەوژنەی جەنابت دەفەرموی ئەویش هەیەوئەوژنەش هەبوەسوڵتان مەحمودیش،زۆری ئەوبەسەرهاتەپێ خۆش بوچونکە قەتی گوێ لێ نەببو.سوپاسی مەمێندی کردوسەبارەت بەئەوژنەقارەمانەی وتکای مەمێندی لە کوشتنی ژنی شاری غەزنەوێ وخەتای حەسەن مەمێندی خۆش‌بو.

مەمێندیش زۆرخۆشحاڵ بولەئەوبەخشینەی ودوعای بۆسوڵتانی مەحمودی کرد.

(شێعری)لە گەڕەکێ هەر شەوەی سەری پیاوێکیان دەبڕی

هەر ئە لەو شارەی، شاری غەزنەوێ
سەریکیان دەبری هەر هەموشەوێ

شا سوڵتان مەحمود ئەو شای وا زانا
هەموشەو لە ناو کوچە و کۆ لانا

دەگەڕا وەزعی شار بێتە دەستی
لە جیێ داروغەی زۆر بە بێ هەستی

لەو بەر و ئەوبەری جۆگەلە ئاوێك
سرت و خورتیان بو، ژنێك و پیاویك

ئەتو لەوبەری بۆ ڕاوەستاوی
وەرە ئەوبەرەی، زۆر لەبەر چاوی

:ئەنجامی نەدەی تۆ ئەو داوایەم
هیچ بو ئەو بەر و بۆلای تۆش نایەم

سەری مێردەکەت نەبڕی وەك بەرخی
تا گوێم لێ نەبی لە قرخەقرخی

تا نەچی، سەری بڕاو نەهێنی
لە نێو ئەو جۆگەی داینەمەزرێنی

نایەم بۆ ئەوبەر ژنە کە بیستی
غاریدا ژوریێ و کێردی بە دەستی

سەری مێردی بڕی وەکو پڵینگی
گەڕاوە سەر و کێردی بە چینگی

دا ینا نێو جۆگە و بانگی کابرای کرد
وەرە دەی ئەمری تۆم بەڕێوەبرد

:تۆ بۆ مێردەکەی خۆت وەفات چەندە
بۆ منیشی دانێ، دەی دو ئەوەندە

من نایەم، ڕۆییشت، سوڵتان زۆر زرەنگ
دەزویێکی هێناو ئەو دەرکەی کرد ڕەنگ

بۆ حەسانەوەی چۆوە دەربارێ
بۆ گشت کەس شەوێ نوستنە کاری

* * *

با بزانین ئەو ژنە چ گێرەشێوێنێکی دەکا

هەرکەس کارێ بکا، دووربێ لە ویژدان — هەر چاوەڕوانە بۆ هاتنی بەردان
هاتەدەر شەوێ دیتی دەرك و ڕەنگ — هەشتا گوڵەدەزوی هێنا بە بێ دەنگ
چل ماڵ لە لای چەپ،چلیش لە لای ڕاست — هەموی ڕەنگ کردن وڕۆیشت بەبێ هەست
بەیانی بەرگی تورەیی پۆشی — وەعدەی دا، لەو ژنە نەکا چاوپۆشی
دارۆغەی بانگ کرد حاڵی کرد کوێ یە — ئەو شوێنەی ماڵی ئەئەو ژنەی لێ یە
وەختێك دارۆغە هاتە ئەو ناوە — هەشتا و یەك دەرکە ڕەنگی لێدراوە
دارۆغە دیتی و خێرا گەڕاوە — ئەو هەشتا و یەکەی بۆ شا ی گێڕاوە
سوڵتان هەروەکی هیچ ڕوی نەدابێ — :حەسەن مەمێندیم بۆ بانگ کەن با بێ
حەسەن مەمێندی هات، پاشی سلاو — سوڵتان ڕایگەیاند ئەمن دەچمە ڕاو
هەتا حەوتویەکی ناگەڕێمەوە — هەرچی پێت دەڵێم تاکو دێمەوە
ئەتۆ ئەو کارەی دەبی پێك بێنی — نابی تاقە ژنێك لەو شارە بمێنی

سوڵتان مەحمود دەچێتە ڕاوێ

سوڵتان و وەکیل دەگەڵ چەند وەزیر — خێوەت و قشون سەردار و ئەمیر
ڕێکەوتن وێگڕا هەمو بەرەو ڕاو — بۆ کەیف و خۆشی شوێنی دیاری کراو
حەسەن مەمێندی وەك بەرپرسی شار — سوڵتان پێی ئەسپارد، تا بکا کوشتار
حەسەن زۆر داما، بیری کردەوە — تەگبیری بۆ لای بابی بردەوە
عەرزی بابی کرد، ئەمری سوڵتانی — ئەتۆ زۆر لە من باشتری دەزانی
:چابو پێم زانی، هاتی بۆو نێوە — ئەتو بۆوکارەی دەستت مەبزێوە
کوشتاری ژنی شاری غەزنەوێ — لە چ ڕێگایەك، چۆن لە تۆی دەوێ؟
شا با بێتەوە، لەگەڵی بدوێن — ناشپارێینەوە بۆ دو کەچکە خوێن

سولتانیش ئەگەر، لە ڕاو گەڕاوە   پێیوابو لە شار، هەرژن نەماوە

گەییەوە د یتی قاقا و پێکەنین   ژن وێنەی مورو شایی هەڵپەڕین

بۆ خۆی بە خۆی گوت بەڵی زۆر باشە   حوکمی سولتانیە و خۆ هەر بەلاشە

گە بییەوە و بەرگی غەزەبی پۆشی   حەسەن مەمێندی ویست بە ناخۆشی

بۆ پای مەحکەمە، حەسەنیان گازکرد   بۆ لەسەردانی، جەللاد خۆی ساز کرد

لێیپرسی بۆچی بێئەمریت کردوم   لە چی ترساوی بۆ ئابڕوت بردوم

پاشام! هەر ئەمری بە منت ئەسپاردوە   بە بێ دوا کەوتن بەڕێوەمبردوە

مەمێندی باوکم بەلام بۆو کارەم   مانع بونەی هێشت جا کوا من چارەم

دەبڕۆن مەمێندیم ئێستا بۆ بێنن   خوێنم وەجۆش هات دامەمرکێنن

مەمێندیان ·هێنا، هێند چوك ببۆوە   لە نێو قەفەسدا، جوان جێیببۆوە

سولتان مەحمودیش زۆر نەرم و هێدی   ئاکاری پێشوی مەمێندی هێند دی

بۆچی نەت هێشتوە حەسەن بریارم   بەجێبگەیینی تۆی مەنعی کارم

وەزیرە پیرەی باوکی سولتانی   ولامیداوە وزۆر بە ڕەوانی

من لەگەڵ بابت کارم زۆر کردوە   ئەو دەورە دیارە بۆ من ڕابردوە

ئیجازەم بدەی ئەمن قەیاتێك   بۆت بگێرمەوە، یان بەسەرهاتێك

ڕون دەبێتەوە چەند کار و ئەو کار   ئیختیار بەخۆتە ئەنجامی ئەوجار

سولتانیش دەڵێ تۆ کە توانات بێ   زۆرم پێخۆشە گوێم لە قسانت بێ

بەڵی دەتوانم بۆتبگێڕمەوە   قەراربێ هیچت لێ نەشێرمەوە

❋ ❋ ❋

بەسەرهاتی مەمێندی

ئاوای دەست پێکردمەمێندی زانا   سولتانیش ڕێزو قەدری بۆ دانا

هەر ئە لەو شارە، شاری غەزنەوێ   سەرێکیان دەبڕی هەر هەمو شەوێ

پـێ داهـات ئـاوا، بـێ نێـوان بـڕی
مـاڵ بـە مـاڵ هـات و هـەر سـەریان بـڕی
حیسـاب واکرابـو ئـەو شـەوەی وابـا
لـە ماڵـەکەی مـە سـەرێك بڕابـا
لـە ئێواریڕا خـۆم بـۆ حـازر کـرد
ئەسـپم زیـن، لغـاو بـە قـەڵپوزدا کـرد
وەختی ماڵنوستنان بە گورز و توندی
یـەك بـانگی کـردم:سـازی مـەمێندی
وەکـو دەنگـی خـۆی ولامـمداوە
ئەسـپم زیـن بـەلام، لغـاو نـەکراوە
هـەر حـەیفێکی ،گـوت ودیتـم گـەڕاوە
مـەعلوم بـو کـاری،ئـەنجام نـەدراوە
زانیـم دێتـەوە بـۆ سـبحەی شـەوێ
ئەسپم زیـن و لغـاو، پێش وەختی خـەوێ
وەختی شەوی پێش،هەرئەو ڕەشسـوارە
هـات بـانگی کـردم توندتـر ئـەوجارە
مـەمێندی سـازی، وەرە بکـەوە دوم
سـواربوم کەوتمـە دوی، دور و نـیزێك بـوم
پێ دەشتی کـە بڕی، ڕوی کـردە دۆڵێك
چۆن بـە تـرس و خـۆف وا چـۆل و هۆلێـك
شـەوێك وەك مـانگی بـەهارێ تـاریك
وا بـەترس خـۆف، ڕیـێ چـەخت و بـاریك
دابـەزی دورو نـیزێك بـو لـەغار
تروسـکێك، هەستێك لێـی دەهـات جارجـار
ئەسپەکەی دا مـن شـیری گرتـە دەسـت
پێپـێ و زۆر هێـدی دەڕۆیشـت بـێ هەسـت
پـاش ڕۆییشـتن و تونـد بیرکردنـەوە
خـێرا دابـەزیم، ئەسـپم بەسـتنەوە
کەوتمە دوی هـەر وا شـیر بـە دەسـتەوە
ترسـام، خـوم ڕاگـرت زۆر بـە هەسـتەوە
لە نێو ئـەو غـارە چوبـۆ نێـو دیوێـك
خـۆن مـات کـرد هـەر یـەك لـە لای پەسـیویك
چەندکـە سـێك لـەوێی پاڵیـاندابۆوە
لـە دەوری ئـاوری سـەریان نـابۆوە
خـەو و مـاندوێتی وای یەخـە گرتبـون
نـەك نسـتو، دەتگـوت هـەمویان مـردون
بەسپایی دەسـتی بـۆ باغـەڵی بـرد
کیسـەی دەرهینـاو زو دەسـتیپێکرد
دەرمـانی ڕە دمولوتـی هـەموان خسـت
کیسـەی دوبـارە لـە گیرفـانی خسـت
کە زانی هـەمو بـێ هـۆش بـون زۆر زو
لێـی هەڵدەکێشـان، کـێردی تازەسـو

دەسك ماه و زەر کە دەخۆی ڕاخوری | کەپۆو لوتی ئەو چەند کەسەی زوبری
دە نێو تۆربێکی گەورەی سپی کرد | ویستی بێتە د وا، من پێش وی ڕامکرد
بە د یتنی ئەسپان من گەشامەوە | ئەوجار ترس و خۆف هات بەلامەوە
ڕەشپۆش گەڕا وە زۆر بە تەڕدەستی | تۆربەی پڕ کەپۆی بڕاوی بە دەستی
ئەسپی لێوەرگرت، گورجێك گەڕاوە | دە گوتی بگەڕێوە، کارمان تەواوە
دەهات وەکو با، هەر ئەسپی لینگدا | نەیگەیمێ هەرچەند تانوتم لێدا
لە قەراغ شاری، خواحافیزی کرد | وتی من دەڕۆم من دا وام لێ کرد
مەڕۆ با بزانم ئاخر کێی ئەتۆ | دەبزانە چەندەش نازارێم لە تۆ
لەگەڵت هاتوم، بۆو شاخ و د ۆڵە | ئە بەو تاریکیەی لەم چۆل و هۆلە
کارت پێمنەما، ئێستا دەردەچی | نابی پێمبڵێی تا بزانم تۆ چی

❊ ❊ ❊

دوایی و ئاکامی کاری مەمێندی

ولامی داوە:ئاکرێ بەوشەوە | جێگا و شوێنی من، وەبیر خۆت خەوە
سبەی پاشنوێژێ،من چاوەڕێتم | لە فلان کوچە و ماڵێ هەر کارێ پێتم
لە خزمەتتدام، بەو کارە و هەرکار | خواحافیزی خواست،جێی هێشتم ئەوجار
ئەوشەوەی تا ڕۆژ چاوم نەچۆ خەو | سام و هەیبەتی ئەوەی د یتبوم شەو
ڕۆژەکەش هەتا وەختی د یاریکراو | تورە و نارەحەت، وەك زوڵمڵێ کرا و
چوم بۆئەو ماڵەی بۆی د یاری کردبوم | دەق ولبابم کرد زۆر کەم مەعتەل بوم
ژنێك هاتەدەر زۆر بە ڕوخۆشی | سلاوم لێ کرد پاش چاك و خۆشی
شەوێ ماڵێکیان پێ گوتم لە د وری | داخوا ئێرەیە؟ دەبێ بمبوری
ژنە بە هەیبەت، ڕەوان پێمدەڵێ | فەرمو وەرە ژور، ئێرەیە بەڵێ
دانیشتم خافلام، زۆر چاوەڕوان بوم | لە هاتنەکەی خۆم هێند پەشیوان بوم

چونکە لەو ماڵەی لەو ژنەی بەدەر   کەسی دیم نەدی لە زۆر و لە دەر

پرسیم:پیاوەکەت کوانێ؟ لە کوێیە؟   هاتوم ببینم زۆرم کار پێیە

پیاوی چی؟ئەتوهاتوی کێتدەوێ؟؟!   ئەوکەسەی ئێرەی پێ گوتبوم شەوێ

دەڵەی چی ئەوە؟! ئەمن بۆخۆم بوم   کە بیستم کەمێك، دڕدۆنگی خۆم بوم

بیرم کردەوە و سستبوم لە جێی خۆم   ویستم زو هەڵێم پێمنەما بو بڕۆم

تێیفکریم گوتم چۆنبو ئەوکارە؟   ئەو قەتل و عامەت خستە ئەو شارە

زۆر بە ڕەوانی وئاوای دام ولاّم   جوان تێنەگەیبوم خۆم ڕاگرت بەلاّم

ئەوجار بە جوانی هات حاڵی کردم   پێمخۆشبو بمرم کوانێ دەمردم

بۆم ڕونببۆوە ئەو تەریدانە   مێردی منیان کوشتبو زۆر نامەردانە

هەر ئەوەند کارەی لەگەڵت کردوم   کارم ئەوەبو، ئەسپت بۆ گرتوم

سەرتاسەر گەڕام هەموی ئەوشارە   هەر ماڵێ دەچوم خوێڕی بێ کارە

کابرام بانگ دەکردبەحاستەم،دەبزوت   دەهات بێ پاتۆڵ پێ خواس و لینگ ڕوت

هێند تورە دەبوم ئەگەر وام دەدی   سەرم نەبڕیبان، چم کردبا ئەدی؟

ئەو تۆربەی کەپۆ و لوتی تەریدان   هێنای هەڵیڕشت لە گۆڕگی مەیدان

لەو نامەردانە تۆڵەم کردەوە   هەستی دەرونم جوان مردەوە

ئەگەر ئەو شارە پیاوی تێدا بێ   ئەتۆی، جوێ لە تۆ کەس بۆ پیاو نابێ

دەڕوانم، هەمو خەڵکیش دەبینم   لەو شارەی ڕەوای خۆم، کەس نابینم

وا حاڵی بە قسەم باست بۆ دەکەم   منیش حافرەتم، مێردی هەر دەکەم

من بە تۆ ڕازیم، تۆش کە بوی ڕازی   خۆت دەزانی چۆن ئێزنێ دەخوازی

لەگەڵ ئەو ژنەی زەماوەندم کرد   هەرتاکو مابو، شانازیم پێکرد

حەسەنی کوڕیشم ئە لەو ژنەی بووە   ئێستاکەش ئەمر هەر ئەمری تووە

ئـەوەی جـەنابت دەفـەرموی هەیـە	بـەلاَم شـێرەژنی ئاوالـەش هەیـە
سولتان ئەونەقلەی هێندە پێخۆشبـو	چونکـە نەیبیستبو و گوێشـی لێ نـەبو
غیرەت و مەردی، ئـەو ژنـەن چۆن دی	یـا بـە خواهیـش و تکـای مـەمێندی
حەسەن مەمێندیش هەر کۆنە کـارە	خۆشبـو لـە کوشـتنی ژنـی ئەوشـارە
مەمێندی وحەسـەن لە حـەیی وەدود	دەپاڕانـەوە بـۆ سـولتان مـەحمود

گلۆلەبەن و کیتەلەماست

ئەگـەر هەلێدەکـەی سـەیریدەکەی ئەگـەر دەیچێـژی، دەیرێـژی

کاك برایم لەمەزرایەڕاهاتەوە ماڵێ،مەزراکەیان لـەماڵێ دورنـەبو.لـەبەرهەیوانێ لـەبن کۆلەکەی دانیشت. دیاربو زۆریش ماندوو هیلاك بو، بانگی خێزانی کـرد و:ئـەرێ خـەجیج دەزانی چەندم برسیەوچەندیش ماندوم نانم بۆ بێنـە !خـەجیج هـەر زویـەکی،نردوەنـانێکی دەکەوڵی دا هێنالەسەرسەکۆیەکەی لەپێش برایمـی دانـا،کـاك برایـم: ئـەدی کـۆا پێخـۆر؟ دەبرێکم ماستی بۆبێنە، لەسوێی ماستی وەختە چاوم سپی هەلگەڕێن،

خەجیـج وەجـواب دێ ودەلـێ بـە ناشـوکری نـەبێ جـاکوا ماسـت؟! مانگامـان هەیە !گامێشمان هەیە؟! بزن، مەڕ، چمان هەیە؟!هەتاماستمان هەبی ٠

دیسـان کـاك برایـم دەلـێ ڕۆژێکەوهەرئەوڕۆبزانـە برێکم بۆپەیداکـە:کوڕەبەسـەیدی زەنبیلـێ سـپاییمان دەمـالێدا نیـەچت بۆپەیداکـەم ،کـاك برایـم :هەرنـەبێ بچۆماڵـەکاك مـەحمودی خـەجیج:بەپـەڕی دەقورحـانێ نـاچم،پـێرێ مـامزیلێم ناردبوئەوهـەتیوەداوای ماستی دەکرد،ژنە گولـەکەی هەرلەدوررپا.دەنگیدابوهای هۆهای هۆ،بەخوای بابەمەشـکەم ژاندوەودۆیەکەشم ڕشتوە

کاك برایم:دەی باشە عیلاج نیەبابرێکی بەئیشکی بخۆم خواگەورەیە، .

دوایەدوبارەڕوی دەخەجیجی کردو:ئەری هیچمان نیەبەرم بیفرۆشم برێکی ماستی پێبکرم.
خەجیج :نەبـەخودای هیچمـان نیـە:دە کـەلێنوقوژبنان بگـەڕێ بەشـقەم شـتێکم بۆپـەیدا

کەی. خەجیج بڕێکی دیش هات وچووبڕەبەنێکی هێناولەپێش برایمی دانا. : ئەوەندە بەنەمان هەیە. بڕێکی تەماشا کردو گوتی هەرئەوەندەمان هەیە. : ئەریٚ بە خودای، هەر ئەوەندەیە، دەیفرۆشی و چیلێدەکەی، دوایە بۆبەندروش مەعتەل دەبین.؟

کاك برایم هەرچاوی لەئەولا وئەولایان وبەنەکەی دەکرد، لەبن گیشەی چاوی بە کیسەڵێکی کەوت ئەوە خەریکەخۆلەبن گیشەی بشارێتەوەولەئەوڕۆڕابیکاتە قایمەبۆ جستانیٚ، هەردە خەجیجیی ڕاخوری:دادەی بەغار بچو ئەو کیسەڵەم بۆبێنە !

خەجیج: ئایەڕۆ! کیسەڵت بۆچیە ؟! :ئەتۆ بچوبۆمبێنەکارت بەوەی نەبیٚ.

خەجیج چوبەقێز؟بێز کیسەڵی گرت وهێنای لەپێش برایمی دانا. کاك برایم هەر گورجێکی ئەوبڕەبەنەی لەسەرکیسەڵی هەڵکردلاق وسەری پیٚ ون کردن وکردیەگلۆ لێکی گەورە. بەیانی زو گلۆڵەبەنی وەبن هەنگڵیٚداوبەرەوبازارکەوتەڕیٚ. ئەوبازارەش خوا نەیبڕیٚ چی فکرت لیٚ نەدەکرد کڕین وفرۆشتنی لێدەکرا.؟

لە لای دیکەوەکاك مستەفالەجێخونیٚ ڕاهاتەوەبانگی خیزانی کرد:نازدار زو نان و چایەکم بۆسازکەوبڕێکیشم بەن بۆبێنەلەگەلٚ شوژنەکەی لێرەیان دانیٚ. ئێواریٚ بڕێك زو دێمەوە، ئەوجل وجۆڕانەپەرداغ کەمەوە،بابۆگیاکێشانیٚ حازربن.؟

نازداروەجواب دێت ودەڵیٚ خۆبەغەوسی مالٚ لەبەغدایە هەرداوێکیشمان نیەتادەگا بەوەی جل وجۆڕانی پیٚچاکەی، دوێنی ئێواریٚ خاتونیٚ خوشکم لەوێڕا ناردبوی بۆ بەندروێکی،نەمان بوبۆی بنێرم.مستەفا:ئەدی چ بکەین،بەخوای دەنامەحتەل دەبم دەبزانە بڕێك ڕۆن یاهەرشتیکی بی بۆم سازکە.دوسبەی دەچمەبازاڕی،بیفرۆشم وبڕەبەنێکی پیٚبکڕم،بزانەحەواجی دیکەش چمان پێویستە، بێنم. نازدار:بۆ.بۆخۆت نازانی ولاغەکانمان ئیشکیان کردوەنازانم ئاوسن یان ئەو هەتیوە دێزەیە نایانلەوەڕێنیٚ، چیان تێدا نیە.

کاك مستەفا:بزانە وەك مەردان چۆن شتێکم بۆ پەیدا دەکەی؟

خوشکەنازدارچو،بڕەشیرێکی دەبنی دیزەیداهێناو،لەپێش مستەفای داناو گوتی ئەوەندە شیرەمان هەیە. مستەفا تەماشایەکی شیرەکەی کردو گوتی نازدار بچو

ئەودیزەی بشۆوبەپاك وخاوێنی بێنەئێرە، شیرەكەش بكوڵێنە.دیزەی بۆهێنا، مستەفاچولە تەویلەی ڕیخی دەدیزەی كردهەتاهات پڕبێ، شیرەكەشی لەسەرێ ڕا دەدیزەی كردوهەوێنی كرد.بۆدوسبەی بەیانی كەببوو بەماستێكی جوان وتوندوەك جەرگی، ئەویش دوسبەی ڕۆژی بازاڕی دیزەی دەست دایەو بەرەوبازاڕكەوتەڕێ.

دەڵێن ئەودوانەتوشی یەكتردەبن؛جاگوێیێتان لەقسەكانی ئەود وفێلەزانانەبێ .

برایم دەڵێ كاكە ئەوەچیەپێتە؟ مستەفا:ماستە بابم.

برایم:چی لێدەكەی؟ مستەفا:دەیفرۆشم.

برایم كەگوێی لەكابرای بودەڵێ ماستەودەیفرۆشم، زۆری ئیشتیاچۆماستەكەی، چونكە هەر ئیشتیای لەماستی بو،بۆماست كڕینێش هاتبو.

مستەفاش ئەگەرگلۆڵەبەنی دەبن هەنگڵی كابرای‌دا دیت،دەباڵەخۆی‌داگوتی بابزانم سەودام دەگەڵ ناكات. ئەوە دیارەماستی دەكڕێ.

لیێ چۆپێشی وگوتی ئەدی ئەتۆئەوگلۆڵەبەنەی چ لێدەكەی؟

برایم:وەڵڵا براڵە ئەمنیش هەردەیفرۆشم. مستەفادەدڵی خۆی‌دا دەڵێ نا؛ خودا چاكی دا. هەرچۆنێك بێ دەگەڵی دەگۆڕمەوە،بەبرایمی گوت بۆنایەی سەودای بكەین؟ ئەوگلۆڵە بەنەم دەیەوئەمنیش ئەودیزە ماستەت دەدەمێ.

كاك برایم كە گوێی لەقسەی كابرای بولەشایان گەشكە ببوویەقای نەدەكرد چونكە لە سوێی ماستی هەرنەمابو.دەڵێ باشە ئەمن سەودای دەكەم.

بەڵێ؛ سەودایان كرد. كاك برایم گلۆڵە بەنی وە مستەفای داودیزەڵەماستی لێ وەرگرت. برایم هەربەسەرزاری‌دا هات گوتی

ئەگەر هەڵێدەكەی سەیری دەكەی،

مستەفاش گوتی بەخوای بابە.

ئەگەر دەیچێژی دە بڕێژی.

بەڵێ هەردوك بەكەیف خۆشی گەرانەوەماڵێ هەرگیفەی سمێڵانیان دەهات چونكە

هەردوکیان بەمرادی خۆیان گەیشتبون برایم لەسوی ماستی نەمابوومستەفاش بۆبەنی مەحتەل بو، هەریەك لەوانەدەفکری خۆیاندا دەیانگوت ئەوفێڵەم لەکابرای کردوەو نەشیزانیوە؟ ئیدی نەبرایم فکری لەقسەی مستەفای کردەوەچەدەرێژی؟
ونەکاك مستەفاش فکری لیٚ کردە وەسەیریٚ چ دەکا؟.
ئەوجاربابزانین لەماڵیٚ چ دەکەن. برایم تێرماستی دەخواکەهێندەی ئیشتیالەماستی بو؟!ومستەفاجل وجۆران بۆگیاکێشانیٚ چاك دەکاتەوە؟!
ماڵە مستەفای لەبازاری نیزێك بوهەرکەگەیشتەوەماڵیٚ هەرایکرد:نازدار؛ ئەوجل و جۆرانەم بۆبێنەدەگەڵ شوژنەکەی، ئەوەندەم بەن هێناوەبەشی دەروجیرانانیش دەکات. کەیفیان دێنی باکورتانی بۆگویٚدرێژەکانیان بدرون.زۆربەدڵخۆشی گلۆڵەی هێناپێشەخۆی لایەکی زەردببوکیسەڵ پیسی کردبوهەرگۆی نەدایەو.هەودایەکی لیٚ ڕائەنگاوت،لاق وسەری کیسەڵیٚ وەدەرکەوتن، مستەفابرێك لەگشتیەکەی خاوبۆوەوقسەی کەی وەبیرهاتەوە لەسەرەخۆگوتی ئەوەبۆیەسەگ باب گوتی
ئەگەرهەلیٚدەکەی سەیری دەکەی.
فێڵەکەی خۆی لەبیرنەبو،بەنەکەی لەلاق ولەتەری کیسەڵیٚ کردەوەوو،کیسەڵی هەڵداشت؛ جا ئەوجاربزانین کاك برایم کەهێندەی ئیشتیالەماستی بو چ دەکات؟
هەر لاقی وەعەرزیٚ نەدەکەوت لەشایان، دەیزانی چی داوەتەکابرای ودیزێکی پڕی ماست هێناوەتەوەماڵیٚ بەتەواوی نەگەیشتبۆوە،بانگی خیزانی کرد:خەجیج! وەرەنانم بۆبێنەخۆئەمن لەسویٚ ماستی دڵم تۆقی، ئەوەندەم ماست هێناوەبەشی ماستاوو دۆکولیویٚش دەکات، نانم بۆبێنەدەی.
نانیان لەپێش دانا،دیزەی هێناپێشەخۆی وگوتی جاریٚ بادو سیٚ پاروان لە سەرتوێیەکەی بخۆم زۆرچەوروخۆشە.دوپاروی لیٚدا .پاروی سێیەی تەماشای کرد :ئەوەچییەتییدا! خۆ ژنی ئێستاکەمتروایەشیری بپاڵێون هەروا هەوێنی دەکەن. پاروی دیکەی لیٚ دا تەماشای کرد؛ئەی!ئەوەچیە؟!تامیشی جوان وەکو ماستی نەدەچو ئەی

ئەوەبۆوایە ؟ ! بەوردی کەلیێ ڕوانی،ئەی ! ئەوەدەڵەی ڕیخە ! زۆرجوان دیاربو، سەرنجی دایە،ئەرێ بەخوای خۆڕیخی تێدایەلەجیاتی ماستی خۆبنەوەشی هەڕیخە کچێ وەرە بەرەبیرێژە،خۆهەموی هەرڕیخە،ئەوەبویەدەویدباب دەیگوت

"،ئەگەردەیچێژی دەیرێژی.

ئەوەبو سەرئەنجامەی فێڵ'بازی لە دراوسێ'کەی خۆت.

پیرێژن و بەردبژێر

سوڵتان مەحمود ڕۆژێکی بەخۆوبەلەشکری دەچێتەڕاوێ، تەماشا دەکات ئەوە لە قەراغ شاری پیرێژنێك بەتەنێ لە زەویەکی گەورەوبەرداوی بەردبژێرێ دەکات.

سوڵتان ڕوی دە لەشکری کردو گوتی کوڕینە ئەوپیرێژنە زۆرفەقیرە، بەتەنێ لەئەو زەویەی بەرداویەی، بەردبژێرێ دەکات، زۆرم زگ پێی دەسوتێ، بابەهەرکەسەی پێنج بەردانی بۆفڕێ'دەنە دەرێ چی دیم لێوناوێ،

لەشکری سوڵتانی وەنێوزەویەپیرێژنێ کەوتن، ئێکەی پێنج بەردیشی وەبەر نەکەوت، بەرد لەنێوزەویەخەلاس بون.

دوای خەلاس‌بونی بەردان، سوڵتان مەحمود گوێی لە پیرێژینێ بو،کەدەیگوت ئای کار کردنی بە زۆران؛ نان خواردنێ بە کەمان، چەند خۆشی.

سوڵتان پێکەنی وەرای لەلەشکری کردگوتی، کوڕینە داپیرە زۆر سۆدرەیە، هەرکەسەی شەش بەردانی بۆباوێنەوەنێو زەویەکەی،

لەشکر، هەروەکی لە فڕێ'دانێ ئیوا هەبو پێنج بەردی وەبەرنەکەوتبو، بۆ هاویشتنەوەی نێوزەویش، ئی وابو، حەوت وهەشتی هاوئیشتبونەوەنێو زەوێ پیرێژنێ بە جورێکی کە زەوی پورپیرێژینێ خالیس بوبەبەردەلان جارێ.

❀ ❀ ❀

مەلای کتێب سور

دەگێرنەوە، لەزەمانی پێشودا.دورونیزیکی مەعلوم نیەچەندە، لە ئاوەدانیەکی چۆکە چەند مالە دەولەمەندی لێبون، مەلایەکی فەقیرو کەمخوێندوی،بەخۆی ودومندالو ژنێکی، دەژیان.چ ژیانێك، ئەوەی خودالەسەرعەرزی دایناوەنەیان بووشکیان نەدەبرد هەرچاویان لەکاسەجیرانەتی وپێخۆری ئەوچەندمالەدەولەمەندانەبو.دیارە تێ پەڕبونی ئەم جورەژیانەجوێ لەلاوازبونی لەش وڕوحی بنیادەمی هیچ سودێکی دیکەی نیە.جابەم هۆیەوەڕوژێکی مەلاژن فکری لێکردەوەوبەمەلای گوت ئەرێ مەلا ئەتو بۆ نشتوان نانوسی بۆچماقورحانی نازانی هەرنەبێ بەسەرقەلەمانەکەی پێخۆرێ خۆمان پەیدادەکەین وچیدی مندالەکان چاولەدەست نابن هەروەکو گوتراوەبەردێکی لەبەردێکی دەی شتێکی لێ پەیدا هەردەبێ.

مەلا فکری لەئەوقسەی کردەوە،شارێکی بچکولەلەنیزێکی دێی مالەمەلای بو ڕۆژێکی مەلابۆچەندحاجەتان (چۆنەوشارەبچکۆلەکەی) ولەکاتی گەرانەوەی بۆمالێ، کتێبێکی نشتوانی کڕی، جلدی کتێبەکەی کاغەزێکی سوربو.هەرگەییشتەوەمالێ بەمەلاژنێی گوت بەقسەم کردی وئەوکتێبەم کڕیوەونشتوان دەنوسم.مەلاژن زۆێکی چۆکانی(وژن و ژالْ لەسەراوودەراوان باسی هەموشتێکی دەکەن) ژنی جیرانی مالەمەلای دەلێ کوێر بم کوڕەکەم ئەوەدوڕۆژە سەری هەلنەهێناوەنازانم ترساوە،سەرمای بوەچیەدەستبەجێ مەلاژن دەیقۆزیتەوە:جاسەرقەلەمانەی بۆمەلای بێنە، نشتوی بۆدەنوسێ ((بە دەمان زەمانە))

ژنەدەلێ ئەی دەبەرکەوشەکانی دەمرم هەرمەلاوسەرقەلەمانە ! !

ژنەکە. لەکانیە نوێژی کردوچۆوە مالێ، نەچۆوە ژورێ، هەرلە دەرێڕا شتومەکەکانی دەحەسارێ هاویشتن وڕایکردبۆلای مالە مەلای، هەرلەبیرینەبوسەرێکی لەکورەکەی بدات و بزانی چۆنە، ئەوەش بزانین باشەئەگەربەخت وشانس ڕوی دەکەسێکی کردبەژن ومندالەوەعەقلیان دێتەدەمێشکی، مەلاژن دە پێش ژنی جیرانی دا خۆی گەیاندەوە مالێ

و بەمەلای گوت ئەوەکوڕی فلاَنەکەسەی جیرانمان نەخۆشەزونشتوێکی بۆبنوسە، بەڵکوخواڕەحمێکی پێبکات وچاك بێتەوەوشتێکیش بەمەبگات،لەئەوقسانەدابون ژنی جیرانی وەژورکەوت، سلاَوی کرد سلاَویان لیٚ وەرگرتەوەوبەخێرهاتنیان کردومام وەستا. وەکوکەڕامەتداران دەڵیٚ بۆ هەتاکوڕەکەت نەخۆش نەبونەهاتی. ژنەش:ماموەستا گیان هاتومە.هەم بۆبەخێرهێنانیٚ ودوایەش ئەوەعەرزت دەکەم بەقورحانی بسم‌اللەیت لیکردوە ئەوەدوڕۆژەلەتاوناڕەحەتیەئەوهەتیوەی زەوادم نەبڕیوە،هاتوم سندوقی سەری خۆت نشتوێکی بۆبنوسی،ژنەچاوی پڕببون لەئاو و هەرفرمێسکی دەستڕینەوەومەلاش دەڵیٚ ئەی بەسەرچاوم، هەرئێستا بۆی دەنوسم مەلا لەسەرکورسیلەی دەستنوێژی نویٚ کردەوەو، بەنێتی دوڕەکات سوننەت نوێژی دابەست مەلاژنیش دەگەڵ ژنەی دەستیان بەقسان کرد باس وخواس زەمانەی؟

مەلاژن زۆری گلەیی لەئەو زەمانەی هەبوولەبەر شپرزەبونی وەزعیان، کە هیچیان نەبو،بۆژنەی دەگێراوە،بەڵکوئاورێکیان ویٚ بدا هەرنەبیٚ لەبرە پێخۆرێکی؛ کەهەموڕۆژیٚ منداڵەکانی، نانیان بەئیشکی دەخوارد. ژنەش زۆربەوردی گوێی‌دابۆیەوزۆریشی زگ پیٚدەسوتان فکری دەکردەو، جاروبار پیاڵەماستێکیان بۆبنێرم خێرە. مەلاسلاَوی نوێژیٚ داوەوفاتیحاو دوعای پاش نوێژیٚ خوێندو زویەکی کتێبەکەی هێناپێشە خۆی وکوتەکاغەزێکی بۆرەکەڵەی لە بنەوەی گیرفانی دەرهێناوبڕێکی لێوبزاوتن وبڕێك کتێبەکەی ئەولائەولاوئەودیوئەودیوی پیٚ کردو،لەجێگایەکی ڕاوەستا،ودەستی کرد بەنشتونوسینیٚ؛ نشتوەکەی بەورتەورت نوسی و سیٚقولینچکی کردوپێچایەوەودایەدەستی وگوتی خوشکیٚ گیان؛ فەرمو،بەدەستی بەدەسنوێژ دەمێویٚ گرەو.دە ئاوییٚ هەڵێنە، دەسلاَواتان لەدیداری پێغەمبەری(ص) لێدەوپینج جاریش بڵیٚ استغفرالله، خودایە پەشیمانم وبڕێکی لە ئاوەکەی بدەیەبابیخواتەوەو.وهێندێکیشی لەسەروچاوی هەڵپرژێنە چاك دەبێتەوە انشاءاللەوتەعالاوئەتوش دوعای بەخێرمان بۆبکە.

بەڵیٚ ژنەنشتوەی بردەوەوبەدەستوری مەلای دەعەمەلی هێناخوای تعالی ڕوحمی

پیٚکرد کوڕەکە چاکبۆوە.

ڕۆژێکی پاش نیوەڕۆیە، مەلالـەدەرکیٚ دانیشـتبو، جیرانەکـەی لەمەزرایـەڕا هاتـەوە، هـەتانیرونامۆری هێـدی ولەسـەرەخۆ.لەسـەرکەلاٚن وەلابردوکەلـٚەکانی دەتەویلـەی کـردن خەرەزەنی لەدەرکیٚ لـەبیرچو،ڕەوانەمـەلاچوبرێکی گـلٚ وخـۆلٚ بـە پێمـەڕەی وەسـەرکرد وەتابەجوانی ونی کردوهاتەوەلەجێی خـۆی دانیشـتەوەوو دەسـحێبەکانی هێنانـەدەریٚ کابرا.زۆرماندوببوچونکەلەنیوەشەویڕاچۆبۆجوتی·لەتەویلـەیڕاکە هاتەدەریٚ برێکـی چـاو بەئـەولاولایان‌دا گـێڕا وچـۆوەژوریٚ.خـەریکی نـان خواردنـیٚ بـو، پـاش درەنگـانێکی زانـی خەرەزەنی نەهێناوەتەوەمالیٚ. چۆوەژوریٚ ودەریٚ گەرا، خەرەزەنی نەدیتەوە.چۆلای مام وەستاوی ،سلاٚوی لیٚ کردوگوتی مام وسـتاگیان، خەرەزەنەکـەم لیٚ وونبـوە. بیٚزەحمـەت بۆن تەماشـایەکی کتێبەکـەت کـەبزانین، لـەکویٚیە ؟ !مـەلا زویـەکی چوکتێبەکـەی هێنـاو لێکیکردەوەوچاکی خەرەزەنەکە پیٚدەزانی، پاش برێك گـەرانیٚ چولەسـەرخەرەزەنەکەی یا کەمێك ئەولاتر ڕاوەستاو هەرتەماشای کتێبەکەشی دەکـرد، گوتـی:ئێرەبدەنـەوە. مـەلا تەماشای کتێبیٚ دەکردوکابراش بەپێمەڕەی، گلٚ وخۆلـی لادەداوخـەرەزەن وەدەرکـەوت، ساحێبی خـەرەزەنەکەی هەلگرتەوەوبردێوە مالیٚ. ژن و ژالٚی کابرای ساحێب خـەرەزەن، دایکی منداڵە نەخۆشـەکەی و مـەلاژن، لەسـەرئەوەی دەسـتیان بەقسەوباسـان کـرد.یـەك دەیگوت ئەومەلایە،وەلیە.ئەوی دی دەیگوت دایکم بەخودای ئەوکتێبەهەموشتێکی تێدایە وباسـی هەموشـتێکیش دەکـا،جیرانـەکانی دیکەشـیان لـەئەوبارەیەوەهاوبیریان دەکـردن (لەسەرنشتوەچاکەکانی مام وەستاوکتێبەسورەکەی) شاهیدیان بۆ یەکتری دەدا.

(یـا ڕەبـبی هیـچ کـەس نەبـەچاك ونەبەخـەراپ نەکەوێتەبـەرزاری ژنـەورکان) شەوو ڕۆژیٚ کانی وسەراو هەرزیلـەیان دەهات وهەرتـەعریفی مەلاوکتێبـە سـورەکەی بـو، خەبەربلاٚوببۆوەبۆدەوروبـەریش.شـارێکی گـەورەش لـەنیزێك ئـەودیٚ چکۆلـەی بـوزۆری پیٚنـەچوڕۆژێکی بـەیانی خەبـەریان دابەپاشـای وگوتیـان هـەموڕۆژت لـەنویٚ بـی وبـەرگی نوێشت لیٚ موبارەك بیٚ،ئەوشوخەزێنەیان بڕیوەبیست کولێان خەزێنەداگرتوەوبردویانە ؟

پاشا.ئەگەرئەوخەبەرەی بیست دەستێکی کەوتەئەولای ودەستێکیشی کەوتەلای دی، وەزیرونایبووهەموکاربەدەستەکانی کۆکردنەوەوداوای لێکردن ئەوخەزێنەی دەبێ بیبیننەوە؛دەنا.لەسەری هەموانودەدەم.

تەواوی دەست وپەیوەندی پاشای تفیان دەزاریدا ئیشك ببوبەیەکتریان دەگوت چ بکەین؟چۆنی ببی نینەوە؟خۆبەخودای ئەگەرنەی بینینەوەپاشا سەری هەموانمان دەبڕێ. بەڵام لەلای دیکەوەخەبەری مەلای کتێب سور،بەهەموولاتی گەیشتبو، ئێکێك لە وەزیرەکان چۆخزمەت پاشای وعەرزی کردو:پاشابەسلامەت بێ،مەلایەك لەئەودێ چوکەیێ پەناخۆمان هەیە، هەم کەرامەتی هەیەوکتێبێکیشی هەیە،هەموشتێکی تێدایەوهەرچی هەبێ ونەبێ باسی دەکات ئەگەرئیجازەبفەرموی لەدوای دەنێرین،بابێتەئێرە؛ وەزعەکەمان بۆ ڕون بێتەوە. پاشاش لەتاوخەزێنەکەی و.واشی لێ تێك چوبووئەوقسەی زۆر پێ خۆشبودەستوری داهەرئێستابچون مەلای بانگ کەن،چەندکەس لەپیاوەماقوڵەکان، چون مەلایان بەئیحترامەوەبانگ کردکەپاشاکاری پێتە،مەلادەپێش دازۆرترساوهەروەخت بوزەندەقی بچێ خۆلاسە هەرجورێکی بو.کۆنەحەبایەکی پنوکراوی هەبوکۆنەحەبای هاویشتەسەرشانانی وەپێش وەزیروکاربەدەستانی پاشای کەوت ورۆییشتن بۆدیوانێ، دەرکەوانەکان خەبەریان دا ئەگەرکاربەدەست وپیاوەکان هاتنەوە، ئەوە مەلایەکیشیان دەگەڵە؛ ئیجازەیەبێنەژورێ؟

پاشائیجازەی پێدان،مەلا دەگەڵ وەژورکەوت پاشا یەك پێ لەبەری هەستاولەسەرەوەی خۆی داناو زۆری بەخێرهێناوئیحترامی گرت.لەپاش سەرف کردنی چەندقاوەوقەلیان؛ هێندێك قسەوباس وئەوجارپاشا.ڕوی دەمەلای کردوفەرموی دەزانی بۆچیم لەدواناردوی؟ مەلاوەختابولەترسان دڵی بتۆقێ سەریکی لەقاند. پاشاش لەتەعریفات مەلای دەست بەجێ لە قسەی خۆی پەشیمان بۆوەگوتی قوربان عەفوم کە،خودەزانم زۆرلەمە باشتردەزانی مەسئەلەچیە؟!بەلام پێم خۆشەپێت ڕابگەیەنم ولێك حاڵی بین، ئەوبیست کۆڵەخەزێنەی من کە دزراوە،خوایاربی دەزانم دەشیبینیەوەئەودەمی بۆخۆت هەرجورێ

پێت خۆشە،دەیانبەخشی، جەریمەیان بۆدیاری دەکەی، کارم پێی نیە. تەنیا ئەوەندەیە ماوەمان دیاربێ، هەتاچل ڕۆژی دی بی بینێەوە، دیارەئەوەش بۆجەنابت کارێکی وانیە کەلەبیرت بچێتەوە.مەلادە گەڵ زۆرخواردن ولەرزینێ لە ترسی پاشای کەتوشی بەلایەکی گەورەببوبەلام لەگەڵ ئەوهەموقوربان قوربانەی،فەرموتە،بەڵێ بەڵێیەی، هاتەوەسەرەخۆو لایەکی حەباکەی بەربۆوەبەسەر شانی داداوەوکەمێکیش خۆی خرکردەوە وبرێکی لێوبزاوتن خولابۆمەلای ئاشکراکرد دەناخۆئاگای لەمەحمودی بێ زەوادیش نەبو..بە دەنگێکی بەرزگوتی قوربان خوایار بێ هەرئەوماوەی جەنابت داتناوەبەڵکەزوتریش پەیدای دەکەمەوە.

مەلا خواحافیزی خواست وبەرەوماڵ بۆوە،هەرلەدەرکی ماڵێ ڕادەمەلاژنێ بەربو :خودا غەزەبت لێگری؛ توشی قەهری خودای بی! وەکی ئەمنت توشی ئەو دەردەسەریەی کرد. ئەمن چی ودیوانی پاشای چی؟! ئەمن چی ودیتنەوەی خەزێنەی پاشای چی؟! بۆلێت نەگەڕام، جەمێکم خواردباودجەمیش بەبرسیایەتی ڕامبواردبا. هەر ڕۆژەی لەجێگایەکی گوزەراندبام. قەهر لێ گیراو؛ توشی چ دەردەسەریەکت کردم دەفەرمووەرەخەزێنەی پاشام بۆببینەوە،هەی کتێبێ بکرەکتێبێ بکرەونشتوان بنوسە.ئەوەتانشتونەوەی پێوەیە !مەلاژن هەتا ئەودەمەی بێدەنگ بوئەوجارزۆرهێدی وئارام؛ وەجواب هات وگوتی مەلائەوە چ بوە؟ بۆهەڵچوی؟ چ تەنگانێکت هاتۆتە پێشی؟

خەمێ مەخۆخوایاربێ هەموکارەکان بەباشی جێبەجێ دەبن.مەلا:بەکوێیدا جێبەجێی دەکەی؟ دە بۆم جێبەجێ کە؛ ئەمنیش هەرئەوەم دەوێ. مەلاژن:دەوەرەدانیشەبرێك لەسەرەخۆبەو.مەلا:کچێ لەسەرەخۆی چ بم؛ بە قورئانی لێمخوێندوە،وەختە شێتبم. مەلاژن مەلای دانا وبرێکی ئاوی سارد.دایەو لێی گەڕا هەتابرێك حەساوەوهاتەوەسەرەخۆ، گوتی مەلاوەرەبۆمبگێرەوەبزانم چبوە، هێندە تورەبویە؟ مەلا کارەساتەکەی لەنوکەوەبۆگێڕاوە.مەلاژن گوتی زۆرباشە، هەتاچڵ ڕۆژی دی خوادەمێنی وملکی دەمێنی. مەلاژن کەزۆرحەیاربوچوچڵ شوتی کرین هەتاحیسابی

چل رۆژەیان لێ تێك نەچی ولەتەرەی دان لەگەڵ مەلای قەرارێان دانا هەر شەوەی شوتێکی بخۆن، هەتاچل رۆژان، ئەگەر چ خەبەرنەبو،شەوی ئاخیری هەڵدێین دەرۆین. خوا نەبێ کەس پێنەزانی، خۆهیچمان لەپاش بەجێنامێنێ.

مەلا تەکبیری مەلاژنێی پێ باش بو.هاتەوەسەرەخۆولەلای دیکەوەئەگەرباس و خەبەری مەلای لەهەموجێگایەکی بلاوبېۆوەوهەرحیکایەت وباسی نشتوی مەلای وکتێبە سورەکەی بو،

بەڵێ .چل تەریدەپاش گەرانێکی زۆرلێرولەوێ ،ئاخرەکەی شەوێکی چون خەزێنەی پاشایان بری و بیست کولێان زێروجەواهێرات دزی،ئەوخەبەرەیان پێگەیشتبۆوەکەپاشا مەلای کتێب سوری بانگکردوەوداوای دیتنەوەی خەزێنەکەی لێ کردوە. لەوەزعی باسی مەلای وکتێبی مەلای ،دزان؟ دڵیان کەوتەخرتوپرتێ:چ بکەین؟ چ نەکەین؟

پاش تەگبیرێکی زۆر، هاتنە سەرئەوباوەرەی شەوێ نەفەرێکی بنێرنەسەرکولانەی ماڵەمەلای بزانن چ باسە؟ مەلا چ دەڵێ باسمان دەکا؟ کابرای ناردبویان، دەگەڵ گەییشتە سەرکولانەی، دەئەو،وەختەی‌دامەلاژن شوتێکی هێنا، کەئەوەڵ شوتی لەچل شوتیەکان بولەپێش مەلای داناومەلا گوتی مەلاژن لەچلەکان ئەوێکیان هات ٠

مەلا دەگەڵ چل شوتیەکانی‌بو.رەفیقی چل تەریدان بەخۆیان حالّی بو.بەغارچۆوە کن گەورەکەیان وبۆی‌گێراوە:قوربان بەقورعان تەواونەگەیبومەسەرکولانەی مەلا فەرموی لە چلەکان ئەوە یەکیان هات. گەورەکەیان فکری کردەوە،شەوی‌دیکەدوکەسی ناردن، ئەودوکەسەدەگەڵ گەیشتنەسەرکولانەی،مەلاژن شوتی دوهەمی لەپێش مەلای دانا. دیسان مەلاگوتی مەلاژن لەچلەکان ئەوەدویان هاتن.ئەودوکەسەش وەك شەوی پێشو، بەغارگەرانەوەبەگەورەکەیان راگەیاند:بابم بەخودای هیچ شتێك لەکن ئەومەلایەی ونابێ، ئەوی شەوێ دی چووەراست دەکا. تەواونەگەیشتبوینەسەرکولانەی مام وەستافەرموی لە چلەکان ئەوەدویان هاتن. شەوی سێهەم، گەورەکەبەباشی باوەرێ پێ نەدەکردن پیی وابوخەریکن فێڵی لێ بەکەن.ئەوجاربۆخۆی چۆسەرکولانەی .کار ئەگەر راست هات راست

دێ. مەلاژن تێ گەڕاشوتیەگەورەکەی بۆمەلای هێنا، دەگەڵ مەلاچاوی بەشوتێ کەوت گوتی مەلاژن هی ئەوشۆلەهەموان گەورەترە! گەورەی چل تەریدان بەغارچۆوەکن رەفیقەکانی وهەموی خڕکردنەوە، :چ بکەین؟ بەخوای ئاشکرابوینە. تەواونەگەیبومەسەر کولانەی، مام وەستافەرموی هی ئەوشۆلەهەموان گەورەترە، سبحەینێ مەلابچێت وبە پاشای بڵێ، هەموانمان سەردەبڕن، دەی تەکبیر! تەکبیر! ساغیان کردەوەبەیانی زوبچن خۆدەماڵەمەلای باوێن. هەمویان ئەوەیان قبولێ کرد،

بەڵێ بەیانی زۆر زوهەرچل کەس خۆیان دەماڵەمەلای هاویشت سەلام علیکم، سەلام علیکم ... . دەوخانوەچوکەی داچەندی کردیان چێگایان نەدەبۆوەگەورەکەیان، چو کەوشی مەلای ماچ کردوخۆی دە پشت منداڵەکانی مەلایی هاویشت گوتیان مام وەستا بۆخاتری خوای ئەمەکردمان ئەتۆنەیکەی، بابم! خودا دەزانی هەربیست کوڵەکەم داناوە و چمان لێ خەرج نەکردوە، دەبێ بچی لەخزمەت پاشای شکوامان بۆبکەی لێمان خۆشبێت، مەلا لەئەودیمەنەی تەعەجوبی کردو دەمێکی تاسا:خوایە ئەوە چیە؟ لەچل تەریدانیش وابو ئەوە مەلا لەگەڵ مەلاییکان دەدوێ. دوایە هاتەوە سەرەخۆ:بەڵێ! ئەوە هەمانشتە، کەدەم هەوێ وپاشالێیویستبوم خەریك بوم لەترسانی هەلێم، مەلا هەستا بڕێکی قسەبۆکردن وخۆی هەڵکێشا:بەقورئانێ لێمخوێندوە، پاشالەگولێوگرانترو پێبڵێ لێی قەبولێ ناکەم، هەرلەئەومەملەکەتەی نامێنم، ئێوەش بچونەوەلەجێگای خۆتان بحەسێنەوە هەتالەدواتان دەنێرم. چل ڕۆژبۆ سێ ڕۆژ پاشی سێ روژان مەلا کونەعەبای بەسەرشانی داداو.بەرەودیوانی پاشای وەڕێکەوت،کەگەیشتەجێ بەدەرکەوانانەوە.زەر نەبو یەکسەرچۆژورێ. دەرکەوانان هەرچەندگوتیان هەی ڕاوەستەڕاوەستە، بزانین چ کارێکت هەیە؟

مەلا، جوابی نەدانەوەوگوتی کورەبڕۆن هەی بێشعورینە، ئەمن کارم لەلای پاشای زۆر زەرورەوبەتالوکەم. لەگەڵ هەڵاهەڵلایەپاشاهاتەدەرێ وتەماشای کردئەوەکێشەی مەلای ودەرکەوانانە،بەدیتنی ئەودیمەنەی کەزۆری پێسەیربوپاشازانی ئەگەرمەلا یەقین

کارێکی هەرکردوەبەخۆڕایی نیە، دەدەرکەوانانی ڕاخوڕی وگوتی ئیجازەی مامۆستای بدەن بابێتەژوریٚ·

مەلاهاتەژوریٚ وپاشا دەستی دە دەستی ناوبەخێرهاتنی کرد،وەزیرونایبەکانی لێی کۆبونەوەومەلایان بەخێرهاتن کرد.قاوەوقەلیان سەرف کرا،ئەوجارمەلا دەنگی بڵیند کردو ئاوادەستی پیٚکرد·

:بەلیٚ قوربان پاشابە سلامەت بیٚ وبەرگی نوێت لیٚ موبارەك بیٚ، خەزێنەکەم دیتۆتەوەوداوام لەجەنابت ئەوەیە، هەروەکی دەپێشدافەرموت دەبیٚ لیٚیان خۆش‌بی چونکە بۆخۆیان ئاشکرایان کردوەو.خۆیان دەماڵەمن هاویشتوە، زیاتر عەرزێکم نیە.

پاشالەئەوخەبەرەی زۆرخۆشحالٚ بو،بەجورێکی دەپێستی خۆی دانەدەحاواو وە، ڕوی دەوەزیرو نایبان کردو نەزەری لیٚ ویستن، هەموان ڕایان وابو کە دەبیٚ ئەوانەهەموان بە مەلای ببەخشی. پاشا ڕوی دەمەلای کردوگوتی جەنابی مام وەستای ئەمن ئەوەئەوانم بە تۆبەخشین جائەتۆش بۆخۆت دەزانی. مەلابەکەیف خۆشی لەدوای چل تەریدانی نارد،دەستبەجیٚ، چل تەریدەبەخۆیان وبەخەزێنەوە هاتنەحزور پاشای. پاشا برێکی زێڕ یاپولٚ دابەچل تەریدان وبەڕیٚ کردن لەبەردڵی مەلای، ئەوجارمەلاشی پڕکردومەلابەباغەڵی پڕەوە گەڕاوە ماڵیٚ ولەپێش مەلاژنێی دانا،جامەلاژن پێی‌گوت هەتا دەمری هەر بیخۆ، قەتت لیٚنابڕیٚ. ماوەیەکی زۆرمەلاو مەلاژن خۆشیان ڕابواردوتوانیان بەمنداڵەکانیان رابگەن و(زگیان تێرکەن وبەرگ وپێلاوی باشیان بۆبکڕن) مەلاژن دەیگوت دەهەربیخۆ هێندەلەئەوکارەی ولەکتیب ونشتوان دەترسای·

ڕۆژێکی پاشالەدیوانیٚ دانیشتبو ڕوی دەوەزیرونایبان کرد.

وگوتی ئەریٚ کورپینەمەلابۆدیارنیە؟ دادەی بچون بانگی‌کەن! دادەی فەڕاش‌باشی، خەبەربەماڵیٚ بدە شێوێکی باشمان، بۆنیوەڕوێەبۆلێنێن و بڵیٚ مەلامان میوانە،

فەڕاش‌باشی بەلایەکی‌داو دارۆغەبەلایەکی‌داهەرکەسەوەدوی کاری خۆی کەوت. نیوەڕوێەمەلا هات ولەسەرنان‌خواردنیٚ باس هاتەگۆڕیٚ کەپیاوێکی وەکومەلای حەیفە

مزگـەوتی نـەبێ پاشادەستوری بەغەزنـەداری دا مزگـەوتێکی لەفلآنەمحەللـەی بۆمـەلای دروست کەن. بەمەلاشی گوت بۆخۆشت بەسەری ڕابگە. هەرکەم وکوڕیەکی هەیبوبەمنی ڕابگەینە، مەلائەوقسەی پێ خۆش نەبوورۆریشی پێ تێك چو، بەلآم چارەی نەبوچاکیشی بۆهات بوو نەی دەویست تازەلەخۆی تێك دا.گەراوەبۆمالێ پاش ماوەیەکی دەست کرا بە دروستکردنی مزگـەوتێ، مـەلاش تـازە تـێ هـالآبو، چـۆن زانـی باشـە، ئـاوای کـرد هـەتا مزگەوت تەواوبو لەهەموبارێکەوە نێومزگەوتێ بەجوانی وەکو
(دەرکەو هەمو،وەسایل پەنجەرە ، ڕایەخ و بەرمال)هـەموڕۆژێ ڕۆژی خودایـە، ئـاوا جومعـەبو،تـەواوی خـەڵکی ئەوشـارەدێیەی بەفەقیرودەولـەمەندەوە ... پاشـابەوەزیرو نایبەوەلەمزگەوتێ کۆبونەوەکەنوێژی جومعەی لەئەومزکەوتەنوێ یەی بەئیمامەتی مـەلای کتێب سور بکەن. تەواوی خەڵکی، بەدەوروبەرەوەدانیشتن وچاوەڕوانی مەلای بون، زۆری نەکێشا، مەلای کتێب سوربەعەبایەکی تازە ومەندیل وئەنگوچکێکی سپی وەك بەفری،یەك شەوە.وەژورمزگەوتێ کەوت لـەگەڵ سلآوکردنێ تەواوی حازریان لە مزگەوتێ لەبەرمـەلای هەسـتان.مەلاچولـەمیحرابی مزگـەوتێ دانیشـت وئەوهەموخەڵکەوپاشـاووەزیرونایبانەی چاوپێکەوتن، قەتیش پێش‌نوێژی سێکەسانی نـەکردبو، هەرعەبەسـا، خودایـە چ بکـەم؟ مەلاهەستا برێکی تەماشای بەری میچیی وکاریتەوئالۆدارەکان کردو تازە قورەبان کرابو و بـاری زۆر قورس‌بـوو؟هەرلـەناکاو مـەلا گوتـی بڕۆنـەدەرێ، مزگـەوت ڕوخـا، خەڵکەکەبـە پەلـەپەل ڕایان کردونیوەی کەوشیان وەدەست نەکەوتەوە، دەگـەڵ دوایـی خـەڵکی کەلـە مزگەوتێ هاتنەدەرێ، مزگەوت ڕوخاوتەپك بو. ئەوجاربەیەك جاری ئەوەی شکێکیشی لـە مەلای بو، هیچ شکێکی نەما؟کەمەلا ؟وەلیەو ئاگای لەعەڕش وکورسی هەیە.

بەڵێ ؟خەڵك بلآوەی کرد هەرکەسـەبۆلای مالـەخۆی ڕۆییشتنەوە؛ بـەلآم لەکوچـەو کولآن وهەمومالآن، بەتایبەتی لەکانێ ژنان، باس هەرباسی کەرامەتی مەلای بو،

مەلاش چۆوەمالێ لای مەلاژنێ وزۆریش خۆشحاڵ بونەگەرلـەئەوبەلآیەش نەجاتی بو. چەند ڕۆژێکی مەلا بەئاسودەیی نانی لەئەوکی چۆخوارێ. ڕۆژێکی بـەیانی پیاوی پاشای

هات وبەمەلای ڕاگەیاندکەپاشائەمری کردوە، تەشریف بێنی بۆسەراپەردەی پاشای. مەلا دەیزانی خەبەرچیە؟ خۆی بۆحازرکردکە چ بکات، ڕۆییشت بۆدیوانی پاشای.، دەرکەوانەکان پاش ئەوڕۆژەی کەهەڵلایان دەگەڵ کردبو، پاشائەمری پێکردبون ئیجازەی مام وەستای بدەن بێتە ژورێ، ڕێگایان پێنەدەگرت؛ یەکسەرەچۆژورێ، پاش سلاو وڕۆژباش وبەخێرهێنانی، لەحزورپاشای دانیشت،جێگای خۆی پێدەزانی قەدیم عادەت وابولەئەوجورەجێگایانە.هەرکەسەجێگای تایبەتی خوێ دیاربوەو.بۆخۆشی پێی زانیوە،پاش سەرف کردنی قاوەی،وقەلیان کێشانێ، هاتنەسەرباسی مەلای،ڕوی دەوەزیرو نایبان کردوگوتی دەبێ مزگەوتێ بۆمەلای چاك کەینەوە، ئەومزگەوتەڕوخا؛ مزگەوتێکی دیکە! مەلاچونکەزۆربەناڕەحەتی فکری لەمزگەوتەکەی دیکە نەجاتی ببو، ڕوی دە پاشای کردوگوتی قوربان؛ هەرجاری ئەوەڵێ عەرزم دەکردی، بەلام گوتم نەبادا دڵی پاشای شتێکی بحایشێنی،دەنا ئەمن مزگەوتم پێوەنایە بەسەری شیرنت سوێندەکە ئەگەر سەد مزگەوتیشم بۆ دروست کەی نوێژم دە ئێکێشیاندا پێ ناکرێ ودەڕوخێن جاکەوابو، نەچیدی خۆت ناڕەحەت کەو نەچیدیش زەرەرخوردە بە.

پاشا گوتی وەڵلاهی ئەمن نەدەخەمی زەرەرێ دام ونەدەخەمی ناڕەحەتێ دام. بەلام ئەگەرمزگەوتەکەنەبی فایدەی نیە، لێیدەگەڕێین. پاشاوازی لەمزگەوتێ هێنا هەتاماوەیەکی زۆر،مەلاش زۆربە خۆشی دەگەڵ ماڵ ومنداڵەکانی گوزەراندی وپاشاش هەتابەینێکی مەلای لەبیرچۆبووە، دیسان ڕۆژێکی لەدوایناردی مەلا هات، دەستوری دا کە نیوڕۆژێکی باشمان بۆسازکەن، مەلامان میوانە، پاش نانخواردنێ، پاشاچۆدەرێ، هەرلە دەرکی دیوانێ، چاوی بەکللۆیەکی دەکەوی، کللۆی دەدەستی دەگری، پاشا دەڵێ ئەوە باشە ، لێیان دادێنم کەس هەڵی نادا ونایزانن پاشابەکللۆوەدێتەوە ژورێ کەبەڵێ کەس هەڵی نادا، ڕویان تێ دەکاودەڵێ ئەوە چیە دەدەستمدایە؟

یەك گوتی، یاقوتە؟یەکی دیکەگوتی، گەوهەرە، هەرکەسە شتێکی وایان دەگوت کە دەکرا دە دەستی پاشای دابا. مەلا کەنێوی ئەسلی« کللۆ»بودەپێش داگوتی ئاخری

توشی شتێکی هەردەبم،چاوی لەسەرێك دانابون و، لەبەرەخۆیەوە گوتی ئای کللۆ چەندم پیٚگوتی (بفرە بفرە)ئێستانەوەلەبەردەستی پاشای‌دا (ترە ترە)پاشاچونکەلەمەلای نیزێك بوگویٚ لەقسەی مەلای بوهەرکللۆی فریٚداوگوتی مالّت خەرانەبی ناهێلّی سوحبەتێکیش بۆخۆمان بکەین خۆئەمن لەتۆم دانەهێنابو،وای زانی مەلا بەتەواوی عیلمی غەیبی هەیەوزانی کللۆویەدە دەستی پاشای‌دایە، تەواوی وەزیرونایب هەمومەوتەحەیرمان لە زانینی غەیبی مەلای،بەئەوجورەی ئیحترام وقەدری مەلای رۆژدەگەلّ رۆژیٚ دەچۆسەریٚ وپاشاش معاشێکی باشی بۆبرێەوە، مەلابەخێروخۆشی و پاشابەعەدلّ ودادخەریکبون، ئەمنیش هەر بەنوسین وپێداهاتنە وەکەی زۆر ماندوبوم.

دوژمنایەتی گۆڕا بو بە دۆستایەتی

دوکەس پێکەوە دوژمنایەتیان هەبودوژمنایەتێکەشیان هەرلەسەرشتی جوکەبوە ئەودوە بۆسەفەرێکی دەچون، بەدوای یەکدا ئەورێگایەی ئەوان پێدا دەرۆیشتن رێگری لیٚبون و هەرکەس بەوێدا رۆیشتبایە.دەیان کوشتن یاروتیان دەکردن ئەودوکەسەئەو خەبەرەیان زانی بو،یەکێك لەئەودوانەکەبرێك زاناتربو، بانگی دوژمنەکەی کرد و پێیگوت ئەمەدوژمنین بەلاّم دوژمنی گەورەترمان لەسەر،رێیەیەواچاکە دوژمنایەتیەکەمان ئەلێرە دەبن ئەو بەردەی بنێین لەئەوسەری کەگەراینەوە هەر دوژمنی جارانین!

کابرای دوژمنی جونکە هەرنیگەران ورۆریش دەترسا.ئەوقسەی قبولّ کردوپشتیان لێکبەست ودو سیٚ کەسی دیکە شیان رە گەلّ کەوتن و بەسەردزان‌دا زالّ بون و نەیان‌توانی ئەوانە، نەبکوژن نەروتیان کەن! سەفەرەکەیان تەواوبوو گەرانەوە و گەییشتنەوەئەوبەردەی کەدوژمنایەتێکەیان دەبن‌نابو،راوەستان یەکیان گوتی جانەوجار بادوژمنایەتیٚ کەمان هەلگرینەوە.هەر ئەوکەسەی کەدە پێش‌داپێشنیاری ئەویەکبونەی کردبوگوتی جا ئەمە بەپشتیوانی یەکتری لەئەوسەفەرەی بەسلامەت دەرچوین چونکە دوژمنایەتیمان دە نێوانی‌دا نەمابو، تازە بۆ دوژمنایەتیٚ نویٚکەینەوە، ناوەللاّ با تازە خەلاّس بێت کابرای دیکەش قبولّی کرد و ئەو دو قازانجەیان کردن

١ـ درنەیانتوانی ڕوتیان بکەن ـ دوژمنایەتی کۆن کەدەنێوانیاندابوئەویش خەلاس بو

هەوای دەرێ چۆنە؟!

دەزانم لەبیرتان ماوەلە ساڵەکانی هەزاروسێ سەدوسی هەتا هەزاروسێ سەدوچل وپینجی باری گەنم و جۆی لە سی تمەنی ڕاهەتاچل تمەنی بو،

دەئەوسەردەمانەدابو توتنیش کەم دەکرا،چەوەندریش نەدەکراچونکەماشێن بۆبارکردنێ وەدەست نەدەکەوت هێندێك لەئاغاکانیش پشت ڕەق دەرهاتبون وکاسپیان پێنەدەکرا،چونکەکاسپی ئەودەمیش بەکەلێ وگاجوتی وکێشانەوەی بەعارەبەو. وشتران بەڕاستی زۆر زەحمەت بو، هەرچاویان لەدەستی کرمانجان بو،لەبەرئەو هۆیەی، زۆرتری ئاغاکان موحتاج بون وهەرچی لەتوتن وچەوەندەرێش ئەگەرهەباو .وەدەستیان کەوتباهەتا لەشاری خەلا سیان نەکردبایە ؟جابەهەرجورێکی باعادەت وابوەقەت نەدەهاتنەوەماڵەخۆیان،

بەتایبەتی یەکێك لەئەوئاغاڕوتانەلەزستانێدا،چونکە شلکەبڕوێش زۆرلێدەندرانەویش لەڕۆژانی ساردی جستانێ دا .ئاغاش سەرمای بوکورەکەشی بەکەمران واگەرم داهینابو هەر پرپشکی داویشت وبڕوێشەشلکەشی زۆرخواردبو هەروەك ڕەشکەی هەلموسابو.بێ کاربی وبەسەرمایە شلکەبڕوێشیش زۆربخوی. دەنێونەووەتاغەیداهێندەی لێ برببوئەو وەتاغەچوکەی پرکردبو ولاتی واقانگ دابوکەلێن وقوژبنیشی پرکردبو،نۆکەرێکی هەبو دەگەلێ لەدەرێ ڕا دەرکی کردەوەوبۆنی ژوریێ بۆهات وئاغا لیێ پرسی ئەرێ هەوای دەرێ چۆنەچەدەباری، نۆکەرەکەلەبەرولامی ئاغای نەیتوانی دەرکەی پێوەداهەتائاغا،لە لەقسەکانی خەلاس بوبەبۆنی ژورێ وەختابوفاقێ سەری بچی وئەویش دەولام داگوتی جا ئاغا.ئەگەرهەوای دەرێش وەکوژورێ بی دەبێ لەدەرێ حەتمەن گووبباری .

(هاورێی کەم بێژ)

دوکەس بە ڕێگایەکیدا دەڕۆیشتن، یەك لەئەودوانە زۆری قسە دەکردو نەیدەهێشت ڕەفیقەکەی قسان بکات، هەر بۆخۆی قسەی دەکردولیێ نەدەبڕیوە هەتا گەیشتنە سەر کانیەکی کابرای کە زۆری گوتبو، ماندوش ببو لە ڕێگایە وتینوو، توشی کانیەکی بون وکابرا ؟یەك بین دمی بە ئاوێ وەنا، کابرای ڕەفیقی بەهەلی زانی ویستی دئەو وەختەیدا قسێکی بکات، کابرا دمی بە ئا وێ وەبو، لاقی ڕادەوەشاند،بە ئیشارەدەیگوت ڕاوەستە با ئەمن ئاوێ بخۆمەوە جا بۆتدەگێڕمەوە.

شێعری(هاوڕێی کەم بێژ)

دو کەس هاوڕێ بون دەچون بۆ سەفەر
یەك هەر قسەی کرد بێ نوبە یەکسەر
لەبە ر زۆربێژی،و ڕێگا و ماندوبـــون
کەمێکیش هەورازو زۆریـش تینوبون
گەییشتنە کانیەك ئەو کابـرای زۆر بێژ
هەر پێی دانوسا و لینــگی کرد درێژ
هاوڕێکەی د یکەی زانی فرســـــەتە
ویستی قسێکی بــکا لەو وەختە
تێی گەیشت زانی خەریــکە هاوڕێ
قسێکی بکا یان لە شتێـــك بدوێ
لاق ڕاوەشاندن، بە ئیشاڕەی دەست
هاوڕێی حاڵی کرد تێیگەیاند مەبەست
گوتی ڕاوەستە ئاوێ بخۆمـــەوە
دوایە شیرینتـــر بۆت بگێڕمەوە

هەڵی نەدێری

دەگەڵ چەرمەسەری ڕۆژگارو چەوسانەوە لە ژێر باری زوڵمی زاڵماندا، تەمەنیشی ئەوەندە تێ پەڕی بو کەچاوەکانیشی هیچیان نەدەدیت وبەتەواوی کوێر ببو،

کوڕەکەی نیوەشەوی هینای بابی سواری بارەبەرێکی وەکو گوێ درێژ یان ئەسپێکی کردو بەینی شەوو ڕۆژان بردیە جێگایەکی وەکو دوندی بەردی گوێزێ کە لە ناوچەی مەدا جێگایەکە ڕەوەزەو هەرچی لێی هەلدێری هەپرون بەهرپرون دەبێت داینا،

بابەکەلە کوڕەکەی پرسی:ڕۆڵە ئێرەکوێیە؟

کوڕەکەدەڵێ ..ئێرە .ئێرەسەردوندی بەردی گوێزێیە.

بابەکەدەڵی باشەئەمنت بەئەونیوەشەوەی بۆ هێناوەتەئێرە..

کوڕەکەدەڵێ بۆیەم هێناویەتە ئێرە هەتا لێرەڕا هە ڵت دێرمەخۆارێ ؟

بابەکەی قاقا پێدەکەنیت!

کوڕەکە :دەڵێم هێناومی لێرەڕا هەڵتدەدێرم خۆقاقا پێدەکەنی.

بابەکە دەڵی ئەمن لەبەر ئەوەی پێ ناکەنم.

کوڕەکە دەڵێ ئەدی بەچی پێ دەکەنی؟!

بابەکەی دەڵێ ئەمن بە وەی پێدەکەنم ئاخرئەمنیش بابی خۆم لێرەڕا هەڵداشتە خوارێ!

ئەگەر بابەکەی ئەوقسەی کردو کوڕەکەگوێی لێ بو برێکی فکر لەئەوقسەی کردەوە،وکوتی وەڵاهی ڕاست دەکا،بابی سوار کردەوەو هێنایەوەماڵێ، هەتابەمردنی خۆی مرد هەر خزمەتی کرد، گوتی، با کورەکەی منیش ئەمن لێرەڕا هەلنەدێرێتە خۆارێ.

کەوڵـە گوێلکە

ئەو ژن و مێردە پاش سەروبەربونیان بە بێ هەڵـلاّ و بەزم و بە بێ ناڕەحەتی ژیـانی ئاسایی خۆیان تێ پەڕدەکرد،دەنێو قساندا هەر قسە دە قسەی دەکەوت، مرۆت دەیگـوت پەحا، ئەمن ئەوجورە ژنانەم پێ شێتن بە هەوێی ناڕەحەت دەبن!

بە مەرگی ئـەو تاقـە برایـەم، کـابرای مـن دوژنـانیش بێنیـت لـەجێاتی ژنێکـی ئـەمن ناڕەحـەت نـابم ودەخەیاڵیشـم نایـە، کـابرای مـێردی دەباڵـە خۆیـدا گوتـی بـا ئەوژنـەی تاقیکەمەوەبزانم هەتاکوێی ڕاستەیاهەربۆفریودانی منەخۆمن خەیاڵی هیچم نیە؛

زۆربەبێدەنگی هینای کەوڵەگوێلکێکی فوداوبڕێکـی بـەرگی جـوان وەکوبوکـان سـپی دەبەری کردو نەی هێشت ژنەکەی بزانیت پاڵی پێوە کۆڵـەکەیداو.داینا،

مرۆت ئەگەرهاتەوەماڵێ لە مێردەکەی پرسی:ئەوژنە کێیە؟!مێردەکەی گوتی ئـەدی بۆخۆت نەتدەگوت لەجیێ ژنێکی دوژنانیش بێنی ناڕەحەت نابم، ئەو ژنەم هێناوە.،

مرۆت مات بووچی‌نەگوت،بڕێك هات وچووبەبیانوی بڕەکارێکی بێهودەئاو هینانێك..
ئاورێکی وێداوگوتی دەزاری بابی خۆت ڕیبیت خۆزارم لێ خوار دەکاتەوە!

خات مرۆت بڕێکی دیکەش هات و چووبە پێش کەوڵە گوێلکی دا بە تونـدی تێپـەڕی، خـۆی سـەرەنگرێ کـردو ڕاوەسـتا :ئایـاڕۆ! خـۆ لاقـم وەبـەرلاقی هـەڵدەدا حاییەحـەی جانەوەکواحاوانەوەی دەگەڵ دەکرێ ؟

کابراش بـەجوانی لـەدروی ژنەکـەی حـاڵی بووگورجێکـی هەسـتا پـەرۆوپاڵی لـەبەر گوێلکی داکەندو گوێلك بەجوانی وەدەرکەوت و ڕوی دە مرۆتێ کرد وگوتی ماڵ خەرانـەبو ئەوە خۆ کەوڵە گوێلکە کەوڵە گوێلك ژنی چی.

مرۆت ئەگەرکەوڵەگوێلکی دیت ئیدی لەبەرخەجاڵەتی ودرۆکانی چی پێ نەگوترا!

❋ ❋ ❋

کوڕە کەچەڵە

ڕۆژێکی کوڕە کەچەڵێکی عەجەم دەچێتە دێیەکی؛لە قەراغ ئەو دێیەی کانیەکی زۆرخۆشی لێ دەبیت، دەگاتە سەر کانێە وخەریکی ئاوخواردنەوەی دەبیت کچێکی زۆر جوان بە نازو عیشوە.وبە گۆزەوە دەگاتە وێ کەئاوێ هەڵێنجێ وبەرێتەوە، کەچەڵە لیێدەپرسی ودەڵێ (بوکەندن ئادی نەمەنادی)؟ کچە ولأمی داوە وگوتی خۆجە.

کەچەڵ (چوٚخ خوٚش کەنددی)، وەلی ئەفسوس بوکەند قانە توشار! کچەکە. ئەگەر ئەوەی گوێلێدەبیت، چونکە زۆری دڵ بە دییەکەی خۆشبوەلیێ دەپرسی ودەڵێ (نێیە قانە توشر؟نەئۆلۆپ)؟، ؟،

کەچەڵە دەڵێ (مەن سەنن ئویزوننان ئوێپەرەم، سەن دە های سالڕسەن، سورە کەندن خەڵقی یغیشر مەنی ئولدورەجاغلار، بوجور قانە توشار)؛
کچەبڕێکی بیرکردەوەولەسەرەخۆ گوتی کەچەڵ ؟(سەن مەنی ئوپپەسەن مەن های ساڵمیم نەئولۆر،) کەچەڵ :(ئوندا.هێش زاد ئوڵمور).بەڵی کەچەڵ وکچەئاواپێك هاتن وخەلأسبووکەچەڵێش بەمەڕامی خۆی گەیشت ودییەکەش خوێنی لێ نەڕژا.

سەکول تۆ پیاوە

کابرایەك بەخۆی وبابی، خوشکێکی هەبومالی دونیایەش ماینە بۆرەیەکیان هەبو سەگێکی قولەشیان لەدەرکێ بو.کابرا بۆ کار کردنێ دێ بۆ ولأتی مە، ماوەی دو ساڵان لەئەولأتەی دەمێنێ تەوەو خەبەری ماڵێشی نابیت دوای ئەو وەختە ڕۆژێکی توشی پیاوێکی خەڵکی دێیەکەی خۆیان دەبیت وادەردەکەوی ئەویش هەربۆکارێ هاتبێ، پێك شاد و شوکر دەبن وچەشادوشوکربونیك ؟لیێ دەپرسێ و

:دەی ماڵی ئێمەچۆنن کابرا:بەخواباشن. :هەمو ساقن؟ :ئەرێ بە خوا.

:کەسمان نەمردگە؟ :نە بە خوا! :کەسمان نەخۆش نیە؟ :نە بە خوا!

کابرا بەکاوەخۆ وپاش هەموقسان وکەمێك بێ دەنگی دەڵێ سەکولێ تۆپیاوە؟

ئەویش دەڵێ سەکولێ کابرا:ئەرێ ئەویش دەڵێ جا سەکولێ بۆ تۆپیاوە؟

:لەسەرکەلاکی ماینەبۆرەسەگان خینکاندویانە؛ ئەیی بەخۆا حەیفە؟

دەی جاباوە ماینەبۆرە بۆ تۆپیاوە؟!

کابرا:بەخۆای چەبێژم لە بن کەلاکی باوکت دا پساوە! ئەوفەقیرە هاواردەکاو ئەی قوڕوەسەرخۆم باوکم بۆ ئەی باوکەڕۆباوەڕۆباوکەگیان؟!کابراش لەسەرێك مزگێنی خۆشتری دەداتێ ودەڵێ لە سەر کەجانی خوشکت داپاچراوە؛

ئەوجارلێی قیت دەبێتەوەودم وچاوی پڕدەکالەتف: بەگریانەوە دەڵێ ئەی کێمان ماوە؛ بۆ ئێژی کەستان نەخۆش نیە و کەستان نەمردگە خۆکەسمان نەماوەگەماڵ باوکی درۆزنی باوەحیزتۆئێژی کەستان نەمردگە وکەستان نەخۆش نیە٠٠!

خرچەی چۆن دەخوا

کابرایەك زۆری ئیشتیالەخرچەی دەبێ ودەچی لەنێوبارێکی خرچێکی هەڵدەبژێری ودەگەڕێ ودەچێ لەجێگایەکی بڵیندلاقی داوێتەسەرلاقی وبەفیزدادەنیشیت خرچەکەی دێنێتەپێشەخوێی توێلکەکەی زۆرئەستورسپی دەکادەڵێ بابڵێن ئاغایەك لێرەخرچەی خواردوە؟

بەڵێ خرچەی دەخواوئاخروەلایەکی زگیشی ڕاناگا.

تێرناخواوپێ دادێ توێلکەکانیش هەموبەجوانی دەکڕوسێتەوەو دەڵێ بابڵێن ئاغا نۆکەرێکی دەگەڵ بوە.

دیسانیش تێرناخوائەوجارتوێلکەکانیش دەخوادەڵێ بابڵێن ئاغاکەرێکیشی پێ بوە،

ئاخرکەمتر واهەیە پیاوبەمیوەی تێربخوا تێرناخواو؟دەست دەکا بەتۆوقرتاندنێی تۆوەکەش هەمو دەنك دەنك دەقرتێنی ودەڵێ بابڵێن ئاغاکەڵەبابێکیشی پێ بوە؟

پیاوی نامەرد ڕێوی گونانی دەخوات

مام شەخسەو،شەختۆو،پێکەوەبەڕەفاقەتی دەسەفەرێ دابون دیاربو ڕێیەکی دوریان دەپێش دابو،یان هەرگەڕیدەبون، هەرکەسە بەشی خۆی بڕەنانێکی پێبو؛

وەختێکی برسی بون شەخسەبەشەختۆی گوت باجارێ هەرلەنانێکی بخۆین باخەسار نەبن. دەپێشدا بانانی تۆبخۆین، ئەگەر خەلاس بو دوایە نانی من دەخۆین.

بەلێ ئەو پیاوە بێفێل بو، قسەکەی لێ قەبوڵ کرد، نانی شەختۆیان خوارد چەندجاران هەتا خەلاس بو، دوایەشەختۆ ڕوی دە شەخسەی کردوگوتی نانی من خەلاس بو ئەوجاربێنەبا نانی تۆبخۆین؛ شەخسەدەلێ نەخێرئەمن نانی خۆمت نادەمێ! شەختۆ :جاچۆن نانم نادەیەی؟! : چۆنی دەوێ ؟ناتدەمێ نانی خۆمە.شەختۆی فەقیر:چون ئەتۆ هەتا نانی من خلاس بوەنانت دەگەڵ خواردوم ئیستا دەڵیی نانت نادەمێ؟!:نەخێر نانی خۆمت نادەمێ. ئەوەی گوت ونانی دەست دایەو هەستا لیێدا ڕۆیشت.شەختۆی بێفێلیش بەبرسیایەتی لەوێ ماوە، ئێوارەبو، ڕێگای بۆ چ جێگایان دەرنەکرد، کەمێك ڕۆییشت ئاشێك وەدەرکەوت زۆرخوشحاڵ بو بەخوێ گوت ئەوشوڵەئەوئاشەی دەمێنمەوە نانیش پەیدادەکەم وبەیانیش خواگەورەیە،ڕوی دەئاشەکەی کردووەختێکی گەیشتێ وچۆ بەردەرکەی دیتی وگوتی ئەی ئەی کوڕەخۆچۆلە.چارەی نەبوچۆنێو ئاشەکەی وشەو بەسەردەستاندا هات وتاریکایی پەیدابو،کابرا وەنیگەرانی کەوت وگوتی هەیاران نەبادا دڕندەیەك،شتێك پەیدابێت، بەبرسیاێتی بشخۆرێم بالەجێگایەکی خۆ بشارمەوە، چولەبەرزەلانەی ئاشیدا خۆیشاردەوە، دوای خۆشاردنەوەی دەنگەدەنگ پەیدابو گوییلێبوگورگ و ڕێوی و ورچ پێکەوە قسەیان دەکردن و زۆریش کەیفخۆش بون وپێ دەکەنین و،لە مام ڕیویان پرسی:ئەرێ ئەتۆ بۆ وا کەیفخۆشی خۆقەت وانەبویە ؟

ڕێوی:لە فلانە جێگایەی ئەوە بانبانکیك لە بەیانیڕا هەتاکو نیوەڕۆیە لیران دێنێ تە دەرێ ولەبەرتاوێ هەڵیاندەخات ولەنوێژ یش ڕا هەتاکو ئێوارێ دەیانباتەوەژورێ، هەر سەیرێ ئەو بان بانکەی دەکەم بۆیە کەیفم وا سازەوهیچ ئاگام لەدونیایەنیە.

ئەوجارڕوویــان دە گورگــی کــرد:ئــەدی ئــەتۆبۆوا کەیفخۆشــی چــت کــردوە؟!
گورگ دەڵێ؛ ژنی پاشای شێت بوەوکەسیش دەرمانی نازانی تەواوی مەڕوگاڕان وبەرغــەل و ... بەرەڵلانە، هەرچی پێم خۆشبیت ئەوی دەخۆم بۆخۆم سەرپشکم؛
دوایە لێیانپرسی:جا ئەوەکەدەڵەی ژنی پاشای شێتبوەدەرمانی هەرنیەیانای زانن.
گورك دەڵێ دەرمانی هەیە. وکەس نایزانی ؟لێی دەپرسن چاکەدەرمانی چیە؟!
گورگ:ئەوەبــەرانێکی شــینبەش دەگــەڵ مــەڕیماڵەپاشایەبیکوژنەوەوبەمێشــکی ئەوبەرانــەی تــەواوی بــەدەنی ژنــی پاشــای پــێ چەورکــەن وکەمێکیشــی دەڕۆنــی دابــۆ سورکەنەوە، بیخوات چاك دەبیتەوەوحەلەمی لێ دەبڕێ.
:ئەدی مام ورچ ئەتۆ چۆنــە وا شــادی؟ ورچ:لــە فلاّنــە جێگایــەی کانیــەکی لێــە لــە بەرەوەی کانیەکەی، شەش، حەوت داری لێن، لە بن ئــەو دارانــە حــەوت کوپــە خــەزێنــەی تێدان، لە بن دارە گەورەکــەی دادەنیشــم، بۆنــی ئەوخەزێنــەم بــۆ دێت وادەزانم تــازە لــە دایکی خۆم بە وەلــەدبومە.

بەڵێ ڕۆژ دەبێتەوەوشەختوی دڵ ودەرون پاك زگی تێردەکات ودەچــی دێارنــەدیاری بانبانکی دادەنیشی وبــەبێ دەنگــی، هەرکــەدیتی ئــەوەبانبانك،لیرەکــان دەباتــەوەژورێ، غار دەداتەبان بانکێ،وهەمولیرەکانی کۆدەکاتەوەودیان باتــەوەماڵێ یاجێگایــەکی دیــاری کراو؛ ئەوجاردەچیت کوپەخەزێنەی بن داران دەبینێتەوە،ئەوانیش دەردێنی،دوایــەوەدوی پێ وشوێنی ماڵە پاشای دەکەوی ئەوەیە تەماح قەت پڕنابێ ودەچێتەماڵەپاشــای ودەڵــێ ئەمن حەکیمی شێتانم؛ پاشا دەڵێ ئەگەرئەوژنەم بۆچــاك کەیەوەهــەرچی لێت بوێم دەت دەمێ و ئەگەر چاکیشی نەکەیەوەلە سەرت دەدەم قەراری من ئەوەیە:جانەگەرپێت چــاك دەبێتەوەدەست بەدەرمان کردنێ بکەو،دەناخۆبەهیلاك مەدە،کابراش هەربەقسەی گورگی گوتی زۆرچاکە.ناردی بەرانیان هێناوەوگوشتیانەوەومێشکەکەیان دەرهینا تەواوی بەدەنی ژنی پاشای پێ چەورکردودەستوریشی دابرێکی لەئەومێشکەی بۆسورکەنەوە، ئەویشــیان سورکردەوەو دایان بــە ژنــی پاشــای و خــواردی و پــاش چــەندرۆژێکی چاك بــۆوە؛ پاشا

هەرچەندی شەختۆ ویستی زیاتریشی دایە،هەردەوچەندرۆژەی دا توشی شەخسەی ڕەفیقی بو(ئەگەر نانی نەدابۆیە) کابراکەئاوای چاوپێ کەوت ئەگەردەولەمەندبوە، لێی پرسی:ئەوەئەوهەمولیرەوزێروپولەت لەکوێ وەدەستکەوتوە؟!شەختۆوکەهەروابە دڵپاکی وبەبێ‌فێڵی بۆی‌گێراوە،کۆنەئاشەکەشی پی‌گوت کەلەکوێیەوهیچ بیرێکی ناحەزیشی لێ نەکردەوە،کابرای نامەردچولەجێگای شەختۆی خۆی مات کرد وپاش چەند شەوان جانەوەر خڕبونەوە،بەلاّم بەپێچەوانەی جاری پێشو، هەمویان تورەوناڕەحەت بون، هەریەکەی لوتی دە لایەکی بو ڕویان دە مام ڕێوی کرد:ئەرێ مام ڕێوی بۆواغەمگینی؟!

: جا چۆن غەمگین نەبم؛ نە بان‌بانك ماوەو نە لیرەسەیری چەبکەم!

:ئەدی مام گورگ ئەتوبۆوا تێکچویە؟: جاخۆ ژنی پاشای چاك بۆتەوەوهەمومالاّت بەساحێب بونەتەوە بە سەوڕی سە یانیش تخون مەڕوبەرغەلم ناکەن

دەلێن وەللا مام ورچ ئەتۆش وا دیارە نارەحەتی، ئەتۆ بۆ؟! :

خەزێنەکانیان دەرهێناون؛ هیچ کەیفم نەماوە خۆئێستا ناچمەبن دارەکانیش،

دوایە خۆبەخۆ گوتیان ئەوشەوەی پێکەوەئەوباسەمان کردوەئێرە کەسێکی لێبوە ئاوا لەمەحالێ بوە بنی‌ئادەم شیری خاوی خواردوەوتەماعی زۆرە، ڕەنگ بێ بۆ قسە و باسی د یکە هاتبێتەوە، با ڕاوێکی لێدابەشین بزانین تۆڵەی لێ ناکەینەوە،

ئەوانە هەستان ڕاوی لێ دابەشن وکابرای نامەرد لە ترسان چۆ دە دۆلاشی ئاشێوە؛ ورچ دیتێەوە بەلاّم دە دۆلاشیێوە نەدەچو، ئەوجار گورگ لە سەرەوەڕا بۆی شۆڕ بۆوە، شەخسەداخزا خوارێ و هەر بەداران دە لمبۆزی گورگی دەکوتا، دەگەڵ هەلاّت هەلاّت وخۆشاردنەوەی وخۆڕێخشاندنێ پاتۆڵیشی هەمو دڕابوو.هیچی بەلاق ولەتەران وەنەمابو، ئاگای لەخوارێ نەبو لەترسی گورگی، هەتالەبنەوەڕا مام ڕێوی هەردوگونی خواردن وئەوبەشی خۆی تۆڵەلێ کردەوە کابرا ش چی وەدەستنەکەوت هیچ ڕێویش گونی خواردن ،جا لەبەرئەو حەکایەتەیە،کەدەلێن پیاوی نامەرد ڕێوی گونانی دەخوات.

*****

خودای ئەرزیٚ

وەکی مێژو بۆمان دەگێڕێتەوە لە زەمانەکانی پێشودا مەغولیەکان وەکـو چەنگیز و هەلاکۆو تەیمورە شەل، خەڵکێکی زۆریـان کوشـتبو کـە دە حیسـاب نـەدەهات،جا ئەمە کارمان بەئەو حەکایەتە دورودرێژەی نیە؛ بەلاّم لە زەمانی هەلاکۆخانی مەغولدا کابرایەك لە دەشتی خۆراسانیٚ زۆر سەری حالٚ دانیشت بو وەکو چ نەکرابێت، کەچی هەلاکۆخان چ ولاّتی نەهێشتبوئەوەندەی خەڵك کوشت بو،هەردە حیسابیش نەدەهات؛
وەختێکی لـەشکری هـەلاکۆی گەیشتنەدەشـتەکەی وکابرایـان دیـت ئەوەدانیشـتوە، هەلاکۆخان ئەگەردەیبینی ودەلیٚ ئەوەکێیەئاوا بیٚ خەم دانیشتوە دابچون بی هێنـن بـزانم چەکارەیە،چەند کەسێك چون لیٚیانپرسی:ئەتو چ کارەی؟
کابرائەگەرئەولەشکرەی دی زۆریان لیٚ ترسا.هەربەسەرزاری داهات وگوتی ئەمن خودام!
دەلێن چۆن خودای؟! دەلیٚ بەلیٚ ئەمن خودام.

نەیان وێرادەستی لیٚ بدەن یاهیچی پیٚ بلێن ئـەو خەبـەرەیان بـە هـەلاکۆی گەیاند، هەلاکۆ بۆخۆی هات و لێیپرسی ئەتو چ کارەی؟

کابرا گوتی ئەمن خودام؟خودای ئەرزیم.

هەلاکۆدەلیٚ دەتوانی سابیتیکەی؟

کابراپێوەبیوکەوتـەفکران وگوتـی چ دەلێـن بـۆو وەدیبێنـم! هـەلاکۆ دەلـیٚ ئەمەپیاوێکمان هەیە زاری چوکەیە، برێکی بۆگەورەکەوەوهەرئەوەندەمان لەتۆ دەویٚ ؛

کابرا : ئەمن دەگەلٚ خودای ئاسمانیٚ قەرارمان هەیەهەر کەسـێکی هـەر کونێکی لـە پشتێندبەرەژێری هـەبیت چوکـەبیٚ وداوابکـات ئـەمن بـۆی گـەورەی دەکـەم بـەلاّم کونـی لەپشتێندی هـەوراز ؟کـاری خـودای ئاسمانێیـە و ئـەمن دەخالـەت دە کـاری خـودای ئاسمانیٚدا ناکەم دەبێتە موداخەلـە٠

هەلاکۆ ٠شوکر ٠زۆری پیٚ پێکەنی وبەسەلامەتی بەجێیان هێشت.

******

نەخۆاردوو لە سمێڵان مەیوو

کابرایەك ژنێکی زۆر جوانی هەبو، ئەو ژنە چەندە جوان بو، ئەوەندەش بەناموس‌بوونەوەندەشی مێردەکەی خۆش دەویست، هەتیۆیکی خوێڕیلە لەکۆڵی نەدەبۆوە، ڕێی‌پێ‌دەگرت و لەبەری‌دەپاڕاوە و ... ژنەش لەبەر حەیای خۆی هەتا ئابڕوی نەچیت، ڕۆژێکی لەگەڵ مێردەکەی باس‌دەکات کە فلانە هەتیوەڕێگام پێ‌دەگریت و لەکۆڵم نابیتەوەدەترسێم ئابڕۆم بەریت؛ کابراش دەگەڵ ژنەکەی ڕاوێژێ دەکەن ودەڵێ بە هەرجورێکی بێ بی هێنیتە ماڵی جادەردی دەزانم.

بەڵێ؛ هەتیودیسان ڕیی پێ‌دەگریت. :ئەرێ ئاخر دڵم‌تۆقی، مردم لەسوێیانت؛ ڕوحمێك ... !

ژنە: هەرلەکۆڵم نابێەوە؟! هەتیو:نەبەخوای، یان دەبی قەولم پێ‌بدەی یان لە سەرەتۆ دەبێ بکوژرێم. ژنەبۆئەوەی خاترجەمی کات و،نیگەرانی نەمێنی دەڵێ ئاخر ئەگەرنەتۆ قەولم پێ‌بدەی ڕازم لەلای کەس ئاشکرا نەکەی و هەر لە لای خۆت بێت، ئەودەمی ئەمنیش قەولت پێ‌دەدەم. هەتیو:هەروەکی دەڵێم یان دەبێ قەولم پێ‌بدەی یان لەسەرەتۆ دەکوژرێم. هەر ئاواش قەولت پێ‌دەدەم، لە خۆم و لەخۆت زیاترکەس نەزانی. ژنە:زۆرچاکەئەوشۆمێردەکەم لەماڵێ نابیت لەسەرنان‌خواردنێ وەرە.بەڵێ هەتا ڕۆژ ئاوابو و شەوداهات هەتیو.وەختابوشێت بیت هەر بەتەواوی تاریك نەببو،خۆی دەماڵەکابرای هاویشت، ئەو ژن و مێردە کارەکانی خۆیان زۆر بە جوانی ڕێز کردبون. هەتیو کە لە دەرکەی‌دا ژنە دەرکەی لێ‌کردەوەو خەریك بوڕاماڵی بۆبەریت ژنەبۆخافلاندنێی پێی گوت ئەتۆ بۆوابەتالوکەی؟! هەتابەیانی ناهێڵم برۆیەوە،خۆهەموڕۆژێ گولەم ناچێتەسەفەرێ وئەتوم وەدەست کەوێ! بەئەو جورەی نەیهێشت دەستی لێداو گلاوی کات هەتیوبەئەو قسانەئەرخەیان‌بووبێ دەنگ دانیشت،هەر پاشی دانیشتنی وی لە دەرکەیان‌دا، ژنە زانی مێردەکەیەتی بانگی کرد:کێیە ! :کابرای مێردی ولامی داوە و وگوتی ئەمنم ژنە:حا کوێڕا هاتیەوە؟! مێردەکەی: بلێم‌چی بۆم جورنەهات! ژنە:ڕاوەستە ئەوە لە سەر جێ‌نوێژێم

ئێستا دێم. هەتیودەڵێ جاچملێدەکەی خۆ.خانوبەرەی ئەوسەردەمی بەتایبەتی ماڵی فەقیرهەردیوێکیان هەبوو چەدیوی دی بەسەرەوەنەبو؟ژنە:چتلێبکەم؟!هێندێکیان بزن دەلایکی ژوریٚ کردبون وگوتی شمەکانت فرێدە هەرئەوکراسە ڕەشەت با دەبەردابیت و بچۆ نێو ئەوبزنانەئەگەرنوستێن ئەتوش دەرکەی بکەوەوبرۆو. هەتیو بەناعیلاجی بە قسەی ژنەی کردوچۆو نێوبزنان و ژنە دەرکی لە مێردەکەی کردەوە، هاتە ژوریٚ و لێی پرسی بۆ وازوهاتێەوە، قەرار نەبو سبحەی نیٚ پاشنوێژیٚ بێیەوە؟! کابراگوتی وەڵلا کارەکەم بۆجورنەهات ئەومام کابرایە هەرلەماڵێش نەبو، هەتاسبحەینیٚ لەویٚ چمکردبا؟!

ژنە:باشە دەی. کابرا هێندە دانانیشی وهەتیویش دەنێو بزنان دادبینیٚ بە ژنەکەی دەڵیٚ ئیشتیام لێیە باکارێکی وابکەین،ژنەش هەروەکی قەراری دایان نابو..برێکیشی زیادکردو :ئەریٚ ئەوەبۆ هەرچاوت پێم کەوت وئیشتیات دەشتیٚ هەمورۆژیٚ بەئەوئاوە ساردەی نەحەمامێك ونە...خۆم پیٚناشۆریٚ نابی،کابرا.برێکی لەبەر دەپارێتەوەژنەخۆی بۆروت دەکاتەوەوەولەپێش چاوی هەتیوی ئ...ی خۆشیان کردو،پاش دەموکێکی دیسان داوالەژنەکەی دەکا:بەخوای نابی .کابراش:بەخوای نەمدەیەی ئەوجاردەچمەزگ ئەو بزنانە! ژنە :کەیفی خۆتەچەدەکەی بکە!کابرا دەچێتە نێو بزنان وەبەر هەتیوی دەنیشیٚ وکاری دەگەلٚ، تەواو دەکات ودوبارەی دەکاتەوەو لەجاری سێهەم دیسان بە ژنەکەی دەڵیٚ با کارێکی وا بکەین!ژنە هەروای جواب دەداتەوەو:کوێڕادیسان ئیشتیات چوێەودەڵیٚ بەخوای نات دەمیٚ کابراش هەروا دەڵیٚ نەمدەیی ئەمنیش هەروادەکەم .ژنەش دەڵیٚ چ دەکەی بکە،بۆجاری سێهەم کەهێرشیٚ بۆهەتیوی دەبات مەمنابەزەبری دوجارەنارەحەت ببو هەموشتێکی لەبیردەچیتەوە دەبالەخۆیدا گوتی ئەگەرئەوجاریش تخونم بیت ئەو سەگبابەدەمکوژێت،ئەگەرکابرا لێی نیزێك بۆوە هەتیو دەڵیٚ بۆسەگ باب هەرئەمن بزنم،

ئەوەیە سەرئەنجامەی ناپاکی وتەماح دەناموسی خڵکی کردن؟!...

❋ ❋ ❋

وای تێخێرە

چۆبوە خوێیە لە گەڕانەوەیدا دە چۆمی کەوت، کەرەکەی خینکاویەکورتانەوە بە چۆمی دا ڕۆیشت و خوێیەکەشی بۆوە بە ئاو،بەناعیااج بە سەڵتی گەڕاوە بۆماڵێ

دایك بێخەبەر لەهەموشتێکی، لێی دەپرسی:ئەدی ڕۆڵە کوا کەر و بارت؟

کوڕەکە دەڵێ دایە گیان کەرەکەم لێ دە چۆمی کەوت و خینکاوبە کورتانەوە دەگۆمێ کەوت وڕۆیشت خوێیەکەش بۆوە بە ئاو.

دایکی : گوێ لەکوڕەکەی بوئەگەردەڵێ چی ولێی حاڵی دەبی کوڕەکەی دەڵێ چی ئاخردایکی فەقیرتەنیادەسحێب وسلاوەتی بەش مابون لەدونیایە بیریشی لێ نەکردەوە ئەوقسەچاکەویان خەراپە،؟

لەسەرەخۆدەڵێ دەی کوڕم بەڵکو وای تێ خێرە !

کوڕە دەڵێ دایە گیان ق ...ی تۆی تێ خێرە؛

کەرەکەم خینکاوەو خوێیەکەشم بە ئاوێ دا چووە چی تێ خێرە ؟!!!

د یسان دا یکەکەوای بیرلێ ناکاتەوەوبێدەنگەی لێ دەکا وهیچ ناڵێ؟؟

جوتێر و کوپەزێڕ

دەڵێن کابرایەك جوتی دەکرد ،بەهۆمۆو بەبابەوەت دەبەرمرم گاشین هەمولەشی بەئارەقەو.وزۆریش ماندوپێی خۆش بودەئەو.وەختەی دابیانوێکی بۆهەڵکەوی وبرێك بحەسێتەوە.لەناکاو خڕەیەکی لەگاسنی هات، تەماشای کرد؛ چونکە ئەو زەمانیش وەکو ساڵەکانی هەزاروسیٚ سەدوشێستی بەئەولاوەکە هەموچاك و پیرو قەبری پیاوچاکەکانیان داونەتەوە خەبەری ئەوجورە شتانە هەبو؛ بەجوانی کە تەماشای کرد کوپەڵێك بوئەگەر سەری کوپەی کردەوە، پڕ لە لیرە؛ دیارە کە دیتنەوەی شتی وا چەندە خۆشە ورەی دەدابەپیاوی، کابرا لەشایان گەشکەبو؛ کوپەی دەرهێناو، دەئەو وەختەیدا سوارێك بەڕییەدا دەهات،لەئەولاولایان دەیڕوانی ڕییەکەلەقەراغ زەویەکەی بوئاوڕێکی وەجوتێریش داو ، جوتێر کە ئاوردانەوەی سواری دیت، ڕەوانە کوپەڵەی دە تورەکەی ناو حاشاریدا و گوتی؛ بەخوای ئەوە ئەوسوارە ئاگای لێبوە، وئەوە دەچیت بەپاشای بڵیٚ، با بانگی بکەم بیدوێنم بزانم هیچ ناڵیٚ.مام پیرۆت:هۆی کاکی سوار: کاکی سوار! سوار:بەڵیٚ :بیٚزەحمەت هەتا ئێرەوەرە. کابرای سوار چوبۆ لای مام پیرۆتی؛ فکری هەمو شتێکی کردبا فکری ئەوەی نەدەکرد کە ئەوجوتێرە کوپەیەکی لیرە دیتۆتەوە، بەڵام فکری دەکرد کارێکی بەوی هەیە. سوار:کاکە ماندونەبی! مام پیرۆت دەڵیٚ خواعافوت کات بۆخۆت ماندونەبی. سوار:خوات لیٚ ڕازی بیت، کاکی جوتێر ئەمنت بو چییە؟! مام پیرۆت:ئەریٚ بە فکری تو ئەودڕوانە بدروم یان بیانسوتێنم؟ سوار:جا کاکە ئەگەر بیاندروی پەلیی دەبیت ودڕوشی هەردەبیت، بەڵام ئەگەر بیانسوتێنی ئەوانەی هیچ نابن تۆویشی نامێنیٚ. مام پیرۆت:جا باشەئەگەر وابیت دەیانسوتێنم، بەڵیٚ سوتاندنیان چاکترە. زۆر باشە.

کابرای سوارخواحافیزی لیٚ کردو لەزەویەکەی وەدەرکەوت، دە فکری خۆیدا گوتی جا پیاو هێندە نەزان دەبیت! ئاوڕێکی دیکەشی وێدا، دیسان مام پیرۆت گوتی بە خوای زانیویەتی وئەوەدەچیت بەپاشای دەڵیٚ؛ دیسان بانگی کرد:کاکی سوار! تۆخوا تائێرە بگەڕێوە. کابرای سوار گەڕاوە بۆ کن مام پیرۆتی و:چتدەویٚ بابم؟مام پیرۆت: ئەریٚ

کاکە ئەوزەویەی بەکەشاو بکەم یان بە سەردێر کێەیان باشترن؟! سوار :کەشاویش باشە بەلام سەردیر قایمترە. مام پیرۆت:جائەگەر وابیت بە سەردێری دەکەم. سوار:بەخوای جا بۆخۆت باشتر دەزانی. سوار وەڕیکەوت ولەسەرڕیێە، تەماشایەکی مام پیرۆتی کرد و لەبەرخۆیەوە گوتی جا ئەتوجوتێری نەزانی کەشاو باشترە یا سەردێر!

مام پیرۆت چاوی لەچاولیکردنی سواری‌بوگوتی، بەلێ زانیویەتی ودەچیت بەپاشای دەلێ؛ دیسان بانگی کابرای سواری کرد: کاکی سوار! کاکی سوار! توخوا بگەڕێوە کارێکی دیکەشم پێتە. سوار:ئاخ؛ هاوار؛ لە دەست ئەوکابرایەی نەجاتیم نابیت، دەڵەی شێتە، بۆجاری سێهەم گەڕاوەبۆلای مام پیرۆتی.گەییشتەلای:بەلێ؛چیە؟!چت‌دەوێ دەی مام پیرۆت چەبرسیاری دیکەی نەبو؟! ئەرێ کاکە ئەو گایە چاترە یان ئەوی دیکە؟! کابرای سوار:جا بابم ئەمن چوزانم، گاجوت، گاجوتی خۆتن بۆخۆت جوتیان پێ‌دەکەی ئەمن چ بلێم! نا! نا! ئەتۆچاتردەزانی پێم بلێ.سواردیتی کابرادەست بەردار نابیت پێی‌گوت هەرگایەکی ڕاست بڕوات و خەتێ خوار نەکات و مانێ‌نەگری ئەو گا، گای چاکە. مام پیرۆت:ئەو گابازوە ئەوی ئەتۆ تەعریفی دەکەی وایە. سوار:جا ئەوگایە لە گایەکەی دیکەت چاترە. کابرای سوار وەڕیکەوت، کە گەییشتە سەر ڕێیەکەی ئاوڕێکی وێداوە، دیسان لەبەرەخۆیەوەبڕێکیشی دەست وسەربزاوتن وگوتی پێم وابی ئەوکابرایە تەواو نیە، دەناچۆن گاجوتی خۆیەتی وبۆخۆی جوتی پێ‌دەکاولەمن دەپرسیت ئەوگایەچاترەیان ئەوی دی چابولەکۆلم بۆوەخەلاسیم هات لەدەست ئەوکابراشێتەی؟! مام پیرۆت کەدیتی سواردیسان ئاوڕی وێداوەگوتی، نەخێر زانیویەودەچی بەپاشای بلێ،بۆیەهەرئاوڕان دەداتەوەبانگی کرد:هۆی کاکی سوار! توخواوەرەکارێکی دیکەشم پێتە!سوار:ئەی کوڕە خۆلەکۆلم نابیتەوەبەشێتم دەزانی وەڵلا نایەم. مام پیرۆت:وەڵلا دێی! سوار:وەڵلا نایەم! سوار ئەوەی گوت و ڕکێفی لێداو هەلات ڕۆیشت.هەر سوار هەلات، مام پیرۆت داروباری هاویشتنەسەرنیری و تورەکەڵەی (کوپەکەی تێدابو)لە پشتی بەست وهاتەوە مالێ،

مام پیرۆت ژنێکی زۆرزاناوزیرەکی هەبو، ئەگەرچاوی بەمێردەکەی کەوت وئاوا زوو

لە جوتیڕا هاتبۆوە، زانی شتێك ڕوی داوە،مام پیرۆت بانگی ژنەکەی کرد:خەزاڵ دا ئەو گایانە داکە ! خەزاڵ غاریدا گایەکانی داکردن :ئەدی ئەوە ئەتو بۆکوێ دەچی؟!

مام پیرۆت :ئەمن دەچمە دیوانێ پاشای. خەزاڵ شکێکی کرد:وەرە ژورێ ماڵە حاجی هەباسی ماستێکی ئەوەندەخۆشیان بۆهێناوین؛وەرەپاروەنانێکی بخۆئەمنیش بڕێك تفاقی دەپێش گایەکان دەکەم، بەڵێ؛ خاڵ پیروتی بەئەوجورەی فریودا تورەکەی لە خۆیکردەوە، بۆ وەی ژنەکەی فکرێ نەکات دەناخۆئاگای لەهیچ نەبوهەرشکیکی کردبو، تورەکەی لەدەرێدانا.خەزاڵ نان و ماستی بۆمام پیرۆتی داناو بەبەهانەی گیاهێنانێ چۆ دەرێ، کوپەڵەی دە تورەکەیدا دیت، دەری هێناو،دە کۆخی نا.بەردێکی وەکو کوپەڵەی خڕ و لەباری لەدەرکێ بۆ دە تورەکەی ناو،

مام پیرۆت دوسێ پاروی نان خوارد ئەو ماستەی خەزاڵ دەیگوت، هەونەبو، نەیزانی بۆ فریودانیەتی بەتاڵوکە هاتەوە دەرێ بێ ئەوەی تەماشای تورەکەی بکات چونکەخەزاڵ زۆر زانایانەدەگەڵی هاتەدەرێ،تورەکەی لەخۆی بەست وچوبۆ دیوانی پاشای کە گەییشتە بارەگای پاشای،جوابی دەرکەوانی نەداوە ئاخیرەکەی ئیجازەیان بۆ وەرگرت؛ چۆ ژورێ لەشایە ئەوەی خەزێنەی بۆپاشای هێناوە.تورەکەی لەخۆی کردەوە ولەپێش پاشای بە عەرزێی داداو، بەردێکی خڕیلکەهاتەدەرێکەچاوی بەئەوبەردەی کەوت وەك تاسانێ تاسا،

پاشاو وەزیروناییب کە چاویان بەئەو وەزعەی کەوت وئەوبەردەخڕەوکابرائاوا بەڕاشکاوی بێتەدیوانێ پاشای لێیانپرسی ئەوە چیە؟! ئەو بەردەت بۆ هێناوەتە ئێرە. مام پیرۆت نەشەمزاوکوتی ئەوە دەگەڵ خێزانم گرێومان کردوە، ئەمن دەڵێم ئەوبەردە نیوپوت دەبێت خێزانیشم دەڵێ نیوپوت نابێت ،هەموان زانیان ئەوقسەوانیە. پاشازۆر هێدی و لەسەرەخۆ پێیگوت تەرازو هەبو کێشاباو مەعلوم دەبو؛ مام پیرۆت:ئاخر قوربان لە حزۆر جەنابی پاشای باشتربو. وەزیرێك ئەگەر چاوی بەکابرای و ئەو بەردە خڕەی کەوت بە پاشای گوت وانیە، ئەوکابرایە شتێکی دیوە، پاشا گوتی شتی چی دیوە؟! با بڕوا، وەزیر گوتی نەخێر قوربان شتێکی دیوە،

هێنایان دە دیوێکیان کرد، دەرکەکەی کون کونبو برێك دەوێدابو لەکونەکانڕا تەماشایان کردبەدەستان ، ئیشارەی دەکرد و تەعەجوبی دەکرد، کوپەولیرەکانی دێنانەوە بەرفکری خۆی ؟هێنایانە دەرێ و لێ یانپرسی:ئەوە چتدەگوت ؟!

مام پیرۆت: هیچم نەگوتوە:چۆن هەر بەدەستان ئاوات دەکردوسەرت ڕادەوەشاند؟ :ئەها! ئەوە دەمگوت پاشا کەللەی دەڵەی کەللەی دێویە، قینگی هێندە زەلامن دەڵەی سەکۆی پینەچیانە ...ـی دایکیشی ئەوەندوکەیە چۆن تێوەهاتوە؟!

پاشا برێك پێکەنی و گوتی بەرەڵلایکەن بابڕوا.

هەرئەووەزیرەگوتی ناقوربان! شتێکی دیوە، ئەوجار هێنایان دە دیوێکیان کردو بەدوکەڵی کایە قانگیان دا. مام پیرۆت وەپشم و هۆڕ کەوت هاواری کرد، دەرم هێننەوە پێوودەڵێم، هێنایانە دەرێ وەزیرو پاشا هەمو ڕاوەستابون پێیانبڵێ، دەی بڵێ بزانم. مام پیرۆت زانی بۆێ دەچێتەسەرێ خۆی لێ شێت کردن دەڵێ پاشا! پیاو بەدوکەڵی کایە زو دەخینکێ، جارێکی دیکەهێندە کەرمەبە،کەس بەدوکەڵی کایەقانگ مەدە.

دیسان پاشا گوتی بەرەڵلایکەن بابڕوا،وەزیر گوتی نا! پاشا! شتێکی دیوە، بەڵێ هێنایان دەمەڕیان وێدان وکەبیانلەوەڕێنێ. گوتیان ئەوەدەمەڕەن مام پیرۆت:بەڵێ دەمەڕن،دەکەسیشیان هێنان وگوتیان ئەوەش دەکەسن؛:بەڵێ دەکەسن:هەریەکەی مەڕێکی بگرن.هەریەکەی مەڕێکیان گرت.دوبارەگوتیان دە مەڕتەواون؟! مام پیرۆت :بەڵێ تەواون؛ دەبڕۆهەتائێوارێ بیانلەوەڕێنە ئاگات لێبن؟ گوتیان بابزانین هۆشی هەیە دەزانی بیانلەوەڕێنی و هەموان دێنێتەوە.خەزاڵ ئاگای لێبو.زانی خەریکن فێلێکی لێ بکەن کوپەکەشی چاك شاردبۆوەچوبرێك مام پیرۆتی خافلاند،بەبیانوی نان خواردنێك یا٠٠ هەتا هاتەوە مەڕێکی لێدزی ،مام پیرۆت زانی مەڕێك نەماوەبەلام وەسەرەخۆی نەهێناوونەشی وێرابیان بژێرێتەوە.ئێوارێ مەڕەکانی بردنەوەئەگەربژاردیانن،نۆمەڕمابون گوتیان ئەوەنۆمەڕن؟! مام پیرۆت:بەڵێ نۆمەڕن.:ئاخر بەیانی دەمەڕ بون؛:بەڵێ دەمەڕ بون:ئەدی ئەوی دیکە چیلێ هات؟! مام پیرۆت:هەرئەوەندەبون.دوبارەپرسیاریان لێ کردەوە

:باشەئاخربەیانی دەمەڕنەبون مام پیرۆت:بەڵێ دەمەڕبون ئیستا خونۆمەڕماون ،
مام پیرۆت :بەڵێ نۆمەڕماون ئەدی ئەوی دی چی لێ هاتوە،مام پیرۆت :هەرئەوەندەبون.
پیاوی پاشای بانگیان کرد.دەکەس هاتن.گوتیان ئەوەدە کەسن! :مام پیرۆت :بەڵێ دە
کەسن:مەڕەکانیش دەبون:دەڵێ دەبون ئەرێ بۆهێندەی دەڵێن!هەرکەسەمەڕێکی بگرن.
هەریەکەمەڕێکی گرت، پیاوێکیان بێمەڕماوە.گوتیان باشەئەدی مەڕی وەی کوانێ؟!
مام پیرۆت: دەی خۆئەمن دەستیی ئەوەم نەبەستبۆن بابۆخۆی وەکوئەوانی دیکە
مەڕێکی گرتباوە.چی لێ بکەم پاشاگوتی بابەلێیگەڕێن بابڕواخۆئەوە شێتە!وەزیر دیسان
گوتی قوربان شتێکی دیوە وەمنی دە. پاشا:باشە ئەوە وەتۆم دا بزانم چی لێدەکەی؟!
ئەوجار وەزیر باڵتۆی خۆی وێدا گوتی بڕۆ ئەوباڵتۆیەی بفرۆشە. مام پیرۆت باڵتۆی
بە سەرشانیداداو بەکوچەیدا هاتەخوار؛ قەزاوقەدەر ڕێگای کەوتەدەرکێ ماڵە وەزیری،
بەوێداهاتەخوارێ و. ژنی وەزیری لە دەرکێ قەدەمی لێ دەدان،چاوی بەباڵتۆیەکەی
وەزیری کەوت ناسیەوەوبانگی کرد:کابرا داوەرە!مام پیرۆت هات:بەڵێ چت دەوێ خانم؟
: ئەوەئەوباڵتۆیەی چلێدەکەی ؟

مام پیرۆت:دەیفرۆشم.خانم :بەچەندی؟ مام پیرۆت:بە تمەنێك و ٠٠کی
خانم دەڵێ برۆبرۆ قسەی بێجێ بۆ دەکەی؟
مام پیرۆت:جاخانم مەیکڕە!مەجبورم نەکردوی ئەمن ماڵی خۆمەو ئاوای دەفرۆشم.
مام پیرۆت ڕۆییشت و ژنی وەزیری بەقەرەواشێی گوت، بە خوای باڵتۆی وەزیریە دەبێ
بۆکوێی بەریت؟ قەرەواش:خانم خۆ ئەمن دەنگێ ناکەم ئەگەر پێت خۆشەهەتا بانگیکەم
لێی بکڕە. ژنی وەزیری بوخاتری باڵتۆی وەزیری کەبەخۆڕایی نەچێ دەڵێ دا بانگیکە.
قەرەواش بەغار وەدوایکەوت، مام پیرۆتی هێناوە، دوبارە لێیپرسی:ئەگەر دەیفرۆشی
چەندی دەڵێی هەتا پوڵت دەمێ؛ مام پیرۆت:خانم عەرزم کردی لەوەندەی کەمتری نادەم
جابۆخۆت دەزانی.بەڵێ خانمێ وەزیری باڵتۆی وەزیری بەدڵخوازی مام پیرۆتی
لەمام پیرۆتی کڕیەوە. پوڵ وحەقەکەی دایەومام پیرۆت بەکەیف خۆشی گەڕاوە بۆ دیوانی

پاشای، پولەکەی لە پێش پاشای دانا؛ وەزیر و نایب وەزیریش بۆخۆی لەوێ دانیشتبو: چۆن بالتۆیەکت بە تمەنێکی داوە؟! ئەوە بە کێت فرۆشتوەواهەرزان؟:

مام پیرۆت:بە ژنێ وەزیرم فرۆشتوەدەلێن بەتمەنێکت فرۆشتوە؟ :ناوەللا؛ بەتمەنێکی وبە... کم فرۆشتوە.ئەگەروای گوت،وەزیر.ڕوی لێ وەرگێراوزۆری پێنا خۆش‌بو،هەرای فەراشی کرد:وەرەئەوپیاوەی بەرەلەدەری شاری بەرەڵلای کەن خۆشێتە،

ئەوجارپاشاگوتی:نا!نا!وەزیر!شتێکی دیوە،برێکی دیکەشی لەئەولولایان دە بزانە چی دیکەی لێ پەیدانابێ پاشادوسێ جاران بەوەزیری گوت دەی دەی شتێکی دیوەدەی!

ئەوجار مام پیرۆت هاتەوەماڵێ،برێکی نارەحەتی کێشا،بەلام لەباتی ئەوهەموزەحمەتەی تۆڵەشی کردبوۆوە شتێکی وای وەدەستکەوت ئەگەرنرخی ئەوزەحمەتەی هەبیت گەییشتەوە ماڵێ ژنەکەی پێی‌گوت جا هەتا دەمری بیخۆ لە سایەی ئەو. کەللەیەوە.

چوێلەکە و سی مسقالٚ زێڕ

کابرایەك چوێلەکێکی دەگری، چوێلەکە لێی دەپرسی:چم لێدەکەی؟ کابراش دەڵێ دەت خۆم چت لێ دەکەم.چوێلەکە:مەمخۆسێ نەسیحەتانت دەکەم بەئەوشەرتەی لەگوێی بگری،ئەوەچاکترەلە پاروە گۆشتێکی من. بەڵێ کابرا ڕازی بو،چو ێلەکەی لە سەر بەری دەستی دانا.چوێلەکە گوتی ١ـ لەدوای چوان مەڵێ ئاخ ٢ـ کچەتیوان مەکەبەشەوچراغ ٣ـ بەرکوێرەکانیان مەکەبەباغ،کابراش هەموی گوێ لێ بون وگوتی زۆرباشەبەقسەت دەکەم ،ئەوجارچوێلەکەچولەسەردارێکی هەڵنیشت وڕوی دەکابرای کردو گوتی ئەتو ئەمنت بۆ بەردا؟کابرا :بۆ،چوێلەکە!: ئەمن سی مسقالم زێڕ دە ئەوکی‌دایە؛ دەگەڵ چوێلەکەوای‌گوت،کابراگوتی ئاخ چۆن لەقیسم چوی فێڵت لێ کردم!چوێلەکەڕوی تێ دەکا ودەڵێ باشە قەرار نەبو لەدوای چوان نەڵێ ئاخ، ! خۆ ئەمن هەمو لەشم بیست مسقالٚ نابیت، سی مسقالٚ زێڕ چۆن دە ئەوکێ من دادەحاوێتەوە کابرا گوتی وەڵاهی وایە،دەی باشە ئەوانی دیکەم پێبڵێ. چوێلەکە گوتی نەسیحەتی ئەوەڵێت زۆر جوان دەگوییگرت نۆرەی ئەوانی دیکەیە جیقیکی کرد و هە ڵفڕ ی وڕۆ یشت ؟!

خاچی ئەرمەنی

دوکاندارێکی ئەرمەنی خاچی فرۆشتنیێ هەبون،خاچێکی لە دەرێ هەلأوەسیبو بۆفرۆشتنێ؛ پەلەوەرێك هەموڕۆژێ دەهات وبەخاچەکەی هەڵدەڕیا و دەڕۆیشت، ئەوکابرایەبەفکری خۆی وایدانا کە ئەو پەلەوەرە مسوڵمانە و خاچی ناخۆشدەوێ بۆیە پێی هەڵدەڕی. بۆ تاقیکردنەوەی، پێالێکی مەشروب لە قەراغ خاچەکەی دانا هەمان پەلەوەرهاتەوە، مەشروبەکەی خواردەوە، دوایەش بە خاچەکەی هەلأڕیا و لییدا ڕۆییشت ئەوکابرادوکانداره زۆری پێ سەیربو. سەری هەڵێنا، هەر چەند تەیرەکە لەوێ نەمابو، گوتی ئەگەرئەتومسوڵمانی ئەومەشروبەت بۆخواردەوە؟ بەمەزهەبی مسوڵمانان مەشروب حەرامە،ئەگەرمسوڵمانیش نی،خاچ لەلای غەیرەمسوڵمانی خۆشەویست وموقەددەسە، بۆبەخاچی هەلأڕیای.

هەیاس و تاقیکردنەوەی سێ کۆگڵ

ڕۆژێکی هەیاس بەنێوبازاڕیدادەڕۆیشت چاوی بەکابرایەکی کەوت سێ کۆی گڵ دانابو بۆفرۆشتنێ چوکن کابرای پییگوت کاکە ئەوە کۆی بە چەندیە؟

کابرا، دەڵێ بەسیرێکیە.هەیاس سیرێکی دەرهێنا.وەکابرای داوگوتی مەعنای ئەو کۆیەی چیە پێم بڵێ؟ کابرا دەڵێ ئەو خاکە وەسەر ئەوکەسەی ئیعتیبار بە زاڵمان دەکات. هەیاس سیرێکی دی دەرهێنا وەکابرای داوگوتی مەعنای کۆی دوهەم چیەبائەویش بزانم؟ کابرا دەڵێ ئەو خاکە وەسەر ئەوکەسەی سرڕی خۆی دە بەردەستی ژنێ نا.
هەیاس سیرێکی دیکەشی دەرهێناو،وەکابرایداوگوتی مەعنای کۆی سیهەم چیە بابیزانم وبێ خەم بم ودیارەبەخۆڕاییش ناچی؟!

کابرا دەڵێ ئەو خاکە وەسەر ئەوکەسەی بێگانەی گرت و خۆییبەردا.

بەڵێ ·ئەو سێ قسەی زۆر جوان هەڵگرتن، ڕۆژێکی دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی ئەو سێ قسانە.چو بەرانی سوڵتان مەحمودی هێنا لە ماڵێ شاردیەوەو،بەرانێکی خۆی کوشتەوە،لەکن ژنەکانی گوتی ئەوە بەرانی سوڵتان مەحمودیە کوشتومەتەوە.بەرانیان

کەوڵ کردودەگۆشت وردکردنیدا بەهانەی بەژنەکان گرت ودەگەڵ ژنەکانی بەشەڕهات، چونکەهەیاس دو ژنی هەبونە یەکیان خزمی خۆیبو ئەوەی دیکەش بێگانەبوە،

ڕەژنەکانی کەوت ژنە بێگانەکەی بۆئەوەی خەڵك بزانی وئەوکارەی لێ ئاشکرابێ لەنێو کوڵانی نەڕپاندی:خۆ ئەمەش بەرانی سوڵتان مەحمودی نین بنکوژیەوە. ئەو ڕۆیی، ژنەکەی خزمیشی بەبێ دەنگی چۆماڵەجیرانیکی؛هەیاس ئێێکیکی ناردەکن ژنەکەی خزمی و:پێیبڵێن کێردەکەلەکوێیە ئەوەبۆی مەحتەلم؟! ژنە کە: ئەوە لەنێو گەلا کەلەمان‌دایە ئەوکەلەمەی لەبەر دەستن‌دابو و وردن دەکرد، گۆشتی کردە کەلەم؛ گوتنی ژنەکەی زۆر پێ خۆش‌بو،بۆخۆی چوژنەکەی دڵخۆشی داوەو هێنایەوە ماڵێ و ژنە بێگانەکەشی قەت نەهێناوە؛خەبەربەسوڵتان مەحمودی گەییشتەوەکەهەیاس بەرانی تۆی دزیوەو کوشتویەتەوە،هەیاسیان هێناوحوکمی درا.دەبێ ئیعدام بکرێت چونکەخەیانەتی بەئەمانەتی شای کردوەلەبن داری ئیعدامیان ڕاگرت هەیاس خزمی زۆربون بەلام هات و چۆی لەگەڵ نەبون و نەیدەخوێندنەوە، ئەگەر خزمەکانی خەبەری ئەوەیان زانی سوڵتان هەیاسی لە سەر بەرانی ئیعدام دەکات هەموکۆبونەوە،هەرچی هەیان بوحازربون بیدەنە سوڵتانی لەباتی خوینی بەرانی هەتا لە هەیاسی خۆش‌بیت و بێگانەکانیش هەمو گیفەی سمێلانیان دەهات، هەیاس کەئەوەشی تاقی کردەوە بانگی جەللادی کرد:بەرانی سوڵتانی ئەوەلەماڵێیەو ساغ وسلامەتە؛چون بەرانی سوڵتانیان هێناوە.هەر سێ کوی تاقی کردنەوەجا ئەوجارلەئەوداخە ی خۆی لە سوڵتانی ونکرد،وای خۆ لێ شاردەوە هەرچەندی گەڕان نەیاندیتەوە ئاخرەکەی ئەوتەگبیرەیان بۆ کرد، جا هێنایان هەردیێەی گیسکیکێان بەکێشان تەحویل دان هەتاماوەیەکی دیاری کراو بەخێویبکەن، نابی نەکز بیت ونە قەڵەو.پاش ماوەکەی گیسکەکانیان هێنانەوە، ئی وابو دو سیێ زیادکردبو ئی وابو سێ سیێ کەم کردبو، هەیاسیش چوبولەدیێەکی چوکەڵە،ببوە ئاشەوان، گیسکیان هێنان و گوتیان نابی نە قەڵەو بیت و نە کز، ئاغای ئەو دیێەی زۆری فکر کردەوە دوایە عالەم بە ئاغایان گوت ئەو کارەکاری ئەو ئاشەوانەیە؟کەس نەیدەزانی ئەوەهەیاسە،گیسکیان

وەئاشەوانی دا. هەیاس دو فەرخە گورگی گرتن هەتا ئێواریٚ گیسکی زۆربەجوانی بەخێودەکرد و ئێواریٚ فەرخە گورگی پیٚ نیشان دەدان، وەکو خوٚی لیٚدەهاتەوە،

تەنیا گیسکی هەیاسی لە قەراری خوٚی مابو وەدەنا ئی منداربوشیان تێداهەبو، بەئەوجورەی هەیاسیان بوسولٚتان مەحمودی دیتەوە.

هەیاس و نەججار

رۆژێکی سولٚتان مەحمودی غەزنەوی دەگەلٚ هەیاسی لەنێوشاری دەگەڕان ؟ نەجارێك باسکی هەلٚکردبون، دەستی دە کەلەکەی نابون و دەهات و دەچوو،دەیگوت ماشاالله خودایە ئەوەی دەیزانم هیچ هونەری نیەدەیزانم، ئەوەی نایزانم ئەویش هەر دەزانم! دەنکەجوٚی لە سەر نینوٚکی دەتاشی.

سولٚتان ڕوی دە هەیاسی کردوگوتی ئەوە بوٚوا دەلٚیٚ ؟ بوٚ وا دەکات چیە؟!

هەیاس:قوربان ئەوە لە مالٚیٚ دلٚی خوٚشە ژنی، ژنی چاکە، بوٚیە وایە!

سولٚتان:بزانەنایگوٚڕی هەیاس! بزانین ئەودەمی چوٚنە.

بەلٚیٚ هەیاس چەندکەسی ناردن هەرجورێکی بو یا.هەرفێلٚێك، ژنەیان لەخشتەبردو گوٚڕیان، رۆژێکی دیکە سولٚتان دەگەلٚ هەیاسی بە بەردەرکی دوکانی نەجارێدا هاتن، باسك و قامکی هەمو برینـدار ببون، بە پەڕۆیان بەستبونی و دەیگوت ماشاالله خودایەئەوەی نایزانم، نایزانم، ئەوەی دەمزانی ئەویش هەرنازانم وله بیرم چوٚ تەوە؟،

سولٚتان زگی پیٚسوتا گوتی هەیاس! زۆر فەقیرە،بوٚی چاك کەوە.

هەیاس دەلٚیٚ قوربان پێم خەرادەکەی وپێشم چادکەیەوە؟سولٚتان دەلٚیٚ چارەنیە، ئەوجارهەیاس چوکوٚنەلولینیٚ کی دەست دایە،کوٚنەعەباومەبای دەبەرکردن و چوٚ مالٚە کابرای نەججاڕ، تاوێکی لەویٚ ماوە،دوایە لە ژنەکەی پرسی بچمە کویٚ برێکم کاری ئاویٚ هەیەو،دەست نوێژێش هەلٚدەگرم، ژنەش کەلاوێك یاجێگایەکی نیشاندا،

هەیاس چو، لە گەڕانەوەیدا لولینەی شکاند ودانیشت ودەستی کرد بەشین وگریانێکی مەگەرئەوخودایەبزانی؛ ژنە هات وگوتی کاکە ئەوەبوٚدەگری چەبوە؟

هەیاسیش:لولێنەکەم شکاوە بۆلولێنەکەم دەگریم ژنە:جا ئەو گریانەی بۆ چیە؟ ئەوەت دوقڕان بچو لەبازاڕی لولینێکی تازەوجوان بکڕەو،وەرەوە. هەیاس بەگریانەوە گوتی های هو! های هو؟؟ ئەوە لە عەیب وعاری من بەڵەد بوە هەتا لولینێکی دیکەلە عەیب و عاری من بەڵەد دەبیت ئەوە زۆری دەکێشی؟؟

ژنە کەئەوقسەی گوێلێبوزویەکی سەری زبانی خۆی گەست وگوتی بەخودای ئەوە بێ ونەبێ هەیاسەودەگەڵەمنێتی ودیارەلەکارەکەی من ئاگاداربوە؟بەخۆڕاییێ نیە، ئەمنیش ئەوەلەسەردەستی خوداو پیغەمبەران تۆبە؛ هەیاس هاتەوەوخەبەری بەسوڵتانی دا.

پاش ماوەیەکی دیکە سوڵتان دەگەڵ هەیاسی هەر بەئەو جێگایەیدا ڕۆییشتن هەتابزانن نەجاروەزعی چۆنەچەدەڵێ ؟چەدەکا؟نەجاریان دیت هەروەکو پێشو دەستی دە کەلەکەی نابون ودەهاتو دەچوو دەیگوت ماشاالله! خودایە؛ ئەوەی دەیزانم ئەوەدەیزانم هونەری نیە،ئەوی نایزانم ئەویش هەردەزانم، دیسانیش دەنکە جۆی لە سەر نینۆکی دەتاشی ئەوجارسوڵتان گوتی زۆرباشەباڵاوا بمێنیتەوە.

❊ ❊ ❊

هەیاس

سوڵتان مەحمود ڕۆژێکی لەدیوانێ دادەنیشی ودەڵێ هەیاس چ خۆشە هەیاس دەڵێ هێ(یەعنی هێلکە).چونکەوەك ئیستاخۆشت ئاوا زۆرنەبوەسوڵتان هیچ ناڵێ. هەتا چەند مانگان، ڕۆژێکی بۆزانایی ولێ زانی هەیاسی دەعەینی تاڵوکەیدا دەڵێ هەیاس بە چی؟! هەیاس زوێکی وەبیری د ێتەوە کە فلانە ڕۆژەی لێیپرسیوە چ خۆشە و ئەویش پێیگوتوەهێ؛ ئێستا دەڵێ بە چی ئەوە دەگەڵ هێلکەیەتی، ؟

دەگەڵ گوتی بە چی ،هەیاس گوتی . قوربان بە خۆی.

❊ ❊ ❊

گوێلکەسور

دەڵێن کابرایەك بە خۆی و بە ژنیْ ،دەماڵیْداژیانیان ڕادەبوارد،ئەوژنومێردەلە سەروەت وساما نی دونیایەش مانگایەکیان بە گوێلکەوە هەبو، لەبەر بەدبەختیْ مانگایەکەیان مرد گوێلکەسور بۆدەردەسەریان ماوە، ئەو ژن ومێردە، گوێلکەکەیان پیْ بەخێونەدەکرا، هەموڕۆژی لەسەر ئاودانی ئەوگوێلکەی لیْیان‌دەبیْ بەهەللاّ.کابرابەژنەکەی دەگوت ئەوبەستەزبانەی ئاودە. ژنە:بۆخۆت دەبیْ ئاوی‌دەی ئەوەکاری پیاوانە.

بەلیْ هیچیان ئاودانی گوێلکەسوریان وەستویْ خۆ نەدەگرت. ئاخیری لە سەر ئاودانی گوێلکەسوری قولْ و قەپیان کردوهەرچی دوڕاندبای دەبا گوێلکەسوری ئاودابا.

ژنە تەشی دەست دایەو چۆماڵە جیرانیان، دەستی بە تەشی ڕستنیْ وقسەوباسان کرد، ماڵە جیرانەکەیان دۆکلێویان لیْنابو، قاپێکیان دوکلێوبۆمێردی پورئامینیْ ناردو، خالۆش ئەوەلەماڵیْ لێی دانیشتوەودەلەی میرە،ئەومندالەی دوکلێوی بۆبردبوهەریانگی دەکرد مامە:دوکلێوم بۆ هێناوی.کابرا هەرجوابی نەدەداوە.مندالەبڕێك سەرەسودرەو.. بەدفەڕبوچونکەئەویش هیچ جوابێکی نەداوە،لە سەرڕا دوکلێوی بە سەرو چاوی کابرای‌دا ڕشت وچۆوەماڵە خۆیان و باسی هیچی نەکرد پاشان کەچە سواڵکەرێك وەژوردەکەی و هەرچەند بانگی دەکاودەلیْ دە ڕیی خودایدا خێرێکم پیْبکە کابرا هیچ جوابی نەداتەوە. سواڵکەر کە ئاوا دەبینیت وادەزانی ئەوەکەڕولاڵە.دێنی لاسمێلێك و لابروێەك و لایەکی ڕدێنی کابرای دەتاشیت دیسان خالْ مامەند وەجواب نایەت دەدلی خۆێداگوتویەتی قسان ناکەم باتوشی ئاودانی گوێلکەسوری نەبم و هەر وەسەرەخۆشی ناهێنیت لەترسان ،

سواڵکەرکەئاواوەزعی کابرای زۆرخەراب دەبینیت·وەهەرچی هەبو بەوەزن سوك و بە قیمەت گران دەستێکی لەڕەنێوماڵی دەخاو لەکۆلی دەبەستی و لێدەدا دەڕوا؛

ژنی خالْ مامەندیش ئەوەلەماڵە جیرانەکەیانەوئاگای لەهیچ کارەساتێکی نیە وەختێکی ئەگەردەگەڕێتەوەماڵیْ،چاوی بەمیردەکەی دەکەوی دەبینی لاسمێلێك ولابرویەك ولایەکی ڕدێنی نەماوەوهەموگیانیشی ئەوەبەدوکلێوبووە:ئایاڕۆئەوەبۆ وای؟!کیْ وای لیْ کردوی؟

خاڵ مامەند دەست پێ دەکا ئەی! لێمنەبردیەوەبڕۆ زوگوێلکە سوری ئاودە و جارێ لەئەو قسانە گەڕێ. پور ئامین:باشەباشە! دۆڕاندومەوگوێلکەسوریش ئاودەدەم، بەلام پێمبڵێ بزانم کێ وایلێکردوی؟ خاڵ مامەند بوێگێڕاوە.ئەوجار پورئامین تەماشای ماڵێی کرد، چی بەکەلکیشیان دەماڵێ دانەماوەخێرا سوێنێکی ئاولەپیش گوێلکەسوری دانا.:ئەگەر خواردیەوە سوینەکەی لە پیش وەلابەرد هەتانەشکێت و،پیی گوت ئاگایەکیشت لە ماڵێ بیت هەتا دێمەوە.

خاڵ مامەند:دەچیە کوێ؟ پور ئامین:دەچم ئەوشمەکانەلەسواڵکەری دەستێنمەوە. نابی بەخۆڕایی بچن،پورئامین وەڕیکەوت، لەنیزێکی دێیەکی دەیگاتی، سواڵکەر شتەکانی لە کوڵێ بەستبون.پورئامین شتەکان دەناسیتەوە،بەلام نەێدەویست وابەسوك وسادەیی شتەکانی لێ بستێنێتەوەدەڵێ باپەندێکی بەسەربێنم.پورئامین لێی نیزێك بۆوە وردە وردە بەقسەکردن خۆی دەگەڵ ڕێك خست. سواڵکەر؟:ئەتۆکیێ چ دەکەی،پورئامین دەڵێ بێکەسم.سواڵکەرم:مێردت نیە؟پورئامین:نانیمە مێردەکەم لەمێژەمردوەو دەبەرئەو خاکەی دەمرم ئەگەرعەبدولکەریمی تێدایەبڕێکیشی فرمێسك بەدرۆبۆهەلوەراندو،

سواڵکەرئەگەرئاوای گوی لێ بو،گوتی بزانم فریوی نادەم ئەوەباشە بێ کەسەچاك ڕێك دەکەوین سواڵکەریش دەڵێ ئەمنیش ژنم نیە،جائەگەروایەبۆناییەی مێردی بەمن بکەی؟ ئەگەرپێن خۆش بودەست لەسواڵیش هەڵدەگرین وکارێك کاسپێکی دی دەکەین پورئامینیش ئەوقسانەی بۆیەکردن هەتاسواڵکەری فریودابورئامین:پێمخۆشە، هەردوکن لەتەنیای وەدەردەکەوین، بەلام جاری قەرارما ن ئەوەبێ هەتا لەکن مەلای مارەم نەکەی نابی دەستم لیێ بدەی باتوشی بێشەرعێ نەبین هێندێك نەسیحەتانیشت دەکەم،: ئەگەر گەییشتینەئەودییەی جارێ بۆخۆشم سواڵێ دەکەم، بلێ لە شاری خانوبەرەودوکانم هەیە لەئەوگەورە دییەی کوڕێکم فەقێیە،شت ومەکی تازەم بۆبردون وئەوشت ومەکە کۆنانە دەبەمەوەماڵێ دەیان کەمەخێر ئەوجارئامین دەڵێ شەوێ نانی کەم بخۆ چونکەلەدێهاتی دەڵێن سابلاغی کەمخۆرن، هەر دو پاروان بخۆو بکشێوە، هەرچەندی پێشت بڵێن بخۆ،

مەخۆو بڵێ عادەتم نیە شەوی نانی زۆر بخۆم، وەختی نوستنێش بڵێ هاوینەدەرێ لەژورێ خۆشترەشمەکی خۆمان پێیەو دەگەڵ خێزانم لە سەربانی دەنوین؛ ئەگەپور ئامین لەقسان بۆوە،کابرا لێیپرسی:ئەدی نیوت چیە؟ پور ئامین:وەللاهی دایك وبابم نێوێکی ئەوەندە خەراپیان لێناوم هەرچەندی دەکەم لەڕوم هەڵنایەت بە سەر زاریدابێنم ئەوە عەبدولکەریمی ڕەحمەتیش هەردەیگوت گچێ کەمتەرنێوی هەڵدەدام. کابرا:نا نا! بێڵی جاهەرچی بیت چارە نیە، دوایە ئەگەرێێت خۆشبو نێوت لێدەگوڕم. پور ئامین:نێوم بریمە. بەڵێ گەیشتنە دیی و لەماڵێکی وەژورکەوتن :ئەوەلەکویڕا هاتون بۆ کوێ دەچن؟ سواڵکەرو پور ئامین:کوڕەکەمان لەئەو دێیەی سەرێ فەقێیە، نوێن و شتی تازەمان بوٚ بردوە، دەگەڕێینەوە ماڵێ، ماڵمان لە شاریە وخانوبەرەودوکانمان هەیە. ئەو ماڵە زۆریان قەدرو ئیحتڕام گرتن. شەوێ کاتێك نانێان بۆ هێنان کابرای سواڵکەر هەردو پاروە نانی خواردو کشاوە، هەرچەندی خانەخوێ:بابم بخۆ، شێوەکەزۆر زەریفە.سواڵکەر: نا ناتوانم، هەر عادەتم نیە شەوێ نانی زۆر بخۆم. بەلاَم پور ئامین بەکەیفی خۆی تێی ئاخنی و خواردی. وەختی نوستنێ هات، گوتیان لە سەربانی بەنوێنی خۆمان دەنوین هەوای دەرێ خۆشەهەوای ژورێ گەرمە.خانەخوێ زۆریشی پێ خۆش بو. چونەسەربانی، پورئامین لە گەڵ سواڵکەری لە سەربانی درێژبون بەلاَم کابرا لەبرسان ولەتاوکاری دیکەخەوی لێنەدەکەوت، زۆری ئەولاوئەولا کرد بێفایدەبو،چونکەفێری مفتە خۆری و زۆر خۆرێش ببو ئەوجاربەپورئامینێ گوت چم لێدەکەی؟ پور ئامین:بۆ؟ کابرا:بەخودای ئەوەلەبرسان دەمرم! پور ئامین:جارێ دەنگێ مەکە باخەویان لێبکەویت، ئەودەمی بەئەوکولانە گەورەیدا ڕویەڵت دەکەم، بچو دیزەی ماستی لەبن کۆڵەکەیەو نانیش لە سەر پێڕکییە، خۆ ئەمنیش نانم نەخواردوە،ئەوەلەبرسان دەمرم.سەبریان گرت هەتا لێیان مەعلوم بوکە ماڵە کابرای نوستونە. پور ئامین دەڵێ جا ئێستا وەختیەتی. کابرای ڕویەڵ کردە خوارێ. سواڵکەر زۆر چونەتە ماڵان هەمو شتێکی پێدەزانن، چو نانی دیتەوەو نردوێکی نان دەبن هەنگڵێ گرت و دیزە ماستی دەستدایە وبە پشتێندێ سواڵکەری ڕۆهێشت بۆ خوارێ

پشتێندەکەی ڕاوەشاند، پور ئامین هەڵیکێشاوە، هەتا نێوقەدیێ، لەنێوەڕاستیێ عەرزی و بەری‌میچی، کابرای ڕاگرت،پێشتردارێکی هێنابو،پشتێندەکەی لیگرێدا، کابرابەحەواوەمابۆوە، ژنەشت ومەکی دەستدانیێ و گسەڕاوەبۆماڵیێ وزوێکی گەییشتەوەماڵیێ لای خاڵ مامەندی کابرای سواڵکەریش ئەوەهەرخۆی ڕادەوەشێنی وپشتێندیێ ڕادەوەشێنیێ و چ خەبەرنیە. دو سیێ جاران لەسەرەخۆ بانگی دەکات:بریم؛ بریم. بەڵام جواب نەبو. ئەوجار کابرابەحەوایەوە شل دەبیت ودەنگی هەڵدێنیت ودەڵیێ بڕییم؛ بڕییم! ساحێب ماڵ بەدەنگی سواڵکەری وەخەبەر دێت و دەڵیێ کابرا! لێرە مەڕی؛ کولانەیە، بچۆو ئەولای بڕی وایزانی لەسەربانیەوخەریکە گوی دەکو لانەی بکات سواڵکەرئاخری دەستی شل دەبیت، دیزە ماستی لە دەستی هەڵدەخلیسەکیێ و بەردەبێتەوەشلپەی دیێ ودوایەنانەکەشی لیێ بەردەبێتەوە، دەگەڵ دیزە ماست وەعەرزی دەکەویێ ودیزەی گڵی دەشکیێ ودەبێتەشلپ وهۆڕکابرای ساحێب ماڵ هەرای ژنەکەی دەکات:هەستە؛ کابرا هێندەی ڕیوەهێندەی ڕیوە، چ ولاتی نەهێشتوە،پێی وابودەکولانەی ڕیوە چرایان هەڵکردەوە دیتیان کابرا لە نێوانی عەرزی و بەری میچی، هەلاوەسراوە، نان و ماستیش بەگۆڕیێوەربوە، لێیان پرسی:ئەوە چیە کاکە؟! ئەتو بۆ لەوییێ ئەوەکیێ هەڵی ئاوەسیوی؟!

کابرادەڵیێ بۆخاتری خودای جاریێ لێمگەڕێن هەتا لێرەم دەکەنەوە جاهەمو شتێکو بۆدەگێڕمەوە پسام؛ چون لە سەربانیڕا کابرایان لیکردەوە. ئەویش ئەوەی بەسەری هاتبو بۆیگێڕانەوە. چون چاویان لە سەربانی کرد نە شمەك مابون و نەپورئامین

ماڵەکابراش هێندێکیان سواڵکەرتف ولەعنەت کردوهەرئەبەئەوشەوەی وەدەریان نا.

بەڵیێ؛ پور ئامین بەئەوجورەی کابرای سواڵکەری تەنبیێ کردو شمەکیشی بۆ ماڵیێ بۆ لای خاڵ مامەندی هێنانەوە ، بژی پور ئامین،،

تاهیر بۆتە جوتێر

کابرایەك بەخۆی وبەخوشکی دە ماڵێدابون، خوشکەکەی برێك دەنێوەوە چوبۆ بۆخوشی تەمەنی لە خوشکەکەی زیاتربو؛ کە هێشتا کاك تاهیر،نەبۆخۆی ژنی هێنابوونە حومەیرای خوشکیشی،مێردی کردبو،دیارەوای بیرلیٚ دەکری کاك تاهیرچاوەڕوان بوەئەگەر ژن وپیاویکی وەدەستکەویت هاوتەمەنی خۆی و خوشکی بیت و ژنبەژنەی پیٚ (دەگەلٚ) بکات، بەلاٚم بوٚی پێك نەهاتبو ئاوا مابونەوەو (چاوەڕوا نی ئەوڕۆژەیبوە)

سەرە بەهاریٚ ئاو، عەرزی دەدرِی و عەرزیش نەرمترە، ڕۆژێکی تاهیر جوتی دەکرد لەناکاو کەللەسەرێك وەدەرکەوت دەستیدایەو تەماشای کرد بەئەمری ئەوخوداییەی لە نێوچاوانی کەللەسەرەکەی نوسرابوئەو ئینسانە حەفتا قەتلی کردوە؟

ئەگەرتاهیرئەوەی چاوپیٚکەوت هەتاتوانی وبەهەموهیزی خۆی کەللەسەرەکەی لە بەردێکی داو کەللەسەر وردبوبەلاٚم شتێکی ڕون وجوان بەقەرای دەنکەمورویێکی لەکەللە سەرەکەیٚ هاتەدەریٚ. تاهیر هەلیٚگرتەوەوزۆری تەماشاکردوئەوجاردەباغەلٚیی نابە فکری خۆی گوتی بچمەوە ماڵیٚ دەیدەمە حومەیرایەخوشکم.کەگەییشتەوەماڵیٚ لەبیری‌چۆوە هەتا ڕۆژێکی تاهیر پاتۆلی داناخوشکی بۆی بشوات، دە پێش شیوکردنیٚداعادەت ئەوەیە باغەلاٚن بگەڕێن، حومەیڕا ئەگەر لە باغەلٚی کاکی ڕوانی و ئەو شتە ڕوناکەی چاوپیٚکەوت ئەویش زۆری پیٚ جوان بو،لەبەر ون بونی لێرولەویٚ دە زاری ناو بەهەردو لێوان گرتبوی وبەدەستان شیوی دەکرد لەناکاو چۆدەگەرویەوە،بیٚ ئیختیار قوتی دا،ئیدی کە قوتدرا خلاٚس کەس باسی هیچی نەکرد،نە تاهیر ونەحومەیڕا چونکەتاهیر،هەرلەبیری نەمابو وحومەیڕاش پیی شتێکی وانەبوباسی بکات ؟چوارمانگان دوایە حومەیڕا بە خۆیٚ زانی وتاهیریش چاوی پیٚ کەوت کە ئەوە وردە وردە زگی لەژێلاٚ دی وەکو مەسئەلەی کابرای شێوەکەئەوەندەسوێربوخانیش پێیزانی؟!

ڕۆژێکی تاهیرئەگەر.دیسان چاوی بەخوشکی کەوت وردتری لێیڕوانی؛دیتی بەلٚیٚ! ئەریٚ

بەخودای ئەوەخەونەچیە،خۆئەوخوشکەی من لەزۆرپیاوان پیاوتربو جارجاریش دەیگوت نا هەروەکوپێشینیان گوتویانە،ژن ئاقڵی دەکۆشیدایە.ئەگەرهەستالییدەڕژێ خولاسەخۆی پیڕانەگیرا گوتی هەتاعالەم نەیزانیوەباعیلاجێکی بکەم.خوشکی بانگ کردەژوری:ئەرێ حومەیرا!خۆئەمن ئەتوم پێ لەزۆرپیاوان پیاوتربو،ئەووەزعەی ئەمن دەیبینم چیە؟! حومەیرا لەقسەی کاکی حاڵی دەبی ئەگەردەڵێ چی وەجواب دێت :کاکە!ئەوەی ئەتو دەیڵێی هەروایە،حازرم بەقورحانێ یابەهەرچی باوەڕیت پێ هەیەسوێندی بخۆم هەرچی نێرینەیە دەستی وەدەستی من نەکەوتوە،تەنیا ئەوەندەیە ڕۆژێکی پاتۆڵێ تۆم دەشوشت باغەڵی گەڕام شتێکی زۆر جوانی تێدابو بەئەندازەی دەنکەمورویێکی،ئەمنیش دەرم هێناوبەهەردولێوانم گرت وشیوم دەکردلەناکاو چۆدەگەرومەوەو بێئیختیارقوتدرا،لەوەی زیاتر هیچی دیکەم پێشك نایەت ئەوەشم پێ شتێکی وانەبوهەتاباسی بکەم،جائەتوش ئیختیارت هەیە،دەمکوژی،زگم دەدڕی،یاهەرچی دەیکەی ڕاوەستاوم،

تاهیرکە ئەوەی گوێ لەخوشکی بو،ئەویش وەبیری هاتەوەکەئەو ڕوژەی کەللەسەرەکەی شکاند.ئەودەنکە یاقوتەی لێ هاتەدەرو قسەی حومەیرایەی پێ ڕاست بولە سەری ڕاوەستا هەتا باری حەملی داناوکوڕێکی بو،ئەوکوڕەیەك ڕۆژەی دوڕۆژەبو.هەتا بوبەچوار ساڵا نە ناردیانە حوجرەی فەقییان بۆخوێندنێ، ئەوەندە زیرەك بو ئەوەی پێیان گوتبا تەنیا جارێکی، تازە لە بیری‌نەدەچۆوەو زۆر شتیشی لەخۆوە دەزانی وایلێ هات بە پێنج شەش ساڵان هەمو مەلایان نەیاندەتوانی دەرسی پێبڵێن، مەلای شارە گچکەلانەکەی خۆیان ڕایگرتبودەرسی پێدەگوت، نێویان لەئەو کوڕەی نابو کامران لەنێوعالەمێ بڵاوبوۆەئەگەر ئەوکوڕە لەدەنکەیاقوتێکی پەیدابوە.پێیان دەگوت کامڕان یاقوتی،

نەزاندرا بو پێیانگوتبو؛ بۆیان گێڕابۆوە،بابی تاهیری کەدەبێتەباپیری کامڕانی بەفتوای قازی ئەوشارەی کوژراوەبۆچی وبەچەبەهانەیەکەی مەعلوم نەبو. ڕۆژێکی لە حوجرەی لە لای مەلای دەگەڵ موستەعیدوفەقێیان دەرسیان دەخوێند پیاوی پاشای هات و کاغەزێکی

وەمەلایدا، مەلا کاغەزەکەی خوێندەوەو زۆری پێتێك چو، چونکەپاشای ئەوشارەی لەسەر ڕعیەت وبێدەسەلاتان زۆربەزاکون بوتەواوی خەڵکی شاری ودەوروبەری لیی تۆقی بون ،کامران لەناڕەحەتیٚ مەلای حاڵی بوولییٚپرسی:مامۆستا ئەوەچیەبۆوا تێکچوی؟!

مەلاش کاغەزەکەی کردەوەوئاوا بەدەنگێکی بەرز ئەبەئەوجورەی بۆیٚخوێندەوە ؟

: بە نێوی خوای مەزن، جەنابی مەلا یاسین! هەمومەلاکانم کۆکردونەتەوە،جەنابیشت بەگەییشتنی ئەوکاغەزەی تەشریف دێنی بۆدیوانیٚ ئەگەرتوانیوئەومەسەلەم بۆحەل کەن (ئەمەلەحەوزی حەسارێداماسیمان زۆرن، خانم چوٚتەسەرحەوزیٚ وبەماسیەکانی گوتوە ماسینە !ئەگەر ئیوەنێرن نەزرتان لەمن حەڕامبێت وئەگەر مێن نەزرتان لەمن حەلاڵ بێت، ماسیەکان بەخانمیٚ پێکەنیون) ئەوە چاکە دەناهەرچی لییٚبپرسم و نەیزانیت سەری دەبڕم؛ موستەعیدوفەقێیەکانیش ئەگەرگوێیان لەکاغەز خوێندنەوەی مەلای بوئەوانیش ترسان وچون خۆیان شاردەوە هەرچەند کەس کاری بەوان نەبو،بەلاٚم کامڕان لەمەلای چوٚ پێشیٚ:جەنابی ماموستا ی ئەوکاغەزەی وەمن‌دەو ئەوکارەبەمن جیٚ بەجیٚ دەبیٚ ئەتۆش بچۆ دەجێیەوە وبلٚیٚ ئەمن نەخۆشم جائەمن دەچم لەجیاتی تۆجوابیان دەدەمەوە؟ مەلاش لەخودای دەویست لەئەوبەلاٚیەی خلاسی بێت، کاغەزی وەفەقیٚ کامڕانی دا وبۆخۆی چۆوەماڵیٚ وخوٚی نەخۆش کردو دەجێی کەوت،

پیاوی پاشای هاتەوە،گوتی جەنابی مەلای فەرموبودیوایی پاشای،

مەلاپێیگوت ئەمن نەخۆشم،ئەوەمەلا کامڕان لەحوجرەیەدێت بۆحەلکردنی مەسئەلەی پاشای؛پیاوی پاشای هاتەحوجرەی:کوا مەلا کامڕان کێیە ؟کامڕان هاتەپێش پیاوی پاشای؟:مەلاکامڕان ئەمنم.پیاوی پاشای دەلیٚ پاشادەستوریداوە وەرەبابڕۆین بۆدیوانیٚ.مەلا کامڕان:بڕۆوعەرزی پاشای بکەئەمن ئەومەسئەلەی بۆحەلدەکەم بەلاٚم ئاوا بەسوك وهاسانی نایم بۆدیوا نی بۆحەل کردنی ئەومە سەلەی واگەورە.

پیاوی پاشای:چ بکات؟چۆن‌دێیەدیوانیٚ؟!مەلا کامران دەلیٚ دەبی پاشا کاغەزێکم بۆبنوسی لەبارەی حەلکردنی ئەومەسئەلەی هەرکارێکی بیکەم کەس حەقی نەبیت ڕێگام

پێ‌بگریت ویالەقسەم بچێتەدەرێ پیاوی پاشای چۆەدیوانی ئەوەی بەپاشای ڕاگەیاندو پاشابەبێ بیرکردنەوەلەترسی خانمێ کاغەزێکی بەنێوی مەلاکامڕانی نوسی،هەرکارێکی مەلاکامڕان بیکات هەتائەومەسئەلەی لەمەلایانم پرسیوەحەلی دەکا کەس حەقی نیە دەستی وەبەردەسی بێنی هەرکارێکی مەلاکامڕان بیکا،ئەمن کردومەو،بۆی نارد،

بەڵێ مەلاکامڕان کاغەزی خوێندەوەودەباغەڵی ناو.دوکەسی ناردن:بڕۆن قازی شاریم بۆزین ولغاوکەن وبۆم بێنن،حوکمی پاشای پێ‌بو،کەس نەیدەتوانی بێ‌قسەیی بکات،چون قازیان بۆزین ولغاوکردوهێنایان، سواری قازی‌بو،بەلەقەلەق چولەدەرکی پاشای دابەزی، جارێ لێرەتوڵەی باپیری لەقازی شاری کردەوەچابوقازی برەکی بەبەرەوەبووکامرانیش چوکەڵەدەناهەرلەوێ‌قازی دەپسسا،چۆ زوری،تەواوی ئەوهەمو مەلاو وەزیرونایب وکاربەدەستانە،لەوێ دەستەونەزەری پاشای ڕاوەستابون،هەموی سام گرتبونی.لەژورێ کەدانیشت،ئاوقاوەیان هەرچی بۆیان هێناخواردیەوەوڕوی دەپاشای کردوگوتی جەنابی پاشای!مەڵێ نازانی ،بەلام پێم‌خۆشەلەمانای پێکەنینی ماسێ گەڕێ.

پاشا:نەخێر! لێی‌ناگەڕێم دەبی بیزانم.

مەلا کامڕان ڕوی دە پاشای کرد:ئاخر پاشا پێم‌خۆشە باسی شتێکی دیکە بکەی وپرسیاری جوان وباشترم لێ‌بکەن لە مانای پێکەنینی ماسێ گەڕێ.

پاشا:نەخێرئەمن مانای پێکەنینی ماسیەم دوێ. مەلا کامڕان لەپاشای حاڵی دەبێ چەندخوێرییەودەبەردەستی خانمێ داچۆن کولێووبێ دەسەڵاتە؟

دەڵێ پاشا!باب وباپیریشیت بەئەوکەریەتیەی چونە لیی‌گەڕی؟

پاشا:نەخێر؛ لێی‌ناگەڕێم، دەبی باسی باب وباپیرانیشم بزانم، بۆم بگێڕەوە،

مەلا کامڕان:هەر لیی‌ناگەڕیی؟

پاشا:نەخێرلێی ناگەڕێم،بەلام دەپێش دا دەبی باسی باپیرمم بۆبگێڕیەوە؟

مەلا کامڕان:پاشا! باپیرت زێدەلەپەلەوەران توتیەکی هەبوچونکەئەوتوتیە ئەوەندەزیرەك وزانایانەحەمایەت کرابو.توتیش لەماڵەباپیرت زۆر ڕازی بو،ئەوتوتیەسالێ

جارێکی دەچۆوەهیندوستانێ ودەوەختی دیاری کرا ودا وبێ دوا کەوتن دە هاتەوە؛ جارێکی توتی حازربو بچێتەوە هیندوستانێ پاشاپیێگوت توتی گیان ئەوجارئەگەر چویەوە هیندوستانێ دیاریەکم بۆبینەوەك د یاری کەس نەبیت؟

توتیش گوتی بەچاوان توتی چۆهیندوستانێ وهاتەوە،پاشالێیپرسی:ئەدی توتی خۆشە ویستم کوادیاریەکەی من؟توتی وەبیری هاتەوەگوتی ئەوەتالەبن بالّم بەستراوەتۆوی جورەسێویکم بۆهێناوی،قولکەی بۆهەلّقەنەوبی چێنەوڕۆژێ جارێکی ئاوبدە،شینەدەبێت و یەك سالّەبەری دێنێ؟ئەتۆسێوی بەری ئەودارەی بخۆی،دبیەوەسەرحەدی چواردەسالێت،

؛ بەلێ؛پاشابەدەستوری توتیە، تۆوەکەی چاند، دار هەستا، گولی کردو چواردانە سێوی پێوەبو، سێوەکان گەورەبون، یەکیان سێوێکی سوروگەش وجوان بو،

پاشا تکایەلەمانای پێکەنینی ماسێ گەڕێ.

پاشا:نەخێرهەردەم هەوێ.بەلێ وەزیرئەگەرئەوەی زانی چونکە پاشا وەجاغکوێرو بەتەمای جێی پاشای بوگوتی بابمرێ، ئەمن سەرەك وەزیرم و دەچم لە جێی پاشای دادەنیشم؛ چو دەرمانی بۆدەنێو سێوەسورەکەی کرد، پاشاش بەیانی زوچوسێوە سورەکەی لێکردەوەو هێنایە دێوانی بیخوات؛ تەوا وی کاربەدەستانی پاشای مانع بون و گوتیان دەعبایەکە،قسەی ئیعتیباری بۆنیە بابیدەنەمالاتێکی پیر ئەگەرجحێلبۆوە،جا ئەوجار ئەتۆ سێوە کەی دیکەبخۆباسێوی سورنەبی زەرد بی ؟ بەلام سەرەك وەزیر بێ قسەوبێ دەنگ بو،بەلێ چون کەرێکی پیری پشت بریندارییان دیتەوەو سێوەکەیان دایە خواردی دەست بەجێ کەرەکە تۆپی، دەگەلْ ئەو خەبەرەیان دا بە پاشای ئەویش بە بێ ئەوەی لێیبکولێتەوەویان لەتوتیەبپرسێ توتی گرت وسەری هەلپساندوفرێیدا ئیدی سیوەکانی دیکەی لەبیرچونەوە؛ ژن ومێردێکی پیرباغەوانی پاشای بون، ئەوخەبەرەیان زانی بوکە ئەوسێوەژەهری تێدابوەوکەری تۆپاندوە؛ ڕۆژێکی ئەو ژن ومێردەبەشەڕدێن.
ژنە:دەچم ئەوسێوەی دەخۆم بابمرم ولەکولە تۆببمەوە.غاردەدا سێوەکەی دەخوات و دێتەوە سەرحەددی چواردە سالێ و،بانگی مێردەکەی دەکات: ئەتوش وەرەئەو سێوەی

بخو، ئەمن خواردم جحێڵ بومەوە کابراش هات سێوەکەی دیکەی خوارد، ئەوەیش جحێڵ بووە، سێوەکەی دیکەشیان لەترسی پاشای لەبەینبرد پاشا کە ئەوەی زانیەوەلەداخ و حەسرەتێ زیاتر هیچی بۆنەکراولەحەیفان دیقی کرد ..

پاشا تەکایەلەمانای پێکەنینی ماسێ گەڕێ زەرەرە.

نەخێر هەردەم هەوێ ،ئەوەبەسەرهاتی باپیرم بو،بەسەرهاتی بابیشمم جارێ بۆ بگێڕەوە. بەڵێ بابت پاشابو پاشایەکی زۆربەقودرەت وبەزاکون بو،پاشا ڕۆژێکی وازی ڕاویێ هەستا، تەدارەکی ڕاویان بۆگرت ولەگەڵ چەندوەزیروکاربەدەستان ڕۆییشتن بۆڕاوێ، بازێکیشی هەبوبەدایمەهەرلەسەرپاشای دەگەڕا،دوای ئەوشاخ وئەوکێوگەڕانێ گەینەبەردەلانێکی ئیشکارۆو پاشا تینوی بوزۆرگەڕان ئاویان وەدەست نەکەوت دوایە تەماشایانکرد لە ئەشکەوتێکی،ئاوێك تك تك دێتەخوارێ،قاپێکیان لەبندانا.پاش ماوەیێکی دیتیان قاپەکەنیوەبوە،چون بی هێنن پاشابیخواتەوە،ئەوبازەی کەهەمیشە دەگەڵ پاشای بو، باڵێکی لێداوئاوەکەی ڕشت، پاشا کەئەوەی زانیوەگوتی ئەمن ئەوەلەتینوان دەخینکێم ئەویش ئاوم لێ برێژی وەڵلاهی دەیخۆی بێ لێکۆڵینەوەئەویش بازەکەی گرت و سەری هەڵپساند،جابەبڕیاری یەکێك لەگەورەپیاوانی شای چونکەئەوزانی ئەوبازەبەخۆڕایی ئەوئاوەی نەڕشتوە دوایەچون هەتابزانن ئەوئاوەلەکوێڕا دیت، تەماشایان کردئەوە هەژدیهایەك توپیوەو،ئەوئاوەژەرو زوخاوی ئەوهەژدی هایەیە دێتەخوارێ،وەختێك ئەو مەسئەلەیان بۆ بابت گێڕا وەو ئەگەرئەوبازەگیانی تۆی نەجات داوەلەحەسرەت خواردنێ زیاتروپەرۆشی بازەکەی هیچی دیکەی لەدەستنەهات وهەربەئەوحەسرەتەی وەچەند حەسرەتی دیکەوەمرد،ئەوەش بەسەرهاتی بابت بو.

دیسان ڕوی دەپاشای کردوگوتی خواهیشم ئەوەیە ؟لەمانای پێکەنینی ماسێ گەڕێ. ئەوەی ڕۆیشتوە.ڕۆیشتوەلێی گەڕێ زەرەرە ؟

پاشا:نەخێر لێیناگەڕێم،هەردەمهەوێ.مەلاکامڕان دەڵێ هەردەتهەوێ؟!

:بەڵێ هەر دەمهەوێ؟ مەلاکامڕان ئەوجار:پاشا وەپێشمکەوە بۆ ئەندەرونێ.

پاشاوەپێشکەوت مەلاکامڕان لەدوی پاشای وەزیرونایب وچەندمەلایەک بەنوێنەرایەتی لەلایەن مەلاکانی دەدیکانە کەوتنەدویان.چونەحەرەمخانەی؟

مەلا کامڕان بەخانمیێ گوت خانم!تکایەلەمانای پێکەنینی ماسیێ گەڕێ.

خانم:نەخێر، لێیناگەڕیم دەبێ بزانم ئەودەعبا بێ زمانە بۆبەمن پێ دەکەنی خۆئەمن شتێکی وام نەکوتبو.

ئەوجارمەلاکامڕان لێیانتوڕەبو.لەیەک دو وەزیرو‌ئەوچەند مەلایانەبەدەر هەموی بەپاشایەوە،وەدیوی دەرێ نان چونکەحاڵی بو دەئەوحاڵەتەیدا پاشا لەترسی خانمێ لەبڕیارەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوەوناردنێ دیوێکی دیکە،خانم چل قەرەواشی هەبون لەنێونەوچل قەرەوا شەیدا،قولەیەکی زەلام و مل ئەستوری بە خۆی فێر کردبو بەبەرگی ژنان ، ڕەگەڵ قەرەواشانی دابو.ئەوجارمەلاکامڕان هێنای تەوا وی قەرەواشەکانی لەدیوێکی کۆکردنەوەو یەکە یەکە،ڕوتی کردنەوەو.تەماشای کردن دەگەڵ مەلا کامران دەستی بەئەوکارەی کرد خانم لەرزی وزانی سیرێ ئاشکرابوبەڵام چی بۆنەکرا وپاشاش لەوێ نەمابوئەمری پێ بکا،ئەگەرگەییشتەقولەی. هەرچەندی خانم هاواری کرد لەوەیگەڕێن ئەوەجێگای موتمانەی خۆمەولەکوێم ڕاهیناوەو هەرهاواری پاشای دەکرد وپاشاش لەوێ نەمابوئەمری پێ بکات بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە،یابڵێ مانای پێکەنینی ماسێەم ناوێ مەلا کامڕان هەرجوابی نەداوەچونکە هیچ کەسی دی نەیدەتوانی لەقسەی بچێتەدەرێ.قولەشی لەپێش چاوی ئەوچەند وەزیرونایب ومەلایانەڕوتکردەوەو ئەوجاردەستوری دا؟پاشاوهەمووەزیرونایب ومەلایەکان بێنەوەژورێ ئەوانیش ئەگەرهاتنە ژورێ وهەمودیتیان کەئەوەقەرەواش نیەونەوەپیاوەبەئەوجورەی بەرگری لەکوشتنی مەلایان کردو سرڕی خانمێشی بۆپاشاوهەموعالەمێ ئاشکراکردبەڵام پاشابۆخۆشی چونکەهەرهیچ دەسەڵاتی خا نمێی نەبو،ئەویش هەربەداخ وحەسرەتانەوە مرد.

خانم قولەی بە خۆی فێرکردبو پێی نەزەر نەبو بە ماسیانی دەگوت ئەگەر نێرن نەزەرولەمن حەرام بێ ئەگەرمێن نەزەرولەمن حەلاڵبێ.

باسێك لە مەلا ڕەسوڵی ئەدیب

جارێکی مـەلا رەسـوڵی ئـەدیب دەچێتـە سـێلوێ ماڵـە کـاك حوسـینی حەمـەدئاغای دادەنیشیت کاك حوسـێن زۆری بـەخێردێنی وزۆریـش بـەهاتنیٚ خۆشـحالٚ دەبـیٚ چایـەکی دەخواتەوەکوێخای مەزرایە وەژور وەتاغیٚ دەکەویت، ئێکی قوڵـەی تێك سرماوەی مەچەك ئەستور؛ دیاربو.بۆخۆی موزەردبو.سمێڵی سپی ببون رەنگی کردبونەوەو لەبنەوەڕاسپیان ڵی وەدەرکەوتبونەوە، سمێڵـەکانیشی زەلام بون. مەلا ڕەسولٚ ئەگەرچاوی بەئەوکابرایەی دەکەویت، قەڵـەم وکاغەزی دەرد یٚنیٚت ئەودو شێعرەی خواریٚ دەنوسیت وکاغەزەکەی دە باغەڵی دەنێتـەوە. کـاك حوسێن ئاگـای لەنوسـینی مەلاڕەسوڵی دەبیت کوێخـا وەزعـی مەزرایـەی بەکاحوسینی ئاواڕادەگـەیێنی :ماڵـە سـوفی مسـتەفای توتـنیٚ دەچـەقێنن مـام قادریش خاکاوی دەکرد، دودەستاویش ئاوبوٚئەوبەری دەڕوا، کوێخا لەقسەکانی خلاس بو، هەروەدەرکەوت کاك حوسێن دەڵیٚ مەلاڕەسولٚ ئەوە چبو نوسیت : مەلاڕەسولٚ دەڵیٚ هیچ کاك حوسێن دەڵیٚ بەسەری من چبو؟!

مەلاڕەسـولٚ ئـەوجارناچاردەبیت پێیدەڵـیٚ ولێـی ناشـێریتەوە،کـاك حوسـێن دەڵـیٚ وێمدە.بابیخوێنمەوە. مەلا ڕەسولٚ دەڵیٚ بابەلێمخەرامەکەبابۆخۆم بۆت بخوێنمەوە:

ئەوەش شێعرەکانی مەلا ڕەسوڵی:

ڕەغبـەت لـە سـەر ئـەوجورە سمێڵانـە نـەماوە
وەك گوریـەیی سـورەکە بـە دەم کـەلبی سـیاوە
نـەمزانی سـەری سـورە بـنی سـورخونە مـەنحوس
وەمزانـی وەکـی خوێـە سـەگی تیٚنـەڕیاوە

کاك حوسین زۆری پێیپێکەنی، پێی خوشبووزانایی ماموستای پەسند،دەکـاوداوای لیٚ کردوەچەندڕوژانی بەزیادیش لەلای بمینیتەوەوئەویش دڵی نەشکاندوە...

کەچەڵی کەوان

دەگێڕنەوە کوڕە کەچەڵـەیەك هەبوەبێکەس تـەنیادایکیکی هەبودگـەڵ خـاڵێکی وخاڵەکەشی چی مەعلوم نەبوەچۆن بوّتـەخاڵ، کەچەڵ ،لەبەربێکەسیّ و.. دەچوّو بـەر گوێلکـان؛ هـەمو ڕوژێ دوکـەوی دەگرتـن دەهاتەوەلەبـەر ئەوکەوگرتنـەی نێویـان لیّ نابوکەچەڵی کەوان.داروّغەش کەوەکانی لییّدەسـتاندن بـەینێکی زۆر ئاوا مـاوە لەدوایە، ولەداخی داروّغەی ناچاردەستی لەگوێلکەوانی هـەلگرت لێرولـەویّ دەخـولاوە ئێواریـەکی هەربەسـەیر بـەرگی کچێکـی جیرانی دەبەرکرد،کەچـە ڵ دە دم وچاودا زۆر جـوان چـاك وشیرنبو، داروّغەش وادەدەکەیّ ژنی نەهیناوە،وئەوئێوارەی بەوّیّدا هات، کەچەڵ لە کـن دایکی دانیشتبو، چاویپیّکەوت، عاشقی بـو،هەربوّیـە ئـەویّڕوّژیّ چـاك وخوّشـی دەگـەڵ پیرێژنیّ کرد،دەنا قەت ...ی بەکلاوی نەپێوابو. دوایە گوتیّ داپـیرە !ئـەوە کچـی کێیـە؟ کەچەڵ گوتی، بلیّ کچی خوّمەپێش کێشەوهیچ قسەوباسی دیکەت نەبیّ ومتەقت لیّ نەیە؛ پیرێژن گوتی ئەوەکچی خوّمە،هەرلەماڵەخاڵی دەبوتازەهێناومەتەوە.پێش کێشە داروّغـە. ئیدی لەوەندەی زیاتربکوژبڕ پیرێژن هیچی دیکەی لەزاری نەهاتەدەریّ داروّغەش. گوتی ئەوە قبولـم کردجیرانـەکانیش لییـان گوّڕا وایـان زانـی ئەوەکچەوکـەس حـاڵی نـەبووایان کردەپیس وگوریـس کەچـەڵ کەببوبـەکچی پـێرێژنی داروّغـە بـەبیّ لیّ کـو لینـەوەناردی کەچـەڵی مـارەکردو گوتـی هەتاکـەس نەیزانیوەوکارەکـەم لیّ پوچـەڵ نەبوّتـەوەو هەربـە پەلەپەل بەرگ وشت ومەکی بوّکڕی، کچە سوری گویستەوە.

با بزانین کەچەڵ داروّغەی چوّن دەبەتلێنیّ.

شەویّ پاش بلاوبونی عالەمیّبوك لەپەردوی هاتەدەریّ وبەناز خـوّی نشـان دا،دوایـە بەداروّغەی گوت،داروّغە ئەمن خێزانی توّم،ڕوّژێك دەبیت ئەتولەماڵیّ نابی وپاشابوّشتێکی دەنـێریت یاکـارێکی دەبیـت، نـاکریّ هەتائەتودەگەڕییـەوە هەرمەعتـەل بـن دەبـی هـەمو شتێکم نیشان بدەی. داروّغە زوّری پیّخوّشبو،بەلاّم گوتی ئەوشوّ نـاکریّت،پـاش دو سـیّ ڕوّژی دیکە،بوك گوتی نەخێر! هەرئێستا دەبیّ هەمو شتێکم پیّ بلێی. بەلیّ!

داروغەناچاربو؛لای دیکەشی زۆری ئیشتیاچۆبۆ بوکـێ وەپێشـیکەوت بـەتاڵ تاڵوکـە :ئەوەعـەمباری گەنمیـە ئەوەعـەمباری ئاردیـە،ئەوەعـەمباری خواردەمـەنی وجووبـەرگ وسیلاح و.. بەئەوجورەی هەموی نیشان‌دان، دیوێك مابو،کەچەڵ دەیزانی ئەودیوەچەرخی تێدایە.بەداروغەی گوت ئەودیوەچیەچی تێدایـە؟!داروغـە گوتـی ئـەوە هیچی تێدانیـە، بوك:نا! هیچ نابی، دەبێ بزانم. داروغە:ئەوە چەرخی تێدایە. بـوك: ئەیەڕۆچـەرخ چیـە؟! داروغە:ئەوەبەکاری تۆنایە، ئەگەرپاشا ڕقـی لەکەسێکی هەستا،دەینێرێت بـۆ لای مـن، ئـەمنیش ئـەوی لەچـەرخ دەدەم. بـوك:دادەرکـەی بکـەوەبزانم چۆنـە،داروغـە دەرکـی کردەوە.بوك چاوی پێکەوت ڕوی دەداروغەی کرد:ئەوە چۆنی لەچەرخ دەدەن؟!

بوك شاقەلێکی خـۆی وەبـەردا، داروغـەبرێکی بـادا هەتاکـەمێك توندبـو،بـوك گوتـی ئەیەڕوکوڕەلـەسەرەخۆ؛وەڵلا ئەوە شتی چاکەبەخوای دەبی کـاری ئـەوەم زۆربـەجوانی فێرکەی ئەگەرئەتۆش لەماڵێ نەبی ئەمن کاری پـێ بکـەم دادەی جـاریٰ برێکم وێدەبـزانم ئەمنیش دەزانم ئەتۆوەبەرچەرخی بدەم؛کەچەڵ زۆرزیرەك بوو.بۆیەشی ئەوکارەکردوخۆی کردەکچ بەهـەرجورێکی بـی داروغـەی ببـەتلێنی داروغـەی بەدبـەختیش وای لـەخۆکردبو هەرچی کەچەڵ گوتبای دەیگوت بەچاوان،داروغەشاقەلی خۆی وەبەردا.کەچـەڵ بایداهـەتا برێك توندبو،داروغەهاواری لێ بلێندبو:کچێ سەبر!کچی لـەسەرەخۆ کچـی ...هەرداروغـە هاواری کـرد وکەچـەڵ هـەلی بۆهەڵکـەوت وبـایدا هەتاهـەموگیانی تیکشـکاندوکردیەکەلاك. ئەوجار.کەچەڵ پێی گوت فێردەبی کەوان دەخۆی وحەقیان نادەی.کەچەڵ زوخۆی گوڕی وبەکەلێنێکیدا وەدەرکەوت چولە لایەکی دیکەوەدەرکەوت ودایکیشی ڕاگوێست وشاردێوە بۆخۆشی هێنای برێك دەرمانەسـورەودەرمانی دیکـەی دەتۆربەیـەکی کـردن،عەباومـەبای دەبەرکردن وکەوتە نێوشاری، سێ چوارمندالـی دەتۆقەوبەدفـەڕی بـانگکردن هەریەکـەی دوشایێ دانی وپێیگوتن وەدوامکـەون وبلێـن مـام حـەکیم بۆکوێ دەچـی؟!مـام حـەکیم چدەکەی؟!

ئەمنیش لێو تورە دەبم، بەردانیشو پێ‌دادەدەم لـەدوام نەگەڕێنەوە «ها».

بەڵێ جارێ! کەچەڵ بەبەرگی حەکیمان کەوتەنێوشاری منداڵی وەدوکە وتن مام حەکیم چەدەکەی مام حەکیم ئەدی ئەوەدەچیەکوێ کەچەڵ لێیان تورەدەبووبەردی پێی دادەدان ،وله لای دیکەوە خەبەریان بەپاشای دا،مەعلوم نیەشەوێ بوك یاکێ وچۆن بووە،داروغەی وەبەر چەرخیداوە هەموگیانی تێك شکاندوەوهەلاتوە.خولاسەبوکیش نەماوە.پاشا:دە بزانن حەکیمێکی پەیداکەن با دەرمانی بکات وەیان زانی بوکیش چۆتەوەماڵەکەی خۆیان ویالەکوێیە؛ وئەویش ببیننەوەچونەوەماڵەبوکێ ئەپێرێژن مابونەکەسیش زانی لەکوێنە ئەودەستەی دیش گەڕان کەچەڵیان بەحەکیمی دیتەوەو بردیانە کن پاشای، پاشا پێیگوت ئەتوحەکیمی چی؟ کەچەڵ :حەکیمی نەخۆش برین و هەموشتێکی،پاشا: ئەمەبریندارێکن هەیەدەتوانی چاکیکەیەوە ؟حەکیم:با ببینم! حەکیمیان بردەسەر، داروغە ی، کەچەڵ:بەدەمان زەمان چاکی دەکەمەوە ! پا شا:زۆر چاکە.

حەکیم برەدەرمانێکی لەقاچ وقولان هەڵسو، دوایەگوتی سیلێکم بۆ بێنن دەگەڵ برێك داران،بەعزە دەرمانێك هەیە دەبی سوری کەمەوە دناکارێ ناکا. سێڵ و داریان بۆهێنا، هەروا وردەوردە خەریك بوخوی خافلاند هەتا شەوێ، ئەوجار ئەوانەی والە دەورەی بون پێیگوتن برام! دوکتۆر برێك بیئینسافن، دەورەم چۆڵکەن. دەورەیان چۆڵکرد، پاشان قەلاشکەری وەبن سێلێ دان و داروغەی لە سەر سێلێ داناو پێیگوت فێردەبی کەوان دەخوی و حەقیان نادەی؛ دوایەبەکەلینێکیدا وەدەرکەوت و خۆیشاردەوە چولەلایەکی دیکەی شاری وخەریکی کارێکی دیکە بووکەسیش نەی ناسیوە،

لای نیوەشەوی هەربوێن چەك دەهات،چونەپشت دەرکەی هەرچەندی هەرایان کرد:مام حەکیم!دوکتۆر!کەس جوابینەداوەشائەمری کرد.دەرکەی بشکێنن بزانن چیە ؟ ئەگەردەرکەیان شکاند دیتیان داروغە سوتاوەولەسەر سێلێ بەقەدئەوکەوانەی کەلە کەچەڵی دەستاندن ودەیخواردن بەقەدیەکێك لەوان مابۆوە،هەرچەند دەوروبەری گەران

هیچ جییەکی داروغەیان بوهەلنەگیرا.

بەلێ! کەچەلْ بەئەوجورەی تولـەی کەوانی لەداروغەی کردەوە.

دەداوخستنی کچی پاشای:

پاشاخوی بـەزوردەزانی ودەشیزا نـی ئـەوەبوی دەبێتەدەردەسەرێکی زورگـەورە؟ هەربویـەکچێکی زورجوانـی هەبولـەدەرەوەی شـاری خێوەتـی بوهـەلدا، وکێشـکچی لەدەرەوەی دانان ئەوکچەچەندی جوان بوئەوەندش زاناووزیرك بو پاشا لەگەلْ کچەکە ی ڕا وێژیْ کردو بوئەوەی ئەوکابراسەر بزێوەتەماحی تـیْ بکابەلکوبـەداویْ وە بـی وچـی دی گەورەنەبی کچـەش بەقسـەی بـابی کردوهاتەدەخێوەتەکـەی وهـاتوچوی دەریـیْ دەکرد ودەگەڕا ؟ کەچەلیش ئەوکارەی بەدەستەوەهات فکری دیکەی چودەسەری چاوی بەکچی پاشای وکێشکچی وخێوەتیْ کەوت، زانی تەلـەیان بوداناوەتـەوە،ئـەویش دەسـتی کردبـە دارشتنی گەلالەی کارەکەی وبیری کردەوەچەبکا،بەکولانان داهاتەخوارو هاواری کـرد:کـیْ قەرزی لەسەربابم بوە هەتابیدەمەوە.کوڕەجولـەکەیەك دەنیوئاودەستیداهەرای کردوگوتی بەحەزرەتی موسا(ع) ئەمنم.کەچەلْ:کوا دەستت بێنەهەتابتدەمەوە،کوڕەجو،نـەچودەریْ وگوتی موفتەیەبانەم ناسیتەوەبیخوم دە ستی بەقەلشتەدیواری دادرێژکردکەچـەلْ گوتـی وەرە پێش، دوایـە دەسـتی گـرت وکێشـای هـەتابن هـەنگلی وەدەرکـەوت،لـەبن پیلــیڕا بەگوێزانیْ، خشت دەستی کوڕەجویەی بڕی وهەلات بردی چوپیلی خوی لەبنەوەقایم کردو پیلی کوڕەجوی لەسەرەوە.وەدەرنا وشەویْ هێدی هێدی پارێزی بوکچی پاشای برد پاش قسەکردنیْ پێك هاتن. کچی پاشای گوتـی هەلدییْ؟! کەچەلْ:نا هەلنایەم، ئەگەرلەهەلاتنیم دەترسییْ، ئەوەتادەستم ببەستە.دەستی کوڕەجوی وێـداو بەسـتی وبەئـەوجورەی خـوی گەیاندە کچی پاشای.چونکەکچی پاشاش سوێندی بوخواردبوهەتاکاری دەگەلْ جیْبـەجیْ نەکات؛ هاواریْ نەکا،ئاخرئەگەرکچی شای سوێندی بونەخواردبائەویش دەستی بوبەستنیْ ویْ نەدەدا، هەرکاریان خلاس‌بوهـاواری لیْ بلێندبـو؛ کەچـەلْ تـەکانێکی دا خـوی، چونکـە پیلـی کوڕەجـوی هەربەحاسـتەم قـایم کردبـوو،هەربەئەوتەکانەچوکــەی، بەنەکــەی

پساو.وبەجیٚماوکەچەلٚ بۆخۆی هەلات، کێشکچی هاتن ودیتیان پیلێکی تەواوبەجیٚماوە بەیانی ئەوخەبەرەشیان دابەپاشای، دەستوریدا، خێوەت وبارەگای بێننەوەو بزانن کیٚ بیٚدەستە، بیگرن؛ پاش گەڕانیکی زۆر کوڕەجویان دیتەوە دەینالاٚند لەتاوی دەستی؛ کوڕەجویان گرت،بەبریندارى پاش زۆر لێرولەویٚ دانیٚ مەعلوم بوکاری وی نیە،کوڕە جوویان بەرەللا کرد.

بەلٚیٚ ئەویش واهات؛ کچی پاشای ئاوس بو، پاش وەختی خۆی کوڕێکی بو. کوڕە زەلام بو پێی هەلگرت بو؟بەلاٚم لەئەو بەینەیدا بزانین کەچەلٚ چی کردوە.

کەچەلٚ و بەسەرهاتی خالێ

پاش ئەوکارانەکەچەلٚ چوٚماڵەخالێ (ماڵە خالێشی هەرلەئەو شارەی بو)غەرەزی کوٚنی لەخالێ بویاچوٚن وچی بەخالێ گوت خالەوەرە بچین هەرچی هێلکەن لەقەلیٚ دزی؟ (خالێ کەچەلێش کاری هەردزی بوە)گوتی زۆرچاکەبابچین!کەچەلٚ دەگەلٚ خالێ چون بوٚ دزیٚ هەتاخالێ هێلکەی لەقەلیٚ دزی، کەچەلێش پاتۆلی لەخالێ دزی.

خالێ گوتی بمناسەکەچەلٚ بزانەچوٚنم هێلکەلەقەلیٚ دزی ها !کەچەلٚ گوتی وایەبەلاٚم هەتا ئەتوٚهێلکەت لەقەلیٚ دزی ئەمنیش پاتۆلٚم لەتوٚدزی خالەگیان.خالێ ئەگەرئاوا تەماشای خوٚی کردو:کوڕەخوٚپاتۆلٚم دەبەردانەماوە.کەچەلٚ:خالەجانەوجار وەرەبابچینەدزیٚ.

خالێ کەئەودزیەگەورەی بەکەچەلیوەدیت ڕەگەلی کەوت، ڕوٚییشتن بوٚدزیٚ ئەویٚ شەویٚ،چون لەخەزێنەی پاشای دوتێلەکەیان دزی ،بەیانی خەبەریان بەپاشای دا :پاشابەرگی نوێت لیٚ مەبارەك بیٚ ئەوشوٚدوتێلەکەیان زێڕلەخەزێنەی دزیوە.

پاشابەیانی دەگەلٚ چەندکەسی دی چوتەماشای کردوگوتی ئەوکونەی مەگرنەوە تەماعیان ڕەبەردەکەویت ودێنەوە؛بێنن خەندەکی لێدەن، ئێواریٚ خەندەکەکەی پڕکەن لە قیرٚ، ئەمری پاشایان بەجیٚگەیاند.کەچەلٚ،لای ئێواریٚ لەنێو شاری دەسوورڕاوەوچاوێکی بە کونەکەی داگێڕادیتی کونەکەنەگیراوەتەوە،بەلاٚم زانی حیلەیەك دەئەوکارەیدا هەیەهەربەخوٚڕای نیە؛ هاتەوەمالیٚ گوتی خالەکونەکەی خەزێنەی پاشای هەروا ئاوالەیە

پێم وابی هەرنەیان زانیوە. شەوێ دیسان بەخاڵی گوت بائەوشۆش بچین نەردێکی بێنین. خاڵی قبوڵی کرد وەڕێکەوتن، کەچەڵ هەتا نیزێکی خەندەکێ وەپێش خاڵی کەوت،لەنیزێکی خەندەکێ لەفێڵەکەی حاڵی بو.وەك شوێکی لەدمی دەی گەڕاوە. خاڵی گوتی ئەوە چبوکەچەڵ! بۆ گەڕایەوە؟! کەچەڵ:هیچنەبو، ڕاستی ئەمن زۆرنەزانم چۆن دەبێ پیاو وەپێش خاڵی کەوێت، خاڵەگیان فەرمو! بەئەوجورەی خاڵی وەپێش خویدا. دوسێ شەقاو ڕۆییشتن خاڵی دە قیرێ کەوت وگەرمای ئاخری بەهارێی وقیر شل هەتا دەجولاوە پتردەچۆخوارێ. کەچەڵ پیێ لەسەرشانی خاڵی داناوچوتێلەکێکی لە خەزێنەی هێناو.ودوایەگەڕاوەبولای خاڵی تێلەکێکی دیکەشی هێناوچەقوی لەخاڵی هەڵکێشا، خاڵی گوتی ئەوە چ دەکەی؟! کەچەڵ دەڵێ سەرتدەبرم!خاڵی فەقیر: کوڕە ناکرێ! نابێ.کەچەڵ :خاڵە، ناکرێ، نابێ نیە؛ سبحەێنی ئاشکرادەبیت وئابروم دەچیت؛ سەری خاڵی بڕی ودەگەڵ تێلەکەی خاڵی بردیەوەماڵێ وگوتی هانێ خالۆژن. خالۆژنی گوتی ئەوەچیە؟کەچەڵ:ئەوەسەری خاڵمە.خالۆژنی دەستی کردبە هاوارو بەسەری خۆدادانی ئایاڕوقوڕم وەسەری و...بابانم خەرابوو...کەچەڵ گوتی تازەکارە هاتوەبێ دەنگەی لێ بکە،دەناچارەم نیەدەنگت لەبەربێتەدەرێ وەکوخاڵم سەری تۆش دەبڕم.

بەڵێ! خالۆژنی بێدەنگ بو. بەیانی خەبەریان بۆ پاشای بردکەئەوشۆ دوتێلەکەی د یکەشیان لەخەزێنەی بردوەو حیسانێکی بێسەریشی لێ بەجێماوە. پاشادەستوری داجارێ کونەکەی بگرنەوەوئەوکەلاکەی لەسەر.ڕییەکانی ژنان کانیەکە،لەئاوەدانیە یالەشاری بڕێك دوربوهەلاوەسن، هەرژنێکی دیتوبوی دەگری بیگرن وبیهێنن بوئێرە، چل کەسیشی کێشکچی لەدەورەی دانان؛ کەچەڵ چاوی پێکەوت لەداوەکە ی حاڵی بو. چوگەڕا، کابرایەکی دەوڵەمەند کەرێکی پێبوتازەزابو،پاشوی جاشکەکەی بەپەڕۆی بەستبون؛ چۆ کن کابرای وگوتی ئەوکەرەت بەچەندی؟ کابرا:نایفرۆشم؛ کەچەڵ:ئاخر لێت دەکرم.کابرا:نایفرۆشم بابم.کەچەڵ گوتی کوڕەئاخرلێتدەکڕم لێ.کابراگوتی بەپینج قڕانان.کەچەڵ دەڵێ ئەوەت شەش قڕان.پولەکەی دابەکابرای وکەری بەجاشکەوە

هێناوەماڵێ جاشکەکەی لەتەویلەی بەجێ دەهێشت، کەرەکەی دەبردەدەرێ، بەدوسێ ڕۆژان تەوا وی کوچەوکولانی شاری بەئەوکەرەی شارەزا کردو.لەهەرجێیەکی شاری بەرهەڵلات کردباتەقلەکوت دەهاتەوەماڵێ بۆسەرجاشکەکەی.ئەوجاربەخالۆژنی گوت :خالۆژن پێت خۆشەبۆخالم بگرێی.خالۆژنی بەترسەوەگوتی ئا.

کەچەلێ چودوگۆزەی نویێ بۆکڕی وبەخالۆژنی گوت بچۆکانیەئەوەمەیت خالم بەدارێ وەیە لەئەوسەرەی ئاوران مەدەوەدەگەڕانەوەیدالەبن دارەکەی کەلاکی خالمی پێوەیەگۆزان لێکدە وبیانشکێنەجابەتەواوی شینێ بۆخالم بگێڕەئەگەر لێیانپرسی بۆدەگری،ئەو کەلاکە چی تۆیە ؟بلێ کەلاکی چی دەدمی بابی کەلاکی ڕیم ئەمن خەسویەکی بێحەیام هەیەبچمەوەلەبەرئەوگۆزانەشکاون ڕامناگرێتەوە.بەلێ،خالۆژنی وەکی کەچەلێ بۆیدانابو چۆ سەرئاوێ ولەگەڕانەوەیدا گۆزەی لێکدان،گۆزەشکان جاوەرەبگری وقوڕێ وەسەری خۆکە بەبیانوی گۆزان تێرتێر بۆمێردەکەی گریا، کێشك چی لێی خڕبونەوە:دایکم بۆ دەگریی؟!چبوە؟!ئەوپیاوەچی تۆیە؟!کارەڕوی داوە.ژنەپیاوی چی؟!گۆبەدمی بابی ئەو پیاوەی،ئەمن خەسویەکی بێحەیام هەیەبچمەوەڕامناگرێتەوە،دەلێ گۆزەت شکاندون! کێشکچی زگێان پێیسوتا،تەوجێیان بۆکردپولێان بۆخڕکردەوەودایانێ وبەڕێیان کردەوە؛خالۆژنی کەچەلی هاتەوەبۆماڵێ. کەچەلێ:خالۆژن! تێر گریای؟ :ئەرێوەڵلا تێرتێرگریام. کەچەلێ بڕێکی دیشی تەمرین بەکەرەکەی کردوهات وچوێی پێکرد.ئێوارێ لای ڕۆژپەڕێ بڕێکی کونەسیپالێ وکەچەدەفەیەکی لەکەرەکەی بارکرد،بەخالۆژنی گوت ئەوشۆچاوەڕوان بەکەلاکی خالم دەنێرمەوە،ئەوەی گوت وجاشکەکەی لەماڵێ بەستەوەو بەبەرگی دەروێشان بەکن کێشکچیاندا،وەڕێکەوت کە ئەنەهودەڕۆم لەشاری وەدەردەکەوم.

دزینەوەی کەلاکی خالی:

کێشکچیەکان لەمێژبولەجێگای دیکەولەوێبون وەڕەز ببون، گوتیان ئەرێ

ئەوشۆبانەودەروێشەی لەکنە خۆمان ڕاگرین وبڕێك سەیروسۆحبەتی دەگەڵ بکەین.
بەڵێ هەموڕازی بون ودەروێشیان بانگ کرد، ئەوەش قسەکانی(دەروێش) و کێشکچیەکان.
:دەروێش؛ بابم ئەوشۆلەنێۆەمەبە.دەروێش :دەڕۆم،کارم هەیە !
:کارت چیە؟!کارت هەرگەڕانە،چەندی دەڵێی دەتدەێنی؛ئەوشۆلەنیومان بمێنەوە.
دەروێش:دەی باشە، چەندم دەدەنیێ؟ قەراریان دانا هەر کەسەی پەناتێکی بدەنی، دەروێش ڕازی بوو،بارەکەی ئێخست وکەرەکەی بەستەوەوهات دانیشت، وردەوردە تەماشای دارەکەی کرد(وای چاو لێکردکەئەننەهوچمنەدیوەوئاگام لەهیچ نیە)هەتاگەییشتە کەلاکەکەی،کەلاکی دیت وگوتی ئەوەچیە؟کێشکچیان گوتیان چ کارت بەوەی داوەئەوە کەلاکە. کەچەڵ (دەروێش) هەستا شت وەکی دەستدانی لێان پرسی.چ دەکەی؟!
:بەخوای بابم ئەوکەلاکەکەرەکەم لێدەدزیت؛دەڕۆم.کێشکچی:کوڕەوانیەکەلاکی مردوچۆن کەرێ دەدزی،دەروێش:دەیدزیت؛ ئەمن دەزانم لێرەنابم!
گەورەی کیشکچیان هات وگوتی ئەوەچیە ؟
ئەوانیش بۆیان گێڕاوەگوتیان ئەوەدەروێش دەڵێ ئەوکەلاکەکەرەکەم لێ دەدزی گەورەی کێشکچیان:کە لاکی مردوچۆن کەرێ دەدزی کەچەڵ :بەڵێ دە یدزی :زۆر باشە ئەگەرئەوکەلاکەکەری تۆی دزی ئەمن دەقڕانت دەدەمێ دەروێش :باشە.قاقەزم بۆ بنوسە،گەورەی کێشکچیان چونکەقەتی شتی وانەبیستبو.کاغەزی بۆنوسی وئیمزای کردو وێیدا، ئەوێ شەوێ بەزمێکی بۆسازکردن ئەوەندەپێکەنی بون کەهەمولەخۆببونەوەو هەتالای ڕۆژی نەیەێشت کەس بنویت، ئەوی درێژ ببابپێلاقەیەکی پێدادەداوهەڵیدەستاند ئاخر ی هەمو هیلاك ببون هەرایان دەکردێ:بابە دەروێش بۆخاتری خودای! ئاخرکوێر بوین لەسویێ خەوێ لێن گەڕێ با بنوین. بەڵێ ئاخیری دەستی لێ هەلگرتن؛ دەگەڵ سەری وە سەنیری کرد پرخەی لێ بڵیندبوخۆی دەخەوکرد.لەبەربەزم و پی کەنینی لەبیریان چوبوگێشکچیان دانین،کەچەڵ وای خۆبێ نمودوپیس کردبوهیچ بیرێکیان لێ نەکردەوە،هەموخەویان لێکەوت، کەچەڵ هەستاکەلاکی لەدارێ کردەوەلەکەریێ قایمکردو

وشەپێکی لەکەرێ داوگوتی برووەبوٚماڵێ؛ ڕەژێاوی گرتـەوە، دم و لوتـی خـوٚی وهـەموانی ڕەش کـرد، دەروێش دوایەلیێنوسـت.تاوهـەلاتێ بەپێکـەنین وفـرق وهـوڕی کێشـکچیان وەخەبەرهات، خوٚی لەداری نەزانینێ دا :ئـەوە بـە چـی پێدەکـەنن؟! ئاوێنـەی لەباغـەڵی دەرهێناوتەماشای خوٚی کرد، دم و چاوی هەمو ڕەشکرابو گوتی ئەوە کێ وایلێکردوم؟! ئـەلحان دەچم شـکایەتێ دەکـەم. گوتیـان کـوڕە شـکایەتی چـی؟! هـەمومان وەکـو توٚین.دەروێش کە تەماشای کردن ئـەوانیش وەکـو خـوٚی دم وچاویـان ڕەشببو. دەنگی نـەکرد بڕێك ڕاوەسـتا .لـەناکاو:ئـەدی کەرەکـەم کوانـێ؟ بەلایـەکی دا هـەلات هیچـی نەدیتەوە،گەڕاوە،ئەوجاربوٚلای دیکە هەلاٚت دیسان کەرەکەی نەدیتەوە، گەڕاوە تەماشـای کردکەلاکیش نەمابو:ئاها !نەمگوت ئەوکەلاکەکەرەکـەم لیٚ دەدزیـت ئەگـەردەروێش گوتـی کەلاك کەرەکەی لیٚ دزیوم جاکێشـکچیان زانیـان کـەلاك نـەماوە؟! دەلـێ بێنـن پوڵـەکەم دەنێ دەی؛بـەلێ؛بیسـت قـڕان حـەقی شەولـەوێمانەوەی ودەقرانیشـی پولـی کەرەکـەی لێئەسـتاندن.(چونکـە کاغـەزی لێئەسـتاندبون نـەیاندەتوانی پولـی نـەدەنێ) دەروێـش کوٚنەشمـەکی بـەکوٚلێ داوان وبـەرەومالٚ وەڕێکـەوت کەگەییشـتەوەماڵێ گوتـی خالوٚژن!کەلاکی خالم هاتەوە؟!خالوٚژیی:بەلێ هاتەوە..:جاتێری بوٚبگری.جارێ با لێرەبیت دوایەدەیبەم دەینێـژم. بـەیانی کەکێشـکچیەکان چونـەوەبوٚکن پاشـای پێیـان گـوت قوربان؛کەلاکیان لێدزیوین.پاشا هەموی دەحە پسێ کردن ئەوخەبەرەش ئاوابلاٚوبوٚوە.

ئەو پاشایەبرایەکی هەبوله شارێکی دیکەڕالەسەرێك لەسەریك لوٚمەی دەکردو قسـەی دەنارد:ئەوە هەرئیکێکە ئەوکارانە دەکات. جاچوٚن ئەتوٚ پاشـایەکی، کابرایـەکی برەڵلاٚت بوٚناگیرێ وبوٚت تەنبێ ناکرێ.

با بزانین وشترێ سپی چاوڕەش چوٚن دەکوژێتەوە

پاشا،وشترێکی هەبو، ئەگەرلەسەرکوٚیەزێڕی لـەوەڕاباکەس غیرەتی نـەبودەنگی دات کەچەلٚ چوباقەیەکی وینجەکڕی وبەبەردمی وشترێدا هات، ئەگـەر کـەس دیارنـەبا بـانگی دەکرد ئەگـەر خـەلکیش دیاربـا دەنگـی دەداولـەخوٚی وەدوردە خسـتەوە.وردە وردە

هێنایەبەردەرکێ، پاش نوێژی شێوان وشتری کوشتەوەلەت لەت وپیل پیلی کردوبردیە ژوری ماڵێ هەمو.وڵاتی خاوێن کردەوەونەی هێشت هیچ شوێنێکی لێ بمێنێ تەوەخەبەریان بەپاشای دا،ئەگەروشترێ سپی چاوڕەشیش نەماوە ! زۆرگەڕان، خەبەرێك نەبو، پیرێژنیك هەبونێوی سوری عەێیاربو ئەوپیرێژنە وەکونێوی خۆی بگرەزیاتریش عەێیاربو، بانگیان کرد پاشاپیێگوت سەرێکت بەزێڕی هەڵدەکێشم وسەری دیکەشت بەزێوی؛ ئەگەروشتری سپی چاوڕەشم بۆ ببینێ وە.

پیرێژن:قوربان !سەرێکم بەورکەنانی هەڵکێشەوسەرێکیشم بەورکەپیوازی،بۆت دەبینمەوە.

وا وێدەچی ئەوقسە،ڕەسم وعادەتی ئەوجورەجاسوس وسیخوڕانەبوە.

نۆرەی سورێ عەێیارە

سوری عەییار.وەنێوشاری کەوت، دەستی بەگەڕانێ کرد زۆرسوڕاوە هەتاگەییشتە ماڵەکەچەڵی هەروەژورکەوت دەستی کردبەپاڕانەوەی کەچەڵیش لەماڵی نەبو،بەقوربانت بم ئەوەبوکێکی سەڵیتەم هەیەمەگیرانێ لەگۆشتی وشترێ دەکات، ئەگەرهەتانە هەرچەندی بێ لە ڕێی خودای‌دا بمدەنێ. خۆپولیشم نیەلەبازاڕی بۆی بکڕم خالۆژنی کەچەڵی فریوی خواردو لای دیکەشی زۆری زگ پێ سوتاو گوتی ئەوەلەبازاڕی کڕیبویان هەرئەوەندەشمان ماوە، بەقەراپەنجەدەستێکی دەبوویێداوسوری عەێیارڕۆییشت دەدەرکێ‌دا کەچەڵ گەییشتەوە،گوتی ئەوەچیەداپیرە؟ پیرێژن دەڵی داپیرەت سەدجاردەسەرگەڕێ بوکێکی سەڵیتەم هەیە.مەگیرانیەلەگۆشتی وشترێ دەکاجائەوژنەنازانم چتەخودائیمانی بەنسیب کات، ئەوەندەی داومەتێ دەچم بوێ دەبرژێنم؟

.کەچەڵ زانی ئەوەکارێکی بەدەستە:وەرە.وەرە داپیرە ! کۆڵەپاشام کوتاوە.وشترەکەم کوشتۆتەوە وەرە لاپیلێکی بەرەوە هەموتان بیخۆن دەڕێیەخودای دا.

.سوری عەییارتەماعی ڕینیشت وبەخۆی گوت باشەهەتازۆرتربی چاکتر. ئاشکرادەبیت، دەگەڵ کەچەڵی چۆژۆری هەتاسەرکەلاکی وشترێ وکەچەڵ دەڵێ! ئەوە کەلاکی وشترێ پاشایە !سوری عەییارچۆ ژوری کەلاکی دیت، کەچەڵ ڕۆبۆپیلی پیرێژنی،لینگی

دەبەرلینگی ناکردێەدوپیرێژن وهاویشتیەسەرگۆشتی وشترێ وگوتی ئەوەهاتوی سیرپی کەچەڵی ئاشکراکەی.کەچەلْ چوبەخالۆژنی گوت ئەوجارمسقالەگۆشتێکی بدەیە هەرکەسێکی وەك سوری عەیێاردولەتت دەکەم و دەتەهاوێمەسەرکەلاکی وشترێ ..ها.

خالۆژنی زۆری لێ ترساوبرپاری دا لەقسەی دەرنەچی.

خەبەریان بۆپاشای بردکەسوری عەیێاریش بێشوێنە. هەرچەندگەڕان هیچ خەبەرێکیان وەدەست نەکەوت.

با بزانین کەچەلْ کوڕەکەی چون دەدزێتەوە

پاشاهەموحەولەکانی بۆ.وەدەست هێنانی ئەوکابرابەدفەڕەی بو؟

ئەوجارهێنای میوانێکی گەورەی ڕێك خست،هەموخەلْکی شاری بانگ کردوهەرجاڕیان ڕاهێشت کەچەلْ زانی چباسەوچودوفەرخەکەروێشکی کرین وعەباو شرۆشالاتی وەخۆ خستن وکەروێشکەکانی دەبن عەبای نان ورۆییشت بومەجلیسێ،کوڕەکە(کوڕی کچی پاشای ئەگەرکەچەلْ چۆبۆکنی و ...) گەورەببو، هێنایان لەنێومەجلێسی بەرهەلاێانکرد، گوتیان خوێن دەبزوێ، بزانین بولای کێ بچێت، ئەوبابی ئەوکوڕەیە؛ پاشاش دەیزانی ئەوەهەرئێکێکەو ئەوکارانەدەکات،کوڕەکە یەك دوجاران بەتەمابوبۆ لای کەچەلی بچیت، بەلاّم کەچەلْ کەروێشکەکانی نیشان دەدان ئەگەرچاویان زەق دەچوکوڕە هەلْدەهات، ئەویش بەسەردەستان داهات،لەناکاوکەچەلْ کەروێشکی بەپشتەوەدابەردان، کەروێشك کەوتنەنیومەجلێسی. بوبەهەراو هوریاو ... چرا کوژانەوە و ...، کەچەلْ بەفورسەتی زانی وڕۆبۆکوڕەکەی ڕفاندی وبردیەوەمالێ (چونکە مالێان لەوی نیزێك بو) بەخالۆژنی ئەسپاردوگەڕاوەمەجلێسی، دیتی خەلْکەکەئاهۆن بونەتەوەوهەرکەسەلەسەرجێگای خۆی دانیشتوتەوە. هەرچەندی گەڕان کوڕەکەنەمابو، خەلْکەکەشیان کەبژاردن هەمویان تەواوبون. گوتیان کەس نەچۆتەدەرێ، کەچەلْ بەئەوجورەی کوڕەکەشی لەپاشای دزیوە وکوڕەی چاك تاقەت کردو کەوتەپێوشوێنی پاشای کەلەسەرێك لەسەرێەك خەبەری دەنارد هەی عەمری نەمێنێ جاچۆن کابرایەك ئەوهەموخەراپەی دەگەلْ بکاناْزانیت و

نایبینێتەوەئەوەبۆنامری.

با بزانین کەچەڵ برای شای چۆن دەداودەخات

کەچەڵ کەوڵەمەڕێکی کڕی، هەرلیسەپەی زەنگوڵێکی وێخست، کەوڵی دەستدایەو ڕۆییشت بۆشاری برای پاشای چولەوێ بەپرسیاران چوارباغی پاشای دیتەوەوپێیان گوت پاشاچ ڕۆژێکی دەچێتەچوارباغی. کەچەڵ چودەنێوچوارباغیداخۆی‌شاردەوەو کەوڵەمەڕی بەخۆی‌داداچونکەئەوچوارباغەی شای چوارباغێکی گەورەوزۆریش خۆش بو، پاشا هاتە چوارباغی، لەنێوچوارباغی دەستی کردبەگەڕانێ لەبەربۆنی گوڵەکانی چوارباغی مەست ببوو لەبۆنکردنی ئەوگوڵ بۆبۆنکردنی گوڵێکی دیکە،ئاو.خواردنەوەوحەسانەوەولەبن سێبەری شوڕەبیەکان ئەوەندەدڵخۆش‌بوکەهۆشی لەخۆی نەبو هاتبوّ لای نوێژێ شێوان لەناکاوکەپاشادەوپەڕی خۆشی ودڵ خۆشی‌دابوشتێکی زۆربەسام خۆی ڕاوەشاندو بوبەزەنگەزەنگ پاشاکەدیتی ناچاردەستی بەهاوارکردنێ کرد:بۆخاتری خودای ئەتۆچی ؟ کەسیشی لەدەورەی نەمابوهاوارێ بکات؟!

کەچەڵ:ئەمن؟! حەزرەتی قابیزم وهاتوم ڕوحت بکێشم! پاشاهیچی پێنەما، دەستی بەپاڕانەوەی کردوگوتی ئاخرئەمن پاشام ئیجازەم بدە بچمەوەماڵێ وخوداحافیزێ لەمنداڵەکان بکەم.

کەچەڵ دەنێوکەوڵەمڕی دا،دەڵێ مردن پاشاوفەقیری نازانێ. پاشازۆری لەبەرپاڕاوە. کەچەڵ پێی‌گوت باشە! ئیجازەت دەدەم بەڵام بەشەرتێك! هەرچی پێت بلێم قبولی بکەی و ئەنجامی بدەی ولەقسەم دەرنەچی.

پاشا:هەرکارێکی پێم‌بلێی جێ‌بەجێی دەکەم. پاشازۆرچکوڵەببووە. کەچەڵ گوتی ئەمن دەتۆربەیەکت دەنێم ودەتبەمەماڵەپاشای برات لەوێ لەبنەخۆمت دادەنێم دەتکەمەبن قون و لەسەرت دادەنیشم داوای ماڵ‌ئاڵلەی لەپاشای دەکەم، پاشاش داوا دەکات :شتێکم بۆبلێ، ئەمنیش دەڵێم چ نازانم، دوبارەدەڵێ شتێکم بۆبلێ، ئەمنیش دەڵێم پاشابەخودای هیچ نازانم، ئەرێ بن قونی من ئەمن هیچ دەزانم! ئەتوش دەڵێی بە

خودای پاشا، دەروێش فـەقیرەوچ نـازانێت، ئەگەرئـەوەی قبـولْ بکـەی بـەێنیکی دیکـەت مولـەت دەدەم. پاشاناچاربوولەمردنێش زۆردەترساقبولّی کردوئەوجێگایەی کەچەلْ بـۆی دیاریکردبوچولـەویّ چاوەڕوانی کەچەلّی بو.

با بزانین لە ماڵە پاشای چ ڕوودەدات

کەچەلْ گەییشـتـەلای پاشایوپاشـای دەنێوتۆربـەی نـا کەچـەلْ زەلامێـك وپاشـاش چوکەڵەوچوّدیوانی پاشای وداوای مالّاڵلّـەی کرد؛ پاشا:دەروێش شتێکم بۆبلّیّ. دەروێـش دەلّیّ بەخودای پاشا چ نازانم پاشا:دەیدەی شتێکن بۆبلّیّ!دەروێش چۆن چ نازانم؟!

دەروێش:بەخوای پاشاچەنازانم؟ئەریّ بن قونی من ئەمن چ دەزانم؟!

پاشادەبن قونیّ کەچەلّیداوەجواب دیّ ودەلّیّ،پاشابەخودای دەروێـش فـەقیرەوچ نـازانیّ پاشاوئەهلی مەجلیسی ئەودەنگەیان بۆناسیاربوو زۆریان پـیّ عـەجایب وسـەیربو،دوبـارە پاشابۆڕون بونـەوەی ئەودەنگـەی؟داوای لەدەروێشـی کـرد:شـتێکم بۆبلّـیّ؛دیسـان دەروێش:بەخودای پاشاچ نازانم؛ ئەریّ بن قونی من ئەمن چ دەزا نم؟!پاشای برای لـەبن قونی کەچەلّی ئەوجاریش گوتی بەخودای پاشادەروێش فەقیروەچەنازانی!

پاشـا گوتـی ئەودەنگەچیـە؟! کیێـە؟! کەچـەلْ دەلـیّ ئەوەپاشـای براتــە! پاشـا بلّیندبو:بیگرن،بیکوژن، پاشا ی برای لەبن قونـی کەچـەلّی وەجـواب هـات!!!پاشـا:نـا! ڕاوەسـتن، جـاریّ ئـەمن بێننـەدەریّ. دەسـت مـەبزێون بـەلّیّ چـون پاشـایان لەتۆربـەی هێنادەریّ. پاشاپوی دەکەچەلّی کرد:ئەتو کێی؟ کەچەلْ دەلّیّ ئەمن دەلـەیّ مەردانـەپێت دەلّێم وجانەتۆش مەردا نـەکارەکانی دیکـە بەئـەنجام بگەیەنـە ئەوپاشـایەزۆرعاقلْ دەبـی وقەولی پیّ دەداو؟ئەوجارکەچـەلْ دەلـیّ لەسـەرویژدان وشـەڕەفی تۆئـەمن ئەوکەسـەم کـە تـەواوی ئەوکارانەئـەمن کردومـن چونکەئـەتولێکدا.لێکدابەسەرپاشـای بـرات دەرۆیشـتی وەدەتگوت چون کابرایەکی بەرلاّت بۆناگیری؛ هاتم ئەتۆشم ئاوابەردەست کردوگرتومی ·

پاشادیسـان هـەرای کردبیکوژن، پاشـابرای گوتـی نـا! وانابیت کوشـتنی چـی؟! ئەگەردەتهـەویّ ولاّتەکـەت ئـارام بیتـەوە.بێنەکچەکـەتی لیّ مارەکەوبیکـەوەزیری دەسـتە

ڕاستێ چونکەئەوکچەی تۆتازەبۆکەس نابی ودەنا ئەوەی دەکوژی دەشتوانی بیکوژی بەلاّم دەڕۆژی دیکەی پیّناچیت، یەکی دیکە پەیدا دەبیت لەئەوەش خەرابتروبەدفەڕتر. کەچەڵیان چەندڕۆژان ڕاگرت وپاش برێك بیرلیکردنەوە، قسەی پاشای برای قبولّ کرد، کچەکەی لیّ مارەکردو؟کردیەهەمەکارەوکردیشیێوەزیری دەستەڕاستی ئەگەرلەشاری و دەوروبەری مێشولێك جولاّباوە، کەچەلّ دەیزانی وڕێگای چارە ی بۆدەدۆزیەوەئەوان خەریکی خۆشگوزەرانی بون وئەمنیش بەزمی کەچەل وکێشکچیکانی کەلاکم پیّ لە هەموان سەیرتر بو.

کەچەڵی کەوان (شێعر)

کەچەلۆکێك بو ببوّ ەگوێلکەوان — نێویان لیّنابو کەچەڵی کەوان
هوّی نیوّلیّنانی:گشت ڕۆژ دو کەوی — دەیگرت بە تەپکە و بە دار و دەوی
کەوی لیّدەستاند داروّغەی شاری — بە خۆشی بایە یان بە زۆرداری
چەندسالاّ ن کەوی بوّ داروغەی گرت — ناچاربو دەستی لەوکارەی هەلگرت
ئێوارەی ڕۆژێك دانیشت لای دایە — بە بەرگی جوانی کچی هاوسایە
دەسەر و چاودا کەچەلّ زۆر جوان بو — کیّ جوان نەیدیبا بوّی پەشیوان‌بو
داروّغە ڕێگا یی دەو کوچەی کەوت — لە نەکاو چاوی بەو جوانەی کەوت
کەمابو شێت‌بی هەر ڕێی دەرنەبرد — هات چاك و خۆشی دەگەلّ دایە کرد
لەگەل پیرێژنی ئەو ڕۆژەی وابو — دەنا بە کلاّوی قەت نەپێوابو
پرسی:داپیرە:ئەم کیژە جوانە — کچی کام بەگە و کام خانەدانە؟!
کەچەلّ فیرّی کرد بلّی تاقە کچەکەم — پێت‌خۆشە هەتا پیش‌کێشی توی کەم
داپیرە ئاوای بە داروّغە گوت — داروّغەش زۆر زو بوّ خۆشی بزوت
داروّغە ناردی، مارەی‌کرد کەچەلّ — بوّ بوکی کڕی تەواو کەل و پەل
بوکێان بوّهینا بوّ داروّغەی پیر — با بزانین چۆنە تەقدیر و تەگبیر

هەرکەس بو مالی خوی گەڕانەوە تەنیا زاوا و بوك لەوێ مانەوە

✽ ✽ ✽

با بزانین، کەچەڵ، داروغەی چۆن دەبەتلێنی

داروغە ویستی پێك بێ مەبەستی بچی بۆ لای بوك وبیتە بەردەستی
هات بەرەوپیری بوك بە غەمزە و ناز لەنجەی کۆترانی و چاوی وەکو باز
پێی گوت داروغە گوێ بدە فەرمانم چی لە لای تۆیەو دەبێ بیزانم
:ئەوهەمو کارە ناکرێ بەوشەوە ئیستا جێی خۆشی و دستبازی و خەوە
پاشی چەند ڕۆژێك ووچانێك دەدەم چی بەردەستی منە نیشانت دەدەم
:هەر ئەوشوکانە بە بێ ووچان‌دان دەبی بیسان‌بینم چی لە دەستت دان
ناچار وەپێش‌کەوت هەموی نیشان دان غەزنە و جێ بەندی هەتا دەغلّ و دان
هەر دیوێك مابو گوتی با ئەوە تەماشا بکەین و جا وەختی خەوە
داروغە پێی‌گوت چەرخی تێدایە بۆچیە؟! لێی‌گەرێ بەکارت نایە
تایبەتی منە لای من ڕۆنراوە بۆ تەنبی‌کردنی مسکێن دانراوە
:من دەبی بزانم خۆ چەرخ چییە؟! بە کاری چی‌دێ و یان کاری چییە؟!
دەرکەکەی دیوی چەرخی کردەوە کەچەڵ خۆی ساز کرد بیری کردەوە
پێم‌خۆشە کاری ئەو چەرخە فێربم بۆ کاروبارو بۆ تۆش بەخێر بم
بەڵکە ڕۆژێکی تۆ لە ماڵ نەبی مسکێنێك بێنن شا لێی تورە بی
من لە جێگای تۆ دەبی تەنبیکەم شا لێن ڕازی بی ئاوا کاری بکەم
داروغەش ئەوەی بە دڵ پێ خۆش بو هەم بەتالوکەو زۆریش لەجۆش‌بو
شاقەلت دانی زۆر بە وشیاری جا تەماشای کە و ببینە کاری
شاقەلی دانا کەچەڵ بە بێ هەست چەرخەکە سوڕا کاری کەوتە دەست
چەرخەکەی بادا کەمێك لێی توند بو بە ئەیرۆ ئەیرۆ هەرای لی بلێند بو

کەمابو پشت و لاقم لەتبکەی   دەبی کاری وەم زۆر جوان فێربکەی

وای خۆ سازکردبو داروغە بو ڕاو   کەچەڵ چی گوتبا، دەیگوت بە سەرچاو

دا کوڕە گیان ئەتۆش شاقەلت بخە بەر: داخوا وەك هی تۆ دەسوڕێن تەگەر

داروغەش ئاوا داینا سەر شاقەل   کەچەڵ توندی کرد هەڵکەوت بۆی هەل

بە بێ ڕاوەستان، کەچەڵ دەیسوڕاند   داروغەش هەروا کەمکەم دەیگوڕراند

گیانی تێکشکاند کردی شەق و پەق   گوتی فێردەبی کەو دەخوی بی حەق

لەسەرڕا دەرچو خۆی لۆەشاردن   شا بەیانی زو چەند کەسی ناردن

دا بچون دە بزانن دەنگ و باس چییە   بو بوك و زاوا باسیان لێ نییە؟!

هەروا بێ هەست بون چی بانگیان کردن   ناچار ئەمری شا دەرکیان شکاندن

خۆ هەمو گیانی داروغە شکاوە   لە چرپە و گوڕپەی هەر ناڵەی ماوە

شایان تێگەیاند هەر زو بەیانی   زۆری پێ تێکچو ئەگەر پێی زانی

ئەمری کرد زۆر زو حەکیمێك بێنن   ئەوبرینانەی بو وەبر ژێنن

کەچەڵ خۆی گۆڕی پاش ڕزگاربونی   بە تۆربە و دەرمان بە هات و چونی

چەند منداڵێکی توقەی بانگ کردن   پوڵێکی دانێ و جوان حاڵی کردن

بڵێن مام حەکیم ئەرێ دەچیە کوێ؟   هەرچەند من بڵێم قرو تێبکەوێ

بەدوامدا وەرن جنێوو پێبدەم   لێو توورە بم یان، بەردو پێدابدەم

مام حەکیم بە خۆو بە عەبا و تۆربان   دەڕۆیشت ڕێگاو بو خۆ نشان دان

منداڵ لە ڕێگا و کوچە و لە سەر سوێ   ئەرێ مام حەکیم ئەوە دەچیە کوێ؟!

منداڵی ئێستا هێندە زۆرزانە: پیاو لە دەستانیان چەند هەراسانە

ئاوڕی وێدەدان حەکیم چی چبکا؟!   دەگەرێ نەخۆش و زامدار چارە بکا

چەند پیاوی پاشای پاش کەم گەڕانێك   توشی حەکیم بون لە نێو کوڵانێك

پرسیان تایبەتیت لە چ ئیش و کار — وتی تایبەتیم، زامە و بریندار

دەی باشە دوکتۆر ڕێکەوین وبڕۆین — لە بریندارەکەی خۆمان خەم بخۆین

حەکیم گەییەجێ و چو وەژورکەوت — پاشا هات چاوی، بە دوکتۆر کەوت

:بریندارێکمان، هەیە بێحاڵە — لە دەست هاواری ژینمان لێ تاڵە

ئایا دەتوانی بیکەی تەبابەت — هەتا غەنیت کەم لە ماڵ و دەوڵەت

:نەخۆش نەبینم جوان لییێنەڕوانم — ئاکامی کار و دواڕۆژ نازانم

مام کەچەڵیان برد ببو بە دوکتەر — زامی چۆماغچی بکا چارەسەر

دیتی و بەخۆیگوت دەی کاری کراوە — هەر هەناسێکی دەبەردا ماوە

پێیگوت بە پاشا هەر زۆر بە جوانی — چاك دەکەمەوە برینەکانی

هێندێك دەرمانی کردە لاق و دەست — بە مقاشیش وابو جێیەکی دەگەست

بە ڕاشکاوی بویان هەرنەهێنی — نابی لە لای مە هیچکەسی بمێنی

ئێوە دەزانن، بۆ نەخۆش دوکتەر — بێئینساف نەبێ پێی نانا زەفەر

بەلام سیڵێك و چوار پێنج لەتکەدار — بۆم بێنن داینێن لە قولینچکی حەسار

چۆ لای داروغە بە گوییدا بخوێنی — فێردەبی کەوان بێ حەق دەستێنی

سیڵ لە سەر کوچکان، ئاوری کردەوە — داروغەی لە سەر سێڵ کۆ کردەوە

لە کون و دەرزێك خۆی لێ دزینەوە — وای خۆ شاردەوە هەر نەیبیننەوە

هەرچەند بانگیان کرد دەرگاکە بکەوە — دیاربو کەس نەبوتا جوا ب داتەوە

بۆکرۆز و بۆچەك دایگرتبو ولات — دەرکیان شکاندن دیتیان کارەسات

لەشی داروغەی هێن جوان سوتابو — هەر بەقەد کەویك لە سەر سێڵ مابو

ئەو خەبەرەشیان ئەگەر دا بە شا — لە ترس و خوفان هیچ هۆشی نەما

* * *

دە داوخستنی کچی شای

پاشا کچی خۆی ناردە ئەونێوە
دایناـ بۆ تەڵەی ئەو سەربزێوە

بۆی ڕازاندەوە چادر و چیغ و کوێن
لە جێگایەکی، زۆر خۆش و بژوێن

هەڵیاندا لە سەر کانیەکی پڕئاو
هەتیو کە دیتی زانی بۆ ویە ڕاو

لە کوچە و کولان دەڕۆیشت کەچەڵ
بە هەراکردن دایمەزراند گێچەڵ

لە جیی باوکمم بە کێ قەردارم؟
بێ بیدەمەوە زۆر شەرمەزارم

کوڕە جویك ئەگەر بیستی ئەو قاوە
لە کونی ئاودەستێ ولآمی داوە

ووتی بەڵێ دەی بە من قەردارە
خۆ هێنند لەمێژە کوا ئەوە کارە؟!

کوا چەندە پوڵت دیتمێ وە چابو
دە قران، خۆ دەنا، کەمتر نوسرابو

دەستت بێنە پێش فەرمو ها قەرزت
سوپاست دەکەم بۆ وورەی بەرزت

پیلی لەبنیڕا، گرت و بڕی خشت
بردیەوە ماڵێ و گەلآڵەی دارشت

پیلی خۆی لە بن شت و مەك ونکرد
پیلی دی بە دو تەقەڵ قایم کرد

شەو داهات کەچەڵ پارێزی بۆ برد
کچی پاشای دی و قسەی لەگەڵ کرد

وتی، تۆ هەڵدێیی بەقات پیّناکەم
ووتی نامەردم ئەگەر من ڕاکەم

ئەگەر تۆش وەك من دانیێ قەراریێ
کار تەواو نەبی نەکەی هاواریێ

قەراربیێ هەتا کار خەلآس نەبی
کارم بە دەنگ و هەرا و باس نەبی

دەزانم ئەتۆش ئەوەت مەبەستە
دەی باش بگرەدەستم وبی بەستە

دەستی سەرەوەی کەچەڵی توند بەست
دەگەڵ کچەی نوست کەچەڵ بەبێ هەست

خەلآس بو کاری پێی گوت هەراکە
زوێکی بەنی پساند کەچەڵ جا ڕا کە

تا حەرەس هاتن خۆ کەس نەمابو
بەلآم پیلێکی ساغ بەجیّمابو

کچ ئاشکرای کرد وام خۆدا دەستی
ئەمنیش زۆر مەحکەم بی بەستم دەستی

ئێوەش دەبینن دەستی بەستراوە
پیلی لەبنی ڕا، هەڵقەندراوە
خەیمە و خەرگایان بۆ کۆ کردنەوە
زۆر زو بۆ ماڵیّ شایان بردنەوە
شا ئەمری پیّ دا ن ئەو شارەی تەواو
زۆر ورد یبگەڕێن با بخرێتە داو
جا بگەڕێن بزانن هەرکەس بیّ پیل بیّ
فەقیربی و یاغی یان زۆر زەلیل بیّ
لە سیّدارەی دەن ئارام بیّ ولاّت
تیّفکرن بزانن چۆن دی کارەسات
کوڕەجو بە داد و هاوار دەیناڵاند
گرتیان، بە لێدان گشت گیانیان شکاند
زۆر لە بەرپرسان،هێند پرسیاریان کرد
بیّتاوان دەرچو زو ئازادیان کرد
ئەوەش بیّئاکام بوّی وەدەرکەوت
بەردێکی دیشی وە خالگەی کەوت

❋ ❋ ❋

کەچەڵ و بەسەرهاتی خالّی

کەچەڵ خالێکی هەبو زۆر وشیار
تای نەبو بۆ دزی لە دێهات و شار
چو بە خالّی گوت کەچەڵی دەغەڵ
کێیە دەتوانیّ بدزیّ هێلکەی قەل
تا خالّی هێلکەی لە قەلّ دزی
کەچەڵ پا توّلی لە خالّی دزی
کیّ هەیە وەك من بڵیّ من دزم
کوێرە وەجاغم لە قەوم و خزم
کەچەڵیش پیّگوت وتەت بەجێیە
خالّە پاتوّلت کوانیّ لە کوێیە ؟!
ئاوا ڕوانیە خوّی دەرپێم دزراوە
تا دزیم لە قەل کرد دزیم لیّ کراوە
مەڵیّ وەجاغم نەما خوّ من هەم
هەر دزیەکی بڵیّ دەگەڵت دەکەم
خەزێنەی پاشای با ئەوشوّ ببڕین
بە بڕیك لەو گەنجە بژیوێك بکڕین
شەو داهات ڕوّین بوّ زگ خەزێنە
توّربە و تورەکان جا پڕکە و بێنە
شەویّ خەزێنە بڕا بو بەیانی
پیّیان ڕاگەیاند زوتر تا بزانی
پاشا ! مەجلیست پڕ تەدارەك بی
بەرگی تازەشت لیّ مەبارەك بی
دز هاتون کەمێك غەزنە دزراوە
شوێنیشی ماوە،دیواری بڕاوەو

شا برایەکی بو گەورەتر لە خۆیێ   هەر لێکدا لێکدا نامەی دەنارد بوێ

بە ڕاسپاردان گەپی پێ‌دەدا   سەرکۆنەی دەکرد تەعنەی لێ‌دەدا

تو نابی بڵەیێ شام بوختان بەخۆبکەی   نەتوانی ڕێگەی درێك نغرۆبکەی

:لە دەورەی غەزنە خەنەدەك هەڵقەنن   پڕی بکەن لە قیڕ دەورەی لێ بتەنن

کەچەڵ هەر گەرا تا نوێژی شێوان   بە قەدەم لێدان، یابە ڕێ پێوان

کونەکەی خەزێنەی دی ئاوەڵایە   زو زانی فێڵێك لەوکارەی دایە

هەر گەییشتەوە بانگی کرد خاڵە!   کونەکەی خەزێنەی هەروا بەتاڵە

پێم‌خۆشە ئەوشۆش نەردێکی بێنین   جا بە یەکجاری وازی لێ‌بێنین

کون نەگرابۆوە وەکی خۆی مابو   خەندەك لە دەورەی پڕ قیڕ کرابو

کەوتە پێش ڕۆیی ئاوڕی نەداوە   تا سەر خەندەکی و یەکجێ گەڕاوە

:بو گەڕایەوە؟! خاڵی لیێ‌پرسی   من دەڕۆم دیارە خۆ تۆ دەترسی

:نەخێر ترس و مرس لە لای من نیە   بەڵام من ئابڕووهیچ حەیا م نییە

چۆن دەبێ خوارزا پێش خاڵی کەوێ   من خەجاڵەتم عەفوم لێت دەوێ

خاڵە گیان فەرمو، خاڵ وەپێش‌کەوت   چوار شەقا ڕۆییشت دە قیڕێ کەووت

خاڵ دەچۆ خوارێ چۆن دەجوڵاوە   کەچەڵ تێلەکێکی بردو گەڕاوە

سەرشانی خاڵێ کردبو بازگە و پرد   هەتا خەلاس بو هەر هات و چۆی کرد

هەڵیکێشا کێرد، خاڵ:ئەوە چ دەکەی؟   سەری تو دەبڕم، کاری وا نەکەی!

دەڵەی چی خاڵە هەی بێ‌بەلا بی   سبحەی دەنگرن لێن ئاشکرا بی

دەبێ من بڕۆم تەرکە دنیا بم   خۆ تازە بۆ نێو چ پیاوان نابم

بە کێردێ سەری خاڵی بڕی بێ هەست   تۆربەی لە شان کرد و سەری گرتە دەست

گەییەوە ماڵێ، خاڵۆژنی بانگ کرد   مەوزوع هەرچی‌بو زو بۆی بەیان کرد

خالۆژنی ویستی شین و هەرا کات   کەچەڵی توشکا و کاری خەرا کات

خوێ لێ تورە کرد هوێ کۆتە ماکەر!   هەر سۆزێك ئە لەو ماڵەی بچێتە دەر

وەك سەری خاڵم سەری تۆش دەبڕم   زۆر بە بێڕوحمی هەر تێتنافکرم

خالۆژنی ترسا؛ وابو گیژ و کاس   کەچەڵ نەیگوتبا هەر قەت نەیبو باس

دیسان بەیانی وایاندا خەبەر   قیڕ تییدا ماوە پیاوێکی بێسەر

شا دەستوریدا دارێکی بێنن   لە ڕێی کانیە ژنان قیت بیچەقێنن

کەلاکیش بێنن بیخەنە سەر دار   جا بزانم چۆنی لێدەبن وشیار

ژنی ئەو پیاوە خۆی پێڕاناگرێ   بیبینێ حەتمەن بۆ مێردەی دەگرێ

لە دەورەی کەلاك کێشکچی دانان   بە نەزم و نیزام شەوتا بەیانان

کێشکچی دیتن و کەلاك لە سەر دار   زانی تەڵەیە بۆی هۆنراوە کار

بە خالۆژنی گوت، کەچەڵی زاڵم   پێت خۆشە تێرتێر بگری بۆ خالم

ژنە گوێی لێبو واقی بردەوە   گوتی پێمخۆشە! زۆر بە ترسەوە

دوگۆزەی بوکڕی وهینای دایەدەست   بڕۆ بۆ کانی لەو سەرەی بێ هەست

هەر گەڕا یەوە و گەییشتیە لای دار   گۆزان بشکێنە و بیکە بە هاوار

چەندی دەتوانی بگری و ڕۆڕۆ کە   چی گڵ و قوڕبێ وەسەری خۆ کە

بەو گریانەوە کێشکچیەکان دێن   لە بارەی کەلاك لەگەڵت دەدوێن

چی تۆیە خوشکێ ئەو سەڕبراوە   بە خوای وا دیارە زوڵمی لێ کراوە

من چیم نەدیوە کوانێ سەر براو   ئەدی چیە؟ چۆنە وا دەگری بەتاو؟!

چم لە کەلاکی هۆشم لێبڕاوە   لە ترسی خەسوم گۆزەم لێ شکاوە

لەبەربێشەرمی وحەیای خەسوەکەم   بۆ کوێ بڕۆم ئەیرونازانم چبکەم؟!

لە شکانی گۆزان ئەو ئاگادار بێ   ڕام ناگرێتەوە دنیاش بە دار بێ

بەوجورەیٚ کەچەلٚ کە بوٚی دانابو ئاوای بوٚ پێك هات موی لانەدابو
کێشکچی تێکچون، ژنە قسەی کرد کووەبون تێگرا تەوجێیان بوٚ کرد
پولێیان وەدەست دا هەر زو گەراوە بوٚ کەچەلٚ قسە و باسی گێڕاوە
کەرێکی زابو چلکن دەولەمەند پەروٚی لە پاشوی جاشکی کردبون بەند
کەچەلٚ خێرا چوٚو لای دەولەمەندی پیی گوت ئەو کەرو جاشکەت بە چەندی
بیفروٚشم باربەر چوٚن لە خوٚم ببڕم کەچەلٚ گوتی خێرٚ ئاخر لێتدەکرم
لە پینج قرانان هیچ کەمتر نابیٚ ئەوەت شەش قران با ئیك ئاوا بیٚ
پولیٚ دا کەرو جاشکەکەی کڕین بەرەو تەویلە بە جوت لییٚخوڕین
جاشکی بەستەوە و کەری کردە دەر زوٚر زو بەلەد بو ئەوسەر تا ئەوسەر
وای لیٚ هات لە کویٚی لەنێو ئەوشارە دەهاتەوە مالٚ بە یەك ئیشارە
بوٚ دزینەوەی کەلاك خوٚی ساز کرد جوانی تیٚگەیاند خالوٚژنی گاس کرد
وشیار بە ئەگەر کەر گەیشتەوە بیبە تەویلەی زو بیبەستەوە
کەلاکی خالمت بوٚ دەنێرمەوە جا د وا یەبوٚخوٚم دێم دەیشێرمەوە

❊ ❊ ❊

دزینەوەی کەلاکی خالٚی

ڕوٚژێك کەوتەڕیٚ وەختی ڕوٚژپەڕی لای کێشکچیەکان ویستی تێپەڕی
دەمێك بو دەستەی ئەو کێشکچیانە ماندوو وەڕەزبون لەو بیابانە
ئەوشوٚ دەرویٚشی ڕاگرین لای خوٚمان بەزم و ئاهەنگیٚ باگێڕیٚ بوٚمان
گوێولیٚ بیٚ لەقسەی سورداش ودەرویٚش بانگیان کرد دەرویٚش دا برێك وەرە پێش
ڕاوەستا کەچەلٚ هوٚشی لە کەر کرد گەورەی کێشکچیان باسی لەسەرکرد
مام دەرویٚش ئەوشو لامان بمێنەوە مەجلیسی شادین بوٚ برازێنەوە
دەڕوم، ناتوانم کارم بەدەستە کارت گەرانە کوا چیت مەبەستە؟!

دەتدەینێ نەڕۆی ئەوشۆ لەلان بی — کوا چیم دەدەنێ با لێم عەیان بی
حەقت بیست قڕان لامانبە ئەشۆ — مەرد و مەردانە بارت بخە و مەڕۆ
کەچەڵ ڕازی بو هات بارەکەی خست — خێرا کەریشی دە پچکێکی خست
جوان دانیشت جیێ خۆش بەر پالینگانی — دارەکەی کەلاکی لە بنیڕا ڕوانی
هەر کەلاکی دی هەستا کەوتە کار — زو حازری کردن کوتە و کەرو بار
پرسیاریان لێ کرد چبوە.؟ چ دەکەی؟! — لە چی نارازی بۆ کوێ باردەکەی؟!
:شەو ئەو کەلاکە حاڵی بوم لە خۆم — کەرەکەم دەدزێ بە خوای من دەڕۆم
کەلاکی مردو دەی چۆن کەر دەدزی — کێ بیستویەتی کوا لە سەر عەرزی
بە خوا باوکە گیان من زۆر زەنینم — هیچ ڕوناکایەك لێرە نابینم
گەورەی کیشکچیان گویێ لێ بورۆهات — حاڵی بێ وبزانێ چە بوە کا ر ە سا ت
لەدوری دیتی گێشەی مام دەروێش — بووباس وخواسە ی زوێکی هاتەپێش
دەروێش لەسەرچی لەچی تۆرەبویی — کێ چی پێ گوتوی یالەخۆڕاهەڵچوی
حاڵیا ن کرد،دەروێش تورەبوەلەچی — هاتەپێش پێی گوت سەرکارکێشکچی
گەڕاوم دنیام خۆ زۆر دیتوە — ئەوەی تۆ دەڵێی کەس نەیبیستووە
ڕاست دەکەن ئێوە بنوسن قاقەزی — کە هات و کەلاك کەرم لێبدزی
دەقرانم دەوێ، لە تو پولی کەر — دەی هەربۆخۆشت دەبیە دەستەبەر
زانیان ئەوکارە ئە لەودنیایە — نەبوە، نەکراوە، کاغەزیان دایە
شەوێ هەر پاشی نان و چا خواردن — بەزم و ڕەزمێکی وای بۆ ساز کردن
نەیەێشت کەس بنوێ تا لای بەیانی — فرقە و پێکەنین، قاقا و گۆرانی
جارێك پاشا بو دەڕوییشت بۆ ڕاوە — دادیان لێ دەخواست ئی زوڵم لێکراو
دەمێك داروغە و جارێکیش وەزیر — لە خوێ دەبەستن قایش و قرۆش و شیر

چی سەیربوبوّی بەرێوە بردن   هەتا خەو هەموی لابەلا کردن

خەوتبون هێندێك هەروا بەپێوە   لە هات و چوندا یا هەر بەرێوە

چەندجاریان بانگ کرد،دەروێش ڕەجایە   هەمومان کوێر بوین تۆ خەوت نایە

لە پێکەنین و بەزم و هەڵلا و چی   لەبیریان چوبو دانێن کێشکچی

لەبەر بێخەوی هێند شەپرێو ببون   دە لێ جا ئەوجار پێۆخۆشبێ بنون

هەر سەری دانا خۆی لابەلاکرد   شکی هەموانی لە سەر خۆی لابرد

یەکجێ کێشکچی خەویان لێ کەووت   کەچەڵ قیتبوّوە و لییۆەخۆکەووت

کەلاکی داخست قایمی کرد لە کەر   پێی گوت دەبڕووّە؛ بۆ ماڵێ یەکسەر

ڕەژیاوی هێنا هەرئاوای بەش کرد   کەپو و لوتی خۆو هەموانی ڕەش کرد

جا ئەوجار بێخەم تەخت لییێخەوت   نوست هەتاکوتاووەکەللەی کەووت

بە فرقە و هۆڕ و بە پێکەنینان   شین دەبونەوە هەمو کێشکچیان

سەلاتان لە خۆو لە ئیش نەزانین   ئەمنیش با بزانم، وێگرا پێبکەنین

حاڵیان کرد دەری هینا ئاوێنە   جوان لە خۆی ڕوانی و دیتی ئەو وێنە

کوا چ خەراپێك لە من ڕوی‌داوە   ئەو دەردەو بە سەر، من بۆ هێناوە

دەچمە لای حاکم شکایەت دەکەم   کێ ئەوەی کردوە، وای تەنبێ دەکەم

هەمومان وەك توێین، ها تەماشا کە   ئەگەر درۆبو بۆ لای شا ڕاکە

وا تێیان فکری گویا نەمدیبون   بۆ چەند دەقیقێك هەمو بێدەنگ بون

دانیشت تا دەمیك چ بیرکاتەوە   لەناکاو کەری وەبیر هاتەوە

بەربوە ڕۆیشتوە، کوانێ کەرەکەم؟!   ماڵم وێران بو خوایە من چیبکەم

لابەلا هەلات هەتا ماندو بو   ئەوجاریش بەغار بۆ سەر تی هەڵبو

هاتەوە ئەوجار لە داری ڕوانی   کەلاك نەمابو؛ بەڵێ پێیزانی

کاکە زوم زانی خۆ ئەو کەلاکە — کەرم لێدەدزێ دڵی من پاکە

بێنن بمدەنێ پوڵی کەر و خۆم — با بە تاڵوکە لە لاتان بڕۆم

سی قران تەواوی پوڵ لێوەرگرتن — دەفەکەو شڕەی بە کوڵ هەڵگرتن

هاتەوە ماڵێ زۆر بە خۆشحاڵی — درزیبوشیەوە و،کەلاکی خاڵی

جا کێشکچیەکان زۆر بە ترسەوە — بۆ ئاگاکردن وەربە پرسەوە

شا زانی کاری ئەو بێ عورزانە — بە گەورەکەی گوت زۆرباش بزانە

هۆی سور و سورداش! هێندە بێخێرن — خوێڕی و لات و لوت پێتان دەوێرن

یان سەر بڕینە یان بەندیخانە — بۆ ئێوە هەردوی چاوەڕێتانە

دیسان برای شا خەبەری ناردبو — زۆریش بە ووردی سەرکۆنەی کردبو

***

با بزانین کەچەڵ وشتری سپی چاوڕەش چۆن دەکوژێتەوە

با بزانین کەچەڵ چ دێتە بیری — هەتا کوێ دەبا ئاوی، هەویری

شا وشترێکی بو نێوی سپی چاوڕەش — لە سەر کوێ زێڕیا بە بێ غەل و غەش

لە ترسی پاشای دەریان نەدەکرد — چەند ساڵێك ئاوا ڕۆژگار ڕادەبرد

باقە وێنجێکی زۆر جوانی کڕی — بە پێش وشتردا سەبرێك تێپەڕی

وەختی ڕۆژ پەڕێ بۆ ماڵ ڕێی داگرت — وشتر قەپاڵتە ی لە وێنجەی داگرت

کەس دیار نەبایە، وەدوای خوی دەدا — دەنا زیپکێکی بێ هەست لێی دەدا

هەر سەبر سەبرەوشتری هێناوە — زۆر جوان بۆی پێك هات، دیسان ئەو داوە

ووشتری ئێخست بە کێرد کردی تیل — لە حەوشەی کردی لەت لەت و پیلپیل

لە دەوروبەری نیشانەی نەهێشت — جا بخۆ گۆشت وشتر بە برژیوی و چێشت

ئەو خەبەرشیان، پێ گوت تا بزانێ — ئا وەکیل، وەزیر، شا لە دیوانێ

ئەورۆ دو ڕۆژە ووشتر دیارنییە — خوایە من چیبکەم؟!دەی کواچارچییە؟!

ئەوکارە و هەرچی کارێکی کراوە — هەر کاری یەکە پاك ئەو ڕوداوە

دا فەڕاشباشی بۆم جاڕ و قاوکەن — سوری عەێیارم زویەکی بۆ بانگ کەن

کوا سوری عەێیار؟ لێمان تۆراوە؟! — یا دەنا مردوە بەشیشی بڕاوە

دەبڕۆن بۆم بانگ کەن ئەگەر کو مابێ — بە بێ مەعتەلی بون بۆ لامان با بێ

سوری عەێیار هات پاش عەرزی سەلام — هەمو شتی پێگوت:خولاسەی کەلام

بۆم ببینێەوە ووشتری چاوڕەش — لە ملك و ماشم دەتکەم بە هاوبەش

ووشترێ سپیم بۆ ببینێەوە — عومرم لە نەبو بۆ دەژینیەوە

لێکۆلێنەوەم با کام بۆ بگێڕی — هەڵت دەکێشم سەرێك بە زیڕی

بە ڕاست و دروستی بێنێەوە خەبەر — سەری دەیکەشت بە زێو سەربەسەر

سوری عەێیاریش تا خۆ بداد یاری — نەیدەزانی چیە ئاکامی کاری

پاشام هەر خۆش بێ لێم ببێ ڕازی — با هەڵم کێشن هەر بە پیوازی

سەری دیکەشم با ورکەنان بێ — بۆت دەبینمەوە لە بن هەوران بێ

* * *

نۆرەی سوری عەێیارە

پورە سور ڕۆیشت ووشترێ وەبینێ — بزانین چ خۆشیان لە خۆی دەبینێ

هەستا ماڵ بە ماڵ گەڕا لە شاری — بە پارانەوە و زۆر بە عەێیاری

هەر ماڵێ چوبا دەمێك دەگریا — کاری وی هیچکەس نەیدیبا بریا

ئاخری ڕۆژێکی وەختی ئێوارێ — ماڵی دیتنەوە زۆر لە لایێ خوارێ

هەر وەژورکەوت بە نوکەنوکی — لە مەگیرانی گۆشت و شترو بوکی

پێیگوت خوشکێ گیان، دەسەرتگەڕێم — چەند ڕۆژە لە گۆشت ووشترێ دەگەڕێم

خێری ئیمانت ئەگەر هەتان بێ — پەنجێکم دەنێ هەر ئاوەدان بێ

بوکەکەم خودا چاکەی بۆ نەکا — خۆ مەگیرانێ لەو گۆشتەی دەکا

زو فریوی خوارد خالۆژنی کەچەڵ   گۆشت وشتری دا بە سورەی دەغەڵ

ویستی بە فکر و گۆشت بڕواتەوە   گەییە نێو دەرکێ کەچەڵ هاتەوە

داپیرە شەو.وە دەبێ میوان بێ   سەدجار داپیرەت هەر بە قوربان بێ!

سەری دە قوڕێ نێ یاخوا ئەو بوکەم   هاتوم بۆ گۆشتی، سوالێشێ بو بکەم

ئەو ژنە نازانم چی تۆیە و کێیە؟   خۆ ئینشائاڵلە بەهەشتی جێیە

بڕێکی داومەتێ بۆی ببرژێنم   ئیشتیا و ئارەزوی یەکجێ بمرێنم

کەچەڵ زو زانی ئە ئەو سەکسارە   کاری بە دەستە و زۆریش وشیارە

هاتووە سیری من یا ئاشکرا کا   ماڵە خۆی دەنا یەکجێ خەراکا

نانا داپیرە؟ خۆنات کەم بێبەش   ببینە گۆشتی ووشتریێ چاوڕەش

ئەو دوە هەردوکیان لێك لە فێڵێ بون   سور بۆ گۆشتی زۆر، کوڵ لەبەین چون

لای خۆی وای‌دانا هەتا زۆرتر بێ   ڕونتر و هەروا با سبوت تر بێ

تا سەر کەلاکی بردیەوە ژورێ   چەندی پێتخۆشە بەرەوە پورێ

داهاتە سورەی وای‌دا بە ئەرزی   کوڵەکە و دیوار دەرکەی پێ لەرزی

پێی نا سەر لاقی و کردیە دو عەیار   هەردوکی وێکڕا ناردن بۆ نەدیار

ئەوجار ڕوی کردە خالۆژنی بێ هەست   لە داخان لێوو، زمانی خۆی دەگەست

چی بێتە سەرتۆ لەو ڕۆ بەولاوە   یا نیسکە گۆشتێك بدەی بە لاوە

وەك ئەو پیرێژنەی دولەتت دەکەم   هیچ تێبینیەك و ڕوحمت پێنەکەم

شایان تێگەیاند لەو بڕوو بێنە   کوا سوری عەیار ئەویش بێ‌شوێنە!

ڕەنگ و ڕوی تێك چو، شا کە ئەوەی بیست   تۆزی نەهاتی و بەدبەختی لێ نیشت

لەو چەند ساڵەی‌دا چی حەولی‌دابو   بەشی تێشکان و سەرکۆنە مابو

هەر تەگبیرێکی کردبای ئەو شایە   هەر بەراوەژوی، دەهاتە کایە

وای لێ تێك چوبو خۆ گریژنەی کار — سەرکۆنەی پاشای براشی سەربار

***

کەچەڵ کورەکەی چۆن دەدزێتەوە

گوللەی ئاخیری شا کە پیێماوە — سەرکەوتن دەبێ یا دیسان داوە

کەچەڵ ڕێی هەمو فێلانی لێبەست — شا زیافەتێکی گەورەی گرتە دەست

پێشتریش پاشا کچەکەی کە بۆ داو — دانابو کەچی کچە کەوتە ڕاو

چاو پێکەوتن و پێك گەییشتنی وان — بو بە کورێکی زۆر ژیکەلانە و جوان

چی خەڵکی شاربون لە چوك و گەورە — هەموی بانگ کردن کۆبن لەو دەورە

کەچەڵ کە بیستی ئەوجاڕ و قاوە — زانی ئەو داوە بۆ ئەو دانراوە

چو دو کەروێشکی کرین لە نێو شار — عەبا و مێزەری دیسان خستنە کار

کەروێشکەکانی لە بن عەبا ی نان — نەیەێشت بە هیچ جور، تا خۆ بدەن نیشان

بۆ ئەو بانگ هێشتنە، هاتن خەڵکی شار — کورەشیان ئەوجار هێنا خستە کار

خوێن دەبزوێ، بگەڕێ دەی بەڵکو وابی — ویستی دو سێ جار بێ بۆ لای بابی

چاوی کەروێشکی دی وا سڵەمێوە — بۆ لایەکی دی ڕێگای تەنیوە

دەگەڵ کەروێشکی بەرهەڵلا کردن — بو بە غارغاردین و فیتە و ڕا کردن

کوژانەوە چرا هەرکەس دەیگوراند — کەچەڵ چو کورەکەی خێرا یەکی ڕفاند

داینا و هاتەوە هەر لەو جێگایە — لیێدانیشتەوە تا پێی بڵێن وایە

کە دانیشتەوە هەروا کڕ و کاس — وەکی هیچ نەبێ و نەبێ دەنگ و باس

بە تێفکرین و ئەژمار تەواوبو — دەگەڕان زۆر ورد کورەش نەمابو

هەرچەند هاتن و چون گزیر و سورداش — دزیشیان لیکرا و خەرجەکەش بە لاش

کەمکەم خەڵکەکەش لەوسەر و ئەوسەر — هەرکەس بەرەومال ڕێیان گرتەبەر

شا ئاخر داوی کە دانابۆوە — لیێپساند ئەوجار لە کوڵی بووە

بزانین کەچەڵ، برای ئەو شایەی چۆن دەداو دەخات؟

ئەوجار کەوتەدوی برای ئەوشایە   چۆن ئەوی بگری و پێی‌بکا کایە

کەوڵە مەڕێکی گەورەی وەدەستخست   لیسپەی زەنگوڵێکی چوکەڵەی وێخست

خۆی لێ‌شاردەوە لە نێو چوارباغی   شای تێك وەرپێچی و لیێ ببی یاغی

ڕاوەستا هەتا ڕۆژی دیاریکراو   گەلاڵەی دانا چۆنی بنێتە داو

شا لە لای وابو کە ئەو چوار باغە   جێگای گەڕانە و کەیف و دەماغە

ئەو ڕۆژەی گەڕا تا نوێژێ شێوان   تاربو، لێی‌تێك‌چو لەمپەر و نێوان

کەوڵە زەنگوڵەی دەبەرکرد بێ‌دەنگ   کە خۆی ڕاوەشاند وابوە زەنگە زەنگ

شا لاقی سست بو لەوێ لیێ‌کەوت   تو خوا ئەتو چی نێوك و دڵم کەووت

من عیزرائیلم وای ولام داوە   ڕوحت دەکێشم عومرت تەواوە

ئاخر من پاشام ساحێب ولاتم   چۆن نابی بزانم من کات و ساتم

پیێ‌گوت بۆ مردن ئەو ڕۆژی ئاخیر   هیچ فەرقێکی نیە، خونکار بی و فەقیر

خۆ ئاخیر ڕێگاهەر حاڵیت دەکەم   هەروا ڕێك و پێك ڕێنوێنیت دەکەم

لە قسەم دەرنەچی هەیە ڕێگایەك   :بۆمدانیێ چۆن و شوێن و جێگایەك

ئەوەی بۆت دانام کە بە قسەت نەکەم   دیارە خەیانەت من بە خۆم دەکەم

زۆری پێ‌خۆش بو پێك هاتن و یەك بون   دەتنێمە تۆربە و دەتکەم بە بنقون

یەك سەر دەچینە ماڵە شای برات   داوای ماڵلا دەکەم یان خێرات

پێم‌دەڵێن دەروێش کوا هەرچی بزانی   شێعر بێ لێ‌لێ، حەیران، گۆرانی

شتێکمان بۆ بڵێ؛ من هیچ نازانم   وانابی، دەی‌دەی؛ هیچ هەر نازانم

شاهیدە بۆ من جێ دانیشتنەکەم   هەر بە گوێی ئێوەی دەگەڵ باس دەکەم

تۆ ولام دەوە من کە نازانم   هیچ هەر نازانیێ وەك من دەزانم

ڕازی بو داینا یەکتر دیتنەوە — شا زۆر ڕازی بو بەو خو کرینەوە

عەبا و عەمامە بۆ ئاخیر دوا جار — کەچە دەفەشی، هەمو خستنە کار

گەینەوە یەکتر ڕۆییشتن وێگڕا — تا لای ماڵی شا، بێ کێشە و هەرا

پاشا لە ترسان هیند چوک ببۆوە — لە نێو تۆربەکە جوان جێی ببۆوە

نایە نێو تۆربەو خستیە سەر پشتی — چو وەژورکەوت بە قشت و گشتی

با بزانین لە ماڵە پاشای چ ڕوودەدا

پاشامان هەروا بە عەیش و نۆش بی — ماڵەڵڵای دەروێش ولاتمان خۆش بی

شتێکن بۆ بڵێ و ماڵەڵڵاش هەیە — من هیچ نازانم خۆ بێ فایدەیە

دەی دەی بۆن بڵێ، چون هیچ نازانم! — نازانم، بن قون! من هیچ دەزانم؟

شا کوتی خەلاس بێ ئەو هەراو کێشە — خۆ هیچ نازانێ ئەو مام دەروێشە

ئەو دەنگەیان بیست عەوق مان هەمو — داوایان لێ کرد هەروەکو پێشو

تا بۆی مەعلوم بێ ئەو دەنگە کێیە — دیسان دا و ا ی کرد بیڵێ چی پییە

هەروەکو پێشو من هیچ نازانم — دەی دەی بۆن بڵێ، چۆن هیچ نازانم

ئەی بن قونی من تۆ باش دەزانی — :دەروێش فەقیرە و نا چ نازانی

دیسان کە بیستیان ئەو دەنگی ناسیار — شا زۆر تورەبو کە لێی کرد پرسیار

زوبە پێم بڵێ ئەو دەنگە کێیە؟! — :پاشای براتە زۆرم کار پێیە

:بیگرن بیکوژن با نەڕوا لە دەست — مام شا بانگی کرد کەس نەبزێوی دەست

ئەمن بێننە دەر بەسیەتی هەدەر — چەند کەس غاریان‌دا، شایان هێنا دەر

پرسی ئەتو کێی پێم‌بڵێ بزانم — چت کردوە لێرە و لە نێو خزمانم

پیی‌گوت چەندساڵە هەرچێکی کراوە — داروغە و وشتر، یا غەزنە براوە

کارەساتی دیش هەرچی ڕوی‌داوە جوێ لە من کێ‌بوە بێتە ئەو ناوە
هەرچەند من زۆرجار بۆم هەڵکەوتوە باو ئەوکەس خوێڕی بوە، خۆی خستوتە داو
چون گزیر کچی پیرێژنی بێ‌کەس هەروا دەخوازی و ناپرسێ لە کەس
مەجلیسێك گیرا بە ڕاوو تەگبیر کەچەڵ، پاڵەوان وەکیل چەند ئەمیر
دەڵەی بیکوژن، بەڵێ! پێت دەکرێ کەچەڵی بکوژی کار چارە دەکرێ؟!
ئەوەی کە دەکوژی، تا چەند ڕۆژی تر زۆر پەیدا دەبێ لە وەی خەراپتر
دەت هەوێ ئارام بێتەوە شارت بێتەوە دەست خۆت گشت کار و بارت
دەت هەوێ یەك جار کارت بۆ چابێ ئەو کچەت تازە بۆ هیچ کەس نابێ
کەچەڵ بێنە، بیکە زاوای خۆت بیکە بە وەزیر یا غەمخۆری خۆت
پاشاش بیرێکی زۆری کردەوە ڕازی بو بە زمان و کار و کردەوە
بە ئەمری مام شا و وەکیل، زۆر ئەمیر کچی دا کەچەڵ وکردیشیە وەزیر
زۆر بە ئیحترام ئەو مام پاشایە دوایێ پێ هێنا ئە بەو هەڵایە
کەچەڵ زاوای شا، یان هەمە کارە مێشولێك کوژابا لە نێو ئەو شارە
دەیزانی کێیە، بۆچی کوژراوە کێ کوشتویەتی وچیە ئەو ڕاوە
ئاوا پێك هاتن، کەچەڵ، شا و وەزیر چی هاتبا پیشیان بە ڕاوو تەکبیر
چارەیان دەکرد وێگرا پێکەوە لێرەبا و لەوێ و لە لای دیکەوە
تەگبیری مام شای، شاری دا نەجات چەند سالان ئاوا ڕایان‌گرت وڵات

❊ ❊ ❊

سلەمان بەگ

مام خاڵند پیاوێکی زۆربەڕوحم وفەقیروباش‌بو، ئەودەمی هێشتا نەچۆبۆ حەجێ، زۆریش بەدین بو،عەیبەکەی ئەوەبو زۆرلە ئاغای دەترسا ؟بەکوردی دەوڵەمەندێکی خوێڕی وترسەنۆك بو،ماڵەکەشی لەئەو دێی ئاغای لێ بو، زۆردور نەبو.

ڕۆژێکی مام خاڵندقرتاڵێك هێلکە ودۆدانێکی پڕی ماست لەکەرێ قایم کردوپێنج گیسکەنێزیشی وەپێشەخۆدان وکەوتەڕێ بۆ ماڵەئاغای، چونکە دەیزانی ئاغا سلەمان‌بەگ سیرو ماست وبەربەسێلی زۆر پێ‌خۆشە. هات، گەییشتە دەرکێ ماڵە ئاغای. ئاغا لەسەرپلیکانان ڕا وەستابو، مام خاڵند ئەگەر چاوی بە ئاغای کەوت، هیندەی دیشی سەرلێ‌شێوا،لەجێی ئەوەی بڵێ سەلاموعەلێك،گوتی(سلەمان بەگ)

ئاغالێی‌حاڵی‌بو.ولامی داوەگوتی عەلەیکە سەلام. بەخێرهاتنی کرد ڕوی دە مام خاڵندی کرد : ئەوەگیسکەکان چەندیان نێرن؟

مام خاڵند لەباتی ئەوەی بڵێ هەر پێنجیان نێرن ئەویشی هەرلێ تێك چو،گوتی (هەر نێرێان پێنجن)ئاغا ئەوجار بڕێك پێکەنی و دیسان ڕوی دە مام خاڵندی کرد :ئەدی چی‌دیشت بۆهێناوم؟:

مام خاڵند دەڵێ وەڵلا ئاغا ئەوەتا(قرتاڵێك ماست و دۆدانێکم هێلکە) بۆهیناوی. ئەوجار ئاغا هێندەی دیش پێکەنی و.زانی مام خاڵندهەموی هەرلێ تێك چوونەو هێنای بڕێکی لاواندەوەو بردیە وەتاغێ، بەچاپەزی گوت مام خاڵند ماندووبوە بڕێکی ئاوی سارد بۆبێنە،پاش ئاوخواردنەوەی ئاغاگوتی چایەکی جوانیشی بۆتێکە،مام خاڵندچای خواردەوەوبڕێك حەساوەوهاتەوەسەرەخۆ،ئەوجاربەرەوماڵ ڕێی داگرت وڕۆیشتەوە بەسواری کەرەبۆزی؟

❋ ❋ ❋

ماڵە کەڕان

کاحەمە سالّحی جولاّ بەخوّی و کەجانیّ خێزانی و حەمەڕەسولّی کوڕی و خـەجولّی کچی و ڕابیعای خەڕەك ڕێس، دەئەو ماڵـەیدا هەمویان کەڕبون،

ڕۆژێکی پیاوی ئاغای هاتە سەرکولانەی، بێگـارێکی بـەجولاّی ئەسپارد،کەچی مـام حەمەسالّح لەقسەی پیاوی ئاغـای حالّینـەبو،ژنەکـەی لییٌپرسـی:پیاوێژگـە ئـەوە پیـاوی ئاغای چیگوت؟ مام حەمە سالّح زۆر لە خوّی نیگەران بوئاغا.لەخانوی دەرکات لە ولاّم دا گوتی بە خوای حافرەت پێم وابی لە خانومان دەردەکەن!

کچەکە گوتی ئەریّ دایە دەگەلّ بابم ئەوە باسی چیتان دەکرد؟ ژنەکە زۆری ئیشتیا لە گۆشتی بوو زۆرلـەمێژ بوگۆشـتی نـەخواردبو؛ گوتـی بـابت دەلّـیّ گۆشـتم کڕیـوە لێت نەناوە! کەنگی وابوە بابت هێندە بەدلّ ودەرون بیّ،گۆشتی کڕی بێت و ئەمن لێمنەنابی!

ئەوجارکوڕەکەلەخوشـکی پرسـی:ئـەوە دەگـەلّ دایکـم وبـابم چتـان دەگـوت؟ کچەش لەکەم هەتازۆر لەدایکی حالّی نەبوچی گوت بەلاّم دایکی چـەندی ئیشتیالەگۆشـتی بوئەویش ئەوەندەی ئیشتیّاله مێردی بو؟

گوتی ئـەوە دایکـم وبـابم دەلّێـن، بـەمێردنداوی مـێردت نـەکردوە!کـەنگی ئـەمنیان بەمێردداوە ئەمن مێردم نەکردبێت کواداویانمتەکیّ مێردم پیّ نەکرد وە!!

ئەوجارخـەڕەك ڕێس ئاگـاداری ئـەوگوفت وگۆیـەی وان بـو،بەحەمەڕەسـولّی گـوت چونکەلییّ نیزیك بو ئەریّ ئەوەئەتۆدەگەلّ(بابت و دایکت و خوشکت) باسی چی دەکـەن، ئەویش لەهیچ حالّی نەبوبەلاّم زۆری ئیشتیّای لە خەڕەكڕێسی بـو، گوتـی ئەوانـە دەلّێـن چویەتـە زگ خـەڕەك ڕێسـیّ!ئـەوەڕوێکی من وڕوێکـی توّکـەنگی ئـەمن کـارم بـــەتوّبوە، یاهاتبمەزگەتوّ؟

ڕابیعاش بەقـەدمام حەمەسـالّحی لـەدەرکردنیّ دەترسـا،داخواکـەنگی دەری دەکـەن گوتی جابوّ دەرمدەکەن سیّ مانگە کاریّ دەکەم، مانگیّ بە سیّ پەناباتان، دەکاتە، چوار قڕان و پـەناتێك، پولّـەکەم بدەنیّ بوّخوّم دەڕوّم.بەکورتی کەس لە کەس حالّینەبوە!

حەزرەتی موسا(ر) و کرم

دەڵێن حەزرەتی قابیز ڕۆژێکی، دەچێتە خزمەت حەزرەتی موساو عەرزی دەکا ئەمن قابیزم؛هاتوم ڕوحت بکێشم،حەزرەتی موسا.موڵـەتی لێ‌دەخوازی،چونکەئەمری خوای بوە لێی قەبوڵ کـرد وەوحـەزرەتی موسـا دەچێتـە حـزور بـاری تـەعالا و پـاش هـەزار و یـەك کەلیمـە، عـەرزی خـوای تـەبارەك و تـەعالا دەکـات:یـا ڕەبالعالـەمین لـەخۆت عەیانەکـە حەزرەتی قابیز بۆڕوحکێشانی مـن هـاتبو؛ جـا نـازانم ئەومندالآنـەم چلێ بکـەم چونکـە زۆر وردن و کەسی واشم نیـە کاسپێان بۆبکـات ویابـەخێویان کـات،خـوای تەعالادەفـەرمویت یاموسا٠٠،بچو لەفلآنـە دەریایـەی عەسـای لێـدە، ئەگـەر دەریـا شـەق‌بو؟بـەردێکی سـپی تێدایە، عەسایەکیش لەبەردەکەی دە بزانەچی تێدایە؟

حـەزرەتی موسـاچولەجێگای دیـاری کـرا و،عەسـای لەدەریایـە دا؟دەریاشـەق بـو٠، بەردەکە وەدەرکەوت، وعەسـایەکی لەبەردەکـەی دا، بەردەکـەش لـەت بـو، دە نێـو ئـەو بەردە ڕەقەی داڵە بن ئەو دەریاشینەی داکرمێکی تێ دابو گیایەکی شینی بە دمی‌وەبـو و دەیخوارد،

حەزرەتی موسابەدیتنی ئەو کرمەی، ڕوی دە ئاسمانێ کرد و فـەرموی یـا ئیلاهـی! گەورەیی لایەق بە تۆیە، زانینو قودرەت و ڕوحم هەر بۆ تۆ باشە و بەس.

مەلا سێمان

دییٚشێلم جاڕان وەکوئەوچەنددێیەی ١ـ گردکسپیان٢ـ پەسوێ ٣ـ جەڵدیان و٠٠ هەر لە قەدیمەوە ئاوەدان بوە،مزگەوت وحوجرە ومەلا وفەقێی هەبونە.

ئەو دییە پیاوێکی دەوڵەمەندوگەورەی لیٚبوە بە نێوی مەلا سێمان،

وابزانم هەرئەومەلاسێمانەبوەدوایەبۆتەگەورەی مەلاسێمانیان؟

مەلا سێمان مریشکی زۆر بونە. نازانم جیرانێکیشی لەبەر فەقیرێی یا ؛٠لەئەومریشك وپەلەوەرانە غافلٚ نەبوە، هەر لییٚدەدزین، مەلاسێمان شکی لە کابرایەکەی دەبێ بەلاَم نەدەکرا بێ بەلگەبلێ فلاَنەکەسەمریشکی من دەدزی. ڕۆژێکی جومعەی، هەمو خەلٚکی شێلم جاڕان ولەدێیەکانی دیکەش ڕاهاتبون لە مزگەوتێ کۆدەبنەوە بوبەجی هێنانی نوێژی جومعەی. مەلای ئاوەدانیە چاودەگێڕی و دەلێ ئەوەمەلاسێمان بۆدیار نیە، چونکەعادەت وابو مەلای ئاوەدانیەلەئەوجورەکەسانەیان دەپرسین؟

زۆری لەسەرمەعتەل دەبن.خوتبەی دەخوێنیٚتەوە دوایە پیاوێك دەلێ مەلا سێمان ئەوەهات! مەلا دەلێ قامەتێ بکەن. قامەت دەکرێ ومەلا سێمان وەژور مزگەوتێ دەکەویت تەواوی خەلٚکەکەی بەپێوە ڕادەوەستن،مەلادەلێ خوٚاعافوت کامەلاسێمان ئەوعالەمەت بۆمەعتەل کردوە، هەرکەسە، کارێك و دەرد ێکی هەیە.

مەلاسێمان:ماموستا بۆبەمن دەلێی، کابرا مریشکەکانی منی دزیون وهەموی خەلاَس کردوون دەستی بۆلای جەماعەتێ ڕادەدێری:ئەوەتاپەڕەمریشکەکشی هەربەسەرێ وەیەو وهاتولەسەڤ جەماعەتی ڕاوەستاوەونوێژی جومعەی دەکات هەمان کابرای ئەگەرلێی زەنین بوو،دەستی بۆسەری برد پەڕەمریشکێ لەسەری خۆی کاتەوەو هەموعالەم چاویان پێکەوت.؟

مەلاسێمان دەلێ ئەوەتادزی مریشکەکانم، ئیدی ؟

بەلێ مەلاسێمان بەئەوجورەی وبەزانای خۆی دزی مریشکەکانی دەبینێتەوە.

❋ ❋ ❋

عەرەبی چاك دەزانێت

کابرایەك کورەکەی دەبەر خوێندنیٚ نابو، چەندوەختان هەربوٚی خەرج کرد، رۆژێکی مام فەقیٚ بەخوٚوبەمەندیلێکیٚ وە.بوسەردانیٚ دایك وبابانی دیتەوەمالیٚ، بابی لێی دەپرسی ودەلیٚ کورم ئەتو ئەوەچەند وەختە دەخوێنی پێمبلیٚ بزانم چ فێربویە؟

فەقیٚ دەلیٚ بابەگیان عەرەبیٚ فێربومە.بابەکەی:یانی عەرەبێی بەتەوا وی فێربویە؟!

فەقیٚ :بەلیٚ بەلیٚ بابەگیان عەربیٚ بەتەوا وی فێر بومە!

باوکی دەلیٚ باشە کورم ئەگەروایە بایەك دو عەرەبیانت لیٚبپرسم بزانم چوٚنی؟

کورە دەلیٚ فەرموبابەگێان؟کابرادەلیٚ عەرەب بەکەلی دەلیٚ چی؟

فەقیٚ :بابەئەوەزۆرگەورەیە.بابەکەی:باشەباوابیت؟ئەدی عەرەب بەکێچی دەلیٚ چی؟
فەقیٚ:بابە! ئەوەش زۆر چوکەیەکابرا: ئاخربلێم چی:باشە، یەکیان گەورە و یەکیان چوکەیە؛ ئەدی بە عەرەبی بەبزنی دەلێن چی؟ فەقیٚ:
وەللابابەنازانم بەبزنیٚ دەلێن چی بەلاٚم نێوێکی زۆرسەیریان لەمەریٚ هەلٚدەدن.

عەرەبیزانێکی دیکەش

ئەو کابرایەش کورەکەی دەبەر خوێندنیٚ دەنیٚ و ماوەیەکی زۆر خەرجی بوٚکێشا هەتارۆژێکی لەدوای ناردو هێنایەوە مالیٚ؟پاش نان وچاخوٚاردنیٚ شەویٚ قسەخوٚش بون و مەجلیسیش گەرم، بابەکەی پیاوێکی زوٚرزان بو،بانگی کورەکەی کرد:دەوەرە رۆلە! ئەتوٚ ئەوە چەند وەختەدەخوێنی دەبابزانم چ فێر بویە؟!

مام فەقیٚ دەلیٚ بابەگیان عەرەبیٚ فێربومە.بابی:یانی عەرەبیٚ بە تەواوی فێربویە؟!

کورە بەلیٚ بابەگیان، عەرەبیٚ بە تەواوی فێربومە.

چونکەخویندنی ئەوزەمانی بەتایبەتی لەنێو فەقیێان هەرعەرەبی بو.

:باشە؟جا ئەگەر وایە، عەرەب بە شێوی ساردبوٚوە دەلێن چی؟ کورەکە مەحتەلما ئاخر شتێکی وای لیٚ نەپرسی بودەکتێب ونوسرا واندا هەبێت ناچار فکرێکی کردەوەو گوتی عەرەب قەت ناهێلن شێویان سارد بێتەوە؟ هەربەگەرمی دەیخوٚن!

سوڵتان مه حمود هەیاس وئه سمه رێ خاڵ بارامی

سوڵتان مەحمود ڕۆژێکی لە دیوانێ دانیشتبو لەعەینی کەیفخۆشیدا لەناکاو بانگی کرد:هەیاس لەهەمولایەکی ڕا بانگ کرا:هەیاس! هەیاس!دیوان دەنگیداوەو هەیاس گوییلێبو، ولامیداوە. گوتیان، سوڵتان بانگت دەکات، هەیاس چوٚ خزمەت سوڵتانی، سلاوی لیکرد، ولامی داوە؛ سوڵتان ئەمری کرد هەیاس دانیشە.

بەلێ هەیاس دانیشت. سوڵتان دەلێ هەیاس! ئەوچەند کارانەم بەتۆ هەن بۆماوەی دو سالان، دەبێ بۆم جیبەجێ بکەی هەیاس:فەرمو. قوربان.

سوڵتان مەحمود دەلێ:

١- کوڕێکم دەوێ کوڕی خۆم بێت و نەمزانیبی.

٢- ئەسپێکم دەوێت لە ئەسپی خۆم بێت و نەمزانیبێت.

٣- تاژیەکەم دەوێت لە تاژی ڕستەی خۆم بیت و نەمزانیبێت.

٤- بەرماڵێکم دەوێت، ریسەکەی نەبرابیتەوە ونەهەلێشقەندرابێتەوە.

هەیاس برێك داما، دوایە سوڵتان پیێگوت بۆ داماوی نازانی د وسالانم مولەت داویی ٠، هەیاس :بۆ داماوم، یان خەلاتە یان بەراتە.

هەیاس پاش دەمێك بیرکردنەوەوەدەرکەوت، برێك لەنێو شاری گەڕا،دەئەو فکرەیدابو،خوایە ؟کێ پەیدا بکەم ئەوکارەم زۆر موشکیلە ئاخر ئەوەچۆن دەکرێ. چاوی بە ڕێگایەکی کەوت،ئەوڕێگایەی گرتەبەرو بەفکرەوەڕۆییشت،دەگەڵ پیادەیەکی کەمێك ڕۆییشتن، هەیاس سەبردەڕۆییشت وکابراش توند،هەیاسی بەجێ هێشت،

سوارێکی گەییشتی لەگەڵ سوارەکەی برێك ڕۆییشتن،سواروپیادەهەر.ڕەفاقەتیان نابی. سواریش ڕکێفی لەماینێ دا و هەیاسی بەجێ هێشت؟ ئەوجار کابرایەکی ڕوتەلەی لێ پەیدابو،ماندونەبونیان لێك کردو هەرچەند هەیاس خۆی مەعتەل کرد بە بیانوی چونە سەراوێ و ... بەجییێهەرنەهێشت، هەیاس دە دلی خۆیداگوتی ئەوە ڕەفیقمە!

لییێپرسی:خاڵەنێوت چیە ؟کابراڕوتەڵە:نێوم خاڵ بارامە.هەیاس:خەڵکی کوییێ؟

ئەوڕێگایەیەك سەرەدەچێتەدێیەکەی مەئەگەرگەییشتینەدێیەکەی نێوی دیەکەشت پیّدەلێم.زۆرپۆیشتن وگەییشتنەچۆمێکی بێ پردوبازگە،هەیاس:خالّ بارام بالێرەپردیّ دروست کەین. خالّ بارام کە گوێیّ لە کەلیمەی پرد دروست کردنیّ بو دەدلّی خویّ دا گوتی ئەو کابرایە ئەوە دەلّیّ چی؟ چۆن لێرە پردیّ دروست کەین.

بەلّیّ! یکیان ئەوی دیکەی لەکولّیّکرد ولەچۆمەکەی پەڕاندەوە، ؟ زۆر نەرۆییشتن گەییشتنە هەورازێکی دورو درێژ. ئەوجار هەیاس گوتی خالّ بارام با لەئەو هەورازەی پێپلیکانان دروست کەین. خالّ بارام ئەوجار گویی لە قسەوباسی پلیکانان دروست کردنیّ بو گوتی بەخوای ئەوە شێتە، دەنا ئەو هەورازەو پلیکان، یان چۆم و پرد دروست کردن وابەتالّوکە،

بەلّیّ وردە وردە بەقسە کردن و نەزیلەگێڕانەوە، وەسەرکەوتن وگەییشتنە ئاوایەکەی مالّەخالّ بارامی لیّبو. لە قەراغ دییّ خالّ بارام نێوی دێیەکەشی پیّنەگوت، لەجیاتی ئەوەی بلّیّ میوانبە یافەرموبچینەمالّیّ ؟لییّپرسی ئەریّ کاکەدەچیەکوّی هەیاس ولاّمی داوەوگوتی ئەتوّ نا مزگەوت.

هەیاس چوّ مزگەوتیّ و خالّ بارامیش چووّە مالّیّ خالّ بارام کچێکی هەبوبە نێوی ئەسمەر،کچێکی زۆروشیاروزرینگ بو. خالّ بارام چۆباهەرجێگا وسەفەرێکی ، کەدەگەڕاوەمالّیّ،هەرچی دیبای وبەسەری هاتبابۆئەسمەریّ کچی دەگێڕا وە؟

ئەوڕۆژەی هەرگەییشتەوەمالّیّ،بانگی کرد:ئەسمەر! ئەسمەر! وەرەئەوڕوّکابرایەکی زۆرسەیرم دیت دەئەوسەفەرەی‌دا.ئەسمەرهات لەتەنیشت بابی دانیشت:دەی بابەگیان بۆمبگێڕەوە.خالّ بارام جاچت بۆبگێڕمەوە؛کابراشێت بوشێت؛هەرقسەی هاتەران،پاتەرانی دەکردن، ئەسمەر:چۆن چی دەگوت :گەییشتینە چۆمی کەندەسوری، دەیگوت وەرەبا لێرە پردی دروستکەین:دەی بابەگیان خۆئەوچۆمەبازگەوپردی نیە ئەدی چون لە چۆمەکەی پەڕینەوە؟! جاچۆن پەڕینەوە؟! ئەوکەمێك لەمن جحێلّتربو،ئەمنی لەکولّیّ کردوپەڕاندمیّ وە.ئەسمەر برێکی فکرکردەوە وگوتی،نا ئەوە شێت نەبوە بابم تێی

نەگەیشتوە.ئەسمەر :دەی بابە گیان چی دیکەش؟

:ئەوجارگەییشتینەئەوهەورا زەی بەردیٚیەکـەی خوٚمـان دەیگـوت بالـەئەوهەورازەی پلیکانان دروست کەین؟:

دەی بابە ئەدی لەهـەورازەدورودرێژەی چـوٚن وەسـەرکەوتن جـاچوٚن وەسـەرکەوتین هەربەسەرهات ونەزیلـەی گێرانەوە،نەمزانی چوٚنیش وەسەرکەوتین!

ئەسمەردەدڵی خوٚیداگوتی،بەخودا ی ئەوە واویٚدەچـیٚ ئینسـانێکی زوٚرتێگەییشـتو بوبی لـەوانەیە هەیاس بێت.:دەی ئەدی دوایە:دوایە گەییشتینەقەراغ دییٚ، پێم گوت ئەدی کاکەدەچێە کویٚ؟!هەروەکوشێتان گوتی،ئەتوٚنا مزگەوت!

ئەسمەردوبارەپاش برێك بیرکردنەوەی هێنای دوازدە هێلکەی کوڵیوو نانێکی وەبابی دابـوٚ تاقیکردنـەوەی، گوتـی بابـە گیـان ئـەو نـان وهێلکـەی بوٚئـەو کـابرا فـەقیرەی ببـە مزگەوٚتیٚ، بەلاٚم، کابرا هەرچی گوتی، وەرەبوٚم بگێڕەوە.

خاڵ بارام نان و هێلکەی دە ست دایەو.وەڕیٚکەوت بوٚمزگەوتی، لە ڕێگایە ئیشـتیای چوٚیە، هێلکێکی خوارد، ئەگەرنان وهێلکەی لەمزگەوتیٚ، وە هەیاسی دا هەیاس تییٚفکری نانێك و یازدە هێلکە، لییٚوەرگرت وگوتی خالوٚ،بەئەو کەسەی بلیٚ کەئەونان هێلکەی بوٚمن ناردون، چما لەلای ئیوەساڵ یازدە مانگە؟!

بەلیٚ، خاڵ بارام هاتەوە مالیٚ وئەسمەر لییٚپرسی:بابەگیان؛نان وهێلکەت بوٚئەوکابرا فەقیرەی برد.خاڵ بارام:بەلیٚ بوٚمبرد.ئەسمەر:ئەدی چیگوت؟

خـاڵ بـارام:هیـچ.ئەسـمـەر :هـەر هیچـی نـەگوت؟خـاڵ بـارام:نـا هەرئـەوەندە گوتـی بەئەوکەسەی بلیٚ کەنان وهێلکەی بوٚناردوم چما،لەلای ئێوەساڵ یازدەمانگە؟ئەسمەربیری کردەوەوزانی بابی هێلکیٚکیٚ خورادوە؟!ئەسمەر:بابەگیان!بوهێلکێکت خواردبو.

خاڵ بارام:ئەریوەڵلاٚزوٚرم ئیشتیا چوٚبوٚیە،ئەوە چونت زانی؟! ئەسمەر ئـەوجار لیٚـی عەیان بوکە ئەوەهەیاسەوکارێکیشی لیٚ قەوماوە؛ئەسمـەر.زوٚربە بیٚدەنگـی ونـەهێنی چـوٚ مزگـەوتیٚ وهەیاسـی هێنـاوە مـالیٚ،پـاش خواردنێـك و چـایی یـا ... خواردنەوەیـەك

لیێ پرسی:هەیاس ئەوە چۆنە لێرە پەیدابویە، چت لێقەوماوە ؟!

هەیاس گوتی ئەتوچۆن دەزانی ئەمن هەیاسم؟ ئەسمەر برێك لەقسەكانی ئەگەربابی بۆیگێڕابووە،گێڕایەوە وگوتی بەئەوقسانەت ڕادەزانم ئەتوهەیاسی.

هەیاس:ئەمن دەردی خۆم بەكەسێكی دەڵێم كەبۆم دەرمان بكات. ئەسمەر:كاك هەیاس؛ ئەگەر دەردی تۆبەمن دەرمان نەكرێ، بە كێ دەرمان دەكرێ. هەیاسیش ئەگەر ئەوەی گوێلێبو دە هەیبەت و ئاكارو زرینگی وزانایێ ئەوكچەی فكری.بۆخۆشی دەدلی خوێدا گوتی،ئەوكارەئەگەربەئەوكچەی نەكرێ، بەكەس ناكرێ! بانگی ئەسمەریی كرد، لەكنە خۆیدانا، ئەوەی سوڵتان مەحمود لیێویستبو بۆئەسمەریێ گێڕا وە. ئەسمەركچێكی كەمێك دەنێوەچوبوبەلاَم جوان وكارجوان وكارنەخشین بۆ،بۆیەش مێردی نەكردبوومابۆوە خۆێ ڕاگرت بوخۆلاسەچاوی لەسەرەوەبوو؟! بیرێكی لێ كردەوەوئەوەشی بەهەل زانی وخەریكی ڕێك خستنی گەلاَلەكارەكەی خۆی بوە.

گوتی كاك هەیاس؛ئەتۆ بچۆوەتەنێانەوەندەم لەتو دەوێ،ئەگەرسوڵتان مەحمود چوڕا وێ، وبوهەرجێگایەكی چوئاگادارم كەوجالێم گەرێ.

هەیاس:بەچاوان.هەیاس گەڕاوەبۆدیوانی سوڵتان مەحمودی.بەلێ!پاش بەینێكی، سوڵتان ئەمری كرد تەدارەكی ڕاوێم بۆبگرن، دەچمەڕاوێ وهەتادوحەوتوانیش ناگەڕێمەوە.هەیاس ئاگاداری شوێنی ڕاوگەكەی بوزانی كەدەچێتەكوێ لەئەوەلْ ودوهەمی مانگی بانەمەڕێ وزوێكی خەبەری بۆئەسمەرێ هێناكەدەچێتەكوێ وگەڕاوەبۆماڵەخوی یادیوانی سوڵتانی ئەسمەرلە سواری ولەهەموكارێكی وریابو.وهەموجورەبازیەكیشی زۆربەباشی دەزانی.بەلێ:خێوەت وئەسبابی ڕاویێ سازكرد،لێی سواری ماینێكی شێی عەرەبی بو، دوسێ تاژی وتولەی وەدوای خۆی دان،چەنددەستە بەرگی ژنان وپیاوانی نۆی وتازەدەگەلْ خۆی بردن بەینی شەوو.ڕۆژان،لەبەرانبەری خێوەتی سوڵتان مەحمودی كە هاتبۆ ڕاوێ،خێوەتی هەڵدا .جارێك بەبەرگی ژنان ودو سێ جار بەبەرگی پیاوان هاتەدەرێ وسەری ماینە شێیدا وهەرواهاتوچوییێ دەكردبۆدەرێ، سوڵتان كەچاوی بەئەو

کچەی کەوت وچۆوەژورێ وئەوجار لاوێك هاتەدەرێ، گوتی بچون ئەو کورە جحێڵەم بۆ بانگکەن. پیاوی سوڵتانی چون لەدوی وئەویش دەستبەجێ، بە دەستوری سوڵتانی هات پاش ئەحواڵپرسی، ئەمری کرد، دانیشت،پاش قسە وگوفتوگۆیەکی،وای داناهیچم نە دیوە،لیێپرسی:هەربەتەنییێ؟! ئەسمەر:نەخێر قوربان! دەگەڵ خوشکم هاتومەسەیران وڕاوێ.پاش قاوەخواردنەوەیەك لیێپرسی:چ بازیان نازانی؟

ئەسمەر:بەڵێ قوربان.:چ دەزانی؟:چی بفەرموی.:تاوڵەی دەزانی؟:بەڵێ قوربان. دەستیان بەتەختەی کرد.سوڵتان لێی پرسی:لەسەر چی بێت؟ئەسمەر:سوڵتان دەزانیت.سوڵتان لەدوڕاکە عاشقی خوشکی ببوهەربۆیەش پێی خۆش بوبازی دەگەڵەوێ بکا خۆدەنازۆری دەدیکانەهەبون بازیان دکەڵ بکات، گوتی بالەسەردڵخوازبێت.

ئەسمەر:بەڵێ بالەسەردڵخوازبێت.زۆر زوتەختەی لەسوڵتانی بردەوەسوڵتان :داوابکە. ئەسمەر:ئەمربفەرمومایەنەکەم بەتەڵەبەلە ئەسپی خۆت بۆم چاکەن! :بەڵێ دۆڕاندومە،بادایەنیێنەوە.ئەسمەر:فەرمو.سوڵتان:ئەوجارلەسەرچی بێت؟

ئەسمەر:سوڵتان دەزانیت.:باهەرلەسەردڵخوازبێ.:ئەمری سوڵتانیە.دەستیان کردەوەبە تەختەکردنێ،دەعەینی بازێدا،لیێپرسی،ئەدی ئەوەچۆنەخوشکت لەخێوەتی نایەتەدەرێ؟:قوربان عادەتی مە ئاوایە،هەتانەچمەوەماڵێ،خوشکم نایەتەدەرێ. ئەگەر بانگیشی کەن ولاّم ناداتەوە هەتا بۆخۆم نەچمەوە.سوڵتان :وەڵلاّ ئەوەعادەتی چاکە.؟

بەڵێ دیسان سوڵتان تەختەی دۆڕاند،ڕوی دە ئەسمەرێ کرد :تەڵەب کە.ئەسمەر دەڵێ ئەمربفەرموتاژیەکەم بەبایەلەتاژی ڕستەی خۆت بۆم چاکەن!سوڵتان:ئەی بەچاوان بەچاوان، دۆڕاندومە. دەستوری دائەومایەن وتاژیەی بوئەوکوڕەجحێڵەی چاکەن شەهوەت وای غەڵەبەبۆهێنابو.ئەودەستورانەی تازەبەهەیاسی دابولەبیری نەمابو،چومایەن و تاژیەکان بێنیت. بۆ ئەوەی سوڵتان پتری ئیشتیا بچیتێ، ئیك، دوجاران بەبەرگی ژنان هاتەدەرو چۆوە ژورێ،بەرگی پیاوانی دەبەرکردنەوەوهاتەوەدەرێ،مایەن وتاژی هێنان، هەردوکی چاکردن وبردنێوەلە جیێ خوێ بەستنەوە، هاتەوەو پاش نەهارێ،

دەستیان‌کردەوەبەتەختەی دیسان لەسەردڵخواز،ئەوجارعەمدەن پیێ دۆڕاندو. ڕوی دەسوڵتانی کردوپیی‌گوت تەڵەب کە.سوڵتان تیی‌ڕاماوگوتی بەڕاستی،لیاقەت وزانایی تۆبوۆەی دەبێت کەپیاولێت نیزێك بێتەوە،ئەگەرلێم‌قەبوڵ‌کەی،ئەمن داوای خوشکت دەکەم وخوشکتم دەوێ!

ئەسمەر:قوربان! جێگای شانازیەبۆمە،دوهەمیش ئەمن دۆڕاندومەهەرچی داوابکەی حازرم دەتدەمێ، دەچمەوەخێوەتێ دەگەڵ خوشکم قسان دەکەم چونکەئەمە ئەوڕەسمەشمان هەیە،کچ بۆشوکردنێ دەبێ بۆخۆی ڕازی بیت، ؟

چۆوە دەخێوەتێ وزویەکی بەرگی گۆڕی ودوجاران بەبەرگەجوانەکەی هاتەدەرێ و چۆوەژورێ ودوایەبەرگی پیاوانی دەبەرکردەوەوپاش ماوەیەکی هاتەدەرێ،ڕیی‌داگرت وهاتەوەخێوەتێ سوڵتانی،دانیشت وگوتی قوربان خوشکیشم ڕازیەوئەمنی کردوتەوەکیل لە جەنابتی مارەبکەم،سوڵتان مەلای بانگ کردوبەئەمری شەرع، خوشکی کەبۆخۆی بو.لەسوڵتان مەحمودی مارەکرد، دوای شامێ گوتی قوربان؛ ئەمن بەیانی دەڕۆم دەچمەڕاوێ و هەتادو ڕوژی دیکەنایەمەوە،جەنابیشت دەگەڵ چەند پیاوی باوەڕپێکرا وی خۆت دەتوانی بچی بۆلای خوشکم چونکە تەنیایەوحەلاڵی تۆیە، ئەوکاتەی ئەسمەر چوماین وتاژی جێ بەجێ کردن وهاتەوەخێوەتێ،؟

سوڵتان سبحەینێ‌لای نوێژی شێوان دەگەڵ چەندباوەڕپێکراووقەراولان چۆ خیوەتی کچەی.تادو سێ شەوان لەلای‌بو، سوڵتان چووەبارەگای خۆی، ئەسمەرشەوێ ئەسپی کەوتەدەستی وخێوەتی بەلاداهیناو چۆوەماڵەخاڵ بارامی بابی.بەیانی سولتان وهاوڕییانی کەهەستان تەماشایان کردچەتەماشاکەن نەخیوەت ماوەونەکەسیش دیارە،

هەرچەند سوڵتان پیاوی ناردن وگەڕان، هیچ ئەسەرێکیان وەدەستنەکەوت، چونکەدەگەڵ هەیاسیش قەراریان دانابو. هەتائەوکارەی بۆجێبەجێ نەکات، حەقی نەبو دا وای هیچ کارێکی دیکەی لێبکات ،باکاروموشکێلی زۆریش گەورەبایە.؟

سوڵتان لەبەر داغداری ونارەحەتیانی کەئەوتولەنەمامەی بێ هودەلەدەست چۆدەرێ هێندە نارەحەت بوو،ڕاوی بەتاڵ کردو گەڕاوە بۆ ماڵێ. ئەسمەریش چۆ بازاڕی چەند بزنە مەرەزی کڕین و هەموڕۆژی بە شانەی دەکردن وهەتابەشی بەرماڵێکی لێ پەیداکردن، کردیەبەرماڵ.ئەوجارپاش وەزعی حەملی، کەحامیلە ببو،کوڕێکی بووکوڕەکەی دابەدایانێ دایان زۆربەجوانی کوڕەکەی بەخێوکرد، ماین وتاژیەکەشی دەوەختی خۆیان دا زان، پاش دو سالآن،هەیاس، یاغریاغر،چوبۆلای ئەسمەرێ هەتابزانیت بڕیاروقەولەکەی چی لێ هاتۆتەوە،ئەسمەرکەئاگاداری هاتنی هەیاسی بو،بەپیرێوەهات ومام هەیاس چۆماڵە خاڵ بارامی، پاش چاك وخۆشی و حەسانەوەی لێپرسینێکی گەرم وگوڕ، ئەسمەرگوتی، مام هەیاس، ئەوەت ئەسپەکە چۆنە؟ هەیاس:ماڵم قەبرە، هەریەکن دەگەڵ ئەسپی سولتانی، جا چوتاژیەکەشی لەتەویلەی بۆدەرکرد، هەیاس، چاوی لێ کرد و:بە خوای دەڵەی لە تاژیە ڕەستەی سولتانی دزراوە، ئەوجار بردیەدیوی ژورێ، کوڕەکەشی نیشاندا، پیێگوت ئەوەشت کوڕەکە.هەیاس بڕێکی تەماشای کوڕەکەی کردکەبەجوانی شبی سولتانی دەهاتی، ئەوجار گوتی ئەوەشت بەرماڵ، هەیاس سواری ئەسپێکی بو، جانو ئەسپی لە دوا ی خۆی ڕادەکێشاو تاژیەکەشی دەڕەستەی کرد، کوڕەکەشی لە پێش خۆی دانا، بەرماڵی بە سەرشانان داداو بەرەو دیوانی سولتانی کەوتەڕی،

کەدورونیزێك بو خەبەریان دابەسولتانی:هەیاس هاتەوەو سواری ئەسپێکی بووەو جانو ئەسپێکی لەدوای خۆی ڕادەکێشی و تاژێەکیشی دەڕەستەی کردوە، منداڵێکی چوکەشی لە پێشەخۆی داناوە، سولتان کەچاوی بەداخوازیەکانی کەوت، زۆرخوشحاڵ بو، بەخێرهاتنەوەێ هەیاسی کردو یەلیەك تەماشای هەموانی کرد، جانوئەسپەکە لەبەر منداڵیی نەبا دەگەڵ ئەسپی سولتانی دەگۆڕا. تاژیەکەشی هەروابو. ئەوجار تەماشای کوڕەکەی کرد ئەویش زۆربەڕونی شێوەی سولتانی دەدا. بەرماڵەکەشی لە پیش داناوحاڵی کرد چۆن دروست کراوە، ئەوجار سولتان ڕوی دەهەیاسی کرد و پێیگوت هەیاس! بەڕاستی ئەوەی دەئەوعەسرئیدا بەتۆ دەکرێت، بەکەس ناکرێت، خواستی

ئاخیرم ئەوەیە، ئەمن ساحێبی ئەوانە شم دەوێت، هەیاس کە زۆری زەحمەتی فکری کێشابو، گوتی قوربان! ئێمە قسەی ئەوەمان نەکردوە، پاش برێك جەفەنگ لێدانی وقسەی دەخۆش،گوتی ئەمن ساحێبی ئەوانەشەت دەدەمێ، بەلاّم ئەوت بەکەیفی خوّم دەدەمێ. سولتّان گوتی ئەمن هەرچی لەتوّم ویستووە،هەموت جیّبەجیّ کردونەو چتنەگوتوەئەمنیش لێرە هیچ نالێم چۆنی ئەتۆبلەّی وادەکەم،جاهەیاس هینای دوبارە ئەسمەری لە سولتّان مەحمودی مارە کردەوەو بە مدعای دلّی خوّی بە سولتّانی ڕا زا ندەوە وبەچەوروشیرنی بوکیّان بوّ سولتّان مەحمودی غەزنەوی دابەزا ند. ئەو هەمو کەروێشکەیان لەڕاویّ گرتن هەر سەنگەسیرێکیشیان نەداینی شیرنیّ بوکیّ.

(شیعری)باسی سولتّان مەحمود و هەیاس و ئەسمەریّ کچی خالّ بارامی

سولتّان مەحمودی خوّشبەخت و ئیقبالّ — شاد و بەکەیف و بیّخەم و خەیالّ

ڕۆژێك دانیشتبو لەو سەراپەردە — جییّ تەگبیر بگوژە، بگرە یان بەردە

هەر کە گوتی هەیاس! لە نیزێك و دور — بە بیّ مەعتەلبون، زو هات بوّ حزۆر

:من ئەو چەند کارەی کە بە توّم هەیە — هەرتا دو سالیش مولەتمان هەیە

ئەسپێکم دەویّ لە یەختەخانەی — ئەسپەکانی خوّم، نەگری بەهانەی

تاژێك لە ڕەستەی تاژیەکانی ڕاوّ — بە ڕەنگی و ڕەسەن نیشانەی تەواو

دەتەوی سولتّان کە لێت ڕازی بیّ — کوڕێك لە خوّم بیّ ونەشم زانیبیّ

بەرمالّێك ریسی نەبڕابیتەوە — نابی وا هەلّیشقەندرابیتەوە

هەیاس وا کەوتە نێو هێند فکر و بیر — کوا؟بە کیّ پێکدیّ ئەوخواستەی ئەمیر

سولتّان پییّدەلّیّ بوّ وا داماوی؟! — دو سالّ مولّەتەدەی بوم داناوی

پاش ئەوەی کەمێك گەڕا دەوروبەر — ڕێگای گرت ئەوجار لە شاری چوّدەر

لەگەلّ پیاوێکی بەینێکی ڕۆییشت — بەتالّوکەبو، بەجیّی هێشت، ڕۆییشت

دوای وی هاوڕێکی سواری گەییشتیّ — چەندی توندڕۆیی هەرنەی گەیشتیّ

ئەوجار گەیشتە هاورێکی زۆر باش
بەجێی هەرنەهێشت بونە دو یولداش

دەڕۆیین هەروا بە قسە و زۆر ئارام
پرسی نێوت چیە؟! گوتی خاڵ بارام

خاڵ بارام ئەدی ماڵت لە کوێیە؟!
بگەینێ پێت دەڵێم ماڵم لە دێیە

گەیشتنە چۆمێك بە بێ بازگە و پرد
بۆ پەڕینەوە ئاوای بیر لێکرد

پێیگوت خاڵ بارام با پردێ سازکەین
با ئە لەم ئاوەی خۆمان دەربازکەین

کەمێك لەو قسە بیریکردەوە
کوانی چۆن دەکرێ دەڵێ چی ئەوە

یەك یەکی لە کوڵ کرد پەڕینەوە
کەوتنە ڕێ بە قسە و پێکەنینەوە

گەینە ڕێیەکی زۆر دەستەو هەوراز
ناخۆش بو، بۆ پیر نەخۆش و بێواز

دەیگوت پلیکانان با سازکەین لێرە
ئە لەو هەورازە، خۆم لێ مەبوێرە

هێندە پلیکانان جا چۆن دروست کەین
تا چەند ڕۆژ دەبی لێرە کارێ بکەین

بۆخۆی بە خۆی گوت نابی تەواوبێ
ئەو پیاوە بەش قەم حاڵی هەر وابێ

هەورازیان بڕی، بە بێ ماندوبون
هێندەیان قسە بۆ یەك تەرکردبون

هەر وەسەرکەوتن، گەینە ئەو دێیە
ماڵی خاڵ بارام هاورێی ڕی لێیە

نێوی دیبەکەی پێنەگوت و دەڵێ
دەچیە ماڵە کێ؟! دادەی پێمبڵێ

زانی ڕەفیقی لە حاجەت کەوت
پێیگوت ئەتۆ نا؛ دەچمە مزگەوت

ئەوەشی کە بیست دوای هەمو قسانی
ئەوجار هەر تەواو بە شێتی زانی

خاڵ بارام کە چووە ماڵێ، بۆ ئەسمەرێ کچی چ دەگێڕێتەوە؟!

با بۆت باسبکەم، نەقڵی خاڵ بارام
کچێکی هەبو، عاقڵ، زۆر بەفام

کچەکەی نێوی، لێنابو ئەسمەر
پوخت و پاراوێك، جوانێك وەك گەوهەر

جوانێکی تا بڵەی شیرین و لەبار
تەعریفی بە کەس نەدەکرا بە زار

ئەو کچە ئەسمەر نێوی نرابو
بەڕاست ئەو نێوە، خەسار نەکرابو

هیچ کارێك نەبو کە نەیزانیبا   با بڵێین ئەو شتەی قەتی نەیدیبا
باشی دەزانین گشت کاری پیاوان   لە کاری ژنانیش تا پنج و بناوان
بۆ هەرکوێ چوبا و کە دەگەڕاوە   چی دیبا بۆ کچەی پاك دەگێڕاوە
هەر گەیشتەوە بانگی کرد:ئەسمەر   وەرە هێناومن هێند باس و خەبەر
ئەسمەر خێرا هات، دانیشت لای باوە   جا بۆم بگێڕەوە هەرچی ڕوی‌داوە
توشی پیاوێك بوم قسەی وای‌دەکرد   پردی لە چۆمی زو دروست دەکرد
:چۆن پەڕینەوە ئەدی لەو چۆمە   ئەمنی لەکۆڵ کرد بە کۆمە کۆمە
دەی چی دیش بابە بۆم بگێڕەوە   هەموانم پی‌بڵێ، لێم مەشێرەوە
دەی‌ویست پێپلیکان ئە لەو هەورازە   دروست کا ونێوی بنی‌کاری تازە
لە هەورازەکە چۆن وەسەرکەوتن   بە قسە و نەزیلە حەکایەت گوتن
ئەسمەر بە خۆی گوت، نەخێر وانییە   ئەو قسە جوانانە لەخۆڕا نییە
دەی بابە ئاخر چۆ کوێ ئەو پیاوە   هەر گەینە نێو دێ لە دوام گەڕاوە
گوتم دەچێە کوێ لە ڕۆیین‌کەوت   ماڵە تۆ نەبی ودەچمە مزگەوت
زو دوازدە هێلکەی هینا بۆ کولاندن   لەگەڵ نانێکی، هەموی بۆ ناردن
نانی بۆپیاوەی بەرەوبێرەوە   هەرچی گوتی بەلام بۆ منی بگێڕەوە
بابی بۆی بردن لەم هات و چۆیە   خواردی هێلکێکی واکەیفی چۆیە
نان و هێلکەکەی ئەگەر بۆدانا   لێیانخوردبۆوە هەیاسی زانا
کی بۆی ناردومە پیی‌بڵێ لە ڕیوە   بو یازدە مانگە ساڵ لە لای ئێوە
بابی هاتەوە باسی چی نەکرد   ئەسمەر بانگی کرد، پرسیاری لێ کرد
نان و هێلکەکەت بردن بۆو پیاوە   چی‌گوت؟! کوا خۆ تو چت نەگێڕاوە
بۆم بردن بەلام ئەو هیچی نەگوت   خۆش‌بی، ماڵ‌ئاوا، دەستخۆشی نەگوت

:کێ ناردویە تی پێی بلێ لە ڕێوە | بۆ یازدە مانگە ساڵ لە لای ئێوە
بیری کردەوە و ڕوی کردە بابی | ئەوە تۆ دەبی هێلکێکت خواردبی
جا چون نانێك و ئەو هەمو هێلکە | دەی ئەتۆش وەرە گاڵتەمان پێ بکە
عەقڵ و زانا یی ئەو کچە بناسە | لەو قسە و باسانە، زانی هەیاسە

با بزانین ئەسمەر لەگەڵ هەیاسی چ دەڵێ و چ گەلاڵەیەکی دادەڕێژی

ئەسمەر چو هەیاسی هێناوە بۆ ماڵ | ڕوون وبە وردی لێی پرسی ئەحواڵ
پێی گوت مام هەیاس! چت لێ قەوماوە | دەردت چیە؟! چۆنە کەوتویە واوە
:تۆ چۆن دەزانی ئەمن هەیاسم | لە قسە و زانینت ئەتو دەناسم
هەیاس پێی دەڵێ ئەمن دەردی خۆم | پێی دەڵێم کێ بێ زۆرغەمخور بێ بۆم
بە کەسێك دەڵێم کارم بۆ چا کا | نەك بمخافلێنی و لێشم خەراکا
پێی گوت کاری تۆ بە من چا نەبێ | دەی چاوەڕوانیت لە کەس هەرنەبێ
هەیاسیش ئەگەروا بیری لێ کرد | ئەویش قبوڵی قسەی ئەسمەری کرد
ئەو کارە ئەگەر بە ئەو کچە نەکرێ | چاوەڕوانیم کوا بۆ لە کێ دەکرێ
ئەو هەمو عەقڵ و هۆش و زانینە | ئەسمەرێك هەبو لەو سەرزەمینە
پێی ڕاگەیاندن خواستی سوڵتانی | یەکیەکە هەموی ورد و بە جوانی
جا گوتی مام هەیاس! کارێکم بۆبکە | شا چۆ کوێ بۆ ڕاو ئاگادارم کە
دەڵێ بە سەرچاو، ڕاوگەی سوڵتانی | پێت دەڵێم بۆ خۆم، دێم بە پەنهانی
هەیاس گەڕاوە دایان نا قەرار | تا شا ئەمری کرد بۆ ڕاوو شکار
هەر ئاواش هەتا دو حەوتوی تەواو | بمینێتەوە لە جێی دیاری کراو

هەیا س هات پێی گوت جیگا کە کوێیە؟　　بۆخۆی بەشداری، کردبو لەو جیێیە

کەوتنە ڕێ بوڕا وسولتان وەز یر　　گەینە ئە و شو ێنە ی بە ڕاو تە کبیر

دابەزین سوار و پیادە دامەزران　　لە چەند لاوە ڕیك خێوەت هەلّدران

لە بەرقەدی چیا، ناو گولّ و گولّزار　　لە مانگ گولاّن دالە ئەوەلّ بەهار

ڕازاندیاننەوە خێوەت هەموجور　　زەرد و شین و سور دەبینرا لە دور

تاژی چوارپەل سور شینەیان گەوزاند　　بە سەختەداران کەبابیان برژاند

بلّەیێن کەیفك وهیندخۆشیان ڕابوارد　　چی بەزم و شادی لە هیچیان نەبوارد

ئەسمەردەست بەکاردەبی

تەواوی شمەکی،زوحازرکردن　　چی لازم باوبۆ،دەگەلّ خۆی بردن

سێ چوار دەست بەرگی زۆر جوان ژنانە　　هەموی نمونەیا بلّەیێن شاهانە

دو دەستیش بەرگی پیاوانەی لەگەلّ　　تێکی‌نان ئەشیا و هەمو کەل و پەل

سواربو لە ماینێك ئەو شێی عەرەبی　　تاژیەکی دێلیش دەبی دەگەلّ بی

نێو شینکەی بەهار نیزێکی کانی　　هەلّیدا ڕۆژێك زۆر زو بەیانی

خێوەتێکی جوان سەر بە ژە نگا ری　　تا لە دوری ڕا باخوبدا دیاری

شا هەستا چاوی بەو خەیمەی کەوت　　ڕەنگاوڕەنگ و جوان، وا بە هەلّکەوت

مەگەر دیترابا لە مالّی گەورە　　ئەسمەرکەتەکارگێڕای ئەودەورە

هاتەدەر خۆی نواند هێند بە عیشوە و ناز　　نێوقەدوەك شمشالّ،چا و یش وەکو باز

وای لەخۆ کردبو ئەسمەر، هە ر بۆیە　　زیندوهیچ، مردوش، ئیشتیای دەچوێیە

چەند جاران ئاوا کە هات و چوێی کرد　　ئەوجار چو بەرگی کاکی دەبەرکرد

هاتەدەر ماینی هێنا سەر ناوێ　　تاقەتی کردن ئیتر پێی ناوێ

سولّتان کە وای دی کەم ما بو شێت بێ　　گوتی دا ئەوکوڕەم بۆ بانگ کەن با بێ

سوڵتان تۆی د ە و ێ گزیر پیی دەڵێ — زۆر بە ئیحترام گوتی دێم بەڵێ
قولینچکی خێوەتی هەڵد ا وەوو بەڵێ — قسێك یا شتێکی بە خوشکی دەڵێ
چۆ ژور بە دو دەنگ کەمێك قسەی کرد — بەڵێ ئەننەهو خوشکم حاڵی کرد
هات چو لە پیش شا پاش عەرزی سەلام — سوڵتان و کی بون عەلێکەسسەلام
سوڵتان دەستوری دانیشتنی پێدا — فەڕاشیش کوێ بو هات جیێ نیشان دا
پاش سەرفی چایی، قاوە و قەلیان — پرسی نازانی داخوا چ بازیان
وڵلا هی بەڵێ سوڵتانم خۆشبی — کوا چی دەزانی چی تۆ پێت خۆشبی

بزانین ئەسمەر چۆن بازێکی دەکا

دا تا وڵەی بێنن:دەی جا لە سەر چی — هەر بۆخۆت داینێی چۆن و لە سەر چی
لە سەر دڵخوازیێ جارێ ئەو دەستە — دەیزانی سوڵتان چیە و چی مەبەستە
تەختەیان هێنا و دەستی کردەوە — زویەکی دەستێکی لە شای بردەوە
:دۆڕاندم! تەڵەب کە چی لێم بخوازی — بە دڵ دەتدەمێ و لێت نیم ناڕازی
دەستور بفەرمو ماینەکەم چاکەن — لە ئەسپە کەی خۆت کارمان رەها کەن
بەڵێ! قەبوڵە با داینیینەوە — دەڵێ لە سەرچی سوڵتان هەر ئەوە
لێی پرسی تەنیا چونە وای لێرە — پەیدابوی بەخێر ائیشاڵلّە خێرە
:تەنیا نیم خوشکم لەگەڵمدایە — ها توین بۆ سەیران، بۆ گەشت و کایە
ئەی چۆنە خوشکت نایەتە دەرێ — قاپ شتێك کارێك یا ئاوێ بەرێ
عادەتمان وایە لە ماڵ نەبێ پیاو — ژن خۆ هەرنایەت بۆدەر یا سەر ئاو
سوڵتانیش دەڵێ خۆ ئەو عادەتە — نیشانەی زیپك و زۆر و شەهامەتە
ئەوجاریش دیسان دۆڕاندی تەختە — دەڵێ تەماشا ی ئەو شانس و بەختە
ئەوجا رحت د ە وێ ئەی کا کە جوانە — پێم بڵێ حازرم چیت چا وەڕ وانە

له ئـەوتاژی ڕەسـەن دەڕەستەت د ا ێـه ئـەمر بـوّم چاكـەن تـاژیم بەبایـە
بـە فەراشـی گـوت كـاریّ پێـك بێنـن جـاری دو پیّاڵـەن قـاوەی بـوّ بینـن
سـەرف بـو قـاوه بـەلاّم بـه بـیّواز تەختـە دانراوەهەرلـە سـەردڵخواز
بـە عـەمدی ئـەوجار، دوّڕانـدی ئەسمـەر سوڵتانیش لـەكزی یـەك جیّ هاتـە دەر
ئه سمەر ڕ وّ ی تیّكرد بەو چاوی بـازی هـەرچی لێـت بوێـم پیـیّدەبم ڕازی
شـا تیـی هـەڵڕ و انـی و تـی پیم و ا یـه هاتومـە سـەر ئـەو بـیرو بـڕو ا یـە
لیّزا نـی وعـەقـڵ وئـەولیاقـەتـە نـیز یّـك بونـەوەی توّخـوّ نیعمەتـە
كـە لیّـم قـەبولّكـەی خوشـكتم دەویّ گوتـی مـن زازیـم، بـەڵیّ دەتكـەویّ
عادەتەتێكیشـمان هەیـەو هەربوّیـە كـچ بـوّ شـو كردنـیّ، خـوّی سـەربەخوّیە
بەڵیّ مـن بوّخـوّم خوشـكم د ە د و یّنـم زوّرم پیّنـاچی و،ولاّمێـش دیّنـم
هـە ستا چوّوه مـالّ، هـەر وەژوركـەوت بـەو بەرگەجوانـەی وەك مـانگ دەركـەوت
چوّ كا نی هێدی ئـا و گـه كـەی پڕكرد سوڵتان بـه دوربین هـەر تەماشـای كـرد
وای لـه خـوّ كردبـو ئەسمـەر هەربوّیـە زینـدو هیـچ، مـردوش ئیشـتیّای دەچوّیـە
هـەتا سـیّ چـوار جـار دەروژوری كـرد بەرگـە كوڕانەكـەی خـوّی هـات دەبـەركرد
ماینەكـەی ئـاودا، تاژیشـی هیّنـا چـاكردن و بـە كـار دوایـی پـیّ هینـا
بـە خاترجـەمی هـەرتكی بردنـەوە لـە جیّگـا و شـوێنی خوّشـی بەستنەوە
پاشـی چـوّ ژوری بـوّ مـاوێكی كـەم ئەننەهو لـەگەڵ خوشـكم بـاس دەكـەم
هاتـەدەر یەكسـەر چـوّ لای سـوڵتانی قسـەی لـەگەڵ كـرد، شـیرین بـە جوانـی
من چوم بـوّو كـاره خوشـكم ڕا ز ی كـرد پـاش كـەمێك سوّحبەت ئـاوا عـەرزی كـرد
كردمیـە وەكیلیـش سوپاسـی دەكـەم مەلایـەك بێنـە لیّـتی مارەبكـەم
لـە دیوانـی شـا بـوّ وشـادمانی نـەك ئـاوا بـەرچاو، هـەر بـە پەنـهانی

مـەلایان هێنـا هـەر لـەو دەربـارە
بـێ هـەرا و بـەزم پێك هـات ئـەوكارە
جـەناب دەتوانـی خۆسـبحەی شـەوێ
بـە قـات بەكێـەویاكێت خـۆش دەوێ
لـە سبەی شەوێڕا مـن دەچـم بـۆ ڕاو
تـا شـگە ڕێمـە وەو، دو شـەوی تـەواو
تۆبچولای خوشكم، پێت دەڵێم بۆیـە
لێـت مـارەكراوەۆ؟خـەلا لـی تۆیـە
تاژی و ماینەكـەێ ڕاگوێسـتن لـەوێ
پیێگوتـن كـەنگێ بـێ هێنـن بـۆ كـوێ

سوڵتان مەحمود دەبێتە زاوا

سوڵتان مەحمودیش هەركە شامی خوارد
خـواردی ئەگـەرچی نـەیزانی چیخـوارد
لـەگەڵ چـەند كەسی زۆر باوەڕ پیكراو
قـڕاوڵ وگزیـر دەترسـا لـە داو
شلشـل داگـەڕا ن،بـولای تـا زە بـوك
لە لای دیش لێیان كردبـو دوعـا و تـوك
ڕۆیـین بـێ خشـپە چـووە ژورکـەوت
بوك خـۆی سازكردبو چاویـان پێككـەوت
دو شـەو و ڕۆژان لـە لای بـوك مـاوە
بـۆ دیوانـی خـۆی، ئـەوجار گـەڕاوە
هەر نیوەی شـەوێ ماینی كەوتـە دەست
وەسـایلی هـەمو تێك نـا لێكیبـە ست
هاویشتنی سـەر و كردنـی بـە بـن بار
بەسـتی و لیـێ سواربو هێـدی یابـەغار
هاتـەوە مـاڵێ و خـوێ لێوەشـاردن
هـەرتا ڕۆژی خـۆی، هـەر خـۆی لێ بـواردن
بـەیانی هەسـتا سـوڵتان چ هەسـتی
وای دی پییخۆشبوقـەتیش هەڵنەسـتی
لـە جێگای شـۆخ و شـەنگ و چاوبـازان
كولـلارە هـاتوە نیشـتوە لـە رازان

نەغمە و پەرۆشی سوڵتان مەحمودی بۆ ئەسمەرێ

ئـەی كـوا خەیمەكـەی سـەر بـە ژنگـاری
كـوا سـور گوڵـەكەی بـە لـەنجە و لاری
كـوا ئـەو لێو بـەبزەی بێ شـەڕاب و مـەی
مەسـتی دەكـردم ئـەم بـو هۆشـی مـەی
تولـە نەمامـەی دەم ویسـت پـڕ بـە دڵـم
كـوا ئـارام بەخشـەی دڵـەی پـڕ لـە كوڵـم
كوانی لـە یلە كە ی زۆر خۆ شم د ەو یست
مـن تـۆم خـۆشدەوێ جارجـار لێمدەبیست

کوا کوڵمەسوورەی بێ سو ر کر د نی پیاو بۆی دەسوتا کاتی مردنی
کوانی مەحرەمی دڵەی پڕ ڕازم کوا لە جێ نەغمە و ساز و ئاوازم
کوا قە د بڵیندە ی کەمەر باریکم شیرن کەلام و زانا و مدر یکم
کوانی چیلی هات ئەو بەلەك توورە دەبوم وەبینن ئەو پڕ شعورە
کوا خرنگەی بازنە و هارەی لەرزانە پاموره و خرخاڵ، جوتەی پاوانە
سینگم لەت لەتی تیری مژۆڵی بە بروی قەیتانی جەرکی منی کوڵی
ئەو بۆنە خۆشەی بە کێ وەبێنم شەوچەرەی ماچان لە کێ بستێنم
ئا سکم بۆ ڕام بو، دەمگوت لەو ڕاوە داخم هیچ ئەسەر نەماو تۆراوە
ئەو ئاسکە ناسکەی کە بوّم کەوتە داو من لێی حالی بوم هەر بە گێژە ڕاو
چەندی هاتن و چوون دەرو ژورو خوار بۆوە قەترە ئاویك لە عەر ز ی چۆ خوار
کوا دەڵێم ئۆخەی دو شەو یا شەوێك ئەویش بۆ ژیان لێم بێ بە خەویك[1]
هەرچەندی گەڕان ئەودۆڵ وشیوە لە هەرچی پرسیان دە یگوت نە مد یوە

سوڵتان ناچار بوڕا وبەتاڵی کرد لەبەر پەرۆشیان وادەردەکەوێ ئەسمەر کە هێندە جوان و زانا بوە، سوڵتانیش تەمەنی بڕێك چۆتە سەرێ پیاوی بڕێك بەعومر، جوان و نەرم و نوّڵ و شۆخ و شەنگێکی ئاوای وەدەستکەوێ و هەر ئاواش سوك و هاسان لە دەستی بچێ، بێ ئەوەێ بزانی چی بەسەرهات و چۆن و چبو، زۆر ناخۆشە و ئەو پی هەلاگوتنەی زۆر بەجێبوە.

سولّتان ناچاربو ڕاوی کرد بەتاڵ زۆر بە بێکەیفی هاتەوە بو ماڵ
لە شار و لە دێ داینابون مەعمور خەبەریك نەبو، لە نیزیك یا دور
لەگەڵ هەیاسیش داینابو بڕیار پاشی ئەو کارەی پێیبسپێری کار

---

[1] ـ ئەو نیوە شێعرە هی شاعیر و نووسەری گەورەی کورد خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانییە.

چون لەبەر ئەوەی هیوای بڕابو هێندە تێك چوبو كاریشی كرابو
سوڵتان مەحمودی بەئەو دڵی پڕكەسەر جی هێڵێن با بچین بۆ لای بوك ئەسمەر

با بزانین ئەسمەر ئەوانە چۆن بار د ێنیٚ

چەند بزنە مەرەز سور وەك سورقوٚچی كڕینی بزانین ئەوانە بۆچی
ڕۆژی دوجاران شانەی دەكردن بەشی بەرماڵیی، ڕیس لیٚ كۆكردن
جاریٚ د ر و ستی كرد ئەوەڵیٚ بەرماڵ لە پێش هەمو شتێك وەك بناغەی ماڵ
تاژیەكەی ترەكی دو كوڵیٚ هێنان بەخێوی كردن، جوان باری هێنان
پاش نوٚ مانگ و ڕ وژ، خوا كو ڕێكی بوٚ بەخێوكردنیٚ ناردیە لای دایە
هەر بووەی كەسیش فكری نەكردبیٚ كاری ئەسمەریان ڕیٚ بۆنەبر د بیٚ
ماینی شی خەزاڵیش پاشساڵەوەختێك هەرچاوەڕوان بون بۆجانوئەسپێك
وەختی دو ساڵ بو دەگەڵ سوڵتانی وەختی گەیبوێە خۆشی دەیزانی
پاشی دو ساڵان ئەو مام هەیاسە چوٚ لای ئەسمەریٚ بزانی چ باسە

هەیاس چوٚ ماڵە خاڵ بارامی بو لای ئەسمەریٚ

ئەسمەر كە زانی بەپیرێوە هات پێیڕاگەیاند ورد هەمو كارەسات
ئەوەت جانو ئەسپ، جوان لییٚبڕوانە لە تاژیەكانیش كیٚ هەت پیٚ جوانە
ئەوەت ئەوانە بچینە ژور فەرمو كوڕپیی هەڵگرتبو دەهات و دەچو
كوڕەكەش ئەوەتا جوان جوان تێیفكرە هەموان یەك بە یەك تەحویل وەربگرە
وا یان تیٚفكری هێند ورد بە جوانی بەرماڵەكەشی كرد بە شانانی
لێیان ڕازی بو، هەروەك خواستی خوٚی سواربو كوڕەكەشی، دانا لە پێش خوٚی
تاژی ڕەستەكراو جانوش یەخترمە كەوتنەڕیٚ هەروا بە قسورە و پڕمە

هاتنەوەی هەیاسیان ڕاگەیاند بە شا
دیوانی هەموی هاتنە تەماشا

تازە یەك یەكە زانیان ئەو باسە
هەر ئافەرینبو بۆ ئەو مام هەیاسە

جا سولّتان مەحمود دەگەڵ مام هەیاس
پاش ئەحواڵپرسی و کەمێك قسە و باس

تێ فکری و گوتی لەم عەسر و دەورە
وەك تۆ ئینسانێك زانابێ و گەورە

من بەدی ناکەم بیرم بو ناکرێ
لەو زەمانە کێ وەك توی پێدەکرێ

دو ساڵ لەوەی پێش،چم پی ئەسپاردوی؟
هەتا وەختی خۆێ هەر خۆم لێبواردوی

ئیستا ڕێك و پێك حازر کراون
لە کاتی خۆێان هەموت هێناون

زۆر هێدی و شیرن، لە کوڕەکەی ڕوانی
هێندە جوان دەیدا شبی سولّتانی

جانوت بەرەڵلا کردبا نێو ڕەوە
هیچکە س نەبو بلێ کێ هەیان هەوە

تاژیان بەردا بو هەر گەییشتەوە
دوا یە ش کەس نەبوبی ناسێتەوە

بەرماڵەکەشی جوان حاڵی کردن
پێك هاتبو ڕیسی لە شانە کردن

سەد جار لە عەمر و چاوی منت کەوێ
ئەمن ساحێبی ئەوانەم دەوێ

هەیاس کاری خۆی کە تەواو کردبو
خۆ ئێمە قسێکی وامان نەکردبو

جەفەنگیان لێدا، قسەی خۆش کرا
ئاخریکەی ئاوابرپار ی بۆدرا

دەتدەمێ ئەویش چۆنی پێم خۆشە
دەیزانی سولّتان بۆی ز ۆ ر لەجۆشە

دەڵێ چی ئەمن لە تۆم ویستوە
شتێك تا ئەورو کەس نەبیستوە

وەخت و کاتی خۆی حازرت کرد هێنات
لەوەی گەورەتر نابینم خەڵات

ئەوەش هەر کاری خۆتە هەر بۆخۆت
دەگەڕێتەوە خۆ هەر بۆ لای خۆت

ئەسمەری هێنا لە شای مارە کرد
بە ڕای هەردوکیان جل و بەرگی کرد

بە هیچکەس بارگە حیساب نەدەکرا
بە قەتتار وشتر دە ڕێگایە کرا

وەك لەشکر دە جمی خۆیان تێك بەزاند
سوارە هاتنەوە و بوکیان دابەزاند

سوارەبلاوبون کە چوڵ بو دیوان | وا خاترجەم بو نەیماون میوان
چو بۆ لای بوکێ، دیتی و ناسیەوە | کەم مابو شێت بێ، لێکیان بانیەوە
بوشی بەیان کرد چەندە پەرۆشی | پاشی ئەو شەوەی نەیدیبو خۆشی
سولتان مەشغوڵ بو، ئەو بە عەدڵ و داد | خاتون ئەسمەریش بە شا بو دلشاد
ئێمەی بێکاریش لەبەر زۆر گەڕی | سەگ نەبو بوێری تا پێمان بوەڕی
ڕەحمەت لەو کەسەی بۆی گێڕاومەوە | بۆ زیندوکردنیان هانی داومەوە

❋ ❋ ❋

ماسی دێمەی

مام وەیسە پیاوێکی زۆرفەقیرو مسوڵمان و.بۆنوێژانیش بێ وێنەبوپاش هەمونوێژان دەپاڕاوە خودایە عەفومکەی.لێم خۆشبی،لە ئاهی دایك وبابی خۆم ڕزگارم کەی یاڕەببی خودایە، لە زەللەی شەیتانم بەدورکەی،ڕزقم زیادکەی،ئاوادەپاڕاوە؛

خێزانیشی وەکوخوی بوو بۆپاڕانەو بۆنوێژا ن ئەمماهەموجارێ بەمام وەیسەی دەگوت بڵێ خودایەلەمەکری ژنانم بەدورکەی.مام وەیسەش هەرهەموجاران پێی دەیگوت دەبێ‌دەنگ بەپیاو،ژن چن ومەکریان چ بیت.ئاوا ماوە،

ڕۆژێکی خانمێ مام وەیسەی ناردی لە چۆمی دە پازدە ماسیان بۆگرت هەربەئەو کابرایەی کە ماسیەکانی بۆگرتبون، ماسیەکانی ناردنە ئەو جێگایەی ئەگەر مام وەیسە جوتی لێدەکرد، ژنە پێی‌گوت ماسیەکان دە خەتی جوتی نێ وەرە،

کابراش چو ماسیەکانی دە خەتی جووتی دەپێش گاسنی نان و گەڕا وە بۆ ماڵێ.

سبحەینێ مام وەیسەچۆ مەزرایەو بەبێ فکر بسم الله.ودەستی بەجووت کردنی کرد، دەگەڵ ئەوەڵ خەتی جووتی ماسی وەدەرکەوتن، مام وەیسە گوتی ئەوەچەیە

خودایەعەجایب ما ئەوجار هێنای بەبێدەنگی ماسیەکانی دەتورەکەی نان و گەڕا وە بۆ ماڵێ، خێزانی زانی نەخشەکەی گرتویەتی پێی سەیربووما م وەیسە وا زوو گەڕاوەتە وە، کەئەننەهو ئاگام لە هیچ نیە.چۆوپێش مام وەیسەی و: پیاویژگە ئەوەبۆ.وازو هاتیەوە خۆشوکرهیچ نەبوە،مام وەیسەدەڵێ گەوەر ماسیم هێناونەتەوە!

گەوەر:ماسی؟!ماسی چی؟ئەتۆ چوبویە جوتی ماسیت لەکوێ هێناونەتەوە؟!

مام وەیسە:خودا ناردویەتی، بیخۆ فەقیر، دە خەتی جووتیدابون!

گەوەر دەڵێ دەنگێ مەکەئەوەڕزقێکی زیادیە، خودا ناردویەتی باکەس نەزانێ بۆشەوێ سازیان دەکەم؟ئەتۆش کێت پێخۆشە بانگیکە!

گەوەر هەرئەو وەوختی ماسیەکانی بەخشین وبۆ شەویش هیچی لێنەنا. مام وەیسەش بێخەبەر لەکاری خێزانی، دوای نوێژی شێوان دەگەڕا وە بۆماڵێ دو کەس لە ڕەفیقەکانی خۆی کەجیرانیشی بون، دەگەڵە خۆی هینانەوە ماڵێ:ئەوشو شتێکی خۆشن هەیە دەچین هەم بڕێك سەیرو سۆحبەتێ دەکەین و هەم نان و چێشتێکی خۆشیش دەخوێن.

مام وەیسە لەگەڵ میوانەکانی گەییشتنەوە ماڵێ، خێزانی بەخێرهاتنی کردن و چایەکی بۆدانان دوایە بانگی مام وەیسەی کردو.

:ئەرێ وەیسە ئەگەر میوانت دەگەڵ خۆت دێنانەوەبۆدەنگت نەدەکرد شتێکم لێنابا!

مام وەیسە:چۆن؟! ناکا ماسیەکانت سازنەکردبن؟!

گەوەر:ماسی چی؟! مام وەیسە:ئەیجا چۆن ماسی چی؟!

گەوەر:باشە ماسین لەکوێبوون؟ ئەتۆ هێناوتن؟! ئەتۆ چوبویە جووتی، نەچوبویە ڕاوەماسیە خوڵە تۆش بەدەر کەسمان نیە بچێتە ڕا وێ.

مام وەیسە:ئەدی ئەو هەموە ماسیەم لە جووتیڕا نەهێنابووە؟!

گەوەر:چاکەلەکوێی جووتیت ڕا هێنابونەوە؟!

گەوەر بۆیە ئاوا وردلێی دەپرسی هەتا چاك توشی هەڵەی بکات وبەهیچ

پینەوپەرۆیەك بوی چاك نەكرییَ تەوە ؟

مام وەیسە:كچیَ! ئەدی دەخەتی جووتیدا چەندم ماسی دیتبونەوەو هێنابومنەوە !
گەوەر:ئایارۆ!خەتی جووتی و ماسی؟! میوانەكانی مام وەیسەی كە هەر جغارەیان دەكێشاو چایان دەخواردەوە بە بیستنی ئەو قسانە عەجایب مان.خۆبەخۆ پێكێیان دەگوت و پێدەكەنین:خەتی جووتی و ماسی؟!

مام وەیسەئەوە قومارمان پێ دەكادەناپورگەوەرڕاست دەكا ئاخەخەتی جوتی وماسی مام وەیسە ش زۆر تێكچوبو لەلایەكی خێزانی هیچی لێنەنابو بیخۆن بەتایبەتی لەبەر میوا نەكان لە لای د یكەوە پییَ بە هەڵەی خوی بردبو:ڕا ست دەكەن ئاخر خەتی جوتی و ماسی؟!بەلاَم نەیدەویست وەسەرخۆی بێنیت. میوانەكانی مام وەیسەی ئەوانیش نەیاندەویست مام وەیسەی لە كن خێزانی بشكێنن وگەوەریش دەست بەردار نەبو:تۆ خودا مام گولاَوی! مام وەسمان ئەوەعومرێكوڕابوارد قەت زانیوتانە ماسی دە خەتی جوتیدا بێت؟!

مام وەسمان و مام گولاَویش دەیان گوت ناوەڵلا خوشكە گەوەر، ماسی هەردەنێو ئاویَدادەبی دەئیشكاییەداناژی!

بەڵیَ كێشەی مام وەیسەوگەوەریَ توندبو:ئایارۆ! وەیسە شێتبوە ! وەیسە شێتبوە !مام وەیسەش لەحەیفان دەیگوڕاند، میوانەكانیش هەرچەند بەگەوەری خێزانی مام وەیسەیان دەگوت، بیَفایدەبو، ئاخیری بەئەوشەوەی تەواوی خەڵكی دێیان لێخڕبووە، گەوەر:بۆ خاتری خودای عالەمینە، وەیسەی بگرن شێتبۆوە، بیبەنە ماڵە شێخی خەڵكەكەش بیَ ئەوەی بزانن چباسە، مام وەیسەیان گرت ڕەپێچەك داو دەستیان لە پشتەوەڕابەستن و بردێان بۆ ماڵە شێخی، لە ڕێگایەدا هەرچەندی دەیگوت بابم! ئەمن شێت نەبومە ئاخر بۆكوێم دەبەن هەرد وكانیش ڕاستیان دەكرد؟! بەلاَم گوێیان نەدا بەقسەی مام وەیسەی بەدبەخت. لە ماڵە شێخی مام وەیسەیان وەبەر شولكاندا:هەر دەیگوت ماسیم دە خەتی جووتیدا گرتوون!ئاخرەكەی خێزانی چۆ بن گوییَ و پییَگوت

ئەگەردەمگوت بڵێ خودایە لە مەکری ژنانم بەدورکەی ئەوەیە !

ئێستاش ئەگەروا بڵێی ڕزگاردەبی دەنا هەر دەوحاڵەی‌دا دەبی کە دەیبینی.

مام وەیسەکەزۆری زەجر ی دیتبوو نارەحەتیان کردبوو، پێی‌خۆش‌بولەئەو وەزعەی نەجاتی بێت، بەخێزانی دەڵێت باشەچ‌بکەم؟

خێزانی :بڵێ ئەمن ماسیم دە خەتی جووتی‌دانەدیتونەوە.

بەڵێ مام شێخ دێتە سەری دەڵێ پێم‌بڵێ بزانم.مام وەیسە دەڵێ چت پێ‌بڵێم مام شێخ بەتوڕەیی؟پێم‌بڵێ بزانم نێویان چیە؟

مام وەیسە:نێوی چی وحیسابی چی؟! ئەمن هەرسۆحبەتم دەگەڵ گەوەرێ دەکرد، دەنا هەموکەس دەزانیت ماسی دەنێو ئاوی‌دا دەبێ دە ئیشکایەدا ناژیت مام شێخ دەڵێ زۆر چاکە. بانگی خێزانی مام وەیسەی دەکات:وەرە پور گەوەر. پور گەوەر دێت و پیی‌دەڵێ مام وەیسە دەڵێ ئەمن سۆحبەتم دەگەڵ گەوەری کردوە دەنا هەموکەس دەزانیت ماسی هەردەنێو ئاوی‌دا دەبێت و دە ئیشکایی‌دا ماسی ناژیت. وەرە دەستانی بکەوەو بیبەوەبۆ ماڵێ خوواحافیزو بێت.

مام وەیسە دەگەڵ پور گەوەرێ هاتنەوە ماڵێ؟ لەئەو ڕۆژەێ بەد وا وە مام وەیسە ئەگەرنوێژی دەکرد دەپێش دوعاخوێندنی‌دا دەیگوت:خودایە لەمەکری ژنانم بەدورکەی. جا دوایە دوعاکانی دیکەی پاش نوێژیی دەخوێندن.

* * *

قۆناغ گێتماغ

موحەمەد، ئیسماعیلی ناهارا قوناغ چاغرمیشتی. ئیسماعیل ناهار یاخنی یۆڵە توشتی موحەمەدن ئێونەگێتسن،حوسێنە ڕاست گێالدی حوسێن دێدی ها ! ئیسماعیل هارادی؟ ئیساعیل :موحەمەدن ئێونە گێدرم ناهارا قوناغ چاغرب.حوسێن :مەندا گێالرم، ئیسماعیل دێدی یاخچی.سەن نەکارەسن؟حوسێن مەن نەکارەیەم؟ مەن توفەێلیەم. باهم گێتیلار بویۆڵ قوربانە ڕاست گێالدیلار. قوربان دیدی ها ! ئیسماعیل حوسێننان هارا گێدرسس؟ ئیسماعیل:موحەمەدمەنی چاغرب، حوسێندا دیێر مندا توفەیلیەم گێالرم. ئۆندا قوربان دێدی وەڵلا مەندا گێالرم! ئیسماعیل دێدی یاخچی، مەن قوناغم حوسێن توفەێلیدی سەن نەکارەسن؟

قوربان:مەندا توفەێلینین توفەێلیسیەم بالی، توشتیلار یۆڵە.موحسین کوچە باشندا چخدی دیرهائیسماعیل هاراگێدرسز؟

ئیسماعیل دێدی موحەمەدمەنی قوناغ چاغرب بولاردا ،ئولوب لارسەلیم جوهەری دۆڵپاسی،حوسێن دێرمەن توفەێلیەم گێالرم!قوربان دیرمەن توفەێلین توفەێلیسیەم گێالرم.موحسین دێدی مەنداگێالرم.ئیسماعیل دیدی یاخقی سەن نەمەنەسەن؟

موحسین دیراومەنی تانیێر،بالی دویرت نەفری گێتیلارموحەمەدن ئێونە:سەلام سەلام سەلام سەلام؟

موحەمەد،بیرازباخدی سۆرەئیسماعیلەدێدی:مەن سەنی قوناغ چاغرمیشم،بولارنەمەنادی - لار! حوسێن دێرمەن توفەێلیەم.موحەمەد:یاخچی بوسەن.قوربان:مەن داتوفەێلینن توفەێلیسیەم.موحەمەد.دێدی قوناغ سەن چۆخ خۆشگێالبسن.توفەێلی سەنداخۆش گێالبسن.توفەێلینن توفەێلیسی سندائێلەچۆخ خۆش گێالبسەن، بوکپیئوغڵی نەکارا دی؟

موحسین یۆڵداشلارە باخدی:دێمادم او مەنی تانیێر؟

❊ ❊ ❊

بیرەوەرێك لەسەرعەشیرەتی شێخ شەرەفیان لەڕوانگەی گەورەپیاوانی زاناو بەتەمەنەوە

((شێخ شەرەفی)) لەئەوەڵەوە تائیفەیکی زۆرگەورەو زاناوبەکاربونەو لەچەنددیێەکی عێراقیٚ دا ژیاون بەلاٚم بەشی زۆریان لەکوردوستانیٚ ئێرانیٚ وەکو١-کەوتەر٢-سەرمساغلیٚ ٣- حەسەن چەپ ٤- سێلمیٚ ٥- باگردان ٦- لیمونج ٧- بێنگوین ٨- شێخان ٩- دۆڵی شێخان ١٠- سێرویٚ ١١- قەلاٚتیٚ سنان ١٢- سەرهوڵان١٣- سەرتەنگ ١٤-نێڵان ١٥- چۆمان لەڕۆژ ئاوای سابلاٚغیٚ ودێیەکانی
١- لگین ٢- کێلیٚ ٣- بابەکرا وٚیٚ ٤- کانی زەرد ٥- ئەحمەدغەریب٦-شێوەبرسی٧- بازاڕگە ٨ - دێلکە٩- هەوشینان ١٠- کوری١١- وکەڵەکوکەکان لەمەنتیقەی خانیٚ هەمومولکی شێخ شەرەفیان بوە(حاجی بایزبابی مەحودا ئاغی شێخ شەرەفی)گەورەو.وردێن سپی تەواوی ئەوتایفەی بوەلەگەلٚ چەندکەسی عالم وروناکبیروبەدین سەرپەرەستی تائیفەی شێخ شەرەفیانیان وەستوی خۆگرتبو؟وبەهوی رێنوێنی گەورەگەورەکانیان لەکێشەوهەراله-گەلٚ جیرانەکان هەمیشەخۆویان پاراستوەلەپاش ئەوەی کەحاجی بایزلەدونیادەرچوە چونکەشێخ شەرەفی هەردەهات ودەستیان ئەستوردەبولەئەودەورەولەدەورەکانی پێشوش حکومەتی ناوەندی دایمەلەسەربزێوی عەشیرەتەکان ترسی هەرهەبوەوکەمتریش وابوەڕاستەوخۆبەگژیان داچوبی هەربەفێلٚ وتەڵەکەلاوازی کردون،وبۆهێندێك لەتایفەکان بیٚ بەلگە،دەهۆیٚ.بۆسازدەکردن،ئێکێك لەوانە،وبەئەوهۆیەوەحاکمی مەراغەی ئەو،وەختی کیٚ بوە٠،کاغەزێکی بۆشێخ شەرەفیان دەنوسی وبەپیاوێکی خویٚ دابۆیان دەنێریٚ :ئەگەرکەیخوداکانوهەروەهاگەورەپیاوەکانوبێن بۆمەراغەی هەتابۆخۆم هەم ملکەکانوبۆ-سەبت کەم وقەبالەی سەبتیووهەرکەسەوبەنێوی خۆوبدەمیٚ؟گەورەگەورەکانی شێخ شەرەفیان بەبیٚ بیرکردنەوە فریوی حاکم مەراغەی دەخۆن و تێگڕاگەورەپیاوەکان وکەیخوداکان دەچن بۆمەراغەی چونکەهیچ بیروفکری خەراپیان دەژبەحکومەتی نەبوە٠ حاکمی مەراغەی بەپێچەوانەهەستی پاك وبیٚ خەوشی ئەوتائیفەی وبەبیرکردن وفکری

ناپاکی خۆی هەموانیان دەست بەسەردەکاو.ودەیان نێرێتەخۆراسانی ولەشارۆچکێکی داین دەمەزرێنی شارەکەیان نێوناوە(کوردان) ودوایەبەمرورگۆڕاوەو هەروەکی دەڵێن بۆتەئەو(گورگانەی)کەئیستادەیبینین؟

وەختێکی پیاوەبەکارەکانی شێخ شەرەفیان ئاوادوردەخرێنەوەو.ژن ومنداڵەکانیشیان لەبەربێ کەسی وبێ سەرپەرستیێ هێندێکیان دەچن بۆلای پیاوەکانیان ئەوانەدیکەش پەریوەی هەندەران دەبن ودییەکانیان هەتاچەندساڵان بەچۆلی دەمێننەوەو، جامەنگوڕومامەش لەسەرمولکی شێخ شەرەفیان بەدمەقالّ هاتون وقرڕەیان لێ پەیدابوە دوایەپێك دەڵێن ئەومولکەنەمولکی مەنگوڕانەونەمولکی مامەشانەجادوای ئەوچەندساڵەی هێندێك مالّ لەشێخ شەرەفیان ئەوی دیکەش هەتاجێگایان بۆتەوەهەم لەدیوی مەنگوڕان هەم لەدیوی مامەشان غەیری تێ خزاون هەروەکوئیستاکەدەبیندرێ؟

بەسەرهات وئالّ وگۆڕی کەبەسەرشێخ شەرەفیان هاتوەدلۆپێك لەدەریایەکیەوئەوە نمونەیەکە،بۆ وەبیرهێنانەوەی؟هەرکەسێکی بەلگەی هەبیت دەتوانی بەپێی بەلگەباسی زیاتری لەسەربکات وزۆرتریشی سوپاس دەکەین.

حەمەدئاغاپاشی کۆچی دوایی مەحموداغای بابی زیاترلەدێبۆکری دەمێنێتەوە (بەردەبۆری د ێبۆکری)کەنیشانگەی حیسابگەریەکانی حەمەداغای بوەهەرماوە.

پاشی دێبۆکری مالّی هاتۆتە دێلەکەوهەوشینان وئاخرەکەی هاتۆتەلگبنێ حەمەدئاغای شیخ شەرەف ئەوچەند سالّەی ئەگەرلەلگبنێ دەمێنێتەوە هەروەکو لەنێوبانگی ڕادیارەپیاوێکی بەئازمون ولەحیسابگەریدا ئینسانیکی زۆر زاناو ماهیر بوە، ئێستاش کە ئێستایە حیسابی حەمەدئاغای شێخ شەرەف هەرماوەو زۆرکەس کارەکانی بە حیسابی حەمەدئاغای ئەنجام دەدات. دیارە ئەوحیسابە دەگەلّ حیسابی شەمسی پێنج ڕۆژی فەرقە یانی لەپێشترە.ئەگەرمانگی ئاخیری زستانی واتاڕەشەممە سی ڕۆژ تەواوبێت بەحیسابی حەمەدئاغای شەوی بیست و شەشی ڕەشەممەیە،نەورۆزە، ئەگەر ڕەشەممە، بیست ونۆڕۆژ بیت شەوی بیست وپێنجی ڕەشەممەیە نەوروزە.

ئەوجارلەولاتەکوێستان وبەفراویٚ کەی مە،ئەگەرلەدوازدەی ڕەشەممەیە،دەلوجەی،بای وەعدەی دێت دەگەڵ دەلوجەی بای وەعدەی ئەگەرکرێوەوساخلەت نەبێت لەگ لە گەرمێنیٚ ڕادەگەڕێتەوە.لەپازدەی ڕەشەممەیەحەقەبای دێت لە هەژدەیڕابەفر بە هەمو بایەکی دەچێتەوە. حیاسبەکانی ئاخری ساڵیٚ لە ئەووەڵیٚ مانگی ڕەشەممەیەڕا ئاوا حیساب دەکرین ١ـ لە ئەووەڵی ڕەشەممەیەڕا هەتا سیٚ ڕۆژان خاتو زەمهەریر شینی بۆ برایان گێڕا وە.چونکەبرایەکانی دەئەو سیٚ ڕۆژانەدالەکوێستانان سەرمابردوونی، هەوای زۆر ناخۆشەوکرێوەی دەکات.لەدوای وی سیٚ شەشی هەیاسی حیساب دەکریٚ کە شەش ڕۆژەی ئەووەڵیٚ هەوای زۆرناخۆشە،شەش ڕۆژەی دوهەمی ناخۆش وخۆشە،شەش ڕۆژەی ئاخیری تائەندازەیەك خۆشە،سیٚ شەش دەکاتەهەژدەوئەویش سیٚ دەکاتە بیست ویەك.

بیست و یەکەلەی گۆرانی

بیست ویەکەلەی گۆرانی،ئەگەرنەباری لەقوڵتەی ڕانی٠،گۆران هیچ لەهیچ نازانی

هەرلەئاخیرمانگی زستانیٚ خەلۆ تفاقی لیٚبڕاوەوجەلۆش تفاقی فرۆشتنییٚ هەبوە،پێك هاتونەباقەیٚ بەمەڕێکی بداتیٚ،جەلۆدەڵیٚ ئەگەرباقەوێنجە لەمەڕەکەی درێژتر بێت،باقەکەی دەبڕمەوەبابەقەدمەڕەکەی بێت زیادییەکەت نادەمیٚ.

خەرنەبەرەی پیرێژنی: پیرێژن لەمانگی ڕەشەممەیدا کوڕەکەی دەچێتە سەفەریٚ، بە کوڕەکەیٚ دەڵیٚ ڕۆڵەخەریٚ مەبەرە ! کوڕەکە:خەریٚ دەبەرم. دایکەکەی:ئەگەر خەریٚ دەبەری کورتانی مەبەرەکوڕە دەڵیٚ خەرێش دەبەرم، کورتانیش دەبەرم.کوڕە چۆ سەفەریٚ، کەرەکەی دەبەفریٚداسەرمابردی وتۆپی، کورتانەکەشی لەویٚ بەجیٚما.

وشتریٚ پیرێژنیٚ ؟ وشتریٚ پیرێژنیٚ بەسەرماوکرێوەوەکەلٚ هاتوە.

هێلکەی لەگالەگی: هێلکەی لەگ لەگی ئەگەرسەهولٚ وسەرمانەیبەستی نابێتە جوجکە بابۆشەوێك یا ڕۆژێکیش بێت ؟

کابۆ بۆزی بای بە گواران ؟هەرلەڕەشەممەیەژنێك برای لیٚ میوان دەبیت، بۆ بارگینی براکەی تفاقیان نابیت، وەنێو دییٚ دەکەوێت دەڵیٚ حازرم گوارەی زێڕی خۆم بۆ بارگێنی

کاکم بە تفاق بدەم؟بەلأم تفاق هێندە گران دەبێت، بە گوارەی زێڕیش بەشی جەمێکی پێی ناکڕێت ، شەویَ دەنون، بەیانی کە وەخەبەرد ێن، بای وەعدەی دێت وبەفری شەقارشەقارکردوەو بن داران وەدەرکەووتوە، هەر جومەی ئاشگێڕێکی ئاو پێداد ێت.
کا، بۆ بۆزی یای بە گواران. ؟ گو بە گوۆڕی بابی کا و کاد ێنداران.
ئەوە خودا ڕوحمی کرد، وەدەرکەوت بنی داران.

خاکەلێوە. ؟ئادار ناچی بیَ دوَ *** نیسان ناچی بیَ جوَ.

د یسان دەلێن مانگی ئاداریَ.؟بباریَ لە گوییَ داریَ *** نامێنی تا ئێواریَ

دە شەوەی شوقاقیَ:دە ڕۆژ پاش نەورۆزی، دە شەوەی شوقاقی پیَدەلێن، دەئەو ڕۆژەیداشوقاق تفاقیان لیَ بڕاوەولێیانقەوماوە،مەڕومالأتیان هەمو قڕانی کردوە.

سێزدەبەدەر:سێزدە ڕۆژ پاش نەورۆزیَ یە.

گیسکی بەلەمس ؟گیسکی بەلەمس گولی ڕێواسیَ دەخوات و دەلیَ:
خواردم گولی نیسانیَ *** ڕیام لەویَ زستانیَ؟ زستانیش دەلیَ
ڕۆژێکم مابی لە کاردا *** لاقت دەکەم بە داردا.

بەفرێکی زۆردەباریت، گیسکی بەلەمس سەرمادەیبات ولاقی بە دارێوە هەلدا وەسرێت؟

وەکی لەگەورەپیاوانی بەتەمەن وڕوناکبیرانی باوەڕپێکراوم گوی لیَ بوەگوتویانەلە لەزەمانی حەمەداغای شێخ شەرفی دا.لە لگبنیَ جێالەخەمەداغای حیسابگەرێکی دیکەشی لیَبوەودەلێن ئەویش هەرنێوی حەمەداغابوەو یان هەرنێوێکی هەی بوە؟شەویَ لەسەر هاتنەوەیَ لەگ لەگیَ لە مزگەوتیَ گرێویان کردوە حیسابگەرەکەی دیکەدەلیَ ئەوشولەگ لەگ دێتەوەحەمەداغای شێخ شەرەفی دەلیَ ئەوشوناگەڕێتەوە،گریوەکەی ئاوادەکەن هەرکەس دوڕاندی،کچەکەی بدات بە کوڕی ئەوی دیکە،خەلك بلأوەیدەکات ئەوحیساب گەرەئەگەر.دەهەوای دەفکری، زۆر ناخۆش و سەرما دەبیَ و پروشەی دەکات،دێتەوەمالیَ وبەکوڕەکانی دەلیَ، گرێوێکم دەگەلَ حەمەدئاغای کردوە وبەئەو هەوایەی دەی بینم دوڕاندومە، کوڕەکانی لێیدەپرسن چ گرێوێکت کردوە؟

دەڵێ لەسەرلەگ لەگی ؟گوتومەئەوشولەگ لەگ دێتەوەبەلآم لەبەرهرۆژمی سەرمایەناگاتەوە ئێرە لەئاوەڵی ئەحمەدئاوی (کانی کۆخەی) دەمێنێتەوجا ئەگەربتوانن بچن بیگرن وبیەێننەوەئەوەچاکە دەناخوشکودۆڕا وە،بەڵێ کوڕەکانی دەچن لەئاوەڵی ئەحمەدئاویێ حاجیلەگ لەگ کەسیرەدەبێت وناتوانی هەڵفڕێ دەیگرن و دەیەێننەوە، لەبن کورسیێ گەرمی دەکەنەوە بەێنی شەو.وڕۆژان لەسەرقەلآغێی دادەنێن (حەمەدئاغای شێخ شەرەف)کەهەڵدەستی بچێتە نوێژێ بەیانی حاجی لەگ لەگی لەسەرقەلآغێ دەبینی و دەزانێت حاجی لەگ لەگ بۆخۆی نەهاتۆتەوەوبەدەست هاتۆتەوەئەگەرتەقەی لەدندوکێ دینێ وحەمەداغا.دەڵێ بەخێرێیەوە!بەخێرێیەوەئەگەرچی بەلاقی خۆشت نەهاتویەتەوە، بەیانی ئەگەرقسەبلآو دەبێتەوەودەڵێن حەمەدئاغای شێخ شەرەف گرێوی دۆڕاندوە، بەئەوحیسابگەرەیی،حەمەداغا دەڵێ:ئەگەر ئەتۆحازربی سوێندێ بخۆی وبڵێی حاجی لەگ لەگ بۆخۆی هاتۆتەوەلەباتی کچێکی دوکچانت دەدەمێ ئەوما حیسابگەرەش کەناتوانێ سوێندی بخوا،ئینسانی واگەورەدرۆیەناکاو سوێندیشی لەسەربخوا،کارەکەیان پێك دێ بە ژنبەژنە؛؟ ژنبەژنەیان کردوە، هەمو خەڵکی لاجان و پیران شاهیدی ئەوموزوعەنەو، ئاگادارن بەتایبەتی ئەوانەی بڕوکێك بەتەمەنن.

بەعزەکەسێك دەڵێن لە (دایەشێخێرا)لەگ لەگ یان هیناوەتەوەبەلآم ڕنگ بی (ئەحمەداویێ)ڕاست بی چونکەدایەشێخی لەلگبنێ ڕازۆردورە٠؟!

هاوینێ وەختی دروینەی حەمەدئاغای شێخ شەرەف دەچێتە گەنەدارێ مامەشان، وەختێکی دەچێتەسەرحەوزی دەست نوێژی هەلگرێت،دەست دەئاوەکەی هەڵدەدات، ودیتەوەنێودییێ بەخەڵکی ئاوایێ ڕادەگەێەنیت و:بچون پاڵەی مەزرایە بێننەوەباران دەباریت،بەقای پێناکەن،نیوسەعاتێك پێوەدەخورێ،پەڵەهەورێکی ڕەش دیتە ڕوی ئاسمانێ ودایدەداتەبارانەی سێلآوهەستاوەیەغنیەگەنمی بەساغی بەخڕێ کەندە قولآندا هێناوەتەخوارێ.خەڵکی ناوچەی ئەوانەی ماون ئەوسێلآوەیان لەزاری باب ومام یابرا گەورەکانێان بیستووە.بەتایبەتی خەڵکی گەنەدار، بەرکەمران وخڕێ بەرداشان.

قاژو، ڕێوی، قشقەڵە

قاژوێك کوتە بـەزێکی دیتـەوە، قشـقەڵە بـەغار هەڵیگرتـەوە، لـە سـەر ئـەو بـەزەی بەشەڕهاتن، بەچەنگ و دندوکان لێکیـان‌دەدا، مـام ڕێـوی، چاوی‌پی‌کـەوتن:ئەوەچیـە،بـۆ وادەکەن؟ ملکی بابو بەشدەکەن؟ قاژو وەجواب هات:چابو هاتی مـام ڕێـوی، ئـەمن ئـەو بــەزەم د یتۆتــەوەو قشــقەڵە هەڵیگرتۆتــەوە ؟ ویمناداتــەوە، قشــقەڵە قــاژوی وەدرۆخستەوەوگوتی نـەخێربۆخۆم هەڵمگرتۆتـەوە.ئەتۆهەرنەشت دیوەمام ڕێـوی زۆری ئیشتیاچوبەزەکەی، لـەبەرەخۆیەوە گوتی؟ واچاکە فێڵێکی سـازکەم و بۆخـۆم بەزەکـەی بخۆم ئەوانە لەبەرشەڕوهەلایەپێیان ناخورێ پیی‌گوتن ئـەو هەڵایـەی نـاوێ وازی‌لی‌بێنـن؟ بەلام قاژو دەست هەڵگرنەبوو قشقەڵـەش نـەیدەدا وە، ئـەوجارمام ڕێـوی بـە خـۆی گـوت نەخشەکەم گرتی. ڕوی تی‌کردن پێی گوتن ئەمن ڕێگایەکو بۆ دادەنێم ئێـوەش وەرن بـە قسەێ من بکەن باهەڵلا خەلاس بێ. چونکە ئەمن بە دڵ بە شەڕی ئێوە ناڕەحەتم.

قاژوو قشـقەڵە ئەگـەر مـام ڕێویـان ئـەوا بـە دڵسـۆزی دیـت، قـەولیان‌دا لـە قسـەی دەرنـەچن و چۆنـی مـام ڕێـوی بۆیـان دانـێ ڕازی بن.مـام ڕێـوی دەڵـێ بـەڵێ، زۆرچاکـە تەرازوێکی پەیداکەن هەتا ئەمن لێوبەشکەم وهەر یەکەی نیوەی بخۆن، هەردو ڕازی بـون وبەزەحمەتێکی زۆرتەرازویان هێناولەپێش مام ڕێویان دانا،گوتیـان؟ئەوەتـەرازوو ئـەوەش بەزەکـە. مـام ڕێـوی ڕۆی بۆیـە بەزەکـەی، لـەت کرد، بـەلام وای لـەت کـرد، لـەتێك گەورەتربێ، لە پـیـش چـاوی وان، دە بەرتـەرازوی نـا.لـەتێك قورس‌تربوبرێکـی دم ولـوت لستەوەقەپالتێکی لە لـەتە گەورەکەی دا ئـەوجار ئـەوی دی قورس‌تـر بـو، قـەپالێکی لـە لـەتە قورسەکەی دا، ئەوجار لـەتەکەی دی قورستر بو، بە قەپالتان هەموجارێ لە لـەتە گەورەکـەی دەدا، هـەتا وای‌لی هـات هـەر لـەتەی بـە قـەد مەرمـەرە شوشـێکی چوکـە مابونەوە،هەردوکی بەدوی یەك دا هاویشتە زاری و ڕوی دە قشقەڵەو قـاژوی کـردو گوتـی وەڵلا هێندە چوك ببوونەوە بۆبەشکردنێ نەدەبون. خولاسە بەمەکرو حیلـەو دۆستایەتی بەزەکەی لی‌خواردن.

(شێعری) قاژو، ڕێوی، قشقەڵە

قاژویەك، بەزنێکی لە ڕێ دیتەوە   قشقەڵەش بە تاو هەڵیگرتەوە

لە سەر ئەو بەزە بو بە هەڵلاو جەنگ   وا لێکیان دەدا بە دندوك و چەنگ

قاژوکە دەیگوت، هەر لێت دەستێنم   لەسەرئەو بەزەی من دەت فەوتێنم

قشقەڵەش دەیگوت چێژی لێناکەی   ئەگەر دە ڕۆژیش بەدوام دا ڕاکەی

ڕێوی پەیدابو، ئەو شەڕەی کە دی   تورەبو.وگوتی هۆی نەدی وبدی

مام ڕێوی بە زی دی ئیشتیای چو یە   بە خۆ ی گو ت فێڵێك ساز کەم هەربۆیە

هەی نەزانیتە، بوچی وا دەکەن؟   میراتی بابو هاتون بەشدەکەن؟

قاژو:ئەوبەزە،من دیتومەوە   قشقەڵە ش دەیگوت،من گرتۆمەوە

هێن تێك چوم ئەبەو،شەڕو هەلایە   هۆشم لێ بڕاوە،ئەبەۆخولایە

بۆودادەنێم من،ڕێگای جوان ورێن   ئێوەش مەردانە،لەقسەم دەرمەچون

ئەگەر.ڕێویان دی،واهێندەغەمخوار   زانیان دورکەوتون،زۆرلەشوێن وبوار

قاژو.وقشقەڵە،دایان بەڵێنی   ڕازی بون دوایی،بەئەوکێشەبێنی

ئێوە شەریکن تەرازوێك بێنن   هەتا لێو بەشکەم، واز لە شەڕبێنن

بەز بو بە دولەت، میزان حازر بو   لەتێك لەوی دی کەهێندێ زیاتر بو

قەپاڵتێکی دا لەو لەتە گەورە   چەندە بەتام بو، ئەو بەزە چەورە

سمێڵی بادا بە فیکە و جیکە   کەوتە بەر هێرش پارچەکەی دیکە

هەر بە قەپاڵتان دەیخواردن زوزو   بەقەد مەرمەرێك مانەوە هەردو

هاویشتنێ زاری هەردو بە یکجار   فیزمالی دایە و ڕۆییشت بەرەوخوار

ڕاستی لە ئێوە زۆر شەرمەزارم   بوم بەشنەدەکرا هاویشتمە زارم

دەزانی چبکا، ریوی قازی بێ   وەزعیش مەعلومە، کێ نارازی بێ

چەقەڵ و مریشکی پیرێژنی

چەقەڵ مریشکی پیرێژنێکی فڕاند، پیرێژن بەداد و هاوار وەدوی‌دەکەوت ودەیگوت،
خۆمریشکە سپی من دوسیٚ دەبو، چەقەڵ بەئەودرۆییەی پیرێژنی زۆر ناڕەحەتبو،
لەداخان سورهەڵگەڕا، مام ڕێوی بە لای چەقەڵی‌دا هات گوتی ئەوەبۆ وا ناڕەحەت بویە؟
چەقەڵ گوتی، لە حەیفی پیرێژنیٚ سەگسار؟ خۆ ئەو مریشکە چارەگێك نابیٚ، پیرێژن بەدرۆ دەڵیٚ، دوسیٚ دەبو. ڕێوی گوتی ؟دا وەمنی‌دە بزانم چەند دەبیٚ؟!
ڕێوی دەگەڵ مریشکی کەوتەدەست، فڕاندی وهەلات. دە هەلاتنی‌دا گوتی چەقەڵ بەداپیر ەی بلیٚ با چوار سی‌یان لە سەرە من بنوسیٚ بە قەرز.

(شێعری) چەقەڵ و مریشکی پیرێژنیٚ

(لە فارسیەوە)

چەقەڵ، مریشکی پیرێژنیی ڕفاند
بە پلار و جوێن لە دوی، دەیگوڕراند

دوسیٚ پتر بو مریشکە سپی من
چەقەڵ ڕفاندی لە بن سەری من

چەقەڵ بەو درۆییەی هێند تورە ببو
لە داخان ڕێگای خوی لیٚ ونببو

ڕێوی هات چاوی بەو وەزعەی کەوت
زو زانی پاروی دە ڕونی کەوت

:چتە؟ بۆ قەڵسی؟ بوچی شێواوی؟
لە چی تورە بویی سور هەڵگەڕاوی؟

لە داخ پیرێژنیٚ مەیمونی سەگسار
بە شیرەشیر و بەبۆڵە و هاوار

خۆ ئەو مریشکە چارەگێك نابیٚ
ئەگەر درۆیکەم ماڵم خەرابیٚ

:دادەی وەمنی‌دە، هەڵی‌سەنگێنم
گەورە و چوکەییٚ با وەدەستبێنم

ڕێوی، مریشکی کەوتە دەست؛ ڕای‌کرد
بە ئیشارە و دەست، هەروا هەرای‌کرد

:چەقەڵ زەحمتم کەمیٚ بۆ بکێشە
بەپەلەم ڕێگای دورم لە پێشە

:بە داپیرە بلیٚ باش چاپلوسی
لە سەر من چوار سیٚ قەرز با بنوسی

ڕێوی و قاژو

قاژویەك سەلكە پەنیرێكی دیتەوە، هەڵی‌گرتەوەو چۆ سەردارێكی بڵیند بیخوا. ڕێوی لەوێ مڵ ومۆی دەكردچونكەڕسقی ڕیویەهەرلەسەرلاقانەو،ئەگەرچاوی بەپەنیرەكەی كەوت زۆری ئیشتیا چۆیە، گوتی واچاكە فێڵێكی سازكەم، بەڵكو ئەو پەنیرەی بخۆم. دەستی‌كردبە تەعریفات وجوانییێ قاژوی بۆ فریودانێی:ئەمن ڕەشی وا جوانم نەدیوە چاو ئەوپەڕ وباڵەولاقەت چەندە ڕەش و جوانن، وەك بۆخۆت جوانی دەنگیشت ئاوا خۆش‌با تەعریفت بەكەس تەواو نەدەبو، قاژو فریوی خواردو گوتی بابخوێنم بەڵكو دەنگیشم وەكوڕەنگم جوان بێ. دندوكی لێك‌كردەوەو پەنیر كەوتەخوارێ، ڕێوی هەڵی‌گرتەوە، دەبا قاژو هەر قاڕەقاڕێ بكات بزانین پەنیری دیكەی وەدەست دەكەویتەوە.

(شێعری) ڕێوی و قاژو

لە فارسیەوە بۆ كوردی

پەنیرێكی دیت لە سەر ڕێگایەك
هەڵی‌گرتەوە قاژو خێرایەك

چۆ سەر دارێكی بلیند، قەڵەمە
نۆشی گیانی كات، پەنیر دەڵەمە

ڕادەبرد؛ دیتی ڕێوی جادوكار
بۆ فریودانی قاژو كەوتە كار

ئەرێ چەند جوانی، چەند شۆخ و شەنگی
بە ڕاست لە تۆ دێ جوانی و چەلەنگی

ئەو پەڕو باڵەت چەند جوان و ڕەشە
دندوك و لاقت، لە ڕەشیان گەشە

دەنگیشت وەكو ڕەنگت خۆش بایە
جا دەمگوت بە كەس تەعریفت نایە

هەوای چۆ دە سەر، ویستی بخوێنی
وەك پەروباڵی دەنگی بنوێنی

نوكی كردەوە، پەنیر كەوتەخوار
ڕیوی دای هاتێ و گرتیەوەو بەغار

دەی تا دەتوانی قاڕەقاڕی بكا
تا پەنیر یا شت چی پەیدای بكا

ڕێوی کەڵەشێر و سەزەرد

ساڵێکی پاییزێ کەڵەبابێك دەگەڵ سەگێکی، لەکۆنە دێیەکی مابونەوەیابەجێی مابون، سەیەکە لە بن د یواری وەرکەوتبو کەڵەبابیش دەگەڕا و چینەی دەکرد بەجینجرۆکان عەرزی هوڵدەکۆڵی، مام ڕێوی چاوی پێکەوت گوتی، خودا چاکی دا، ئەونێوچێرەم وەدەست کەوت جارێ لێی نیزێك بووەوچاك وخۆشی دەگەڵ کرد، لیێپرسی:ئەوەچۆنە بەتەنێ لێرە پەیدابویە؟

کەڵەشێر:بەتەنێ نیم. مام ڕێوی:ئەدی؟ کەڵەباب:کاکیشم دەگەڵە. هاتوینە ئێرە ئاوەدان کەینەوە. ڕێوی:ئەدی کوا کاکت؟ کەڵەباب:لەئەو بن دیوارەی نوستوە سەری دیشیت.مام ڕیوی وایزانی، کاکی قەلەمونەیەك یا پەلەوەرێکی لە خۆی گەورەترە. گوتی، نەخێرخودا چاکتری دا،ئەوە بونەدو. مام ڕێوی چوبۆئەوجێگایەی کەڵەباب نیشاڕەئی پێکردبو، لەناکاو بەسەرسەزەردیدا کەوت وبەدیتنی سەزەردی واڕاچەنی وهەڵات. سەزەردبە دەورەی کۆنەدێیدا دوسێ دەورانی ڕێکەوت، مام ڕێوی لە ترسان هەمو شتێکی لەبیرچۆوە، کەڵەباب بانگی کرد:مام ڕێوی وەرە! بۆ کوێ دەڕۆی؟! وەرە بۆمان ببەبەکوێخا فەعلەمان بۆبگرەکارمان بۆ بکە.

مام ڕێوی لە ولامدا گوتی برو خولاتبری، ئەتوی وا قەرچەناغ و کاکت وا توڕە،بە سەد ساڵی دیش ئەود ێیەو بۆ ئاوەدان نابیتەوە.

***

(شێعری) ڕێوی و کەڵەشێرو سەزەرد

کەڵەشێرێکی جوان و لەبەر دڵ ‌‌ ڕەند و ڕەزا سووک وەک گوڵی سەرچڵ

لەگەڵ گەماڵێك چابوك و زرەنگ ‌‌ جەنگ و دم لە شەر هەروەکو پڵەنگ

پایزێ مانەوە لە دێیەکی چۆڵ ‌‌ بە بێ بژێوی وەختی سەرما و سۆڵ

مام ڕێوی کە دی ئەو کەڵەشێرە ‌‌ چاوی دەدرەوشا هەروەك ئەستێرە

لیێ نیزێك بووە و بە خۆی گوت مامە ‌‌ پارووێکی چەورە و زۆریش بەتامە

پاش چاك و خۆشی؛ ساحیبماڵ کێیە؟ ‌‌ چۆنە پەیدابوی لەو کۆنە دێیە؟

:هەر من و کاکم هاتوین دوبەدو ‌‌ چاك بکەینەوە ئێرە وەك پێشو

:ئەی کوانێ کاکت زیارەتی بکەم ‌‌ کارێ هەتا نە یاریدەو بکەم

:لەو بن دیوارەی کاکم نستووە ‌‌ سەری ژان ئەکا، تۆزێ ماندووە

وەیزانی کاکی مامر یا قەلە ‌‌ یا باڵندەیەك وەکو خەرتەلە

چوو تا ببینێ پاروەکەی دیکە ‌‌ بزانێ هەروا چەورەو نیزیکە

ڕێوی سەزەردەی کە دی وەك ئاسك ‌‌ لیێترسا هەڵات ئەوباسکە و باسك

زۆر زیرەکانە تا خۆی خەلاس کرد ‌‌ ئەوجار کەڵەشێر مام ڕێوی گاس کرد

وەرە هەڵمەیە، لە چی سڵ دەکەی ‌‌ دەبی بە کوێخا، کارمان بۆ دەکەی

:تۆی قەرەچەناغ، کاك بێحەوسەلە ‌‌ چاك نابێتەوە ئاوا ش پەل پەلە

با من پێتبڵێم دڵت نەئێشێ ‌‌ ئەو کارەی ئێوە سەدساڵ دەکێشێ

❋ ❋ ❋

کوتر و کەڵەباب

مریشک بەهێلکەبو،هەربەئێروبەوێ دادەرویشت:کابان وەدوایکەوتبوبەقوربان وسەدەقەی دەبوبەلام مریشک هەربەئەولاولایاندادەرۆیشت وجوابی کابانێی نەدەداوە، کۆترئەوەی دی زۆری پیناخۆشبو،روی دەمریشکەسوری کردوپیی‌گوت بەخۆت وبەهێلکێکی جیقناوی عەیبیّ ناکەیّ کابانت ئاواناڕەحەت دەکەی.ئەمن ساڵێ یازدەجارکورک دەبم وجوجکان هەڵدێنم،بەقەدەتۆمنەتیّ لەسەرساحێبم دانانێم.کەڵەباب بەغارهات وگوتی خوشکیّ ئەوەحافرەتەوناقیس ئاقڵەبڵیّ هەتاجوابت دەمەوە کۆتربەکەڵەبابیّ دەڵیّ،ئەمن دەگەڵەتۆقسان،ناکەم چونکەسیّ عەیبی گەورەت هەنە، ١ـبەبیّ وەختی بانگ دەدەی٢ـ٠٠وی دەخۆی ودەشخوێنی٣ـسواری دایەخۆشت دەبی؟

(شێعری) کوترو کەڵەبابی

کابان بەیانی هاتەوە ماڵیّ	هەمو شوێن گەڕا تا بن هەرزاڵیّ
لێم سورو عەینە، خۆ بە هێلکەیە	کۆخ و جیڕاوکەی لە لای دەرکەیە
ئاخری دیتیەوە زۆر لەبەر ماڵان	لە ژێر پلار و هێرشی منداڵان
بەفیزو دەعیە و قیرە و گارەگار	دەچوّوە، دیسان هەروابەرەو خوار
کۆتر لەو بەرزەی کە ئەوانەی دین	هات لێی وەجواب هات زۆر بە بوغز و قین
:ساڵیّ یازدە جار جوجکان هەڵدێنم	لە لای ساحێبم هەر خۆ نانوێنم
کەڵەشێر کە دی لە دور کارەسات	بۆ لای مامر و کۆتریّ بەغار هات
گوتی عافرەتە و عەقڵ ناقیسە	لەگەڵ من بدوی، ولام ببیسە
:پێش چاوم چۆڵکە لاکەوە بڕۆ	قسەو باس ناکەم ئەمن لەگەڵ تۆ
ئاخر هەی نەزان بەو سیّ عەیبانە	لە تۆدا هەیە و من لێم عەیانە
شەوو نیوەشەو دایمە دەخوێنی	دوای وی بۆ خواردنی پیس دانامێنی
ئێستا کە هاتووی، بە نیازی چاکەی	هیچ فەرقی دایك و بێگانەی ناکەی

کۆتر

کەڵەشێر

ڕێوی و مریشکی مەلای

جارێکی ڕێویەك تازەفێرەڕا ودەبوئێستافێری فێڵبازیەکانی ڕێویەنەبو،

مریشکی ماڵە مەلای ڕفاند، بردیەوە مەنزڵێ بیخوات، لێیانپرسی ئەو مریشکە قەڵەوەت لە کوێ هێناوەدەڵەی چرگە؟

کاك ڕێوی:وەڵلاَ لە دەرکێ ماڵە مەلای گرتم و هینام، پێیانگوت هەستە خێرا بیبەوەلە جێگای خوێ دانێ وەرە هەتا مەلا نەیزانیوە، وفتوای نەداوە،

ئاگاداربیت وهەربە قوماریش بلێ ڕێوی حەلاَڵە تاقێکمان لێناهێڵن.

(شێعری) ڕێوی و مریشکی مەلای

دەڵێن ڕێویەکی تازە ببو ڕاوکەر — مریشکێکی گرت و لە دێی بردەدەر

هێنایە لانە هیلاك و برسی — باوکی لیێڕوانی و لە کوڕەکەی پرسی

:بەخێر بیێوە؛ وەرە دابەزە — لەکوێت هێناوە ئەو خەز و بەزە

هەر توشی هاتم، دیم لەبەر ماڵان — مریشکی مەلایە، هێنام بە تاڵان

کەمێك تورەبو پێی گوت هەتیوە! — هێشتا تۆ جارێ دنیات نەدیوە

من لەگەڵ مەلا نابم بە دوژمن — هەستە بیبەوە! خێرا کوڕی من

تا نەیزانیوە و فتوای نەداوە — مریشك بەرەو بگەرێ دواوە

بە قوماریش بلێ؛ ڕێوی حەلاَڵە — تاقمان ناهێڵن ئە لەو محاڵە

❋ ❋ ❋

گورگ و ڕێوی

ڕێویك لەکەلێن وقوژبنان هەروا مل ومۆی دەکردودەگەڕا،لەنەکاوگورگێکی برسی دایهاتێ وگرتی لەگورگی پرسی:چیە؟ بۆ وا ڕەنگت زەردهەڵگەڕاوە.گورگ وڵامی‌دا وە؟ :برسیمەولەبرسان هێزوتوانام نەماوە نامێڵم ببزوی هەر ئێستا دەتخوم. ڕێوی گوتی بەلاقی خێویوە،بەخوای زەریفە، بەخوای بابە داوەتم بۆ کوڕم کرد،ژنم بۆکوڕم هینا، ئەمن ئەوەچەند ڕۆژە لەتۆدەگەڕێم و چەجیی نەماوەنەیچمێ وئەوەدیسان لەدوای تۆ هاتومەتەوە ئێرە، دا وەتمەوژنێ بۆکوڕم دێنم هەستە وەپێشم کەوە با بڕۆین.

گورگ بێ قسەوفریوێ ڕیوی خوارد وبەلاکەلاك، وەپێشیکەوت.ڕیوی خۆی دە کونێکی ڕاکرد خۆی بۆ نەشێردراوەوهاتەوەدەری گورك لیێپرسی:بۆچویە وێ؟

مام ڕێوێ:ماڵە دۆستێکی بو چوم لێم گێڕاوە! ئەوجارکەلێنێکی پەیداکرد و بەچیڕەچیڕ خۆی تێڕاکرد، زانی گورگ قەت زەفەری پێنابا ڕێوی زۆری پێچوگورگیش ئەوەلەوێ قونەتسەی داوەومەحتەلە ئەوجار: هەرای‌کردی دەوەرەمام ڕێوی بۆخۆت مەعتەل دەکەی؟ مام ڕێوی گوتی دەبڕۆدەفنبە ئەوە دو ٠٠و٠٠ی کاڵم بۆ کەندی،بەخوای بابە نەکوڕم ژنێ د ێنێ و نە دا وەتێ دەکەم، ویستم خۆم لەدەستە تۆ خلاس کەم گورگ زۆری ئەولاونەلاکردو،ڕێوی نەدیتەوەو لێ داڕۆیشت هەربەلاکەلاك.

(شێعرەکەی) گورگ و ڕێوی

مام ڕێوی بیری ڕۆزی خۆی دەکرد	لەو تیش و بنبەرد، ملۆمۆی دەکرد
لەپڕ، قیت بووە گورگێکی برسی	هەروا دایهاتێ و ڕێوی لێی پرسی
چیتە؟ نەخۆشی؟ بۆ وا شێواوی؟	زۆربەداخم بوت، کزو داماوی
:برسیم، لە برسان هێزم نیە بڕوم	نایەڵم ببزوی، هەر ئێستا دەتخوم
:بە خوای زەریفە بە لاقی خێوی	زەماوەندی کرد بۆ کوڕی ڕێوی

دەبێ بمبووری، دەڵێم نەفامی — ڕێوی، کوا گۆشتی و کوا چێژو تامی

وەپێشمکەوە هەستە با بڕۆین — شاییە و لەوێ چی خۆشبو دەیخۆین

گورگ کەوتە ڕێ، هەر لاپەی دەبرد — بەپەلە،ڕێوی خۆی دە کونێك ڕۆکرد

چی حەولیدا خۆی پێ نەشێراوە — بە ناعیلاجی،ها تەوە دواوە دواوە

پێی گوت بە ڕێوی، چ بوو؟ چ دەکەی؟ — بۆ بە خۆڕایی، خۆت مەعتەل دەکەی

:ماڵە دۆستێکیە ، چوم لێم گیڕاوە — لەو نێو بەردانەش، کەروێشکم ماوە

گەڕاو کونێکی تەسکی پەیدا کرد — هەر بە چیڕەچیڕ خوی دە کون ڕاکرد

کەمێك مەلاس بوو، ڕوانی دەوروبەر — زانی، قەت گورگ پیی‌نابا زەفەر

:دە زوبە ڕێوی، ڕەفیقت بێنە — ڕوژ زۆر درەنگە، خۆ مەخافلێنە

:دە بڕۆ دەفنبە، هەی گورگە فەندی — دو ‥و و ‥ی کالّم بۆ کەندی

نە کوڕم ژن دێنی و نە داوەت دەکەم — ویستم لە دەست تۆ خوم خەلاس بکەم

ڕێوی و کەڵەشێر

ڕێویەك لە قەراغ دێیەکی کەڵەبابێکی فڕاندو هەڵات، سەگەل کەوتە دووی. تەنگاویان کردبو کەڵەباب گوتی ئەگەردەتهەوێ لەدەست ئەوانەڕزگار بی، بانگیان‌کە بڵێ ئـەوە ئـی دێیی ئێوە نیە، ڕەفیقی خۆمە، لـەئەودێیەی د یکەڕابۆخۆی هاتوەباڵەکۆڵت بنـەوە؟ مـام ڕێوی فریوێ کەڵەشێری خوارد دەگەڵ زاری لێ‌کردەوە حالیان‌کـات کەڵـەباب هـەڵفڕی و هەڵات دەگەڵ باڵـەفڕەی کەڵـەبابی، ڕێوی کەوت و سـەگەل گرتیـان وکـەولێان لەحاجـەت ئیخست ،

کەڵەباب هەم خۆی نەجات داوهەم تۆڵەی ئیدەد یکانەشی لەڕێویەکردنەوە .

(شێعری) ڕێوی و کەڵـەشێر

ڕێوێـك جـارێکی بـە دێیـەکدا هـات	کەڵـــەشێرێکی قەپدایـــە و هـــەڵات
سەگەل کەوتەدووی مام ڕیوێان ڕەتـاند	زۆر بـــە چـــالاکی، نێوچـــیری ڕفـــاند
کەڵـەشێر گوتـی ئەگـەر حـەز دەکـەی	لەچەنگ گەماڵگەل خـۆت خـەلاس بکـەی
بانگیان‌کـە و بڵـێ ئـــەو کەڵـــەشێرە	ڕەفیقـــی خۆمـــە و بـــەیاری فـــێرە
لـەو دێـیێ دیکـەڕا، بۆخـۆی بـوڵام هـات	هی دێی ئێوە نیـە، بەسکـەن شاتەشـات
تـەنگاویان کردبـــوو سـەگەل و تـاجی	زاری کـــــردەوەو بـــــە نـــــاعیلاجی
هـەتا حاڵیـان کـات، چییـــە کارەسـات	کەڵـەشێرە سـور، تێـی توڕانـد، هـەڵات
لـــەگەڵ فڕیـــن و باڵـــەپژە و قـــڕی	ڕێویشـــیان گلانـــد، فرزەیـــان بـــڕی
بۆ جـارێکیش بـێ، ئەسـتاندی تۆڵـە	خۆشی ڕزگار کرد، لـە دەسـت ئـەو زۆڵـە

❊ ❊ ❊

بانگەێشتنی لەگلەگ و ڕێوی

ڕۆژێکی ڕێوی خۆی پیاوی چاك دەکاودەچێ ولەگلەگی بانگێشتن دەکا،لەسەر هەمو خواردەمەنی دونیایە، پەلوی بوڵێ دەنێ چونکەدەیزانی بەدندۆکێ هەڵناگیرێ ودێنی بۆی لەسەر بەرد یکی پانیش ڕۆدەکا، دەڵێ دەی حاجی فەرموو دەی! بخۆ. ڕێوی بە زبانی دەیلێستەوە، هەتا خەلاسی کرد، لەگلەگی فەقیریش دوجاری دندوك پێدادا وەختابو دندوکیشی بشکێ وهیچی پێ نەخورا؟

ئەوجارلەگلەگ فکری کردەوەچەبۆڕێوی لێنێ چۆنی تۆڵەلێ بکاتەوەڕێوی بانگ کردوئەویش دانوی بوڵێنا، دە نێو کولەکیکی مل درێژی کرد، لەگلەگ بەدندووکان دەنك دەنك دانوی دەردەهێنان ودەیگوت فەرمو دەی مام ڕێوی،خۆشێوێکی زۆر زەریفە ئەوەبۆ ئیشتیات نیە ئەبەئەوجورەی لەگ لەگ تولەی لە مام ڕێوی کردەوە، نەیەێشت دەنکێکی بخواوبەبرسیایەتی بەڕێی کردەوە.

بانگەێشتنی لەگلەگ و ڕێوی

(شێعرەکەی)

لەگلەگی، بانگ کرد، ڕۆژێکی ڕێوی	نیوڕۆژی سازکرد لە چۆل و کێوی
پەلوی بوڵێنا هیند بە دەست و برد	لەسەر، بەردێکی، زۆر پانی ڕۆکرد
حاجی وەرە پێش، فەرمو بسم‌الله	وادەبێ، غەزا ئەشەدو باللە
تایبەت میوانیە، ئەو شێوی وا خۆش	هیوادارم تۆش نەمکەی فەراموش
هەموی لستەوە، تا بلێی یەك و دوو	لەگلەگیش لەوێ تیێ وەڕامابوو
نۆرەی حاجی هات بانگی بکا ڕێوی	تا بەڕبە و گەزی کوێخا ی بپێوی

دانـــوی بۆلێنـــا، زۆر بـــەتام و چێـــژ کردیـــە نێـــو کدوێکـــی زلی ملدرێـــژ
دەریدەهینـــان بـــە دنـــدوك دانـــوو مـــام ڕێوییـــش لـــە لای، هەلتروشـــکابوو
نـــەیتوانی دەنکێـــك باویتـــە زاری ســـەری بـــەرداوە بـــە شـــەرمەزاری
تۆڵـــەی کـــردەوە لـەگـلـــەگ لـــە ڕێـــوی نەیەێشت چێژیٚ بکا، لـە نـان و شـێوی

❊ ❊ ❊

ڕێوی کوێستان خوور شینەی گەرمێنی

پاش ئەولائەلاوگەڕانێکی زۆر.ڕێوێکی گەرمێنیٚ وڕێوێکی‌کویٚستانیٚ توشی یەك بـون و بونەڕەفیق.ڕێوی کوێستانی بە ڕێوی گەرمێنی گوت، لەمێژەگەڕیدەی پێم بلێ بـزا نم چەند فێڵان دەزانی؟ گوتی هەزار فێلیش زیاتردەزانم ،ئەدی ئەتۆچـەند فێـلان دەزانـی؟ ڕێوی کوێستانیٚ گوتی ئـەمن هەرنـەخۆش بومـە چـم لەبیرنەماوەتـەنیافێلێکی پوچەلـە دەزانم. وەڕێ کەوتن بەزیك دیاربو، ڕێوی گەرمێنی غاریدایە، ڕێـوی کوێستانی گوتـی کوڕەنەیکـەی ئەوەتەڵـەیە بـەخۆڕای لێرەدانـەندرا وەنەکـەی،ڕێـوی گـەرمێنی گوتـی کوڕەنەیخۆم دلمدەتوقیٚ، هەرهات وچولـەناکاو تەڵە ترازا و ڕێوی پێوەبو، دەستی کرد بـە هـاوار هـاواریٚ، هـەرای ڕێـوی کوێسـتانییٚ دەکـرد:کـوڕە چـارە یـەکم بکـە ڕێـوی کوێستانیٚ. گوتی ئاخر پێم نەگوتی تەڵـەیە، بۆ خۆت دەویٚ هاویشت. ڕێـوی گـەرمێنیٚ : تـازە کـارە هـاتووە.ڕێـوی کوێسـتانیٚ:ئـەی ئەتونـەت دەگـوت هـەزار فێڵـیش دەزانم ئێکێکی دەکارکەوخۆت نەجات دە وبائەمەش ئەوفێڵەی تۆفێربین،ڕێوی گەرمێنیٚ:ئەمن فێڵـەکانم هەمودەکیسـولکێکی کردبـون لـەبن کلکـم هەلاوەسـیبوون،بەتەقـەی تەڵـەی،هەموپـەرت وبلاوبـون زۆریشم لیٚ‌ڕوانـین هیچـم نەدیتنـەوە.ڕێـوی کوێسـتانیٚ : وەڵلاٚ ئەمنیش وەکی پێم گوتی هەرفیلێکی پوچەڵە دەزانم،ئەویش ئەوەیە:ئـەتۆخۆت لەمردن دە،ڕا وچی ئەگـەرهات،لەتەڵـەت دەکاتـەوەودەلیٚ حەیفـەمنداربوە،ئەمنیشـمن ئەوەلەهۆوەی خۆدەمرێنم چاوی بەمن دەکەویٚ ودەلیٚ ئەوەدەبیٚ دەرمانیان خـوارد بیٚ

چیە ؟دەگەڵ بۆلای من هات نابێ بم گاتێ ئەمن هەڵدێم،دەگەڵ ئاوڕی بۆ لای تۆدا وەئەتۆش تەڕدەستێکی هەڵێ ؟بەڵێ ڕێوی گەرمێنێ خۆی مراندوڕێوی کوێستانیش لەدوری تەڵەی خۆی مراند،ڕاوچی هات لەدورچاوی پێی کەوت وگوتی لەدایەمنت کەوی گەیشتەسەری وچاوی پێ کەوت وگوتی حەیف منداربوەوادیارەتازەش منداربوە لەتەڵەی کردەوەوهەستاپێ وڕوانی چاوی بەڕێویکەی دیکەکەوت بۆلای چووگوتی ئەوەدەبێ دەرمانێن خواردبی ڕاوچی چوبۆلای ڕێوێە،ئەی گەیشتێ ڕێوی هەڵات ئاوڕی دا وەوڕێوی کن تەلش نەمابو وەکی دایان‌نابو ئاوا ڕێوی نەجاتیان بوو، وڕاوچیش دم لەپوش هاتەدەرێ ؟،

(شێعری) ڕێوی کوێستان خۆر، شینەی گەرمێنی

لە چرو دوڵێ یەکتریان بینی ڕێوی کوێستانی و شینەی گەرمێنی
لیێپرسی لالۆ، چەند لەو فێلانە فەریامان کەوێ ڕۆژی تەنگانە
ڕێویە شین دەڵێ قەزات لە گیانم لە هەزار فێڵیش، زیاتر دەزانم
تۆش وەکو منی، یا بگرە زیاتر ئەوەش دەزانم، تا پتر، چاتر
دەی بۆم بەیانکە، با دڵنیابم بۆ نێچیر گرتن با زووتر ڕابم
:ئەوەی دەیزانم، فێڵێکی چووکە لەنێو فێلاندا، چرووك و پووکە
:ڕەگەڵم کەوە هەستە با بڕوێن برسیمە و شتێك پەیداکەین و بخۆین
هەر وەڕێکەوتن لە قەراغ ڕەزێك بە جوانی دیاربون دو گۆشت و بەزێك
ڕێویە شین بەغار، هەڵیکوتایە سەر هاتبوو بیگاتێ،پەنجەی دایەبەر
:نەکەی تەڵەیە، ئاخر برای خۆم دەیگوت خۆ دڵم دەتوقێ نەیخۆم
دەهات و دەچو، گەڕا دەوروبەر تەڵە ترازا و لاقی کەوتەبەر
بە هاوار دەیگوت هۆی برای گیانم بە قسەم نەکردی، زۆر پەشیمانم
چارەیەك بکە و بگەرە فریام لە بیرو هۆش و فەننت، دڵنیام

:ئەتۆبوی دەتگوت، زیاتر لە هەزار
فێڵان دەزانم بە سیا و بە ئەژمار

لەو هەزار فێڵە، یەکێان دەکارکە
دەرسێك بۆمە بێ و خۆشت ڕەزگارکە

گشت فێڵەکانم ناو کیسێك نابون
وا لە ژێر کلکم، هەڵاوەسرابون

بە تەقەقەی تەڵە پەرت و بڵاوبوون
وردیش لێم ڕوانین هیچیان نەمابوون

:خۆت لە مردن دە، هیچ خۆ مەبزێوە
هەتا ڕاوچی دێ، منیش بەو پێوە

لاقت دەردێنی لە تەڵە، یەقین
حەیفە منداربووە،دەڵێ ڕێویەشین

دەڕوانێ دەورەو ویستی بۆ لام بێ
دەبێ ئەوانە دەرمانیان خواردبێ

نابێ بمگاتێ تێیدەتورێنم
هەر من هەڵاتم تۆ بکەوە شوێنم

وە کی داینابوو گەڕا کارەسات
ڕێوی هەڵاتن، فێڵیان بەکارهات

ڕاوچیش دم لە پوش چی نەکەوتەداو
فریوی ڕ ێوی خواردئاقڵ ناتەواو

توتك و سەوو تاژی

دەڵێن ساڵێکی گورگێك ڕێگای کەوتەقەراغ د ییەکی دەڕۆیی، سەی دەوڵـەمەندی، تاژی ئاغای و توتکی فەقیری ڕیی‌کەوتن، برێکیـان لـەبەرهەلات، دوایـە کوتـی با بزانم، ئەوانە چکارەن ڕەمن‌دەکەون؟ گورگ لـەبەریان ڕاوەستاوەو، ئەوانیش هەرسێ لەدەورەی گورگی ڕا وەسـتان. ڕوی دە سـەیەکەی کـردو گوتـی سـەرزەلامی پێچـك ئاشـەوان، ئـەتو چکارەی؟ ولآمی دا وە:ئەمن سەی دەوڵـەمەندیم.

گورگ گوتی بەڵێ هەقتەئەگەر ئەتو گورگـی نـەخنکێنی، سـاحێبت نـانت ناداتێ.؟

دوایە ڕوی دەتاژێ کرد گوتی لینگ درێژی کلك باریك ئەتو چکارەی؟

تاژی ولآمی داوە، ئەمن تاژی ئاغام.بەڵێ ئەتۆش حەقتە. چونکە سوکەپێی، هەرچی دیتت دەبێ مەیدانێکی ڕێی‌کەوی.

ڕوی دە توتکی فەقیری کرد، لیی‌پرسی ئەدی خرپنە ئەتۆ چی؟

بە دەنگێکی نوسـاوو فەقیرانـە ولآمـی داوە کـە بـە زەحمـەت گوێـی لێ‌دەبـو :من توتکـی داپـێرەم. بی‌کـەس و فـەقیرین. گـورگ بـە لـەسەرەخۆیێ گوتـی ئـاخر چـت پێ‌بڵێم، سەی دەوڵـەمەندی نی، گورگـی بخنکێنی، تـاژی ئاغـاش نـی، بلـەی سوکەپێم هەرچی دیتت مەێدانێکی ڕێ‌کەوی.

:توتکی فەقیری، چەپوکێکت پێ‌دادەم هەردو چاوانت ڕۆڕژێنم.

(شێعری) **توتك و سەوو تاژی**

لە قـەراغ دییـەك، گورکێـك ڕادەبـرد	توتـك و سـەو تـاژی هێرشـیان بۆبـرد
لـەبەریان هـەلآت تـاوێکی بـەغار	دوایـە گـەڕاوە لیی‌کـردن پرسـیار
ئێـوە دەزانـن ئـاخر ئـەمن کێـم؟	چۆنـو وێـراوە وا بێنـە سـەر ڕێـم؟!
ڕوی دە گـەماڵ کـرد : زلی ناهـەموار	چکـارەی دەگـری ڕێگـا لـە ڕێبـوار

کارم مەعلوومە من پاسەوانم لای دەولەمەند یە جێگەو مەکانم

بەڵێ تۆ دەبێ گورگ خنکێن بی سەی دەولەمەندی بە بڕو بێن بی

کلك و لینگ باریك هوی دمدرێژە ئەتو چی دادەی وەرە پێم بێژە

من تاژی ئاغام چوارپەلم سوورە پێم‌ئەسپێراوە تا ئەو سنورە

هەرچی بی‌بینم تاوێ ڕێی‌کەوم جێم لە وەتاغە، دوایە وەرکەوم

ئەشهەدوبیللا دەبی ئاوا بکەی تاسەولەی کەمێ تریش پەیدابکەی

شانازی دەکەم ئا ئە بەوکارەی کوڵکنەی خرپن ئەتو چکارەی؟

توتکی داپیرەم بێ هیوا و بێ‌کەس لەو خوایە بەدەر نیمە فەریادڕەس

گورگەشین هێدی ڕوبتی کردئەوجار جوانی حاڵی بکاوهەلێت جابەغار

سەی دەولەمەندنی گورکی بخنکێنی یا هەموشتێکی وەدەست خۆت بێنی

تاژی ئاغاش نی، بلەی سوکەپێم تا هەرچی دیتم، بە دوای‌دا هەلێم

توتکی فەقیری، بێ‌کەس و بێ‌دەر بە دو وچەپۆکان چاوت بێنمەدەر

***

بار گینی نەخۆش

دەڵێن کابرایەك بارگینێکی نەخۆشی فرۆشت جڵەوی وە دەست کڕیاری داو پیی‌گوت براگیان، بە خوای چرای خۆم کوژاندەوەو چرای تۆم هەڵکرد.

کابرا زۆربە کەیف‌خۆشی، بارگینی بردەوە ماڵێ وای زانی شتێکی چاکی وەدەست کەوتوە. شەوێ وەختی نوستنێ بارگین دەستی کرد بە کۆخینێ. کابرا هەر لاقێکی لە ژوری بوو لاقی دیشی لە تەویلەی بوو. ناچار هێنای لە تەویلەی لە بن سەری بارگینی چرای بۆ هەڵکردو هەتا ڕۆژ بارگین هەر کۆخی و چراش ئاییسا.

کابرای فەقیر لەسەرەخۆ گوتی کوڕە ئەوە بۆیە کابرای فێڵەزان گوتی چرای تۆم هەڵ کردو چرای خۆم کوژا ندەوە،

ئەوەبە چرای بن‌سەری بارگینی دەگوت.

(شێعرەکەی)

پیاوێکی بێ فێڵ ئەسپێکی کڕی
پوڵەکەی دایە، قیمەتیان بڕی

کابرای فرۆ شیاردەیگوت بە تا نە
ئەگەر پێم دەکەی بەقا وموتمانە

ئەمن چرا کەی خۆم کو ژ اندەوە
چراو ڕ ونا کی تۆم گە شاندەوە

برد یۆ ە ما ڵێ لەو وەختە ی شەوێ
ئالیکی بۆ برد پێش کاتی خەوێ

دیتی دە کۆخێ بارگین نا سازە
خۆ هیچ ناخوات وزۆریش بێ وازە

هەر ها تەژورووچۆوەتەو یلە
ناچار دا گیر ساند چرا و فتیلە

چرا ئا یسا تا ڕۆ ژ هاتە دەر
بۆرەشن کۆخی ئەوشەوەی یەکسەر

کابراش بەبێ خەو هەروا هات وچو
بەورتەدەیگوت هیلاك وماندو

فێڵاو ی ئە گە ر وای بە من دە گوت
بەچرای بن سەری بارگینی دەگوت

چارویێ دار

(شێعر) لە فارسیەوە

ڕۆییشت بۆ سەفەرکابرای چارویدار
دە کەری پێبون بیانخاتە ژێر بار

سواربوو لە یەکێ ڕەتاندنی بەغار
لێیان خوردبوّوە، نۆ هاتنە ئەژمار

دابەزی، کەوتە ناخۆشی و عەزاب
ئەژماردنی ئەوجار دەهاتنە حیساب

سواربوکەڕویشت کەوتە هەم هەمە
کەری ئەژماردن، خۆ یەکیان کەمە

دابەزی ودیتنی، دە کەر بون تەواو
شلبوّوەو.وەکو بەنێکی زۆر خاو

سوار نەبوو گوتی ئەوەی ناهێنی
بە سواربوونی من کەرێك نەمێنی

لێ کۆڵینەوە و پێشنیارێك لەسەر پەندی پێشینیان)

ئامۆژگاری ڕێنوێنی پێشینیان ئەگەربەمەتەڵ گوترا وەو.بونەتە ئەوپەندانەکەئاواپڕ ماناووشیرن وخۆشن ئەگەرهەرئاوا.بەساکاری،تیێان دەفکری ،لەزۆرجێگایان بێ ئەدەبی وناحەزی تێدادەبیندرێ ،وەکوپەندی پێشینیانەجوانەکانی خوالێ خۆش بوی مام وەستا مەلاغەفوری دەبباغی(ناحەزوجوان):ئەممائەگەر لێی ورد بێ وەوماناکەی بدۆزیەوە دەزاندرێ ئەگەر بێ ئەدەبی تێدانیە هیچ ،دڵی پیاویش زۆربەجوانی پارا ودەکا وتێی دەگەیەنێ، بەڕونیش دیارەهەروالەخۆڕا نەبونەتەئەوپەندانە پیاوی زۆربەئازمون ئەوپیاوەبەغیرەتانەی سەرماوگەرمای زەمانەیان دیوەودیلی وکۆیلەتی بێ بەشی وجیاوازی ڕەگەزایەتیان بەسەرهاتوە ئەگەرنەیان وێرا وە ڕا ستەوخۆقسەکەبکەن ئاواکردویانەتەئەومەتەلانە.

وزۆرشتیشیان ڕاگەیاندوەجاری واش هەبوەبۆئیسباتی کارەکەی لەتویلکیان هیناونەتە دەرێ وکاکلەکەیان بۆلەسەربەی دەستی داناون.

کەوا بودیارەئەو ڕێنوێنیانەزۆریان هەورا زونەشیودیوەبەجێ ماون لەبیرچونەتەوە بەزارا وێکی دی ولەشوینێکی دی سەری هەڵدا وەتەوە،زۆری زەحمەت پێوەکێشراوە هەتاهاتوتەوە جێگای خۆی .،

ناکرێ بڵەین ئەوە بەساڵێك ودوان ئەوهەموپەندەپێك هاتوەو ئیستاش ئەوەخەڵکەکەمان بەشانازیوەکەڵکی لێی وەردەگرن ئەوەبەمروری زەمان لەکەڵ مێژوی دورودرێژی پڕ لەگەندوکۆسپی نەتەوەکەمان لەشوینە جوربەجورەکانی ولات واهەبوەلەجیران وتەنانەت لەبێگانەش وەرگیراوەتەووەرگێڕدراوەتەوەسەرزمانی ڕەسەنی کوردی.

.دەکرێ بڵەین بەدەیان ساڵ پەندێك وياچەندپەندێك پێك هاتوەوگوترا وەو وگوتراوەتەوە هەتابونەتەئەوپەندانەی کەئێستا دەیبینین.

دەبێ هەموشمان ئەوەی بسەلمێنین وبەباشی بیزانین ئەگەرهیچ پەندێك بەبێ هۆ پێك نەهاتوەوهەرپەندێکی هاتوتەسەرزمانان وخەڵکەکەمان دەیلێن ڕۆدا وێکی بەخۆوەدیوەو

بەهوی ڕودا وێك كارێكی كراوئەوپەندەپێك هاتوەو . دا ندرا وە.

جائەگەرئەمەبێن قەیاتەكانی ڕوداوی ئەوپەندانەبنوسین وبیانخوێنینەوەبەزۆرانیان ئەلەئەو پەندانەئـەوەندەپێ دەكـەنین لەخۆدەبینەوەبەسەرسـوڕمانەوەلەهێدێكانیش دەڕوانـین ودەڵێین؟؟چۆن ئەوپەندەلەبەرئەوكارەی ئەوشتەی ئەوقسەی داندرا وە؟؟

لەڕابردودا زۆرلەزاناوشاعیرەكوردەكان بۆكۆكردنەوەی پـەندی پێشـینیان هـەوڵیان داوە و نـەیان هێشتوەببنەدەستەچیلەی ئـاگر یـان لەنێوكەلێنـەدیوارەگڵێكان وكۆنەچاڵەگـەنم وجۆیەكان دابڕزن ولەناوبچن و ،خوا هـەڵی نـاگرێ لەئـەوبوارەدا زۆریـش سـەركەوتوبونەو كارەكانیشـیان ئـەوەندەی بڵەبـەرچاوە،جائەگەرنوسـەرخۆی بـەخاوەن؟بەدانـەری ڕاستەقینەی ئەوپەندانەنـەزانێ خۆینـەرڕێزیان لێ دگـرن ودەبەرابـەریانداكرنۆش دەكـەن بۆپاراستنی بیروهۆشی پێشینیان كەئەوڕۆوەكوخەزێنەیەیكی زانستی وایەبۆنەتەوەكەمان،

لێرەدابەپێ ویستی دەزانم لەهەموهۆگرانی فۆلكلۆروڕوناكبیرانی بەڕێزداوابكـەم هەرقـەیات وبەسـەرهاتێك كەدەبێتـەهۆی پێـك هـاتنی هەرپـەندێكی جاچەقـەیات بـێ ولۆلـۆولێ لێ بنێشتەخۆشـكە یاهـەرچی بـێ وەكوئەوسـێ قەیاتـەی ئەوەلـەئاخری ئەوكتێبـەی دانوسیومەتەوەبەخەتێكی جوان بـۆم بنوسنەوەوبەئەوناوونیشـانەی بـۆم بنـێرن دەپێش هەموشتێك داسوپاس بێ سنورخۆم بەئیوەی زاناڕادەگەیـەنم خـوا یـاربی هەموپـەندەكان كۆدەكەمەوەودەنوسرا وێكی جیاوا زدا پێش كێش بەخۆینەرانی خۆشەویستی دەكەم .

ڕەنگ بێ بتوانم زۆرلەئەوباس وقەیاتانەلەكتێبەفارسـیەكانیش بدۆزمەوەبـەلاٚم خۆشـێكەی ئەوەیە.لەزاری،بێژەری،ڕابنوسرێتەوە؟!

❊ ❊ ❊❊ ❊ ❊ئەوەش سێ قەیاتەكان ❊ ❊ ❊❊ ❊ ❊

١- ئاردی خۆڕا سانێ ❋ ❋ ❋ترێ پور ئامانێ

پێتـــان وانـــەبێ هەرلـــەنێوەخۆماندا ئەوجورەمەتـــــەلێ وقسەنەســـــتەقانەهەبونە٠،
وادەگێڕنـــەوەزۆرپێش ئەوڕۆ٠کەئەوســـەردەمەی خۆراسـان شـارۆچکێك زیاترنـەبوە لـە
ئەوخۆراسانەی ژنێکی فێڵەزان وپیاوێکی گێل ونەزانی لێ ژیاون ٠

ئەوژنەنانـەگولێ گولێـەکانی دەدابـەخزم وکـەس وکارەکـەی خـۆی و٠٠ یاهەرکەسـێك
وکەپەکەکەشی دەکردەکوللیرەومولێرەودەرخواردی گێلەی مێردی دەدا
ئاخرەکەی گێلـە،لەکەپـەك خواردنـێ جارزدەبی چونکەزۆرلەژنەکەشـی دەترسا.ڕۆژێکـی
زۆربەپارێزەوەلەژنەکـەی دەپرسـی ودەڵـێ ئـەرێ خـانم ئەونانـەی مەبۆهەرکەپەکـە،
وادەردەکـەوێ وەکـی لای مـە.لـەمالآن و.هـەرژنانیش نانیـان کـردوە،وەك ئـەوڕۆ نـانی
نانەوەخانەی نەبوە.

ژنەش:بۆنازنی ❋ ❋ ❋ کابراگێلە: نابەخوای

ژنـە :ئەوەخوشکەسـەڵیتەکەت لەسـەرا وانـێ دەتـرێ ئاردەکـەی مـەلێرەبادەیباو
وکەپەکەکەش دەمێنێ تـەوە گێلەئەوقسـەی زۆرپـێ نـاخۆش دەبـی ودەباڵـە خۆێدادەڵـێ
خۆادەزانی دەبی بچم دەردێکی بەسەربێنم هەرخوابیزانی چۆنە٠،
بـەڵێ زۆری نەکێشـا.ڕۆژێکـی گێلەبـەرەوجیێ ماڵەخوشـکی کەوتـەڕێ وگەیشـتەجێ
وچولەماڵەجیرانێکی خوشکی وەژورکەوت؟

ژنـی جیرانی کـابرای دەناسـی ودەچـی بەخوشـکامانی دەڵـێ کـاکت ئەوەلەماڵەمەیـە
خوشکامان پیی ناخۆش دەبی وخێرایەکی دەچی بـۆلای وکـاکی ئەگـەرچی کـاکی ڕوێکـی
وای نـاداتی ولـوت ولێوێکـی زۆرگرژوناخۆشـی دەبـی هـەرجورێکی بـو،خوشـکامان کـاکی
بەخێرهاتن دەکا٠،ودوایەدەڵێ هەرچەندی ئێرەوەکوماڵەبابی خۆمەبەلآم پیاوماڵەخوشـکی
خۆی لەجێگایەکی بێ چۆن دەچێتەماڵی دەدیکانەهەستەبابچینەوەماڵەخۆمان کاکەگیان٠

گێلەدەڵێ جاچۆن ئەمن دێمەماڵەبێ شەرمی وەکوتوئەوەچەندساڵە کەپەکم دەرخۆارد دەدەی،خوشکامان ڕاچەنی:ئەیەڕۆخوایەتۆبەکاکەگیان خوانەکایاخواجاچون ئەمن کەپەکی دەرخواردی تۆدەدەم، ؟٠

گێلە:جاچۆنی بۆچیەئەتۆلێرەدەترِی ئاردەکەی مەبادەیباوکەپەکیش دەمێنێتەوە خوشکامانیش حیللەوحەواڵەی زانیون وزودەزانێ ئەوەکاری ژنەکەیەتی ودەڵێ باشەئەتۆوەرەوەبابچینەوەماڵەخۆمان جائەمنیش لەئەوڕۆڕاتۆبەی دەکەم ناترِم ٠ بەڵێ هەرجورێکی بوخوشکامان کاکی بردەوەماڵەخۆیان گوتی کاکەگیان دەزانم زۆرت برسیەجارێ باهێکەورۆنێکت بۆسازکەم، گێلەش دەڵێ ئەرێ وەلا ئەوەلەبرسان دەمرم٠ بەڵێ خوشکامان ڕۆنی دەتاوەی دەکاو دەبا.لەسەرکولانەی وەسەری دەنێ ولەئاورگی بن کولانەی ژورێ ڕا،دەپێشدائەوکولانەوئاورگەزۆربون ،بۆدوکەڵ کێشانێ ئاوری وەبەردەدا. زۆری پێوەدەخورێ خۆهەرتینیشی بۆناچێ وئاخرەکەی گێلەزگی وەقورِەقورِەکەوێ لەبرسان وەجواب دێ ودەڵێ دیارەکارەکەی دیکەشت وا یە دەناهێلکەورۆن لەسەرکولانەی وئاور.دەئاورگی ژۆرێدا ئەوهێکەورۆنەچۆن دەبێتێ وکەنکی دەخۆرێ٠

خوشکامانیش هەربۆ ئەوقسەوبەڵگەی ئەوگەلاڵی دارِشتبو،زوێکی دەیقۆزیتەوەو دەڵێ جاکاکە.ئەگەر ئەلەوەندەی ڕا ئاور نەگاتەئەوکولانەی چۆن ترِلەسەراوانێ ڕادەگاتە شارەکەی تۆو لەنێو متبەقەکەش ئاوا ئاردی بەبا دەکات٠٠

٢- ❊ ❊ ❊ پادارن بگرن بێ پا ئی خۆنە❊ ❊ ❊

هەرلەنێوئەوکوردەواریەی خۆماندا تایفەیەك هەبون وئیستاش هەرهەنە ئەوزەمانی خەلك بەگشتی کەمێك لەشارستانییەت دوربونە ئەوتایفە هەرکارێکی کردبایان هەرچەوت وبەراوەژو دەهاتەدەرێ و ڕودا وی زۆرسەیریان بەسەردەهات خەلکەکەباوەڕیان پیێ نەدەکردن وەدیانگوت ئینسان هێندەنەزان نابی و وانیە.

جاهێنایان بۆتاقی کردنەوەی چەندکەسیان بەگەورەکەیانەوەلەدیوانی میری یالەدیوانی یەکیك لەمەزنەکان بانگ هێشتن کردن دابی کوردەوارێ وابو،پاش نان خۆاردنێ بەتایبەتی لەشەوەکانی دورودرێژی پایزوجستانێ دا،شەوچەرەیان دادەناشەوچەرەش دەئەو زەمانی دا لەنێوەمە.مێوژوگوێز.مێوژولەتکە.هەنار.برێشکە.تۆوی سوێرو.ئەوجورەشتانەدادەندران بلاّم ئەوشەوەی بەتایبەتی بۆئەومیوانەبەڕێزوخۆشەویستانەهێندێکیان قالۆچەڕەشکەبۆ گرتبون ودەگەلّ مێوژەڕەشان بۆیان لێك دابون دەقاپێکی دا لەنکەرێکیان بۆلەسەردانابون ودیارەبوبۆهەمومەجلیسێ لەنگەری لەسەر قاپەمێوژوگوێزەکان دا ندرابو؟

ئەوخلکەی ئەگەرلەمەجلیسەکەێ دابون لەنگەریان لەسەرمێوژوگوێزان وەلابردوودەستیان کردبەخۆاردنێ و،میوانەکانیش وەکوئەوخەلکەی دەگەلّ لەنگەریان لەسەرقاپەکەی وەلابرد قالۆچەکەوتنەجولەجولّ وهەلاّتنێ گەورەکەیان ئەگەر ئاوای دی دەڕەفیقەکانی ڕاخوڕی وگوتی لەبابی منوکەوێ پادارن بگرن بێ پائی خۆمانن..

تێ بینی؟!قەولێکی دیکەش هەیەودەلّێن؟میری کۆرەی ڕەواندزێ،زۆربەتوڕەیی دەنێرێتە سەرئەوتایفەی چونکەزۆرلەمێژبۆەزەکات، یان خەرج وباجیان،نەناردوەوئەوتایفەش چەند کەسێکیان هەلّبژاردونەوناردویانەبۆخزمەت میری ومیریش حالّی دەکەن کەئەوتایفەبڕوکێك کەترەخەمن؟جادەلّێن لەوێبوە،ئەگەرقالۆچەومێوژەڕەشەیان بۆلێك داون وگەورەکەیان گوتویەتی پاداران بگرن بێ پائی خۆمانن ؟

وەختێکی میرلەدیوانێ ئاوایان دەبینێ لێ یان خۆش دەبێ ودەلّێ ئەوتایفەلەبەزۆرزانیە

لاساریان نەکردوەوبەڵکو،هەرئەوەندەلەدونیایەحاڵینە ؟

٣- *** عوزرلەقەباعەتێ خەراپتر ***

پیاوێکی ساحیب ماڵ وديووديوەخان کارداریکێ بۆکارەکانی ماڵێ دیووەخان وشاروبازاڕ هەروەهاخزمەتی میوان و وردەکارەکانی دیکەی ماڵێ دەگری ؟

ماوەیەك ئەونۆکەرەلەئەوماڵەی دەمێنێتەوەوهەموجێگایەکی بەڵەد.دەبێ وبەڕاشکاوی دەرو وژورا ن دەکاوئاغاش لەخزمەتەکەی زۆر ڕا زی دەبی کەبەڵێ کاردارێکی زۆر باشم وەدەست کەوتوە وخەمی ماڵ ومیوانانم نیەوئاسودەم ٠

بەڵێ ڕۆژێکی پاش بەڕێ کردنی هێندێك لەمیوانەکان ئاغای ساحیب ماڵ دەپێشداوکاردار لەدوی ئاغای دەرۆیشتنەوە بۆباڵەخانەی لەپێلیکانان وەسەردەکەوتن کاردارەکە دەستێکی لەسمتی ئا غای دەدا ؟!ئاغاش زۆر بەتوڕەیی لیی دەگەڕێتەوەوخەریك دەبی ئانگژای نۆکەرەکەیبێ ودەڵێ ئەوەچیە بۆ وادەکەی هەی٠٠٠

نۆکەرەکەش زۆر هێدی ولەسەرە خۆدەڵێ

ئاغا بم بورە وەمزانی. ئی خانمێیە،،؟؟

***

تەوا وبو بەڕوحم ولوتفی خوای تەبارەك وتەعالا ئەم کتێبەبەنێوی٠

دیاری پیرانشار

((گەشاندنەوەی ئاگری دامرکاوی پێشینیان))

بەڕۆژی جومعەی چوارم مانگی جۆزەردان ساڵی هەزاروسێ سەت وهەشتای هەتاوی بەرابەربەیەکەمی مانگ سەفەرێ سەرەتای ساڵی هەزاروچوارسەدەوبیست ودوی لەپیرانشاری ولەباغەسێ ساڵەکەم جابەتەمای خوای گەورەبابزانین کەنگی بۆن،چاپ دەکرێ یاهەرناکرێ وئاواتی ئەوەشم وەکوئاواتەکان دیکەدەدڵی دابمێنێتەوە ؟

((بانگاوازێك بۆ هەمو خەڵکی کوردستان))

لە هەمو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی کـە هـەرجورە ئاگاداریکیـان لـە سـەر شـەهیدەکانی مەڵبـەندی پیرانشـارو دەوروبـەری، لـە سـەردەمی حکومـەتی شـای گۆڕکـرا ودا کـە شەهید،ویان گوللـەباران کرا ون، هەیانە وەکو:

الـف - ژیاننامـە. ب - وەسـیەت نامـە. ج - وێنـە. د - ناوونیشـانێکی تـەوا و (بیوگرافی) ه - ڕۆژو شوێنی شەهیدبون و یان گوللـەباران کردنیـان،، ولـەکوێ بـەخاکێ ئەسپێردراون،،بـە نـاوو نیشـانی خـوارەوە بۆمبنـێرن ،ولەهەمونەوگەورانـەم دا وادەکـەم بۆلـەبارکردن وداڕشـتنی کتێبێـك وناسـاندنی کـاك مرادشـیرێز و هـەوالانی،بەتـەمام دەداهاتوێکی نیزێکدا،زۆربەڕێك و پێکی وبە تەوا وی بینوسمەوە،لەهەموبارێکەوەهاوکاریم بکەن پێش نیاربۆدانانی نێوێ کی جوانیش بۆکتێبەکەی،سوپاستان دەکەم.

چونکە بەڕاستی زۆر حەیفە ئەولاوە ئازایانە ئەولاوەخوێن گەرمانە ئەو ئینسانە لەخۆ بردوانـە ئەگـەردەڕۆژێك داکـەس نـەیدەوێرا،بەڕاشـکاوێ بەرگەجوانەکـەی خـۆی(بـەرگی کوردی)دەبەرکاوکوردی نوسین تاوانێکی ئاواگەورەبوکەحکومەت بەهیچ جور چاوپۆشی لێ نەدەکرد،گیانی خۆیان لەڕێگای ئازادی ولات وبەربەرەکانی لەگەڵ پیاوە خوێن خۆرەکانی بنەماڵەی پەهلەوی بەخت کرد وە وبەخوێنی گەشیان ولات کوروستانیان ڕنگاندوە هەرئاوا بێ نێوبمیننەوەوکەسیش باسـیان نـەکاوهیچ کـەس هیـچ ئاگـادارێکی لێ یـان نـەبێ وبەیەکجاری لەبیر بچنەوەکەس وکارەکانی خۆشیان تەنانـەت بەگڵکۆکەشـەیان نـەزانن ،، ئەوکەسانەی ئاگادارن وبێدەنگەی لێ دەکەن نابی لەبیریان بچی ئەوانەدەبەرا بەر مێـژودا بەرپرسن.

ناو نیشان ١- پیرانشار- شەقامی ئـازادی ڕۆژئـاوا-کتێـب فرۆشـی مەولـەوی ٢- بگـات بەدەستی محی دیـن بەرشـان(گـوێ ڕەش) ژومـارەی تەلـەفون، ٠٤٤٤٢٢٦٢١٦ وموبـایل ٠٩١٤٤٤٢٧٤٨٩-

فەرهەنگوك

ئەم فەرهەنگۆکەتەنیاتایبەتی ئەم کتێبەیە

ئە لف

ئاڕاستە حازر.ئامادەو.جوان ولێك ولەبار،

ئاخوڕ جێگای تفاق تێ کردنی ئاژەڵیە.

ئارەخچن کڵاو.تەقیلە.

ئاکام نەتیجە.ئاخری کار.

ئاڵی کولێوی بەردەستی ژنێ.

ئالیك خواردەمەنی تایبەتی ئەسپ ئێستروگوێ درێژ..

ئامور باسکێش ودەندەی لێك دەبەسترین بۆجوتی پێیان دەڵێن ئامور.

ئاوەدان ماڵاتێکی لەمیزان خوێ گەورەتربو.دەڵێن ماڵاتێکی ئاوەدانە.

ئاوەڵ گەرمك.جێگای گیاووگوڵ وکانیاوی گەرم.

ئەجینە جندوکە،شتی نادیارئەگەرزۆرکەس بەدیتنی شێت بونە.

ئەرك پێ سپێردراو. وەزیفە.

ئەرخەیان بە خاترجەم بە.

ئەسلا ن نێوی ژنێکی بەدفەڕبوە.

ئەسکوێ کەچکێکی گەورەبولەداری دروست دەکراشێویان لەمەنجەڵێ یالەدیزەی ڕا پێ دەقاپان دەکرد.

ئێغنی گالێشی گەنم وجۆی ودانەوێڵەی.

ئێخترمە ولاخی بەجل وبەڕیا بەزینەوەوکەسی سوارنەبێ

ب

باج عەواریز.

بازرە ڕەوینەوەی ئەسپ وئێسترومالاتی دەدیکانە.

بازو	نێوی گاجوتیە.بازو.بەڵەك.گاشین.پیاڵە.قنجە.
باقە	گەنم وگیاو..ئەگەردەدروێ دەپێشدادەکرێتەباقە.
باویەتی	هەلی وەدەست کەوتوە،فرسەتی وەدەست هێناو.
بایخ	قیمەت. ئەرزش.بەها.
بحایشێنی	بیری لی بکەیەوەبەراوەژو.
بزرکاو	ڕەنگ گۆڕاو.
بزوت	داری سەربەئاور.وبەئینسان زۆرزیرەکیش دەلێن.
بژوێن	بە جێگایەکی دەگوترێ کە لەوەڕو ئاو و هەوای خۆشی هەبێت .
بژیو	ئازوقە.خواردەمەنی.
بوخچە	پەڕۆیەکی خاوێن شتومەکی خاوێنیان تێ دەنان لەجیاتی ساکی.
بۆچەك	سوتانی شتی دەگەڵ ڕۆنی.
بوختان	توهمەت .
بۆز	ڕەش وسپی تێکەڵ.
بوسەی بەنیفاق	ماچ کردنی بەدرۆ.وبۆفریودانێ وفێڵ لێ کردنێ.
بۆشناغ	پیاو یاژنێك خاوێن بێت وبەرگی خاوێن وباش دەبەرکات.
بەتەڵەبە	ماین ئەگەروەکەڵ هات دەلێن بەفاڵ یابەتەڵەبە.
بەدی ناکەم	پێم شك نایە.نایەتەبەرچاوم.
بەدان	بەهاران مەڕ بەیانان و ئێوا ران بۆ دۆشین و تێبەردانێ ئەگەر دیتەوە دەلێن مەڕ بەدان دێتەوە.
بەرپرس	مەسئول.لێ پرسراو.
بەرزەلانە	ئاوەشەم.بن بەرداشی.
بەرهەم	بەروبوو.داهات.

بەرچیغ داری دەوری تاڵێ .داری خوری شوتنێ و··

بەرە پێشوراپان دەخست وبەسەرپێرك وكورسی وتەندوریان دادەدا·

بەرخوارد خواردەمەنی بۆ ئینسانی وتفاق بۆئاژەڵی بەشێکی دیاری دەکەن ودەڵێن بۆبەرخواردێ

بەرو·وبو بەرهەم·داهات·ئازوقە،

بەڵەك ڕەش وسپی پنۆك ·پنۆك.

بەلاداهینان چادروچیغ بەبێ دەنگی ولەناكاو،کۆ دەکرێتەوەووەلا دەچی .

بەلکە مەدرەك·شتێك بۆسبوت کردنێ کارویاشتی دیکە.

بێ شەما نەوعەتوتنێکە وەختێکی لەکوردوستانی زۆردەکرا.

بێشکە لانك .

بێ خەوش پاك وخاوێن·بێ وفێل بێ درۆ.

بێگار کار بەکەسێکی کردن بەزۆری وبەبێ پوڵی··

پ

پارێز بێ هەست وبەبێ دەنگی بۆشتێکی چون ·

پاداران بگـرن بـێ پا،ئی خۆنن مەنزورلەشتێکیە،ئەوەی بەبیروبڕوادەزاندرێ خەریکەلەدەست بچی دەبی دەپێشدا ئەوی وەدەست بێنی

پاڵاوتن شت پاڵاوتن،بەتایبەتی شیردەپێشدادەبی بی پاڵێوی ودوایە بیکوڵێنی(بەهەلاتنی بەدزیش دەڵێن)·

پاڵە ئەوکەسەی گەنم یاجوی دەدروێتەوە·

پردەبازگە چۆم ئاوی تەنك ئەگەر پردی نەبی بەردانی بۆ دادەنێن بۆ پەرینەوەی پێی دەڵێن پردەبازگە·

پرسە سەرەخۆشی.

پروشە جارجارەکرپێوەوبای سارد.

پڕووپاگەندە قسەبڵاوکردنەوە.تەبلیغات.

پلوسك لوساوك

پللار دارهاویشتن بۆدوری ٠

پنج وبناوان یانی هەتا ئاخیری .هەمو شتێك.

پۆپەشمینە لەخوری دروست دەکرا.تەنك لەکاتی نوستنێ دالەبەرمێش ومێشولان بەخۆیان دادەدا٠

پەحا بەعزەژنێك لەبەعزەقسێکی داو،ادەڵێ .

پەری فریشتە.

پەریوە ئاوارەبون ڕۆیشتن بۆجێگای نامەعلوم.

پەروازە لەخەم ڕستن.گەورەبون.

پەرژین وارش٠

پەردو جێگایەك لەنێوماڵێدا بەچیغ وبەرچیغان بۆبوك وزاوایانیان دروست دەکرد .

پەشتەماڵ پارچەپاشتێکی خاوێن٠

پەڵەباقی لەقەدیمەوەزۆرگوتراوەودەبێ کارێکی زۆر.زەحمەت بی لەکشت وکاڵی کابرازۆریش ماندوبێ دەڵێن خۆپەڵەباقیت نەکردوە،

پەلەوەر باڵندە٠باڵدار.

پەڵو خواردەمەنیکە بەئاردی چاك دەکرێ بۆئینسان بێ ددان٠

پیاویژگە بەتابەتی.زیاتر ژن بەمێردی دەڵێ،

پیتۆڵ شت زان،زۆرزان،لەشتی حاڵی بوو

پێز کێش وهێز

پێڵاو کەوش.

پێڕك هەرزاڵ .جێگای نوێنان.

پێشەنگ | دەپێش کاروانی دادەڕوابۆتاقی کردنەوەی ڕێگایە.
پێچك | مەچەکی ئەستور.چێچکی کورسی.

ت

تابڵەمە | تۆڕێکی چوکەیەتێلی بپێوەیەبەئەوتێلەی هەڵیاندەسوڕاندبوڕەژی گەشاندنەوەی وەختێکی سەماوەری ڕەژێ هەبوئەویش زۆربو.
تانوت | زوربوهینان .هەوڵ دان.
تاسا | عەجایب ما.عەبەسا.
تاران | گوناه.
تاوڵە | تەختەنەرد.
تفاق | خواردەمەنی ئاژڵیە.
تۆران | زیزبون.لەناڕەحەتیان.ڕۆیشتن.
تورنەسپ | تورەکەی جوی بۆئەسپ وئێسترو..کە وەسەری هەڵداوەسن.
تۆربە | کیسەبۆشت تێ کردنێ.
تۆڕ | جانوئەسپ یاجانومایین و..کەهێشتاسواری نەبوبن.
تۆوتەرز | نەبەئەجورەی .نەبەباشی.
توتو | بەهیچ جور.
تۆقە | بەدفەر.شلوغ.نائەهل.
تەپاڵە | ڕیخی ماڵاتی کەئیشك دەبی.
تەرز | بەمانای وەکو.هەروها ڕێك ولەباریش،
تەرە | توتن لەتەرەدەدرابگات.شوتی لەتەرەدەدراخەرانەبی
تەعنە | بەسەررۆیشتن
تەقڵەبازی | بەئەسپ وگوێ درێژێ ومنداڵیش بوخۆیان غارغاردێنی دەکەن .

تەڵەب کۀ	داوابکە . لێم بخوازە.
تۀمال	راوچی ئەگەر چوٚ ڕاویٚ و تاژی پیٚ بو کەروێشکی دیتەوە دەڵیٚ تەمالە و تاژی تیٚ بەردەدا .
تۀیار	حازر .ئامادۀ.
تیٚ توراندن	هەلاّتن لە کاتی مناسب و وەختی باشدا.
تێشو	خواردەمەنیٚ تایبەتی شوانیە.
تێك سرماو	ئەستور.قایم.بەجەم.

ج

جارز	ناڕەحەت ووەڕزبون لەشتێکی.
جارڕاهێشتن	خەڵك ئاگادارکردن.
جندوٚکە	شتێکی نادیار.زوٚرکەس بەدیتنی شێت بووە.
جوٚم	خرێکی چوکە لەچاو دوٚلێکی.
جەزرەبە	ناڕەحەتی.
جەلە	مریشك یاولاٌغان بەبەنی یان بەگوریسی لێك قایم کەن وتێکیان خەن، جەلەی پیٚ دەلێن.
جەوال	لەبەنی دروست دەکرا.ئێستا،تەلیس لەجێگای وی کاریٚ دەکا.
جێخون	خەرمان.

چ

چالاك	زیرەك.
چاروێدار	قەتارچی.
چاپ لوس	پیٚ هەلاٌگوتنی بەدرووٚ.
چل تەریدە	چەند کەسێك پێکەوە.یەك گرتودەبون بوٚدزی وریٚ گرتنیٚ.
چەرتەمە	بەسیٚ چوارقامکی دەستان لیٚ دەدریٚ بوٚشادمانیٚ.

چەرمەسەری	کوێرەوەری وناڕەحەتی ·
چەرخ	گۆیا ؟کەرستەیەك بووە.دەزەمانی پێشـودابۆعەزیەت وناڕەحـەت کردنی رعیەتان وشکاندنی لەشیان·
چەقەڵ	وەك رێویەوایەلەگەرمێنیٚ زۆرە·
چەڵتوك	برینج وەختی چاندنیٚ وخەرمان هەڵگرتنیٚ·
چەلەنگ	رێك.لەبار.
چەل ومل	خۆبەستۆدابڕین·
چەمان	خۆاربونەوە·
چێشت	شێو·شۆرباو.
چیرەچپر	بە زۆری خۆتیٚراکردن·
چینە	مریشـك و کەڵـەباب وپەلـەوەر بـە دنـدوك و لاقیـان حـەرزی هەڵدەکۆڵن بۆ وەدەست هێنانی کرم و..
چێژ	تامکردن·
چێشتەنگاویٚ	چێشتانیٚ، پاشی نان وچاخواردنی بەیانان،بەشێك لەرۆژیٚدەڕوا.

ح

حاشاری دا	شاردێوە·ونی کرد.
حافرەت	بەتایبەتی ،مێرد زیاتربەژنیٚدەڵیٚ،
حوجرە	بەدوکانی تایبەتی تاجران وجێگای خوێندنیٚ فەقێیان دەڵێن.
حەریف	ژنێك ئەگەربەغەیری مێردی خـۆی لەگـەڵ کەسێکی دیکەتێکـەڵ بوبیٚ دەڵێن حەریف هەیە.
حەرامزادە	زۆڵ، بیژو·
حەسود	بەخیل·
حەسیر	لەچەگەنی وپەڵەغی دروست دەکرا بۆلەسەردانیشتنیٚ ·

حەوق مان	عەجایب مان .باوەڕ نەکردن بەئەوکارەی·
حەیار	فێڵەزان .جادوباز·
حەیارە	میزان. ئەندازە·
حیندرحوّو	توندڕۆیشتن·بەهەڵپەڕین.
حیلەیەك	فێڵێك.کەڵەکێك.

خ

خاتوزەمهەریر	نێوی سێ ڕۆژ لەڕۆژەسادەکانی ئەوەڵ مانگی ڕەشەمەییە·
خاچ	سەلیب نیشانەی عیسەویانە·
خاسان	ئینسانانی باش ولەخواترس.
خرپن	بەمنداڵ ماڵات چوارپێی قەڵەو دەڵێن·
خمخانە	ڕیسیان بۆمافورەوشتی دیکانەلەوێ ڕنگ دەکردوئێستاش هەرهە یە·
خوتبە	لەنوێژی جومعەی دادەخوێندرێتەوە.
خۆگنخاندن	خۆخافڵاندن·کارێك یاشتێك وەپاش گوێان ئێخستن.
خۆف	ترسان.نیگەران.
خەپلە	زەلام، ناقوڵا·
خەرتەل	داڵاش.
خەرەزەن	لەچەرمی درۆست دەکرێ وجوتێربەدەستی وەدەگری بۆ لێ خورینێ کەڵان.ئێستازۆرکەمە،
خەڕەك	کەرستەیێکی جۆلاّیێە .بەنی پێ لەمەکوکەی دەهاڵێنن.
خەزوبەز	پەلەوەریابەشتی دیش دەڵێن ئەگەرزۆرقەڵەوبێ.

د

داپاچراو	ڕاکێشانی ژن وکچ بەزۆری ·

دادوستەد	مەعامەلە.سەوداکردن.
دارماڵ	پراوپڕ.
دلم مەمرکێنن	مەم کوژێننەوە.لێم گەڕێن کوڵی خۆم بەڕێژم.
دانو	گەنم نۆك یاگوڵەپێغەمبەرەو..کوڵاو.
دای هاتێ	لەناکاو گرتی .
دروێنە	درونی گەنم و جۆودانەوێڵە.
دروژنە	کانیەو.تەنیا بەهاران ئاوی هەیە.
درێشە	کەرەستەییکی پینەچێتێەبۆدرونەوەی کەوش وشتی دیکەش .
درۆشانەوە	شوّق دان .ڕوناکای پەیدا بون.
دڕدۆنگ	لەشتێك ناڕازی بون. ناقایل.
دزێو	ناحەز،نالەبەردلاّن،
دڵەخورپە	نیگەرانی لەشتێکی ترسان.
دم لەپوش	کەسێك شتێکی نەغد،لەدەست خۆی بدا.
دم چەوت	بەبێ ئاقڵی شتێکی ،لێ بستێنن،لەدەستی دەربێنن،
دۆغە	دەوڵەمەندان قەدیم حەیوانیان وەفەقیران دەدان دۆی بخۆن ئێ واش هەبوپایزی بێچوکەشی نەدەویستەوەدەیدا بەکابرای فەقیر.
دۆڵاش	بەدولاّشی داناودەهاتەسەرپەڕی ئاشی ئاوێ و،بەردئاشی دەسوڕاند
دوگە	پاشەڵی مەڕ و بەرانی.
دوزام	گولی.جورەنەخۆشێکی زۆر ناجورە.
دۆدانە	کەولّی مەڕوبرانیان خۆش دەکردودۆیان تێ دەکرد،سێ پەکیان بۆ نیسێ لەسەردروست دەکرد،پڕبولەشوێت قەزوان.
دەزرینگاوە	لەنیوەشەوی کات تێ دەپەڕی.

دەستەوا	چەندکەس دەچونەیاریدەی ماڵێکی بۆکاریَ،ئەوماڵەیەك یەکەدە. چۆنەوەکاریَ ئەوانەی هاتبونەیاریدەیان دەستەوای پیَ دەڵێن.
دەستەبەر	زامن، بەرعۆدەبون .
دەشوباند	پێم وایەدیتومە. دەمناسی.
دەعبا	جانەوەرێك.دەعبایەك.یابەشتێکی نامەعلوم دەگوتریَ.
دەغلَ	ئازوقە.گەنم.قوت.
دەڵەمە	شیرئەگەردەکرێتەپەنیر.دەپێشدا.دەڵەمەیە.
دەمان .زەمان	بەزەمانەت.بەزامن.
دەنە	هان دان.
دەەۆ	تەڵەکەبازی.بەفێلَ.
دیار	وڵات.زێد .جێگای لەدایك بون.
دیاردی	کەروێشك،یائەوەی لەڕاویَ دەگیریَ.
دێراو	خەتی توتن وبێستان وئەوکردارەی بەدێراو دەکرێن.

ر

ڕائەنگاوت	بەندروێك یائەگەربڕێکی لەگلۆلێکی دەکەیەوە.
ڕاشکاوی	بیَ پەردەوپایە،
ڕاموسان	ماچی شیرن.
ڕاوێژ	تەکبیر.بیروفکرلیَ کردنەوە.
ڕاوکە	بەعزەمریشکێك هەیەدەبیَ هێلکەی لەبن دانییَ جاهێلکەی دەکا.پییَ دەڵێن ڕاوە.
ڕبە	پێوانەیەکی٥ درەمی، صاع.
ڕەبەن	سەڵت .بیَ ژن ومالَ .
ڕەپێچەك دان	خڕکردە نە وە ولیَ خورینێکی زۆر بە تاڵوکە .

ڕەتاندن	لێ خوڕینی بەغار ·
ڕخسان	جوربون ·جێبەجێ بون ·هەڵکەوتن.
ڕەز	باغی ترێی.
ڕەژی	سەختەداری نیوەسوتاو.
ڕەسەن	حەسلْ بێ و،بەدەلْ نەبێ.
ڕەستە	ڕزگاربون·
ڕەغبەت	ئیشتیا ،ئارەزو.
ڕەگەز	بنەچەکە·
ڕەند	(لێرەدابەمانای)جوان ·زەریف.زۆرچاك،
ڕەنێو	گەیاندنەحاسلاتێ.وپێگەیاندن،
ڕیخ	پیسایی ئاژڵیە.
ڕێس	بەن وباڵی ڕێسراو.

ز

زاکون	بەسام.بەهەیبەت.و لەبەرچاو.
زروقاوە	وەکەیف هاتەوەوهاتنەوەی سەرحاڵەتی پێشوی·
زریشك	وەکوشیلانی وایەدەخورێ وبەئیشکیش لەسەرپلاوییێ ڕۆدەکەن·
زوڕنا	ئەوەوی چاوەش دەگەڵ دەهۆڵێ لێی دەدەن .
زۆڵ	·بیژو حەرام زادە.
زەردهە لگەڕا و	ڕەنگ و ڕویەکی نەخۆشی·
زەڕ	زەڕدان زەرەر.
زەرنەبو	بەقسەی نەکرد.بەقسەیەوەڕانەوەستا.جوابی نەداوە.
زەفەر	دەرەقەت ،پێوەستان.
زەللە	کاری بێ جێ ونەفسانی کردن .

زەن — مەڕ ئەگە دەستی کرد بە زانی دەڵێن زەنی مەڕی.
زەندەق — لێ ترسانێکی زۆرو،وزۆربە سام.
زەنین — شك لێ بون.شەك لێ کردن.
زەوادم نەبڕیوە — یانی نان یاهیچ شتێکم نەخواردوە.
زیپك — غیرەت.ئازایەتی.

ژ

ژوشك — جولەوەرێکی هەزاردرو.
ژەك — ئەووەڵ شیری پاش زانی ئاژەڵی.
ژیر — زانا عاقل.

س

سامرە — لەچەندناوچان بەنێری دەڵێن سامرە.
سام گرتن — لەشتێکی ترس هێنەر.زورترسان.
سایری ئەوانە — وەکوئەوانە.وەك ئەوعالەمەی ئەوخەلکەی.
سڵەمێوە — ڕەوێوە.لێ گەڕاوە.
سندە — گڵمەت،سندەگڵ،
سوچ — گوناح .خەتا.
سوری عەیار — پیرێژنیکی جاسوسی شای بوە.
سور — پاش گێرەکردن وهەڵاویشتنی گەنم وجوودانەوێڵەکەساغ بۆوە وهەڵیان داوەپێی دەڵێن سور.
سوربکرێتەوە — مەعلوم بێت.
سوروسورداش — خوێری وبێکارەی شای بونە.
سوزە — لەکارێکی سیرڕی لەشتێکی ئاگات لێ نەبی وخەبەرێکت وەدەست کەوی.

سوّنە	نێرەمراوی.
سوێنە	تەشت لەگڵی دروست دەکرائێستانایلۆن لەجێگای وی کاریٚ دەکا
سەخڵەت	هەوای ناخۆشی جستانی.
سەدئۆباڵم	لێرەدایانی (وەباڵ بەستۆم)
سەرکوّنە	لوّمەکردن.بەسەررۆیشتن.
سەردێر	پاش کێڵان وچاندنیٚ زەوی ئاو دەدەن.
سەرە	دەپێش پەیدابونی جەنجەڕوخەرمەنکوبی ولاغیان بەگوریسی لەملی یەکتری دەبەستن وگێرەیان پیٚ دەکردن بوّکڵوش وردکردنیٚ ئەوەی لەسەریٚ باسەرەبو،بەئی بنەوەشیان دەگوت بنە.
سەرقەڵەمانە	ئەوانەی دوعاو ئایەتی قورئانی (بەنشتو)دەنوسن شتێکیادەدەنیٚ بەنێوی سەرقەڵەمانە.
سەری زمانی خوّی گەست	شتێکی وەبیر هاتەوە.لەشتێکی حاڵی بو.
سەوە	سەوەتە تفاقی پیٚ دەبەن بوّئاژەڵی وتەویلە وژوریشیان پیٚ خاوێن دەکردنەوەو،ئێستاخاوێن کردنەوەبەفەرغونیە.
سەکولٚ	سەگی قوڵە.
سەگسار	بەپیرێژنی خوێن تالٚ و.ناشیرن دەڵێن.
سیٚ تا	جورەبەنێکەبوّدروست کردنی جەوالٚ وبەڕەو..بەکاردیٚ.
سیاق	حیساب.
سێلٚ	نانی لەسەردەکەن بوّکولیچەلەسەرکردن وزوّرشتی دیش بەکاردیٚ
سیپە	ڕاوچیان لەقەراغ کانیاوودم چوّمان جێگایەکیان بوّخوّحاشاردانیٚ دروست دەکردوپێیان دەگوت سیپە.

ش

شایی	داوەت .هەڵپەڕکێ.
شاتەشات	هەڵڵا هەڵڵا ی نێرانە.
شپرزە	هالۆز·ناڕێك.
شکوا	پاڕانەوەبۆڵێ خۆش بونێ ،تکاکردن.
شلتە	چەندجورەگیایان پێکــەوەدەکوتان ئەگەرجێگایــەك ئەســتوربا یائێشابا،لێیان دەنا هەتادەربا·
شوقاق	عەشیرەتێکن·
شۆرکە	جیی خۆڵێشوتنێبو زەمانی پێشو·
شەلاڵ	هەموجێگایەکی گرتبێ دەئارەقەیداشەلاڵ بوە·
شەوچەرە	(شەوچەلەش هەیە)میوەیان شتێکی پاش نان وچای دەخۆرێ.
شەیپور	بۆشەڕی وبۆسانی لەشکەری لێ دەدرێ.
شێخ شەرەف	عەشێرەتێکی گەورەن لە مەلبــەندەکانی پیرانشـار، سەردەشـت، سابلاغ ، نەغەدە و ئێراقێ.
شینە	ئەویش هەر بەکەروێشکێ دەڵێن.
شیرەشیر	هەڵلای پیرێژنانە.

ع

عارەبە	وەکـو داشـقەی بـو، کـەلێان دەبـەر دەکـردن دەیـان کێشـا بـۆ کێشانەوەی شتومەك ودەغلێ ودان وتوتن وکەرەستەی ماڵێ·
عەسر	دەور، زەمانە·
عەوق ما	عەجاییب مان، عەبەسان·سەرسام لەئەوکارەی.
عەمدەن	بەئانقەست.بەفکروویستی خۆێ.
عەیان	مەعلوم.ئاشکرا.

غ

غایلە	فکر·بیرکردنەوە.
غللور	کەسێك یامالاَتێك لەمیزانی خۆی زیادەڕەوێ بکادەڵێن غللوربوە.
غوسڵ	خاوینکردنەوەی لـەشی چەپەل·
غەرق	هەموگیانی ون بوەدەفکراندا·غەرقی خەیالاَتیە.
غەرقبون	نوقم بون·
غەمزە	ناز.عیشوە.
غەنیمەت	دەست کەوتی شەڕی.
غەوزە	ڕیك هاتن·ڕنگ گۆڕان·سیس بون·
غەیبەت	پاش ملەباس کردن.

ف

فام	ئاقڵ،زانائی،
فاق	بەبۆنی ناخۆش دەڵێن فاقی سەرم چو.·
فرۆ	لەژەکی دروست دەکرێ·
فرزە	جێگا نەمان بۆبەربەرەکانی.زۆربۆ هێناوە.
فسۆس	خوێری .کەجاسوسێ لەکاری خوێریانەدەکا.
فەرخە	جوجکە.

ق

قاپ و قاچاغ	قاپ و مەنجەڵ و مەجومعە و ...
قانگ	کەسێك یاجوڵەوەرێکی دەدیوێکی کەی ودوکەڵی دەباڵ کەی.
قانگەلاشك	کەنگری ئیشك بو ·
قاوت	ئەوبرێشکانەی ناتەقنەوە. دەی هاڕن ودەیانکەنەقاوت.
قرڕە	کێشە.هەرا .چەقە.

قرتاڵە	لە سەوەتەی چوکەترە بو شت تیٚکردنی وەکو سەوەتەی بە شـولکان دروسـت دەکریٚـت. قاپیـان تیٚدەنـان جارجـار دانەویلـەشیان تیٚدا دەشوشتەوە.
قواستنەوە	قسیك یاشتیٚك نەهیٚلی بکەویٚتەعەرزی.
قۆشە	جورەپوٚلیٚ قەدیمیە.
قۆشەن	لەشکر.قشون،
قولٚ وقەپ	دوکەس لەدیار یەکتری هەرکامیان قسە بکا دەدۆڕێنی.
قەبیح	کاریٚکی زۆرناحەز.
قەپ دان	گرتنی ئازایانە.
قەرەبینا	وەکو تاپوٚڕیٚ بوەقوڵەتر،وەکوساچمەزەنی لەسەرێڕاپڕکراوەتەوە
قەرەچەناغ	زۆربلیٚ.
قەرەلەقەرەدان	دەبیندرا پاڵەوانیٚك .کەسیٚك زورداربوەونەیوێراوەتیٚ.
قەرەولٚ	کیٚشکچی.
قەفەس	جیٚگای حەپسی پەلەوەریە.
قەلاشکری	لەتکەداربوٚسوتاندنیٚ.
قەلپوز	سەرەوەی زینی پیٚشەوەی.
قەیات	داستان.چیروٚك.
قەیسەری	قەدیم ڕێزەدوکان سازدەکران سەریان دادەپوٚشین پییٚان دەگوتن قەیسەی ئیٚستاش هەرهەیە.

ك

کالان	جیٚگای شیروخەنجەریە.
کاڵە	لەچەرمی کـەلٚ وگـامیٚش وگـاجوتی دروسـتیان دەکردولـەباتی کەوشیٚ دەپیٚیان دەکرد.

کدو	کدۆوسەرئاوی قەدیم زۆربو.ڕۆن خوێ بیبـاری ئیشـك وشـتی دیکەیان تێ دەکردن.
کۆت وزنجیر	لەبەندیخانان دەکاردەکران.
کوتەك	دارێکی لەبارەبەدەست کەڵەوان ورێبواری ..ووەیە.
کوچك	لەقوڕێ دروستیان دەکردبۆمەنجەڵ لەسەردانانێ.
کۆخ	جێگای مریشك وپەلەوەریە.
کۆز	جێگای کاریلەوبەرخی ساوایە.
کوز	خەتی جوتی کەبۆبێستان وتوتنیێ لێ دەدرێن .
کۆڵەوەژ	ئەودارەی ئەگەرتەندوری پێ تێ وەردەدەن .
کۆلکە	کۆتەرە.
کۆڵەکوتراو	کوێرەوەری .نارەحەتی دیتو.
کۆنەماکەر	جنێوێکی چوکەیەبۆحافرەتان.
کۆێزر	ئەگەرخەرمانێ دەغڵی هەڵداوێن دەمالۆسکیداجوێی دەکەنەوە .
کوێن	پارچەی ڕەشماڵی ڕەش لەموی بزنان دروست دەکرێ
کوێخا	کاربەدەستی ئاغای .
کەپولە	پێوانەیەك بولەئاشی گەنمیان پێ دەپێوا.لەداری دروست دەکرا.
کەپەنەك	لەبـەرگنی دروسـت دەکـرێ تایبـەتی شـوانیەبەخۆی دادەدات وشەوێش پێ دەنویت .
کەترەخەم	بەکەسێکی دەڵێن.زۆربیرلەشتی نەکاتەوەوبێ فکروخەیاڵ،
کەسیرە	سڕ لەسەرمان .
کەشاو	دەپێش دا زەوی ئاودەدەن جـاتۆوی پـێ وەردەکـەن ودەیکێڵن پێی دەڵێن کەشاو.
کەفەڵ	پشتەوەی ئەسپ وئێسترو..

کەندو	وەك تەندۆرێ لەگڵی دوست دەکرابۆئارد تێکردنێ وئارد تێداڕاگرتنێ وبرێك لەتەندوری گڵی،گەورەتربو.
کین	ڕق وغەرەزی کۆن.

گ

گاسن	دەدەندەیان دەخست بۆعەرز هەڵقەندی دەجوتیدا.
گلاندی	ئێخستی لەعەرزی دا.
گرژ	مۆن زامیری توڕە.
گراو	دۆست.یار.
گرێژنە	شتێك زۆرخەراپ بێ .دەڵێن لەگرێژنەچوە،
گورز	کرستەییکی شەری .قەدیمی.
گورج	توندوتۆڵ.زیرەك وئازا.
گوریس	لەبەنی موی دروست دەکرا،ئێستانەپسێن لەجێگای گوریسی کارێ دەکا.
گۆران	شاعیر.حیسابگەر.وعەشیرەتێکن .
گۆزە	وەکوتونگەی نایلونی ئیستابو.بۆئاوتێداهینان وئاوتێداڕاگرتنێ و..ولەگڵیان دروست دەکرد؟
گوڵەدەزو	زەمانێك بۆدەرکەمۆرکردن پینەچێتی ومافورە دروست کردنێ دەکاردەکرا ئێستاش بۆفەرشی بەکاردێ .
گوێلەوسار	پەتکێکەدەستۆی مانگا وگوێلك و..دەکەن.
گوێزان	قەدیم گوێزان هەبوسەروڕدێن و...یان پێ دەتاشی.
گوێس قولاغ	سلێ.بۆشتێکی گوێ ڕاگرتن.
گەماڵ	چوارپێ.سەگ.
گەلاخڕنوك	جورەگیایەکی کوێستانیە.

گیفەی سمیلان	بەکەیف بون.ڕازی بون.
گێل	نەزان.فەقیر.

ل

لات	چەقوکێش.
لار	خوار.
لاو	جحێل.
لاواز	کز .بێگۆشتە وپێستی تەنکە.
لمبۆز	دم ولوتی گوێدرێژونەسپ وئێستروجانەوەری.
لوت	کەپۆ.
لولێنە	ئافتاوەی لەگلی، ئێستالەجێگای وی مەسینەکاریَ دەکات.
لەخشتەبردن	گۆڕینی کەسێکی بەلای ناحەزدا.
لەگەن	قەدیم.هەبولەتەشتی چوکەترولێویان لەتەشتی بلێندترو،مس یان لەزەردیش دروست دەکرا.
لەمەیی	جورەنەخۆشێیکی مندالآنی ساوابو.
لەنگەری	دەوری.پێشخۆری.
لیاقەت	لێ هاتوی.
لیرە	زێڕ.
لێکدا لێکدا	لەسەرێك لەسەرێك وزوزو.

م

ماتەم	خەم.پەژارە.
ماخولیا	ئاگالەخۆبڕاو.وەك شێتان.
ماش وبرینجی	بەشێك لەڕدێنیَ ئەگەرسپی بودەلێن ڕدێنی ماش وبریجیە.
ماقولْ	پیاوی دەولەمەند ؟گەورە ؟بەئیحتیڕام .

مالۆسك	بەشێکی لەخەیانیٚ بڕدەدەن وهەڵی داوێن پیی دەڵێن مالۆسك.
ماڵەڵلا	دەروێش ئەگەردەچونەبەعزەماڵێکی لەجییٚ ئەوەی بلێن شتێکمان دەنیٚ دەیان گوت ماڵەڵلامان دەنیٚ.
مشت	مشت هەرمستە.
موتمانە	خاترجەم بون.بەقاپیٚ کردن .
موتەحەیر	عحجایب مان .باوەڕنەکردن.
موشکیل	زەحمەت.پێك نەیەت.
مەتاع	وەسائێل. شتومەك .
مەحزون	غەم وپەژارە.ناڕەحەت.
مەخافەتی	نیگەران. دڵەخورپە.خۆف کردن .
مەرەد	دەرد.ناخۆشی .بەسەرهێنان،
مەزن	بەپیاوی گەورە وبەئێحیڕام دەگوترا.
مەعاش	حقوق.دیاری کراوی مانگانە وەرگرتن.
مەعسوم	پاك وخاوێن وبەری لەهەموگوناە وشتێکی.
مەڵحەکە	جێگای قومار پیٚ کردنی خەڵکی،گەمەپیٚ کردن.
مەنحوس	بەراوەژوو
مەنقەڵ	ئاوری تێدادەکەنەوە،بۆکەباب برژاندن و..
مەلاس	خۆمات وبیٚ هەست کردن.

ن

ناسوٚر	بریني تەشەنابو.
ناندێن	لێرەدامەنزورلەکەسێکیەئەگەرلەماڵێکی بیست وخەراپەشیان دەگەڵ بکات .
نایاب	شتێکی بەزەحمەت وەدەست کەویٚ.

نردو نانی زۆرلەسەرکەولّی لەسەرسفرەی·

نشتەر وەك دەر زی بوز وانە، سەری بە قولاپە·

نشتو دوعاوئایەتی قورئانی بۆنەخۆش وبێحالاّن دەنوسرێ.

نغرۆو ڕۆچون ،وێران کردن بۆبەرگری،

نۆبەتێ جورەنەخۆشیێکی بەتاوولەرزە.

نەدی بدی بەکەسێکی دەلّێن هیچی نەدیبی بەتایبەتی بەمنالاّن دەلّێن

نەزیلە قەیات، حەکایەت·

نەغمە ئاوازێك شێعرێك. ئەگەربەنارە.دەخوێندرێتەوە.

نەلّێن دوناوچەی منگورِوگەورکانەلەمەلّبەندی پیرانشاروسەردەشتیّ ·

نەمرنەژی ژیانێکی زۆربەنارِەحەتی وفەقیری

نەهێنی پەنهان.سرِری.مەحرِەمانە.

نێری وەك بەرانی نیرینەی ئاژەلّیە، بۆ بزنان·

نیکبەت چارەرِەش·

نیر جێگای کەلّەوەی هەیەداویشرێتەسەرملی کەلّ وگاجوتان.بۆجوت کردنیّ.

نیچیر ئەوەی لەراویّ دەگیریّ نێچیر،یانێوچیری پیّ دەلّێن.

نیسان نێوی مانگێکی رِۆمیە.

و

واقی بردەوە عەجایب ما·

وەجاغ کوێر کەسێك ئەگەر ئەولادی نێرینەی نە بێت·

وەك گیسکس هەیاسی مەسەلەیێکی مەنشورِوزۆردورە؟؟

وەلی پیاوی چاك ولەخواترس.

ه

هاندان	دەنەدان .تەحریك كردن.وەغیرەت ئێخستن.
هاڵۆز	شەپریو.شپرزە.
هاوێر	مەڕوبێچو لێك جویێ كردنەوە.
هروژم	هێرشی شلێوەوبای توند.
هۆرە	دارێكەسەری باریك دەكەن بۆقەڵشاندنی داری دیكە(داری گەورە)
هەرزە	نەفام. تیێ نەگەیشو.
هەڵوا	خۆاردەمەنیێكەبەئاردورۆن وشەكرودۆشاویش دروست دەكرێ .
هەڵسەنگاندن	لەكەم وزۆری شتێكی حاڵی بون .
هەلاواردن	جویێ كردنەوەی دویان چەندشتان لێكتری.
هەلاواردونە	مریشك وپەلەوەر.ئەگەرجوجكان لەخۆجویێ دەكەنەوە.
هەڵچون	شیریاشتێك لەسەرئاوری ئەگەركوڵی یاكەسێك ئەگەرتورەبو .
هەڵێنجێ	ئاولەكانیەهەڵێنجان.كەمێكی تیێ كەی.لێی هەڵێنجی.
هەم هەمە	دڵەخورپە، ترسان.
هەمبانە	پێستی مەڕو..بەرانیان دەخاراندو.دانەوێڵەیان تیێ دەكرد.
هەندران	ئێروئەویێ.جێگای نادیار.ونامەعلوم.
هەوێن	شیرپاش كولاندنیێ برێك سارد دبیتەوەكەمێكی ماست ڕەگەڵ خەی ئەگەرنەبوبۆهەوێنی دۆی رگەڵ خەی هەوێنی پیێ دەڵێن.
هەویێ	دوژنی پیاوێكی هەویێ ئێكترین.
هەوەس	ئیشتیای نەفسانی.
هەیوان	پێش دەركەی دادەپوشرابۆنیسی .یان بۆلیٚ دانیشتنیێ.
هەیدیێ	لیێ تورەبون و دەنگدان، دەركردن بە دەنگی زۆرەوە.
هەیاران؟ئەی یاران	ئەو كارەی بۆ نەكەم.
هیزە	لەپێستی بەران ومەڕی گەورەدروست دەكرا بۆڕۆن تێكردنیێ

مێم	لێرەدا بەمانای دڵ.
مین	لێرەبەژنی دەڵاڵ وخەراپ دەگوترێ.

ی

یاغر یاغر	سەبرسەبر، بەکاوەخۆ.
یەغدان	سندوقێکی گەورەبو، شت و مەکێان دەنێودەنا.
یەکساتەی هەندوی	شتێکی زو جێ بەجێ بێ بەپەلەو فەوری.

مزگێنی مزگێنی

بەهەموخوێنەرانی بەرێزوخۆشەویست ڕادەگەیەنم کەکتێبی پەندی پێشینیان بەنێوەرۆکێکی جوان ئەگەر،لایەکی نەسرەکەیەتی و.لای دیکەشی شێعرە.دە پێنج سەت ودەلاپەڕەیدا دەژێر چاپ دایەوهەربەئەوزوانە.بەچاپ دەگاوبلاودەبێتەوە.

راهنمای جاده‌ای شهرستان پیرانشهر
اشنویه
عراق
نقده
مهاباد
سردشت
دهستان لاهیجان غربی
دهستان لاهیجان شرقی
دهستان منگور غربی
راهنما
شهر پیرانشهر
مرکز بخش
روستا
ده ، مزرعه و مکان مسکونی
ده ، مزرعه و مکان غیر مسکونی
مرکز دهستان
چادر
مراکز بهداشتی و درمانی
مرکز خدمات جهاد کشاورزی
مرز دهستان
حدود شهرستان
مرز
جاده آسفالته
جاده شوسه
جاده خاکی (جیپ رو)
جاده مالرو
مقیاس 1:100000
طراحی و پلات رنگی: پیرانشهر ، نماگرافیک (۵۴۴۹ ۴۲۲)